هەرێمی کوردستان - عێراق
پەرلەمانی
کوردستان - عێراق

# پرۆتۆکۆلەکان

# 74

سالی/ 2011 – بەرگی حەفتاو چوار

---

چاپی یەکەم/ سالی 2012

له بڵاوكراوەكانی پەرلەمانی كوردستان - عێراق

ناوی كتێب: پرۆتۆكۆلەكانی ساڵی(2011)ی پەرلەمانی كوردستان - عێراق
بەرگی: 74
چاپی یەكەم: 2012
تیراژ: 250
پێداچوونەوە: محمد حسن رۆژبەیانی
نەخشەسازی: سنوبر صابر حسن
ئینصات كردن: سروە هادی، شرمین خدر، سازان سلیم، تارا رشاد، نەورۆز شێرزاد، گزەنگ ابراهیم.
ژمارەی سپاردنی بە كتێبخانەی نیشتمانیی هەرێمی كوردستان:

# پێرست

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (6)ی نائاسایی خولی سێیەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2011/12/7 ل

5

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (7)ی نائاسایی خولی سێیەمی هەڵبژاردن – پێنج شەممە 2011/12/8 ل

171

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (16) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2011/12/13 ل

201

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (17) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2011/12/14

ل 271

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (18) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2011/12/21 ل

297



# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (6)ی نائاسایی**

**چوارشەممە رێکەوتی 7\12\2011**

**خولی سێیەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (6)ی نائاسایی

## چوارشەممە ڕێكەوتی 2011/12/7

**كاتـژمێر (11)ی پـێش نیـوەڕۆی ڕۆژی چوارشـەممە ڕێكـەوتی 2011/12/7 پەرلـەمانی كوردسـتان - عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز محمد قادر عبداللە(د.كمال كـەركووكی) سـەرۆكی پەرلـەمان و, بـە ئامـادەبوونی بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبداللە سكرتێری پەرلـەمان, دانیشـتنی ژمارە (6)ی نائاسایی خولی سێیەم, ساڵی (2011) ی خۆی بەست.**

**بەرنامەی كار:**

**بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پەیڕەوی نـاوخۆی ژمـارە (1)ی هـەمواركراوی سـاڵی 1992ی پەرلەمانی كوردستان - عێراق, دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاری درا دانیشتنی ژمـارەی (6)ی نائاسـایی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە كات (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی چوارشەممە ڕێكـەوتی 2011/12/7 دا بـەم شێوەیە بێت:**

**1- گفتوگۆ كردن لە بارەی ڕووداوەكانی ئەم دواییەی پارێزگای دهۆك.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

**بەناوی گەلی كوردستان. دانیشتنەكەمان دەكەینەوە، خولی سێیەمی هەڵبژاردن، ساڵی دووەم، خولی گرێدانی دووەم، ژمارەی دانیشتن (6) ی نائاسایی، ڕۆژی دانیشتن (20011/12/7).**

**بەرنامەی كار:**

**بەپێی حوكمی بڕگـە یـەكی مـادده شـەش، لـە پـەیڕەوی نـاوخۆ ژمـارە (1) هـەموار كـراوی سـاڵی 1992 ی پەرلەمانی كوردستانی عیراق، دەستەی سەرۆكایەتی پەرلـەمان بڕیاریـدا، بەرنامـەی كـاری دانیشـتنی ژمـارە (6) ی نائاسایی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە كات (11) ی پێش نیوەڕۆ، ڕۆژی چوارشـەممە، بـەڵام دواخـرا بۆ سەعات دوو كەم دە دەقیقە، لە ڕێكەوتی (20011/12/7) بەم شێوەیە بێ:**

**1- گفتوگۆ كردن لە بارەی ڕووداوەكانی ئەم دواییەی پارێزگای دهۆك.**

**داوا لــە نوێنــەرانی لیژنــەی هاوبــەش و نــاوخۆ و مــافی مــرۆڤ دەكــەین كەرەمكــەن بــۆ خوێندنــەوەی ڕاپۆرتەكەتان، فەرموون لیژنەی هاوبەش بۆ خوێندنەوەی ڕاپۆرتەكەتان.**

**بەڕێز اسماعیل محمود عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**دوای ئەوەی لەسەر داوای بەڕێز سەرۆكایەتی پەرلەمانی كوردستان، هەردوو لیژنەی ناوخۆ و لیژنەی مـافی مرۆڤ تەكلیف كران بۆ ئەوەی سەردانی دەڤەری بادینـان بكـەین لـە مـەڕ ئـەو ڕووداوانـەی 12/2 بـە دواوە هەردوو لیژنە سەردانێكی كردو، ڕاپۆرتێكمان ئامادە كردووەو پێشكەشی بەڕێزتانی دەكەین،**

**بۆ/ بەڕێز سەرۆكایەتی پەرلەمانی كوردستان-عیراق**

**بابەت/ ڕاپۆرتی لیژنەی هاوبەش**

ڕاپۆرتی لیژنەی هاوبەش لە هەردوو لیژنەی ناوخۆ و ئاسایش و ئەنجومەنە خۆجێییەكان و مافەكانی مرۆڤ، لەسەر ڕووداوەكانی 2011/12/2 ی پارێزگای دهۆك، لە دوای گەڕانەوەی لیژنە هاوبەشەكە بۆ هەولێرو كۆبوونەوەی هەردوو لیژنەی ناوخۆ و ئاسایش و ئەنجومەنە خۆجێییەكان و مافی مرۆڤ، لەكاتژمێر (2)ی دوای نیوەڕۆی 2011/12/6 تا كاتژمێر 12ی شەو، بەردەوام بووین، ئەمڕۆ ڕۆژی چوار شەممە 2011/12/7 كاتژمێر (10:30) بەیانی دانیشتی لیژنە بۆ تەواو كردنی ڕاپۆرتەكە دەستی پێ كردەوە وكاتژمێر (11:30) گەیشتە ئەم دەرئەنجامە.

تێبینی:-

1-ئێمە لەم ڕاپۆرتەدا هەر باس و گوتارێك كە پەیوەندی بە تۆمەتبارکردنی هەر لایەن و كەسێكەوە بێت، نەهاتووە تا دادگاو لیژنەی لێكۆڵینەوە بڕیاری یەكلا كەرەوە لە بارەیانەوە دەدەن.

2-ئێمە لەم ڕاپۆرتەدا تەركیزمان لەسەر ئەدای دەزگا پەیوەندیدارەكانی حكومەت بەو ڕووداوانە كردووە، نەوەك لایەنە سیاسیەكان.

1-لە كۆبوونەوەی هاوبەشی هەردوو لیژنە لە ڕۆژی (2011/12/4) ڕێكەوتن لەهەردوو لیژنە 10 ئەندامی لیژنەی مافی مرۆڤ و لیژنەی ناوەخۆ سەردانی پارێزگای دهۆك بكەن.

2-كاتژمێر (5)ی ئێوارەی ڕۆژی 2011/12/4 لیژنە هاوبەشەكە بۆ شاری دهۆك بەڕێكەوت، سەرلەبەیانی كاتژمێر (8) 2011/12/5بۆ شاری زاخۆ بەڕێكەوت و كاتژمێر (9) سەردانی ئۆفیسی پەرلەمانی كردو، لە لایەن پەرلەمانتار ئەمیر گۆگە یوسف پێشوازی لە لیژنەكە كرا، پانۆراماو زانیاری سەرەتایی سەبارەت بە ڕووداوەكانی شاری زاخۆی بەلیژنەكەدا.

زاخۆ:

1-پاشان لیژنە هاوبەشەكە كاتژمێر (9:30) سەردانی قایمقامیەتی قەزای زاخۆیان كردو لەگەڵ لیژنەی ئەمنی شارەكە قایمقام، بەڕێوەبەری پۆلیس، بەڕێوەبەری ئاسایش كۆبووەوە، لە سەرەتادا سەرۆكی لیژنە هاوبەشەكە اسماعیل محمود، بەناوی لیژنەكەوە باسی لە سەردانەكەو سروشتی لیژنەكەو ئەركەكانی بۆ ڕوون كردنەوەو سەبارەت بە بەدواداچوونی ڕووداوە نەخوازراوەكانی (2) ی ئەم مانگە كە لە سەرەتاوە لە شاری زاخۆ دەستیان پێ كرد.

2-لیژنەی ئەمنی شارەكە ئەم زانیاریانەیان خستە بەرچاو ئەندامانی لیژنەكەوە:

أ-ئەو ڕووداوانە لە دوای بەكۆتایی هاتنی نوێژی هەینی قەومان و كاتژمێر (11)ی شەو كۆتاییان پێی هێناوە.

ب-لە ئەنجامدا 27 جێگا سووتاون، یان شكێندراون، چوار هوتێلی گەشت و گوزاری و گازینۆیەك، باڵەخانەیكی چەند نهۆمی كە مەساجی تێدا كراوە، چەندین دوكان و كۆگای مەی فرۆشی و سالۆنی

جوانكاری، بارەگای 13ی یەكگرتوو، كە تەلەفزیۆنی خابیرو ڕادیۆی یەكگرتووی لێبووە، ئەوە سەرەڕای سووتاندنی چەندین ئوتومبێل و زیانی تری ماددی، هەوڵ دراوە پەلاماری دێری برا ئەرمەنییەكان بدرێت، بەڵام خەڵكی دەوروبەری ئەو دێرە تەقەیان بەئاسماندا كردووە، ئیدی پەلاماردەران بلاوەیان پێ كراوە، هەروەها پەلاماری ماڵێكی مەسیحی دراوە.

ج- لەم ڕووداوانەدا 37 كەس كە زۆربەیان پۆلیس و ئاسایش بوونە بەسووكی بریندار بوون، لەوانە پۆلیس چوونەتە نەخۆشخانەو ناویان تۆمار كراوە، خۆشبەختانە كەس بە گوللە بریندار نەبووە، كەسی تێدا شەهید نەبووە.

د-زۆرینەی هەرە زۆری ئەو شوێنانەی سووتاون هی خوشك و برا مەسیحی و ئێزدیەكان بووە، كە ژیان و كارو كەسابەتیان لەسەر ئەوە بووە.

هـ-لەبەردەم باڵەخانەی مەساجەكەدا ئاگر لە تابلۆی دوو شەهید بەردراوە و نیوەی سووتاوە.

و-53 كەس بە فەرمانی دادوەر گیراون هەندێكیان بەردراون و هەندێكی تریشیان هێشتا ماونەتەوە، هەندێ گومان لێكراویش خۆیان شاردۆتەوە كە فەرمانی گرتنیان هەیە.

ز-لە خوتبەی نوێژی هەینیدا مەلا (اسماعیل سندی) لەماوەی بیست دەقیقەدا باسی (المنكرات)ی كردووە و لەوانە مەی خواردنەوە و مەساج و شتی لەم بابەتانە، پێشتریش چەند مەلایەكی تر لە یەك دوو خوتبەی تردا باسی ئەوەیان كردووە لە ناو مزگەوتەكە، هەر دوای تەواو بوونی خوتبەكە (مەهدی مستەفا) گوتوویەتی مەلا بۆ بەئاشكرا نابێژی پەلاماری شوێنی مەساج و مەی فرۆشی بدەن و خەڵكینە بابچینێ، دوای ئەوە هێرش و پەلامار دەستی پێكردووە، هەروەها لە وەڵامی پرسیارێكدا لیژنەی ئەمنی گوتیان هەر مەلا (اسماعیل و مەهدی) ی دەستگیر نەكراون.

هـ-لەناو سەنتەری شار (80)هەشتا پۆلیسی فریاكەوتن كەنیوەیان لە واجب دابوون و 60 ئاسایشیشیان هەیە.

ێ-چینیەكان كە ژمارەیان نۆ كەس بووە لەناو باڵەخانەی مەساجەكە بە هەوڵی پۆلیس ڕزگار كراون و لەوێ 13 پۆلیس بریندار بوون.

ی-بەیانی 2011/12/5 خاوەنی ئەو شوێنانەی سووتێندراون بە كاغەزێك كە هاوپێچی ئەم ڕاپۆرتە كراوە ئاگادار كراونەتەوە ئەگەر جارێكی تر ئەو شوێنانە بكەنەوە سزای مردنی بەدواوەیە.

ك-لە پەلامارەكەی شوێنی مەساجەكە لافیتەیەك نووسراوە(لا اله الا الله محمد رسول الله) لەسەر پەڕۆیەكی سەوز چەندین دروشمی وەك (ئازادی، ئازادی) تێدا گوتراوەتەوە.

ل-ڕێكخراوی گەشە پێدانی فوتابیانی سەربەیەكگرتوو لەو ڕۆژە كاتژمێر 3 بۆ 5:30 ئێوارە ڕێوڕەسمێكی بەبۆنەی سەری ساڵی هیجری ڕێكخستووەو نزیكەی 600 كەس بەشداری تێدا كردووە، خەڵك لە دەوروبەری زاخۆوە بۆی هێندراوەو عمر كۆچەر وتاری تێدا خوێندۆتەوە.

م-لە پەلامار بۆ سەر شوێنی مەساجەكە .......

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**تکایە لەجێگەی خۆتان قسە مەکەن، ڕەجائەن.**

**بەڕێز اسماعیل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

م-بە ڕای لیژنەی ئەمنی شارەکە ئەم ڕووداوانە بە بەرنامە بوون، دەستیان لە پشت بووە، وێنەو گرتەی ڤیدیۆیی لە بارەی ڕووداوەکەوە لە لای ئەوان پارێزراوە، لە پەلامار بۆ سەر شوێنی مەساجەکە، کە ببوونە هەزار کەس زیاتر ڕێگایان لە کامێرەی کوردسات گرت و شکاندیان، هی کوردستان تی ڤی هەر نەوێرا لێیان نزیك بێتەوە، بەڵام هی سپێدەو ئێن. ئار. تی بە ئاسانی لەوێبوون و وەك لە کەناڵەکەیان نیشان درا.

3-لیژنەی ئەمنی سەبارەت بە ڕەوشی ئێستای شارەکەو ئیحتیاتیاتی پێویستیان بۆ پاراستنی سەرو ماڵی خەڵك بە تایبەتی هی خوشك و برایانی مەسیحی و ئێزدی، لە وەڵامی پرسیارێکدا کە نەشیاون کۆنترۆڵی ڕەوشەکە بکەن و ئەو هەموو جێگەیە بسووتێ، لە وەڵامدا گوتیان، ئەوان لەناو شاری زاخۆ 40 پۆلیسی فریاکەوتن و 60 ئاسایشیان هەبووە، ڕووداوەکە لەناکاو بووەو ڕۆژەکە هەینی بووە، هەر ئەوەندە فریاکەوتن و چینیەکانی ناو شوێنی مەساجەکە لە کوشتن ڕزگار بکەن، قائیمقام دانی بەوە دانا، کە لە کاتی ڕووداوەکاندا پێڕانەگەیشتوون بەو ژمارە کەمەوە کۆنترۆڵی ڕەوشەکە بکەن، هەروەها پرسیار لە لیژنەی ئەمنی کرا، کە بۆ بەدەم بەرپرسی مەڵبەندی یەکگرتوو نەچوون، کە داوای لێ کردوون مەترسیان لەسەرە، لە وەڵامدا قائیمقام وتی پەیوەندیم پێوە نەکراوە، بەڵام ڕەوشەکە لەدەست دەرچوبوو، کۆنترۆڵ نەکراو کارو کاردانەوەی عەفەوی خەڵك بووە، بەڵام پەیوەندی بە بەڕێوەبەری پۆلیسەوە کراوە.

4-هەروەها لیژنە هاوبەشەکە هوتێل و باڵەخانەو دوکانە سووتاو و شکێندراوەکانی لە نزیکەوە بینی.

5-هەروەها لیژنە هاوبەشەکە لەبەردەم بارەگا سووتاوەکەی یەکگرتوو چاوی بە بەرپرسی 13ی یەکگرتوو لە زاخۆ کەوت و سەرۆکی لیژنە بە ناوی پەرلەمانەوە هاوسۆزی پەرلەمانی دەربڕی، سەبارەت بە سووتاندنی بارەگاکەیان، پاشان بەرپرسی مەڵبەند جەختی لەوە کردەوە کە خۆی و ئەندامانی مەڵبەند و چەند کەسێکی تر 15 کەسێك دەبوون، نوێژی عەسریان لە بارەگا کردووە، پاشان چوونەتە ڕێ و ڕەسمی یادکردنەوەی ساڵی کۆچی، لە نێوان 10 بۆ دەو دەقیقە تا دەو بیستی شەو بارەگاکەیان سووتاوە، تەلە فزیۆن و ڕادیۆی یەکگرتوو، لە نهۆمی سێیەمی باڵەخانەکە بووە.

6-پاشان لە هۆڵێکی قائیمقامیەتی زاخۆ لیژنە هاوبەشەکە بە ئامادەبوونی قائیمقام لەگەڵ خەڵکە زیان لێکەوتووە مەسیحی و ئێزدیەکان کۆبووە، سەرۆکی لیژنە بە ناوی لیژنەکەوە ڕووداوەکانی دووی ئەم مانگەی ئیدانەو ریسوا کرد و هاو سۆزی و نیگەرانی پەرلەمانی دەربڕی، جەختی لەوە کردەوە کە هەرێمی کوردستان وڵاتی هەمووانە، بە هەموو پێکهاتە نەتەوەیی و ئاینیەکانەوە، ڕێگەی هیچ چەشنە فیتنەییەکی لەم بابەتە نادرێت، کە نێوانی پێکهاتەکانی کوردستان تێك بدات و قانون و سەروەری و عەدالەت ڕێچکەی خۆی دەگرێ، لە سەرێکی ترەوە ئاماژەی بۆ ئەو لیژنە لێکۆڵینەوەیە کرد، کە بەڕێز سەرۆکی هەرێم

پێكیهێناوه، لەو  كۆبوونەوەیەدا چەند برایەكی مەسیحی و ئێزدی دوان و نیگەرانی خۆیان لەو ڕووداوە دەربڕی، هیوایان خواست كە شتێكی لەم بابەتە دووبارە نەبێتەوەو نەیانشاردەوە كە ئەوان بە تەنیا خوازیاری قەرەبوو كردنەوەی ماددی نین، بەڵكو لە بارێكی دەرونی خراپ دا دەژین ئەو ڕووداوە كاریگەری لە ماڵ و منداڵ و ژیان وخوێندیان كردووە و هەست بە نا ئارامی دەكەن.

سێمێل:

1-كاتژمێر 3 ی دوای نیوەڕۆ 12/5 لیژنە هاوبەشەكە سەردانی قائیمقامیەتی شاری سێمێلی كردو لەگەڵ قائیمقام و بەڕێوەبەری ئاسایش و بەڕێوەبەری پۆلیس كۆبووەوە، بە هەمان شێوەی زاخۆ، مەبەست لەو سەردانەو سروشت و ئەركی لیژنەكەیان ڕوون كرایەوە، قائیمقام پاش بیستنی هەواڵەكان بە دەم زاخۆوە چوون و ئاگر كوژێنەوەیان بۆ ناردوون و وردە وردە ئیحتیاتاتی خۆیان وەرگرتووە.

2-دەوروبەری كاتژمێر 7:30 دەقیقەی شەو لە دەوروبەری نسرێكی كە 8 كم لە سێمێلەوە دوورە، نزیكەی 21600 كەسی تێدا دەژی حەوت كەس كۆبوونەتەوەو منیش هەر زوو چوومە ئەوێ و قسەم لەگەڵ كردن كە لەسەر جادەی سەرەكی سێمێلن ئەوان ڕۆیشتن و پاشان خەڵكی سێمێل هاتن و بوونە پەنجا بۆ شەست كەسێك گوتیان دەبێ ئەو دوو جێگایە نەمێنێت و بسووتێندرێن، ئەوانە گەنج بوون، تەمەنیان لە نێوان 11بۆ 25 ساڵ دا بوو، دروشمەكانی جیهاد (الله اكبر)یان دەگوتەوەو لە نێوان خۆیاندا قسەیان دەكرد و بە مۆبایل پەیوەندیان بە خەڵكی ترەوە دەكرد، لە 8:20 ی شەو بوونەتە سێ سەد كەسێك دوو دوكانیان شكاندووەو ئاگریان تێبەرداو، پاشان كۆگایەكی تر كە هی پیاوێكی مەسیحی بوو، سووتاندیان و لە بەرامبەر قائیمقامیەتیش چوار دوكان هەبوو، هاتنە ئەوێ و ئەو دەمە بووبوونە حەوسەد كەسێك و بەردیان تێگرتین و پاشان ئەو چوار دوكانەشیان سووتاند.

3-هەروەها قائیمقام گوتی لە گوندی (سێ جێ) كە گوندێكی مەسیحیەو دوو سەدو بیست ماڵی تێدا دەژی، كەوتۆتە باكوری شاری سێمێلەوە 6كم لێیەوە دوورەوە، دوو كۆگای گەورەی تێدایەو ئەو خەڵكە پەلاماردەرە گوتیان با بچینە گوندی سێ جێ و ئەوانیش بسووتێنین، ئێمە كە چووینە ئەو گوندە بیست كەسێك چووبوونە ئەوێ و خەریكی شكاندنی كۆگاكە بوون، بەڵام ئێمە تەقەمان بەسەردا كردن و ئەوان هەڵاتن، بەداخەوە هەندێك كەس لە خەڵكی گوندەكە بەرەو چیا هەڵاتبوون،  بەڵام لە دەرگایەكی تری لاوەكیەوە پەلاماردەران چوونە ناو ئۆفیسی كۆگاكەو قاسەی كۆگاكەیان شكاندبوو، 300 هەزار دۆلار و 40 ملیۆن دیناری تێدابووەو بردوویانەو ئاگریان تێبەرداوە، قائیمقام گوتی ئێمە كۆنترۆڵی ڕەوشەكەمان كردو، پەلاماردەران هەڵاتن و پاشەكشەیان كردو، ژمارەی ئۆتۆمبێلێكیشیان لە لایە.

4-هەر ئەو شەوە لە كاتژمێر دەو بیست دەقیقەوە بارەگای یەكگرتوو لە سێمێل سووتا، دوو ژووری بارەگا سووتابوو، قائیمقام چۆتە ئەوێ.

5-پەلاماردەران بەتەمابوون بچنە خانکێ کە هی خوشك  و برا ئێزدیەکانە، 12 کم لە خوار سێمێڵەوەیە، 22 هەزار کەسی تێدا دەژی، دوکانەکانی ئەوێش بسووتێنن، بەڵام لیژنەی ئەمنی بە هێزێکەوە چۆتە ئەوێ و ئێزدیەکانیش 70 بۆ 80 چەکدارێك خۆیان ئامادەکردبوو، سوپاس بۆ خودا شتێك لە خانکێ ڕووینەدا.
6-قائیمقام و لیژنەی ئەمنی شارەکە پێیان وایە پلانێك هەبووەو ناوی حەوت کەسی هاندەریان لە لایە، 43 کەس گیراون کەزۆبەیان لە گوندی سێ جێ گیراون و خەڵکی سێمێل و مێسرکێن، بەڵام دواتر هەندێکیان بە کەفالەت بەربوون، هەندێکیشیان ماونەتەوە.
7-وەك گوتیان لەناو سێمێل 40 پۆلیس و 40 ئاسایشیان هەیە، نەیان توانیوە بەو ژمارە کەمە کۆنترۆڵی تەواو بکەن.
8-پاشان لیژنە هاوبەشەکە بە هاوڕێیەتی قائیمقام و بەڕێوەبەری ئاسایش و بەڕێوەبەری پۆلیس چوونە بارەگا سووتاوەکەی یەکگرتوو لە شارەکە و لە لایەن بەرپرسی یەکگرتوو و چەند کادیرێکی ترەوە پێشوازیان لێکراو ئەو ڕووداوە نەخوازراوانە سەرۆکی لیژنە بە ناوی پەرلەمانەوە ئیدانەو مەحکوم کران و پاشان بەرپرسی یەکگرتوو لە شارەکە گوتی، کە ئەوان هیچ دەستیان لەو مەجرایە نەبووە، هەوڵیان داوە پێش سووتانی بارەگاکەیان پەیوەندی بە قائیمقامەوە بکەن، بەڵام ئەو پەیوەندیە دروست نەبووەو بە داخەوە ئەوەی ڕوویدا، ڕوویدا دوو کەسیان لەوێ بوون و کە بۆ چەند کاتژمێرێك ڕاگیرابوون، بە کەفالەت ئازاد کرابوون.
9-پاشان لیژنە هاوبەشەکە سەردانی گوندی (سێ جێ)ی مەسیحیەکانی کرد و لە نزیکەوە ئاسەواری ڕووداوەکەو خاوەنی کۆگاکەو چەند کەسێکی گوندەکەیان بینی، لەوێش سەرۆکی لیژنە هابەشەکە بەناوی پەرلەمانەوە ئیدانەی ئەو ڕووداوەی کردو نیگەرانی و هاوسۆزی پەرلەمانی دەربڕی و جەختی لەسەر بەیەکەوە ژیانی ئاشتیانەو سەروەری قانون کردەوە، پاشان خاوەنی کۆگاکە سوپاسی ئەندامانی لیژنەکەی کردو، جەختی لەسەر یەك ڕیزی پێکهاتەکان و سەروەری قانون کردەوە.
دهۆك:
1-یەکەمجار لیژنەی هاوبەش سەردانی بارەگا سووتاوەکەی مەڵبەندی دهۆکی یەکگرتووی کرد، چاوی بە پەرلەمانتار لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق نەجیب باڵەتەیی، غازی سعید بەرپرسی مەڵبەند، عمر بادی کەوت، لەوێ سەرۆکی لیژنە هاوبەشەکە بەناوی پەرلەمانەوە ئیدانەی سووتانی بارەگاکەو پەلاماردانی ماڵ و ملکی خەڵکی کرد، جا بەهەر ناوێك و بیانوویەکەوە بێت، مەبەست لە سەردانەکەی بۆ ڕوونکردنەوە، ئەوانیش لە لایەن خۆیانەوە گوتیان کاتژمێر 11 ی شەو پەیوەندیان بە پارێزگاری دهۆکەوە کردووە، کە ئیحتیمالی پەلاماردانی بارەگایان هەیە، نەجیب باڵەتەیی گوتی لەم لاو ئەولاوە هەواڵمان بۆ دەهات، دە تا دوازدە پۆلیسیان بۆ ناردین، سەرەتا ئەو خەڵکانەی هاتبوونە سەر بارەگاکە هەر 20 تا 30 کەسێك دەبوون دەوروبەری سەعات 1ی شەو، بارەگاکەیان سووتاند، کە 23 دام و دەزگای یەکگرتووی لێبووەو پاش ئەو ڕووداوانە نۆهەدرەی مەسیحیەکان و شوێنێکی تر سووتێندراوە، نەجیب گوتی بەهۆی ئەم ڕووداوەوە 16

کەسمان لێ گیراوە، 15یان بەربوون و یەك کەس ماوەتەوە، لەسەر ڕووداوەکەی زاوێتەش یەك کەسمان لێ گیراوە.

2-پاشان لیژنە هاوبەشەکە کاتژمێر 530 ئێوارە چاوی بە پارێزگاری دهۆك تەمەر کۆچەر کەوت، لە دیمانەیەکدا مەبەست لە سەردانەکە بۆ پارێزگار ڕوون کرایەوە.

3-پارێزگار جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە ئەو ئیمکانیەتەی لە ڕووی ژمارەی پۆلیس و ئاسایش ڕاهێنراوە لەبەر دەستی ئەو کافی نیەو ناشێ و ناکرێ لەکاتی ڕوودانی پێشهاتی وا کوت و پڕ لەناکاودا کۆنترۆڵی ڕەوشەکەی پێ بکات، لە هەمان کاتدا لە دهۆك پۆلیسی چالاکی مەدەنی بوونی نیە، چ لەناو سەنتەری پارێزگاو چ لە قەزاو ناحیەکاندا، هەروەها ئۆباڵی ئەو ڕووداوە بەشێکی بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە میدیا لە ماوەی ڕابردوودا دەوری هاندانی بینیوە، هەروەها گوتی هەر هێندە پێڕاگەیشتین هێز بۆ زاخۆ ڕەوانە بکەین، سەبارەت بە سووتاندنی بارەگای یەکگرتوو لە دهۆك، ڕاستە پەیوەندیان پێوە کردووە، بەڵام هەندێ هێزی بۆ زاخۆ ڕەوانە کردبوو، هەر هێندەی پێکراوەو پۆلیسیش فەرمانی تەقە کردنی لە خەڵك پێنیەو ڕووداوەکەی بە کارو کاردانەوەی عەففەویانەی خەڵکی دهۆك لە قەڵەمدا، پاش ئەوەش یانەی نۆهەدرێ و شوێنی تریش سووتاون.

4-پارێزگار پشت ڕاستی کردەوە کە لەم ڕووداوانەدا خەڵکانێك گیراون کە هەندێکیان دادوەر بە کافالەت بەریداون، ئەوانەشی کە ماون ئەگەر هیچیان لەسەر نەبێ ئازاد دەکرێن.

ڕاسپاردەکان:

1-مەحکوم و ئیدانەی ڕووداوە نەخوازراوەکانی ڕۆژی 2011/12/2 و ڕۆژانی دواتری شارەکانی زاخۆ سێمێل، دهۆك، زاوێتە، دێرەلوك، قەسرۆك، هەوڵی نانەوەی فیتنە لەنێوان پێکهاتە ئیتنی و ئاینیەکانی کوردستان و پەلاماردان و شکاندن و سووتاندن و زیان گەیاندن بە ماڵ و موڵکی تایبەتی و گشتی و بارەگاکانی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان لەو شوێنانە دەکەین.

2-هەموو ئەوانەی دەستیان هەبووە لە پلان دانان و هاندان و بەشداری کردن لەناو ئەو ڕووداوانەدا تاوانیان ئەنجام داوە یان لە دەست عەدالەت ڕایان کردووە، بدرێنە دەستی پۆلیس و دەسەڵاتی دادوەری تا بەگوێرەی قانون مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت.

3-دەبێ حکومەت ئەو بەرپرسە ئیداری و ئەمنیانە کە کەمتەرخەم بوون لەو ناوچانە سزا بدات کە بەهۆی کەمتەرخەمیانەوە نەتواندراوە بەر بەو ڕووداوانەی 12/2 بگرن.

4-حکومەت بە گوێرەی قانون زەرەرو زیانی ماددی و مەعنەوی ئەو کەس و لایەنانە بکاتەوە، کە لەو ڕووداوانە زیانیان پێگەیشتووە.

5-پێویستە ئەو لیژنە لێکۆڵینەوەیەی بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان پێکی هێناوە سەبارەت بەو ڕووداوانە پەلە لە ڕاگەیاندنی ئەنجامەکان بۆ ڕای گشتی بکات.

6-پێویستە هەموو لایەنەکان و کەناڵەکان ڕاگەیاندیان لە ئاست بەرپرسیارێتی مێژوویی و چارەنووسی هەرێمی کوردستان لەم دۆخەی ئێستای ناوچەکەو بۆ بەیەکەوە ژیانی ئاشتیانەی سەرجەم پێکهاتەکان و پرۆسەی دیموکراتی بن، هەڵمەتی دژ بە یەکتری ڕابگرن.

7-پێویستە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی لە ڕێگەی وتار بێژەکان و پیاوانی ئاینیەوە گیانی لێبوردەیی و پێکەوە ژیان، برەو پێ بدات لە هەرێمی کوردستاندا.

8-پەرلەمانی کوردستان وەك نوێنەری تەواوی پێکهاتەکان جەخت لەسەر تەبایی و بەیەکەوە ژیانی ئاشتیانەو ئازادی تاکەکەس و پاراستن و گەشە پێدانی مافەکانی مرۆڤ و یەکتر قبول کردنی لە مێژینەی پێکهاتە ئاینی و نەتەوەکانی کوردستان دەکاتەوە.

**لەگەڵ ڕێزماندا**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ناوی ئەوانەی ئیمزاشیان کردووە بیخوێنەرەوە، تێبینیەکانیش بخوێنەرەوە.

**بەڕێز اسماعیل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوانەی کە ئیمزایان کردووە،

سەرۆکی لیژنەی ناوخۆ (اسماعیل مەحمود عبدالله) سەرۆکی لیژنەی مافی مرۆڤ(سالار محمود) (بەفرین حسین خەلیفە) بڕیاردەری لیژنەی مافی مرۆڤ( قادر حسن قادر)بڕیاردەری لیژنەی ناوخۆ(شێردڵ تحسین محمد) جێگری سەرۆکی لیژنەی ناوخۆ (سمیر سلیم امین) ئەندامی لیژنەی ناوخۆ(قادر احمد سمایل) ئەندامی لیژنەی ناوخۆ (شۆڕش مجید حسین) ئەندامی لیژنەی ناوخۆ ( کاروان صالح احمد)ئەندامی لیژنەی ناوخۆ(نەریمان عبدالله قادر) تەحەفوزی هەیە لەشێوەی کاری لیژنەکان و ناوەڕۆکی ڕاپۆرتەکە(صباح بیت الله) ئەندامی لیژنەی ناوخۆ( ئاواز عبدالواحد خدر) ئەندامی لیژنەی ناوخۆ ( شێرزاد عبدالحافظ شریف) ئەندامی لیژنەی ناوخۆ(ئاسۆ کریم محمد)ئەندامی لیژنەی مافی مرۆڤ ( سەرگوڵ رچا حسن) ئەندامی لیژنەی مافی مرۆڤ(پەیمان عزالدین) ئەندامی لیژنەی مافی مرۆڤ(هاژە سلیمان ) ئەندامی لیژنەی مافی مرۆڤ(ڤیان عبدالرحیم عبدالله) پێویستە ئەو تەوسیانە بکرێتە بڕیار بۆ ئەوەی لە لایەن حکومەتەوە جێبەجێ بکرێن(علی حسین محمد) ئەندامی لیژنەی مافی مرۆڤ (سۆزان یوسف )ئەندامی لیژنەی مافی مرۆڤ (تارا تحسین ئەسعەدی) ئەندامی لیژنەی مافی مرۆڤ.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

(سۆزان یوسف) ئەندامی لیژنەی مافی مرۆڤ، (مع اضافة فقرة الی التوصیات وضمن الفقرة السابعة تتضمن علاقة وزارة الثقافة والتربیة وکذلك الاحزاب السیاسیة بالموضوع).

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێزان گوێتان لە ڕاپۆرتەکەی هەردوو لیژنە بوو کە پێکەوە خوێندیانەوە، فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو هاوپێچەی کە هاوپێچە بە ڕاپۆرتەکەدا، لە شاری زاخۆ ڕۆژی دووەم بلاّو کراوەتەوە بە زمانی بادینی، دەڵێت، ئاگاهداری، ئەم ئاگاداریە هەمی خودان دوکانێت مەشروبی دکەین کو هەرکەسێ دوکاناخۆ بکاتەوە ئەڤ جارە گازندەش خۆ نەکاتە فەل، دگەل ڕێزگرتنێ چونکو ئەڤ جارە بڤێ ڕەنگێ نابیت، دێ مرن دگەل بیت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان تکایە تەرکیز بکەنە سەر ئێرە، ڕووداوێکی زۆر دڵتەزێنە هی ئەوە نیە ئینسان لەگەڵ یەك قسە بکات، تەرکیز بکەنە سەر مەوزوعەکە، بەداخەوە ئەم حادیسەی کە ناو هەرێمی کوردستان بوو، وەکو ماڵی هەر یەکێك لەئێوە سووتابێ، دوکانی هەریەکێك لە هەموو خەڵکی کوردستان سووتابێت، ماڵی هەموو حیزبەکان سووتابێ، بۆیە شتێکی زۆر ناشیرین و کرێتە، ئەبێ زۆر بەجدی لەسەری بوەستین، هەر لە ڕووداوەکە کە پێمان گەیشت، داوامان کرد هەردوو لیژنەی ناوخۆ و لیژنەی مافی مرۆڤ بەدواداچوون بکەن، هەروەها ئیدانەی وەزعەکە کرا، ئیدانەی ئەو کردەوانە کرا، گشت ئەندامانی پەرلەمان و لیستەکان بەبێ جیاوازی هەموویان پێش ئەوەی ڕاپۆرتەکانیشیان بێتە سەرۆکایەتی داوای دانیشتنی نا ئاساییان کرد، سەرۆکایەتی پەرلەمانیش ئێمە کۆبوونەوەیەکمان کرد و ئیعلانی جەلسەکەمان کرد، پاشانیش لیستەکانی موختەلیفی ناو پەرلەمان، ڕاپۆرتی و ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمانمان بۆهات، ئەم دانیشتنە نا ئاساییەی ئەمڕۆ کردمان تکایە تەرکیز بکەنە سەری، ئەو ڕاپۆرتەی کە نووسراوە بۆ ئەوەی ئەم کردەوانە لەکوێ ڕوویدات، زەرەرە بە گشت خەڵکی کوردستان، بەگشت تاکێکی ئەم هەرێمە، بەگشت لایەنە سیاسیەکان، دەسەلاّت و مەعارەزە هەردووکی لەپێش هەموو خەڵکێکەوە زیانیان پێ دەکەوێ، ئینجا بەگشت تاکێکی ئەم کوردستانە، بۆیە ئەو شوێنانەی کە سووتاوە وەکو ماڵی هەریەکێك لە ئێمە بێت، ئەبێ بەم شێوەیە سەیری بکەین، کار بکەین بۆ چارەسەر کردن و ئیحتیوا کردنی، لە داهاتوودا ڕوونەدات و ئەوانەی موقەسریشن و ئەوانەی بەشداریش بوونە، ئەوانەی تەحریکیشیان کردووە ئیجرائاتی قانونیان لەگەڵ بکرێ، ئێستا پێشەکی سەرۆکی فراکسیۆن و لیستەکان یەك یەك مەجالیان پێ ئەدەین ڕەئی خۆیان بدەن، دوایی ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەرلەمان کە ئەیانەوێ لەو بابەتانە موداخەلە بکەن، ناویان ئەنووسین ئەوانیش قسە بکەن، ڕێزدار سۆزان شەهاب، فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دەست خۆشی لەو لیژنە ناو براوە دەکەم، دەست خۆشیان لێ دەکەم لەسەر ئەو کارە پیشەییەی کە کردوویانە، ئەو ڕاپۆرتە لەبەر دەستی هەرکەسێك بێ، دەبینێت کە چەند پیشەییانە مامەڵەیان لەگەڵ بابەتەکە کردووە، ئەوەی کە من لێرە دەبینم، چونکە پێویستە ئێمە قسە لەسەر نەسی ڕاپۆرتەکە بکەین، قسە لەسەر ئەوە بکەین کە چۆن ئێمە ئەو تەوسیاتانە بەرز دەکەینەوە بۆ حکومەت، چۆن کاری پێ دەکرێت، من هەندێ خاڵم هەیە دەمەوێ ئیزافەی بکەم بۆ جەنابتان، چونکە لێرە مەسەلەکە ڕاپۆرتەکە کە خوێندرایەوە بەڕاستی زۆر ترسناکە کە ئەحداسەکانیان باس کردووە لەناو ڕاپۆرتەکەیا، حاڵەتی ترسناك لە هەرێمی کوردستان لەبری ئەوەی دام و دەزگا پەیوەندیدارەکان خۆیان هەڵسن بە هەر کارێك، دەبینی ڕێگە دراوە بەوەی کە فەوزایەك لەو شارە دروست بووە، خەڵکێك بتوانێ لە بری یاسا، بچێت کارێك بکات کە زەرەر لە ئازادی تاك و زەرەر بە موڵکی گشتی دەگەیەنێ، لە هەموو حەوادیسەکانیەوە لە ئەوەلی هەتا ئەخیر، دەبینی تاك لەناو کۆمەڵگای ئێمە هەقی داوە بەخۆی جێگەی هەموو دام و دەزگاکان بگرێتەوە، بە ڕەد فعلێك، کە پێی دەوترێ ڕەد فعلی عەفەوی ئەو جۆرە کردارانە بکات، دەبێ لەپێش هەموو ئەوەوە ئێمە ئەو کردەوانە، ئەو کردەوە عەفەویانە دەبێ مەحکوم بکەین، دەبێ تاك بەوە پابەندی یاسابێ، دەبێ تاك بزانێ لەناو وڵاتێکا ئێمە دەژین، کە خۆی نابێ بچێت ئەو کارە بکات کە کارێکی نا یاساییە، پەنا بەرێتە بەر کاری نایاسایی، ئەوەی کە من دەمەوێ ئیزافەی بکەم لەناو ئەو ڕاسپاردانەیان بەراستی، کە باس لەوە دەکرێت وە جەنابیشیان باسیان لەوە کردووە، لەناو ڕاپۆرتەکەیان، هەتاوەکو ئێستا دوو موحەرکی سەرەکی کە لە ئەوەڵ ڕۆژەوە لە بابەتەکە ڕوویداوە، خوا نەخواستە ئێمە مەبەستمان هیچ شتێك نیە بەوەی کە بچین بوختان بۆ یەکێك بکەین و بگیرێت، بەڵکو ئەحداسەکان چۆنە هەتاوەکو ئێستا لەو دەقیقەوە بیگری لە مەلای مزگەوتەکەوە، هەتاوەکو ئەوەی هەڵساوە قسەی کردووە ئازادن و تەسریح ئەدەن بۆ میدیاکان، تەسریح ئەدات بۆ میدیاکان، مەفروز بوو دام و دەزگاکانی ئەوێ یەکەم کەس کە دەستگیری بکەن، دەبوایە ئەوە بوایە، دەبوایە لەناو ئەو تەوسیاتانەی ئێوە، ئەو بابەتە ڕەنگدانەوەی هەبوایە، دەبوایە باس بکرایە، چونکە ناکرێ تۆ سەبەبەکە وەکو لیژنە، سەبەبەکەت تەشخیس کردووە، باست کردووە، لەوەوە دەستی پێ کردووە، بەلام ئەو کەسەی کە مەسئولی یەکەم بووە لەو بابەتە، هەمووی ئازادەو وەکو نەجمی سینەمائی تەسریحات دەدات، بەڕاستی کارەساتە ئەوە، ئەو هەقە ببات بەخۆی و میدیاکانیش پەنای بۆ بەرن بۆ ئەوەی وەکو بەتەڵ موعامەلەی بکەن، ئەوە کارەساتە، پێکەوە ژیان لەناو ئەم وڵاتەیا لە دێر زەمانەوە پارێزراوە، کوردستان بەوەوە جوانی دەرکەوتووە، بەوە شەوە سەربەرزین کە خەڵکانێك لەناوەڕاست و خوارووی عیراقەوە دەست درێژیان کراوەتە سەر، هاتوون پەنایان بردۆتە بەر هەرێمی کوردستان، وەکو ئارامگەیەك، لەبەر ئەوە زیاتر باس کردنی ئەوەی کە ئەم کەلتوری پێکەوە ژیانە دەبێ بچەسپێ و وەکو خۆی بمێنێت، زەرەرو و زیانەکان دەبێ قەرەبوو بکرێنەوە بەپێی ئەو یاسایانەی کە هەیە، یەعنی کارەساتە بەناوی ئەوەی کە تۆ بچی شوێنێ بسووتێنی، سێ سەد هەزار دۆلاریش بدزی، لە خاڵی حەوتەم، نووسراوە پێویستە وەزارەتی ئەو قاف و کاروباری ئاینی، من لێرە

خالێك باس دەكەم هیوادارم كەس بە خراپ وەری نەگرێت ئەم خالە، یەعنی ئێمە زۆر دەمێكە هاوار دەكەین پێویستە وەزارەتی ئەوقاف سەبارەت بەو خوتبانە هەر لەناو ئەو خوتبانەیا، تەشهیری دونیا بە پەرلەمان كرا، بەلام ڕۆژێك لە ڕۆژان نەمان بینی وەزارەتی ئەوقاف یەك هەنگاو بنێ لەوەی كە چۆن وتاری ئاینی ڕێك بخات لە هەرێمی كوردستان، مەبەست لەوە نیە تەوجیە بكرێ، بەلام چۆن ڕێكی بخات، ناكرێ ئەمە جارێكی تر بەو شێوەیە بڕوات، بەوەی كە بڵێین پێویستە وەزارەتی ئەوقاف و كاروباری ئاینی لە ڕێگەی وتار بێژەكان و پیاوە ئاینیەكان گیانی لێبوردەیی و پێكەوە ژیان، ئەوەی كە باس ناكرێ لەناو ئەو وتارانە پێكەوە ژیانە، هاندانی تیایە، تەشهیری تیایە، چەندین جار تەشهیریان بە پەرلەمان كردووە، بەلام ئێمە جۆرێك لەو حەسانەیەمان داناوە، هیچ قسەیەك نەكراوە بەرامبەر بە هیچ مەلایەكی ئاینی، كە وەزارەتی ئەوقاف مەسئولی یەكەمە، چونكە ئەوانە كارمەندی حكومەتن، وەكو چۆن كارمەندێكی حكومەت لە وەزیفەی خۆیان دەبێ (دس پلینی) ئیداری بپارێزێ، دەبێ ئەوان ئەو (دس پلینە) بپارێزن، بۆیە من بەوەی دەزانم كە ئەو پێویستیە دەبێ بكرێت، دەبێت ئەگەر پێویست بكات، بانگهێشتی وەزیری ئەوقاف بكەین، پەرلەمانی كوردستان ئەوەش دەرج بكرێت لەناو ئەو بابەتە، بۆئەوەی بزانین هۆكارەكەی چیە، كە ئەم هەموو خەرقە هەیە، بۆ ئەو حاڵەی كە هەیە لەناو هەرێمی كوردستان، بەلام هەتاوەكو ئێستا ئیجرائاتێك نەكراوە لەگەڵ هیچ كەسێك، وێنەكان پیشانمان دەدەن، مودیری ئەوقاف لەگەڵ مەلاكان لەناو موزاهەرەچیەكاندان، لەوانەی لەناو ئەو خەڵكانە بە مایكرۆفۆن قسە دەكات، ئەی نابێ ئەوە مودیری حكومەتێكە لەناو دام و دەزگایەكی حكومی نابێ كەس پێی بڵێ و موحاسەبەی بكات، بڵێ بۆچی وایە؟، خالێكی تر كەمن ئەمەوێ زۆر زۆر تەئكیدی لێ بكەمەوە، بەڕێزان، هەتاوەكو ئێستا ئێمە بە فیعلی نازانین ژمارەی ئەو پۆلیسانەی كە هەمانە لە هەرێمی كوردستان چەندە؟، چۆن بەسەر موحافەزاتەكان تەوزیع كراوە؟، ژمارەیان چەندە؟، لەكاتی پێویست ئەم هێزەی كە هەمانەو لە یەك بینە مەعاشی ئەدەینێ و مەعاشی بۆ زیاد دەكەین، چۆن هەڵدەستن بە پاراستنی ئەو شوێنانە؟ ئەگینا مەعقولە لە شارێكی حدودی وەكو شاری زاخۆ، تەنها هەشتا پۆلیس هەبێ؟، چۆن دەبێ؟، لەم هەموو تەعینانە مەفروز بووە ئەو هەموو شوێنانەی كە دەزانین كە كەم و كورتی هەیە لەو هێزی پۆلیسە، پێویستە بۆیان دابندرێت، ئەی ئەم هەموو هێزی پۆلیسە زەحمەت نەبێ لە كوێیە؟، كە ئێمە بە ملیارەها دیناریان بۆ سەرف دەكەین و زیادی دەكەین، كە لەكاتی پێویست وجودیان نەبێ، بۆیە ئەو خالە دەبێ تەئكید بكرێتەوە، كە ئێمە لە تەوسیەكانمان بۆ وەزارەتی ناوخۆ، ژمارەی تەواوی پۆلیسەكان و تەوزیع كردنیان بەسەر شوێنە جوگرافیەكان و چۆنیەتی دابەش كردنیان دەبێ بخاتە بەردەمی پەرلەمانی كوردستان، ئەگەر پێویستی بەخەڵكی زیاتر هەیە، خەریجێكی زۆرمان هەیە، گەنجێكی زۆرمان هەیە، دەیانەوێ كار بكەن، ئەم كارە بدرێتە دەستی ئەوان، ئەوانەی كە خەریجن بۆ ئەوەی ئەو كەم و كورتیە پڕ بكرێتەوە، ئەمە دەبێ لەناو تەوسیاتەكە هەبێ، چونكە نابێ عبوری بەسەردا بكەین، بڵێین وەڵڵا ئەمە كەمی هەبووە، لە دهۆك ناردوویەتی بۆ زاخۆ، لە زاخۆ بەشی نەكردووە، لە فلان شوێن...، ئاخر خۆ ئەمە پینە ناكرێ، هێزی چالاكیە مەدەنیەكان، لەكاتی

یاسای خۆپیشاندان باسمان کرد، فەقەرەیەکە تیایدا، کە ئەکرێت هەموو شوێنێ هێزی چالاکی مەدەنی هەبێ، ئەوە لە کەیەکەوە ئێمە یاسای خۆپیشاندانمان دەرکردووە، هەتاوەکو ئێستا وەزارەتی ناوخۆ نەیتوانیوە ئەو چالاکی مەدەنیە لە پارێزگایەکی وەکو دهۆك دروست بکات، بۆیە من دەست خۆشی لە ڕاپۆرتی لیژنەکە دەکەم، پشتگیری دەکەم، (مع العلم) ئەبێ ئەو ئیزافاتانەی کە باسمان کرد، بە نەزەری ئیعتبار وەربگیرێت، بخرێتە ناو ڕاپۆرتەکەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار کاردۆ فەرموو.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیردواد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا سەبارەت بەم لیژنەی کە ڕاسپێردرابوون، ڕاپۆرتەکەیان خستەڕوو، من پێموایە دەبوا ئەم ڕاپۆرتە لەسەر بنەمای ماددەکانی (47، 48، 49، 50) کە پەیوەندی بە توێژنەوەو لێ پرسینەوە هەیە، دەتوانرا جگە لە خستنەڕووی کێشەکان یان ڕووداوەکان، ڕاپۆرتێك بایە لەگەڵ کۆی کێشەکانی بهێنیایە، بتواندرابا پەرلەمان چاوەڕێی لێکۆڵینەوە نەکات، بۆ ئەوەی بەدواداچوون بکات، هەڵوێستی خۆی بۆ ڕای گشتی، هەڵوێستی پەرلەمان ڕابگەیەندرابایە، ڕاپۆرتەکە تێرو تەسەل تر دەبوو، بەڵام بە گشتی ئێمە دەمانەوێ قسە لەسەر ڕووداو وگرژیەکانی ناوچەی بادینان بکەین، کە پێمان وایە، وەزعیەتێکە بە نیگەرانیەوە ئێمە چاوەڕێ بووین، پەرلەمان بە ئەرکی بەرپرسیارێتی خۆی لەو بڕیارانەی کە دەری کردووە، لەو یاسایانەی کە دەری کردووە، سەبارەت بە چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی کە لە کوردستاندا هەن، یان ئەو کێشانەی کە لە 17ی شوبات ڕوویدا، چ پەیوەندی بە سەروەری یاساوە بوو، چ بە دادگایی کردنی هەموو ئەوانە بوون، کە تۆمەتبار بوون، یان سەبارەت بە ئاراستەبردنی کێشەکان، وەك بارەگا سووتاندن، کە ئێمە تاوەکو ئێستا لە هەولێر بارەگاکانمان نەکراوەتەوە، پێمان وابوو، چاوەڕێ بووین ئەو بڕیارانەی پەرلەمان و سەرۆکی هەرێم جێبەجێ بکرێت، ئێستا کەوتینە بەردەم ڕووداوی تر، کە کێشەکانی قوڵتر کردەوە، وای کرد کە ئێمە بڵێین هێشتا لە کوردستان نەمانتوانیوە حکومەتێك کە بەرپرسیارێتی هەلگرێ، هێزێك کە بەرپرسیارێتی هەلگرێ لە پاراستنی موڵك ومالٚی گشتی، لە پاراستنی بارەگا گشتیەکان، لەوەی کە بتوانێ هێزێك کاتێك کێشەیەك ڕووئەدات لە کوردستان، بەداخەوە کەلتورێك کە کەلتورێکی قێزەوەن و نەخوازراوە، بۆیە ئێمە لە هەر ڕووداوێك، ململانەکان بە ئاراستەیەك دەبرێت، کە دەبێتە ململانێی سووتاندن و سڕینەوەی یەکتر، بەشێوەیەك کە حیزب دێتە گۆ، یەعنی دائیمەن بەرپرسەکان، لەجیاتی ئەوەی حکومەت قسە بکات، بەرپرسیارێتی هەڵبگرێت، حیزب شەڕەکە دەکات، ئەمە پێموایە پەیوەندی بەو عەقڵیەتە هەیە کە هێشتا لە کوردستاندا ئەزموونی حیزبی زاڵە بەسەر دام و دەزگاکانمان، پێویستە پەرلەمان ئەو بڕیارانەی دەرکردووە، کە پەیوەندی بە بەرپرسیارێتی و حکومەت هەیە، هێزەکانمان هەیە وهێزی نیشتیمانی هەیە، ئەوەی ئێمە داهاتێکی زۆر لە پێناوی ئەو هێزانە تەرخان دەکەین، بودجەیان پێ

دەدرێت، بۆ پاراستنی هەم هاوولاتی، هەم موڵك و ماڵی گشتی، هەم بارەگا ڕەسمیەكان كە نەكەونە بەر شالاوی ئەو ڕووداوە سیاسیانەی كە ڕوو دەدەن، ئەمە خاڵێكیان، خاڵێكی تر كە من دەمەوێ تەئكیدی لێ بكەمەوە، ئەویش ئەوەیە، لەهەر ڕووداوێك كە بەپێی یاسای كاری ڕۆژنامەگەری، بەپێی ئازادی بیرو ڕا، یەكسەر میدیا كاران و ڕۆژنامەنووسان و ڕاگەیاندنەكان دەكەونە بەرشالاوی ئازاردان و ئەشكەنجەدان و گرتن، بەڕاستی ئەبێ پەرلەمان لەو ڕاپۆرتەش هەڵوێستی لە بەرامبەر ئەوە هەبێ، كە یاسایەكە پێشێلكاری بەرامبەر دەكرێ، پێویستە ئێمە بەدواداچوونی بۆ بكەین، كە ئێمە پێمواییە ئەمە كارێكە قابیلی قبوڵ نیە، لەكاتێك كە یاسا هەبێ، لە هەر ڕووداوێك یا توندو تیژیەك، پشكی شێر بە بەر ڕۆژنامەنووسان و ڕاگەیاندنەكان دەكەوێ لە بەرامبەریان، من پێمواییە ئەگەر ئێمە بمانەوێ لە كوردستان، بڕیارەكان، پلانەكانمان، پلانی كۆتایی هێنان بێ بەو كەلتورە، بە دووبارە نەبوونەوەی ئەم ڕووداوانە، پێویستە داوا لە دەزگا پەیوەندیدارەكان بكەین، بەتایبەتی حكومەت و وەزارەتی ناوخۆ، كە ئایا پلانی چیە؟، جارێكی تر بۆ ئەوەی ئەو كێشانەی ڕووبەڕوو نەبێتەوە، بانگی پەرلەمان بكرێت، بۆ ئەوەی ئەو پلانەمان بۆ بخاتەڕوو، كە هەمیشە لە دڵە ڕاوكێی ئەوە نەبین، لە هەر ڕووداوێك كێشەی وا قوڵ كە هەمووومان دەخاتە بەردەم ڕووداوێك كە نەخوازراوە، ئەوەی كە بەلای منەوە گرنگە، بەدواداچوونە بۆ ئەو بڕیارانەی یا ئەو هەڵوێستەی كە پەرلەمان ڕایدەگەیەنێت و بەدواداچوونی بۆ دەكات، نەتیجە وەردەگرێت، نەوەك ئێمە بڕیار دەردەكەین و قسە دەكەین، بەبێ ئەوەی نەتیجە وەربگرین، كە من پێمواییە یەكێكە لە كێشەكانی دەسەلاتی سیاسی، پێشمواییە یەكێكە لەو كێشانەی كە ئیرادەیەك نیە لە كوردستان كە لێمان دەخوازێ، هەموو لایەك بە تایبەتی لە دەسەلات، كە ئیرادەیەك كە هەنگاوی عەمەلی بنێ بۆ چاكسازیەكی بنەڕەتی لە كوردستاندا، ئیتر كۆتایی بەو كێشانە بهێنین، یاسا سەروەربێ لە كوردستان، هیچ كەسێك بۆی نەبێ لە بری دادگا و دەسەلاتی دادوەری لە كوردستان حوكم بكات، بەشێوازێك كە دیموكراتیەت وە ئازادی میللەتەكەمان دەخاتە بەر مەترسیەكی گەورە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار عمر عبدالعزیز.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاءالدین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**براو خوشكانی بەڕێزی ئەندامی پەرلەمان.**

(بسم الله الرحمن الرحيم)

(لا يحب الله جهر بسوء من القول الا من ظلم)، (يا ايها الذين امنوا اتقوا الله وقولوا قولاً سديدا)، انشاءالله ئەوەی من ئەیڵێم لە بازنەی قەولی سەدید دەرناچێ، من سەرەتا دەست خۆشی لە لیژنەی بەڕێزو نوێنەرانی هەردوو لیژنە دەكەم، لە ماندووبونیان لە ڕاشكاویەتیان، لە ئیدانەكردنی ئەو تاوانەو ئەو توندو تیژیەی ڕوویداوە بەهەموو جۆرەكانیەوە، بەرامبەر هەر لایەنێك كە كرابێ لەوێ، سوپاسیان دەكەم بۆ

ئامادەکردنی ڕاپۆرتەکەش، سەرەڕای ئەوەی دڵنیام هەموومان سەرنجمان و ڕەنگە خۆشیان فریای ئەوە نەکەوتبن بە تێرو تەسەلی ئامادەی بکەن، بەڵام شتە گرنگ و ئەساسیەکانی تیایە، من عەرزم ئەوەیە کە مامەڵەیەکی بەرپرسانە لەگەڵ ئەوە ڕووداوە بکەین، ئێمە ئەبێ دوور لە دەمارگیری حیزبی، دوور لە کاردانەوە، بە لە پێش چاو گرتنی بەرژەوەندی گشتی سومعەی هەرێمی کوردستان، ئەزموونی هەرێمی کوردستان، هەستیاری قۆناغە مێژووییەکە قسە بکەین، ڕووداوەکە بچکۆلە نەکەینەوە لە جوغزێکی بچکۆلە کە نرخی قسە گرنگەکان بسڕێنەوە، ئێمە تەفەهومی ئەوە دەکەین، ململانێی سیاسی لەو دەڤەرە هەیە، بەڵام ئەبێ ململانەی سیاسی بە پرەنسیپە ئەخلاقی و یاساییەکان ڕێك بخرێن، واز لە عەقڵیەتی کەنار خستن، عەقڵیەتی یەکتر نەخوێندنەوە، عەقڵیەتی سفر کردن بێنین، ئەم ڕووداوەی بادینان ئەوەی دووپات کردەوە، بەڕاستی چەند وەختە قسەی لەسەر دەکرێت، کە گەندەڵی لەم وڵاتە هەیە، نا عەدالەتی هەیە، کارە خزمەتگوزاریەکان بەپێی پێویست نین، سنوورێك هەیە بۆ ئازادی، واش نیە کە بەهای ئازادی هەبێ، هەنگاو نان بۆ ئیسلاح سستە، داواکاری هاووڵاتیان بەردەوامە، دوێنێ و پێرێ لە بادینان شت ڕوویندەداوە، ئێمە پەرلەمانتارین، چاودێری سیاسیشین لە ساحەکە، چەند مانگێکە لە بادینان ئیحتیقان هەیە، مامۆستایان پزیشکان، خوێندکاران، فوتابیان، پیشە وەران، کاسبکاران، مامۆستایان خۆپیشاندان دەکەن، داوایان هەیە، چەند دەتوانین ئەمانە بەدەمیانەوە بچین، ئەمە تەقینەوەیەکی کۆمەڵایەتیە، حەدەسەکە بچووکە، بەڵام شتی تر دەردەخات، تۆ لە کونێکی بچووکەوە چەند سەنتێکە، بەڵام دونیایەك لەو دیوەوە ئەبینیت، بە دڵنیایی هەر حاڵەتێك لەم حاڵەتانە، بە بچووکترین جریقە ئەمە لە کوردستان دووبارە ئەبێتەوە، ئەگەر بەجدی نەیێین بەدەم وەزعەکەوە، بەبێ ئێمە مامەڵەی یاسایی و عەقلانی و بەرپرسانە بکەین، دوور لە عەواتف، هەرچەندە دەبێ ریعایەتی عواتفی بەرامبەری ستەم لێ کراویش بکرێت، هەرکەسێکە، هاووڵاتیەکی دوکاندارە، حیزبێکی سیاسیە، بنەماڵەیەکە، مرۆڤ لە گۆشت و ئێسقان و مەشاعیر پێکهاتووە، مانای عەقلانیەت ئەوە نیە مافی بەرامبەر بخورێت، داوای لێ بکەی داکۆکی لەمافەکانیشت مەکە، خەتەری زۆر گەورە ئەوەیە کە ئێستا لە ڕاگەیاندن کاری لەسەر دەکرێت، یاری بە ئاگرێك ئەکرێت، هەموومان ئەسووتێنێ کە هێنانە کایەی مەسەلەی تائیفیەت و مەزهەب و ئاین و پەیوەندی دۆستانەی هەزار ساڵەی نێوان موسوڵمانان و برا ئەرمەنی و یەزیدی و مەسیحیەکانە، ئەمە یاری کردنە بە ئاگرێك کەس تیای دەرناچێ لەم کوردستانە، ئەزموونمان، سومعەی هەرێمەکەمان، سومعەی یەك بە یەکەی حیزبە سیاسیەکان لەژێر پرسیارە، بۆ ململانێیەکی تەسکی حیزبیانە، بۆ ئیتیهام کردنی بەرامبەرێك و خۆ دەرباز کردن لە مەسەلەیەك، پەنا بەری بۆ ئاگرێکی گەورە، هەڵەیەکی سیاسیە زۆر بەداخەوە کە تەجروبە دەکرێت لەم کوردستانە، ئێمە لێرە لەم بڕگەیە وەکو فراکسیۆنی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان، وەکو پەرلەمانتارێك بە هەمان نەفەس و گوڕم کە ئیدانەی سووتاندنی بارەگاکانی یەکگرتوی ئیسلامی کوردستان ئەکەم، ئەتوانم بڵێم لەوەزیاتر ئیدانەی سووتاندنی هەر بنکەیەکی حیزبی، هەر لایەنێکی تر، هەر دوکاندارێك هەر فرۆشیارێك، هەر شوێنێك هاووڵاتی تیای زیان مەند دەبێ،

مەسیحی بێ، موسوڵمان بێ، هەر شوێنێکی گەشتیاری، هەر سالۆنێك، هەر مەرکەزێك تۆ تەسەوری ئەکەی چی تیا ئەکرێت یا بکرێت، بەهەمان گوژم ئێمە ئیدانەی دەکەین و مەحکومی دەکەین، ئەمە شیعار نیە و دروشم نیە، یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان ئەناسن، تاکە لایەن یەکگرتوی ئیسلامی کوردستان، لەساڵی 1996 ئەو برا مەسیحیانە شاهێدن، بەرنامەی هاوبەشمان دژی خەتەرێکە بۆ ئەم کوردستانە، بەعزێك رێکخراو یاریان بە چارەنووسی ئەم ئەزموونە ئەکرد، بەیاننامەی هاوبەشمان دەرکردووە، هیچ لایەنێکی تر ئیمزای هاوبەش شك نابەم لەم ولاتە هەبێ، لە 1996 بەرامبەر ئەم مەترسیانە ڕووی کردبووە ئەم هەرێمە، لەبەر ئەوە زۆر جێگەی ئەسەفە، ئەم براو خوشکە هاوولاتیانەی هەزار ساڵە پێش ئیسلام ڕەنگە بەعزێکیان لێرە بووبن، ئەوان ببەسترێن بە مەسەلەیەکەوە کە زۆر بچووك و تافهە، قەزیە گەورەکەی ئەوان، کە قەزیەی بوونی نەتەوەو ئاین و ئاینزاو، بیرو بۆچوونی جیاوازە لەم ولاتە بچکۆلە بکرێتەوە لەو مەسەلەیە، ئەو بەرێزانە پێش ئەوەی هەرچی بن، هەمووومان ئینسانین، پێش ئەوەی موسولمان بین، پێش ئەوەی مەسیحی بین، پێش ئەوەی ئەرمەنی بین، هاوولاتی ئەم ولاتەین، کە لەدایك ئەبین زمان نازانین، ئاین نازانین، بەلام هاوولاتی ئوسرەی تاکی خێزانی ئەم کوردستانەین، کەس ناتوانێ کەس سفر بکات، کەس ناتوانێ لە ئەرزێك کەس بسرێتەوە، ئەبێ ئێمە بەرێزان پەرلەمانتارانی بەرێز، قسە لەسەر مەسئولیەتی تەقسیری بکەین، ئێمە پەرلەمانتارین، موشەرعین، یاسا دادەنێین، بەرپرسیارێتی کەمتەرخەمی ئەخەینە ئەستۆی لایەنانی بەرپرس لەو شوێنە، باسی حیزبی فلان و ململانێی سیاسی نیە، لایەنی بەرپرس لەو شوێنە حیزبێکی بالا دەستە لەو ولاتە، تەحەدا دەکەین مودیری قوتابخانەیەك، مودیری شورتەیەك، مودیری بنکەیەك، ئەسلەن مودیری بەشێك، مودیر عامێك لە یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان لەو دەڤەرە نیە، هەموو مەسئولیات بە دەستی برادەرانی پارتی دیموکراتی کوردستانەوەیە، کە باسی مەسئولیەتی تەقسیری حیزبی ئەکەین، کە بەداخەوە حیزب و حکومەت وا تێکەڵ بوون بە تایبەتی لەو ناوچەیەی کەناتوانین جیای بکەینەوە، ئێمە پەرلەمانین ئەرکمان چاودێری و پرسینەوەیە، ئەبێ لەم پەرلەمانە بپرسین، دەیان دوکان، شوێنی گشتی، بنکەی مەساج، مەشروب فرۆشی، نازانم موتێل، سالۆن سووتێندرا، لە ڕاپۆرتی ئەو بەرێزانە وازح دیارە، دوایی بە تەدبیر، بە خوێن ساردی، بە هێنانی سڵنگ و ڕافیعە بۆ سووتاندنی بارەگایەك، بە تەقە کردنی مەسئول ورائیدێك کە ناوی سیانیم لە لایە، ئامادەم ئەیدەمە لیژنەی تەحقیق، ئەمە ئەبێ پەرلەمان بپرسێتەوە لێی، پارێزگار لە کوێ بوو؟، قائیمقام لە کوێ بوو؟، مەسئولی بارەگا حیزبیەکان لەکوێ بوو؟، مودیری شورتە لە کوێ بوو؟، ئەمە پاساوە وەکو بەرێزان باسی دەکەن، دونیایەك بودجەو هەزاران هینمان داناوە لەبەر دەستی ئەم بەرێزانە، ئێستا ئەڵێ وەڵلا من کەسم بە دەستەوەنیە، ئەی بۆچی توانیان لە سالۆنەکە برادەرە چینیەکان دەرباز بکەن؟، بۆ نەتوانرا بارەگای حیزبێك بپارێزێ، بۆ لە ڕاپۆرتەکە ئیقرار کراوە بە تەقەیەك گەڕانەوە، ئەی بۆ تەقەیەك لە شوێنێکی تر نەکرا بەسەر خەڵکا تا بگەڕێنەوە، لەوێ مەمنوع نەبوو تەقە کردن، لێرە مەمنوعە تەقە کردن، زیاد لە چەندین سەعاتیش فاسل هەیە لە بەینی سووتانی ئەو شوێنە گشتی و گەشتیاریانە لەگەڵ سووتاندنی

بارەگا حیزبییەکان، بەڵگەنامەی قەتعی لەبەردەست دایە، کە مەسئولینی ئەو دەڤەرە کەمتەرخەمن، خۆزگە بەڕێزان لە لیژنە، خۆزگە سەرۆکایەتی پەرلەمانی بەڕێز، داوای کاسێت و سیدی بکردایە، کە دەم و چاوی زەلامەکان دیارە، لیژنەی چیم بۆ دادەنێن، چەك بەشانەکان دیارن، موکەبەرەی شورتە دیارە، سەیارەی شورتە دیارە، مودیری ئەوقاف وەستاوە، باس لەچی ئەکەین ئێمە، تەحریزی خەڵك بۆ سووتاندنی شوێنە گشتیەکان، قائیمەی مەسئولینی حیزبی و حکومیتان ئەدەینێ، بەناوی سییانیەوە، کە بەشدار بوون لە هێرش کردنە سەر بارەگای 13ی زاخۆی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان، بەناوی سیانیەوە ئەتاندەینێ، لای لیژنەکە ڕەنگە هەبێ، بەڕێزان، بەرپرسانی بارەگای حیزبی یەکگرتووی ئیسلامی، دوکاندارەکانیش بەهەمان شێوە، ئوتێلەکانیش بە هەمان شێوە، پەیوەندیان کردووە، ئەمە کەی پاساوە؟، کاکە تەلەفۆن دەکەم بۆ پارێزگا، تەلەفۆن دەکەم بۆ پایتەخت، خەتەرێك لەم وڵاتە بەڕێوەیە، لە سەعات یەکەوە گێرە شێوێنی و ئاژاوە، هەتاوەکو ئەگاتە سەعات 11ی شەو، لەم شار بۆ ئەوشار نەتوانرا کۆنترۆڵ بکرێ؟ سەرباری ئەوە، ئەو بەڕێزانە شاهێدن لە لیژنە، بەرپرسی حیزبی تەلەفۆن ئەکات بۆ جەنابی پارێزگار، سەعات 10 بووە، سەعات 1 دێنە سەرمان، ڕێکخستنی ئەم حیزبە ئەزانێ، جموجۆڵ هەیە لە ڕێکخراوەکانەوە، لە کۆڵانەکانەوە، کاکە کەس هەیە برایەکی حیزبێکە، براکەی تری حیزبێکی ترە، وریا بن تەحەروکێك هەیە، نەخێر، هیچ نابێ دڵنیا بن، دوایی کە ڕووئەدات، ئەیداتەوە لە ڕووی ئەویش ئەکاتە توهمەت لەسەری، ئەڵێ ئەوە خۆتان ئەتان زانی مودەبەر بوو، ئەها خۆشتان ئەتان زانی، ئەمە زوڵمە بەڕێزان، ئەمە ستەمە قبوڵ کردنی ئەمە تاوانە، لەباتی ئەوەی ئیعتیزار بێنن، بەڵێ ئەمزانی، بەڵام دەسەڵاتم نەبوو، توانام نەبوو، بەسەر حیزبا زاڵ نابم، شورتە بەگوێم ناکات، کاکە نازانم هەر پاساوێکت هەیە بیڵێ، بەس بڵێ وەڵلا ئەتزانی سەعات 10 پێت وتم، سەعات یەك ڕوویدا، دیار بوو تۆش دەستت هەیە، کاکە ئەگەر ئەو تۆمەتانە ڕاستن، چۆن سەرۆك کۆماری عیراق، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، برا قەشەکان، مەتران، ڕێکخراوە ئینسانیەکان، قونسوڵخانەکان، زۆربەی زۆری حیزبە سیاسیەکان، بۆ بەیاننامە دەردەکەن و ئیدانەی ئەم کارە دەکەن، وەختێك ئەزانن یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان دەستی لەپشت ئەوەیەوەیە، بۆ بە عەفەوی ئەبێ ئیدانەی ئەم ئیشە بکەین، کە وەختێ قراری پێشتر دراوە، بۆ خەڵکیش بەرین بەغەڵەت، چ عەجەب یەعنی بەرپرسانی مەحەلی شوێنێك ناتوانن ئیقرار بکەن، بەڵێ هەڵەیەك کرا، خۆ نەمان وتووە خەڵك ئیعدام بکەن، کاکە بەمەسئولێك بڵێ شورتە بە گوێمان ناکات، شورتە بڵێ مەسئول نەیهێشت، خۆ دونیا کاول نابێ، لە ڕووداوەکانی 17ی شوبات تالاّومان خوارد، برادەرانی پارتی دیموکراتی کوردستان گلەیی دەکەن، ئیدارەو ئاسایشی سلێمانی بۆچی نەتان پاراست ئەو بارەگایە، ئەی هەقی ئێمە نیە بەڕێزان بپرسین؟، شوێنێ، دوو شوێن، سێ شوێن، دوکانێ، ئوتێلێ، مەی فرۆشێ، هیچی نەپارێزرا، هەقمان نیە ئەم پرسیارە بکەین، چی قەوماوە بریکاری بەڕێز وەزیری پێشمەرگە ئیعلانی ئامادەباشی ئەکات، ئینزاری (ج) دەرئەکات، چی قەوماوە لەم وڵاتە، لەوناوە ئەڵێن عەفەویەو ئاگامان لێی نیە، لەولاوە ئەڵێ ئێمە لە ئینزارین، لەولاشەوە موحافزی بەڕێزو قائیمقام ئەڵێن

وەڵڵا کەسمان بەدەستەوە نیە، ئەی ئینزاری (چ)ت بۆ کێ دەرکرد بەڕێزم؟، ڕۆژی 3ی مانگ ئەڵێ ئێمە ئینزاری (ج)مان دەرکردووە، لە شاشەی تەلەفزیۆنیش بەردەوام بڵاو ئەکرێتەوە، ئینزاری (چ) یەعنی چی؟، حاڵەتی ئامادەباشی یەعنی چی؟، برادەرانی دەسەڵات لەوێ، مەبەستم حیزبی دەسەڵات لەوێیە، چونکە مەسئولینە داماوەکان هیچیان ناتوانن قسە بکەن، ئەڵێ تۆمەتی پێش وەخت دراوە، من بە بەڵگە ئەیسەلمێنم پێش لێدوانی هیچ بەرپرسێکی حیزبی تۆمەت درابێتە پاڵ کەس، ئەی باشە تۆ بە چ هەقێك کادیر ئەگری؟ ئەندام ئەگری بەبێ ئەمری مەحکەمە؟ بەڕێزانی لیژنە، خەڵك لە ژوورەوە حاکم ئامادەکردنی ئەمر دەرکردن و ئەمری گرتن بوون، با بۆتان بسەلمێنم، هیچ دەیان کەس گیراون بەبێ ئەمری حاکم، بەڵام حاکم و ئەندامان لە ژوورەوە بوون، دوێنێ بەرپرسێکی ئێمە سەعات 11 و 12 ی شەو چۆتەوە، بەرپرسی مەڵبەندی زاخۆ بریندارە، کە ئەبوایە لەبەر شعوری خێزانەکەی، کەس و کارەکەی حیزب وازی لێ بێنە، بریندار نەکرایە، لە ڕێگا، لە سەیتەرە ئەگیرێ، پێم ناڵێی بە ئەمری کام حاکم گیرا سەعات 11 شەو؟ لەکام دانیشتن حاکم بڕیاریدا؟ بۆ ئەو خەڵکە ناگرن؟ دەست خۆشی لەو بەڕێزانە ئەکەم، کێ بوو باسی کرد؟، کابرا هاوار ئەکات، تەحریز ئەکات ئەڵێ بڕۆن و هەمووی هەڵئەماڵین، هەمووی ئاوا لێ ئەکەین، بنکەکان و شوێنە خراپەکان بۆچی ناگیرێن؟، بەستەزمانێکی گەنج ئەکرێتە زەحیە، هەرکەس هەیە، ئێ باشە لە زاخۆ خەتەرێك ڕوویدا، کاکە موئامەریەکی گەورە لەسەر هەرێم ڕوویدا، لەسەر حیزبێکی موعەیەن ڕوویدا، ئەی لە قەسرۆك چی ڕوویدا؟ ئەو برا بەڕێزانەی خەڵکی مەنتیقەن ئەزانن، تەحەدا ئەکەم لە قەسرۆك، مەشروب فرۆشێکی تیابێ، عەفوەن لە سیمێل، یان لە قەسرۆك، چەن برای مەسیحی و ئێزدی لە قەسرۆك هەن، کێ چووە سەر شوێنێکی تر؟ تا ئەوان بێنە سەر بارەگای حیزب، تۆزێك بە ئینسافەوە تەقیمی وەزعەکە بکەین، بەڕێزان خاڵێکی تر ئەمەوێ قسەی لەسەر بکەم، باس لەم کەلتورە، لەم مۆدێلە، لەم عەقڵیەتە، لەم پەروەردەییە بکەین، ئێمە دروستمان کرد لەم وڵاتە، باس لەم تاکە هاووڵاتیە بکەین، کە خوا خوایەتی لەوێ شوێنێ بسووتێ تا لێرە سندووقە عەرەق بدزێ و ڕابکات، کە بە وتەی بەرپرسێکی بەڕێز ئەڵێت بەعزێکی لەوێ ئەیخواردەوە، فرسەت بوو، بەلاش بوو، باس لەم کەلتورە بکەن، باس لەم پەروەردەییە بکەن، خوا خوایانە گلۆپێك بکوژێتەوە تا هەڵکوتنە سەر دوکانێك، بۆ؟، چونکە وڵاتمان بەو ئاقارە گەیاند، ئێمە لەسەر مەبدەئی (لا اکراه في الدين) چەند دەقیقەیەکم ماوە کاتی بەڕێزتان ناگرم، کە قاعیدەیەکی قورئانیە، ئیمانمان بە ئازادی کفریش هەیە، خوا خۆی فەرموویەتی (فمن شاء فليؤمن ومن شاء فليكفر) نەوەك هاووڵاتی کوردستان کە براو خوشکی خۆمانن، بە هەزاران عائیلە تێکەڵ بوون خوێن و ئێسقان و موساهەرەو ژن و ژن خوازی لەبەینمان هەیە، تەئریخ ئیسپاتی کردووە کە پێکەوە ئەژین، چۆن ئێمە دژی ئەوەبین کە خەڵك بەرامبەرمان هەبێ، خوا دروستی کردووە، دروست کردنی ئاینەکان، دروست کردنی زمانەکان، دروست کردنی ڕەنگەکان جەعلی ئیلاهیە، بڕیاری خوایە، چۆن من ئەتوانم بەرامبەر سفر بکەم، چ عەقڵ و مەنتقێکە ئەوە، ئەم تۆمەتە ئەداتە پاڵ یەکگرتوویەك کە من ئیختیساسەکەم تەتەروفی دینیە، نامەی ماجستێرەکەم لەسەر غولوی ئیسلامیە، بە بەڵگە ئیسپاتم کردووە

كە ئەبێ هەرتاكێك موسوڵمان و غەیرە موسوڵمان وەكو یەك بژین، ئازادن، لەبەر ئەوە رەجائەن مەسەلەكە بە ئاقارێكی تر نەبەین، غەڵەتێك ڕوویداوە، ئینفیلاتێكی ئەمنی ڕوویداوە، تەفسیرێكی موتەعەمەد هەیە، كاكە تەفسیرێكی غەیرە موتەعەمەد هەیە، چۆنی ناو ئەنێن بینێن، بە جورئەت بە سەراحەت، مەردانە، قانونیانە، بێین بڵێین تەفسیری عەمدی هەیە، مەسئولیەتی تەفسیری هەیە، ئێمە هەموومان لە یاساو شەریعەت ئەزانین، موحاسەبەی بكەین، نەیپێچینەوە بەسەركردایەتی هیچ حیزبێك، بە بڕیاری سیاسی هیچ حیزبێك، هەركەس بێ حیزبەكە، لە شوێنێكی موعەیەن، مەحدودێكی جوگرافی غەڵەتێك ڕوویداوە، لەو شارە بەم لاوە هەمووی لێی بەریە، ئیجرائات لەگەڵ ئەو شارانە بكە، لەوە زیاتر هیچی نەوتووە یەكگرتووی ئیسلامی، ئێمە ئێستا تەرەفین بۆیە قسە ئەكەم، چونكە من بە نەزەری ئیعتبار قسە دەكەم، ئەبێ سەرۆكایەتی بەڕێز ئیجازەم بدات كە ئەو وشانە ئەڵێم، من هاووڵاتیەكی كوردستانم، ئەندامی فراكسیۆنێكم، پەرلەمانتارم، ئەندامی حیزبێكیشم مافی خۆمە، وەكو هەموومان ئەندامی حیزبێكین هاتووینەتە ئێرە، تاك تاكێك لە بەڕێزان لە لیستی بێ لایەن بەناوی بێلایەنەوە هاتوون، هەموومان حیزبین، لەبەر ئەوە ماف بەخۆم ئەدەم ناوی حیزبیش بەرم، من لێرەوە سوپاسی هەموو ئەو برایانە دەكەم، هەموو ئەو حیزبە سیاسیانە دەكەم، چونكە تەعاتفیان لەگەڵمان نواند، برادەرانی لە كەنیسە، مەترانی بەڕێز، برا قەشەكان، هاووڵاتیانی ئێزدی ، كەبەردەوام بە تەلەفۆن و بە ئیمێل و بە نامەی تایبەتیان هاوسۆزیان بەرامبەر بە ئێمە دەربڕی، سوپاسی ئەو هەست و هەڵوێستەیان دەكەین، چونكە باش ئەزانن ئێمە دوورین لەو جۆرە كارانە، دووبارە بەناوی فراكسیۆنیشەوە، بەناوی خۆشمەوە، ئیدانەی هەر توندو تیژیەك دەكەم، بەرامبەر هەر هاووڵاتیەك، هەر خاوەن بەرژەوەندیەك، هەر هێزێكی سیاسی، هەر كەسێكی ئازاد لەم وڵاتە دەكرێت، هەرجۆرە زەبرو زەنگێك، هەر جۆرە توندو تیژیەك بە توندی ڕەت دەكەینەوە، چونكە لەگەڵ مەنهەج و سایكۆلۆژیەت و ڕەوانی ئێمە، لەگەڵ ناخی ئێمە، لەگەڵ قەناعەتە مەبدەئیەكانی ئێمە ناخوات، من زۆر سوپاستان دەكەم كە نەفەستان بوو و گوێتان لێ گرتم، هیوادارم بە نەتیجە بگەین لەم كۆبوونەوەیە، چەن تێبینیەكیش هەیە لەسەر ڕاپۆرتەكە، زۆر بە كورتی ئەیلێم دوو شتە، یەكێكیان مەسەلەی ئەم بڕیارە پێویستی بە جێبەجێ كردن هەیە، سەقفێكی زەمەنی ئەوێ، دووەمیش بەراستی میكانیزمێكی ئەوێ، كە بەو عمومیاتە باوەڕناكەم بگەین بە نەتیجەیەك، وەكو هەمووجار ڕەخنە دێتە سەر پەرلەمان، كە ئالیەتەكانی وایە ناتواندرێت بەدواداچوونیان بۆ بكرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار د.احمد ابراهیم، كەرەمكە.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم علی(وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەرەتا دەست خۆشی لە لیژنەی هاوبەشی پەرلەمان دەکەین، بۆ ئەو سەردانەی کەکردوویانە، سەردانی مەیدانی ناوچەکەیان کردووە، ئێمەش هیوادارین کە ڕاسپاردەکان بە وردی لە لایەن پەرلەمانەوە چاودێری بکرێن، ئالیەتێك بۆ ئەو ڕاسپاردانەی لیژنەکەو جێبەجێ کردنیان دابندرێت، ڕووداوەکانی دەڤەری بادینان بۆ هەمووومان مایەی نیگەرانی بوو، ئەوەبوو کە ژمارەیەك هاوولآتی چەند شوێنێکی مەساج و چەند دوکانێکی مەی فرۆشی لە زاخۆ سووتێندرا، پاشان چەند بارەگایەکی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان لە دەڤەری بادینان کەوتنە بەر پەلامارو سووتێندران، ئێمە لە فراکسیۆنی بزووتنەوەی ئیسلامی، وێڕای ئیدانە کردنی ئەم جۆرە کارانە، دەربڕینی نیگەرانی خۆمان، جەخت لەسەر ئەم چەند خاڵە دەکەینەوە، یەکەم، ئێمە هەموو کارێکی تێکدان و سووتاندن و پەلاماردان و هەڵکوتانە سەر هیچ بارەگاریەکی حیزبی و ئیعلامی ڕەت دەکەینەوە، پێویستە ناڕەزایەتی بەشێوازی هێمنانە و لە چوارچێوەی بەها بەرزەکانی ئیسلام و یاساو، کێشەکان دوور لە توندو تیژی چارەسەر بکرێن، دووەم، جگە لەهەرێمی کوردستان، بەشێکە لە کێشەکانی دونیا، ئەزموونێکی حوکمڕانی جێگیرو پتەوی نیە، دەکرێ بە ئاسانی ڕووداوەکان کاریگەری دابنێنن لەسەر کوردستان، بۆیە ئێمە پێویستیمان بە پارێزگاری کردن هەیە، لەم ئەزموونەو ئاسایش و ئارامی و سەقامگیری هەرێم و پێکەوە ژیانی ئاشتیانەی نەتەوەیی و ئاینی و مەزهەبی، کە سیمایەکی جوان و بەشێکە لە کەلتوری گەلی کوردستان، هەمیشە پێکهاتەکان لە کوردستان لەدۆخێکی ئاشتیانەو تەبایدا بە یەکەوە ژیاون، سەردان و هاموشۆو هاوکاری و تەبایی کارو مامەڵەیان پێکەوە هەبووە، بە درێژایی مێژوو لە پەنای یەکدابوون و ژیاون بەبێ هیچ گرفتێك، ناکرێ ئەم ڕووداوانە ببنە هۆی گومان خستنەسەر ئەم پێکەوە ژیانە، کە لە کوردستاندا هەیە، سێیەم، پێویستە ئاداب و نیزام و داب و نەریتی ڕەسەنی میللەتەکەمان، هەست و نەستی زۆرینەی خەڵکی کوردستان، لەکاتی کردنەوەی سەنتەرەکانی مەساج و شوێنەکانی لەش فرۆشی و مەیفرۆشی لەبەرچاو بگیرێت، کە دەبنە مایەی ڕق و توڕەیی خەڵك، بۆ ئەوەی ڕووداوی تری لێنەکەوێتەوە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، بەڕای ئێمە دیاردەیەکی دزێو، چەندساڵێکە لە شارو شارۆچکەکانی کوردستان سەری هەڵداوە، ڕوژ بەڕۆژ پەرەدەسەنێت، ژمارەی ماڵ و شوێنەکانی لەش فرۆشی لەژێر هەر ناوێکدابێ زۆر زیادی کردووە، بە پێچەوانەی دەستوورو یاساکانی وڵآتەکەمان، ماوەیەك لەمەو بەر ڕاپۆرتە ئیعلامیەکان، کە تەنیا لە شاری سلێمانیدا 400 شوێن و ماڵی لەش فرۆشی هەیە، ئەمەش مەترسیەکی زۆری هەیە لەکۆمەڵگای ئێمەدا، جۆرەها نەخۆشی تەندروستی و کۆمەڵآیەتی لێ دەکەوێتەوە، بۆیە ئەمە دەکرێت دەرهاویشتەی خراپی لێ بکەوێتەوە، کە گەنج و لاوو مێرد منداڵانی کوردستان بەناوی ئازادیەوە، ڕوو لە مادده هۆشبەرەکان و شوێنەکانی لەش فرۆشی و مەی خواردنەوە دەکەن، بەبێ هیچ چاودێری و بوونی ئیجرائات و شوێنی گونجاوی سنووردار، باشە ئایا لە وڵآتە پێشکەوتووەکانیشدا بەم شێوەیە ڕەهاییەو بەبێ هیچ یاساو ڕێسایەك، هیچ ئیجرائاتێکی توندو تۆڵ و بەکارهێنانی ئەو جۆرە شتانە ئازادن، کە مەیخانەو بارو شوێنی لەش فرۆشی، نزیك شوێنەکانی پەرستن، وەك مزگەوت و کەنیسە بکرێنەوە، هەموو تەمەنێك، منداڵ و مێرد منداڵەکانیش بە ئاسانی دەرگایان بۆ

لەسەر پشت بێ؟، بێگومان نەخێر، چونکە زیانەکانی ئەم شتانە تەنیا لە ڕووە ئاینیەکەوە نیە، بەڵکو لەهەموو ڕووەکانەوە دەبێ لێك بدرێتەوە، بەداخەوە لە وڵاتی ئێمەدا زۆر بە ئاشکراو، هەموو تەمەنێك و لە هەموو شوێنێکدا لەسەر جادەو ڕێگە گشتیەکان و شوێنە گەشتیاریەکاندا مەی دەخورێتەوە، پاشماوەکانیان فڕێ دەدرێن و هیچ حیسابێك بۆ هەست و شعوری خەڵکی تر ناکەن، هەروەکو هەموو لایەکیشمان دەزانین، چەندین کارەساتی هاتووچۆو کێشەی کۆمەڵایەتی و خێزان و تەڵاق و کوشتن و ئەمانە سەریان هەڵداوە و دروست بوون، سەرباری ئەوەی سەرچاوەی لاوازی هەست و ئینتیمای گەنج و لاوەکانمان، لێرەدا ئەرکی حکومەت و پەرلەمان زۆر قورسە، دەبێ ڕێگە لە هەر تەقینەوەیەکی کۆمەڵایەتی و تێکچوونی ئاشتی و کۆمەڵایەتی، شیرازەی کۆمەڵگەکەمان بگرن، چوارەم، کۆمەڵگەکەمان ئاوا بڕوات بەرەو بارودۆخێکی ئاڵۆزو مەترسیدار مل دەنێ، کۆمەڵێك دەرئەنجامی لێ دەبێتەوە، ئالەم کاتەدا کە ئێمە چەندین گرفت و قەیرانی سیاسی و کۆمەڵایەتیمان هەیە، ئەم ڕووداوانەی بادینان کاریگەری خراپی لەسەر سومعەی کوردستان دەبێ، مەترسیەکی گەورە هەیە لەسەر دوا ڕۆژی سیاسی و ئابووری و گەشتیاری و ئازادیە گشتیەکان، پێکەوە ژیانی ئاشتیانەی پێکهاتەکان و نێوان حیزب و لایەنەکانیش بەندە بە سەروەری یاساو، بوونی دیموکراتیەت و ڕێزگرتن بەرامبەر بەتاك، بەداخەوە تاوەکو ئێستا لاوازە، پێویستە ماف و ئازادی و ژیانی هەموو تاکێك لەم هەرێمەدا پارێزراو بێ، بە موسوڵمان و مەسیحی و ئێزدی و کوردو تورکمان و عەرەب و هەمووانەوە، سەرۆکی هەرێمی کوردستان لیژنەیەکی لێکۆڵینەوەی پێك هێناوە، پێویستە لیژنەکە بە زووترین کات کارەکانی تەواو بکات، ئەنجامەکان بۆ ڕای گشتی ڕابگەیەنێت، کەمتەرخەمیەکان دەربخات، پێنجەم، لەم ڕووداوانەدا هەست بە کەمتەرخەمی دەکرێت، لە لایەن هێزەکانی ناوخۆ و لە پاراستنی شوێنەکان و بارەگاکان، لە دەڤەری بادینان، ناکرێ ئێمە هەموو جارێك ئەم ڕووداوانە ڕوو بدەن، لە شارو شارۆچکەکانی کوردستان، هیچ لێپرسینەوەیەك نەکرێت، بێگومان بە لێپرسینەوەو ئیجرائات متمانە دەگەڕێتەوە و دروست دەبێ، چونکە حکومەت و دام و دەزگا ئاسایشەکان، بەرپرسن لە پاراستنی هەموو شوێن و بارەگا و کۆنترۆڵ کردنی هەر پشێوی و ئاڵۆزیەك، نابێ ڕێگە بدرێت، بەهەر پاساوێك بێت ڕەوشی هەرێمی کوردستان تێك بچێت، شەشەم، ئێمە لەیەك هەرێم و لەیەك ناوچەدا دەژین، مەحکومین بەوەی کە یەکترمان قبوڵ بێت، بەیەکەوە بە ئاشتیانە بژین، حەوتەم، مامۆستایانی ئاینی مزگەوتیش وەك بەشێك لە کۆمەڵگەی مەدەنی، مافی خۆیانە کە لە چوارچێوەی شەرع و یاسا و دوور لە توندو تیژی قسە لەسەر ڕووداو دیاردەکان بکەن، خەڵك هۆشیار بکەنەوە، بۆیە ئەبوایە لیژنەی بەڕێزی پەرلەمان، سەردانی ئەوقافی ناوچەکەو مامۆستایانی ئاینی پەیوەندیداری ناوچەکەشیان بکردبایە، کە بەداخەوە لە ڕاپۆرتەکە هیچ ئاماژەیەکی پێ نەکرابوو، ئێمە لە پێناوی ئەم پێکەوە ژیان و هێور کردنەوەی بارودۆخەکەدا بەپێویستی دەزانین کە:

أ-لیژنەی لێکۆڵینەوە بە زوویی ئەنجامەکان ڕابگەیەنێ.

ب-دووركەوتنەوە لە تۆمەتبار كردن و تاوانبار كردنی یەكتری بەبێ بەلگەو یاساو دادگاكان ڕۆڵی خۆیان ببینن.

ج- دان بەخۆداگرتن و هاوكاربوون لە هێوركردنەوەی بارودۆخەكە بەتایبەت ڕاگەیاندنەكان، ڕۆڵی ئیجابی ببینن لە هێوركردنەوەدا، نەوەك ئالۆزتر كردنی، ڕێگە لە پەرەسەندنی بگیرێت.

د- ئیدانە كردنی هەموو توندو تیژیەك بەرامبەر هاوولاتیان، چ بەرامبەر لایەنە سیاسیەكان، چ بەرامبەر تاكەكان.

هـ-ر ێگە نەدرێت هیچ دەستێكی دەرەكی دەست بخاتە ناو هەرێم و كێشەو قەیرانەكان، لەناوخۆدا چارەسەر بكرێن.

و-پەرلەمانی كوردستان ڕۆڵی خۆی وەك دامەزراوەیەكی هەڵبژێردراوی هەرێم ببینێت و بە ئەركی سەرشانی خۆی هەڵبستێت، لە بەدواداچوونی بەردەوام و چاودێری كردنی ڕووداوەكان و چارەسەركردن و هێوركردنەوەی بارودۆخەكەدا.

ز-دەستگیر نەكردنی هیچ كەسێك بەبێ بڕیاری دادوەر.

ح-ئەنجامدانی چاكسازیەكی هەمە لایەنە لە هەرێمدا، زامنی سەقامگیری سیاسی و كۆمەلآیەتی، ئەمەش پێویستی بە جۆرێك لە هەماهەنگی و كاری پێكەوەیی هەیە، لەنێوان هەموو هێزو پێكهاتەكانی هەرێمدا.

لە كۆتایدا داواكارین هەموو لایەك بە بەرپرسیارێتیەوە، مامەڵە لەگەڵ بارودۆخەكەدا بكەن و بتوانین زاڵ بین بەسەر ئەم كێشەیەدا، بەزووترین كات چارەسەر بكرێت، ڕێگە لە تەشەنە كردنی بگیرێت، بێگومان هەموومان لەكەشتیەك داین، ئەگەر ڕزگاری بێ، هەموومان ڕزگارمان ئەبێ، ئەگەر تیاش بچێت، هەموومان تیا دەچین، لەگەڵ ڕێزدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار ئەمیر گۆگە، فەرموو.

**بەڕێز ئەمیر گۆگە یوسف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەز بێژم بەداخەوە ڕۆژەك وەسا بێتە ڤێرێ، سەكنن ئەڤ تشتە ل پەرلەمانێ كوردستانێ، ئەم بێژن ڕاستی جهێ نەخۆشیامەیە، ب ڕیدانەكا، ڕیدانەكا دلێ تەزینە، هەتا نوكە ئەز ژ ئێك وان كەسان بیمە، ناڤ ڕیدانێدا هەر ژ دەسپێكێ هەتا دوهی ئەز هاتیمە هەولێرێ، هەتا نوكە ئەم وەكو خەلكێ زاخۆ، وەكو نوێنەرێت مەسیحیا ل دەڤەرا زاخۆ، هەتا نوكە خەلكێن مەی مەسیحی نەشێت باوەر بكەت كا ژ ل زاخۆ قەومیە، چونكم ئەڤێت ل ڤێرێ ڕوو نیشتین، نزانن چ پەلامار ب چ شێوە لە زاخۆ قەومی، ئەگەر بۆ مێژوو ئەز بێژم، ئەگەر پشتی دوو ڕۆژا، ئەگەر جەنابی سەرۆكی نەهاتبا زاخۆ، ڕۆژا دوویێ و ڕۆژا سیێ، باوەڕ بكە نوكە پتر ژ 500 خێزان، پتر ژ 1000 خێزانێ ل زاخۆ نەمابین، نە ل زاخۆ و نە ل دهۆكێ و نە ل جهێن دی، ئەڤەژی هەقیقەتەكە ڤیا ئەڤەی ل ڤێرێ ئەڤ هەقیقەتە بزانن، بەڕێزان ئەڤ تشتێ ل زاخۆ قەومی،

دیتنامە وەکو مەسیحی نە تشتەکێ عەفەویە، نە تشتەکێ ڕوویدانە، خیلالێ سەعاتەکاو چەند جحێلا ڕابین و هجوم کرن سەر ڤان جها، ئەڤ جهێت پەلامار لێ هاتیە دان، نە جهێت تنێ مەشروب خارنێ مەسیحی نە، مەعنا مەسیحی ئەون، مەسیحی تەنیا ئەون جهێت مەشروبی د فرۆشن، مەسیحی نە ئەون، بلا ئەم خەلەت تێنەگەهن، هەرچی بێژم مەسیحی مەعنا جهێ ئەرەق فرۆشاو نزانم چیە، مەسیحی نە ئەون، جهێ پەلامار لێ هاتین، دوو سالۆن و حیلاقە ل دەف ئێك بین، ئەڤە سالۆنێ و حیلاقەی مەسیحیانەو ئەو هی بوسولمانا، ئەڤێ مەسیحی سۆت، یێ دی دەست نەکریێ، جهێ پەلامار لێ هاتی دان دیر بی، مەتران خانی بی، جهێ ڕەوشەنبیری بی، جهێ هۆلا شاهیان بی، جهێ داوەت و شاهیا موسولمانان بی تێدا، شاهیا موسولمانان بی تێدا، هات بەردەرگەی گۆت (الله اكبر) و هجوم کرنێ، خودانێ داوەتێ نەهێلان گۆت بابۆ هەموو عائیلەییێت مەنە تێدا، هەتا نەهێلا پەلامارو سۆتنێ بدات، گۆت باشە بلا داوەت خەلاس بت، سەعات نەه شەڤێ ئەم دوێت بسۆژینین، هەتا سەعات نەها شەڤێ، بەڕێزان هێڤی دکەم برادەر زۆر خالێت سۆزان خانی و کاك عمر عبدالعزیز، ئەز پەسەندا وان خالا دکەم، دەستێت وان خۆش بیت، کو ڤی روحیەتێ سەح کەن ڤی بابەتی، ڤی پێکڤە ژیانا کوردستانێ، نە حزبەك سیاسی چێ کریە، چ لایەنێ هەبت، ئەڤ پێکڤە ژیانا کوردستانێ کەلتووریێ کوردستانێ چێ کریە، ئەڤ کەلتوورە یێ دەهان و پازدان و ب سەدان سالانە، یێ هەتا نوکە گوندێ مە پێکڤە شاهیانێت مە پێکڤە، خۆشیێ مە پێکڤە، نەخۆشییێت مە پێکڤە، خەلکێ کوردستانێ ئەم دوی باوەریێ دانە خەلکێ کوردستانێ ئەڤ تشتە شێن پارێزن، دێ هەر پارێزن چونکە ئیرادا خەلکێ مە ئەوەیە، بۆ پاراستنا ڤی تشتی، مادام ئیرادا خەلکێ مە هەیە، کو ئیرادا خەلکێ مە دڤی حالەتیدا دیار بی، ب سەدان خەلکێ مە دڤی ئەسنایدا ، تەلەفۆن کرن هاتن، بەرەڤانی ژ وی مەتران خانی، ژ وی جهێ حازر بین خۆ بدەن کوشتنێ، نەهێلان تشتەك ل وان بی، ئەڤ ئیرادە ژی هەیە، بلا هەمی تشتا ژ ئێ کو دوو نەکەن، بەلێ هیڤی دکەین، هێڤی ژ وا هەمیا دکەین، کو ئەڤە بابەتەکە، نە بابەتەکا سۆتاندنا دکانەکی، ئەم نەهاتینە ڤێریێ داخازەکا تەعویزێ دکانەکیێ بکەین، یان ئەم تەعویزا بارەگاییێ و مەقەرەکێ بکەین، سۆتن هەمی ئێکە، خراپ کرن هەر جهەکێ هەبت ئێك خراپ کرنە، هێڤی دارین ئەم کەلتورەکێ کوردستانێ بشێن بپارێزن، هێڤی دارین ئەڤ ئەزموونە، ئەزموونە نە مەسیحی ب تنێ دهێن زەرەرمەند، ئەگەر ئەمە موشکیلەنە با مەسیحی و ئێزدی ل کوردستانێ دەربچن، ئەگەر بزانین موشکلە دێ ئەو چارەسەر بت، با لە کوردستان دەربچن، موشکیلا ئەزمونا کوردستانێیە، تەجروبا کوردستانێیە، ڕاستە خیتابات هەمی ئەم دبینین خیتابات، دێ ئەم برایێت ئێکین، مەسیرێمە موشتەرەکە، ئەم نزانم چیە، باشە مادەم هەمی بێژن برایێت ئێکن، باشە کێ وەدکەت، با ئەڤ کەسێت هەیت وەکی کینە؟، پرسیار ل ڤێریێە، هەمی خیتاباتێت سیاسی خۆشن و ڕوونن، هەمی مە حەفلادا خۆشن، بەیانا هەمی خۆشن، باشە د مەجالێ عەمەلیدا ئەڤێ وە دکەن کینە؟، بۆچی ئەم هەمی پێکڤە نەشێین ئەوان کەسا سنووردار بکەین؟، بۆچی نەشێین سنوور بۆ وان کەسا دابنێین، دووبارە زۆر ئەو خالە ڕاسپاردێت یێ کو لیژنە هاتینە دەست خۆشیێ ل وی لیژنەی دکەین، بەس ئەز سێ، چار خالا ب گرنگی دزانم، کو وان خال بێن تەسبیت کرن، ئێك، ئەڤ هێرش و پەلامارە

بەرنامەو پلان بۆ هەبوو، نە عەفەوی و سادەبوو، ئەڤە ئێك، یێ دوێ، ئەم ڤی ڕەفتارێ ب زەنگەكا مەترسیدار دزانم بۆ سەر پێكهاتەی مەسیحی و ئێزدی، ل دەڤەرێ كو ب جدی كار ل سەر بێتە كرن، یێ سێ، هێڤی دارین ئەنجامێت كارێ لیژنا ڤە كۆلینێ، یا جەنابێ سەرۆكێ هەرێمێ، بهێنە ڕاگەهاندن، هەمی ئالیەك بەرامبەر یاسایێ بێنە ڕەوانە كرن، ب زی ترین دەم، دیسان ئەندامێت لیژنا پەرلەمانی كو ئەوژی بێنە كرن، ئەو ژی بەس هێڤی داكۆكی ل سەر وان خالا دكەم، دووبارە ئەز بێژم كو ئەم ئەندامێت پەرلەمانینە، نوێنەرێت خەلكینە ل كوردستانێدا، هەمی پێكڤە، دەستێت مە هەمی پێكڤە، ئەڤ ئەزمونە بێتە پاراستن، ئەڤ گیانێ لێ بورینێ، ئەڤان ل كوردستانێ هەی، ئەڤان كو شانازیێ مە پێڤە هەی، ئەڤە بمینێت، سەرەدانا مە پێر، سەرەدانا ڤەشەكی ژ ئەمریكایێ هاتیەوە بۆ تاریخ بێتە گوتن، ڤەشەك نە خەلكێ كوردە، ڤەشەك خەلكێ میسلە، ئەڤە چەندین سالە ل ئەمریكای ژیایی، بڕیاردا كو بێتە كوردستانێ، ل كوردستانێ ببیتە ڤەشە، وەختێ ئەمری وی دەركەت، ئەڤە ب خۆ وەدبێژیت، گوت، گەلەك گەلەكم پێ خۆش بوو، هەندی بەحسا تەجریبا كوردستانێ و ئەڤ پێكڤە ژیانەو ئەڤ وەزعێ ئارام و ئەڤ وەزعێ خوەش، كو پتر ژ 7000 هەزار عائیلێ وەستێ وجنوب، كو كوردستان دەرگەهێ خۆ بۆ وان كری، نوكە وێ ل كوردستانێ دژین، گۆت، هندی ئەڤ وەزعە مەدیت، گۆت بڕیارمدا بێمە كوردستانێ و خزمەتا كوردستانێ بكەم، بەلێ گۆت پشتی ئەز هاتم ئەڤ ڕیدانا، گۆت هەتا نوكە ئەز نەشێم تەسەور بكەم، كا ئەڤ ڕیدانە چیە، بەس ئەم دوی باوەڕیێ دانە هیمەتا موخلسا، هیمەتا مرۆڤێت باش، هیمەتا سەركردێت هەمی ئالیاڤە، سەركردێت كو دلێ وان ب كوردستانێنە، نە دلێ وان ب حزبا بمینێت، چونكە كوردستان ژ حیزبی موهیم ترە، ئەڤ ئاخا ژ شەخسا موهیم ترە، ئەڤێ دلێ وان بمینێت، هیمەتا هەمی وان مرۆڤێت موخلیس دووبارە دێ وەزع شێن ئارام بكەن، دێ وەزع كۆنترۆل بكەن، وەكی ئەم شێین بێژین  نە دوماهیكا دونیاییێیە ژی، ئو سوپاس بۆ گوهداریا وە، گۆتنامن پیچەك زێدەبووی.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار ایوب نعمت كەرەمكە.

**بەڕێز ایوب نعمت قادر(ئارام):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەرەتا دەست خۆشی لە بەڕێز هەردوو لیژنەی هابەش دەكەم، بۆ ماندوو بوونیان بۆ سەردانی ناوچەكە، هەروەها ئامادەكردنی ڕاپۆرتەكە، بەلاَم لەگەلَ ئەوەشدا حەز دەكەم كۆمەلَێك پرسیاریان ئاراستە بكەم، وەلاَمەكەشمان دەست كەوێ، یەكێك لەوانە كۆمەلَێك هاوولاَتی لەو دەڤەرانە گیراون، هەندێكیان بەر بوون، كە ئەوەش یەكێكە لە ئامانجەكانی لیژنەی مافی مرۆڤ، دەبوایە ئەو لیژنەیە زیندانیەكانیان ببینیایە، هەروەها ئەوانەش كە بەربوون، ئایا بە بڕیاری دادوەر گیراون؟، یاخود نا؟، چۆن لێپێچینەوەیان بەرامبەر كراوە؟، خالَی دووەم، ئەو مامۆستایەی كەلە ڕاپۆرتەكەدا ئاماژەی پێ كراوە، كە بریتیە لە سەرەتای دەست پێ كردنی ڕووداوەكان، ئەبوایە لیژنەی بەڕێز هەر لیژنەی هاوبەش چاوپێكەوتنیان لەگەلَ ئەو مامۆستایە بكردایە، بۆ ئەوەی كە بنەڕەتی ڕووداوەكە، چۆنیەتی دەست پێ كردنی ڕووداوەكەیان وەرگرتایە لێیان، هەروەها لە ڕێگەی

دام و دەزگا پەیوەندیدارەکانەوە، ئایا بۆچی داوای مۆڵەتی ئەو دوکان و هەروەها خاوەنداریێتی ئەوە دوکان و ئوتێل و مەساجانەیان نەکردووە؟، تاوەکو هاوپێچی ئیش لەناو ڕاپۆتەکەدا بوایە، بۆ ئەوەی کە ئێمە ئەسلی ڕووداوەکە، چونکە خاوەنداریێتی ڕووداوەکان ئێستا لەوانەیە بەستراب‌یێتەوە بە کۆمەڵێ مەسەلەی ترەوە، کە زانینی ئەو ناوانە بۆ ئێمە زۆر سوودبەخش بوو، هەروەها قائیمقامی سێمێل باس لەوە ئەکات کە گوایە ژمارەی سەیارەکەی لایەو، حەوت کەسەکەی بینیوە، ئایا بۆچی لیژنە داوای ژمارەی سەیارەکەی نەکردووە، خۆ ڕاستەوخۆ ئەزانرێ هینی کێیە، کێش هۆکار بووە بۆ ئەو ئیشانە؟، ئەوەش وەکو هاوپێچ بۆ ئێمە، وەکو پەرلەمانتار ئەمانزانی ڕووداوەکان بەرەو کوێ ڕۆیشتووەو، کێش هۆکار بووە، بەهەمان شێوە لیژنەی ئەمنی زاخۆ، گوتوویەتی گوایە گرتەی ڤیدیۆیمان لایە، کە ڕووداوەکان کێ بووە، ئەبوایە گرتەی ڤیدیۆیەکەیان بهێنایە، بەراستی لیژنەکە کە مادام خەڵکەکە ئەزانێ کێیەو چۆنە، ئیتر ئەوە بووبە بەڵگەیەکی حاشا هەڵنەگر، کێ هۆکاری ئەم ڕووداوانە بووە؟، هەروەها لە ڕاپۆرتەکە باس لەو دەکات کە کۆمەڵێك پەیامنێر کامێرەو عەزیەت دراون، یاخود کامێرەکەیان شکێندراوە، ئەبوایە ئەو پەیامنێرەشیان ببینایە بەڕاستی، کە ئەوە یەکێکە لە سەرەتایی ترین ئازادی ڕۆژنامەگەری کە بە ئازادانە، هەموو ڕووداوەکان ڕووماڵ بکەن، بەڵام ئەوان کە نەهێڵدراون بڕۆن و نزیك ببینەوە، ئەوانەشیان ببینایە بۆ ڕاپۆرتەکە زیاتر دەوڵەمەند دەکرد، ئێمەش وەکو پەرلەمان بەراستی ئەبێ لە ڕوانگەیەکی یاساییەوە سەیری مەسەلەکە بکەین، لەکاتێکدا کە پەرلەمان، ئەرکی چاودێری کردنی حکومەتە، ئەرکی چاودێری کردنی جێبەجێ کردنی یاساکانە، ئەمە یاسای ژمارە (6) ی وەزارەتی ناوخۆیە، بەڕاشکاوانە ئەرکی وەزارەتی ناوخۆیە، کە پاراستنی سامانی گشتی و تایبەتی یە، پاراستنی بنکە حیزبیەکان، هەروەها یاسای ژمارە (5) ساڵی 2011، یاسای دەزگای ئاسایش کە تائێستا جێبەجێ نەبووە، یاسای هەیئەی گشتیش ئەگەر بێتو کاریشی پێ بکرێت، بەهەمان شێوە دەزگای ئاسایش یەکێك لە ئەرکەکانی بریتیە لە پاراستنی ماڵ و گیانی هاووڵاتیان، پاراستنی سامانی گشتی و تایبەتی، ئەمە پێشێلکاریەکی یاساییە، کە ئەو دام و دەزگایانەی سەر بە وەزارەتی ناوخۆن لەو دەڤەرە، هەروەها سەربە دەزگای ئاسایشن، ئەرك و ئیشەکانی خۆیان جێبەجێ نەکردووە، هەر ئەمە خۆی بۆخۆی بەسە، کە ئێمە وەکو پەرلەمان، بەڕاستی ئەبێ داوا لە حکومەت بکرێت، کە ئیجرائات بەرامبەر دەزگای ئەمنی و ئیداریەکانی ئەم ناوچانە بکرێت، چونکە لەکاتێکدا تۆ پێویستیت بە لێکۆڵینەوە ئەبێ، یەعنی کە شتەکە دیار نەبێ، بەڵام ئەوە دیارە، چونکە پاراستنی موڵك و ماڵی گشتی، ئایا دوکانی مەشروب خواردن بێ، یاخود مەساج بێ، یاخود بنکەیەکی حیزبی بێ لەسەر شانی ئەوە، ئەو پاساوەش لە شوێنی خۆیدا نیە کە دەوترێ پۆلیس و ئاسایشمان کەمە، چونکە لە 31٪ی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان بۆ هێزە ئەمنیەکان و وەزارەتی ناوخۆیە، ئەی باشە ئەگەر بێتو لە 41٪ ئەی بکرێت بە چەند؟، ئینجا ئەتوانن پارێزگاری بکەن، لە 16٪ی بودجەی هەموو هەرێم بۆ ئەو دام و دەزگاو وەزارەتی ناوخۆ و پێشمەرگە ڕۆیشتووە، لە 16٪ی بودجەی هەموو هەرێم کە بڕوات بۆ ئەو دام و دەزگایانە نەتوانن، پارێزگاری بکەن، ئەی لە چ کاتێك ئەتوانن پارێزگاری بکەن، ئەمە پرسیارێکە بەڕاستی پێویستە پەرلەمان، ڕاستەوخۆ داوای

ئیجرائات بەرامبەر ئەوە وەزارەتانە بکات، بۆیە من پێشنیار دەکەم کە لەناو ڕاپۆرتەکەدا بانگهێشتی وەزیری ناوخۆ بکرێت، بۆ لێپێچینەوە، بۆ لێپێچینەوە، هەروەها بەرپرسی ئەمنی و ئیدارییەکانی ئەو ناوچانە بانگ بکرێن بۆ لیژنەکانی پەرلەمان، چونکە ئەوە ئەرکی هەموومانە، بۆ ئەوەی کە ئایا بۆچی ئەو یاسایانەیان جێبەجێ نەکردووە، ئیجرائاتیشیان لەگەڵدا بکرێت، هەروەها پێشنیاریش دەکەم کە ناو نەندرێت ڕاسپاردە بەڕاستی، چونکە پەرلەمان ئەگەر بێتو ئێمە ڕاسپاردە دەربکەین، مولزەم نابێ بۆ حکومەت، ئەوکاتە ئەتوانێ جێبەجێی نەکات، بەڵام بکرێت بە بڕیار، بۆ ئەوەی حکومەت مولزەم بێ بۆ جێبەجێ کردنی، بۆ ئەوەی ئێمە لەداهاتوودا بتوانین موتابەعەی بکەین، هەروەها چاودێری حکومەت بکەین، بۆچی جێبەجێی نەکردووە، چونکە ئەگەر بێتو تەنها لە چوارچێوەی ئیدانە کردن، هەروەها دەرکردنی بەیانێك، پەرلەمان ئەرکی خۆی کۆتایی پێ بێنێ، بەڕاستی هەمان ڕووداو لە داهاتوودا دووبارە ئەبێتەوە، چونکە ئەمە سەرچاوەکەی لەوەوە هات، کە لە ڕووداوەکانی 17ی شوبات، کۆمەڵێك بڕیاری باش لە پەرلەمان دەرکران، کۆمەڵێك بڕیاری باش لە لایەن حکومەتەوە دەرکرا، بەڵام بەڕاستی جێبەجێ نەکرا، بۆیە ئێستا ئەبینین ئەو ڕووداوەش جارێکی تر ڕوویدا، ئێستا هەموو حیزبە سیاسیەکان هەموو دام و دەزگانی حکومەت، بۆتە هۆی تەڵخ کردنی ناوی هەرێمی کوردستان، بۆیەداواکارم کە ئێمە ئەو ڕاسپاردانە بکەین بە بڕیار بۆ ئەوەی کە لیژنەکانی پەرلەمان، پەرلەمانتار بتوانێ بە شێوەیەکی ئاسایی داوای بەدواداچوونی بۆ بکات، لێپرسینەوە بەرامبەر بە حکومەت جێبەجێ بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان بە نیسبەت دام و دەزگاکان کە ئەو حادیسەیە ڕوویدا، ئەوە تەحقیق ئەکرێت و لێکۆڵینەوە ئەکرێت، کێ موقەسر بێ ئەبێ جەزای خۆی وەربگرێت، بەپێی یاسا، بەڵام ئەگەر ئەم دام و دەزگایەش نەبوایە، باوەڕ بکە ئێستا زۆر پەرەی سەندبوو، زۆر حادیسەی تریشی لێ ئەکەوتەوە، ئێستاش پلان هەیە بۆ ڕۆژی جومعە بۆ ئاگاداریتان، زۆر شوێن هەیە ئێمەیان ئاگادار کردۆتەوە، بۆیە دام و دەزگاکان ئەبێ هەڵسن بە کاری خۆیان، نەوەك لە شارێکی ترەوە خەڵك بهێنرێ بۆ شارێکی تر، بۆ ئەوەی وەزعەکە تێك بدەن، یەعنی ئێمە بە موتلەقی سەیری وەزعەکە نەکەین، ئیشیش هەبووە، کەمتەرخەمیش هەبووە، قەزاش هەیە، لێکۆڵینەوەش هەیە، کێ موقەسر بێ ئەبێ جەزا بدرێت، ئەو پێکهاتەی ناو کوردستان، مەسیحیە، ئێزدیە، موسوڵمانە، کوردە، تورکمانە، کلدانە، سریانیە، ئاشوریە، ئەرمەنیە، ئەبێ ئێمە ڕای بگرین، واجبی حکومەتیشە، حکومەت دەبێ ڕای بگرێت کەمتەرخەمی هەبێ بانگیان بکەنە لیجانەکان جارێك و دە جار و سەد جار، نە ئەوان وتوویانە نایەین، نە کەسیش ڕێی گرتووە، ئێمە تەمەننا دەکەین لیجانەکانمان زۆر بە دوای ئەو کارانەوە بڕۆن، زۆر سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار سالم فەرموو.

**بەڕێز سالم تۆما کاکۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاسی لیژنەی هاوبەش دەکەم بۆ ئەو ئەرك و ماندوبوونەی کێشایان و ئەو ڕاپۆرتەی کە ئامادەیان کرد، بەرچاو ڕوونیەك بۆ ئێمە بوو مومکینە زیاتر بە تەوەفوعیش بێ، زۆر سوپاس، سەبارەت بە شارۆچکەی زاخۆ کە دەستی پێ کرد بە سووتاندنی سەنتەرێکی مەساج و مەحەلاتی مەی فرۆشتن و ئەوسا هاتەوە سەر هۆڵی بۆنەکان، یاخود یانەیەکی کۆمەڵایەتی و خێزانی ئەوجا چووەوە سەر کەنیسەو ئەوجا هاتەوە سەر بارەگای برادەرانی یەکگرتووی ئیسلامی بە قەناعەتی من شتێکی عەفەوی نیە و هەروا هاتبێتە کایەوە، نەخێر، مومکینە پێش ساڵێك من دەخەمە بیری برادەران لە لیژنەی ئەوقاف تەحدیدەن بزەبت لە مانگی $12$ی پار کۆمەڵێك لەو جۆرە کارانەی تەحریز و هاندان هەبوو، لە بازاڕی شێخ الله ی هەولێر بڵاوکراوەیەك بڵاوکرایەوە بۆ حوکمەکانی بەشداری کردن لە ئاهەنگەکانی مەسیحیەکان و موشرکین ونازانم چی، تا گەیشتە ئاستی ئەوەی دەچن پرسیارێك لە ئەندام پەرلەمانێك دەکەن، ئەندام پەرلەمانی کوردستان، ئایا تۆ بە برادەرەکەت گوت جەژنت پیرۆز بێت؟! بەڵێ برادەران دانیشتوون لێرە و ئاگاداری ئەوەن و لیژنەی ئەوقاف ئاگادارن، بەرزبوون و نزم بوونەوەی پەیوەندی بەینی برادەران و برایان لەم وڵاتە کە ئێمە لە هەموو دونیا شانازی بەوەوە دەکەین کە بڵێین فعلەن پێکهاتەی کوردستان پێکهاتەیەکە شانازی پێوە دەکەین و سەدان ساڵە مومکینە بەر لە ئاینەوە ئێمە پێکەوە بووینە لێرەو کێشەی ئاینی وا ڕووی نەداوەو مومکینە خەڵکێك وا ئیستغلالی بکات و ئیستنکاری بۆ بکات کە فیتنەیەکی تائیفی و ئاینی لە کوردستان، فیتنەیەکی نەتەوەیی لە کوردستان سەرهەڵبدات، باشە لە موسڵ لە کولیەی تەقەنی زانکۆی مووسڵ پار هەر لەم مانگەدا نەشرەیەك بڵاوکرایەوە کە کوردو مەسیحیەکان دەیانەوێ ناوچەیەکی ئیسرائیلی لە باکووری مووسڵ دابمەزرێنن، هەمووی ئەوانە لە یەك تەوقیت هات و مەجبور بووین ئێمە یاسایەکمان لەبەردەست بوو سەبارەت بە هەموار کردنی یاسای باری کەسی خۆمان داوای تەئجیلمان کرد تاوەکو نەوەك لەگەڵ ئەوانە هاوکات بێت و لەگەڵ مەوزوعی یاسای وەزارەتی ڕۆشنبیری لە هەمان کات تەحریزێك هەبوو گوتمان باشە با ئەوە تەئجیل بێ و ماوەیەکی تری بەسەر دابچێت و با وەزعەکە هێور بێتەوە، کەواتە خەڵکێك هەیە لەسەر ئەو بەرنامەیە ئیش دەکات و بە بەرنامە و بە پلان بۆ تێکدانی ئەو نەسیجە کۆمەڵایەتی و ئاینی و نەتەوەیی یە کە لە کوردستان هەیە و ئێمە شانازی پێوە دەکەین، بەر لە دوو مانگ هەر لە شارۆچکەی عەنکاوە دەنگەدەنگێك دەستی پێ کرد سەبارەت بە باڕ و جێی فرۆشتنی مەی و سالۆنات و ئەوانە، ئەوانە هەمووی بە مۆڵەت وبە یاسا دراون، ئەگەر بە یاسا دراون دەبێ بە یاسا مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت، فیعلەن لە بەغداش هەبوو ئەو یاسایەو لە کوردستانیش هەیە و وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار تەعلیماتی خۆی هەیە و فیعلەن دەرچوو بەشێکی زۆری لە دەرەوەی یاسا مۆڵەت دراوە، هاوکارم د.ثائر لەگەڵمان بوو چەندین کۆبوونەوە و چاوپێکەوتنمان کرد لەگەڵ بەرپرسانی حکومەت تاوەکو توانیمان ئەوەی لە دەرەوەی یاساکانە و ئەوەی لە دەرەوەی ڕێنماییەکانە دابخرێن و کە ببووە جێگای نیگەرانی خەڵکی شارەکە و بەر لە خەڵکی تر، تەنها مەسیحی تەعامول لەگەڵ مەی و مەشروب ناکات، ئەمڕۆش دوای چەندین هەزار ساڵ ناکرێت ئێستا بزانین ئێمە مەشروب حەرامە یان

سالۆنی جوانکاری حەرامە یان مەساج حەرامە، هاوکارم کاك امیر ئیشارەتی پێیدا سالۆنێك لێرە و یەکێکی تر لە تەنیشتیەتی و ئەوە بسووتێنرێ و ئەوە بمێنێ، کەواتە لێرە خەڵتێك هەیە، ئەگەر مەوزوعێك پێکهاتەیەکی ئاینی یان مەسیحی و یەزیدیە و باشە ئەگەر ئەو دوو پێکهاتەیە کوردستان بە جێ بهێڵن و عیراق بە جێ بهێڵن ئایا کێشەکانی کوردستان و عیراق حەل دەبێت؟ ئەگەر حەل بێت باشە، ئەگەر مەوزوع کێشەی حەلال و حەرامە، حەرام و حەلال ئێستا نیە، مامۆستا عمر ئیشارەتی پێیدا کاك امیر و سۆزان خان ئیشارەتیان بەو شتانە دا ودەستیان خۆش بێ و من پشتگیریان دەکەم، نوقاتیان لە سەر حروف دانا، ئەوانە نەبنە سەبەبی فیتنەیەکی تائیفی و دینی و قەومی لە کوردستان بۆ ئەوەی بیانەوێ فعلەن باری ئاسایی کوردستان و پێشکەوتنی و پەرەپێدانی کوردستان چ لەڕووی ئیقتسادیەوە و چ لەڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و تێکی بدەن، زەرەرەکە لە هەموومانە، خەڵکی ئێمە کە لە ناوەڕاست و خوارووی عیراق تەنگاو بوو ڕووی کردە کوردستان، ئەی ئێستا ڕووبکاتە کوێ؟ ئایا ئەوە بوو؟ مومکینە ئێستا بیر بکاتەوە کە ئاخر قۆناغم کوردستان بوو ئێستا کوردستانیش بەجێ بێڵم، بە قەناعەتی من ئەوە نیە، کەواتە هەر ئێمە لە مەترسی نین، تەنها مەسالحی تاکە کەس لە مەترسی نیە، مەسالحی هەموومان لە مەترسی دایە و تەجروبەی کوردستان لە مەترسیە، دەمانەوێ ئێمە تێکی بدەین، مومکینە خەڵکێك لە دەوروبەرمان پێی شاد نیە ئەو ئیستقرارە ئەمنیە و ئەو ئیقتسادیەی کە لە کوردستان هەیە، مومکینە پێی شاد نیە کە ئەو تەڤاروبە قەومی و نەتەوەییەی لە کوردستان دا هەیە، پێی شاد نیە پێشکەوتنی سیاسی لە کوردستان هەیە، بەهەرشێوەیەك دەیەوێ بۆ خۆی تێکی بدا و لە هەمووومان تێکی بدات، بەس ئێمە دەبێ بە هەمووومان بەرەنگاری ببینەوەو بە هەمووومان بیپارێزین، نەوەك هجوم بکەینە سەر دوو حەلەقەی زۆر زەعیف کە لایەن نین لە گرژی، لایەن نین لە ململانێی سیاسی، خەتەر نین لەسەر کەس و خەتەر نین لەسەر دەسەڵات، کە هێرش بکرێتە سەر ئەو دوو پێکهاتەیە، چ بە ساڵحی کەسی، چ بە نەتەوە و چ بە ئاینەوە، ئەوەش ببێتە مایەی شێواندن و تێکدانی باری کوردستان بە شێوەیەکی گشتی، ئێمە ئەگەر سەیری ڤیدیۆکانمان کردبێت، ئەو کەسانەی کە ئەو ئیشەیان ئەنجامدا تەمەنیان لە 12 تا 20 و 22 ساڵی بوو، ئایا ئێمە جیلێکمان پەروەردە کرد بە وتارێکی ئاینی یان بە فەرمانی حیزبێك یان بە فەرمانی لایەنێك واز لە یاسا و ڕێسا و دەستوور بێنین و هجوم بکات بەشێوەیەکی دڕندانە و بەشێوەیەکی کە بەسیمایەکی دڕندانەی هەبێ و هجوم بکات سەر مەسالحی خەڵك، ئەگەر ئەو جیلەمان پەروەردە کردووە ئێمەهەمووومان لە مەترسین، کەواتە پێویستمان بە دەستوور و یاسا و حکومەت وپەرلەمان نیە، دەبێ تەسلیمی ئەو خەڵکە بکەین خۆیان ئیدارەی خۆیان بکەن، چونکە بەڕاستی ئەوەی کرا لە دەرەوەی هەموو عورف و عادەتێك بوو، وتاری ئاینی مزگەوتەکان و کەنیسەکان و دەزگاکانی ڕاگەیاندن بەداخەوە لە جیاتی ئەوەی تەرەف بن لە هێورکردنەوەی وەزع و کۆنترۆڵ کردنی وەزع بەشێکی زۆریان هاندەر و تاودەر و تەحریزی بەداخەوە دەڵێم دروست کەری فیتنە بوون لە بەینی ئەو ئەتراف و زیاد کردن و پەرەپێدانی بۆ ئەوەی قەت کۆنترۆڵ نەکرێت، زۆر بەداخەوە دەڵێم کۆنترۆڵمان بەسەر کەسیان نیە، ئەگەر خۆی و ویژدانی

خۆی و زەمیری خۆی بتوانێ، ئەگەر نا لە کۆنترۆڵ دەردەچێت و بە کەسمان کۆنترۆڵ ناکرێت، ئەوەش هەدەفی ئەوانە، کەسمان نەبینە وەکیلی رب العالمین، رب العالمین تەنها رەبی مەسیحین نیە، یان تەنها رب المسلمین بێت یاخود رب الایزیدین بێت، رب العالمین بۆ هەمووومانە، دەیتوانی ئێمە بە یەك نەتەوە وبە یەك ئاین و یەك قەوم خەلق بكات، بۆ ئێمەی بە ئەنواع و ئەشكال خەلق كرد، كەواتە هەدەفەكەی لەوەیە كاركردن بە دژی ئیرادەی خوا وابزانم پێش هەموو كەس ئەوانەی بە ئاینەوە مولتەزمن قبوڵی ناكەن، لە جیاتی ئەوەی لە دەزگاكانی ڕاگەیاندن وتارە ئاینیەكان بە هەمووی روحی تەبایی و برایەتی و پێكەوە ژیان و ڕێز لە یەك گرتن و قبوڵ كردن و ئەوە بایەخی پێ بدرێت و پەرەی پێ بدرێت، بەداخەوە لە زۆر جێگا بە عەكسی ئەوەوە دەكرێت، ئەوەش ئەو جۆرە كارەی لێ دەكەوێتەوە، زۆر سوپاس بۆ ئەو برادەر و دۆست و لایەنانەی كە كە فعلەن ویستیان وەزعەكە كۆنترۆڵ بكەن، بارەكە هێمن بێتەوە و بۆ ئەوەی بتوانێ لیجانی تەحقیقی كاری خۆی ئەنجام بدات و بتوانێ ئەنجامی ئەو تانە دەر و هاندەر و ئەوانەی جێ بەجێ ی ئەو ئیشەیان كرد و ببردرێنە دادگا، بەڵام لە هەندێ كاتیش هەندێ لایەن بەداخەوە زۆر مەوزوعەكە بچووك دەكەنەوە و كەئەنهو شتێك نەقەوماوە، كەئەنەهو تەنها بینایەك سووتێنراوە و تەنها ساڵۆنێكی مەساج سووتێنراوە، كەئەنەهو تەنها مەسڵەحەتی تاكە كەسێك لێدراوە، نەخێر هەر هەمووی لەخۆیدا تەهدیدی ئەمنی كوردستان و شێوەی پێكەوە ژیان و شێوەی ئیستقراری ئەمنی ناوچەكە بە كاملی دەیكات، تەسەور نەكەین ئێمە لە خەتەر بین، دە كەس یان پانزە كەس لە خەتەرە، مەترسی لەسەر ژیانی هەمووومان و لەسەر تەجروبەی هەمووومان بە گشتیە دەبێ بیپارێزین هەمووومان و بەرەنگاری ئەو جۆرە كارانە ببینەوە، بۆیە من داوا دەكەم خۆمان وەكو لیستی ڕافیدەین ئیدانە و مەحكومی ئەو كارە دڕندانەیە دەكەین كە بەسەر هەر لە ئەوەڵی هەتا ئەخیری لە سووتاندنی ساڵۆنێكی مەساجەوە هەتا دەگاتە سووتاندنی بارەگای برادەران و برایانی ئیسلامی، بەتوندی مەحكومی دەكەین و هیوادارین لیژنەی تەحقیقی كاری خۆی ئەنجام بدات بۆ ئەوەی سەبەبكاران بدرێنە دادگا، تەوسیاتی لیژنەی ناوخۆ و لیژنەی هاوبەش بكرێتە بەرنامەی كار و بدرێتە حكومەت، بەس دەبێ موتابەعەی بكرێ بۆ جێ بەجێ كردنی نەك تەنها بكرێتە تەوسیات و لەسەر رەف و دۆڵابەكان بمێنێ، بەر لەوە من داوا لە هەموو لایەك دەكەم كە بە هەموو قوەتمانەوە هێوركردنەوەی وەزعەكە بكەین بۆ ئەوەی كۆنترۆڵ بكرێت و زیاتر لە ڕۆژانی داهاتوو یان ماوەی داهاتوو زیاتر پەرە نەسێنێ، تەئكید دەكەمەوە دەبێ حكومەت دەوری باشی هەبێ و دەوری كۆنترۆڵ كردنی دەزگاكانی ڕاگەیاندن و وتارە ئاینیەكانی هەبێ بۆ ئەوەی فعلەن بتوانن بە ئەركی هێوركردنەوە و چاندنی روحی تەبایی و هاوبەشی و پێكەوە ژیان و برایەتی هەڵسن نەوەكو بە عەكسەوە، تەنها خەتەر لەسەر تاكەكەسێك نیە بەڵكو خەتەر لەسەر هەمووومانە، خەتەری سیاسیە و خەتەری ئیقتسادیە و خەتەری ئەمنیە و خەتەری ڕۆشنبیریە، من دووبارەی دەكەمەوە كە ئەو تەوسیاتە بكرێتە بەرنامەی كار و هەروەها موتابەعە بكرێت بۆ جێ بەجێ كردنی تەنها نەخرێتە بەرنامەوە و بڕوات، زۆر سوپاس هەموو لایەكتان دەكەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك یشار فەرموو.

**بەڕێز یشار نجم الدین نورالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕووداوە نەخوازراوەکانی ڕۆژی هەینی ڕابردوو کەلە زاخۆ هاتە ئاراوە ئیدانە و مەحکوم دەکەین، بێ گومان ئەو ڕووداوانە بوونە مایەی تێکدانی ڕەوشی ئاسایش و سەقامگیری ناوچەکە و زەرەر و زیانی بە خەڵکی سیڤیل و هەندێ لایەنی سیاسی گەیاند، ئەم جۆرە ڕووداوانە دەرفەت لەبەردەم نەیارانی ئەزموونەکەمان دەڕەخسێنن بۆ ئەوەی بتوانن مەرامی خۆیان جێ بەجێ بکەن، بۆ ڕێگە گرتن لەبەردەم ئەم جۆرە بارودۆخە و بەرز ڕاگرتنی سەروەری یاسا و بنبڕ کردنی دووبارە بوونەوەی ئەم ئاژاوە گێڕیە داواکارین لیژنەی پێکهێنراو بۆ بەدواداچوونی تا هەرچی زووە بە ئەرکی سەر شانی خۆی هەستێ و شەفافانە مامەڵە لەگەڵ ڕووداوەکە بکات و تاوانباران دەست نیشان بکرێن و بدرێنە دادگا، کەم تەرخەمان لە ئەرکی پاراستنی سەرو ماڵی هاووڵاتیان لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ بکرێت، سزا بدرێن و بۆ ڕای گشتی پوختی ڕووداوەکە ئاشکرا بکرێت و لە هەمان کات دا بۆ هێورکردنەوەی بارودۆخەکە داوا لەهەموو لایەك دەکەین مەسئولانە ڕەفتار لەگەڵ بارودۆخەکە بکەن، بەلەبەرچاو گرتنی بەرژەوەندیە باڵاکانی کوردستان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عبدالله فەرموو.

**بەڕێز عبدالله محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا دەست خۆشی لە ڕاپۆرتی هەردوو لیژنەی بەڕێز دەکەین بەڕاستی ڕاپۆرتەکەیان ڕاپۆرتێکە کە کاتەکەی کەم بوو ماندووبوونی پێوە دیارە و ئەوەی کە مەتلۆبە ئەوان نووسیویانە و ئاراستەی پەرلەمانیان کردووە، دیارە ڕووداوەکانی پارێزگای دهۆك و هەرێمی کوردستان بەگشتی و بە تایبەتی لە زاخۆ بووە مایەی نیگەرانی لەلای هەموومان و دڵتەنگین بەو ڕووداوانەی کە ڕووی دا، بە تایبەتی لە شوێنە گشتیەکان و لەو شوێنانەی کە برا مەسیحیەکان بە تەرکیز هێرش کراوەتە سەریان و بارەگاکانی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان کە ئەمە کارێکە دەبێتە مایەی تێکدان و هەڵوەشاندنی یەکێتی ڕیزەکانی خەڵکی کوردستان، چونکە لەو ماوەیەی پێشوو وەکو هەموو لایەك ئاگادارن هێرش کردن بۆ تیرۆر کردنی برا مەسیحیەکان لە موسڵ زۆربەی زۆریان هەرێمی کوردستانیان وەکو پەناگەیەکی ئارام لەبەرچاو گرت و هاتنە هەرێمی کوردستان و بە تایبەتی لە شاری زاخۆ ژمارەیەکی زۆر لە مەسیحیەکان نیشتەجێن کە ئێستا بووە بە ئەم ڕووداوانە بووە بە مایەی دوو دڵی و مورتاح نین و قەلیقن لە وەزعی ئەمنی خۆیان لە هەرێمی کوردستان، بۆیە پێویستە هەموو لایەکمان ئەو ڕووداوانە بەڕاستی ڕووداوی گەورەن من لە ئەهمیەتی ڕووداوەکان کەم ناکەمەوە، بە تایبەتی بۆ ئەو لایەنانەی کە لەو ڕووداوە دا تێوەگلاون و یان

هێرش كراوەتە سەريان، بەڵام ئەوەی جێگەی ئەوەيە كە قسەی لەسەر بكەين، كەسی تێدا نەكوژرا كە ئەمە لايەنێكی ئيجابيە ، چونكە ئێمە هيچ چارەيەكمان نيە، ئەم ڕووداوانە نە يەكەم تەجروبەمان بووە لە هەرێمی كوردستان و ڕەنگە شتی تريش بەدوای خۆی دا بهێنێ، هيچ چارەيەكمان نيە جگە لە پێكەوە ژيان و يەكتر قبوڵ كردن و هەموومان پێكەوە بە بيروباوەڕی پێكەوە ژيانی بە تايبەتی ئەو پێكهاتانەی تر كە لە هەرێمی كوردستانن هەوڵ بدەين ئەو ڕەوشەی كە هەيە لە هەرێمی كوردستان ئاسايی بكەينەوە و چی بكرێت بۆ ئيجرائات كردن و چاوەڕێش بكەين تا ئەو ليژنانەی كە دياری كراون ئيجرائاتی قانونی چيە پاشان ئيجرائات بكرێ و هەموو هەوڵێك بدەين بۆ هێوركردنەوە و بۆ ئاسايی كردنەوەی ئەو ڕەوشەی كە هەيە، دەبينين لە كەناڵەكانی ڕاگەياندن شتێكی نا تەبيعی هەيە و ئومێدەوارم هەموومان بەلايەنی خێر و بەلايەنی پێكەوە ژيان، چونكە جگە لە گفتوگۆ و پێكەوە ژيان لە هەرێمی كوردستان ڕاستە ڕووداوەكان ناخۆشن و بە تايبەتی بۆ لايەنی پەيوەندار جێگەی خۆيەتی ڕۆڵی ئەو كەسانەش بنرخێنين بەڕاستی لە هەر لايەكن كە هەوڵيان و جهوديان سەرف كرد، لەم ڕووداوانەدا خوێن نەڕژا، كە ئەمە مايەی خۆشحاڵيە بۆ هەموو لايەكمان، من لە ئەهميەتی ڕووداوەكان كەم ناكەمەوە، بەڵام ئەگەر بەو شێوەيە بووايە ڕەنگە چارەسەركردنەكەشی بە ئاقارێكی تر دا بڕۆشتايە، ئەو برادەرانەش لە قسەكانيان دا زۆر لايەنی ئيجابيان ڕوون كردەوە و دەست خۆشيش لە ليژنەكان دەكەين و ئومێدەوارم هەموو لايەكمان وڵاتی خۆمان و نيشتمانی خۆمان بە گرنگ سەير بكەين و چاوی تێ بڕوانين بۆ ئەوەی بتوانين ئەم ڕووداوانە دووبارە نەبێتەوەو هەلومەرجەكانی دەوروبەريش، ئەو ڕووداوانەی پێشووش بەڕاستی يەعنی موئەهەل بوون بۆ ئەوەی ئەو ڕووداوانە ڕووبدات، ئومێدەوارم ئەم ڕووداوانە دووبارە نەبنەوە و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

هاژە خان فەرموو.

**بەڕێز هاژە سليمان مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، دەربارەی ڕوداوەكانی $2$ی ئەم مانگە كە لە شاری زاخۆ و شارەكانی سيمێل و دهۆك و چەند شارێكی تر ڕوويان دا و ئێمە لە ليستی ئازادی و عەدالەتی كۆمەڵايەتی زۆر بە توندی ئيدانەی هەموو ئەو توندوتيژيانە دەكەين و بە هێرش كردن بۆ سەر شوێنە گشتيەكان بە تايبەتی دوكانەكانی مەی فرۆشتن و سەنتەری مەساج و گازينۆ و ئوتێلە گەشتياريەكان و هەروەها سووتاندنيان و پاشان سووتاندنی بارەگاكانی يەكگرتووی ئيسلامی كوردستان، ئەوەی لای هەمووان ئاشكرايە كە شاری زاخۆ بەوە نووسراوە كە شارێكە دانيشتوانەكەی پێك هاتووە لە نەتەوە و ئاينی جيا جيا و كە لەم شارەدا ساڵانێكە ئيسلام و كرستيان و يەزيدی بەيەكەوە وەكو برا ژياون لە خۆشی و ناخۆشی دا بەيەكەوە بوون، بەڵام بەداخەوە كە لە ڕۆژی $2$ ی مانگ لەلايەن چەند كەسانێكی نا مەسئولەوە هێرش كراوەتە سەر ئەو شوێنانە و بەو جۆرە پەلامار دراون، سووتێنراون كە زەرەرو زيانێكی زۆری ماددی بە هاووڵاتيان گەياندووە

و چەند کەسێکیش بریندار بوون لە هێزەکانی پۆلیس و ئاسایش و هاوولاّتیان، جگە لەو نائارامیەی کە لەو چەند ڕۆژەدا ئەم شارانەی گرتووەتەوە کە ئێمە پێمان وایە ئەو هێرش و پەلامارانە بەرنامەی بۆ دارێژراوە و دەستی دەرەکی لە پشت ئەو ڕووداوانەوە هەیە بۆ تێکدانی ئەو وەزعە ئارامەی کە ئەمڕۆ لە کوردستان هەیە، پێکەوە ژیان و تەبایی و برایەتی لە نێوان نەتەوەو ئاین و مەزهەبەکان بۆیە پێویستە چ لەلایەن حکومەتەوە و چ لەلایەن هێز و لایەنە سیاسیەکان کار بۆ ئەوە بکەین بۆ ئەوەی بارودۆخەکە بگەڕێنینەوە بارودۆخی ئاسایی خۆی، ئەویش بە ئەنجامدانی ئەم خالاّنەی خوارەوە، یەکەم/ هەموو ئەو کەسانەی کە ئەو ئاژاوەیان ناوەتەوە بدرێنە دادگا و دوای ئاشکرا کردنی لێکۆڵینەوەکان، چ ئەوانەی کە شوێنە گشتیەکانیان سووتاندووە یان ئەوانەی کە بارەگاکانی یەکگرتووی ئیسلامیان سووتاندووە، دووەم/ هێورکردنەوەی ئەو هەڵمەتی ڕاگەیاندنەی کەچەند ڕۆژێکە لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن دەستیان پێ کردووە و کاریگەری زۆر خراپی هەبووە لەسەر ئەوەی کە نەتوانرێ دۆخەکە ئارام بکرێتەوە، سێ/ پێویستە هەموو لایەك مومارەسەی ماف و ئازادیەکانی خۆیان بکەن بە پێی یاسا و بەشێوەیەکی ئاشتیانە و شارستانیانە و دەربڕینی بیروڕاکان بە ئازادانە بێ و بە بەدەستهێنانی داواکان لەسەر بنەمای دیموکراسیەت بە بێ بەکارهێنانی توندوتیژی و زەرەرگەیاندن بە خەڵکانی تر یان پێکهاتەکانی تر، چوارەم/ دووبارە پێداچوونەوە بە ڕێکخستنی هەندێ لەو قەزیانەی کە پەیوەندیان بە قەزاوە هەیە، بەشێوەیەك کە سەربەخۆیی خۆی لەدەست نەدات، بۆ ئەغرازی لایەنێك یان کەسانێك بەکارنەهێنرێ، یاسا لەسەرەوەی هەموو کەسێك بێت، پێنج/ لێپرسینەوە لەگەڵ لایەنە کەم تەرخەمەکان بکرێت لە هێزەکانی ناوخۆ و ئاسایش کە نەیانتوانی کۆنترۆڵی ئەم وەزعە بکەن و شوێنەکان وەکو پێویست بپارێزن، شەش/ پێویستە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی خوتبەکانی ڕۆژانی هەینی ڕێك بخات و ئاگاداری مەلا و خەتیبەکان بکاتەوە کە دوور بن لە زمانی هاندانی خەڵك بۆ مەبەستێك چونکە کاری ئەوان تەنها چاکسازی وئامۆژگاریە لەناو کۆمەڵگا نەك هاندانی خەڵك بۆ مەبەستێك کە خۆیان دەیانەوێ، حەوت/ بەردەوام بوون لەسەر پرۆسەی چاکسازی سیاسی و ئابووری و کۆمەلاّیەتی کە ببێتە هۆی ئیستقراری سیاسی و ئاشتەوایی کۆمەلاّیەتی و پێشکەوتنی ئابووری کە عەدالەت و یەکسانی لێ بێتە کایەوە وهەلی کار برەخسێنێ بۆ گەنجان، چونکە بەڕاستی ئەوەی تێبینی دەکرا زۆربەی ئەوانەی کە هێرشەکانیان دەکرد گەنجەکان بوون وئەو گەنجانەی کە بێ کار بوون، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك فاضل فەرموو.

**بەڕێز فاضل حسن اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا دەست خۆشی لە هەردوو لیژنەی ناوبراو دەکەین بۆ ئەرك و ماندووبوونەکانیان، دیارە ئەوەی کە لە سنووری پارێزگای دهۆك ڕووی دا جارێکی تر ئەوەی سەلماند کە سەروەری یاسا وەکو پێویست نیە،

چونکە خۆی سەروەری یاسا ئەوەیە کە یاسا سەروماڵی هاووڵاتیان بپارێزێ لە کاتێك دا لە شارێکی وەکو زاخۆ لە ئەنجامی کارێکی تێکدەرانەی کۆمەڵێك، چونکە کارەکە وایە، کۆمەڵێك گێرەشێوێن و تێکدەر شتێکی لەو بابەتە کرا ناکرێت تا دەسەڵات و هێزەکانی ئەمن و ئاسایش سەروماڵی هاووڵاتیان پێ نەپارێزرێ، ئەمە پاساو نیە یەعنی وەکو ئەوەی کە لە ڕاپۆرتی هەردوو لیژنە هاتووە کە پاساوی دەزگا ئەمنیەکان ئەوەیە کە ژمارەی پێویست لە پۆلیس و ئاسایشیان نەبووە، ئەمە پاساو نیە لە کاتێك دا ئەو هەموو پۆلیس و ئاسایشە هەیە بۆ دەبێ لە شارێکی وەکو زاخۆ کە داوا دەکرێت بکرێتە پارێزگا تەنها نزیکەی سەد کەس هەبێ بەو کارە هەڵبستێ لە شارێکی ئاوا کە شارێکە لەسەر سنوورە، دیارە ئەو شارانەی لەسەر سنوورن یەعنی ئەمنیەتیان پێویستی بە پاراستنی زیاتر هەیە، یەعنی خۆ ئەگەر هەر کردەوەیەکی خراپ هەبێت زیاتر لە سنوورەکانەوە دەرباز دەبێت، ئەمە پاساو نیە و بەو دەلیلەی کە ئەمڕۆ لە کوردستان ئەمنیەت بە شێوەیەك بەرقەرارە ئەو هەموو کارە تیرۆرستیانەی کە لە شوێنەکانی تری عیراق دەکرێ و لە کوردستان ناکرێت مانای هێزەکانی ئاسایش و پۆلیس لە کوردستان زۆر بەهێزن و زۆر بەتوانان و ژمارەی پێویستیان هەیە وەکو ئەوەی کە نەتیجەکە ئەوەی نیشان دا، بەڵام وەکو لە ڕاپۆرتەکەش کە باس دەکرێت و کە ئەمە کارێکی بە بەرنامە بووە، بەڵێ ئەمە فعلەن خۆ ئەمە لەوەیە کە ڕووداوەکان وا هاتەوە کە تەنانەت هەتا سووتاندنی بارەگاکانیش یەعنی بۆ دەبێت لە کاتێك هێزەکانی ئاسایش بەو ژمارە کەمە و لە سیمێڵ بە هەمان شێوە کە ژمارە کەمە، لە دهۆك باسی ژمارەی پۆلیس و ئاسایش نەکراوە، لە پارێزگای دهۆك چەند کەس واجبیان هەیە و شەو و ڕۆژە چۆنە واجبەکەیان؟، ژمارەکە نەنووسراوە، بەڵام پێموایە بە گوێرەی ئەو قەزایانە بێ ئەویش لە دوو سەد کەس زیاتر نیە، بۆیە نەیتوانی کۆنترۆڵی ئەو شتانە بکات، جا ئەمە پێویست بەوە دەکات کە دەزگاکانی ئەمنی بە تایبەتی خۆی وەزارەتی ناوخۆ کە مەعنیە لەبەردەم پەرلەمان ئامادە بێت و وەڵامی ئەو پرسیارانە بداتەوە، چونکە ئەوەی کە لە ڕاپۆرتەکە هاتووە موقنیع نیە بەوەی کە بتوانرێ ئەو شتانە بکرێت، من باسی لایەنێکی تریش دەکەم وەکو هۆکارێکی تر، یەعنی هەر کاتێك کە کێشەی نێوان لایەنە سیاسیەکان ئیشی لەسەر بکرێت و وردە وردە زەق بکرێتەوە ڕووداوی لەم جۆرە ڕوودەدات، یەعنی ئەوە بەمانای ئەوە نایەت کە ئەو لایەنەنانە خۆیان ڕاستەوخۆ دەستیان هەیە لەو مەسەلانە بەڵام خۆی دائیمەن کێشە و مەشاکیل لە ئەجوای فەوزا دروست دەبێت، یەعنی کە دوو لایەن با بەعەلەنیش نەبێ و با لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن بە عەلەنیش نەبێ، بەڵام بە نهێنی کە ئەو هەموو دژایەتیەی یەکترکرا، کار بۆ ئەوە دەکات کە دەرفەتێکە دەتوانم بڵێم بۆ دوژمنانی کوردستان کە کێشەکان گەورەتر بکەن، بە تایبەتی لەبارو زروفی ئەمڕۆ، یەعنی بۆیە پێویست دەکات لەسەر لایەنە سیاسیەکانیش پێش ئەوەی کێشەکان بگاتە خوارەوە و بگاتە دەست خەڵکانێك کە نەتوانن بەشێوەیەکی مەسئولانە موعامەلەی لەگەڵ بکەن، لەسەرەوە بەیەکەوە دابنیشن و کێشەکان چارەسەر بکەن، ئەمە یەکێك لەو هۆکارانەیە کە دەبێتە هۆی، هۆکاری تریش تەبعەن دیارە ئەو واقعەی کە ئێستا هەیە، ئێمە ئێستا وەکو پەرلەمان دانیشتووین بۆ چارەسەر کردنی ڕووداوێکی ئاوا کە

خۆشبەختانە کە هیچ زیانی گیانی نەبووە، بەڵام لە ڕووداوەکانی 17ی شوبات کە زیانی گیانیشی هەبوو پەرلەمان دانیشت و لیژنەی پێکهێنا و چوو بەدواداچوونی کرد و دواجاریش بڕیاری ژمارە (1) لە 2011/2/23 دەرکرا ئەم بڕیارە بە کوێ گەیشت؟ یەعنی جێ بەجێ کرا؟ هەتا ئێمە بەدواداچوونیشمان بۆی نەکرد، من پێموایە ئەو ڕاسپاردانەی کە ئێستا هاتوون، قوەتی ئەوەیان نیە کە ئەگەر بڕیاری ژمارە 1 جێ بەجێ بکرابایە، بۆیە باشترە ئێمە بگەڕێینەوە سەر ئەوەی کە پێویستە کاتێك پەرلەمان بڕیار دەردەکات یان ڕاسپاردە دەردەکات جێ بەجێ دەکرێت، ئەو حکومەتە ئەوە جێ بەجێ دەکات؟ چەند ئێمە دەتوانین لێپێچینەوە لەم حکومەتە بکەین؟ چەند ئەو حکومەتە دەسەڵاتی هەیە؟ خۆ ئەگەر ئێستا ئەگەر حکومەتیش بانگ بکرێتە ئێرە لێی بپرسی ئەویش ئەگەر ڕاشکاوانە و ڕاستگۆیانە قسە بکات ئەویش دەسەڵاتی نیە، لەبەرئەوەی ئەو هێزەی هەیە لە دەست خۆی نیە، بۆیە هەتا ڕەخنەکان کە ئاراستەی هێزە ئەمنیەکان دەکرێ کە گوایە موقەسرن لەوەی کە ئەو شتانە بووە، ڕەخنەکان ئاڕاستەی لایەنێکی سیاسی دەکرێت، ئەمە ئەگەر حکومەت هەبێ ناڕەوایە، چونکە تۆ حکومەتت هەیە بۆ تۆ لایەنێکی سیاسی نابی، بەڵام لەبەرئەوەی واقعەکە وایە و هێزەکان بەم شێوەیە دابەش بوون، کێشەکانیش وا ئاڵۆز بوون کە چارەسەریان زەحمەت بێ، خاڵێکی تر کە بەڕاستی کە من زۆر بە خراپی دەبینم کە بەم شێوەیە یەعنی کێشەی تر تێکەڵ بە کێشەی بەینی پێکهاتە کۆمەڵاتیەکانی کوردستان بکرێت، یەعنی بە تایبەتی لەڕووی ئاینی و لەڕووی نەتەوەیی کە ئەمە پێشتر ئەمە وجودی نەبووە و خەڵکی تریش دەورانی پێشتریش هەوڵیان داوە ئەو کێشانە دروست بکەن نەیانتوانیوە، بۆیە یەعنی دەبێ ئێمە هەوڵ بدەین بە توندترین شێوە ڕێگە لەوە بگیرێ، یەعنی دوو مەوزوع ئاوا تێکەڵ بە یەکتر نەکرێت، یەعنی ئەمە سەرەتایەکی زۆر ترسناکە، لەوانەیە لە بەینی دوو لایەنی سیاسی ئەگەر کێشەیەکیش دروست بێت دەتوانرێ بە دانیشتن و بە گفتوگۆ چارەسەر بکرێت، بەڵام ئەمە چارەسەری زەحمەت ترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بەڕێزان، ئێستا ئەو بەڕێزانەی کە سەرۆکی فراکسیۆن و لیستەکان بوون قسەیان کرد، ئێستا ئەو بەڕێزانە ناویان دەنووسم، ئەم بەڕێزانە دەیانەوێت قسە بکەن، (ئەڤین عمر، دڵشاد شهاب، دکتۆر بەشیر، اسماعیل گەلاڵی، ئاشتی عزیز، پەیمان عزالدین، پێشەوا تۆفیق، ڕێباز فتاح، امینە زکری، ئاسۆ کریم، تارا ئەسعەدی، جمال طاهر، حازم تحسین، خلیل عوسمان، خورشید احمد، دکتۆرە جیهان، گوڵێزار قادر، بیلال سلیمان، حمە سعید، بەیان احمد، دکتۆر ثائر، زکیە صالح، ژیان عمر، سمیرە گۆران، دکتۆر سەروەر، شڤان احمد، کاوە محمد امین، سیوەیل عوسمان، سەرهەنگ فرج، عبداللە مەلا نوری، عزیمە نجم الدین، پەیمان عزالدین، نەسرین جمال، شێروان حەیدەری، عەونی بەزاز، صباح بیت اللە، صبیحە احمد، عبدالسلام بەرواری، علی حسین، سۆزان خۆشابە، ناسك تۆفیق، صباح بەرزنجی، هاوڕاز خۆشناو، عماد محمد، عمر عبدالرحمن، عمر نورەدینی، عمر هەورامی، فازڵ بەشارەتی، کەیلی اکرم، گۆران ئازاد، لانە چەلەبی،

**نیشتمان مرشد، محمد شارەزووری، دلێر محمود، فرمان عزالدین، عبدالرحمن حسین، سمیر سلیم، سەرگوڵ رەزا، دکتۆر حسن محمد، ئاواز عبدالواحد) ئەڤین خان، فەرموو.**

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**من لەدەستپێکی قسەکانمدا بەڕاستی ئیدانەو مەحکومی ئەم کارە ڤێزەونە دەکەم، وەکو وتم ئەمە دەرئەنجامی سیاسەتێکە کە خەریکە خۆی بەسەر وڵاتی ئێمەدا دەسەپێنێ، بەزۆر و ترسەوە دەستی پێ کردووە و بە تۆقاندنی خەڵکەوە دەستی پێ کردووە، بەڕاستی ئەمە کارەساتێکە کە کاتێك ژیان ومالّی خەڵکی ئێمە بکەوێتە بەر هەڕەشە و ترس و تۆقاندن، لە هەمووی خەمناك تر ئەوەیە کە ئەو کەسانەی کە کەوتنە بەر ئەم هەڕەشەیە برایانی کە ئەقەلیاتی وڵاتی ئێمەن، ئەوانەی کە بە هۆی دینەوە یاخود بەهۆی شتی قەومیەتەوە لە وڵاتی ئێمەدا بە کەمینە دەژمێردرێن، بەڕاستی بە هەمان شێوە زیاتر ئێمەی موسوڵمان چۆن مافمان بە خۆمان داوە و چۆن بە خۆمان دەڵێین ئێمە خاوەنی ئەم کوردستانەین برا یەزیدیە کوردەکانی ئێمە لە ئێمە زیاتر خاوەنی ئەم کوردستانەن، برا مەسیحیەکانی ئێمە لە ئێمە زیاتر و پێشی ئێمەش خاوەنی ئەم وڵاتەی ئێمەن، بۆیە ئێمەی موسوڵمان بەڕاستی مافی ئەوەمان نیە حوکم بدەین لەسەر مان و نەمانی هیچ کەسێك لەم وڵاتە، ئەوان چونکە هاوبەشی ئێمەن، وڵات وڵاتی ئەوانەیە چۆن وڵاتی ئێمەیە هاوبەشی مافەکانی خۆیانن ئەمە مافێك نیە کە ئێمە بە ئەوانی دەبەخشین، ئەمە مافی خۆیانە کە هەیانە لەم وڵاتە، زۆر بۆ ئێمە شەرمەندەیە کە ئێمە ساڵەهای ساڵە خەریکین خوێن دەڕێژین و شەڕ و شۆڕشمان کردووە و گیانمان فیدا کردووە بۆ ئەوەی ئەم ڕۆژە دروست بکەین بەرامبەر بەو کارەساتانەی کە دەکرا دژی ئێمە وەکو کورد، ئێستا ئێمە هەستین وەکو کورد بەرامبەر بە برا مەسیحیەکان و یەزیدیەکان لە کوردستان دا کە ئەوان لە ئێمە زیاتر هەندێ لایەنی سیاسی لە ئێمە زیاتر خوێنیان ڕشتووە و بۆ ئەوەی ئەم ڕۆژە بێننە دی، شۆڕشەکانی ئەیلول و گوڵان شایەدە کەوا برا یەزیدیەکان و برا مەسیحیەکان چەند هاوشێوە و هاو خەباتی ئێمە بوونە لەو شۆڕشانە و چەند خوێنیان ڕشتووە ئەم ڕۆژە، بەڕێزان هەروەها جێگای سەرسوڕمانە بۆ من کەوا ببینی هەندێ جێگا هەیە و هەندێ کەس هەیە و هەندێ شوێن هەیە ماف بە خۆیان بدەن کە ببنە جێگرەوەی ئەو دەزگا و ئەو موئەسەساتانەی کە سوڵتەن ئێستا لێرە، چ پەرلەمانە و چ حکومەتە و چ دادگایە، من نازانم خەڵکانێك چۆن و بە چ شێوەیەك و لە چ شوێنێك دا ئەو مافەیان وەرگرتووە کەوا ببنە جێگرەوەی ئەم دەسەڵاتانەی هەرێمی کوردستان و ماف بە خۆیان بدەن حوکم بەسەر خەڵك دا بدەن و سزای خەڵك بدەن و مافیان لێ زەوت بکەن و تەنانەت گەیشتووەتە ئەوەی کە یاسا تەعدیل دەکەن و یاسا ئیلغا دەکەنەوە بەبێ ئەوەی کەس ئەو مافەی دابێ پێیان، سەبارەت بە ڕاگەیاندنەکانیش بەڕاستی ئەبێ ئەمە لەلایەن پەرلەمان و لەلایەن حکومەتیشەوە ڕاوەستانی لەسەر بکرێت، ڕاستە هەندێ کەناڵی ڕاگەیاندن هەیە کە بەڕاستی ئێستا کە دەیکەیتەوە تۆ هەست دەکەی لەشەڕێکی ناوخۆ دای، براینە ئێمە ئێستا ئەوە نیە،مەسەلەکە لە جیاتی ئەوەی ڕاگەیاندن**

هێوری بکاتەوە زیاتر تەسعیدی دەکات، باشە ئەمە لە مەسڵەحەتی کێ دایە؟ ئێمە با پرسیار لە خۆمان بکەین، لەهەرێمی کوردستان بە هەموو لایەنەکانەوە بە ڕاگەیاندنەوە بە ڕاگەیاندنە سەربەخۆکانیشەوە بابە لە مەسڵەحەتی کێ دایە ئەم تەسعید کردن و بەم شێوە هاندانە؟ دەبێ حکومەتیش بەڕاستی و بە جدی لەسەر ئەم مەوقفە مەوقفی هەبێ، مەجال نەدات بە هیچ ڕاگەیاندنێك کە بەم شێوەیە ڕەفتار بکات، هەروەها من زۆر دڵتەنگم کلتورێك لەناو وڵاتی ئێمە دروست بێت کە قودسیەت بۆ موئەسەساتی خۆمان دانەنێین، پەرلەمان لە هەموو دنیادا جێگایەکی زۆر موقەدەسە، جێگایەکە کەوا خەڵك بەو شوێنەی دادەنا کە ئەو وەکو تاك حوکم دەکات لەو وڵاتە و لەڕێگای ئەو نوێنەرەوە کە ئەو هەڵی بژاردووە و دەنگی بۆ داوە و ببێ بە نوێنەری لەو شوێنە دا حوکم بدات، بەڵام مەعەل ئەسەف لەناو ئێمە کلتورێك دروست کراوە کەوا ئەگەر هاتو دژایەتی موئەسەسات بکرێ و بە تایبەتی پەرلەمان ئەگەر هاتو دژایەتی بکرێت ئەوە ئازایەتیە، بەداخەوە لەوە گەورەتر کارەساتەکە ئەوەیە کە بەرپرسانی سیاسی ئێمەش بەو چاوە وە و بەو مەوقفەوە ڕەفتار لەگەڵ پەرلەمانی کوردستان دەکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك دڵشاد فەرموو.

**بەڕێز دڵشاد شهاب حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە، (یا أیها الذین امنوا ان جاءکم فاسق بنبأ فتبینوا ان تصیبوا قوما بجهالة فتصبحوا على مافعلتم نادمین) (صدق الله العظیم)، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان و ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان، پێشی هەموو شت من زۆر دەست خۆشی و ماندوو نەبوون لە هەڤاڵان و هاوکارانم لە هەردوو لیژنەی ناوخۆ و لیژنەی مافی مرۆڤ دەکەم کە بەڕاستی بەشێوەیەکی زۆر پیشەییانە و دوور لە هیچ کاریگەریەك و ماندوونەناسانە لەماوەی ئەو دوو، سێ ڕۆژەی ڕابردوو دا کارێکی زۆر پوخت و ڕێك و پێکیان ئەنجام دا توانیان بوێرانە دەست لەسەر خاڵە لاوازەکان و لەسەر کەموکورپەکان دابنێن، خۆشبەختانە ئەوەی کەوا لێشی هاتە بەرهەم ڕاپۆرتێکە کە ئیمزای هەمووانی لەسەرە و ئەم ئیمزایە جودا لەوەی کەوا ڕەنگدانەوەی بیر و کاری ئەم کەسانەیە کەوا وەکو کەسی پرۆفیشناڵ لە لیژنەکانیاندا، بەڵام پێکهاتەی زۆربەی پێکهاتەکان و فراکسیۆنەکانی ناو پەرلەمانیشی تێدایە، کەچی وا هەست دەکرێت کەوا هەندێك لەم گوتنانە وەکو ئەوەی کە بە چاوێکی ترەوە سەیر بکرێن و یاخود خوانەخواستە ئەو قیمەت و ئەهمیەتەی بۆ دانەنرێت کە من دووپاتی هەموو ڕێز و پشتگیری و پاڵپشتی تەواوی خۆمان بۆ ئەو ڕاپۆرتە و بۆ یەکە یەکەی خاڵەکانی دەکەمەوە، بەڕێزان پێویستە ئێمە هەڵوەستەیەك لەسەر ئەم بارودۆخە بکەین، ئەوەی کە ئەم ڕووداوانەی تێدا دەگوزەرێ، ئێمە لە کوێین، لە ساتەوەختێك دا کە خەڵکی کوردستان چاوەڕوانی هەنگاونانی قۆناغی تازە و ئومێدی بەرەو پێش چوونی کێشەی نەتەوەیی گەلی کوردستانە بە تێکڕا و هی نەتەوەی کوردە بە شێوەیەکی تایبەت، لەو کاتەی کەوا کوردستان بووەتە ئەو شوێنەی کەوا ئێستا عیراق و

لایەنە ناکۆکەکانی ناوچە ڕوو لە هەرێمی کوردستان دەکەن بۆ چارەسەر کردنی گرفتەکانیان، لەو کاتەی کەوا سەرکرادایەتی سیاسی کوردستان خەریکی کارکردنە بۆ یەکخستنی ڕێز و ناو ماڵی کورد و هاو هەڵوێستی لە هەر چوار پارچەی کوردستان، لەو ساتەوەختەی کەوا ئێمە خەریکی ئامادەسازین بۆ بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی لەو ساتە وەختەی کەوا خەڵکی کوردستان بە پەرۆشەوە دەڕوانێتە هاوڵەکانی هەموو لایەنەکان بە تایبەتی لایەنی دەسەڵاتدار بۆ دەست پێشخەری بۆ ئاشتەوایی نیشتمانی و ئاشتەوایی ناوخۆیی و ڕێکخستنی ماڵی کورد و ڕووبەڕووبونەوەی ئەو تەحەدیانەی کەوا دێنە پێشمان لەو کاتەی کەوا خەڵك بەم هەموو ئومێدەوانەوە ئینتزاری ئەم هەنگاوانە دەکات، لەو کاتەی کەوا کێن هەنگاو دەنێن بەرامبەر ئەم مەسئولیەتە، کێن بوونەتە شوێنی کۆبوونەوەی ئەم مەسائیلانە؟ کێن بوونەتە شوێنی ئومێدو تێڕوانینی گەلی کورد لە سوریا، گەلی کورد لە باکوری کوردستان، گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ڕوو لە کوێ دەکەن؟ کوێیە شوێنێ کۆبوونەوەکەیان؟ کوێیە ئەو شوێنەی کەوا ئومێدی لەسەر بونیاد دەنێن؟ پرسیار ئەوەیە دەسەڵاتێك ئەمە بەرنامە و کاری بێت بۆ کاری نەتەوەیی، دەچێت خۆی بخاتە خانەیەکی واو گەمەیەکی وەك ئەمەوە کەوا ئەو وەزعەی ئێستا پێیدا تێ دا دەگوزەرێت؟، پرسیاری من ئەوەیە دەگوترێت دەسەڵات بەرپرسە، ئەگەر بەمانای بەرپرسیاریەتی دەسەڵاتە لە پاراستنی ئەمن و ئاسایشی هەرێمی کوردستان بەڵێ ئێمە بەرپرسین، ئێمە بەرپرسین لە سەرکەوتنەکانیش بەرپرسین، لە شکستەکانیش بەرپرسین، لە خۆشگوزەرانیش بەرپرسین، لە ئاوەدانیش بەرپرسین، لە پشێویەکانیش بەرپرسین، بەڵام بەو مانا ناڕەوایەی کەوا خەڵکێك ماف بەخۆی بدات، جێگرەوەی دادگابێ، جێگرەوەی لێکۆڵینەوەبێ، جێگرەوەی پەرلەمان بێ، جێگرەوەی هەرچی موئەسەساتی تەشریعی، هەرچی موئەسەساتی قەزائی ئەم وڵاتەبێ، قەراری تۆمەت بەخشینەوە بدات، ئایا ئەگەر سیاسیەك، ئەگەر پەرلەمانتارێك، ئەگەر سەرۆکی حیزبێك مافی ئەوەی بەخۆی دا ببێتە حاکم و خەڵك تاوانبار بکات، چ پرسیارێك لەسەر ئەوە دەمێنێتەوە ئەگەر زابتێکی پۆلیسیش کەسێکی بێ تاوانی گرت، تاوانی کامەی گەورەترە، کامەی پتر هەقی بەخۆی داوە، تەجاوزی لەسەر ئەو دەسەڵاتەی کردووە، ئەوەی کەوا پێی بەخشراوە، ئەگەر باس لەسەر ئەوەیە، من  وەکو ئەندامێکی پارتی مافی خۆمە کە پێشتریش باسم کرد، وەکو ئەندامێکی پەرلەمانیش دەپرسم پارتی لەکوێی ئەم موعادەلەیە موستەفیدە؟، لەشێواندنی وەزعی ئەو خەڵکەی کەوا زۆرینەی هەرە زۆری دۆست و لایەنگری پارتیە؟، لەشێواندنی شارێك کە بەقەدەر دەنگی خەڵکانی تر پێشمەرگە و شەهیدی لەناو ئەم پارتەدا هەن، لە شێواندنی بژێوی و ژیانی نەتەوەو ئاینێك کەوا سەرکردایەتی پاریتی و سەرۆکی پارتی لەسەر پێکەوە ژیانی لەگەڵ ئەم نەتەوانە تەکریم کرا لەباڵاترین دەسەڵاتەکانی ئەم وڵاتەدا؟، ئەم جیهانەدا، پارتی لەکوێی ئەم موعادەلە موستەفیدە؟ بچێت هەڵبکوتێتە سەر دوکان و ماڵی خەڵکی، هەڵبکوتێتە سەر بارەگاکانی خەڵکی، بەڵام بەداخەوە من سەد جار داخ بارم لەوەی کە بارەگاکانی یەکگرتووی ئیسلامی سووتان، چونکە هەقیقەتی مەسئەلەکە تێدا بزر دەبی، ئەگینا ئەسلی مەسەلەکە ئەوە نیە، ئەسلی مەسەلەکە شتێکی ترە، کە لە خیتابی برایانی مەسیحی خۆی ڕەنگدەداتەوە، کە لێرە

دەنگی خۆیانە، ڕەنگی خۆیانە، ئەو ئیعلامەی کە دوێنێ و پێرێ بە عەکسی گوتنی ئەم برایە بوو کە خۆی لەناو هەقیقەتەکاندا بووە، دەیگوت نەخێر ئەوانەی کە سووتاون ماڵ و موڵکی بەرپرسەکانی پارتی و مەسیحیەکان نین، دوکانێکی بەرپرس و دوکانێکی مەسیحیەك لەتەك یەکەوەن، دوکانی بەرپرسەکە سووتاوە، بەلأم دوکانی مەسیحیەکە نەسووتاوە، ئەمڕۆ چ جەوابێك دەدەنەوە، ئەمە گوتنی شاهێدی هەقیقەتێکە کە خۆی لەناویدا ژیاوە، کە جەرگی سووتاوە لە تێڕوانینی خۆی لە بەرامبەر ئەم وەزعە، بەڕێزان ئەمانە هەمووی نامان خەنە خانەیەکەوە، کە من خۆم لە خانەی دیفاع کردنەوەیدا ببینمەوە، ڕەوایەتی بەهێرش کردنە سەر بارەگاکانی حیزبێك بدەم، من بە قەدەر برادەرانی یەکگرتوو پێی نارەحەتم، پێشموایە تەقدیری ئەو شعورەش دەکەم کە ئازارێکی زیاتریان پێگەیشتبێ لەوەی کە فعلەن تەعەدایان لەسەر کراوە، فعلەن بارەگاکانیان سووتاوە، فعلەن تەجاوزە لەسەر ئازادی، فعلەن تەجاوزە لەسەر مافە سیاسیەکان کە لەم هەرێمەدا هەن، بەلأم ئەمە من باوەڕناکەم ڕێگا بەوە بدات کەوا برایانی ئێمە پێشی ئەوەی کەوا مۆڵەت بەخۆیان و دەرفەت بەهیچ لێکۆڵینەوەیەك بدەن، بکەونە تۆمەتبار کردنی خەڵکی تر و لایەنێکی تر، بەتایبەتی لایەنێك کەوا بەرپرسیارێتیەکی گەورەی لە هەرێمی کوردستاندا لەئەستۆ دایە، ئەگەر ڕووداوێکی نادیار کاتێك کە لێپێچینەوەی لێ دەکرێت، ئەگەر ڕووداوێك ڕوویداو نادیار بوو کە لێپێچینەوەی لێ دەکرێت، یەکەمین جار بیر لەوە دەکرێتەوە کێ موستەفیدە لەم ڕووداوە، من دەپرسمەوە لە پەرلەمانتاران لە خەڵکی کوردستانیش، پارتی لەکوێی ئەم مەسەلەیە موستەفیدە؟ چ قازانجێکی لەم مەسەلەیە؟ لە شێواندنێکی وەزعی وا، لە شوێنێك کەوا هەمویان لە خیتابەکانی خۆیاندا تەئکید لەوە دەکەنەوە کە شوێنی بالاْ دەستی پارتیە، چ قازانجێکی بۆ ئێمە تێدا هەیە، بۆ ئەوەی ئێمە ڕێگا بۆ ئەم مەسەلەیە خۆش بکەین؟ بەم وەزعە هەڵبستین؟ خاڵی دووەمم بەڕێزان ئەو زوڵمەی کەوا خەریکە لە خەڵکی بادینان بکرێ، خەریکە داواکاریەکانی خەڵکی خۆڕاگرو شۆرش پەروەرو پێشمەرگە پەروەری بادینان بچووك بکرێتەوە لەوەی ئەگەر خەڵکی بادینان لە دەسەلأت ناڕازین، ئەگەر داواکاری و ناعەدالەتیان هەیە، هێرش دەکەنە سەر کەنیسە، هێرش دەکەنە سەر ئوتێل، هێرش دەکەنە سەر دوکان و کەسابەتی خەڵك، بۆ ئەم خەڵکەی کەوا هێرشی کردۆتە سەر ئەو شوێنانە، ڕێگای قائیمقامیەتیان پێ نەدەزانی؟ ڕێگای بەلەدیەیان پێ نەدەزانی؟ ڕێگای موحافەزەیان پێ نەدەزانی؟ ئەگەر وایە توڕەیی خەڵکەو خەڵکێك بیەوێ ئەفعالی خۆی بەناوی توڕەیی خەڵکەوە عەرز بکات، خەڵك ئەگەر توڕەبێ، ئێمە توڕەیی خەڵکی خۆمان قبوڵە، دەشزانین خەڵکی بادینان ناڕەزایی هەیە، دەشزانین کەم و کورتی هەیە، دەزانین داواکاریان هەیە، داواکاری ئاساییە، خەڵکی بادینان بەشێکن لەو کۆمەڵگایەو لەو موجتەمەعەو لەو کوردستانە، وەکو خەڵکی هەولێر، وەکو خەڵکی سلێمانی، وەکو خەڵکی هەر شوێنێکی تر داواکاریان هەیە، بەلأم گوناهێك دەرهەقی ئەم خەڵکە دەکرێت، داواکاریەکانی ئەم خەڵکە بچووك بکرێتەوە، وەکو ئەوەی کە عیبارەت بێ لەوەی کە بچنە سەر دوکانی خەڵکێکی تر، باشە هەر ئەمڕۆ خەڵکی بادینان داواکاری هەبووە؟ بۆچی چونە سەر دوکان؟، بۆچی سەر شوێنی کارکردنی خەڵکی؟، بۆچی چونە سەر شوێنە ئاینیەکان،

بۆچی بیر لەوە نەکراوە لە حاڵەتێك هەموویان کۆکن لەسەر ئەوەی کە چەندین ساڵ و سەدان ساڵە ئەم خەڵە بەیەکەوە دەژیت و هیچ گرفتێکی لەم بابەتە نەبووە، بەڕێزان من بەو قەدەرەی کەوا، سەد بە قەدەر ئەوەی کەوا بەتاوانی دەزانم و مەحکومی دەکەم لە هێرش کردنە سەر سەروەت و سامانی خەڵکی، هێرش کردنە سەر بارەگاکان، زیاتر هێرش کردنە سەر بارەگاکان مەحکوم دەکەم، لەبەر ئەوەی ئێمە تێیدا زۆر زەرەرمەند بووین، زەرەرێکی عام بە کوردستان گەیشت، بەلأم زەرەرێکی زۆریش بە ئێمە گەیشت، بۆیە ئەگەر هیچ کەسێك داواکار نەبێ لەسەر لێکۆڵینەوە لەم مەسەلەیە، ئێمە داواکاری یەکەمین لەسەر لێکۆڵینەوەی ئەم مەسەلەیە، چونکە ئێمە پێمان وایە ئەگەر هەر چ شتێك بێ پێش ئەوەی دژی هەر کەسێك کرابێ، دژی پارتی دیموکراتی کوردستان و دژی دەسەلأتی حکومەتی هەرێمی کوردستان کراوە، چونکە من هیچ قازانجێك لەم مەسەلەیە نابینم، لە غەیری زەرەر لێ کردن، بۆیە زۆر بە توندی ئیدانەی دەکەین، بەهەموو شکلێکیش پشتگیری لە لیژنەی لێکۆڵینەوە لەلایەن دەسەلأتدارو لایەنە پەیوەندیدارەکان دەکەین، کەوا عادیلانە، حاکمانە، نەوەك لە وتاری ئاینی و خیتابی سیاسیدا ئیدانەو یاخود تۆمەت ببەخشنەوە بەسەر خەڵکیدا و خەڵکی پێ تاوانبار بکەن، دەپرسین ئاخۆ خولقاندنی ئەو بارە نا ئاساییەی ئێستا لە هەرێمی کوردستاندا هەیە، ئەو ڕاگەیاندنی شەڕەی کە لە ڕاگەیاندنی تەرەفێك لە تەرەفەکانەوە هەیە، ئەو خولقاندن و چاندنی تۆوی دووبەرەکییەی کەوا لەناو خەڵکی کوردستاندا دەچێندرێت، ئەو هاندان و جۆش دانەی کەوا لە دروشمی شەڕ دەچێت، فەقەت چەکی نەفوستانە، ئەگەر لەسەر ئەم وتارە رۆژێك لە ڕۆژان خوا نەخواستە چەکی بە دەستەوە بێ، ئەبێ چ لەم ولأتەدا ڕوو بدات؟ ئەگەر ئەمە وتاری مەدەنیانە بێ، ئەدی باشە وتاری توندو تیژی ئەبێ بگاتە کوێی ئەم ولأتە؟ ئەبێ ئەم وەزعە بگەیەنێت بە کوێ؟ ئەگەر ئەمە وتاری سەردەمی پێکەوە ژیان بێ، چ بەرپرسیارە لەوەی کە بەیانی وەکو برادەرێکم لێرە ئیشارەتی کرد، لەماڵێکدا برایەك سەر بە حیزبێکەو برایەکی تر سەر بە حیزبێکی ترە، ئەم هەموو هاندانە ئەگەر ئەم دووبرایە ڕۆژێك لە ڕۆژان دەستیان لە یەخەی یەکتری نا، کێ لێی بەرپرسیارە؟، ئایا ئەم هاندانی ڕاگەیاندنە، ئایا ئەمە ناچێتە قالبی ئەوەی کە لە ئاینی پیرۆزی ئیسلامدا دەفەرموێ (الفتنة اشد من القتل) ئایا ئەمە فیتنە نیە؟، ئایا ئەمە خولقاندنی کەشێك نیە کەوا ئێمە بەرەو لێواری شەڕێکی نادیار ببات کە نەزانین سەرو بنی ئەو وەزعەی لەکوێیە، بەڕێزان من دووپاتی پشتگیری تەواوم بۆ هەموو خاڵەکانی ڕاپۆرتەکە دەکەمەوە، چەند خاڵێکیش بە پێویستی دەزانم کەوا هەڵوەستەیەکی توندی لەسەر بکەین، یەك، ڕەت کردنەوەو ڕێگە گرتن لەهەر تۆمەت و تۆمەتکارییەك، ڕێز گرتن لە یاساکان و لێکۆڵینەوەی لایەنە پەیوەندیدارەکان، بۆ گەیشتن بە ڕاستی ڕووداوەکان، بۆ ئەوەی گەورەیی ئەو ڕووداو و ئەو پلانەی کەوا لە دژی هەرێمی کوردستان هاتۆتە وجود لە پەنا ململانێیەکدا نەشاردرێتەوە، ئەم هەڵمەتی ڕاگەیاندنەی کەبەحیساب بۆ کەسبی عەتف، عەتفی سیاسی لە ئارادایە، ڕابگیرێت، ئەوە چاندنی تۆی دووبەرەکییە لەناو کۆمەڵگادا، دەرئەنجام لەبەرژەوەندی خەڵکی کوردستان نیە، لە هەمان کاتدا داوا لە جەماوەری کوردستان دەکەین کەوا چاو کراوەو وریا بن، وریا بن لە مامەڵە کردن لەگەڵ ئەو ڕاکێشان و

ئەو هاندان و ئەو پلانەی کە ئێستا بۆ پشێوی و بۆ نانەوەی ئاژاوە لە هەرێمی کوردستان لە ئارادایە، کە سوودمەندەکانی تەنها ئەوانەن ئەوەی کە لە پێشکەوتنی ڕەوتی برایەتی و ڕەوتی بەیەکەوە ژیان و پێشەوە چوونی کێشەی نەتەوەیی، دووپاتی دەکەمەوە کێشەی نەتەوەیی کورد، جێگایان لە موعادەلاتەکان نابێتەوە، ئەمان موستەفیدن لەم وەزعە کە سێکی تری ئەم وڵاتە موستەفید نابێ لەم وەزعە، خوێندنەوەی دروستیان هەبێ بۆ ئەم وەزعەی کەوا هەیە، ئاینی پیرۆزی ئیسلام بەڕێزان، ئاینی بەیەکەوە ژیانە، ئاینی لێبوردەییە، ئاشتەواییە، داوا دەکەین کەوا مینبەری مزگەوتەکان و شوێنە ئاینیەکان بۆ قوڵ کردنەوەی ژیانی بەیەکەوە ژیان بەکاربێن، حکومەت بوار بەهیچ کەس و لایەنێك نەدات، ئەو شوێنە پیرۆزانە بۆ مەبەستی سیاسی یاخود بۆ خولقاندنی کەشی نادروستی کۆمەڵایەتی بەکاربهێنێ، بەپێی هەموو ئەو ئاماژانەی کە هەن، ئەمڕۆ داواکاریەکی هەڕەمەکی نەبووە، کە بریتیە لە ئازادی ڕا دەربڕین، ناڕەزایی دەربڕین، بەڵکو کارێکی تێکدەرانەی بە بەرنامە بووە، بۆیە داوا دەکەین زۆر بە وردی  لێکۆڵینەوە لەم بابەتە بکرێت، تاوانباران بدرێنەدەستی دادگاو هەموو کەس و لایەنەکانیش هاوکاری لیژنەی لێکۆڵینەوە بن، کە لە لایەن بەڕێز سەرۆکی هەرێمەوە پێك هێنراوە، سەرەڕای ئەوەی کە ڕووداوەکان ناخۆش و کاریگەر بوون، بەلاّم جێگەی خۆیەتی ڕۆڵی هێزەکانی ئەمنی لە ڕووی ئەوەی کە نەبووە هۆی خوێن ڕشتن، بەرز بنرخێندرێن، بەتایبەتی کە هەندێك لەم هێزانە تووشی هێرشی درندانە بوونە، بەلاّم خۆیان کۆنترۆڵ کردووەو خۆش بەختانە کوشتن و خوێن ڕشتنی رۆڵەکانی لێ نەکەوتەوە، وەکو لە دەرئەنجامی سەردانی لیژنەی پەرلەمانی دەرکەوتووە هێزەکانی ئەمنی بە تایبەتی پۆلیس لە ڕووی ژمارەو توانا لۆجستیەکانەوە، کەم و کوڕیان زۆرە، بۆیە پێویستە لەسەر حکومەتی هەرێم پەلە بکات لە دابین کردنی پێداویستی و هەروەها دامەزراندنی ژمارەیەکی زیاتر ئەگەر پێویست دەکات، دوای ئەو لێکۆڵینەوەی کەوا لە پێشتر ئاماژەی پێکرا لەسەر دابەش کردنی هێزەکان بەسەر ناوچەکان و بەسەر قەزاو ناحیەکاندا، لە کۆتاییدا بە خوشك و برا مەسیحی و ئیزیدیەکانمان دەڵێین، دڵنیایان دەکەین، دڵنیاشین کە ئەو هەوڵانە بێ ئامانج و بێ ئەنجام دەبن کە بیانەوێ باری ئاسایشی هەرێم و پێکەوە ژیان و تەبایی لە کوردستاندا تێك بدەن، و داوا و وشەی کۆتاییشم ئەوەیە کە حەقیقەتێك لە کوردستاندا چەسپاوە ئەگەر هەر چەندی ئێمە ململانی لەگەڵ یەکتر بکەین لەناوخۆیی خۆماندا، ئەگەر ئاستی ململانێکان خوا نەخواستە کە بە تەجروبەیەکی تاڵدا تێپەربووین و گەیشت بە شەڕی ناوەخۆش، بە شەری براکوژیش، بەلاّم لە دەرئەنجام هەر ئەوە بووە قەدەری ئێمە، یاخود ئەوە بووە نەتیجەی راست و دروستی ئێمە، کە ئێمە روو لە مێزی حیوار بکەین، روو لە گفتوگۆ بکەین، مەنتقی عەقل و بەرژەوەندی گشتی بەکار بێنین، تەمەنا دەکەین کەوا هەموو لایەك لەو رووە و لەو ڕوانگەوە سەیری ڕووداوەکان بکرێ، بوار بدرێ کەوا دەزگا یاسایی و شەرعیەکانی کاری خۆیان بکەن، بۆ ئەوەی لێی بگەینە دەرئەنجامێکی راست و دروست و دەرئەنجامەکانیش بە راست گۆیانە و بە بێ تەرەفی بە خەڵکی کوردستان رابگەیندرێت و ، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێز د.بشیر فەرموو.

**بەڕێز د.بشیر خلیل توفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا دەستخۆشی لە هەردوو لیژنەی ناوەخۆ و مافی مرۆڤ دەکەم، پشتگیری لە راسپاردەکان و لە ناوەڕۆکی راپۆرتەکەیان دەکەم، بە داخ و پەژارەیەکی زۆرەوە و بە نیگەرانیەکی زۆرەوە دیسان گوێیمان لەم کارە نا ڕێك و لەم کارە نەخوازاروە بووە لە کوردستان، کە ماوەیەك بوو خەریك بوو لەبیرمان بچێتەوە، بەڵام ئەمە ئینشاالله دەبێتە دوایین جار و دەبێتە هەوێنی ئاشتیەکی کۆمەڵایەتی و بە یەکەوە ژیان و چەسپاندنی یاسا لە هەموو بوارێکدا و، ڕێگە بگرین لە خەڵکانێکی ناحەز ئەم کەش و هەوایەمان لێ تێك نەدەن، بەڕێزان، بەراستی پێویستە هەموو لایەنەکان لە رۆژگارێك وەك ئەمڕۆدا کە رۆژگارێکی زۆر هەستیار و حەساسە، بە حیکمەت و بە صبر و بەدان بەخۆ داگرتنەوە مامەڵە لەگەڵ ئەم بارودۆخەی ئێستادا بکەن، بەڕێزان سووتانی بارەگای حیزبی یان سووتانی دوکان و شوێنە گشتیەکان، راستە ناخۆشە، بەڵام ئەمانە دەکرێ چاك بکرێنەوە، دەکرێ لە پاشان چاك بکرێنەوە و دوکان دیسان دەکرێتەوە و تەعمیر دەکرێتەوە و ئاوەدان دەکرێتەوە، بارەگاکە دیسان ئاوەدان دەکرێتەوە، بەڵام شتی خەتەر لەوەدایە کەوا لە کوردستاندا خەریکە پەروەردەیەکی وا بڵاو دەبێتەوە کە ئەم پەروەردەیە ماڵ کاول بوونی بە دواوەیە، ئێمە لە راپەرینەکەی بەهاری ساڵی 91لەگەڵ ئەوەی کەوا چەند رۆژێك نە یاسا هەبوو و نە حکومەت هەبوو و نە دەسەڵات هەبوو، بەڵام تەماشا دەکەین خەڵکی روویان لە تاڵان کردنی ماڵی یەکتر و دوکانی یەکتر نەکرد، و خەڵکی دەستدرێژیان بەسەر ماڵ و ژیانی و سامانی یەکتردا نەکرد. هۆیەکە کە ئێستا لە هەندێ موناسەبات و هەندێ رووداوەکاندا روو دەدەن، ئەوەش مانای ئەوەیە کە دیارە بەڕاستی پەروەردەیەکی نەخوازراو یان لایەنێکی نەخوازراو لە خەڵك دەیەوێ ئەم پشێوە دروست بکات، خەڵکانێك دروست بکات کە لە کاتی رووداني هەر شتێکدا ئەمانە ئامادە بن بۆ سووتاندن و بۆ تێکدان و بۆ دزین و بۆ روتکردنەوەی ماڵی خەڵکی، بۆیە زۆر زۆر پێویستە، ئێمە لە پەرلەماندا لە پێش هەموو شتێکدا لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان هەر لە وەزارەتی ئەوقاف و هەر لە وەزارەتی پەروەردە و لە وەزارەتی رۆشنبیریدا کار بۆ ئەوە بکەین کەوا ئەم لایەنە پەروەردەییە چاك بکەینەوە و ئەمە مەجال نەدەین چیدیکە لەمە زیاتر بڕوات وئەمە جیلێك پەیدا بێت و دروست بێت کە خوانەخواستە لەسەر ئەوەی کە لە رۆژانی داهاتوودا شتی خراپتر و گەورەترمان پێوە بکەن، بەڕێزان، زیاتر لە 1400 ساڵە عارەق حەرامە، زیاتر لە 1400 ساڵە زینا حەرامە، یان شێلانی ژن بۆ پیاو یان شێلانی پیاو بۆ ژن بە شێوەیەکی نا مەحرەم حەرامە، بەڵام بۆ ئێستا ئەمانە زیندوو دەکرێنەوە، بۆ ئێستا ئەمانە زەق دەکرێنەوە؟، ئەمە لەگەڵ دابەزینی قورئان ئەمانە حەرام کراوە و هەموو مامۆستایەکی ئاینیش ئەمانەی زۆر بەراشکاوانە وتووە کە ئەمانە حەرامە، بەڵام حەرام کردن شتێکە و هاندان بۆ ئەوەی کە تۆ بچی ماڵ و حاڵی خەڵك بسووتێنی، ئەوە شتێکی دیکەیە، قەت باوەڕ ناکەم و ناشبێ باوەڕ بەوە بکەین کە مامۆستایانی ئاینی لە پاش ئەوەی کە

دەڵێن عارەق حەرامە بڵێت برۆ عـارەق خۆرێـك بكوژە، یـان دوكـانی عارەقێـك بسـووتێنە، ئەمـە نـەوتراوە وناشگوترێ، لەبەر ئەوەی مامۆسـتایانی ئـایینی لـەو خەڵكانـەن كـەوا خـەم خـۆری ئـەم وڵاتـەن، خـەمخۆری بوونی ئاشتی و كۆمەڵایەتی لەم وڵاتەدا، بۆیە ئاین قـەت خـەڵكی خـۆی لەسـەر ئـەم شـێوازە تونـد و تیژیـە پەروەردە ناكات، بەڵام خەڵكانێك ئەگەر وا دەكەن بە ناوی ئاینەوە یان خـەڵكانێكی بـەناوی مامۆسـتایانەوە وا دەكەن، ئایین لێی بەرپرسیار نیە، لـە هـەموو شـوێنێك و لـە هـەموو وڵاتێـك ڕەوتێـك هەیـە كـە بـەناوی ڕەوتی توند و بەناوی ڕەوتی ناخۆشیەوە ئەم كارانە دەكەن، ئەگەر لەناو خـەڵكانێك كـە ناویـان لـەخۆ نـاوە موسڵمان، ڕەوتێك هەبێ ئەم كارانە بكات، ئێمە دەبینین و دیتیشمان هەتا بەناوی مەسیحیەوە مەسـیحیەت لێـی بەریئـە، ڕەوتێـك هەیـە كـەوا لـە شـوێنان و لـە كوردسـتانیش ئیشـی وا دەكـات كـەوا دەیـەوێ بـەینی موسڵمانان و بەینی مەسیحیان تێك بـدات، ئـەوە بـووە هـۆی ئـەوە كـە ئێمـە لـە ساڵی 1996 كـەوا لەگـەڵ لایەنەكانی مەسـیحیدا و چـەندین بەیاننامـە دەركـرا بـۆ ئـەوەی كـەوا ئـەم هـەوڵ و تەقەلانـەی خـەڵكانێك بـەناوی مەسـیحیەتەوە دەیكـەن، یـان بـەناوی موسـڵمانانەوە دەیكـەن، ئەمـە بـەناوی مەسـیحی و بـەناوی موسڵمانی حیساب نەكرێ، بۆیە ئێمە گرنگە كەوا ئایین لە شتی وا دا بە هیچ شێوەیەك تۆمەتبار نـەكرێ و خەڵكانی ئاین پەروەر یان مامۆستایانی ئاینی یان پیاوانی ئاینی، ئەوانەی كە بە حـەقیقی هـەڵگری پـەیامی ئاینن، ئەمانە شتی وا ناكەن و كاری واناكەن، ئەگەر كەسانێكی واش هەبێ، ئێمە لەسـەر ئەوانـەوە دەخـیلن، دەبێ ئاگاداری وا بین تا لە بازنەكە دەریان بینین، بەڕێزان، بە تایبەتی لە ڕووداوەكانی دهۆك و زاخـۆ، مـن بە دڵنیاییەوە دەڵێم، نە مەلایەكەی ئەوێندەرێ و نە مامۆستایانی ئاینی ڕۆڵـی خـەراپیان لـەو مەسـەلەیەدا نەبووە، بەڵگەشم لەسەر ئەوە هەیە، ئێمە هەر لە سەعاتی یەكەمەوە لەگـەڵ  مامۆسـتایان ئـەوێ و لەگـەڵ مـودیر ئـەوقاف و لەگـەڵ یـەكێتیێ زانایـان پەیوەنـدیمان كـردووە، ئـەوەمان بـۆ دەركـەوت كـە ئەگـەر ئـەو مامۆسـتایەن مـەلای مزگەوتەكە، بەراسـتی ئەگـەر هـانی خـەڵكی دابـێ، باشـە بـۆ كەسـێك هەڵناسـتێ بڵێـت مامۆستا بە ئاشكەرا پێمان بڵێ چ بكەین؟، مامۆستا بۆ ناڵێت بچین بسـووتێنین؟، ئەمـە هەسـتانەوەی ئـەم مرۆڤە لەوێ كە دەڵێ مامۆستا بۆ پێمان ناڵێ بچین بسووتێنین؟، ئەمە بەڵگەیەكە كـە مامۆسـتا نـەیگوتووە بچن بسووتێنن، بڕۆن تێكی بدەن، ئەو لەو شریتە ڤیدیۆیەی كە دەردەكەوێ، مودیری ئەوقافێ زاخۆ، لەگەڵ مەلایەك لەناو سەیارە قسە دەكات، ئەمـە مـەلای مزگەوتەكـە نیـە، ئـەوەی كـە قسـە دەكـات لـە مـایكرۆفۆن لەگەڵ مودیر ئەوقافێ زاخۆ، ئەمە بەرپرسی یەكێتی زانایانی لقی زاخۆیە، مامۆستا احمد شـەرنەخییە، مـن بەخۆم بە تەلەفۆن قسەم لەگەڵی كردیە، پـێش سـووتانەكە و پـێش تێكـدان ئـەم قسـانە كـراوە، كـە زانیـان خـەڵكانێك وا لـەپاش جومعـە كۆبوونـەوە و دەیانـەوێ شـەڕێك بكـەن، مـودیری ئـەوقاف لەگـەڵ بەرپرسـی یـەكێتی زانایـان كـە نـاوی احمـد شـەرنەخییە، ئـاوا بـە مـایكرۆفۆن قسـەیان كـردووە، خـەڵك مەكـەن، كاكـە مەكـەن، ئەگـەر مەبەسـتتانە دوكـانی مـەی فرۆشـی و مەسـاجخانەكە لێـرە نـەمینێ، ئێمـە قسـەمان لەگـەڵ قایمقام و لەگەڵ حكومەت كردووە تا ئەوانە نەیلێ، كاتێ ئێمە قسەمان لێ وەرگرتـوون، ئێمـە بـەڵێنمان لـێ وەرگرتوون كە ئەمانە نامینێن، بۆیە بڕۆنە ماڵی خۆتان و شتی وا نـەكـەن، بالفعـل لەگـەڵ قسـەكەی ئـەوان

دیاره خەڵکەکە نەچوویتە ماڵەوەو پاش دوو سەعاتی تر دیاره خەڵکانی دیکە هاتوون و دەستیان بەو کاره کردووە، بۆیە مامۆستای ئایینی نە لە زاخۆ و نە لە شوێنی دیکە دەستی لەو مەسەلانەدا نەبووە، هەروەها نامەی هەرەشە، ئەوەی کە لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە، ئەو نامەی هەرەشەی کە بۆ دوکانی مەی فرۆشەکان چووە، زۆر بەداخەوە لە کۆتاییدا بە دەسخەتێکی ناشیرین نووسراوە مەلا، یەعنی ئەوە مەلا ئەوەی ناردووە، مەلا قەت ئیشی ئەوە نیە، پەیامی مەلا ئەوەیە کەوا ئاشتی و خۆشی و تەبایی و صولح دەکات نەك شتی وا، مەترسی هەرە گەورەمان ئەوەیە لە کوردستان بەڕێزان ، کە ئەوە ئینشاالله نابێ، تێکچوونی ئاشتی و کۆمەڵایەتی نێوان لایەنەکان و نێوان پێکهاتەکانە، برایەکی بەڕێزم دەڵێ: ئەگەر ئێمە کێشە بین، ئەگەر مەسیحی و یەزیدیەکان بوونیان کێشە بێت، ئێمە دەردەچین، ئێمە لێرە پێیان دەڵێین ئەصڵەن کوردستان بە ئێوەوە جوانە، کوردستان بە هەمووومان بە یەکەوە جوانین، ئێمە کە ڕێز لە ئێوە دەگرین، موسڵمان پێویستە ڕێز لە هەموو کەس بگرێ، ڕێز لە غەیری موسڵمان گرتن و هەروەها لە پاراستنی ماڵ و کەرامەت و حیفازکردنی، ئێمەی موسڵمان ئەمە بە دین دەزانین، دینمان ئەمرمان پێ دەکات کەوا ئێمە پارێزگاری لە کەرامەتی و لە ژیان و لە سامان بکەین، لەبەر ئەوەی پێغەمبەرمان (د.خ) دەفەرموێ: (من اذى ذمیً فقد اذاني، ومن اذاني فقد اذى الله)، ئێمە بە دینەوە مامەڵە لەگەڵ ئەو شتانە دەکەین، بەڵام بەڕێزان، وەکو وتم زۆر ناخۆشیشە کە مەسەلەی مەی خواردنەوە و مەی فرۆشتن و ئەوانە ببەسترێتەوە بە خەڵکانێکی کریستیان، لەبەر ئەوەی موسڵمانیش هەیە کاری شتی وا دەکات، ئەمە قەت نەیبەستینەوە بە خەڵکانی ترەوە، بوونی ئەم جۆرە شوێنانە، مەی فرۆشتن و بوونی شوێنی نەخوازراو بەناوی گەشتیارییەوە، زۆر جار کێشەی بۆ دروست کردووین، ئێمە لە هەولێر چەند جار پێش ئێستا داواکاریمان بۆ هاتووە، لە تەوێڵەو بیارە داواکاریمان بۆ هاتووە، شێخانی تەریقەت لەوێ داواکارین کردووە، کاکە گیان ئەوە بەناوی شوێنی گەشتیاریەوە لای مەرقەدەکان و لای شوێنی ناو مەسکەن و سەکەنی خەڵکیدا ئەو شوێنانە بڵاوە، رجا دەکەین لایبەن، بۆیە پێویست بەوە دەکات کە حکومەت بە یاسا ئەو شوێنانە ڕێك بخات، ناڵێم خەڵکان بکوژێ و بگرێ نا، بەڵکو ڕێکی بیەخی لە شوێنێك کەوا خەڵکانێك گلەیی لەسەر نەبێ، بەنیسبەت بڵاوکردنەوەی مەنشورات کە برای بەڕێزم ئاماژەی پێدا، پار ساڵ دیسان لە هەمان کاتدا لە بازاڕەکان مەنشورات لە دژی مەسیحیەکان بڵاوبووە، ئەمە ڕاستە، ئێمە وەکو لێژنەی ئەوقاف و کاروباری ئاینی کارمان لەسەر کرد، لەگەڵ وەزارەتی ئەوقاف دەرچوو ئەمە نە مەلایە وای کردووە و نەخەڵکی ئاین پەروەرە، خەڵکانێکە لەولاوە بۆخۆی شتێك دروست دەکات و پێویستە هەمووومان ئەو کارە مەحکوم بکەین، باس لە وتاری ئاینی کرا کەوا دەکرێ کەوا دەڵێن لە وتاری ئاینیدا تحریض هەیە، بەڕێزان، وتاری ئاینی لە کوردستاندا زیاتر لە 2000 مزکەوت هەیە کەوا وتاری ئاینی تێدا دەخوێندرێتەوە، ئەگەر لە چوار پێنج وتار ئاوا بوو، ئەمە دەکاتە ڕێژەیەکی زۆر کەم، بەڵام بۆ باس لە زۆریەکە ناکەن؟، بۆ باس لەوە ناکەن کەوا وتاری هەیبی و مامۆستایانی ئاینی بۆتە عاملی خێر و سەلام لە مەنتیقەکەدا، ئەوەتا ڕاپۆرتی نێودەوڵەتی دەڵێن کەوا ئەگەر مامۆستایانی ئاینی نەبوایە لە کوردستان، ڕەوشی کوردستان ئەو ئارامیە و ئەم هینەی

بەخۆیەوە نە ئەبینی، دەبێ باسی ئەوەش بکرێ کە مامۆستایان زۆر بە لەخۆبوردەییەوە کارەکانی خۆیان دەکەن و ئێمە وەکو لێژنەی ئەوقاف و کاروباری ئاینی لەگەڵ وەزارەتی ئەوقاف چەندین جار کۆبووینەوە، چەندین جار وەزیری ئەوقافمان بانگ کردووە بۆ لێژنەکەمان بۆ ئەوەی کەوا ئەم مەسەلەی وتاری ئاینی رێک بخاتەوە، دوو کۆنفرانسی گەورە وەزارەت کردوویەتی لە 2009 و لە 2011، رۆژێک پێش رووداوەکانی زاخۆ لە 12-1 ئێمە لێژنەی ئەوقاف و کاروباری ئاینی لەگەڵ کۆربەندی هزری ئیسلامی لە هەولێردا کۆنفرانسیکمان بەست بەناوی چاککردنی وتاری ئاینی، ئەمە راسپاردەکانیش مەوجودن، بەرزی دەکەینەوە و پێویستە وەزارەتی ئەوقاف و لایەنی پەیوەندیدار ئیشی لەسەر بکەن، لە کۆتاییدا دوو داواکاریم هەیە، داواکاری یەکەمم ئەوەیە کە لەمەودوا لەو مەسەلەیەدا هیچ کەس و لایەنێک لە خۆیدا حوکم نەدات، بە تایبەتی راگەیاندنەکانی یەکگرتوو و پارتی، بەراستی پێویستە زۆر زۆر دان بەخۆدا بگرن، بە صبر و بە حیکمەتەوە مامەڵە بکەن، چاوەڕوانی ئەنجامی لێکۆڵینەوەکان و بڕیاری دادگا بکەن تا مەسەلەکە زیاتر گەورەتر نەبێ، دووەم ئەوەیە، ئەم راسپاردانەی لێژنەی ماڤی مرۆڤ و لێژنەی ناوخۆ بکرێتە بڕیاری مولزەم بەسەر حکومەتەوە تا کاری لەسەر بکات و، زۆر سوپاس بۆ جەنابتان.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار اسماعیل سعید فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل سعید محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نوێنەرە بەڕێزەکانی خەڵکی کوردستان، رۆژی هەینی 12-2 رۆژێکی جیاوازە لە رۆژەکانی تر، ناکرێ بە هەمان دیدی 12-1- تەماشای وەزعی کوردستان بکەین، بەراستی لە ئێستادا پێویستمان بە حیوارێکی واقیعی سەریع و صادقانە هەیە، پێویست دەکات لەم رۆژەوە تەماشای رووداوێکی زۆر ترسناکتر بکەین کە من بە خۆم وا هەست دەکەم ئەو حەدەسەی کە لە زاخۆ روویدا، حەدەسێکە مەغزا و مەتنی زۆر گەورە هەڵدەگرێت، دووکەڵی ئاگرێکی زۆر زۆر ترسناك و گەورەیە، کە دواجار هەمووومان مەسئولین لەبەردەم چارەسەر کردنی ئەو وەزعەدا، بەڵام بە پلەی جیاواز، راستە ئۆپۆزیسۆن مەسئولیاتی لەسەرە، بەڵام هەر گیز لەو مەسئولیاتە نیە کە دەسەڵات ئەو مەسئولیەتەی لەسەرە، لەناو دەسەڵاتیشدا ئەو مەسئولیەتەی کە لەسەر پارتیە، زۆر گەورەترە لەو مەسئولیاتەی کە لەسەر یەکێتیە، بە تێڕوانین من، لە ئێستادا ناکرێ وەکو رابوردوو کێشەکان بە شێوازە کلاسیکیە باوەکەی جاران چارەسەر بکەین، بێنین دەزگاکانی راگەیاندن کۆمەڵێك رۆژنامەنووس و میدیاکاری زمان لووس بێنین و موبەریرمان بۆ بدۆزێتەوە، ئەمە چارەسەر نیە، ئەمە ستۆك بووە، ئەمە حەلی کێشەکان ناکات، کێشەکان لە زاخۆ دوو جۆر کێشە بوو، کێشەیەکیان راپەرینی خەڵکی زاخۆیە، ڕاستە بە شێوازێکی ناشارستانی، بە شێوازێکی نا مەدەنی، کە زیانی لە ئابووری کوردستاندا، بە تایبەتی لە سەکتەری ئابووری، ئابووری و گەشتیاری، هەروەها زیانی گەیاندە ئەو سەرمایە مەعنەویەیەی هەرێمی کوردستان کە ساڵانێکە بە هەوڵێکی زۆر کۆی کردووتەوە، هەروەها زەربەیەکی لە

جانیبی ئەمنی هەرێمی کوردستان دا، بەڵام من بۆ خۆم هیچ گومانم لەو خەڵکانە نیە کە هاتوونە سەر جادە کە خەڵکی تێکدەر بێت، یان خەڵکی ئاژاوەگێر بن، یان دەستی بێگانای لە پشت بێت، ئەمە مەعنای ئەوەیە کە من تەئیدی ئەو رەفتارەیان دەکەم، مەعنای ئەوە نیە کە ئەو شێوازەی ئەوان گرتوویانە بەر، شێوازێکی راستە، حاڵەتی دووەم، هەڵکەنە سەر بارەگای یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان، ئەمە چەند جارێکە لە کوردستاندا ئەم حاڵەتە دووبارە دەبێتەوە، دواجار بە هانا و موبەریری ئەمە گوایە هەڵچوونی جەماوەریە، من پێموایە ئەم موبەریرەش موبەریرێکە ئیتر نایخوات، کەس باوەڕی پێ ناکات، پێویست دەکات واقیعی و سەریح و جدییانە لەسەر کێشەکە بڕوێنین، بەڕێزان، لە هەر شوێنێك نا عەدالەتی و ئازادی کەم بوو یان نەبوو و ئاستی هوشیاری خەڵك گەیشتە ئەو دەرەجەیە هەست بەوە بکات کە زوڵمی لێ بکرێ، یان ئازادیەکانی پێشیل کراوە، یان عەدالەتی ئیجتیماعی نیە، بە رێککەوتن روو ئەدات، توند ڕەوی دروست دەبێت، دیارە چارەسەر کردنی توند رەوی پێموایە دواجار تەنانەت بە خودی ئیسلامیەکانیش رێگیر ناکات، چونکە ئەو وەختەی کە ئینسان ئەگاتە ئەو دەرەجەی کە مافەکانی پێشێل ئەکرێت و عەدالەتی ئیجتیماعی نیە و ئازادی نیە، بە دڵنیاییەوە بەرکەوتنی زۆر رووئەدات، ئێمە نموونەیەکی زیندوومان هەیە، پار ساڵ، کە لە سنووری ناوچەکانی سلێمانی، من حەز دەکەم زۆر بە سەراحەت قسە بکەم، لە سنووری ناوچەکانی سلێمانی، ئازادی یان نیمچە ئازادی هەیە، بەڵام عەدالەتی ئیجتیماعی غائیبە، لەوێ خەڵك دێتە سەر جادە، بەڵام ئەو حاڵەتەی کە لە زاخۆ روویدا جیاوازە، یەعنی خەڵك دێتە سەر جادە، بەڵام پەنا بۆ عونف نابات، بەڵام بەو شێوە یە و لەو جێگایە هەردوو مافەکان غایبن و توند ڕەوی رووئەدات، وەبەرەیەکەوتەی توند لێ ئەدات، کە دواجار من پێم وانیە کە چارەسەر کردنی بەکەس رابگیرێت، بۆیە دواجار بە قەناعەتی من بۆ ئەوەی بمانەوێ رێگری بکەین لەبەردەم توندڕەویدا، کە من دڵنیام ئەو جەماوەرەی هاتوونەتە سەرجادە، جەماوەری گۆڕانیشی تێدایە و جەماوەری ئیسلامیشی تێدایە و خودی پارتیشی تێدایە، من وای بۆ ئەچم، بۆ ئەوەی ئەم حاڵەتە تەشەنە نەکات و دواجار توند ڕەوی نەبێتە ڕەفتارێکی دووبارە لە کوردستاندا، پێویست دەکات هەرچی زووترە حیواری واقیعی و حیواری سیاسی و چاکسازی لە کوردستاندا بکرێت، تاکە ڕێگای بنبڕکردنی توند ڕەوی، چاکسازی کۆمەڵایەتیە، چاکسازی سیاسیە و چاکسازی ئیداریە و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار ئاشتی خان فەرموو.

**بەڕێز ئاشتی عزیز صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە راستیدا شتێکی حاشا هەڵنگرە کە هەمووومان زۆر نیگەرانین بە روودانی ئەم دۆخە، خۆشحاڵ دەبین لەسەر کۆمەڵێك ئیش و کاری تری پەرلەماندا دانیشتنی نائاسایی بکرابا، بەڵام ئێستا ئەمە دۆخێکە کە روویداوە من ناچمەوە سەر تەفاصیل و شێوازی رووداوەکان چییە؟، چونکە وەکو راپۆرتی ئەو بەڕێزانە کە

ئاماژەیان پێکرد، بە دەست خۆشکەرییەوە کۆمەڵێك خاڵی بوێرانەتان تۆمار کردووە، سەرەڕای ئەوەی کە راپۆرتەکەتان کۆمەڵێك سەرنجی لە خۆ ئەگرێت، کۆمەڵێك شت ئەبوایە رصد بکرابا لەوانەیە پەیوەندی بە جۆری ئەو دەسەڵاتەوە بێت کە دراوە بە جەنابتان، جۆری دەسەڵاتەکە سنووردار بووە، من کۆمەڵێك پرسیار ئەکەم سەرەڕای ئەوەی کە ئەم دۆخە دۆخێکی دڵتەزێنە بۆ هەموو لایەك، بەڵام ئەگەر رووی دەممان بکەینە دەسەڵات، ئەگەر ئێمە نەتوانین دەست بخەینە سەر برینەکانمان، مەسەلەیەکی زۆر زحمەتە بتوانین چارەسەرێکی گونجاو بدۆزینەوە، من پرسیارێك لە دەسەڵات دەکەم بەراستی، بەو پێیەی کە هەردوو حیزبی گەورە، کە بەرپرسیارییەتی گەورەتر ئەکەوێتە سەریان، ناکرێ بەرپرسیاریەتی کردارێك و کاردانەوەیەك لە یەك ئاستدا خوێندنەوەیەکی بۆ بکرێت، یەعنی بۆ لە رووداو و لە هەڕەشەیەك کە دەکەوێتە سەر هەرێمی کوردستان، ئەمە لە ماوەی ئەمساڵدا ئەمە دوو جارە دووبارە بێتەوە لێمان، ئەبینین دەسەڵات خۆی لە فۆرمی حیزبدا دەبینێتەوە، وەك لەوەی خۆی بنوێنێ لە دەسەڵاتی کۆمەڵێك هەیئەتی ئیداری و کۆمەڵێك رێ و شوێنی سیستەماتیك، بۆ هەمیشە ئەوانە کە پۆستی گەورەیان هەیە لە حکومەتدا، لەکاتی هەڕەشەدا ئەبینیت هەست بە ئەمان ئەکات و جارێکی تر ئەگەڕێتەوە بۆ باوەشی حیزب، لەبەر ئەوەی هەست ئەکات ئەوێ ماڵی خۆیەتی، کەسایەتیەکەی دووەمی دەرئەکەوێت، وەکو کادرەکەی مەکتەبی سیاسی و وەکو کادرە حیزبیەکەی خۆی، مەهامە سەرەکیەکەی بیر ئەچێتەوە کە ئەم بەرپرسە لەبەردەم بەرپرسیارەتیەکەشی گەورەیە کە گەل و نیشتمانە، کە ئەزموونێکی گەورەیە، بەشێك لەو ئاڵۆزیە گەورەیەی کە دروست بووە، بەڕاستی ئەگەڕێتەوە بۆ هەموو ئەو کادیرە حیزبیانەی کە دەست بەجێ لە 24 سەعاتی یەکەمدا بێ ئەوەی بوەستن لەسەر هیچ کاتێك لە ئەنجامی لێژنەکان و لێکۆڵینەوەکان، نا بەرپرسانە تەصریح ئەدەن، ئەمانە دۆخەکەیان ئاڵۆز کردووە، هیچ کاندیدێك لە ئەندام پەرلەمان لە کاتی تەصریحیدا لە 17 شوباتدا نەبووە هۆکاری ئەوەی کە دۆخەکە ئاڵۆزتر بکات، بە هەمان شێوە لەو دۆخەی کە ئێستاش هەیە، کەواتە بەرپرسیاریەکە ئەکەوێتە سەر ئەوەی کە بەراستی پێویستە وەکو ئەوەی کە دەسەڵات ڕۆڵی خۆی نابینێت، پێویستە کۆنگرەی رۆژنامەوانی لەلایەن پەرلەمانەوە ببسترێ دەست بەجێ، بۆ ئەوەی کە دۆخەکە ئارام بێتەوە، بۆ ئەوەی شیکارێکی واقیعیانە بدات بە خەڵك، بۆ ئەوەی کە جۆرێك لە دان گرتن بە خۆیدا، ئەو پەیامە بگەینێتە خەڵك بەو پێیەی پەرلەمان و هەموو نوێنەرانی خەڵك تەمسیلی کوردستان ئەکات، لە بەرامبەریشدا کە پەرلەمان غائیب بێت دەست بەجێ، کە ئەنجومەنی وەزیران غائیب بێت دەست بەجێ، کە سەرۆکایەتی هەرێم کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانی نەکات لەبەرامبەر کۆمەڵێك کادری حیزبی لە پۆستە گەورەکانیاندا، بەڕاستی کە دەڵێ خەڵك ئەلەرزێنێ، کە خەڵك ئەتۆقێنێت، بۆیە هەمیشە ئێمە، دەسەڵات بەداخەوە تا ئەم مەرحەلەیە، ئەمە ناحەقێك نیە، کۆمەڵێك لێدوان هەیە و ئەتوانین بچینەوە سەری، ئەبینین زیاتر لە فۆرمی حیزبی خۆیان ئەبیننەوە، تا ئێستا ماڵی حیزب زیاتر ئەمانە بۆ کادیرە گەورەکان کە لە مەوقیعی بڕیاردانە، یەك پرسیاری تر، بۆ هەمیشە ئینفیلاتی ئەمنی لە دهۆکدا بە بارەگا سووتاندن کۆتایی دێت؟، لە هیچ حاڵەتێکدا دهۆك

ئینفیلاتی ئەمنی تێدا نیە، زۆر کۆنترۆڵە و هەموو شتێك لە ژێر سەیتەرەدایە، هەموو شتێك لە ئاقارێکی زۆر سروشتیدا ئەڕوات، بەڵام هەمیشە کۆتاییەکەی بە سووتاندنی بارەگا دێت، یەعنی ناکرێت ئەم موعجیزانەی کە رێك خراوە، بەراستی ئەمە خوێندنەوەی موعجیزەی بۆ بکەین، لە شوێنیکدا لۆریەك بەرد شکا، کەس نەیزانی و لە دوای چەند رۆژێك ئەمە ئۆتۆمبێلی کێیە؟، ژمارەی ئۆتۆمبێلەکە هی کێیە؟، دەسەڵات بۆ نەچوو لێکۆڵینەوەی راستەوخۆی لەگەڵ بکات؟، دەسەڵات بۆ ئاگای لێ نەبوو کە رەسەن بگاتە بەردەم بارەگایەك کە تابقی سێیەم بسووتێنێت، دەسەڵات دەیتوانی رێی لێ بگرێت، دەسەڵات، حاڵەتەکان کۆمەڵێك خەڵك گێریە شێوێنە، هەمیشە بۆ سووتاندنی بارەگاکانی گۆڕان و حیزبەکانی تریش کە مێژوویەکی تاڵمان هەیە لەگەڵیاندا، لە هەولێریشدا بەرپرسە یەکەمەکان ئەم تەصریحەیان دا کە کۆمەڵێك گێرەشێوێنن و لە ژێر کۆنترۆڵدا نیە، بەراستی بۆ لەکاتی گێڕە شێوێن حوزوری هەیە و ئینفیلاتی ئەمنی هەیە لەو کاتە کە یەکسەر پەنا ئەبرێت بۆ سووتاندنی بارەگا، بەراستی ئەم دەسەڵاتە ئەگەر ئەیەوێت بمینێتەوە بە بڕوای من، لەبەر ئەوەی هەمیشە پارتی دیموکراتی کوردستان داوای متمانەی زیاتر لە خەڵك ئەکات، ئێمەش خۆشحاڵین، حیزبێکی گەورەیە و فەخری پێوە ئەکەین و هەموومان مێژوویەکی گەورەمان هەیە لەگەڵیدا، بەڵام لەبەرامبەردا بەراستی ئەبێ خۆی کۆنترۆڵ بکات، پارتی دیموکرات ساڵێکی تەواو نەکردووە، دوو جار دوو ئینفیلاتی ئەمنی گەورە ئەکات، یەکێکیان لە 17 شوبات و یەکێکیان لە وەڵامدانەوە بۆ ئەو مەسەلەیە، لەبەرامبەردا هەموو ئەوانەی کە هاوسۆزیان هەیە، ماڤ خۆیانە کە لە بەرامبەردا کە ئەڵێن کرداری خراپ کراوە لە بەرامبەردا، بەڵام هەرگیز ناکرێ کاردانەوەکان سەد قاتی کردارەکان ئەوەندە نا مەسئولانە بێت کە کرداره ناشرینەکە بسڕێتەوە، ئێمە، من خۆم وەکو ئەندام پەرلەمان هەرگیز لەگەڵ ئەوە نیم هیچ بژێوێکی خەڵك بچێتە ژێر هەڕەشە، هیچ ئازادییەکی خەڵك زەوت بکرێت، بەناوی هیچ دینێك و بەناوی هیچ نەتەوەیەك خەڵکێك بچەوسێنیتەوە، پێویستەئەقەلیەت، من خۆم لەناو پەرلەماندا کەمینەم، داوای ئەوەش دەکەم کە ماڤی کەمینە لەسەر بنەمای ئایینە؟، ڕەگەزە؟، تائیفیەتە؟، نەتەوەیە؟، هەر شتێکە؟، پێویستە رێزی لێ بگیرێت، بەڵام ئەگەر ئێمە بەرپرسیاریەتیەکی زیاتر بخەینە سەر ئەستۆی پارتی دیموکراتی کوردستان، لەبەر ئەوەی خۆش بەختانە حیزبێکی گەورەیە، ژمارەیەکی زۆری ئەندام پەرلەمانی لەناو پەرلەمانی کوردستاندا هەیە کە زۆربەی سەرۆکایەتی لێژنە ئەمنییەکانی پارێزگاکان لە دەسەڵاتی ئەم پارتە دایە، موحافزتان هەیە، وەزیرە بەرێزەکان بەشێکی گەورە ئەکەوێتە چوارچێوەی پارتی دیموکراتی کوردستان، لەبەر ئەوەی ئەگەر بەرپرسیارەتیەکەی زیاتر بێ، لەبەر ئەوەی لەبەرامبەردا ئەرکێکی گەورەتری لەسەر شاندایە، حیصەیەکی زیاتر بەرکەوتووە، بەرپرس بووە لە تەشکیل کردنی حکومەت، مەسئولیەتەکە زیاتر ئەکەوێتە سەر شانی، هەمیشە یەك شت ئەوتری لەو دۆخەدا کە ئەمە خاڵێکی زۆر خەتەرترە، وەك لە خاڵی یەکەم کە بەراستی حیزب خۆی وێنە ئەکات لە گرفتەکاندا، کادیرە حیزبیەکان ئەبن بە زمان حاڵی گرفتەکان کە پێویستە خەڵکی تر بێت، بە جورئەتەوە دەست ناخەینە سەر برینەکان، ئەمانەوێ چارەسەرکرنەکانیش گریمانە بێت، بە فاڵ، فاڵ

بگرینەوە بۆ ئەوەی کە چارەسەر کردن فرێ بدەین، ئەمە ناکرێ ئێمە لە بەرامبەردا جورئەتی ئەوەمان نەبێ دەست بخەینە سەر برینە سەرەکیەکان، چونکە هەر دەست خستنە سەر برینەکان خۆی بۆ خۆی مەقولەیەکی زۆر کۆن و تەقلیدی هەیە کە درك کردن بە نەخۆشیەکە خۆی بەشێکی گەورەیە لە چارەسەرکردنەکە، بۆیە ئێمە، من بەو شێوە ڕاشکاویە قسە دەکەم، وەکو پێشتریش داوام کرد بەراستی پارتی دیموکراتی کوردستان داوای لێئەکەین و ئەبێ زیاتر خۆی کۆنترۆڵ بکات و بەو پێیەی کە بەرپرسیارییەکەی زیاترە، ناکرێ بەرپرسیارییەتی ئەو لە ئاستی بەرپرسیاریەتی ئۆپۆزیسۆندا بێت، یەکێکی تر لە خاڵە هەرە خەتەرناکەکان کە ئێستا ئیشی بۆ ئەکرێ کە بەو ئاقارەدا بڕوات، ئەوەیە کە باس لەوە ئەکرێ ئەمە هەڕەشەیەك هەیە بۆ پێکەوە ژیانی نەتەوەیی یان ئایینی، من بڕوام وایە شتێك لە ئێستادا لە خەتەردایە، لە ئەنجامی ئەوەیە کە بنەمایەك نیە بۆ پێکەوە ژیانی سیاسی، نەك خەتەرێك هەبێ بەناوی پێکەوە ژیانی نەتەوەیی بێت، پێشتر ئێمە، مێژوو شایەتە، پێکەوە ژیانی سیاسی لەو پەڕی خەتەر دابووە لە ئەزموونی شاخدا، بەڵام پێکەوە ژیانی ئاینی و نەتەوەیی لەم کوردستانەدا هەرگیز لە ژێر هەڕشەدا خۆی نەبینێتەوە، ئەگەر ئەمە کەلتووری شاخە، ئەهێنرێتەوە و ڕقی کۆنە، جارێکی تر تەشەنە نەکرێتەوە، بەڕاستی دەبی هەموومان بەرپرسیارانە و بە ملی ئۆپۆزیسیۆنەوە ئەبێ هەمووومان بەری لێ بگرین لەم کەلتوورە ئەگەر هاتووە، ئەگەر ئەمە کەلتوورێکی تر بەراستی جارێکی تر تەرسیخ ئەکرێتەوە وجێگیر ئەکرێتەوە بۆ ئەوەی کە جارێکی تر پێکەوە ژیانی سیاسی ئەستەمە لێرە هەبێ، بەراستی ئەمە خەتەرە و من بە حەقی خۆمی ئەزانم کە قسەی لەسەر بکەم، چونکە بەراستی ئەمە هەڕەشە کردنە بەسەر دیمەکراسیەت، ئەگەر دیموکراسیەت لە ژێر هەڕشەدا بێت، ئۆپۆزیسۆن لە پەرلەمان دەچێتە دەرەوە، سیاسی ئەچێتەوە دەرەوە، من وەکو  تاکیش ئەو کاتە شوێنێك نابێ دەنگی خۆی لێوە بەرز بکەمەوە، بۆیە من بڕوام وایە، ئەگەر بە ویژدانەوە موعامەلە لەگەڵ دۆخەکەی بکەین، ئەمە خەتەرێکی گەورەیە، یەکتر قبوڵ نەکردنە، لە چوارچێوەی قبوڵ نەکردنی پێکەوە ژیانی سیاسی، نەك پێکەوە ژیانی ئاینی و نەتەوەیی، من لە کۆتاییدا ئەمەوێ لەسەر ڕاپۆرتەکە هەندێ خاڵ پێویست بوو ئیزافە بکرابایە، یەك، داواکار بووم کە لە سەرەتای ڕاپۆرتەکەدا هەردوو لێژنە داوای دەسەڵاتێکی زیاتری بۆ لێژنەکانیان بکردبایە، چونکە بەراستی ئەم سەردە قصەصیە یەکێك لەسەر شەقامێك وای وت، فلان کەس وای وت، نە ئەتوانی لەسەر ئەمانە، من رەصدی حەقیقەکانم بۆ ناکرێ وەکو ئەندام پەرلەمان، جارێکی تر ناچار دەبم من لە دوای ئەم قسانە برۆمە دام و دەزگاکانی حکومەت، بۆ ئەوەی بزانم حەقیقەتەکان لە کوێیە؟، یەعنی ئەمە پێویست بوو داوا بکەن، ئەگەر رائەسپێردرێن بە ئەرکێکی وا بە سوپاسەوە و بە تەقدیرێکی زۆر بۆ پەرلەمانی بەڕێز، بەڵام داوای دەسەڵاتێکی زیاتریان بکردبایە، چونکە ئەوەی سەیری ڕاپۆرتەکە بکات ئەزانێت دەسەڵاتیان زۆر دیاری کراو بووە، خاڵێکی تر، بۆ هیچ دۆکیۆمێنتێکی فەرمی لە یەکێك لەو دام و دەزگانە وەرنەگیراوە بۆ ئەوەی هاوپێچ بکرێ لەگەڵ ئەم ڕاپۆرتەیە؟، تەنها دۆکیۆمێنتێك، بەڕاستی کە ئەمە بە دۆکیۆمێنت حیساب نیە کە هاوپێچ کراوە، پێویست بوو ئەوان بە کۆمەڵێك بەڵگەی

فەرمییەوە بهاتنابایە، بخرابایە بەردەم ئەندامانی پەرلەمان و ئەمانتوانی جەلسەکەش تەئجیل بکەین، تاکو دۆکیۆمینتەکان تاوتۆ دەکرێن و بە عیلاقاتی خۆمان پەیوەندیمان بکردبایە و بگەیشتباینە راستی، ئێمە ئێستا زیاتر لەسەر راستیەکان قسەمان بکردبایە وەك لەوەی جۆرێك لە سەردی ئەو شتانەی کە خەڵك وتوویەتی، من پێم باشە لەناو ئەو راپۆرتە بەراستی وەزیری ناوەخۆ بێبەش نەکرێ لەوە، چونکە ئەم ئینفیلاتە گەورەیە، بە هەمان شێوە سەرۆکی لێژنە ئەمنییەکانیش لە موحافەزەکاندا، ئەمانەش ناکرێ ببێت بە رێکارێکی یاسایی رووبەرووی بەرپرسیاریەتی ببنەوە، لەبەر ئەوەی ئەو بەرێزە بەرپرسە، وەکو وەصفی وەزیفیەکەی وەزارەتەکەی، بەرپرسە لەبەردەم ئەوەی کە ئەمنیەتی هەموو ناوچەکانی کوردستان لە ئەستۆی بەرێزیتی، زۆر سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سوپاس، رێزدار پەیمان خان فەرموو، نیە، رێزدار پێشەوا فەرموو

**بەرێز پێشەوا توفیق مغدید:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

گرنگە ئەوە بڵێین کە ئەو رووداوانەی کە بەو دواییە روویدا، کە یەکەمین رووداو نیە کە لە هەرێمی کوردستان رووبدات، کە بە دڵنیاییشەوە ئاخیر رووداو نابێت کە لە هەرێمی کوردستان رووئەدات، من دەمەوێ ئەوە بڵێم، تەنها یەك رۆژ کە دوای ئەوەی وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار لێرە، لەبەردەمی هەمووومان باسی لەوە کرد کە بەرنامەی وەزارەتەکەی چییە بۆ گەشە پێدانی کەرتی کشتوکاڵی، تەنها یەك رۆژی تێپەر بوو بەسەر وتەکانی بەرێز وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار، گەورەترین گەشتی گەشتیاری لە سنووری پارێزگای دهۆك کەوتە بەر هێرش و پەلاماردان و سووتان، کە بەراستی ئەمە کارەساتێکی زۆر گەورە بوو، من دەمەوێ قسە لەسەر ئەوە بکەم، ئەوە کە لە راپۆرتەکەی هەردوو لێژنەی هاوبەش هاتووە، رەنگە ئەمە بەشێکی بێت، رەنگە رووداوەکە زۆر لەوە گەورەتر بێت کە ئەوەی کە بۆ ئەو دوو لێژنە بەرێزە باس کرابێ، تەنها بەشێکی رووداوەکەیە، رووداوەکە زۆر لەوە گەورەترە، من پێموایە حەقیقەتی رووداوەکە دەکرێ من بیکەم بە دوو بەشەوە، راستە ئەوەی کە لە رووداوەکە روویدا، هێرش و پەلامار و سووتان بوو، بەڵام دوو بەشە، بەشێکیان هێرش و پەلاماردان و سووتانی شوێنە گەشتیاری و ئەو شوێنانەی کە مەساج کردن تێیدا دەکرێت، شوێنی فرۆشتنی مەشروب و هوتێل و گازینۆ و شوێنە گەشتیارەکان، بەشەکەی تریش، هێرش و پەلاماردانی بارەگاکانی حیزبێکی سیاسی ئەویش کە یەکگرتووی ئیسلامیە، لە سنووری ناوچەی بادینان، پرسیارێك هەیە لێرە، ئایا ئەو کەسانەی کە گردبوونەوەکەیان ئەنجامدا، ئەمانە لایەنگر و ئەندام و هەواداری حیزبێك لە حیزبەکانی سیاسی لە هەرێمی کوردستانن؟، یاخود ئەوانە خەڵکی ناوچەی بادینان و بەتایبەتی خەڵکی ئەو شوێنانەن کە گردبوونەوەکەی تێدا روویدا، یان خەڵکانێکن کە نارازینە لە ئەدای دەسەڵات و لەوەی کە بەشێك لەو شوێنانەی کە سووتاوە، لەگەڵ رەئی

ئـەوان و بۆچوونی ئـەوان نايەتـەوە؟، يـاخود خـەڵكێكن لـە دەرەوەی سـنوورەكە هێنـراون؟، مـن بـۆ ئەمـە دووشـت ئەهێنمـەوە، دوو نموونـەی وازيـچ و بەرچـاو كـە مـن لـە گرتـە ڤيديۆييـەكان بەرچـاوم هـاتووە، يـەكێكيان لـە كـاتی گردبوونەكـە لـە يـەكێك لـە كەناڵـەكانی راگەيانـدن، لافيتەيـەكی سـەوز هەيـە، چـەند گەنجێك گرتوويانە و لێی نووسراوە (لا اله الا الله، محمد رسول الله)، لە گرتەيەكی تری ڤيديۆييدا، شـوێنێك سووتاوە وا نووسرابوو كە ئەم شوێنە شوێنی مەساج كردنـە، ئاپۆرايـەكی جـەماوەری ديـاربوو لـە شـوێنەكە هاتنـە خـوارەوە، لـەناو ئاپۆرايەكـە رەسمێكـی مـەلا مستەفای بـارزانی بـە دەسـت يەكێكەوە بەرزكراوتـەوە، بەراستی ئەمە پرسـيارێكە بـۆ لايـەنی سياسـی، بـە تايبـەتی ئـەو دوو لايەنـە سياسـيەی كـە ئێسـتا خەريكـە عـەقاری رووداوەكـە بـەرەو ئـەوە بچـێ كـە ببێتـە ململانێيـەكی سياسـی، نـاكرێ، چـی نـاو لـێ دەنـێين ئـەم دياردەيە؟، ياخود ئەم دوو گرتەيە؟، يەعنی ئەمە دەلالەتە لەسەر ئەوەی كە ناكرێ لايـەنێكی سياسـی، ئـەو خەڵكە حيساب بكات لەسەر لايەنی بەرامبەری، ياخود لايەنەكەی بەرامبەری ئينكاری بكات لەسـەر ئـەوەی كـە خـەڵكی ئـەو نيـە، بۆيـە بەراسـتی ئەمـە لێكۆلينەوەيـەكی وردی دەوێ ئـەم دياردەيـە، بەشـی دووەميـان ئەوەيە كە، ئەو كەسـانە كـێ بـوون كـە هـەڵيان كوتايـە سـەر بارەگاكـانی ئيسلامی لـەو ناوچـەيە؟، بـە پێـی زانيارييەكان، وەكو ئەوەی كە لە راپۆرتەكەشدا هاتووە، ديارە گردبوونەوەكە كاتژمێر يەك بـووە، هێـرش و پەلاماردانەكە لە كاتژمێر 4ی ئێوارە روويـداوە، بـەو پێيـەش لـە كاتـژمێر يـەك تـا 4 ، 3 سـەعات هـەبووە بەپێی ئەوە، بەراستی بەرپرسـيارەتيەك دەكەوێتـە ئەسـتۆی بەرپرسـی ئيـدارەی ئـەو ناوچـەيە، كـە رەنگـە سەرۆكی لێژنـەی ئەمنيش بێ و بەو دوا دواييەش ژووری عەمليـاتيش دروسـت بـووە لـەو ناوچـەيە، بـەپێێ بڕيارێكی سەرۆكايەتی هەرێم، كە لە خيلالی ئەو سێ سـەعاتە غيـابی ئـەوان بـۆ چـی؟، ئايـا هەسـتيان بـەو مەترسيە گەورەيەيان نەكردووە كە كارێكی ڤيزەون و خراپ لەو شێوەيە روويـداوە، بۆيـە مـن وای دەبيـنم كە بەرپرسياريەتی يەكەم و بە دەرەجە يەك، هەر وەكو لـە راپۆرتەكـەی بەرێزيشـتان دا هـاتووە، مامۆسـتا مەلا ئيسماعيل سندی 20 دەقە باسی لە شوێنی مەساج و فرۆشتنی مەشرۆب و كۆمەڵێك لەو بابەتـە كـرد، ئەگەر چی خوتبە نيو سەعاتە بە پێی وەزارەتی ئەوقاف كـە بڕيـاری لـێ دراوە، ديـارە زۆرينـەی وتارەكـەی تايبەت بووە لەسەر ئـەو بابەتـە، هـەر وەكـو بـەڕێز سـكرتێری پـارتی ديمـوكراتی كوردسـتانيش، سـكرتێری مەكتەبی سياسـيان باسـی لـەوە كـردووە كـە ڕەنگـە گردبوونەوەكـە و هێـرش و پەلاماردانەكـە لـە ئـەنجامی وتارەكان يـان هانـدانی ئـەو مامۆسـتا بـەڕێزە بـووبێ كـە گـرد بـوون و پەلامارەكـە دروسـت بـووە، بەراسـتی پرسيارێك ئەوەيە كە زۆريش باس كرا، بۆچی تا ئێستا ئـەو مامۆسـتا بـەڕێزە ئيجرائـاتی لەگـەڵ نـەكراوە؟، لەبەر چاوی هەمووومان لە كەناڵەكانی راگەياندنەوە لێدوان بە ئـارەوزووی خـۆی دەدا، ئـەو هـيچ دەسـتێكی لەوە نەبووە، شتێكی ترسناكتر، من پێشبينی دەكەم ئەوەيە كە ئەو رووداوە خراپە، ئەو رووداوە ڤيزەونـەی كە روويداوە خەرێكە بـەرەو ئاقـارێكی تـر دەبـردرێ، ئێسـتا لـە رووداوەكـە دەرچـووە، بـەرەو ململانێيـەكی سياسی چووە لە نێوان دوو حيـزب لـە كوردسـتان كـە ئـەويش پـارتی ديمـوكراتی كوردسـتان و يـەكگرتووی ئيسلامی كوردسـتانە، ئێمـە بينيمـان لـە دوای رووداوەكـە، هـەر يـەكێك لـەو دوو حيزبـە، بەرپرسـياريەتی

خستە سەر شانی حیزبەکەی بەرامبەری، یەکتریان تۆمەت بار کرد بەوەی کە، ئەوانەی کە پەلاماری شوێنەکانیان داوە، لایەنگر و ئەندامی حیزبێکن و ئەوانەی کە بارەگاکانیان سووتاندووە، لایەنگر و ئەندامانی و هەواداری حیزبێکی ترن، لە نێوان ئەم دوو حیزبەدا، بۆیە بەراستی من تەصور دەکەم کە ئەمە کارەساتێکی ترسناکە، ئەمە خەتەرێکە و ئێمە دەبێ باش بیر لەوە بکەینەوە کە هەرێمی کوردستان موڵکی هەموومانە، هەموو لایەنە سیاسیەکان، هەموو هاووڵاتیانیش ئەوە بزانن کە هیچ حیزبێکی سیاسی بە تەنیا خاوەنی کوردستان نیە، هیچ حیزبێکی سیاسیش خێر بە حیزبەکەی تر ناکات کە ممارەسەی کاری سیاسی بکات لە هەرێمی کوردستان، هەموومان شەریکین لە کوردستان، کوردستان ڕەنگە بە هەموومانەوە جوان بێ، هیچ لایەکیش ناتوانێ لایەکەی تر ڕەش بکاتەوە و لەناوی بەرێ، ئەوە شتێکە بە دڵنیاییەوە دەبێ هەموومان قەناعەتمان پێی هەبێ، بۆیە خەتەرێکی تر ئەوەیە کە بەڕاستی ئاگرێك هەیە ئێستا لە ڕاگەیاندنەکانەوە خۆش دەکرێ، ئەم ئاگرە ئەگەر بەری پێ نەگیرێ، بەراستی تەشەنە دەکات و ڕەنگە کارەساتی زۆر گەورەتر رووبدات لە کوردستان، بۆیە ئەرکی هەموو لایەکمانە بەدەر لە بیر کردنەوەی حیزبی و بەدەر لە ململانێ سیاسی، هەوڵ بدەین ئێمە وەکو نوێنەرانی خەڵك لە پەرلەمانی کوردستان، بە دەر لەوەی کە هەر یەکەمان لەسەر حیزبێك و لایەنێکی سیاسی حیسابین، هەوڵ بدەین کارێك بکەین بۆ ئەوەی رووداوەکان بە ئاقارێك ببردرێ یاسا ئیجرائاتەکان بکات، ئەو کەسانەی کە بەرپرس بوون، ئەوانەی کە شوێنەکانیان سووتاندووە لە شوێنە گەشتیارییەکان، لە هەموو ئەوانەی کە باسم کرد پێشتر، ئەوانەی کە بارەگاکانی حیزبیان سووتاندووە و ئەوانەی کە کەمتەرخەم بووینە و ئەوانەی کە هانی خەڵکیان داوە، لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ بکرێ، من دوا قسەم ئەوەیە کە ئەو راسپاردانە ئەگەر بکرێ بە بڕیار، تەنها لەگەڵ خاڵی چوارەم نیم کە حکومەت تەعویزی ئەو لایەن و ئەو شوێنانە بداتەوە کە سووتاون و هێرشیان کراوەتە سەر، بەراستی ناکرێ مەسەلە تۆ لە هەموو شتێك، رووداوێك رووده‌دا، تەعویز و قەرەبوو بخرێتە سەر شانی حکومەت و حکومەتیش لە ماڵی هاووڵاتیانەو خودی هاووڵاتیانە کە تەعویزی ئەو شتانە بکاتەوە، بۆیە پێویستە ئەو کەسەی کە بەرپرسە،  ئەو کەسانەی کە بەرپرسیارییەتی ئەکەوێتە ئەستۆی دوای لێکۆڵینەوە لەگەڵیان، ئەوانە تەعویزی ئەو شوێنانە بداتەوە، ئەگەر بکرێ ئەو تەوصیاتانە و ئەو بڕیارانە بکرێ بە بڕیار و جێبەجێ بکرێ لە لایەن حکومەتی هەرێمەوە، من تەصەوەر دەکەم ڕەنگە رووداوەکە وردە وردە بەرەو ئەو ئاقارە بەرین کە چارەسەری بکرێ نەك گەورەتری بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس، بەڕێز ڕێباز فەرموو.

**بەڕێز ڕێباز فتاح محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من بۆ خۆم قەناعەتم وایە کە هەم ئەو ڕاپۆرتەی کە لێژنەکە ئامادەیان کردووە و هەم بەشی زۆری قسەی ئەندامانی پەرلەمان لە دانیشتنەکەدا قسەی سیاسی بوون، لە کاتێکدا ئیشی پەرلەمان لێپێچینەوەیە لە

حکومەت کە چوون تـەعامولی لەگـەڵ ئـەو رووداوە کـردووە، ئەبوایـە راپۆرتەکـە بـەو ئاراسـتە بوایـە نـەك قسەی خەڵك، یاخود خوێندنەوەیەکی سیاسی بکردبایە و بێ لەناو هۆڵی پەرلەمان بیخوێنینـەوە، مـن پـێم باش بوو راپۆرتەکە ئیشی لەسەر ئەوە بکردبایە کـە لـە سـەرەتای رووداوەکـەوە، دام و دەزگاکـانی حکومـەت چۆن تەعامولیان لەگەڵ رووداوەکە کردووە، کەمتەرخەمییەکانیان لە کوێدایە؟، راپۆرتەکە نەیتوانیوە ئـەو بابەتانە بدات بەدەستەوە، ئایا دام و دەزگاکانی حکومـەت بـە شـێوەیەکی بـێ لایەنانـە تـەعامولیان کـردووە لەگەڵ هەردوو کێشەکە؟، یاخود کێشەکە بەرو ئاراستەیەك ئەبرێت کـە لایـەنێکی تـر یـاخود ئاراسـتەیەکی تری کێشەکە ئیهمال ئەکرێت؟، لێرە یەك خاڵ ئاماژەی بەوە داوە کە لەبەر ئەوەی کەمتەرخەمی کـراوە لـە لایەن هێزە ئەمنییەکانەوە، گوایە ژمارەی ئاساییش یاخود پۆلیس کەمە، ئەبوایە قسەی لێژنـە لەسـەر ئـەوە بوایـە کـە، باشـە، یـەعنی کـاك ئـارامیش باسـی کـرد، ئێمـە لـە 40٪ موەزەفـەکانی ئـەم حکومەتـە هێـزە ئەمنییەکانن، باشە ئەم ڕێژەیە بکرێ بە چەند کە ئەمنیەت ئـەپارێزرێ؟، ئایـا بکـرێ بـە 100٪؟، یـان بـە تەمای بکرێت بە چەند کە ئەم کێشەیە چارەسەر بکرێ؟، یاخود ئەو کێشەیە بە عەمدی کراوە؟، یاخود لە راستیدا ئەو ژمارە زۆرە کە هێزی ئاسایش و پۆلیس هەمانە، تەنها ناوە و لە راستیدا وجودی نیـە، زۆر لـە راگەیاندنەکان باس لە جیرانی ئەو کەسانە دەکەن کە بەشداریان کردووە لە سووتاندنی سـەنتەری مەسـاج، مەی فرۆش، دوکان، شتی لەو بابەتە، بەڵام یاخود لە بەرامبەر ئـەو کەسـانەی کـە هێرشیان کـردووە سـەر بارەگاکانی یەکگرتوو، ئەوانیش بە هەمان شێوە تەعامولیان لەگەڵ کراوە؟، پرسیارێکی تر ئەوەیە، ئایا ئـەم دەستگیرکردنانە بە بڕیاری دادوەرە؟، ئەگەر بە بڕیاری دادوەرە، چۆن ئەکرێ سەعات 11ی شەو و سـەعات 12 ی شەو تۆ بدەی بەسەر ئەم ماڵانەوە و خەڵك دەستگیر بکرێ؟، هەڵبەت تەنها لەم کیشـە رووی نـەداوە، وەکو لە کاتی تریشدا و لە بۆنەی تریشدا ئـەم کێشـەیە دووبـارە بوویتـەوە، لەبـەر ئـەوە قسـەی مـن لەسـەر راپۆرتەکە ئەوەیە، دەبوایە ئیهتیمام بە چاودێری کردنی کاروبـاری حکومـەت و دام و دەزگاکـانی حکومـەت بکرابا، ئەگەر کەمتەرخەمی هەیە، بەرپرسی ئەو دام و دەزگایانە متمانـەی لـێ بسـەندرێتەوە، ئـەدی کـاری پەرلەمان چییە کاتێك کە کەمتەرخەمی کراوە؟، هیچ عـوزرێکیش نیـە بـۆ ئـەو کەمتەرخەمیـە، کۆمـەڵێك راسپاردە دانراوە، من نەك داوای ئەوە ناکـەم کـە ئـەم راسـپاردانە بکرێنـە بڕیـار، ئەصـڵەن داوا دەکـەم ئـەم راسپاردانە هەر لابرێن، چونکە هـەموو راسـپاردەکان، مـن ئەپرسـم، کامـە راسـپاردە بـە یاسـا بـوونی نیـە؟، هەموو راسپاردەکان و هەموو بڕیارەکان بە یاسا بوونی هەیە، یـەعنی ئەگـەر یاسـا ئـەو کێشـانەی چارەسـەر نەکردووە کەواتە ئێمە کێشەی یاساییمان هەیە لە کوردستاندا، ئەگەر کێشەی یاساییشمان نیەن کەواتـە بـۆ ئێمە لێرە دووبارە راسپاردەکان تیکـرار دەکەینـەوە؟، مـەوزوعێك زۆر قسـەی لـە بارەیـەوە ئـەکرێ، پێکـەوە ژیانی ئاشتیانەیە، من لەگەڵ ئەوە تەئکید لە قسەکانی ئاشـتی خـان دەکەمـەوە لـە جیـاتی ئـەوەی بـاس لـە پێکەوە ژیانی سیاسی بکرێ، باس لە پێکەوە ژیانی ئـاینی و مەزهـەبی و ئـەو شـتانە ئـەکرێ و بـە تەحدیـد باس لە یەکگرتوو ئەکرێ، من پێموایە بەهێزترین شوێنی یەکگرتوو لە کوردستان، ناوچەی هەڵەبجەیە، لـە هەڵەبجە کاکەییەکان کە ئاینێکی جیاوازن لەگـەڵ لایەنـەکانی تـریش لـە هەڵەبجـە وجودیـان هەیـە، ئەگـەر

کێشەیەك لەو بابەتە رووی بدابا و تەحریزێك بوایە بەو شێوەیە، دەبوایە لەو ناوچەیە رووی بدابا، لە کاتێکدا پێکەوە ژیانێکی ئاشتیانە زۆر باش لەو ناوچەیە وجودی هەیە و هیچ جێگەیەکی تر بەو شێوەیە وجودی نیە، من تەئکید لەوە دەکەمەوە کە پێکەوە ژیانی ئاشتیانە هەموومان لەگەڵین، من وەکو فراکسیۆنی گۆڕان پێموایە پرۆژە یاسایەك لەو بارەیەوە پێشکەش کردووە تا ئێستا نەخراوەتە ناو بەرنامەی کارەوە، بەڵام قسە کردن لەسەر ئەو مەوزوعە خەتەرە و یاری کردنە و گەمەیەکی سیاسی زۆر خەتەرە، ئێمە بەم قسەیە، دوو موشکیلە دروست ئەکەین، یەکێکیان ئەوەیە کە خەڵکی کوردستان تاوانبار دەکەین، بەوەی کە پێکەوە ژیانی ئاشتیانە لەگەڵ ئاینی جیاواز و لەگەڵ نەتەوەی جیاواز قبوڵ ناکات، ئەوە لایەنێکە، قسەیەك پێموایە د.بشیر کردی، یەعنی قسە کردن و بردنی ئەم کێشەیە بە ئاراستەی پێکەوە ژیانی ئاشتیانەی ئاینی و نەتەوەیی، کەمکردنەوەی مەسیحیەت، یەزیدی، لایەنەکانی تری لە مەی خواردنە، یەعنی پێموایە ئەمە هیندەی بەرگری کردنە لەو لایەنانە و کەم کردنەوەی رۆڵ و کەمکردنەوەی ماڤ ئەوانە و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سوپاس بۆ جەنابت، رێزدار ئامینە خان فەرموو.

**بەڕێز امینە ذكري سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پەرلەمانتارێت بەڕێز، ئەز خازم تشتەکێ بۆ هەوە ڤەگێرم، کو دوهی دگەل من چێ بوی، دوهی د تەلەفۆنەکێدا کو هەڤالەکێ منی ئێزدی دگەل من تەلەفون کر، ب ڕاستی تشتەك گەل من بەحس کر، کو ویژدانا ئینسانیەتێ پێ دێتە هەژاندن، کۆتە من کوڕێت من یا چار ساڵی ناڤێ وی یارسانە، کۆتێ، باب دێ کەنگین موسلمان دێن مالامە سۆژینن؟، ب ڕاستی وەختێ وەگۆتی ڕۆندکێت من هاتنە خارێ، من شەرم ژ خۆ کرد، کو ئیحساسەك بچیکەك دروست ببیتن، بچیکەکێ چار ساڵی دروست ببیتن، کو ترس وەڵاتێ خۆدا، گەل جیرانێت خۆ دروست ببیتن، ئەڤە تێکدانەکا مەزنە، شیرازا یا جڤاکیا وەلاتێ مەیە، پاراستنا ژیان، سایکۆلۆژی ڤی زارۆکا مەسئولیاتە مەیە، مەسئولیاتە مەیە کو نەهێلین ئەڤ ترس و ئیحساسە ناڤ ئەمسالێت بنیامین و یارساندا دروست ببی، مەسئولیاتە مەیە کو نەهێلین ئەڤە چەن سالە هێزێ سیاسی کوردستانێ کار بۆ هەندێ دکەن، بۆ نەهێلانا عونصریەتێ، پێکڤە ژیانا ئاشتیانە، لێبورینا ئاینی، سەلامەتیا کەسی، حوریەتێ تاکە کەسی، ئازادیێ کو دڤی وەلاتێدا خەبات بۆ کری، ب ڕاستی دهێنە شێواندن و بێنە بن عەلامەتێت ئیستیفهامێ، کو بۆ هندێ ئەڤ خەباتا هاتیە کرن، دەستێ لایەن گەرەکێ ئاژاوەگەڕو خودان ئەجێندای سیاسی ڕێکخستی تێك بچی، ب ڕاستی ئەم هەمی موقابیلێ ڤێ ڕاستین، بەڕێزان سەرەڕای ئیدانە کرنا هەمی ئەو ڕوودانێت کو بادینان چێ بوی، ب ڕاستی من دڤێت ئاماژە بدەمە خالەکی کو بوارێ ئەمنی پارێزگەها دهۆکێ، هەتا نوکە ئەو ئارامگیری و سەقامگیریە کو ب خۆوە هەبوو، کۆمەڵ پتریا وێ دزڤریتن، بۆ کەلتورو هاریکاریا خەلکێ وێ دەڤەرێ، تەبیعەتێ خەلکێ دهۆکێ زڤریتەڤە، ب ڕاستی ئەو ڕوودانێت

چێ بووی، ئەوە بۆمە هەندێ زڤرینتەڤە کو هێزێت ئەمنی پارێزگەها دهۆکێ، ڕاوەستانەك سەر بێت، هەم ژ لایێ کەمیڤە، هەم ژلایێ نەوعیەتێ ڤە، ژ لایێ کەمیەتێ ڤە بۆ هندێیە کو پۆلیسا لێرهەی ل گۆر ڕاپۆرتا لیژنا کو سەرەدانا دەڤەری کری، ئەو هێز تێدا ئارام کرنا هەر ڕوودانەکێ ناکاو، ژ لایێ نەوعیڤە ژی، پۆلیس مە دیتن، ژ لایێ تەجهیزەتێ ڤە ب ڕاستی وەختێ گەنگەشە قانونێڤە، یا خۆپیشاندان هاتە کرن، مە نوێنەرێت پارێزگەها دهۆکێ هەتا نوکە پارێزگەها دهۆکێ، پۆلیسێ چالاکیێت مەدەنی نینە، ئەو پۆلیسێت هەی ژی نەهاتینە ڕاهێنان، هیچ پێتڤیەك وەك جل و بەرگ، ماتۆڕ، دار، ئەو تشت بەدەست وەنینە کو بەرەڤانیا ژ خۆ بکە، چەند جحێلەك بێنە سەر شارعی بەرێ لێ بگری، نەشێن تەقە بکەن، چ تشتی دیکە ژی نینە بەرەڤانیا ژ خۆ بکە، کا چانێ مەسئولیاتە مە ئەمنیەتێ هاوولاتیێ خۆ بپارێزم، ئەز مەسئولیاتە ئەمنی پۆلیسیش پارێزم، هەمی ئیمکانیەت دەدەمە بەردەستێ پۆلیسێ خۆ ژی، ب ڕاستی ئەڤە مەترسیەکێ مەزنە سەر روح و سامانێت خەلکێ کوردستانێ، ئاسایشا نەتەوەیی، ئەزمونا کوردستانی کو دئێخیتە بەر مەترسی، ئەز بینم کو پەرلەمانێ کوردستانی ژی یا ڤێ بەرامبەر بەر چەندێ بەرپرسە، ژ لایەکێ دیڤە ئەو کەسەی کو دوکان ڤە کری، ئێدا یا قوماشی بیتن، یا هوتێل بن، یا رستورانت بن، یا مەی ڤە خانە بی، مەساج بی، هەر تشتەکی بی کو ل گۆڕ یاسایەکی کو پەرلەمانێ بەرێز یا دای دەرکەفتی یا کار پێ دکەت، حکومەتێ ڕاسپاردی کو بەرەڤانیێ و ئیجازەبێ بداتە خەلکی کو سامان و سەروەتێ خۆ بئێخیتە کاری، کو هاریکاریا یا هەندێ بێتەکرن، ئیدی هەر هێزەکا تێدا ئەگەر بخازیتن، مزگەفتێ بۆ خۆ بەکاربینی، ب ناوێ شەریعەتا ئیسلامێ، یاسا دانێ کو ب گۆر کەیفا خۆ و بەرژەوەندی حیزبا خۆ وە یاسایێت خۆ جێبەجێ بکات، ب ڕاستی ئەز زانم ژی کو هەمی ئەم پێ دزانین شەریعە، ئیسلام گەلەکا بەریئە ژ وان چەندا، ئەز دخازم بزانم کا یاسا چێ کرن و جێبەجێ کرن، د هەندەك ئاژاوە گێڕ سەر جادە ب ڕێڤە بەن یا ژی پەرلەمان و حکومەت، ئەڤە مەزنترین ئیهانەیە بۆ شەرعیەتا پەرلەمانی، ئیهانە ژی بۆ حکومەتێ، حکومەت وەختێ ئیجازەی دداتە خەلکی باشترین شێواز، گیانێ هاوولاتیێ خۆ بپارێزیتن، پارێزگاری سەروەت و سامان و مولکێت وان ژی بکەتن، پەرلەمانتارێت هێژا، ب ڕاستی پاراستنا ئاسایشا یا نەتەوەیی و ئێك بونا مالا کوردی ب دیتنا من خالەکا هەرە گرنگە، سەر هەر تشتەکی دا دایە، ئەڤە چەند سالە کو د هەر چار پارچێ کوردستانێ چاڤەڕێی هەندێ دەکەین، کو کۆنگرەی نەتەوەیی بێتە بەستن، چاڤێ وان ل ڤێ پارچەی کوردستانێ، لێ مخابن هەر دەمێ جەنابێ سەرۆك بارزانی ئو لایەنێ دی سیاسی ڕادگەهینن دەم هات کۆنگرەی نەتەوەیی بێنە بەستن، ژ لایێ هەندەك هێزێ تێکدەر ئەجندێت یێ بیانی ڤی پرۆژەی نەتەوەیی ڤە پاش ڤە دبات، ئەڤە چەندە ژی ڕاوەستیاینە ڤێ ئەم پرسیارێت ژ خۆ بکەین بۆچی داخازێ ژ پەرلەمان و حکومەت بۆ سەرکردایەتیێ سیاسی ژی دکەم، کو ب جدی سەرکردایەتێت سیاسی هەمی لایەنا دکەم کو ب جدی سەر وی بابەتێ ڕاوەستن و دیراسەت بکەن، ئو ب هەمی ڕەنگا ڕێکێ ل هەر تێکدەرەکێ بگرن، چونکی ب ڕاستی کوردستان ئیدی تەحەمولێ چ زلزالێ دی ناکەت، ژ لایەکی دیتر ڤە ئەو هێرشێت کو بەردەوامێت ئیعلامی دێنەکرن، من دڤێت ئیشارەتێ بدەمە خالەکێ کو ب ڕاستی وەك

پەرلەمان پێدڤیە مە هەلوێست ل سەر هەبیتن، د ئاخاڤتنەکا خۆدا، بەرێز ئەمیندارى گشتى یەکگرتوو پەیامەکا خۆ بۆ خەلکێ کوردستانێ ئیهانەکارى پەرلەمانى کرى، پەرلەمانى ئیتیهام دەکەت کو چ شۆلان نەکات، ئیتیهام دکەت، ئەو شۆلێت هەتا نوکە ما چ کریە، دا نوکە کارەکێ بکە، ب ڕاستى ئەز داخازێ دەکەم کو بەرێز ئەمیندارى گشتى یەکگرتووى ئیسلامى داخازا لێ بورینى ژ پەرلەمانى کوردستانى بکەتن، پەرلەمانێ کوردستانێ شەرعیەتا خەلکێ کوردستانێیە، چاڤەڕێ نایەتێ کرن کو سەرۆکێ هێزەکا سیاسى کو تەموحێ سەرکردایەتى وەلاتى هەبیتن، ئیهانەى پەرلەمانى بکەت، خالەکادى من دڤێت بەحس بکەم ب ڕاستى، وەك خەلکەکا دەڤەرێ بەهدینان، یەعنى ب ڕاستى بلا بەس بیت خەلکێ بەهدینان بێ ئیرادە، نەڕەوشەنبیر خیتاب بکەن، بلا بەس بیتن خەلکێ بەهدینان کێم ببینن، بلا بەس بیتن گوتارێت خۆ یێت ئیعلامى و سیاسى خەلکێت جەماوەرێ بادینان برینـدار بکەت، هاڤکارەکێ مـن بەحسێ هنـدێ دکـەت، کو تەحەدایێ دکەت کو یەکگرتوو چ پۆست لە قوتابخانەو یان هەر جهەکێ پارێزگەها دهۆکێ هەبیتن، ب ڕاستى ئەوە گەلەکا دور ژ ڕاستیە، بلا بچن وان ئامارا بیننە دەرێ، کا چەند کەس هەم قوتابخانەدا چەند پۆست د دەوائیرێ حکومەتێ وان هەنە، ئەگەر هەر لایەنەکى دیتر بگوتبا، کو ل بادینان بەرتەسکیا هەى ڕێ چى تێ، بەس یەکگرتوو کو هەموو هێزێت وى ناڤ بەهدینانـدا، خودان چەندین کورسیکێ پەرلەمانیە، تەلەفزیۆنا وان ب ئازادى، ڕادیۆ وان ب ئازادى، ڕۆژنامێت وان ب ئازادى، بەهدینان هەمى سپێدە هەتا هێرشێ دکەنە سەر مەسئولێتمە، سەر بەرپرسێتمەى ئیدارى و سیاسى، ئەگەر بەرتەسکى هەبا، ئەگەر دیکاتۆریەت ل بەهدینان هەبا، وەلاتێ دیکاتۆر ل چەوا تەعامول دگەل کەسانێت کو هێرشێ بکەنە سەر وان دکەت، دێ ئیجازەى دەتێ، ئازادانە کارێ خۆیێت سیاسى دکەن، تۆمەتبار کرن گەلەکا ب ساناهیە، بەس مەسئولیەتەکا گرانە، وەلاتەکێ ئەگەر ڤێت لایەنەکێ یاسا ڕێڤە بچیت، سەروەریا یاسایێ حاکم بى، پێش هەر قەزیەکێ ناکەوى و حکومەم ناداتن، نابیتە قازى و نابیتە دادگەهێت وەلاتا، ئەگەر یەکگرتوو، پارتى تۆمەت بار دکەتن کو بارەگایێت وان سۆتى، پارتى ژى گەلەك ب ساناهى گەلەك ئەو جهێت گەشتیارینە هۆتێلن، سەرتاشخانێنە وان تۆمەتبار دکەت کو وان سۆتینە، بەس پارتى وەنەکریە، یەعنى تۆمەتبار کرن نە لە مەسلەحەتا کەسێ داى، ب ڕاستى ئەم شێین هەتا وێ تەعەدایە ئاینى ژى بۆ وان ب زڤڕینینەڤە، بەس ئەوە نە بەرژەوەنداکەسێدایە دیتنا من، ب ڕاستى وێ سنوورەك بۆ ئەوە گوتارێ کو تەحریز تێدا هەى، نیفاقا دوبەرەکى تێدا هەى، ئیعلامێ بێتە ڕاوەستاندن، چونکى مەسلەحەتا نیشتیمانى کەسا دانینە، هەڤالەکا من بەحسێ هەندێ کر، ب ڕاستى من وەکو کەسەکا، کچە پێشمەرگەهەکێ من ئیهانا خۆدیت، کو کەلتورێ شاخى، ئیهانە بێتە کرن، کەلتورێ شاخێ کەلتورەکا پڕى پڕشەنگدارە، کەلتورەکا پڕى سەروەریە، پڕى قوربانیە، ئەڤرۆکە ئەم بچنە خارێ ب ئازادى بەحس بکەن، مومارەسا کارێ خۆیت سیاسى دکەن، ئەم وى کەلتورێ شاخیە، بلا کێم کرن، سەر کەلتورێ شاخى نەهێتە کرن، قوربانى دان یێت بۆ هاتینە کرن، ئەڤ هزاران کەسا خینیا بۆ ڕێتى، مە هەمى ئەو کەسێت کو لێرە ڕونیشتینەخارێ، بەرهەمێ هەمى خەلکێ کوردستانێیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار بەكر كەریم فەرموو.

**بەڕێز بكر كريم محمد(ئاسۆ كريم):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە من ئەندامی ئەو لێژنەیە بوویمە كە سەردانی پارێزگای دهۆكمان كردووە و هەروەها یەكێكم لەوانەی كە دیارە كە ڕاپۆرتەكەشم ئیمزا كردووە و هەوڵ دەدەم مونسەجم بم لەگەڵ تێبینیەكان، بە تایبەتی خاڵی دووەم، زیاتر تەركیزمان لەسەر ئەدای دەزگا پەیوەندیدارەكانی حكومەت بێ بە ڕووداوەكانی، كە لە ئەو پارێزگایە ڕوو ئەدەن، نەك تەركیز بخەمە سەر لایەنی سیاسی، هەوڵ بدەم كەمتر خیتابی حیزبی بدەم، لە ڕاستیدا هەمووومان و بەشێكی زۆر تەئكید لەوە كرایەوە كە ئەوە ئەركی حكومەتە، ئەركی پلە یەكە، ئەركی سەرەكی ئەوەیە، سەر و ماڵ و ژیان و ئازادی و كەرامەتی یەكە یەكەی هاوڵاتیان بە جیاوازی ئینتیما، فیكری، سیاسی، نەتەوەیی، ئایینەكانیان بپارێزین، ئەوە بە بڕوای من لام و جیمی لەسەر نیە، هەمووومان لەسەر ئەوە موتەفیقین، بۆیە من لەو سەردانەشدا وەكو بۆم دەركەوت لە ڕووداوەكانی 17ی شوبات پێش ئەوە، بەڕاستی دەبێ هەڵوەستەی لەسەر بكەین، كە پێویستە بۆ كۆنترۆڵ كردن و بۆ بەجێ هێنانی ئەو ئەركە پێویست بەوە دەكات هێزەكانی ناوەخۆ بە هەموو جۆرەكانیانەوە، پێویستیان بە پێداچوونەوەیەكی جیدیان هەیە، دووەم، لە ڕاستیدا حەقە زۆر بە بوێرانە، بەو پەری شەجاعەتەوە بەڕاستی دان بەوە دابنێین كە ئەوانەی پەلاماریان كرایە سەر ماڵ و موڵكی تایبەتی ئەوان، زۆرینەی هەرە زۆریان لە هەردوو پێكهاتەی ئایینی، مەسیحی و ئیزیدی بوون، ئەمە حەقیقەتێكە دەبێ دانی پێ دانین، هەر وەكو لە كۆبوونەوەی لێژنە هاوبەشەكە لەگەڵ خەڵكە زیان لێ كەوتووەكە، لە زاخۆ ئەوەمان بۆ ڕوون بووە، بەڕاستی كە ئەوان لە بارێكی دەروونی خەراپ دا دەژین، وەزعێكی غەیر موستەقیریان هەیە، منداڵیان ناچێتە مەكتەب، ژیانیان لێ تێك چووە، هەست بە نائارامییەكی زۆر دەكەن، ئەوان بەڕاستی ئەوەیان زۆر بە ڕاشكاوانە ڕاگەیاند كە خوازیاری ئەوە نین تەعویزاتی ماددیان بۆ بكرێتەوە، ئەوان پەرۆشی ئەوەن برایەتی لە مێژینە، پێكەوە ژیانی ئاشتیانە، هەروەكو چۆن لە كوردستان باو بووە، با ئەوە باو بێ و قانون سەروەر بێ بۆ هەمووان، مەفهومی مواتەنە، تەئكیدیان زۆر لێ كردەوە، بەڕاستی ئەوە لایەنە گرنگەكەیە، بۆ ئەمە، حەقە ئێمە بە هەموو لایەنەكان، چ ئەوانەی لە بەری دەسەڵاتن، چ ئەوانەی لە بەرەی ئۆپۆزیسیۆنن، ئەركێكمان دەكەوێتە سەر شان، ڕاستە ڕەنگە مەسئولیەتەكە جیاواز بێ، بەڵام دەبێ هەمووومان لە خەمی ئاشتی كۆمەڵایەتی بین، لە خەمی پێكەوە ژیانی ئاشتیانەی سەرجەم پێكهاتە ئاینی و نەتەوەیەكان بین، ئەوە زۆر زۆر گرنگە، چونكە ئەم نەسیجە، نەسیجێكی بەربڵاو و هەمە جۆرە، ئەمە خۆی حەقیقەتێكە، بۆیە ئەگەر بەر لەوە نەگیرێ، لە ناوچەكانی دیكەی عیراقیشدا ئاوا دەستی پێكرد، دیارە من ڕەشبین نیم، بەڵام بۆ ئەوەی ئەو نەبێتەوەو سەر نەكێشیتە بەر قۆناغێكی دیكە، پەلاماری ئەو هاووڵاتیان لەسەر ئینتیمای مەسیحیەت و ئیزیدی بوون، نەچێتە ئەو قۆناغە، پێویستە

حکومـەت بەراسـتی بـیر لـەوە بکاتـەوە، هـەموو لایەنـەکان، ئۆپۆزیسـۆن و دەسـەڵات، بـە جیـددی بـیری لـێ بکەنەوە، بە راستی کە ئەوە ئەرکێکە دەکەوێتە سەر ئەستۆی هـەمووامان، مـن پێموایـە ئـەوە زەنگێـك بـوو هەمووانی بە خەبەر هێناوە، بۆیە لەبەر ئەوە، من تەئکید لەسەر خاڵی دووەمی راسپاردەکان دەکـەم، کـە زۆر گرنگە ئەوانەی دەستیان هەبووە لە پـلان دانـان و بـە تەئکیـد ئـەوە لـە دوای لێکۆڵینـەوەیکی ورد سـاغ دەبێتەوە، دەستیان هەبووە لە پلان دانـان، هانـدان، بەشـداری کـردن، تاوانیـان ئـەنجام داوە، ئینجا لـە هـەر کەس و لایەنێك بن، بەراسـتی بـە گوێرەی قـانون مامەڵـەیان لـە تەکدا بکرێـت، بـۆ ئـەوەی جارێکی دیکە خەڵکێکی تر پرکێشی ئەوە نەکات، جارێکی دیکە ئاشتی کۆمەڵایەتی بخاتە مەترسییەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سوپاس، رێزدار تارا تحسین فەرموو.

**بەڕێز تارا تحسین ئەسعەدی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەراستی ئەو دیاردە ناخۆشەی کە لە شار و شارۆچکەکانی کوردستان روویـدا، شـتێك بـوو لـە ویـژدانی هـەر کەسێك کە خەمخۆری ئەو وڵاتە بێت، دەبێ نیگەران بێت، لێرەدا من وای دەبیـنم کـە بڵـێم ئـەو زەنگـە بـۆ کێیـە؟، زەنگـی ئـەو تێکچـوونە و بارگرژیـە لـەو شارۆچـکەیە دەسـتی پێکـرد بـۆ کێیـە؟، بـە خـوا نـە بـۆ یەکگرتووە، نـە بـۆ پارتیـە، نـە بـۆ یەکێتیـە، نـە بـۆ کەسـە، بـۆ ئـەو کەسـانەن کـە لـە دەوروبـەرکانمانن بـە داخەوە، مومەسیلە ئەصڵیەکان ناناسـینەوە، چـووینە بـە هـەمووامان پـڕ ئەدەینـە سـەر ئـەو کەسـانەی کـە خۆیان ئەوان نین کە بوونەتە دەست، شەڕی چالدیرانمان بیر نەچێتەوە، دابەش کردنـی کوردسـتان، بیرمـان نەچێتەوە ئێمە هەرێمێکی بچووکین لەناو ئەم جیهانە گەورەیە، هـەر وەك لـە گەشـتێکی خۆمـان لـە یابـان پێمانیان وت، لە عیراقێکدا هەرێمێکی بچوکین، لەو هەرێمە ئەمن و ئاسایشی وا وای کردووە هەرچی دونیـا هەیە بێتە لای ئێمە و قونسولیاتمان بۆ بکاتەوە، وای لێ هاتووە لە زانکۆ و تواناسازیەکانمان پێشکەوتووین، وای لێ هاتووە لە دیبلوماسیەت و رێز گرتن و قبولی یەکتری هەردەم ئەسـپەکانمان سـوارە، ئەمانـە هـەموو وامان لێ ئەکات نابێ بە ئیسراحەت دانیشین، ئەبێ ئەوە بزانین ئەم فتیلی ئاگرە کە بووە، بـا نەیبیینینـەوە ئەو ناوانە، ئەگەر ئەمانەوێ گفتوگۆ بکەین، گفتوگۆیەکی شارستانی، حیوارێکی حـەزاری، ئـەبێ دان بنـێین بە کەمتەرخەمیەکانمان، بە شتەکانی کە لەناومان هەیـە، لـەناو خۆمـان ئـەوەل جـار، ئینجا بـزانین بۆچـی روویـدا؟، بەڕاسـتی پێکـەوە ژیـانی ئێمـە لەگـەڵ ئـەو کەسـانەی کـە بوونـە داری قوربانیەکـە یـان کردیانـە خەڵووزەکەی کە ئێستا ئاگری پێ ئەکەنەوە، برا یەزیدی و برا مەسیحیەکانمان، کـە هـیچ کاتێـك کێشـەمان لەگـەڵ ئـەوان نـەبووە، ئێمـە ئەگـەر بچـینەوە بـۆ مێـژوو هـەر وەك لێـرە هاوکـارێکم باسـی کـرد، کلـدۆ و ئاشوریەکان کە پێش زایین لێـرە ژیـاون و ئـەو کەسـانەی کـە لەگـەڵ ئێمـە لـە مەسـیحیەکان و یەزیدیـەکان لەگەڵ ئێمە ژیاون، وا بزانم مێژووەکەی زۆر کۆنە، ئەگەر لە خۆشی لەگەڵمان بووبن و لە پێکەوە ژیـانێکی رێك و پێك لەناو هەرێمەکە ژیاوین، بەخوا لە ناخۆشیەکانیش لەگەڵمان بوون، بوونی ئەم کتێبە کە تیایدا

ئەنفالەكانە، ئەنفالی یەزیدی و مەسیحیەكانە، چۆن ئێمە ئەنفالمان هەیە، ئەوانیش هەیانە، چۆن ئێمە قوربانیمان داوە، ئەوانیش داویانە، وا بزانم هیچ كاتێك ئەوە موشكیلە نەبووە، هیچ كاتێك لەسەری هەڵوەستە نەكراوە، ئەم كارەساتەی كە بووە تەنها بۆ تێكدانی ئازادی تاكە، ئێمە ئەگەر بە چاوە گەورەكە تەماشای بكەین، بە پێی ئەو هەموو ناخۆشیانەی كە روویدا، سووتان و برژاندن، سووتانی بارەگا بێت، سووتانی مەساج بێت، شوێنی صالۆن بێت، نازانم چی، برینی نانی خەڵكانێكە، تێكدانی ئازادی خەڵكانێكە، هەر وەختێ ئازادی كاتێك تێك دەچێ، بە پێشێل كردنی ئازادی بەرامبەركەمان، بەس ئێمە بەداخەوە ناگەرێین بۆ ئەو كەسانەی كە كێن بوونە سەبەبی ئەم بار گرژیە، با هەوڵ بدەین لێرەدا بیرۆكەی موسڵمانی نەتەوەیی زیاد بكەین، موسڵمانی نەتەوەیی سەبەبێكی گەورەیە بۆ ئەوەی نەتەوە پێش هەموو شتێكە، قەت دڵی نایەت نەتەوەی خۆی تێك بدات، لەبەر ئەوەی داوا دەكەم، وێڕای ئیدانە كردن و تەجریم كردنی هەر سووتانێك كە لەناو لێژنەكەدا لەگەڵ برایە بەرێزەكان، بەشدار بووین لەگەڵیاندا، ئیدانەكردنی بە توندی ئەو كەسانەی كە هۆكار بوون لە دوای تەحقیق كردن، كە دەردەچێ، ئەوانەی هۆكارن، نەك ئەوانەی زەرەرو زیان، دوایی زەرەرو زیانەكان، كێ بوون سەبەبی هۆكارییەكەی ئەوانە كە بوو بەراستی لە گرتە ڤیدیۆكان و وا بزانم تاكو ئەم شتە جارێكی تر روونەداتەوە، بەدوا چوونی زیاتر و جەخت كردن لەسەر وەزارەتی ئەوقاف، كە خەتیب و مەلاكانی لەسەر پەیڕەو و سیاسەتی حكومەتی هەرێمی كوردستان بڕۆن، ئەبێت بزانن چ پەیڕەوێك هەیە كە ئەم حكومەتە دەیداتە بەر بۆ زیاتر لێبوردن، بۆ پێكەوەژیان، كە ئەوان بەكاریان هێناوە، بەڵام زیاتر جەختی لەسەر دەكەینەوە، كە ئەمە وابزانم لەناو وەزارەتی ئەوقاف بۆ تەحقیق و موتابەعەی زیاتر، بۆ تەفعیل كردنی ئەوان كەزیاتر خیتابەكان لەسەر چیە؟، چونكە ئێمە دەزانین دەچینە گوندێك تەماشا دەكەین مزگەوتێك هەیە، دێرێك هەیە، قوتابخانەیەك هەیە، هەر شتێك كە هەیە، ئەمانە هەر هەموو هیچ كاتێك هیچ موشكیلەیەكیان نەبووە، خێرە ئێستا لەیەك قسەی بچووك كۆمەڵە خەڵكێك بەدوایان دەكەوێت و دەكەونە بەر سووتاندن و ئینتیحار، برایان وخوشكان، پەروەردەی كوردی، پەروەردەیەك نیە سووتاندن بكات، پەروەردەی كورد پەروەردەی تیرۆرستی تێدا نیە، پەروەردەی كورد ئەو پەروەردەیە نیە كە بتوانم بتكوژم، ڕاستە ڕقی هەڵدەستێت، شەڕ دەبێت، بەڵام هیچ كاتێك ئەو پەروەردەی نیە، با ئێمە ئەو پەروەردانە لەدەرەوە وەرنەگرین، با ئێمە بێینە سەر كەناڵەكان ئێستا ڕۆژی ئەوەیە، داوا دەكەم لەراگەیاندنەكان بە كەناڵە لۆكاڵیەكان زیاتر ڕۆڵی مامۆستایانی ئایینی دەربخەن لێرەدا، زیاتر گیانی لێبووردەی هەبێت، چونكە خەڵك گوێ لەوان دەگرێت، چونكە وتە جوانەكانی خۆیان هەر لە دێرزەمانەوە دیوە، مامۆستا ئایینیەكان بوون سەبەبی شۆڕشەكانی كورد، قوتابخانەكانمان مامۆستای ئاینی بوون، ئەوكاتە قوتابخانەو زانكۆ نەبوو، هەر لەسەر دەستی مامۆستا ئایینیەكان شت فێر دەبووین، شۆڕش و كوردایەتیش هەبوو، بۆچی ئێستا بووە بە سیاسەت، باسیاسەتی ئەوەمان هەبێت چۆن لەیەكتری تێبگەین و چۆن بچینە پێشتر، با ئەو گفتوگۆ شارستانیانەمان زیاتر بكەین، ئەگەر ئەمانەوێت هاوبەش بین لەناو وڵاتێكداو پێكەوە بژین بەئاشتی بەراستی دەبێت لەسەر بنەمای ڕۆحی هاوبەش بۆ مرۆڤایەتی بین،

پێوەری ئەخلاقی بخەینە بەردەم هەموو شتێك، ئەوەی کە ئێستا ڕوودەدات لەتەکنەلۆژیایە کە بەیەك نووکەی خۆیان لەمبەر بۆ ئەوبەرت بۆ دەسووتێنن، با ئەوە بەکار بهێنین بۆ ئەوەی چۆن مەسجی جوان ڕۆژانە بۆ یەکتری بنێرین، لێبوردن پیشەی ئیسلامە، ڕۆحی تەبایی پیشەی خۆمانە، با ئێمە بزانین ئەم کوردستانە چۆن گەش دەکەینەوە چۆن یەکتری هێور دەکەینەوە، نەك بارگرژیەك هەبێت بەڕاستی ئێمە لێرە مەحکەمە نین، ئێمە پەرلەمانین، لیژنەیەك دانراوە کە شتەکان چۆنە، ئێمە بیهێنین باسی بکەین، لێرە هەر یەکێك بەتووڕە بوون و بەتەشەنوجێکەوە ئێمە هاتووین بۆ ئەوەی زیاتر هەوڵ بدرێت، لەگەڵ ڕاگەیاندنەکان کەرۆڵی گەورەیان هەیە بەڕاستی، پەروەردە لەگەڵ گفتوگۆکردن ئەو سێ تەوەرە زۆر جەختی لەسەر بکەین، ئەوەی کە دەمەوێت قسەی لەسەر بکەم، شافعی قسەیەکی زۆر جوانی هەیە دەڵێت(هەموو دونیا لەسەر چوار بنەمایە، عدل الحكماء، دعاء الفقراء، علم العلماء سخاء الاغنياء) بە عیلمی عالمەکان، لەگەڵ عەدلی حاکمەکان، ئەم وڵاتە دەچێت بەڕێوە، ئەگەر هەردوولا بەخۆیاندا نەچنەوە، ئەوکەسانەی کە هەڵەیان کردووە، ئەوانەشی کە لەناو ڕاپۆرتەکەمان هاتووەتە خوارێ دوای لێکۆڵینەوە، دەبێت بزانین بۆچی کەمتەرخەم بوون، ئەو کەسانەی کەبوون بە هۆکاریش کێن؟، من ئەخێر قسەم کاتێ کە دەستمان بەدانیشتنی نائاسایی ئەمجارەی پەرلەمان کرد، سەعات $2$ دە دەقەی دەویست، ئەمە ئیشارەتی وەستاندنی شەڕی جیهانی بوو، زۆر بەخۆشحاڵ خۆم دەبینم کەلەو دەقیقەیەدا کەئەمڕۆ، ڕۆژی ئەوە بێت کەتەبایی وزیاتر قبولکردنی یەکتری و تێگەیشتن لەهەموو لایەکەوە دەور ببینێت، هەموومان ڕۆڵە ئیجابیەکانی خۆمان ببینین، کە بتوانین تەئسیر بکەین و مۆرکی حزبایەتی بۆ حزبەکان بەجێ بهێڵین، کەئەوان بتوانن کارەکانی خۆیان بکەن، بەڵام ئێمە وەکو پەرلەمانتار ئەو ڕۆڵە ئیجابیەی خۆمان ببینین کە ڕۆڵێکی وا بێت بتوانین ئەم کێشەیە جارێکی تر دووبارە نەبێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار جمال طاهر ابراهیم، فەرموو.

**بەڕێز جمال طاهر ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕاستی ئەوە ڕۆژا $12/2$ ل پارێزگەها دهۆکێ، ئەز شێم وەسفا وی بکەم، وەك بارانەکا چلێ هاڤینێ بێتن، کو قەت تو تەوەقوع نەکەی، پێشبینی نەکەی کو ئەڤ تشتە دێ، ل پارێزگەها دهۆکێ ڕووبداتن، ئەگەر بێین و سەیری وان ئەحداسا بکەین، درێژایی بچینە ناڤدا، چەوا چێ بوو؟، بۆچی چێ بوو؟، کی سەبەب کی بوو؟، پلان چی بوو؟، ئەگەر ئەم بێین سەیر بکەین، ئەوەی ڕوویدای موخالفی دەستوورەکیە کە دەستووری عیراقێیە، ماددەی (2) و (15) (42) (46) کو ئەوە هەمی گرێدایە، مافێ تاکە کەسی ڤە و ئازادی دەربڕین و بیرو ڕا ل حقوقێت مەدەنی، هەروەسا پێشێل کردنەکا سەر دستوورەکی، دەستوورا هەرێما کوردستانی، کو ئەو ژی ماددێ (5) و (18) و(19)(29) تا (36)، ئەم هەمی گازی دکەن دەستوور حەکەمە، ئو پێ دڤیە ئەم دەستووری بکەین، بەڕێز سەرۆکێ پەرلەمانی، ئەگەر ئەز بێم وەك دهۆکیەك،

وەك خەلكى سێمێلێ، ئەز ڤێ پرسیارێ ژ وى مینبەرى ئاراستەى جەماوەرێ دهۆكێ بكەم، جەماوەرێ سێمێلێ بكەم، ئەرێ بێژمێ چەندى هەوە پێ خۆشە ئەو تشتە ڕیدایە؟ ئەز موتەئەكیدم لە 99٪ پێ نەخۆشە، ئیحتیماله ئەوێ پشكدارى ژى كرى پەشێمانە ئەڤرۆ پشكدارى كرى، تەبیعەتێ دهۆكێ، خەلكێ دهۆكێ، تەبیعەتەكى موسالە، خەلكەكى موسالە، خەلكەكە هەندى ژێ دێتن ب ڕێگەى یاسایى، ڕێگەى هادئ و داناو عەشائیریانە كێشە چارەسەر بكەن، فەلا ل سێمێلێ، فەلا ل دهۆكێ، فەلا ل زاخۆ، ئەرمەنى، ئێزدى ئەڤە پشكەكە ڤى خەلكێ مەنتەقێ، نە ئەڤرۆ و دوهى هاتینە، ئەوە هەر وەكى میللەتێ كورد، یێ توشى لێدانێ بوین، توشى ئەنفالا بوین، باختمێ و سێ جێ، دێرێ و الخ...، وەختێ سەدام هاتى، وەختێ ڕژێم هاتى، وەختێ ئەنفال كرى، چ فەرقى مابەینا نەدابوون وان گوندا، نەدیت نەگۆتیە ئەوە گوندێ فەلەیە، ئەوە ئى بوسولمانیە، چونكە خەلكێ كوردستانى بوون، هەمى ڕاسترن، ئەم پێكڤە ژیاین، ئو دێ پێكڤە ژین، ئەگەر ئەم بێین بەرێ خۆ بدەینێ، چ تشت ڕێ نادەن ئەگەر پلانەك نەبتن، پلانیش جێبەجێ نابتن ئەگەر دەستێت هاریكار نەبن، دەستێت هاریكار ژى لە سەدا سەد لازمە ژ مەنتقێ بن، ئەگەر خەلكێ كوردستانى هاوكارى گەل تیرۆرێ كردبایە، من ڕێزو ئیحتیرام هەى بۆ هەمى دەزگاییێت ئاسایشێ، هشتیارێ تەعامولێ دكەن، بەس خەلكێ كوردستانێ هاریكارە دگەل كێ؟، دگەل دام و دەزگەهێت ئاسایش، لەوڕا ئەڤ بەرقەرار بوونێ، بویە ئاشتیێ و ئازادیێ و پێكڤە ژیانێ ئەم دگەل ئێك، بەس هەكە ئەم ڤێ گاڤا بێین، وەریسەكى ئاسنى بینن، ب چەكوچەیەكى بچوك هەر ئەم لێ بدەن، لێ بدەن، ئەڤرۆ، دە ڕۆژ، بیست ڕۆژ، هەیڤەكا دى، دوویێ دى و، چارا دى و پێنجا دى، ئەڤ وەریسە دێ چ لێ دێت، دێ پچرێتن، من لێرە پرسیارەكا هەى، ئەرێ دینێ ئیسلامێ مەسئولیەتامە كوردا ب تنێیە؟، ئەرێ پرسیارەك من هەى ژ خەلكێ دهۆكێ و دەوروبەرا هەمیا، ئەرێ مەى خوارن ئو مەشروب، جهێت مە باش گشتى ل حكومەتا هاتیە دامەزراندن، ل سێمێلێ و زاخۆ چێ بوینە؟، نەخێر، بەرێ ڤێ گاڤێ چێ بوینە، هەمى زانى كەنگیا هەى، ئەرێ من داخازى ژ وان مەلا هەیە، ئەزیش وان مەلا د پرسم، سەردەمێ ڕژێمێ چەندى ژ وان ڕابوینە، كەلیمەتێ حەقى ئەمام سولتانى گۆتیە، ئەز تەحەدى دكەم ژمارا ئەگەر هەبیتن، ژمارەكا كێمە، من ژ بەرێ وان مەلاییێ، من ڕێزو ئیحتیرام بۆ وان هەیە، ئەوێ ناخ مەناتقێت موحەرەمیان، شوێنێت ئازاد، خیتابا وان وى دەمى (اللهم احفظ القائد) ئەڤە بوو، زێدە تر نەبوو، كەسەكى نەدشیا بوەستیتن بەرامبەر سولتانەكى جارەكى، ئەگەر بێى پرسیار دكەى، وەڵڵاهى نەدوێریا، بۆچى نەدوێریا؟، ئازادى نەبوو، باشە ئەڤرۆكە ئازادیا ل كوردستانێ هەى، ئەویا ئازادیێ ئەگەر ئەم رجل دین بن، ئەم دێ وەسا ئیستسمار كەن، خزمەتا دینێ دا، و د خزمەتا چ، خزمەتا ئەهدافێت خۆیت و قەومى دا ئەرێ گەلێ ژ خۆ بپرسن، چەند مەلاییت عەرەب، چەند مەلاییێت تورك، چەند مەلاییێت فورس، چەند مەلاییێت غیر ولات، سەلاتى غائیبە بۆ ئەنفال كریا كریە؟ ئەز بۆ تەئكیدم كەسەكى نەكریە، ئەرێ چەند مەلا و چەند هەیئات و مونەزەماتێت ئیسلامى ڕۆژەكى ڕۆنیشتنەك بۆ گوندەكى گوندێت كوردستانێ كریە؟ وەختێ شۆفەلێ سەدامێ چوونە سەر گەل ڤێ ڕاستێت كرن، ئانى جەمعا دا سۆتن، ئەرێ كانێ ئەوان، براى من بلا ئەم هەمى پێكڤە هەمى چینا ڤە و هەمى

میللەتا ڤـە و هـەمی دینـا ڤـە، دڤێـت ئـەم دەسـتا بخەنـە نـاڤ دەسـتا، ئـەنجام چـەوا بـن خـراپ بـن دێـت بەرژەوەندیا مە و دژی بەرژەوەندیا مە، و د باشی بن دڤێت بەرژەوەندیا مە هەمی دا باش بـن، دڤێـت ئـەم چ کەسا ئیتهام نەکەن، ئەم چ کەسا بەری لیجانێت تەحقیقی کارێ خۆ بکەن، ئەنجام دیار بوو کەسێ ئیتهام نەکەن، لڤێرێ ئەزێ ژ خەلکێ دهۆکێ و زاخۆ و سیمێلێ و هەمی جهێت ئەڤ تشتە لێ هاتیـە ڕیـدان، جارەکا دی تر زڤرنەڤـە و بچنە بابـەتێ دا ئـەرێ کێشا کوردسـتانێ و کێشا ئەخلاقیـەت و بـێ ئەخلاقیـەتێ دێـت بسۆتنا محەلەکی بیرە ئان عەرەڤێ ڤە چارە بن، نەخێر چارە نابت، هە کە ئەم بەرێ خۆ بدەینـە بابـەتێ و حەدەس و تەوقیتی، نە وەسا هاتیە کرن، نە عەفەوی هاتیـە کـرن، ئـەمێ لبـەر دەمـەکی و سـەر وەختـەکی ئـەمێ ل برازینکـەکێ کـو چاڤێ عالـەمی هـەمی لیـە، دەوروبـەرەك یـێ بـەرێ خـۆ دداتـە مـە، زانـە چـەند دوژمنت کەتەڤیری ئەو ل کوردستانێ تشتەکی چێ بێت ل موستەقبەلێ کەوی، ناحەزا و دوژمنا هەمی گاڤا پلانێت هەی و د ئامادەنە کو ئەوێ پلانێ بێنە کوردستانێ و جێ بەجێ بکەن، هەکە ئەم بەری خۆ بدەنـە میسلێ، سەلەفیەت و تەتەروفا ئیسلامی برخ دهۆکێ ڤەیە، هە کـە ئـەم بـەرێ خـۆ بدەنـە سـوریێ ڤـێ گـاڤێ چەند میللەتێ کورد نوکە موعارەزا سوری بەرڤ خۆ ڕاکێشێتن و کۆمبوونێ دێنە کرن ل کوردستانێ، ئەگەر ئەم بەرێ خۆ بدەنە و زەختـێ لسـەر  ئیرانـێ و سـیلاحی نـەوەوی و محاوەلاتێت عوقباتێت دەولی و نزیـك بوونا ڕوخانا ڕژێما سوری، ئەڤە هەمی ئەحداسن ئەم جوزئەکە ئەم دشێت ژڤێ مەنتیقا هەنـە و هەنـدیش خەلکەکی ژ بێتن دێ پلانا بۆمە گێڕن، لەورا ئەڤە تشتەکا تازە نینە، دڤێت ئەم جارەکا دی تر هەمی بخۆدا بچینەڤە، پێداچونەکێ بکەن، ئەو ڕەفتار وئەڤ کریارێت تێنـە کرنـێ، ئـەم هـەمی مـەحکومیت دکـەن، ئـەز وەك کۆچەرەکی دبێژم کۆچەر و ئەم کۆچە وفەلە نابێژنێ کو نە کو سەیدا مە، ئـەمێ دبێـژنێ کـو پسمام، ئەڤ ئاخافتنا ل بەینا مـەی دا هـەی، نـە یـا ئـەورۆ و یـا دوهـێ، مـە د وەختـێ دا خوینـا سـەرایێ کـو دای، ژ ئەڤرۆکە نوکە هەندەکی تر بێن بناڤێ ئەڤی لای و ئەڤی لایێ هەنێ تشتەکی پەیدا بکـەن، نـەخێر خـەلکێ کوردستانێ و ب گشتی خەلکێ دەڤەرێ ب تایبەتی دەڤەرا دهۆکێ ژ هەندێ مەزنترن و انشاللە دوماهیکا ڤـان ڕیدانێ تەنێ دهێ مەبدەئی تەنفیز کەتن، یان دهێت (رب ضارة نافعة وعسى ان تكرهوا شيئاً فهو خير لكم) سـەبارەت بـە ڤـان پێشـنیارێت هـەنێ و ڤـان تەوسـیاتێت تـەنێ ئـەم هـەمی پشـتیڤانێن و دیسانەکا دوپـاتێ دکەینەڤە ئەو کەسێت پشکداری د ڤان جەرائیما دا کـری وان خراپیـا دا کـری هـەر لایـەك بـیتن بـە تـەمیز پشتی دەرئەنجاما و دیقەتێ هەمی بێنە دادگاه کرنێ و ئەگەر نا لیجان بەس ببینـە لیجانێـت بـێ مـەعنا و سوەری، ئەز ئەڤێ تشتە نیڤا جارەکا دی دووبارە دکەمەڤە ئەڤ شتا نەڕیدانـەڤا (ولكـم فـی القصـاص حيـاة) ڤێن هەندەك بێنە ڤەساسدان تاکو بێتە رادعەك بۆ کەسەکی تر، زۆرسوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**کاك حازم فەرموو.**

**بەڕێز حازم تحسین محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەز وەکو ئەندامێ پەرلەمانێ و نوێنەری ئێزیدیان دەست خۆشیێ لە لیژنا هاوبەش دکەین بۆ ڤێ ڕاپۆرتا حازر کری، من چەند خالێ هەی ئەزێ دیار بکەم بۆ جەنابی تە و بۆ ئەندامێن پەرلەمانێ، پشتی سقوتا نیزامێ سەدامی مە گۆت کوردستانەکا دیموقراتی تەعەددود یا حور یا فیدڕاڵی ئاڤا کەین، وەکو جەنابێ سەرۆك بارزانی ئیشارەت پێدای ل کویسنجق ساڵا 1992 ی ئیشارەت پێدای، بەس مەعەل ئەسەف وەکو فکرە چێ نەبوو، چونکە ل ئی ساڵا دا ساڵا 2011 دا دبێژن ئەڤە ئێزیدینە و مەسیحینە هەڕن وان بکوژن، لسەر ڤێ ئەساسێ ئەم ئیدانەت دکەین، ڤێ کاری، چونکە ئەڤە کارەکی ئیرهابیە و دژی بەرژەوەندیا خەڵکێ کوردستانێیە، تەهدیدا ئەمنا قەومیا کوردستانێ یە، نوقتا دوویێ هیچ دەورەکی وەزارەتا ناوخۆ نەبوویە نە ئاسایش و نە پۆلیس و نەهێزێت پێشمەرگەی، نوقتا سێ/ وابزانم نە حیزبا پارتی و نە یەکێتی و نە مەزلۆمن، بەس ئێزیدی و مەسیحی مەزلۆمن، چونکە ئەڤە سەدان ساڵە ئەم دگەل یەك وەکو برایت مسڵمان و فەڵە و ئێزیدی هەم هەموو دگەل یەك دەعیشین، ب تەناهی و ئارامی هیچ تەوەقوعاتەك مە نەبوویە بۆ ڤێ ڕووداوێ، بسراحەتەن بێژمە تە جەنابێ سەرۆکێ پەرلەمانێ ئەڤە ریسالەکە ڕەش بوو بۆ مەسیحیا و ئێزیدیان بۆ مە ڤەڕێ کری، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانێ، عەرەب مە دکوژن دبێژن ئان کوردن، کورد مە دکوژن دبێژن ئون ئێزیدینە، ئەم چ بکەین، نزانم ئەم چ بکەین؟ لازمە حکومەت حیمایە مە بکات وەکی بەری نهۆ چەوا حیمایەت کریە ل موسڵ و شنگارێ وشێخان حیمایەتا مە کریە و لازمە هەوسا حیمایەتا مە بکات، نوقتا چارێ مـن ژیانا هاووڵاتیا هەرێمێ کوردستانێ قانونەکی هاتیە دانان و ئازادن، چ بکەن چی ڤە خۆن وچی کاری بکەن، نابت هەرکەسەك بەرامبەری خۆ ژیانا مقابلی خۆ تێك بدات، پێویستە لەڕێگەی فەرماننگە و موئەسەساتی حکومەت ژیانی هاووڵاتیان بپارێزێ و ڕێك بخرێت، نوقتا پێنجێ/ بە بۆنەی ئەمنیەت و ئیستقراری سیاسی بووتە ئەرزیەکی گونجاو بۆ ئەم پێکهاتە و ژیان و هەموو پێکهاتەی کوردستان مەزمون دبت، ئەگەر ئاشتی سیاسی و کۆمەڵایەتی هەبت، ئەم حادیسە هەدەفە بۆ ڤێ ئیستقرارێ تێك بدات و تەعایشا سلمی نەمینێ، بۆیە ئێمە وەکو ئێزیدی و مەسیحی داوا دەکەین لە حکومەتی کوردستان ئەو فرە نەتەوەیی و فرە ئاینیە تێك نەچێت، قانون سەروەر بێت و محاسەبەی توند لەگەڵ موقەسرین دا بکات و تەعویزا خەڵکێ دەڤەرێت بدات، شوکرەن.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

دەست خۆش، کاك خلیل فەرموو.

**بەڕێز خلیل عثمان حمە امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان، سەرەتا وێڕای ئیدانەو مەحکوم کردنی ئەو کارە توندوتیژیانەی کە ڕووی دا هاوخەمی خۆم بۆ بریندارەکان وزیان لێکەوتوانی ئەو کارەساتە دەردەبڕم و هیوادارم لێرەوە هەموو لایەك بتوانین دوور لە دەمارگیری حیزبی و نەتەوەیی و ئاینی دۆخەکە بەرەو کەناری ئارامی بەرین و نەهێڵین لە ڕێگەی هیچ گوتارێکی توندی حیزبی و ئاینیەوە کە لە لایەن حزبەکان و بەرپرسان و بەشێك لە

پیاوانی ئاینی و میدیاكانەوە ئاراستە دەكرێت بەشێك لە ڕاگەیاندنەكانەوە ئاراستە دەكرێ و گوێ بیستی دەبین و نەهێڵین گرژی و ئاڵۆزی زیاتر پەرە بسێنێ و ئاشتی كۆمەڵایەتی ولاتەكەمان بكەوێتە بەردەم مەترسی گەورەتر و هەموو لایەك بە گیانی بەرپرسیاریەتی نیشتمانی مامەڵە لەگەڵ ئەم دۆخەدا بكەین، بەداخەوە ئەوەی كەلەم كارەساتانە ولەم ڕووداوانەی ئێستا و ئەوەی ڕابردووش دەبینرێ بەڕاستی بەشێك لە نەوەی نوێ و بەشێك لە گەنجەكانمان كە هەموومان دەزانین خواستیان هەیە و خەونیان هەیە ودواكاریان هەیە لەم دەسەلاتە و مافی خۆشیانە و ئەركی دەسەلاتیشە كە گوێیان لێ بگرێت و بەلام سەرەڕای ئەوە بارگاوی كراون بە كەلتوری پەنا بردن بۆ توندوتیژی و هەر ئەوانیش كراون بە سووتەمەنی ئەم كارەساتانە، كە من پێموایە ئەمە زەرەرێكی گەورەیە لەسەرمایەی داهاتووی ئەم میللەتە، كە میللەتەكەمان، كە گەنجەكانمان وئۆباڵی ئەمەش دووبارە تەنیا لە ئەستۆی ئەوان نیە، بەڵكو پەیوەندی بەو خیتابە حزبی و سیاسی و ئاینیە هەیە كە لایەنە سیاسیەكان و بەشێك لە پیاوانی ئاینی و میدیاكان كە زیاتر هانیان دەدەن و بەم شێوازە بە گوتاری حیزبی و ئاینی هانیان دەدەن و بەم شێوەیە پەروەردەو ئاراستە دەكرێن، لەجیاتی گۆش كردنیان بەكلتوری لێبوردەیی و توانایان و ئاراستەكردنیان بەشێوازێك، نەوەیەك پەروەردە بكەن، كە وزەو توانایان بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی ئەو تەحەدیانە بەكار بهێنرێت و بەگەڕ بخرێت كە لەم قۆناغە هەستیارەدا بە هەموو پێكهاتەو ئایینەكانەوە لەسەر ئاستی نیشتمانی ئێمەوە، چاوەڕێی دەكەین كەڕووبەرووومان بێتەوە، بۆیە ئەركی هەموو دامودەزگاو هەموولایەكە، كە كار لەسەر ئەو مەسەلەیە بكەین و نەبێتە هۆكاری بەریەك كەوتن و كارەساتی دڵتەزێنی زیاتری لێ بكەوێتەوە، لێرە من دەستخۆشی لە لیژنەی پێكهاتوو دەكەم، وە پشتگیری لەڕاپۆرتەكەیان دەكەم، وە داواكارم لە پەرلەمانی كوردستان پێكهاتەی ڕاپۆرتەكە و مەغزاكەی و ئەوەی كە بڕیاری لەسەر دەدرێت لەم پەرلەمانە، بەڕاستی بەتەواوەتی چاودێری بكرێت و بچێتە بواری جێبەجێكردنەوە لەلایەن دەزگا پەیوەندیدارەكانەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار خورشید احمد سلیم، فەرموو.

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامێت پەرلەمانی، بەرایی كێ ئەز دڤێت پشتەڤانی و سوپاسیا خۆ بۆ لیژنا هاوبەش دەربڕم بۆ وی كارێ پیرۆزێت وان ئەنجامدای، هێڤی دارم ئەڤە ببیتە بنەمایەك بۆ پێنگاڤەكا جدی تر، بۆ چارەسەركرنەكا یەكجاری و بن بڕ، بۆ وی كێشەی، بەڕێزان، ئەز وەكی ئەندامەكێ پەرلەمانێ كوردستانێ ژ پارێزگەها دهۆكێ، كو ڕویدانا ئەمڕۆ ئەم ل سەر كۆم بوین گرێدایە ب ڤێ پارێزگەهێڤە، ئەز دێ ئاماژەیێ ب چەند خالەكێ دكەم، یەك، خەلكێ پارێزگەها دهۆكێ وارش كەڤن دا یێ ناسیارە، خەلكەكە حەز ب سەلامەتیێ و ئارامی دكەت، فێری وێ چەندێ بویە كو ژیانا خۆ ببەتەسەر قبول كرنێ و پێكڤە ژایانێ، بێ كو هزراوە چەندێ بكەت، كو ئەو كەسێ بەرامبەر وی ئەو تەعامولێت گەل وی بكەت، یان جیرانێ و ی یان

موقابلێ وی، کانێ ژ چ دیناو چ عەقدەیەو چ تایفەیە، بەلکو گەلەك جارا کار گەهیشتیە وێ رادەیێ، کو خەلکێ کوردستانێ ب تایبەت، ئەز بەحسی پارێزگەها دهۆکی دەکەم، خەلکی دهۆك یەعنی مال و موڵك و نامیسا وی کو ئێك و دوو پاراستی، گەلەك جارا ژی خۆ قوربانی کری، قوربانی خۆ کریە سەرێ وێ چەندێ، وەك وەفاداریەك بۆ ئێك و دوو، بەرێزان، ئەوەی ریدای ل دهۆکێ، ئەو ریدانێت چەپەل و مەحکوم، ئەڤێ دیماهی ل پارێزگەها دهۆکێ ریدان، جهێ حەیبەتیێ و سەر سوریا تەماما خەلکێ دەڤەرا بادینانە، چونکە سۆتن و تەعەدا کرن ل مال و مولك و دام و دەزگەهێن تایبەت، یێن خەلکەکێ بێ تاوان، هێرش کرنا سەر بارەگایێن حیزبێن سیاسی، سۆتن و ژناڤ برنا ڤان مولك و بارو مەقەرا، ژ بلی مەرەمەکا تێکدەر، چاندنا تۆڤەکێ پیس و ب زەرەر چ مەعناکەدی ناگەهینی، نەخاسمە ئەڤ جێها هەمی ب مۆلەتێت فەرمی ژ جهێ پەیوەندیدار کار دکەن، یەعنی ل چارچێوەی یاسایی کار دکەن، نەوەکو ژ دەرەوەی یاسایێ، لەوما ئەم چاڤەرێینە، کو ئەڤ لیژنا جەنابێ سەرۆکێ پێك ئینای، ب جدی ل سەر بابەتی کار بکات، دەست نیشانا تاوانبارا بکات، ب زی ترین دەم بێنە رەوانە کرن بۆ بەردەستێ عەدالەتێ، دادگاهێ سزایێ خۆ عادل، دابینە رادعەك جارەکا دی ترێ ئەڤ جۆرە کارە نێنە دووبارە کرن، داخازا ژ هەمی خەلکێ کوردستانێ دکەم، هەمی خەلکێ دەڤەرا بادینان دەکەین، پارێزگەها دهۆك دەکەین، کو هاریکار بن دگەل ڤێ لیژنێ، ئەڤ پێ زانین و دیکۆمێنت و مەعلومات ل بەر دەستێ وان هەی، بەخیلی نەکەن پێشکەشی ڤێ لیژنێ بکەن، بەلکو ب دروستی بشێن دەستنیشانا سەبەب کارا بکەن و بێنە سزادان، هەروەسا ئەم هێڤی دارین و چاڤەرێینە کو بریارێت ڤێ لیژنێ، ئیجرائاتێ ڤێ لیژنێ ل ئاستێ ڤێ ریدانێ بن، ئەڤە نە ریدانەکا کێمە، ریدانەکا مەزنە، برینەکا کویرە، ئەگەر ئیجرائاتێت ب جدی نێنە کرن، ئەز باوەرناکەم ب ساناهی ئاسەوارێت ڤێ ریدانی، بێنە مەحاندن و ژێ مرن، خالا دوێ یا من دڤێت ئەز بەحس بکەم، وەکو جیهازێ ئەمنی ل هەمی کوردستانێ، ل هەمی دونیایێ، ئەز باوەر ناکەم ئێك هەڵوێست هەبی، ئێك تەعامول دەگەل هەمی حەدەسا بکەت، ئەگەر خەلکەك داخازا خۆپیشاندانێت دکەت، مۆلەت داربیت، بێتە سەر شەقامێ، دڤێت هەمی حورمەت و رێز تەعامول دگەل بێتە کرن، بەس وەختێ خەلکێت درژییێتە شارعی، ئومەرەما سۆتنێ، تەعەدا کرنێ و غەدر کرنێ، تەعامولێ ڤێ خەلکیت نابی وەکی ئەوەلی بی، دڤێت ئیجرائات بێنە کرن، دڤێت حەدەك دگەل بێنە دانان، مستەوایەکێ هێزێت دگەل بکاربینن، دا ل حەدەکێ راوەستین، ئەگەرنا ئەوێ هاتی تەعەدایێ ب چ سنوور و چ حەدا نا راوەستی، لەوما ئەم داخازا دکەین کو ئیجرائاتێت ئەمنی بەرامبەر خەلکێ تەعەداکەر زۆر جدی بن، زۆر عەمەلی بن، وەکو سنوورەك بۆ ڤان جۆرە تەعەدا بێتە دانان، وەکو ل قاعیدەکا قانونی بێژیت ( الجزاء من جنس العمل) لازمە رەد فعلی وەکی کریار بیت، کا کریار تجارەت چەند تیژ بیت بەرامبەر هندە تیژ بیت، ئەگەر ڤی رەنگێ ئەم تەعامول نەکەین، دگەل وێ خەلکێ کو دڤێت وێ باژێرێ مە بسۆژیت و مالێت مە بسۆژیت، مەقەرێت مە بسۆژیت، هەمی تشتەکی ئاگر بەرداتێ، ئەڤ جارە سۆتن بۆ بەس جارا بێت، دێ سۆتن بیت، دێ کوشتن بیت و دێ تالان کرن بی، لەوما دڤێت دام و دەزگەهێت حکومەتێت دەست بالا بن بەرامبەر خەلکێ تەعەدا کەر، ئەوەی کو دڤێت غەدرێ

دکەت، ئەویٚ دڤێت مال و مولکێ خەلکێ دسۆژیت، ئەز داخازا دەکەم کو پێشنیارەك، یان کا دەبنـە پێشـنیار دێ بنە تەوسیە، دێبنە بریار، بریاریێت لیژنێدا یان پێشنیاریێت لیژنێدا هەبی، لیژنـەکا تایبـەت بێتـە پێـك ئینان، بۆ ل دەف چونا وەزعێ دەزگەهێت ئەمنی، ل پارێزگەها دهۆکێ، ژ ڕوویا عـەدەدی ڤـە، ئایـا عـەدەدی هەی کافەیە؟، ژ ڕوویـێ چـەك و تەقەمـەنیا ڤـە، چـەك و تەقەمـەنی پێتڤـی ل بـەر دسـتێت وان هەنـە؟، ژ ڕوویێ پیێ دڤیت تەعامولا دگەل حالەتێت شـەغەب و تێکدانێ، ئایـا ل بەردەسـتێت وان هەنـە وەختـێ ئـەو حەوجە دبنێ، هەروەسا ژ ڕوویێ ئاستێ تەدریبێ دا، ئەڤ مرۆڤێت هەر تـەدریب داینـە، ئـەڤ پۆلیسا هەیـە، هەمان ناڤێ وی نڤیسیە هاتینە تەدریب دان، ئامادەباشیا دەزگەهێت ئەمنی، ل پارێزگەها دهۆکێ، ب قـەزاو ناحیە ل چ ئاست دانە، ئامادەییـا دام و دەزگـەهێت ئـەمنی، بـۆ ڕوودانێـت ناکـاو، تـەوەرێ تایبـەت، ب ڕۆژێ پشوویێ و ب شەڤ و پشتی سەعاتێت چ حەدا دایە، چ ئاست دایە، ئەز باوەڕ دەکـەم گەلـەکێ ماسـییێت هـەی، لەوما دا ئەڤ ڕیدانا دووبارە نەبنەوە، دام و دەگەهێت ئـەمنی پارێزگـەها دهـۆك، بشـێن کـاری خـۆ دروسـتی ئەنجام بدەن، دڤێت مافێ هـەمیا بێنـە کـرن، ئـەڤ دیـڤ چونا ب جـدی هـەبیت، بـاوەرێ خەلکـەکێ ژ دام و دەزگەها، ئەم دێ باوەریێ ب زفرینەڤە، دڤێت ئەم تەماسیا پڕبکەین، عیلاجـا ڤـێ حالـەتیا هـەمی بکـەین، ئامادە باشیەکا دروست بکەین، دا کـو خەلکـەکێ نـەفس پـیس بزانـی ئەگـەر جارەکـادی هەولـەکا دی بـدات، محەقەق محەقەق بەرسڤاوی دێتە دان، ژ لایێت دام و دەزگەهێ ئەمنیڤە، جارەکادی تـرێ ئـەمنی و تـەبایی دێ بزڤریتەوە بۆ پارێزگەها دهۆك بۆ هەمی خـەلکێ پارێزگـەها دهـۆك، چـونکە ئـەڤرۆ نـە بـەس براییێـت مەسـیحی و ئیـزدی دل گـرانن، ئـەم هـەمی دلگـرانین، ئـەو رۆکـە مـالێ بـرا مەسـیحیاو ئێزدیـا هاتـە سـۆتن، سوبەهی دێ مال و مولکێت خەلکێ دی ژی دێتە سۆتن و تالاندن، روح و عەیالێت مە هـەمیا دێکەونـە بـەر مەترسیێ، ئەڤە عادزیامە هەمیایە، ئەڤە خەمامە هەمیایە، هەمی بەشدارین دڤی خەمێدا، ئـەم جارەکـادی ب توندی ئیدانا جۆرە کردارا دکەین، هێڤی دارین ئەم بگەهینە ئەنجامێت بـاش، ئەڤـە دومـاهی جـار بیـت، ئەڤ ڕوودانا ل پارێزگەها بێنە ڕوودان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سـوپاس، بـەڕێزان لیژنـەی نـاوخۆ هەیـە، ئـەوە ئیشـی ئەوانـە، ئـەوەی کـە جـەنابت فـەرمووت، سـوڵبی ئیشـوکاری لیژنـەی هەمیشـەیی پەرلەمانـە، بەوکارانـە هەسـتن نـەك تـەنها لـەدهۆك لەگەشـت هـەرێمی کوردستان، بەڕێزان لەبەر ئەوەی ئەمڕۆ دەبێت تەواوی بکەین، وە ڕۆژی هەینی و شەممە دێت و دەوامـان نیە، ئێمە دەمانەوێت بەزووترین کات ئەم تەوصیاتانە تـەواو بێـت، بۆیـە دەبێـت حـازر بکرێـت بـۆ ئـەوەی سـبەی بیدەینـە حکومـەت تـا بـەدوای کارەکانـدا بـڕوات، تـا تـەئخیر نەبێـت، وەزعەکـە چـەند زووتـر بـە دەنگیەوە بچین، هەر درەنگە، بۆیە تکایە تیکرار مەکەن، محاوەلە بکەن تەرکیز بکەنە سەر راپۆرتەکـە، زۆر سوپاس، ئێستا بۆ ئاگاداریتان 45 کەس ماوە قسە بکات، ئینجا ئەگەر یەکێکتان ئەچـنە دەرەوە ئیسـراحەت دەکەن و دێنەوە، موشکیلە نیە، بەڵام بەردەوام ئەبین تا کۆتایی بە گفتوگۆکان دێنین، ڕێـزدار جیهـان خـان فەرموو.

**بەڕێز د.جیهان اسماعیل بنامین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەستپێکی ئەز دەستخۆشی لە هەردوو لێژنە دەکەم، لێژنەی ناوەخۆ و لێژنەی مافێ مرۆڤ، گەلەك وەستیان و چۆن تەواڤیعی وێ مەنتیقەی بووینە و دگەڵ وێ خەڵکی دانیشتنین و ئەو راپۆرتە بۆمان حازر کریا، هەروەسا دەستخۆشی گەلەك لە خوشك و برا دەکەم کە ئیشارەت بە گەلەك خاڵی گرنگ کرن، خاص بە مەوزوعەکەی ئەڤرۆ، گەلەك بەرچاڤا و گەلەك گرنگە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ئەز ئەڤرۆ وەك نوێنەری میللەتێکی وەك نەتەوە، ئەز دبێژم مێژوویەکی گەلەك درێژ هەیە، پتر لە 6000 ساڵ وەك نوێنەری میللەتێکی وەك ئایین، پتر لە 2000 ساڵ، مێژوو هەیە، ئەز دبێژم کو میللەتا مە ئەڤرۆ لە هەرێما کوردستانێ، راستی مەترسیەکە لەسەر هەی، ئەڤ میللەتە گەلەك موعاناتە دیتی، سەدان ساڵ وەك میللەتی مەسیحی و وەك میللەتی کلدانی سریانی ئاشووری، گەلەك تشت بە چاڤێ خۆی دیتی، ئەنفالی دیتی، گەلەك جارا تووشی هیجرە بوویە و هەتا هەنوکە ژی خەڵکی مە هەرە رڤینی و نزانن چ عەردێك و ئەمن و ئیستیقرار لێ بن؟، ئەڤ میللەتە کە وەك من گوتی کە میللەتێکی ڕەسەنە، ئەم وەك هەمێ ئەو میللەتی دی دڤێتن ولاتی د هەرێمی کوردستانێدا، میللەتێکە رەسەنین، کە چەند سالا ئێمە گەلەکی دژین و هەمێ بە روحێکی خۆش و پێکەڤە ژیانێکی خۆش، ئەڤرۆ ئەو تشتە روویدایە، خەڵکی مە گەلەك مەترسیە، بە دلێکی ترسی لێ دبینن و نزانن چەوە تەعامول دگەل بکەن؟، گەلەك عەوائیلە ئەڤە چەند پشتی 2003، ژ پارێزگاها دی عیراقێ ئەز دبێژم کو بەغدا و موسل، هاتنە هەرێما کوردستانێ، چونکە ئەڤ هەرێمە مەعروف بە ئارامی و خۆشی و ئیستیقرار، ئەڤرۆ ئەڤ خەڵکە پرسیار دکەن چی بکەین، ئەڤ ئەگەر هەرێما کوردستانێ وا لێ بێت ئەز کێندەر بچین؟، ژ بەر هەندێ ئەز لێرە تەئکید لەسەر چەند نوقتەیەك دکەم، ئەڤرۆ ئەگەر پەرلەمانا کوردستانێ، پشتێ ڤێ دانیشتنە شتێك هەبێت، ئەز حەز دەکەم بڕیار بچیتن، وەك تەوصیات نەبێتن، یەعنی حکومەت مولزەم بکات کو ئەڤ خاڵانە، ئەڤ خاڵە هاتینە تەقریرا لێژنا ناڤخۆ و لێژنەی مافێ مرۆڤ، هەروەسا ئەز تەئکیدی دکەم کۆ فیعلەن تەقصیرێك هەی ژ لایێ دەزگای ئەمنی، چونکی دگەلەك خەڵك گلەیی و گازاندە دکەن و دەزگایەت ئەمنی باش پشوو خۆی لێ رابووینە، ئەگەر فیعلەن ئەو سەبەب بێت کو عەدەد کەم بیتن، ئەڤە مەعنا وێ حکومەت ژ ڤێری بەرپرسیارا، چونکی بۆ چی ئەڤ عەدەدە کەم ئەڤ مەنتیقە وەسا، یەعنی مەنتیقەکە مەزنە و پارێزگاهاش پارێزگایەکی هەرێما کوردستانێ و پێدڤیا دەزگای ئەمنی لێ گەلەك بێتن، چونکە دائیمەن لازمە مرۆڤ بەرچاڤێ خۆی بزانێت کە حالاتی تاریێ هەن، ئەگەر ئەڤ تشتە روویدا هەنووکە و پێدڤی بوو عەدەدێکی باش دەزگای ئەمنی لێ ببا، شیوەین ئەڤ خەڵکە بپارێزن و ئەڤ جیهە و ئەڤ مەحالاتە و ئەڤ شوێنانە بپارێزن، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، موزوع ڤێری مەحلاتی مەشروب و جیهەت مەساجی و ئەمانە نینە، مەوزوع مەوزوع میللەتێکە، ئەز وەکو نوێنەرێ خەڵکێك، میللەتی من لەبەر مەترسیەکە، پێدیڤیا ئەم باش بەرچاڤ بینین کو ئەڤ خەڵکە هەنووکە گەلەك عەوائیلە وەزعی وان نەفسی خۆش نینە، نزانن چەوە وەزعی خۆ حەل بکەن؟، پێدڤیا

ئەڤ تشتە هەمی بەرچاڤ بن، مەوزوعێکی تر گەلەك موهیمە، ئەم لازمە ئەڤ جیلە هەنوکە مەزن بیتن، ئەز وا پەروەردە بکەین کو خەلکێکی دی ڤێ ولاتێ وی هەی، ژ بەری موسلمانە، ژ بەری کوردانە، ژ بەری نەتەوەی تر هەن، هەندێ ئاینی تر هەن، ژ بەر هەندێ تەئکید دکەم کە مەترسی مەناهیجی مەدارسا و پەروەدە و ناڤ مەداریسە و ناڤ قوتابخانە هەمی بۆ ئەڤ ئیتیجاهە بیتن، بەحسی پێکەڤە ژیان بێتە کرن، حەتا لە قوتابخانەدا، چونکە ئەز دەبینین کە ئەڤ روویدا گەلەك ژوانا و عەمری وانا 11 ساڵ و حەتا 20 و 22 ساڵ وەسا بوون، یەعنی مەعنا وەیە گەلەك ژوانا قوتابینە، ژبەر هەندێ ئەز تەئکید دکەم کە ئەڤ نوقتەژی بێتە زیاد کرن کە پەروەردە ژی مەعنی بێتن دڤێ مەوزوعیدا، نوقتەکی ترن ئەز دەستخۆشی لە د.بشیر دەکەم کە گەلەك نوقتەی باش گۆتن، گەلەك خالا جوان گوتن، بەس راستی بۆ من خۆش نەبوو کە ئەڤرۆ ئەم وەك مەسیحی ناوی (اهل الذمة) بۆمان ئیشارەت کر، من پێم خۆش نینە و ئەز قبول ناکەین وەك (اهل الذمة ) بێنە حیساب کرن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزدار گوڵیزار خان فەرموو.

**بەڕێز گوڵیزار قادر اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەست خۆشی لە ئەندامانی لێژنە دەکەم، سەبارەت بە ڕەوشی ئێستای کوردستان زۆر نیگەرانین، چونکە سوپاس بۆ خوا، دوای ئەو نەهامەتی و ناخۆشییەی کە بەسەر گەلەکەماندا هات، ئێستا تاکی کورد هۆشیارە و گەیشتووتە مانای پێکەوە ژیان و تەبایی و برایەتی ئەزانێ، بە نیسبەت سووتانی دوکان و ئوتێل و شوێنە گەشتیارەکانی ناوچەی بادینان و سووتاندنی بارەگاکانی یەکگرتووی ئیسلامی و کەناڵەکانی ڕاگەیاندنیان، بەراستی کارێکی ناڕەوایە، چونکە تێکدانی کەشی ئازادی کوردستان لە لایەك و لە یەك ترازانی ئەو پەیوەندییەی لە نێوان لایەنە سیاسیەکانی ناوچەکە هەیە لە لایەکی تردا، بەراستی زۆر جێگای داخە، هیوادارین هەنگاوی بە پەلە و کاریگەری بۆ بندرێ، ئەم ڕەوشەی ئێستا هەیە، چاك بکرێتەوە، چونکە کورد و کوردستان و هەموو لایەکمان دەزانین دوژمنمان زۆرە، هیوادارم کارێکی وا بکەین دەستی تێکدەران لە ناوچەکە ببڕین و بنبڕی بکەین، ئاواتە خواز بووین ئەو کۆبوونەوانەی کە ئێستا ئەیکەین، کۆبوونەوەی باشترمان بکردبایە بۆ چاکتر و باشتر پێگەی کورد و کوردستان و بەهێزترمان کردبا، هەروەها، هەروەك چۆن لە پێشوودا لەگەڵ نەتەوەو ئایینەکانی جیوازدا لە کوردستان پێکەوە ژیاوین، بە ژیانێکی تەباییانە لە پێشوو، باشتر بتوانین بژین، نەهێڵین دوژمنانی گەلی ئێمە هەولی ئەوە بدەن کەلین و درز بخەنە نێوانمان، چونکە ئاژاوەی ناوەخۆیی لێ دەبێتەوە و دەبێتە تێکدانی پەیوەندی کورد، زەرەریش دەکەین لە پەیوەندییەکانی دەرەوە، لەسەرووی هەموو ئەوانەشەوە، هەر تاکێك ئازادە بۆ خۆی چۆن دەژی، جا پێویستە بە زووترین کات چارەسەری بە پەلە بۆ ئەو ڕووداوانە بکرێت لە ڕێگای کاربەدەستە باڵادەستەکان و پەرلەمان و ئاسایش و سەربەخۆیی دادگا و هاوکاری و پشتیوانی هەموو حیزبەکان، بۆ ئەوەی ئارامی

باڵی بکێشێتەوە بەسەر ناوچەکە و هەموو کوردستان، لە کۆتاییدا هیوادارم هەموو لایەك دان بەخۆدا بگرن و هاوکار بن لە هێورکردنەوەی بارودۆخەکە و یاساش ڕۆڵی جیددی خۆی ببینێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سوپاس، ڕێزدار حمە سعید فەرموو.

**بەڕێز حمە سعید حمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان، سەرەتا سوپاسی لێژنەی بەڕێز دەکەین، بەڕێزان، ئەم ساتە وەختە ساتە وەختێکی زۆر هەستیار و زۆر گرنگە بۆ پەرلەمان، بۆ پەرلەمانتارانی بەڕێز، کە دڵنیاشم ئینشاالله وا دەبێ، کە بە ویژدانێکی زیندوو، بە بێ لایەنی و بە میهەنی مامەڵەی مەسئولانە بکەین دوور لە تەعەصوبی حیزبی و دوور لە ئینحیاز، ئەمە ڕۆژێکی مێژوویە، دۆکیۆمێنتەکان دەمێننەوە بۆ نەوەکانی داهاتوو و مێژوو ئەمە تۆمار دەکات بۆ چەند جیل دوای خۆشمان، بێگومان بەڕێزان، من پێموایە ئەمە هەڵەیەکی ستراتیجی و زۆر گەورە بوو کە دام و دەزگاکانی ئەو دەڤەرە تێیکەوتن، بەراستی لە کاتێکدا کە هەموو لایەك چاوەڕێی چاکسازی و چاوەڕێی جێبەجێ کردنی بڕیارەکانی سەرۆکی هەرێم، چاوەڕێی کۆبوونەوەی پێنج قۆڵی، چاوەڕێی جێبەجێ کردنی ماددەی 140 و گەڕانەوەی ناوچە دابڕاوەکان، چاوەڕێی ئیستیقلال بوونی هەرێم و بەرەو دەوڵەتی سەربەخۆیی کوردی و کوردستانی، ئەمە بوو بەداخەوە، ئەم هەڵە گەورەیە ڕوویدا کە ئەمە پێموایە دژی ئازادی و دژی تەعەددودیەت، دژی دیموکراسی و دژی پێکەوە ژیان و دژی لێبوردەیی بوو، بێگومان ئەمە نیشانەی ئەوەیە کە ئەو کلتوورە کە قبوڵکردنی ئەوی تر نیە، ڕەفزی ئەوی ترە و سڕینەوەی ئەوی ترە، سڕینەوەی موقابیلە، کە ئێمە سەیر دەکەین چەندین پێشێلکاری کراوە، لە ڕابووردوودا و بێ پاساو تەبعەن، پێشێلکاری بەرامبەر بە لایەنی تر و مەقەری تر، پێشیلکاری بەرامبەر بە مافی مرۆڤ و ئەشکەنجەدان و ئازاردانی ڕۆژنامەنووسان و سووتاندنی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن، کەناڵەکانی سپێدە، بێگومان ئەم هەڵسوکەوت و ڕووداوانە زەرەرێکی زیادی هەیە بۆ ئەزموونەکەمان و بۆ ناوبانگی ئەزموونەکەمان، هەتا بۆ گەلەکەمان و بۆ پرۆسەی سیاسی و دیموکراسی و سیستەمی سیاسی و دەسەڵاتی خۆماڵیمان، بەڕێزان، بەراستی تێکەڵکردنی مەلەفەکان هەڵەیەکی تری گەورەیە، وەکو ئەو هەڵانەی تر کە تۆ بێی مەلەفی سووتاندنی دوکانی مەی فرۆشتن و مەساج تێکەڵ بە مەلەفی ئاینێك، مەزهەبێك، نەتەوەیەك بکەین، من پێموایە ئەمە ئیهانەیە، لەگەڵ ڕێزماندا، بچووك کردنەوەی قەزیەی ئەو نەتەوە گەورانە و ئەو ئایینە گەورانە و ئەو مەزهەبە گەورانەیە، خۆی بۆ خۆی سەرەتایەکە و دروستکردنی نانەوەی شەڕی تائیفی، ئەگینا موسوڵمانەکان بە درێژایی مێژووی 1400 ساڵ و کورد بە درێژایی مێژووی خۆی لەسەر ئەو کلتوورە کاری کردووە، کلتووری ئازادی دینی، ئازادی مەرزهەبی، ئازادی نەتەوەیی و ئازادی تاك، ئەمە لە مونتەلەقی چ ئیسلامی، چ ئینسانیەت، چ وەتەنیەتی کوردستانی و چ قەومیەتی کوردی، ئەم مونتەلەقە مونتەلەقێکی هەڵەیە ئەم بۆچوونە، چونکە بەراستی

خوێن و ماڵ و نامووس هی هەموو تاکێك حەرامە، من پێموایە لە ئیسلامیشدا زانایان باشتر شارەزان، ئەگەر کەسێك بچێتە دوکانی مەی فرۆشێك، زەرەری پێ بگەینێ شەرعەن و قانونەن ئەبێ زەرەرەکەی پێ بژمێردرێ، من پێموایە و وایە لە قانونیشدا و لە شەرعیشدا، ئەگەر کەسێك برایەکی من بکوژێت، من بۆم نیە هیچ ئیجرائاتێك بەرامبەر ئەو کەسە بکەم، ئەبێ قەزاء و شەرع و قانون دەڵێ، ئەبێ قەزاء ئیجرائاتی خۆی بکات، ئەویش بۆ ئیقامەی حدودە و بۆ ڕێگە گرتنە لە مەسەلەکە، بەڕێزان، لێرەدا من پێم خۆشە بە موتلەقی و بە تەعمیم باسی لایەنێك نەکەم و باسی هەموو کەسەکانی ئەو لایەنە نەکەم، مەسئولیەتی تەقصیری لە رووی قانونیەوە، بۆ مەسئولیە مەحلییەکان علی الاقل، ئەگینا مەسئولیەتی موشارەکە و هاندانیان هەیە بە پێی راپۆرتەکەی لێژنەی بەڕێز، کە لە لێژنەی ئەمنی زاخۆ خۆی وتوویەتی پێشتر پێش رووداوەکە، خەبەرمان زانیوە لە یەك دوو خوتبەی تردا باسی ئەو مەوزوعە کراوە، ئەی بۆ موعالەجەی نەکردووە؟، یەعنی پێش $12/2$ بە پێی ئیعتیرافی لێژنەی ئەمنی، دەڵی ئەوە هەبووە، خاڵێکی تر دەڵی: لەناو خوتبەکە تەحریز هەبووە، قسەی لێژنەی ئەمنیە، کەسێك هەڵساوە و توویەتی با بچین، دیارە بەینی عەمەلیەکە و بەینی خوتبەکە بەلای کەم سەعاتێکی فەرقە، بۆ چی ئەڵێ بە تەحدید پەلاماری دوکان و مەساجەکان بدەین؟، بۆچی مەنع نەکرا؟، خاڵێکی تر توانیان کە جێگەی دەستخۆشیە، توانیان صینیەکان رزگار بکەن کە مایەی خۆشحاڵیشە، ئەی بۆ نەتوانرا مەساجەکان و مەیخانەکان و بارەکان رزگار بکرێن؟، ئەمە پرسیارێکە، پرسیارێکی جیددیە لەناو راپۆرتەکەدا هاتووە، بەڕێزان، دەوترێ بە بەرنامە و دەستی لە پشتەو دەستی دەرەکیە و دەستی کێیە؟، دیارە من پێموایە لە مەنتیقەی بادینان دەزگای ئاساییش و دەزگای هەواڵگری و دەزگاکانی تر، ئەوەندە موعلومات و زانیاریان هەیە کە چۆلەکە بەئاسماندا بڕوات ئەزانن بۆچی دەڕوات، چی دەکا و چی ناکات؟، دیارە خۆشی ئەڵێ زانیومانە دەست هەیە و پلان هەیە و بەرنامە هەیە، ئەی بۆ ئەو مەعلوماتە پێش وەختە مەنعی نەکرد و بۆ هەوڵی پووچەڵکردنەوەی ئەو موئامەرەی و ئەو دەستەی نەدا؟، ئەگەر پیلانی دەرەکیە، کە دەڵێ پیلانی دەرەکیە، کە ئێمە دژی هەموو پیلانەکین کە دژی کوردستان و گەلەکەمان و بەرژەوەندی باڵاکانی بدرێ، خۆ ئەمە بەپێی یاسا، مەسئوولیەتی دەزگای ئاساییش و ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمەو دەزگا بەرپرسەکانی ئەوێیە، کە بەرگری لەو پلانە بکەن و لەو موئامەرەیە بکەن، بەڕێزان، ئەمە هەمووی ئیعتیرافی سوڵتەی مەحەلی خۆیەتی، بۆ نموونە قائیمقام خۆی بە ئیعتیرافی خۆی لە لاپەڕەی پێنجی راپۆرتەکە دەڵێ: ئێمە کەمتەرخەم بووین و نەمانتوانی ڕێگە بگرێن، بۆ نموونە قایمقامی سیمیل دەڵێ: حەوت کەس بوون سەیارەیەکیان پێ بوو، ئەم حەوت کەسە بۆ ئیحتیوا نەکرد و بۆ نەتگرت؟، دواتر دەڵێ: بوون بە پەنجا کەس، ئەی بۆ نەتگرتن؟، دواتر دەڵێ خۆم لەوێ بووم، حەتمەن خۆی بە تاکە نەفەری نەڕۆیشتووە، کۆمەڵێك هێز و ئاساییش و پۆلیسی لەگەڵ بووە، نەیتوانی کۆنترۆڵی $50$ کەس بکات، ئەی بۆ توانرا لە شەوێکدا بە شێوەیەکی مەدەنی و ئازادانە سەدەها و هەزارەها کەس لە ئەندام و لایەنگری یەکگرتوو بچێت گردکردنەوەیەکی هێمنانە بکات لەبەردەم بارەگای مەکتەبی سیاسی لە هەولێر؟، بۆ توانرا مەنعی سەدەها

و هەزارەها بکرێ؟، بۆ نەتوانرا ئیحتیوا و ئیستیعابی 50-60 کەس بکرێ؟، دیسان لە خاڵی هەشتدا هەر قائیمقامی سیمیل خۆی ئیعتیراف دەکات، لە لایەن قائیمقامەوە دەڵێ ئێمە تەقصیرمان بوو و نەمانتوانیوە بارەگا و دوکان و چوار دوکان بەرامبەر قائیمقامیەتە، یەعنی ئێستا بەرامبەر بەو پەرلەمانە چوار دوکان بسووتێنرێ، ئەی ئەو هێزەی پەرلەمان ئیشی چییە؟، ئەی پۆلیسەکانی قائیمقام و ئاساییش ئیشیان چییە؟، چوار دوکانی مەی فرۆشتن بەرامبەری سووتێنراوە، ئەمە بەڕاستی پێموایە راپۆرتەکەش و هەموو بەڵگەکانیش لەسەر ئەوەن کە مەسئوولیەتی تەقصیری هەیە، موحافز، خۆی ئەوەتا لە راپۆرتەکەی لێژنە بەڕێزەکە دەڵێ: ئێمە نەمانتوانی ئەو پاساوە کە هێزمان کەمە، بۆ دیاردەکانی ترو بۆ رووداوەکانی تر و کێشەکانی تر بۆ هێزیان کەم نیە؟، دەڵێ: بەڵێ تەلەفۆنیان بۆ کردم مەسئوولەکانی یەکگرتوو، تۆ وەرە لە بەینی رووداوەکەی، بۆ مەعلوماتی جەنابتان، ئەوەی کە هەڵیان کوتاوەتە سەر مەیخانەو مەساجەکان، تا سەعات شەش کۆتایی پێ هاتووە، لە سەعات 10,10 و 10,30 بارەگای یەکگرتوو سووتێنراوە، ئەو خەڵکەی کە دوکانەکانیان سووتاندووە بڵاوەیان کردووە لە سەعات 6 و 5 بڵاوەیان کردووە، دوای پێنج سەعات، یەعنی تۆ وەرە پێنج سەعات دوکان بسووتێنرێ چۆن کۆنترۆڵی ناکات؟، هێزی پێشمەرگەو هێزی ئاساییش و ئەو هێزانە، هێزە ئەمنییەکان، پێنج سەعات خەڵك بچێت خەریکی دوکان سووتاندن بێت و هێزێکی زۆریش لە هەموو هێزە ئەمنییەکان لەوێ بێ، بۆ کۆنترۆڵی ناکات؟، ئەوە کۆتایی خەڵك بڵاوەی کرد، دوای پێنج سەعات لەوە دێن بارەگای یەکگرتووی ئەسووتێنن کە بە بەرچاوەوەیەو ئەوە بەڵگە ڤیدیۆییەکانە، دوو سی دی پڕ لە بەڵگەی ڤیدیۆیی، ئەوە ناوی بەرپرسەکانە، بە چەکەوە، ئایا مەدەنی چەکی پێیە؟، یەعنی خەڵك هەیە بە بێ ئیجازە چەك هەڵگرێ؟، ئەگەر مەدەنیەو چەکی هەڵگرتووەو تەقە لە بارەگای یەکگرتوو ئەکات، ئەمە قەباحەتێکی ترە، چۆن بە بێ ئیجازە چەکی دەدرێتێ؟، ئەگینا چەکدارە، ناوی هەیە، مەسئوولە، باشە خەڵکی ئیعتیادی ئەتوانێ سلینگ و رافیعە بێنێت؟، پێم بڵێن ؟، بچی لەسەر حاڵ سلینگ و رافیعە و کارەباو بکوژێنێتەوە و سەیارەی پۆلیس بێنێت و، یەعنی ئەمە دەسەڵاتێکی مەحەلی، یەعنی من باسی تەعمیم ناکەم، خەڵکانێکی بەرپرس لەوێ، ئەمە من پێم وانیە خەڵکی غەوغائی، وەڵڵا کاکە ئەمە رەد فیعلی دوکانەکان بوو، ئاخیر کاکە ئەگەر رەد فیعلی دوکانەکان بوو، جارێ کێ دوکانەکانی سووتاند؟، کە هەواڵێك هەیە، بەرپرسێکی مەحەلی ئەو شاری زاخۆیە، مەعلوماتی گەندەڵی لەسەر هەندێ بەرپرسی تر وتووە، ئەو بەرپرسە خاوەنی ئەو بازاڕ و ئەو مەساجەی تێدایە، ئەوانیش لە داخی ئەمە ئینتیقامیان لەوە سەندووە، کە ئەمە ئەگەرێکە ناڵێم وایە، خەبەرەکەی تر، لە هەموو حاڵەتێکدا ئەم مەعلوماتە پێش وەخت لە لای دەزگاکان بووە، خاڵێکی تر، مەسئولیەت، کاکە کە تۆ ئەڵێی مەسئولیەت، ئەمە بە توهمە سەیر مەکەن، وەڵڵا ئەمە قەراری پێش وەختە و یەکگرتوو لە جیاتی قەزاء حوکم ئەکات و یەکگرتوو توهمەی کرد، مەسئولیەت لە قانوندا، ئەو بەڕێزانەی کە لە قانون زیاتر شارەزان، مەسئولیەت ئەنواعی هەیە، مەسئولیەتێك هەیە کە کابرا موجریمە و تاوان ئەکات، مەسئولیەتێکی تر هەیە تەحریز ئەکات، مەسئولیەتێك هەیە پشتی تاوانبار دەگری، مەسئولیەتێکی تر

هەیە کە تۆ مەنعی تاوانبار ناکەی، کار ئاسانی بۆ ئەکەی، لە هەموو حالەتێکدا، سوڵتە، ئێستا دوو هاووڵاتی بەسیت، ئا لەوێدا یەکێك تەعەدا لە یەکێك بکات کێ مەسئوولە؟، هێزی پۆلیس و ئاسایش مەسئوولن لەو هاووڵاتیە باڵادەستە کە تەعدا لە هاووڵاتیەکی فەقیری تر دەکات، کەواتە ئەمە مەسئولیەتی تەقصیریە بەڕێزەکان، ئەو مەسئولیەتە تەقصیریە لە لایەن ئەو دەزگانەی ئەو ناوچەوەیە، لەوە خۆشترە، یەعنی سەیرو سەمەرەتر، رەش بگیریەك، ئەندامان و لایەنگرانی یەکگرتووی گرتووتەوە، سەعات $11$ی شەو هەڵکوتانە سەر ماڵ و تۆقاندنی ژن و منالی ئەو ئەندامانە؟، کە هی وا هەبووە لە کاتی حادیسەکە لەوێ نەبووە، رۆژی دواتر، دوو رۆژ دوای ئەوە گەڕاوەتەوە، بە حوزوری جەنابی سەرۆکی هەرێم لەوێ، لەو ساتە وەختەی ئەو لەوێ بووە، لەو کاتە هەڵکوتاوەتە سەر ماڵی ئەندام و لایەنگری یەکگرتوو و گیراون و ئەشکەنجە دراون و ئازار دراون، ئەی ئەم حاکمە بەڵگەی چۆن دەستکەوت کە موتەهەمن؟، کێ ئەم قەرارەی دا بگیرێن؟، ئەگەر قەراریش بدات بگیرێن، ئایا حاکم دەڵێ: سەعات $12$ شەو و $2$ی شەو هەڵکوتنە سەر ماڵەکانیان و رەش بگیری بیگرەو ئازاری بدەو تەهدیدی بکە؟، ئەوە وا هەیە؟، بەڕێزان: دەوترێ، یەعنی ئایا ئەو گیراوانە غەیری یەکگرتوویان تێدایە؟، من تەحەدا دەکەم، با ناوەکەی بڵێ، بڵێ فلانی کوڕی فلان هەموو ئەوانەی کە گیراون سەد کەسن هەموویان یەکگرتوون، یەك کەسی غەیری یەکگرتووی تێدا نیە، خاڵێکی تر، لەوێ دوو هێز هەیە، دوو هێزی مەحەلی، باسی دوو هێزی سەرتاسەری کوردستان ناکەم، یەکێکیان یەکگرتووی ئیسلامی کوردستانە، هێزێکی مەدەنی دەست سپی و ئەعزەل و فەقیر و بێ چەك و بێ نینۆك و دەست و پێ سپی، و هێزێکی تری مەحەلی کە خاوەنی هەموو ئیمکانیاتێك، خاوەنی هەموو سوڵتەیەکی ماددی، عەسکەری، ئیداری و ئەمنی بەقوەت، یەعنی ئەم دوو هێزە هاوسەنگیەکەی تۆ چۆن تەحلیلی دەکەی؟، بەداخەوە یەعنی، بەێنی ئەم پێوەدانگە نازانم چ پێوەدانگێکە، بەڕێزان، هەموو تەبعەن نوخبەی سیاسی و نوخبوی رۆشنبیری و نوخبەی رۆژنامەنووسان و نووسەران و هەموو چین وتوێژەکان و ئەشخاص و ئەحزاب و مونەزەمات، و حەتا بە تایبەتیش برادەرانی مەسیحی و یەزیدی، چاودێرانی نێودەوڵەتی لە کوردستان و قونسوڵخانەکان، حەتا هەندێك، ئەگەر نەڵێم زۆرێك، ئەندام و کادیر و لایەنگری پارتیش پەیوەندیان کردووە، چ لەسەر ئاست بە مەکتەبی سیاسی و چ بە شەخصی ئێمەوە نیگەرانن لەو حەدەسە، کە من پێموایە، من بەش بە حاڵی خۆم و یەکگرتووش بە گشتی چەندێك بێ تاقەت و ئازار ئەچێژێ بۆ ئەوەی کە عەزیەتی خۆی دراوە، دە ئەوەندە ئازار ئەخوات بۆ ئەوەی کە عەزیەتی برا مەسیحی و برا یەزیدی  و برا ئەرمەنی و ئەوانە دراوە، سەد ئەوەندە ئازار ئەخوات کە ئەزموونەکە عەیبدار بووە، خەباتی مێژووی میللەتەکەم ئێستا لە لای موراقیبینی نێودەوڵەتی، لای دەوڵی ئیقلیم، لای ئەم قونسوڵخانانە و موراقیبی نێو دەوڵەتیانە، ئەو کولتورە کە رەسمی کورد و رەسمی کوردستان وا بگیرێ، دژی ئازادیە و دژی دیموکراسیە و دژی تائیفەیە و دژی قەومیەتە، ئەمە ئازارە، یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان چوار مەقەری سووتاوە، چاك ئەبێتەوە، بەڵام ئەمە ئازارە، ئەمە چاك نابێتەوە، کە چەندەها شەخصیاتی برا مەسیحی و برا ئەرمەنی  و برا ئاشووری و ئەوانەی تر

پەیوەنـدییان کـردووە، نیگـەرانی خۆیـان وەك بـرا مەسـیحیەکانیش بـاش لـە یـەکگرتوو تێگەیشـتوون، کـە یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان لە تەئریخی 17 و 18 ساڵەدا ئەو کولتوورەی بڵاو کردیتەوە، سەقافەیەکی بڵاو کردووتەوە کە دژی تەتەروفە و دژی تەشەدودە و دژی توند ڕەویە، ئینجا باوەڕمان، باوەڕەکەمان ئەوە نیە کە بڵێین تەکتیك و سیاسەتە، دین وا ئەڵێ، ئینسانیەت وا ئەڵێ، وەتەنیەت و کوردستانی بوون وا ئـەڵێ، واقیعە، واقیع وا ئەڵێ، مامۆستا عومەر زۆر بە تەفصیلی باسی کرد، بەڵێ بەڕێزان، ئـەوە دۆکیومینتـەکان، ئەو هەموو شتە ئەسەلمێنن، من پێموایە بـا بـەو مەنتیقـە، هـەر جـەنابی سـەرۆکی هـەرێم بـەو مەنتیقـەی دەڵێ: موقەصیری هەڵکوتانە سەر بارەگاکانی لقی چوار، موقەصیر، بـا ئـەو موقەصـیرەش لـەوێ مەحکەمـە بکـرێ و دادگـایی بکـرێ، خـۆ یـەکگرتووی ئیسـلامی کوردسـتان ئەگـەر منـاڵێکیش، ئەگـەر منـاڵێکیش لـە مەقەرەکە بماباوە و فیشەکێکی بتەقاندبا، چەند کەسێك ئەکوژرا، بەس ئامادە بـووین هـەموو بارەگاکانمـان بسووتێ، مناڵێك پەنجەیەکی بریندار نەبێ و نینۆکێکی نەکەوێ، چ لە ئێمە و چ لە غەیری ئێمە، ئێسـتاش ئامادەین هەرچی بارەگامان هەیە لە سەرتاسەری کوردسـتان بکـەین بـە قوربـانی پەنجـەی منـاڵێکی کـورد و کوردستان، ئەوە مەنهەجی ئێمەیە، ئەوە فیکر و قەناعەتی ئێمەیە، بەڕێزان، من ئـەڵێم بـا بـە جورئەتـەوە دەسەڵاتدارانی ئەوێ، ئیعتیراف بە هەڵەی خۆیان و بە کەمتەرخەمی خۆیان بکەن و خەلەلەکە لە کوێدایـە ئەو ئیعتیرافە بکەن بە جورئەتەوە و بە جورئەتیشەوە ئیجرائات بکرێ، من بە لامەوە سەیرە، ئاستی باڵای ئەم هەرێمە بڵێت ئاگامان لێ نیە، جاران لە عەصری کۆندا ئەگەر لە کونێکی ئەم کوردسـتانە، لـە شـاخیش بـووین، ئەگـەر شـتێکی سیاسـی یـان حەدەسـێك روویـدابا، دوای چـەند سـەعاتێك ئەگەیشـتە سـەرەوە و بەرزترین قیادەی کوردستان، ئێستا لەم عەصری تەکنەلوجیا و ئەنتەرنێت و موبایلە، یەعنی مەعقولـە لـە سـەعات یەکـەوە حادیسـەیەك روویـداوە، تـا سـەعات 12 بـەردەوام بـووە، قیـادەی سیاسـی ئـەم هەرێمـە نـەیزانیوە؟، ئەگـەر بڵـێ: ان کنـت تـدری فتلك مصـیبە و ان کنـت لا تـدری فالمصـیبە اکبر، یـەعنی ئەمـە مەعقول نیـە، مـن دەڵـێم پێویسـتە وەزارەت و وەزیـری پەیوەندیـدار و دەزگـای بـاڵا، دوای نیـو سـەعات بـە حادیسەکەی زانی بـێ، خـۆی مـەفروزە دوای سـەعاتێك ئیحتـوا بکرابـا و کـۆنترۆڵ بکرابـا، بـۆ نـەکرا، ئەمـە جێگای پرسیارە، بـەڕێزان، لەسـەر راپۆرتەکـەی برادەرانـی لێژنـە، دوای دەستخۆشـی، دەبوایـە گیراوەکانیـان بدیتبایە، ئەو گیراوانەی کە ئێستا لە سجنن ئەو کاتەی کە ئەوان لەوێ بوون، ئەو گیراوانەش کـە بـەربوون، ئەبوایە بیاندیتبایە، بیانزانیبا بۆ گیراون؟، ئەگـەر یـەکگرتووی ئیسـلامی کوردسـتان، حیزبێکـی ئاوایـە کـە تەحلیل و تەفسیری بۆ دەکرێ، ئەی 17-18 ساڵە بۆ مامەڵەمان لەگەڵ ئەکرێ؟، بۆ بە حیزبێکـی نیشـتمان پەروەر و ئیصلاح و بەشدار بە وەرە لە حکومەتدا و لە سوڵتە و بۆ لە کۆنگرەکانی واشنتۆن و کۆنگرەکـانی دوبلن و کۆنگرەکانی لەندەن و لە ئۆپۆزیسیۆن لە صلاح الدین و مەجلیسی حوکم و لە مەحافیلی ئیسلامی و مونەزەماتی نێودەوڵەتیدا، بۆ ئێمە هێزێکی سیاسی و کوردستانی و نیشتمانین و دیفاع لە قەزیەی کوردو حەتا ئیستیقلالیەتی کوردستانیش دەکەین، زۆر بە بێ باکانە بەرامبەر بە برادەرەکانی ئیسلامی عیراقـیش دەڵێن وەللا کورد ماڤ خۆیەتی هەر ماڤ چارەی خۆی بنووسی، ئەی بۆ لە ساتە وەختێك ئەمـە رووئـەدات،

بۆ تەئریخی عیلاقاتمان سفر ئەکەین؟، ئێستا ئەگەر هەڵچوونێك روویداوە، بۆ تەئریخی ئەو حیزبە و عیلاقاتی سفر ئەکەی؟، کە ئەوە شتێکە بەراستی هەموو قونسولخانەکان و هەموو دونیا باوەڕی پێ ناکات کە یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان نە ئەو کولتووورە بڵاو بکاتەوە، یەکگرتوو دژی توند ڕەویە، دژی تەعەصوبە، ئەوە بەڕێزان: ئەبوایە ئەو برادەرانە گیراوەکانیان بدیتبایە، بزانن چۆن سزا دراون؟، خاڵێکی تر، ئەبوایە دادگایان بدیتبایە، دادوەرەکانیان ببینیبایە، بزانن ئەم قەرارەیان دەرکردووە، چۆن قەرارەکەیان داوە؟ کە برادەران قانونین و لە من باشتر دەزانن، مەبنای ئەو یاسا گرتنە مەبناکەی چیە؟ خاڵێکی تر دەبووایە دۆکیۆمێنتیان لابووایە ئەو کەسە، من بۆچی بەم وەکو دەڵێ تاکە کەسی خۆمە ئەم دیکۆمێنتە و حەز دەکەم بزانی دەیەها دۆکیۆمێنتی تریش هەیە، ئەوان کوا دۆکیۆمێنتەکانیان؟ خاڵێکی تر بەڕاستی دەبووایە بینینی خەڵکی سیاسی و بێ لایەن و خەڵکی چاودێر و حزبەکانی تر و ڕاگەیاندکارانی تر و دەوریشیان ببینایە، ئەمە گرنگ بوو بۆ ئەوان، بێ گومان من دیسان پێشنیارم بۆ لیژنەکە کە ئەمە ببێ بە قەرار، من هیوادارم و ئێستاش هیوادارم کە ئەم لیژنەی پەرلەمان و ئەم پەرلەمانە بڕیارەکانی وەکو پێشووی لێ نەیەت، وەکو هەڤدە بڕیارەکە و مەسەلەکانی تر و دروست کردنی لیژنە وەکو لیژنەی ئەوەی کە چەند ڕاگەیاندکارێك و چەند ڕۆژنامەنووسێك و چەند کەسێکی تریش کوژرا و شتی تر و حادیسەی تر ڕووی دا لیژنەی بۆ دانرا نەتیجەی لیژنەکان کوا؟ هیوادارم ئەمەش نەبێ بە ئەو لیژنە دروست کردنە، لیژنەی پەرلەمان لەبەردەم ئەم مەسئولیەتە دایە، ئەمە ببێ بە قەرار، ئەگینا مسداقیەت من دەڵێم مسداقیەتی پەرلەمان، میسداقیەتی سەرۆکایەتی هەرێمیش کە لیژنەی دروست کردووە، ئەگەر ئیجرائات نەکرێت دەکەوێتە ژێر پرسیارەوە، ئێستا چاوەڕێی ئیجرائاتی عەمەلین بەرامبەر بە هەر کەس، ئەگەر قانون دەرنەکرێ و بڕیار دەرنەکات و ئیجرائاتی عەمەلی نەبینین مسداقیەتی ئەم دوو دەزگایە بە حکومەتیشەوە کە حکومەت مونەفز دەبێ دوایی، سێ دەزگای باڵامان هەیە سەرۆکایەتی هەرێم و پەرلەمان و حکومەت، ئەگەر بڕیار نەدا و بڕیارەکانی جێ بەجێ نەکرێت، بەڕاستی مسداقیەتی دەکەوێتە ژێر پرسیارەوە، خاڵێکی تر دەبێ ڕەدی ئیعتبار بۆ برا مەسیحی و یەزیدی و ئەرمەنی و ئاشوریەکان بکرێت، نەڵێ ئەوە مەی فرۆش بوون و مەساجتان بووە، بۆیە واتان لێ هاتووە، کاکە دوو مەلەفی زۆر جیایە، حەیفە تەئریخێکی سێ هەزار ساڵەی مەسیح کە پێغەمبەرێکی ئولل عەزمە، شوێن کەوتووەکانی بە ئاوای لێ بێت، بەهەرحاڵ ئەوە دەبێ زەمانە، خاڵێکی تر دەبێ بەڕاستی ڕەدی ئیعتبار بۆ ئەو کەس و لایەنانەی کە زەرەرمەند بوون و لەوەی کە بەرائەتیان بسەلمێنێ و مەزلومیەتیان بسەلمێ و ئیجرائاتی عەمەلی بکرێت بۆیان، خاڵێکی تر من دەمەوێ بەڕێزان ئا ئەم ڕووداوانە لە هەموو ساتەوەختێك دا یەعنی ئێمە ئێستا دەچینە دەرەوە ئیحتماله مەقەرێك و شوێنێ تر سووتا بێ، لەلایەن شوێنێکی تر و کەسێکی تر و لایەنێکی ترەوە، دە ڕۆژی تر ئیحتماله ئەمە دووبارە ببێتەوە، من دەمەوێ ئەوە تێ بگەم زەمانەت چیە بۆ دووبارە نەبوونەوە؟ ئایا میساقێکی وەتەنی لە بەینی ئەحزاب و ئەتراف دا لەژێر چەتری پەرلەماندا بنوسرێ بۆ دووبارە نەبوونەوە؟ دەمەوێ ڕێگە لەوە بگیردرێ، ڕێگە لەوە

گرتنیش تەبعەن دیارە ئەوەی کەوا حیزب و حکومەت جیا بێتەوە و هێزە چەکدارەکان لە دەست حیزب دا نەبن، لە دەست حکومەت دابن و مەسەلەی هێزێك، یەعنی شت زۆرە کە دەمەوێ عەقڵی ئەم پەرلەمانە و ئەم پەرلەمانە بەرێزە بکەوێتە ئەوەوە کە زەمانەتە بۆ دووبارە نەبوونەوەی، خاڵێکی تر بەرێزان لە دونیادا لەسەر ڕووداوی سروشتی پاسێك وەرگەڕا لە مصر لە ساڵەکانی تردا، دە پانزە کەس مردن وەزیری مواسەڵات ئیستقالەی کرد، لە خەستەخانەیەك دا نەخۆشیەك بڵاوبوویەوە لە چەند کەسێك وەزیری سحە ئیستقالەی کرد، ئەی ئێستا چیە ئەم حادیسانە و حادیسەکانی پێشتریش کەسێك هەڵوێستێکی نابێ؟ وەزیرێك، کەسێك، بەرپرسێك!! بەڕێزان من بەڕاستی زۆر بەداخەوە کە لەناو پەرلەمان نابێ قسە لەسەر قسەی پەرلەمانتاری تر بکرێت، بەڵام دوو بەڕێز جواب و قسەیان لەسەر قسەی مامۆستا عمر کرد، دەبێ سەحبی ئەو قسەیە لە دۆکیۆمێنت بکرێتەوە کە امینە خان کردی بەرامبەر بە ئەمینداری گشتی و بەرامبەر بە یەکگرتوو، دەبێ لە پرۆتۆکۆڵ بسڕدرێتەوە، داوا دەکەم بە ڕەسمی بسڕدرێتەوە، چونکە سەرکردەیەکی سیاسیە و خەباتی کردووە و پێویست ناکات باسی بکەم، باسی هەرکەسێك بێت کاك مسعود، مام جلال، باسی هەر شەخسێك بکرێت ناڕازین باسی بکرێت و دەبێ لە پرۆتۆکۆڵ بسڕدرێتەوە، هەر کەسێك، خاڵێکی تر بەڕاستی ئەوەی کە باسی دەکات ئەمە فیتنە گێڕیە، ئەمە ڕاگەیاندن و گوتارێکی پێیە ئەگەر چەکی لە دەست بووایە، ئەوە هیوادارم ئەو قسەیەش ئێمە ئەوە مەبدەئ و دینمانە وقەناعەتمانە و عەقڵمانە بشمان کوژن چەك ناگرینە دەستمان، خۆ ئێمەش خوێن و گۆشتین و کوردین هەموومان، کەسمان ئەوەمان نیە یەکێکمان پۆڵا بین و یەکێکمان تەنەکە بین، ئەوەی تر خوێن و گۆشت بێ و ئەوەی تر، من داواکارم قسەی ئەو کەسانە بسڕدرێتەوە، چونکە ئەوە قسە بوو لەسەر قسەی مامۆستا عمر، قسە بوو بەرامبەر بە ئەمینداری یەکگرتوو، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەرێز ئەوەڵەن لیژنەکە ناتوانێ بڕوات بۆ تەدەخول لە ئیشی مەحکەمە بکات، ناکرێت، یەعنی ئەو مولاحەزەیەی کە لەسەر لیژنەکە، پاشان دروستیش نیە بکەویە پێش پەرلەمان و پێش سەرۆکایەتی هەرێم بڵێی ئیش ناکات و ئەو قەراری داوە و ئیش دەکرێت با نەتیجەی تەحقیق دەربچێ بۆ ئەوەندە پەلەتە؟، بە نیسبەتی مەوازعی تریش ئەگەر شتێك ئیتهام بێت نەوترا بێ تەبیعیە داخوازیەکەت لەسەر سەرم، بەڵام کە شتێك وترابێ و لە پێشتان و حەقی هەر کەسێکیش هەیە قسە بکات، جەنابیشت کردت، باسی پارتیت کردو ئەمانیش بە نەوعێکی تر، نەك جەنابت برادەری تر، ناوی هێناو ئەوانیش غیر موباشر ناویان هێنا، تکایە نەچینە ئەو مەوزوعە، خەلاس، بەیان خان فەرموو.

**بەڕێز بەیان احمد حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕاستی لڤێرێ جهێ هندێیە کو ئەم ڤان جۆرە ڕیدانا مەحکوم و ڕیسواو شەرمەزار بکەین، بەرێزان ئەم چاڤەرێی هەندێ بووین کو جێ بەجێ کرنا پرۆژەیێ سەرۆکی هەرێمی کوردستانێ بۆ چاکسازیەکا ڕیشەیی،

ئەم چاڤەرێی پلانەك بووین بۆ چارەسەرکرنا ماددەیێ سەدوچل و تەحەدیەن بەردەم هەرێما کوردستانێ هەین، رێکخستنا ناڤ مالێ کوردی و کارکرن بۆ دروست کرنا دەولەتا کوردی و بەرەڤ قۆناغەکا گەشتر و باشتر لە هەرێما کوردستانێ، ئەم چاڤەرێی هەندێ بووین رۆژ ب رۆژ کوردستانێ بکەینە نموونەیێ پێکڤە ژیانێ و حوکمرانیا باش و ئومێد بەخش بۆ گشت کوردستانیان، ئەو تەقسیرێ ئەجهیزەیەت ئەمنی ل دەڤەرا دهۆکێ دبێژم بەرامبەر کو ب ئەرکی خۆ نەرابووین، مەسئولیەتا پاراستنا مولك ومالێ خەلکی خرا کری ب هەمی ئالی ڤە تەبعەن ئەڤە د ڤێ قۆناغا هەستیار دا راستی خەلکێ مە بەرامبەر ڤێ هێرشا درندا فعلەن هەستێ ب خودانیەکا مەزن کر، هەمی تشت موستەلەح بن، دەسەلات خالێت سۆر نینە، نەفس و سامان و حورمەت و کەرامەت و ئازادیەت هاوولاتیان هیچ نەبوون، ئەرکێ خەلکێ کوردستانێیە، ئەگەر خەلکێ کوردستانێ تشتەك هەبا شانازیەت پێ بکاتن تەنها ئەمن و ئاسایشا کوردستانێ بوو، بەلێ ئەو ژی چوو ژێر بەرپرسیاریەتی، دروست کرنا سیناریۆها گەلەك بساناهیا، بەلێ خەلکێ شارەزێ کوردستانێ و شارەزایا و یاسازانان و خەلکێ دهۆکا خۆراگر، هەندێ مەزنترن کو ئەڤ جۆرە سیناریۆیانە لسەر وان رابوورن، بەرێزان، ئەڤە جارا دوهێیە بارەگایەت مە دێنە سۆتن، لەوما راستی ئەڤ کارەو ئەڤ مۆدێلە ل هەرێما کوردستانێ تێتە بەرقەرار کرن، لەوما ئەز دبێژم مە دەهان بەلگەهێت هەین و ناڤێ سیانی و دیرەلۆکێ بگرە کو سەر بارەگاو جهێت گشتی وگەشتوگوزاری راگرتین، هەرە قەسرۆکێ و هەرە زاخۆ و سمیلی و هەمی کو زۆریش ژ وان کەسا کادیرێت حزبی بوون وبەرپرسێت حزبی بوون و ژ لق و رێکخراوا دەرکەڤتن، ئەز لڤێرێ پرسیارێت دکەم، بۆچی بارەگایەت یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان ئیستهداف بن، بۆچی گرتن هەر بارەگایەت یەکگرتووی ئیسلامی بن، خەلکەکێ دنێ هەمی لێ بوو، گەلەك ژ ئەندامێت بەرێزێت پەرلەمانێ ئاماژە بە هەندێ کر خەلەکەکێ عام ژی لێ بوو، بۆچی تەنها ئیستهدافا کادیرێ یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان و ئەزیەتا وی و ئیزلالا وی و تەبعەن ئەشکەنجەدان ژی هەتا ڤێ دەقیقێ ل زاخۆیێ تێتە کرن، بۆ کادیرێ مە ودناڤ سجنێ وئاسایشێ دا، تەبعەن ڤێ پرسیارێ ل پەرلەمانێ بەرێز دکەم بۆچی بارەگایەت دهۆك بێتە سۆتن؟ ل دەمەکی دا کو هیچ ریدانەکی ل دهۆکێ نەهاتبوو ریدان، بارەگایێ قسرۆکێ بۆ ئاگاهەداریا هەوە هەمیا یەك خێزانا و برایان مەسیحی و برایەت یەزیدی و تەبعەن لوێرێ نینە، هیچ جهەکی گشتی یێ گەشتوگوزاری ل وێ دەڤەرێ نینە، بۆچی ئەڤ لقا تەبعەن لوێرێ بێتە دەستەسەر کرن و سۆتاندن و دەزگەهێن ئاسایشێ و دەزگەهێ ئەمنی لوێرێ هەمی پێکڤە رۆلی وان تەفەروجێ بتەنێ بیتن، سەیارەیەت ئیتفا لوێرێ هیچ ئەرکەکی نارابن، وەختێ پرسیار دێتە کرن بێژن بهێلن بێتە سۆتنێ، دەمێ تەحقیق کرن دێتە کرن دگەل کادیرێت مە بێژنە وەللا بزانین ئیللا کەسن ئاڤێد را هەنێ، کو ئەو ناڤێت شەرەکی ناڤخۆ، شەرەکی تائیفی بێتە کرنێ، ئەمزانی هین نینە، ئەڤە هەندەك تشتێ دینە، لە قەسرۆکێ پۆلیسێ بە جل و بەرگی رەسمی گازا بارەگای مە سوژیتن، بەری چەند سعاتا ژ ڤی روودانێ دەزگاییێت ئەمنی دورمان دوری قەسرۆك بارەگای مە ل قەسرۆکی دبێژنە خەلکی، دەوروبەرا و جیرانات خود راکەن، ئەڤ بارەگاها دێنە سووتنێ، نزانم زێتر چ بەلگە بۆ هەوێن بەرێز بێنین، ل گوندێ سێ

جێ، کو برایێت مە مەسیحی یە، تەبعەن بەری ریدەتن، بۆچی کارەبا دێتە قەتع کرن؟ بۆچی چەندین سەیارێت مۆنیکا دەچنە ئەوێرێ؟ ئەڤە جهێ پرسیارێیە، دڤێت لێژنا بەرێز تەبعەن بەرسڤ بۆ وێرێ هەبیتن، بەرپرسێن ئیدارە دهۆکێ، ئیداری دهۆکێ تەبعەن گەلەکا رەد فیعلەکا بارەدانە گۆتی ئەڤە تەبعەن ئەڤ کارە رەد فیعل بوو، باشە رەد فیعل بوو، بەرێزان هن حوکمێ بکەن، چارەنووسی میللەتێ مە دەستی هەندەك مرۆڤا دا بیتن، بەرامبەر هەر حەرەکەیەکی، بەرامبەر هەر تشتەکی پەنایێ ببەنە توندو تیژیێ و فەوزایەکا مونەزەم دروست بکەن، ئیستیهانە کەرامەت و ژیانا خەلکێ مە و سەرو مالی وانە بکەن، (ألیس منکم رجل رشید؟) کانێ رۆلێ عاقلی؟ کانێ یاسا؟ ئەز د بێژم ئەڤە یاری کرنە ب هەست و بوون و کەرامەتا مرۆڤی، نابیت پەرلەمانی کوردستانێ ئەڤێ چەندێ قابیل بکات، رۆژا بکار هینانا سیاسەتا ئیقصا کرنا خەلکی، عەقل و نەهجێ ئەزێ پتنێ نەمایە، ئەڤرۆ سەردەمی ژیانا مەدەنی و دیموکراسی و ئازادانەیە، دچێت ئەڤ حەقیقەتە بێتە گوتن، کوردستان هەمی لایەن و پێکهاتە و ئاینایە، رۆژیا هاتی و دڤێت ئەم ڤی وەلاتی بکەینە، ئەڤ وەلاتە ببیتە خودان باشترین یاسا و سیستەم، یاسا سەروەر بیت، دڤێت رێك لوان کەسان بێتە گرتن کو هەر سەرف کیش لایەنی بیتن، رێك بێتە گرتن لوانا کو چارەنڤیسی ڤی میللەتێ و ئەزموونا میلەتی تێك بدەن، ملکی خەلکی مەترسیەکا مەزن بیتن، لڤین بەرا پیرۆز ئەز داخوازی دکەم پەرلەمانی کوردستانێ جەریئانە ئیدانە و تەحریم کرنا ڤان جورە تاوانا بکاتن، چاڤدێریێ رەقابی را بیتن، دڤێت حوکمەت دانێ کو ئێوێ بکاتن، کو چ چەندین کێماسی هەنە ل دەڤەرێ، دەنگی نارازیێت بەرز و بلندە، دڤێتن ئیعترافێ بکاتن، نە بەس ئیتیهامی خەلکەکی بکاتن، ئو دەستی دەرەکی، دڤێتن شەرت ئەوەیە مرۆڤ ئیعترافێت بە غەلەتێت خۆژی بکاتن، بێژیتن حوکمەت پێتڤیا جواب دانێ کەژی بۆ دەڤەرێ بکاتن، بەرەڤ کێشە و گازندە ژ گلەییەتی خەلکی بچیتن، ل ڤی مینبەرا پیرۆز داخازێ دکەم دەسەلاتا وێ دەڤەرێ ئیقرارێ بکاتن، کو ئەڤە خەلەتیەکا مەزن بوو، دڤی دەیی هاتە کرن، دڤی وەقتی دا کو وەقتەکی گەلەکێ هەستیار بوو، دڤێتن رەد ئیعتیبارەکا هەژی بێتە کرنێ، بۆ ئێکە مە برایێن مەیێ ئێزیدی و مەسیحی، دوو/ خەلکی کوردستانا خۆراگر، یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان کو ئەڤە جارا دوویێە ئەڤ کارە یینە ناشیرین و ناهەژی دگەل دێتە کرنێ، ئەڤ داخازی دکەم ل ناڤ راپۆرتا لێژنێ دا، ل ناڤ وان بریارێدا ئیعتیزار بێتە کرنێ، ژ لایا بەرێز سەرۆکی هەرێمی کوردستانێ بۆ یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان، ئو دڤێتن هەر کەسەك لڤی ولاتی دڤیتن رێز و حورمەت و ماڤێ خۆی سیاسی و ماڤێ خۆی و هەمی مافێتی بەرقەرار بن، دان پێ راستیێ بێتە کرن، کو دام و دەزگاهێن دهۆکێ نەبتنێت موقەصیر بوون، بەلێ تەهمەتبارن، لە هەمی تەبعەن مەوجود بوون، ئەڤ تۆمەتبار دکەن بەراستی، فیعلەن ئیدارەکا فاشیل یاڤێ ئەزمێ ئەوانەیا کری، داخازێ دکەم ژ بەرکو دڤێ تەقصیریانەی هاتینە کرن وی دەڤەرێ، ئەڤ رووداڤە و ئەڤ دلتەزێنی یە ناڤ جەماوەری خەلکی دهۆکی داهاتیە کرن، خەلکەکی بێ بەری تەبعەن هاتیە شاندن ئەز دڤێتن داخوازی دکەم پاریزگار و گشت ئەو بەرپرسێن ئیداری و ئەمنی لەوێ دەڤەرێ بێنە ئیقالە کرن بەراستی ژ کاری وانە، لیژنا لێکۆلینی، یا بەرێز ئەگەر فیعلەن بە زووترین کات بە کارێ خۆ

ناڕابیتن، فیعلەن ئەڤی د کو توندو تیژی کری، ئەویت بوونە بەرپرسی ڤان ڕوودانا دڵتەزێن، بڕاستی داخازا لیژنەکانی نێڤدەولەتی دکەم، کو فیعلەن تەقەصیا ڕاستی بکاتن، ڕاستی کەشف ببن بۆ ڕایا گشتی و بۆ خەلکی کوردستانێ، ژ بۆ هەندێ کو ئەڤە گەلەك جارە تەجاهولا یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان دێتە کرن، کو ببیتە دەرسەکی مەزن جارەکا دی ئەڤ کارێ هەنی دووبارە نەبن، بڕاستی داخازێ دکەم حوکمەتا هەرێما کوردستانێ ل سەر نەفەڤا خۆ مێنەمنتی ئازادییا بیر و رایا بارەگای یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان دهۆکێ ببیتە مینۆمنتەکا، یا ئازادی یا بیر و ڕایا هەرێما کوردستانێ، سوپاسی ئێوە دکەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان زۆرجار تیکرار دەبێت کە ئیعتیبار بۆ برا مەسیحییەکان بگەڕێننەوە، برا مەسیحییەکان ئیعتیباری خۆیان هەیە، جێگەی ڕێز و ئیحتیرامن، هیچ شتێکیان نەکردووە کە لە ئیحتیرامیان کەم بێ، ئەوە یەك، باسی مەساجەکان دەکرێ، خۆ تەنها هی مەسیحی نەبووە، هی موسولمانیشی تیا بووە، هەر مەسیحی نەبووە، خاوەنەکەی موسولمانە، ڕێزدار ثائر عبدالأحد أوغسطین، فەرمو.

**بەڕێز ثائر عبدالأحد أوغسطین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان من وەك نوێنەری مەسیحییەکان کلدانی سریانی ئاشووری لە پەرلەمانی کوردستان زۆر نیگەران و دلگرانم لەسەر ئەو ڕووداوانەی کە ڕۆژی هەینی لە شاری زاخۆ و ناوچەکانی تری دەڤەری بادینان ڕوویداوە، کە ئەوە بە بڕوای من سابیقەیەکی مەترسیدار، ترسناکە، بە تایبەتی لەسەر ئێمە، چونکە لە ژیانم کە تەمەنم $52$ ساڵە لەم کوردستانەدا ژیاوم، جارێك هەستم بەوە نەکردووە کە جیاوازییەك هەبێ، لەبەر ئەو کەلتوورە پێکەوە ژیانی کە هەبووە لە نێوان پێکهاتەکانی کوردستان، بە تایبەتی برا موسەلمانەکان لە کوردستان، بەڵام ڕووداوەکانی ئەم جارە پێچەوانەی ئەوەی سەلماندووە کە ئەوە ماوەیەکە هەست دەکەین هەندێك خەڵك هەیە کار لەسەر ئەوە دەکات ئەم کەلتوورە ڕەسەنە جوانەی پێکەوە ژیان لە کوردستانی خۆمان بەرەو ئاقارێکی مەترسیدار و خەراپ ببەن، سیلمی کۆمەڵایەتی تێك بدەن، ئێمە زۆر دڵخۆش بووین کە کوردستانی ئێمە بوویتە (ملاذ)ێکی ئامین بۆ هەموو مەسیحییەکانی عیراق، ئەوە بە شەهادەتی خەڵکی بیانی لە کاتی بەشداربوونمان لە کۆنگرەی ئایندەی مەسیحییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە لوبنان، کە بەڕێز ستیڤنسن بەرپرسی دۆسیەی عیراق لە پەرلەمانی ئەورووپی دانی بەوە دانا، کە لە ژێر کاریگەری ئەو تەهدیداتە و کوشتنی مەسیحییەکان لە ناوەڕاست و باشووری عیراق هەموو دەرگاکان لە کوردستان بەرامبەر بە مەسیحییەکان کرانەوە، هەموو تەسهیلات و یارمەتی بە پێی توانای حکومەتی هەرێم بۆیان دابین کرا، ڕۆڵی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەڕێز مەسعود بارزانی بە بەرز نرخاند، سەبارەت بە هەڵوێستەکانی بەرامبەر بە مەسیحییەکان، بەڕێزان دیارە ئەوەی ڕوویداوە ئەم جارە بە پلەی یەکەم وەکو مەسیحییەکان تێیدا موستەهدەف بووین، چونکە جگە لە هێرش کردن و سووتاندنی دوکانەکان و هۆتێلەکان و سەنتەرەکانی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و کۆگاکان و صالۆنەکانی حیلاقە، کە

هەموویان هی ئێمە بوون، هەوڵی ئەوە درا کە هێرش بکرێتە سەر هەندێك جێگای تری کە هیچ پەیوەندییەك بە مەی فرۆشتن نەبووە، یان شتی تر، ئەوەش هەوڵدان بووە بۆ سووتاندنی مەترەنخانە و دێر و هۆڵی بۆنەکان و ڕادیۆی هیزل کە بەهەوڵەکانی خەڵکی دڵسۆزی دەڤەرەکە ڕێگایان لێ گیرا، ئەگەر نا ئەوانەش بە هەمان شێوە دەسووتێنران، ئێستا مەسیحییەکان لە کوردستان دا هەست بەوە دەکەن کە مەترسی لەسەر ژیان و مولك و سەروەت و سامانیان هەیە، چونکە دیارە تەهدیدات بەردەوامە لەسەریان، کە واز لە ئیش و کارەکانیان بێنن، یاسای پێ دراوە و هیچ کەسێك بە بێ وەرگرتنی مۆڵەت کارێکی ئەوها نەکردووە کە بە پێچەوانەی یاسا بێت، هەموویان ئێستا بیر لەوە دەکەن کە وڵاتەکەیان بەجێ بێڵن، ئەگەر زەمانەتێکی کۆنکریتی بۆیان دابین نەکرێ لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە، بۆ بنبڕ کردنی ئەم دیاردەیە دووبارە نەبێتەوە لە کوردستانی خۆمان دا، داوا دەکەم ئەوانەی ئەم کردەوانە نا مرۆڤانە ئەنجام دراوە، یان تەحریز و هاندان بۆ کراوە دوای ئاشکرا بوونیان بە پێی یاسا بە توندی سزا بدرێن، دوو/ ئەنجامدانی کۆنگرەیەکی نیشتمانی کوردستانی کە هەموو پێکهاتەکان و هێزە سیاسییەکانی کوردستان تێدا بەشدار بن، بۆ گەڕاندنەوەی متمانەو ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی، داوا لەمامۆستا، زانایانی ئایینی بەڕێز دەکەم، کە هەموو هەوڵ وکۆششیان بخەنەگەڕ بۆ بڵاوکردنەوەی کلتوری پێکەوە ژیان و تەساموح و قبوڵکردنی یەکتری، وە ڕێگا گرتن لەهەموو ئەوانەی کە هەوڵی تێکدان و ناشیرین کردنی ئەم کلتورە جوانە دەدەن، کە لەکوردستاندا هەیە و هەموومان شانازی پێوە دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار زکیە صالح، فەرموو.

**بەڕێز زکیە صالح عبدالخالق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە دەستپێکدا من پشتگیری ڕاپۆرتی لیژنەی هاوبەش دەکەم، بۆ ئەو سەردانەی کە بۆ ئەو دەڤەرەیان کردووە، بۆیە جێگای دڵخۆشیە کە ئەمرۆ ئەو ڕاپۆرتە ئامادە کراوە، بۆ ڕەئی گشتی، ئەو ئەحداسەی کە ڕوویداوە لە زاخۆ و سیمێل و دهۆك، شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بۆ خەڵکی کوردستان بگوازینەوە بۆ ئەوەی هەندێ تەفسیراتی هەڵە نەگواسترێتەوە، دیسان دەستخۆشی لە سەرۆکی هەرێم دەکەم بۆ دروست کردنی ئەو لیژنەیە بۆ لێکۆڵینەوە تا بەدواداچوون بکەن بۆ هەموو بابەتەکانی ڕوودانی ئەو ڕووداوە، تا بیخاتە بەردەم دادگاو بڕیاری یەکجاری لەسەر بێتە دی، دیسان ئەو پەیام و سەردانەی سەرۆکی هەرێم بۆ زاخۆ کە وەکو هاوەڵەکانیشم ئیشارەتیان پێدا کە ئەو سەردانەی بۆ ئەو ناوچانە بووە هۆی هێورکردنەوەی خەڵکی ئەو ناوچەیەو وەزعەکەی، دیسان دەستخۆشی لەسەرۆکایەتی پەرلەمان دەکەم کە بەبڕیارێك دەری خست کە هەردوو لیژنەی مافی مرۆڤ ولیژنەی ناوخۆی تەکلیف کرد بۆ ئەوەی بەدواداچوون بۆ ئەو بابەتە بکەن، تا حەقائیقەکە بێننە ناو پەرلەمانی کوردستان، منیش لەو باوەڕەدام کە ئەم لیژنەیە بۆ ئەوە نیە کە بچێت تەنها لێکۆڵینەوە بکات، یان تحقیق بکات، بەڵکو لیژنەیەکە بۆ هێنانەوەی ڕاستی و دروستی ئەو

ڕووداوەیە بۆ ناو پەرلەمانی کوردستان، وە ئاگادار کردنەوەی خەڵکی کوردستانە لەو شوێنانەی کە ڕووداوەکانی تێدا هەیە، بەڕێزان ئەگەر ئێمە بێینە سەر باسی مێژووی پارێزگای دهۆك، پارێزگای دهۆك بە مۆزایکی نەتەوەیی و ئایینی وپێکەوەژیان و ئارامی و ئاوەدانی وئازادی ڕادەربڕین ونموونەیەکی چاولێکراوە بووە بۆ هەرێمی کوردستان و ئەم سەربەرزیەش بۆ خەڵکی کوردستان و دەسەڵاتی ئەم دەڤەرە دەگەڕێتەوە، با بزانین لە کاتێکی هەستیاری وەك ئێستای کوردستان، کە بڕیاری بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی و دانیشتن لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنی هێزە سیاسیەکانی کورد لەسوریاو تاڕادەیەك ئارام کردنی سنوورەکانی هەرێمی کوردستان لە بۆردوومانەکانی تورکیاو ئێران، بەرنامەی بەڕێز سەرۆکی هەرێم بۆ چاکسازی، بەتایبەت بڕیاری دەستگیر کردنی 428 داواکراوی دادگاو خۆئامادەکردن بۆ گەڕانەوەی ناوچە دابڕاوەکان بۆسەر هەرێمی کوردستان، بەتایبەت لەدەوروبەری موصڵ کە پڕە لەم خەڵکە مەسیحی وئێزیدییە، بەرەو پێشچوونی ڕەوشی دبلۆماسی تێکدانی ئەم ڕەوشە چ پلان وسوودێکی تێدایە، جگە لەوەی کە گومان دەخاتە سەر پێکەوە ژیان و ئارامی کوردستان و بەرەوپێش چوونی دیموکراسی و بەربەستدانان بۆ ئازادی تاکەکان، کە ئەمەش ئاشتی کۆمەڵایەتی، کەیەکێك لە بنەماکانی پاراستنی مافی مرۆڤ و مافی کەمینەیە، زەرەرمەندی سەرەکی لەم هەموو تێکدانە کوردستان بەگشتیەو ڕووگەردانی خەڵکە لە ئامانجە چارەنووس سازەکان و ئیستیراتیژییەکان، بۆ ئامانجی ئایدۆلۆژی و ململانێی بەرتەسکی حزبی، بەپلەی دوو وەك ئەندامێکی پارتی، ڕاستە ئەندامی پەرلەمانم، خەڵکی ئەم دەڤەرەم هەست بەوە دەکەم کە بەپلەی دوو زەرەرمەند پارتی و جەماوەری پارتیە لەم دەڤەرەدا، کەوەکو هێزێك بۆ پارتی وان لەکۆن تا ئێستا، لێرەدا دەمەوێت ئاماژە بەو تەسریحاتە نابەرپرسانەی کە هەندێ بەرپرسی باڵای هێزێك یان لایەنێکی سیاسی لەم ڕووداوانە هەیانبووە، دیسان گومان خستنەسەر کاری پەرلەمان و سووکایەتی کردن بەپەرلەمان، کەدەزگایەکی هەڵبژێردراوی کوردستانەو ئەم لایەنانەش نوێنەریان تێیدایە، هەروەها سەرەداری کردنی نابەرپرسانەی هەندێ لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن کەهەندێجار دەیانویست ئاراستەی ڕووداوەکان بگوازنەوە بۆ ئیتیهام کردنی لایەنێکی دیاریکراو، من بۆخۆم بەچاوی خۆم بەدیار تەلەفزیۆنێکەوە دانیشتبووم ئەم برادەرە کە پرسیاری لێدەکرا خۆی وەڵامی دەدایەوە، بەشێوەیەکی هێمن بەشێوەیەکی ئارام، تا ڕاستیەکان بگوازێتەوە، بەڵام ئەو برادەرەی کە پرسیاری لێدەکرد، دەیویست ئاراستەکە بگۆڕێت بۆ ئەوەی کە توندوتیژی لێ بکەوێتەوە، من لێرەدا دەمەوێت پشتیوانی لەداخوازی برایانی مەسیحی و ئێزیدی بکەم، بەگشتی ئیدانەی هەموو ئەو ڕووداوانە دەکەم، کە تێیدا زیان گەیشتە ماڵ وموڵکی کەسی و گشتی، هیوادارم ئەمە کۆتا ڕووداو بێت، داوا دەکەم کە پێداچوونەوە بە میلاکاتی ئەمنی بکرێت، پێداویستیەکانیان بۆ دابین بکرێت و بەزووترین کات کار بۆ ڕاهێنانی پۆلیسی چالاکیە مەدەنیەکان بکرێت، هیوادارم زۆر لێرە گوێم لێ بوو ئاراستەی ئامانجەکان نەگۆڕدرێت بۆ ئەوەی کە پرۆژەیەك لەوێ ئەنجام نەدراوە، لەناوچەی پارێزگای دهۆك یان کەموکورتی هەیە، چونکە خەڵکەکە بۆ خۆی دەزانێت کە ئەگەر کەموکوڕییەك هەیە لە پرۆژە خزمەتگوزارییەکاندا، چۆن داواکاری خۆی پێشکەش بکات، بەکێی پێشکەش بکات؟، نەك بەو

شێوەیە هێرش بکاتە سەر لایەنێکی دیاریکراو یان موڵکێکی دیاریکراوی کەسێك، لێرەدا دیسان داوادەکەم کە هاندەران و بکەران و پلاندارێژەرانی ئەم ڕووداوانە پاش ساغ بوونەوە لەلایەن لیژنەی لێکۆڵینەوە بدرێنە دادگا، دیسان داوا دەکەم کە ئێمە پێش ڕووداوەکان نەکەوین بۆ حوکمدان، چونکە لێرەدا زۆر گوێمان لەوە بوو کە پێویستە ئەم ڕاپۆرتەی کە ئامادە کراوە بکرێتە بڕیار، هەندێك لەخاڵەکان کە لەتەوصیاتەکەدا هاتووە، دەتوانین بیکەینە بڕیار، بەس هەندێکی پەیوەستە بە یاساکانەوە، ئەم یاسایانە کێ دەتوانێت ئەم تۆمەتانە بەسەر ئەم خەڵکانە ساغ بکاتەوە، ئەو لیژنەی کە تەحقیقیەو پرۆفیشناڵەو دانراوە لەلایەن سەرۆکایەتی هەرێمەوە، کە باڵاترین دەسەڵاتی جێبەجێکردنە لە هەرێمەدا، وە داواکارم لە ئەندامانی پەرلەمانی کوردستانیش ئەگەر بەڵگەیان هەیە، ئەگەر بە دۆکۆمێنت و بەڵگەوە قسە دەکەن، ئەم بەڵگانە، ئەم دۆکۆمێنتانە تەسلیمی ئەم لیژنەیە بکەن، بۆ ئەوەی بەدواداچوون بکەن و بتوانن بیخەنە بەردەم مەحاکمەکان بۆ ئەوەی کە بڕیاری لەسەر بدەن، ئێمە لەپەرلەمانی کوردستان ناتوانین بڕیار بدەین، دەبێت بەرپرسانی ئیداری یان سیاسی لەم دەڤەرە حوکم بدرێن یان سزا بدرێن، ئەم دەبێت بەپێی یاسا بکرێت، دەبێت بەپێی کارەکانی لیژنەی تەحقیقی بکرێت، بۆیە من لێرەدا داوا دەکەم، هەتا ئەو ئاماژانەی کە کران، پێویستە هەندێ کەس هەیە بەبێ ئەمری دادگا لەزیندانەکاندان من خۆم داوا دەکەم لێرەوە کە ئەو کەسەی بەبێ ئەمری حاکم، گیراوە لێرەوە بەزووترین کات بەرەڵا بکرێن، ئێمە وەکو ئەندامی پەرلەمان کار بکەین بۆ ئازاد کردنی ئەم کەسانە، شتێکیش هەیە ئامینە خان ئاماژەی پێکرد، من نامەوێت تەعلیق لەسەر قسەکانی ئەندامانی پەرلەمان بدەم، بەس زۆرجار دڵمان بەوە دێشێت کە باسی کلتوری شاخ دەکەن، من ئەگەر باسی کلتوری شاخ بکەم، کلتوری پێکەوە ژیان بووە، کلتوری مەلا مستەفای بارزان بووە، کە شاگردەکانی (هورمز مەلیك چەکو) وەکو مەسیحیەك، وەکو قائیدێك لە ناو پارتی دیموکراتی کوردستان هەروەها وەکو محمود ئێزیدی کە وەکو سەرکردەیەکی ئێزێدی بویە و محاوەلە کرنا بۆ پێکەوە ژیان و دیسان من خۆم خەڵکی مەنتیقەیەکم، کە گوندی ئێمە هەموویان سەیدن، بەڵام گوندی تەنیشتمان موسوڵمان و مەسیحی تێدایە، بڕوا بکەن کە من لە منداڵی دەچوومە مەدرەسە ئەو گوندەی کە مەسیحینە و مەسیحی تێدایە دەهاتنە ماڵی ئێمە بەدوای مندا هەرچەندە لە منیش گەورەتر بوونە، دەهاتن هاوکاری منیان دەکرد بۆ ئەوەی بمبەنە مەدرەسە، مومکینە بە تەمەن لەوان گچکەتر بم، بۆیە ئەم کەلتوورە ئەگەر بەو مانایە کە کەلتووری وەکو بڵێین دژایەتی کردنە، با لێرەدا ئێمە ئەو باسانە بکەین، بەڵکو بە مەفهومێکی تر باسی ئەم کەلتوورەی بکەین کە ئەمڕۆی کوردستانی هێنایە وجود، ئەم دەزگا شەرعیەی کە ئێمە ئێستا هەموومان تێداینە و تێدا بەسەر بەرزی دەژین و دیسانیش بیروڕای خۆمان دەردەبڕین لەم دەزگایە، کە هەڵبژێردراوی خەڵکە و ئەم کەلتوورەی هێنایە کایەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار ژیان عمر شریف.

**بەڕێز ژیان عمر شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خوشـکان، برایـان، تـەبیعی لـە کاتێـك دا کـە ئـەمڕۆ ئێمـە هـەموو بینیمـان لـە ئـیعلام و لـە هـەموو تەلەفزیۆنەکان کاتێ کە لە مێژوودا بۆ یەکەم جار سەرۆکی هەرێمەکەی ئێمـە لـە وڵاتـی ئیتالیـا، لـە وڵاتـی فاتیکان کە جەنابی پاپا خـۆی سوپاسـی کـرد و مـەدالیای ئەتڵەنتیکی وەرگـرت، کـە ئـەوە یەکـەم جـارە لـە مێژوودا سەرکردەیەك لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەو مەدالیایـە وەرگـرێ، کـە دانـرا بـە ئەنـدازیاری ئاشـتی و پێکـەوە ژیـان و ڕێزگـرتن لـە هـەموو ئـاین و ئاینزاکـان، هـەروەها لـە کاتێـك دا کـە سـەرۆکی شـاندی پەرلەمانتارانی ئەوروپا هاتە هەرێمەکەی ئێمە، بە جەنابی سەرۆکی هەرێمەکـەی ئێمـەی وت کـە سـەرۆکی هەموومانە، پێی وت/ من سەر دادەنەوێنم بۆ ئەو سەقامگیری و بۆ ئەو ڕێزگرتن لە کەمە نەتەوەکان و لـە هەموو ئاین و ئاینزاکانی ئێوە، هیوادارم عیراق و هەموو شەرقی ئەوسەتیش چاو لـەو مۆدیلـە دیموکراسـی یەی ئێوە بکەن، بەڵام بەداخەوە لە کاتێکدا کە ئێمە ئەو سومعە بەرزەمان هەیـە، چـەند کەسـانێك، چـەند لایـەنێك نـاتوانێ کەسـداری بکـەین، ئێمـە دەسـتی تەهمـەت ناخەینـە سـەر کـەس، چـونکە جـارێ لێژنـەی لێکۆڵینەوە بڕیارەکانی نەداوە، بەڵام ئەو کەسانە، ئەو لایەنانە بە هەوڵێکی نەزۆکانە دەیانەوێ ئەم سومعە جوانەی هەرێمەکەی ئێمە لەبار بەرن، بەڵام مـن دووبـارەی دەکەمـەوە ئـەو هەوڵـەیان نەزۆکانەیـە، ئەگـەر مەبەست لە ناوزڕاندنی پارتی یە، پارتی ڕەگی داکوتاوە لە دڵی میللەتەکەی خۆی، بە هەزارەها شەهیدو بە دەیەها ساڵ خەباتی هەیە، ئەگەر مەبەستیش لە تێکچوونی ڕەوشەکە و هـەرێمی کوردسـتانە، ئـەوەی یـاری بە ئاگر بکات خۆی دەسـووتێ، تەجروبـەشمان زۆرە، بـە نیسـبەت دیـنی ئیسلام مـن تکـا دەکـەم لـە هـەموو مەلاکان، لە هەموو زانایانی ئاینی با ئەو دینە جوانە بە بێ لایەن بمێنێتـەوە، دیـنی ئیسلام، خـوا پەرسـتی پەیوەندییەکە لە نێوان تاکەکان و خوای گەورە، خوای گەورە لە سورەتی قورئان دا دەڵێ/ من موحاسـەبەی تاکەکان دەکەم تاك تاك، لە ڕۆژی قیامەت تاك تاك من موحاسـەبەیان دەکـەم، قـەت باسـی کۆمەڵـە و باسـی ئەحزابی سیاسی نەکردووە، لەبـەر ئـەوە بـا ئێمـە ئـەو دینـە جوانـە بـەبێ لایەنـە بهێڵینـەوە، هـەروەها بـە نیسبەت ئەوەی کە زۆرجار من گوێم لێ دەبێ دەڵێن/ بۆچی باسی ئەوە دەکرێ؟ دەڵێن پیلانی دەرەکی نیە، من لێرەوە دەڵێم هـەتا میللـەتی کـورد هـەبێت پیلانـی دەرەکیش دەبێـت، هـەتا ئـەم میللەتـە هـەبێت لـەو پێشکەوتنە بێ، پیلانی دەرەکی هەر لەسەرمانە، دەبێ ئێمە زۆر وریا بین، دەبێ ماڵی خۆمان کۆ بکەینـەوە، یەعنی کارێکی وا نەکەین کە ئەوانەی کە دڵیان پێمان خۆشە، کە وەصفمان دەکەن و سەرمان بۆ دادەنـوێنن کە لە ئیتاڵیا بە سەرۆکی هەرێمی ئێمە بڵێن/ ئێمە گیانمان دەلەرزێ کە لە ئاستی جـەنابت دا ڕاوەسـتاوین، با ئەو سومعەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە، چونکە کاتێ کە سەرۆك بارزانی ئەو هەدیـەی وەرگـرت، وتـی/ ئـەم هەدیەی کـە مـن وەری دەگـرم ئـەوە هەدیـەی شـەهیدانە، هەدیـەی پێشـمەرگەیە، هەدیـەی زەحمەتکێشـانی میللەتی کوردە، ئەم هەدیەیە بۆ من نیە، بۆ هەموو میللەتی کوردە، نەك تەنها بۆ پارتی یـە، ئـەو سـەرۆکە وا بیر دەکاتەوە، با ئێمەش دوای قسەکانی بکەوین بۆ ئەوەی مـاڵی کـوردی جـارێکی تـر ڕێـك بخەینـەوە، لـە کاتێك دا کە هەولێری پایتەخت خۆی ئامادە دەکـرد بـۆ کۆنگرەی نەتـەوەیی، کـە هـەموو کوردەکـان لـەژێر

چی زوڵمێك دان له چوار دەوری خۆمان دا؟ لەم کاتەدا بۆ ئێمە لێمان تێك بچێت؟ هەروەها زۆرجار باسی ئەوە دەکرێت بەداخەوە کە دەڵێ ئێمە کەسمان نەکوشتووە، من دەزانم ئەوە تەعلیقێکە بۆ ئێمە، بەڵام من لێرە دەڵێم (الفتنة أشد من القتل)، هاندانی گەنج و منالّی خەڵکی فوربەسەر، هانی بدەی بە ناوی چەند شتێکەوە بیکەی بە سووتەمەنی بۆ مەرامێکی خۆت، ئەوە خەتەرە، کە منالّی خەڵك بە کوشتن بدرێ، کە منالّی خێرلەخۆ نەدیوی ئەم میللەتە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار سمیرة عبدالله إسماعیل.

**بەڕێز سمیرە عبدالله إسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا پشتگیری ڕاپۆرتی لیژنەی هاوبەش دەکەم، پشتگیری قسەکانی کاك دڵشاد دەکەم، هەروەها ئیدانەی ڕووداوەکانی هەینی ڕابردووی $12/2$ی پارێزگای دهۆك دەکەم، منیش هەروەها دەڵێم دوژمن و دەرەکی دەستی زۆری تێدا هەیە، دەتوانین زیاتر لە چەند هۆکارێك دەستنیشان بکەین، یەکەمیان سەقامگیری و گەشەکردنی باری ئابووری و گەشتیاری و پیشەسازی و کۆمەڵایەتی و پێکەوە ژیان لە هەرێمی کوردستان، بە تایبەتیش لە ناوچەی بادینان، کە ئەوەش لەگەڵ خواستی هەندێك دەوڵەتانی ئیقلیمی یەك ناگرێتەوە، دووەم/ لەم سنوورەدا پارتی دیموکراتی کوردستان و دام و دەزگا حکومییەکان، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ڕۆڵێکی گەورەیان بینیوە بۆ دروست کردنی متمانە لە نێوان پێکهاتەی ئاینی و نەتەوەییەکان، ئەوەش لەگەڵ ستراتیجییەتی هەندێ لایەنی دیکە یەك ناگرێتەوە، بۆیە باشترین ڕێگا بۆ لەکەدار کردنی ئەو ئەزموونەی پێکەوە ژیانە کە لە ناوچەی بادینان بە تایبەتی هەیە، دروستکردنی فیتنەیەکی ئاینی یە، بە هاندانی چەند مەلایەکی ناڕۆشنبیرو کەسانی نامەسئول، سێ/ مێوانداری کردنی سەرۆکی هەرێم بۆ شاندێکی ئۆپۆزسیۆنی سوریاو پێشتریش پێشانی دا سۆزداری سەرکردایەتی سیاسی کورد، حکومەتی هەرێم بۆ کوردی سوریا، زەروورەتی دابین کردنی مافە نەتەوەییەکان، چوار/ شکستی هەندێ لایەنی دەرەکی و ناوخۆیی لە پلانی گواستنەوەی ڕووداوەکانی بەهاری عەرەبی بۆ هەرێمی کوردستان، پێنج/ کەم تەرخەمی لایەنە پەیوەندیدارەکان لە ئیدارەدانی دام و دەزگا ئاینییەکان و کەم تەرخەمی لە پێشکەش کردن و بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری ئاینی و لاوازی ئاستی هەندێك لە وتار خوێنەکانی کوردستان کە وەك بەدیار کەوت هێشتا هەندێ لە مەلای مزگەوتەکان نەگەیشتوونەتە ئاستی بەرپرسیارێتی ئاینی و نەتەوەیی و نیشتمانی، هەشت/ هەندێ لایەن نەیانتوانی لە قۆناغی ڕابردوو جەماوەری کوردستان بۆ ئامانج و دەستکەوتە سیاسییەکانیان قەناعەت پێ بکەن، هان بدەن، بۆیە بە دوای دروستکردنی کێشەی لەو جۆرە تازە دەگەڕێن، پێشنیار و چارەسەرەکان، یەك/ ڕاگرتنی دەستبەجێی هەڵمەتی ڕاگەیاندن لە نێوان لایەنە

سیاسییەکان و گەڕانەوە بۆ گفتوگۆی ڕاستەوخۆ، دوو/ چاوەڕوان کردنی دەرچوونی ئەنجامی کارەکانی ئەو لێژنەیە کە جەنابی سەرۆکی هەرێم بۆ لێکۆڵینەوەو بەدیارخستنی ڕاستییەکان پێکی هێناوە، ناکرێت هەر لایەنێك لەسەر میزاجی خۆی پێش ئەنجامەکانی ئەم لێژنەیە بکەوێ، گومانی پێشوەختە بخاتە بەردەم، چوار/ دەست پێکردنی هەڵمەتێکی هۆشیاری و ڕۆشنبیری بۆ هێورکردنەوەی بارودۆخی کوردستان، لەوەش دا لێژنەکانی پەرلەمان و وەزارەتەکانی ڕۆشنبیری و ناوخۆ و پەروەردە و ئەوقاف و کاروباری ئاینی دەتوانن ڕۆڵی کاریگەر ببینن، چوار/ چاکسازی لە سیستەمی دامەزراوە ئاینیەکانی هەرێمی کوردستان بە جۆرێك لایەنی پێکەوە ژیان و یەکتر قبوڵ کردنی ئاینی و ئازادی گشتییەکان لە نێوەندەکانی ئەم دام و دەزگایەدا ڕەنگ بداتەوە، ئەگەر پێویستیشی کرد بە هەموارکردنەوەی یاسای ژمارە 11ی ساڵی 2007ی وەزارەتی ئەوقاف دا بکرێ، پێنج/ پێویستە پەرلەمانی کوردستان ڕۆڵێکی کاریگەری هەبێت لە کۆکردنەوەی لایەنە ناکۆکەکان و لایەنە پەیوەندیدارەکان و پێویستە لە ناو پەرلەماندا کێشەی لایەنەکان چارەسەر بکرێ، شەش/ قەرەبوو کردنەوەی ئەو زیانانەی کە بە ماڵ و موڵکی گشتی کەوت، حەوت/ پێویستە بە توندترین شێوە سزای ئەو کەسانە بدرێ کە لەسەریان ئیسپات بووە بۆ هانی خەڵك و خەڵکەکەش دڵنیا بکەنەوە کە جارێکی تر ئەو ڕووداوانە دووبارە نابنەوە، بۆیە داوا دەکەم بەدواداچوون بکرێت، ئەگەر هەر کەسێك ئێستا گیراوە بە بێ بڕیاری دادوەری و بە بێ بەڵگە پێویستە دەستبەجێ بەردرێن، هەروەها هەندێ جار پێویستە بە یاساوەش ڕێکبخرێ، شیعارات بەکار بێت وەکو (الله أكبر) و (لا إله إلا الله)، ئەوە شیعاری هەر لایەنێك نیە، هی هەموو لایەنەکانە، هەتا مەسیحی و یەزیدییەکانیش ئیعتیراف بە خوا دەکەن، ئەوەش بە یاسایەك ڕێکبخرێ لە حەملاتی ئینتیخاباتە و لە ئینتیفازاتەکان مەنع بکرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ئێمە تەدەخول لە ئیشی دادگا ناکەین، خەڵکێك بە ئەمری دادگا گیرابێ با بچێتە مەحکەمە (بريء) بێ و بەربێت، نابێت بڵێین دەی بەری بدە، یان بیگرە، وا بکە، وا مەکە، ئەوە ئیشی حکومەتە، ئێمە داوا لە حکومەت دەکەین حکومەتی خۆی بکات، نابێت شلی بکات، دەبێت زۆر بە مەزبووتی ئیجرائی یاسایی بکات، ئەگەر نا وەزیر، وەزیر بانگیان دەکەینە ئێرە عیقابیان دەدەین، نابێت، خۆ بەڕەللایی نیە، ڕێزدار د.سەروەر عبدالرحمن، فەرموو.

**بەڕێز سەروەر عبدالرحمن عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وێڕای دەربڕینی نیگەرانی لە ئاست ئەو ڕووداوانەی کە هاتنە کایەوە، ئیدانەی سەرجەم ئەو پێشێلکارییانەش دەکەین کە چ دەرهەق بە شوێنە گشتییەکان، شوێنە گەشتیارییەکان کراوە تاکو دەگات بە سووتاندنی بارەگا حیزبییەکانیش، هەروەها دەستخۆشی لە لێژنە دەکەین لێژنەی هاوبەش کە ئاوا هیلاك بوون و ڕاپۆرتێکی تێر و تەسەلیان پێشکەش کردووە، بەڵام پێشنیاری ئەوە دەکەم بەر لەوەی بچمە

سەر بابەتەکە، ئەو ڕاپۆرتە پێداچوونەوەیەکی پێدا بکرێ لەبەر ئەوەی دەبێت بە مێژوو، لە پرۆتۆکۆل دا جێگەی دەکرێتەوە، پێویستی بە پێداچوونەوەیەك هەیە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، لەم ڕووداوانەدا دوو لایەن پێویستە قسەی لەسەر بکرێ، یەکێکیان/ ئەصلی کێشەکەیە، ئەوەی تریان کاردانەوەکەیەتی بەرامبەری، بێگومان ئیدانەی هەردووکیان دەکەین، بەلاّم ناکرێ تێکەلّ بکرێن، ڕووداوەکە ڕووداوێکی گەورە و ناخۆش و قێزەوەن بوو، بەلاّم پێموانیە وەکو ئەوەی باسی لێوە دەکرێت عەفەوی هاتبێتە کایەوە، ئەم ڕووداوە دەرەنجامی عەقلییەتێکە کەوا سەردەمێکە، ڕۆژگارێکی زۆرە کاری بۆ دەکرێت، گەنج بەو عەقلییەتە پەروەردە دەکرێت، پێویستە زۆر بە جیددی بەدواداچوونی بۆ بکرێت و ڕێگە لەتەشەنە سەندن و دووبارەبوونەوەی بگیرێت، لێرەدا سەرنجێك دەخەمە ڕوو، ڕەخنەیەکیش ئاراستەی خۆمان وەکو پەرلەمان و سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستانیش دەکەم کە وەکو پێویست بەداخەوە بە دوای ئەو یاسایانە دانەچووین کە خۆمان دەرمان کردووە، وەکو پێویست جێبەجێ نەکراون، بەڕێزان، باس لەوە دەکرێت کە ئەم ڕووداوانە و ئەم هەلّوێستانەی لەو چەند ڕۆژانەدا لە شار و شارۆچکەکانی ناوچەی بادینان هاتۆتە کایەوە، یاری کردن بووە بە ئاگر، هەر وەکو برای بەڕێزیش کاك عمر عبدالعزیز ئیشارەتی پێدا، بەلّێ یاری کردن بوو بە ئاگر، یاری کردنە بە ئاگر کە ئاسایشی ولاّتێك ئاشتەوایی کۆمەلاّیەتی کۆمەلّگەیەك بخرێتە بەر مەترسییەوە، هەزاران سالّە لەو ولاّتەدا جۆرەها نەتەوە و ئاین و ئاینزای جیا جیا وەکو خوشك و برا بەیەکەوە دەژین، بەشداری خۆشی و ناخۆشی یەکتریمان کردووە، بەلاّم لێرەدا جیاوازی دەخرێتە نێوانیانەوە، یاری بە هەست و سۆزی ئاینی خەلّك دەکرێت، بەلّێ، لە ڕووداوەکان دا دەبینین بۆ پەردە پۆش کردن، بۆ بەدەست هێنانی دەستکەوتی سیاسی تۆمەتی جیا جیا و سەیر و سەمەرە دەخرێتە پالّ بەرامبەر، ئەم عەقلییەتە دەمێکە کاری بۆ کراوە و، کاری بۆ دەکرێت، بێگومان نە چاکسازیش بەو شێوەیە دەکرێ و نە داواکاریش بەو جۆرە بە دەست دەهێنرێت، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، بەر لەم ڕووداوانەش جۆرەها هەلّوێستی تریش هەبوون، پێویست بوو پەرلەمانی کوردستان بەدواداچوونیان بۆ بکات، بەلاّم بەداخەوە نەکرا، بەشێکی زۆر لەو ڕووداوانە وەزارەتی ئەوقاف، ڕەوتە سیاییە ئاینییەکان لێی بەرپرسیارن، بۆیە من لێرەدا داوا دەکەم، کە وەزیری ئەوقاف بێتە بەردەم پەرلەمان و لێپیچینەوەی لەگەلّ دا بکرێت، سەبارەت بەو هەموو کێشانەی کە کەسانێك بە ناوی ئاینەوە دەینێنەوە، کە هەموومان دەزانین ئاینی پیرۆزی ئیسلام لێی بێ بەرییە، ئیسلام ئاینی ئاشتی و بەیەکەوە ژیانە، نەك پەلامار و پەشێوی و سووتاندن و ڕەتکردنەوەی بەرامبەر، کەسانێك بە ناوی ئاینەوە دژ بە یاسای وەزارەتی ڕۆشنبیری قسەیان کرد، لەسەر تەنها یەك وشە، کە داوای یەکسان خوازی نێوان ژن و پیاوی دەکرد، کەسانێك هاتن دژ بە یاسای توندوتیژی خێزانی قسەیان کرد، کە سەرجەم ئەندامانی پەرلەمان بە ئیسلام و مەسیحییەوە، بە ئێزیدییەوە، بە کوردو تورکمان و کلدو ئاشوورییەوە دەنگیان لەسەر دابوو، لەسەر مینبەری مزگەوتەکانەوە، لە کەنالّەکانی ڕاگەیاندنەوە، جۆرەها تۆمەتیان ئاراستە کردین، جۆرەها ناو و ناتۆرەیان لێناین، جۆرەها سووکایەتییان پێ کردین، بە هەلّە و بە مەبەست خۆلّیان کردە چاوی خەلّکەوە، بەلاّم هیچ

**ئیجرائاتێك نەكرا، كەسانێك هاتن بە ناوی ئاینەوە فتوایان لەسەر نووسەران و ڕۆشنبیران دا، بڵاوكراوە و چاپەمەنییەكانیان قەدەغە كرد، سووكایەتیان بە جەژن و بۆنەكانی خوشك و برا مەسیحییەكانمان كرد، بە هەڵە جۆرەها پروپاگەندە و تۆمەت بڵاو كرایەوە و ترس و بیم و كێشەی كۆمەڵایەتی لێ كەوتەوە، بەڵام هیچ ئیجرائاتێك نەكرا، داوامان كرد، یاداشتمان پێشكەش كرد، بەڵام لە پەرلەمان دا هیچ بەدواداچوونێك نەبوو، ئەگەر دوێنێ لەسەر یەك لەو بابەتانە ئیجرائات بكرابوایە، ئەمڕۆ بێگومان ئەم كێشەیە بەو جۆرە نەدەكەوتەوە، لە باسی ئەو ڕووداوانەدا، لە هەڵسەنگاندنی ئەو ڕەوشەدا باس لە ناعەدالەتی و گەندەڵی دەكرێت، هەموومان وتوومانە و دەشیڵێین بەڵێ، گەندەڵی هەیە و ناعەدالەتیش هەیە، بەڵام بەڕێزینە من دەپرسم ئایا پەیوەندی لە نێوان گەندەڵی و ناعەدالەتی لەگەڵ وێران كردنی شوێنە گەشتیاریەكان و سووتاندنی ئوتێل و سەنتەر و تاڵان كردنی دوكانەكان دا چیە؟ تەقینەوەی كۆمەڵایەتی چ پەیوەندییەكی بە تاڵان و بڕۆ و وێران كردنەوە هەیە؟ ئەگەر بەو جۆرە لە ڕووداوەكان بڕوانین بێگومان ئەوە گەورەترین سووكایەتی كردنە بە كۆمەڵگەكەمانی دەكەین، من پشتگیری لە ڕاكەی برای بەڕێزم كاك دڵشاد دەكەم، ئەوەی ئەو كە باسی كرد ئەگەر ناعەدالەتیش هەبێ، ئایا دام و دەزگاكانی حكومەت لەوێ نین؟ ئەگەر گەندەڵیش هەبێ ئایا پارێزگا و قەزا و ناحیە لەوێ نیە؟ ئەگەر بێت و وەكو ئەوەی هەندێك بەڕێز باس دەكەن، پارتی دیموكراتی كوردستان دەسەڵاتداری سەرەكی بێ لە ناوچەی بادینان، ئایا بارەگاكانی لق و ناوچە و ڕێكخراوەكان لەوێ نەبوون؟ بۆچی نەچوونە سەر ئەوان؟ بۆچی چوونە سەر شوێنێكی گەشتیاری؟ ئەگەر مەبەستی تری لە پشتەوە نەبێ، بۆچی چوونە سەر شوێنی سەنتەری برا مەسیحییەكان و دوكان و شوێنی كەسابەتی برا ئێزیدییەكان؟ بەڵێ، پێویستە هەموومان سومعەی هەرێم و ئەزموونەكەمان بپارێزین، سومعەی هەرێم بەوە دەپارێزرێ كە هەوڵی پاراستنی یەك ڕیزی بدەین، ئاشتەوایی كۆمەڵایەتی بپارێزین، هەوڵ بدەین یاسا سەروەر بێ، ڕێز لە گرووپ و ئاین و ئاینزا جیاكان بگرین كە ڕوویەكی گەشی هەرێمەكەمان بووە لە دونیادا، بەڵام نەك لە پێناو بەدەستهێنانی چەند دەستكەوتێكی سیاسی دا، لە پێناو ناشیرین كردنی بەرامبەر، هەوڵی قووڵ كردنەوەی جیاوازییەكان بدەین و یاری بە هەست و سۆزی ئاینی گەنجەكان بكرێت، نەك بەوەی هانی گەنجەكان بدرێت و بەم جۆرە پەشێویانە دەرسیان بدەین و كۆپی وڵاتانی تریان بۆ بێنین، بەڕێزان، ئەم ڕەوشە لە خزمەتی هیچ لایەكدا نیە، لە خزمەتی ڕەوشی سەقامگیری كوردستان و هەرێمەكەشمان دا نیە، پێویستە لەسەر هەموو لایەكیشمان زۆر بە وردی و هەست كردن بە لێپرسراویەتیەوە هەڵسوكەوت لەگەڵ ئەم ڕەوشە هەستیارەدا بكەین و ڕێگە نەدەینە ناحەزان كەلێن بخەنە ڕیزەكانمانەوە و ئیستیفادەی لێ بكەن، لە ئەنجامی باوەڕ بوونمان بە پرینسیپەكانی ئازادی و ئازادی تاك، ناكرێ ڕێگە بە هیچ كەس و لایەنێك بدرێ كە ئازادییەكانی تاك، ئازادییە سیاسییەكان، ئازادی پیادەكردنی (طقوس)ە ئاینییەكان و دابونەریتە باوەكانی هەر نەتەوە و ئاین و ئاینزایەك پێشێل بكات، بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان، من بەدووری نابینم ئەم ڕووداوانە دەستێكی دەرەكیشیان لە پشتەوە بێت، كە لە ڕێگەی چەند گرووپ و لایەنێكەوە ئەجیندای**

خۆیـان جێبـەجێ بکـەن، بـە تایبـەت لـە سـاتە وەختێـك دا کـە گۆڕانکارییـەکانی ناوچـەکەی گرتۆتـەوە، سـەرکردایەتی سیاسـی کـورد بـە تایبـەت بـەڕێزان مـام جـەلال و کـاك مەسـعود بڕیـاری ئـەوەیان داوە کـە گۆنگرەی نەتەوەیی کوردی لە هەرێمی کوردستان دا ببەسترێت، کورد لـە هـەر چـوار پارچـەی کوردسـتان دا خۆی ڕێك بخاتـەوە بـە ئەجیندایـەکی تـازە و گونجـاو لەگـەڵ ڕووداو و گۆڕانکارییـەکانی دونیـا و ناوچـەکە هەڵسوکەوت بکات، بێگومان ئەوەش چاوی ناحەزانی پێ هەڵنایێت و هەوڵی تێکدانی دەدەن، بەڕێزان، ئـەوە لە خزمەتی کورد و کوردستان و چارەنووسی هەرێمەکەماندایە، بەسەرجەم چین و توێژ و نەتەوە و ئاینـە جیاجیاکانـەوە، نـەك کـۆپی کردنـی ڕووداوەکـانی وڵاتـە عەرەبییـەکان لـە کوردسـتان دا بـە نـاوی بـەهاری ئیسلامییەوە، چونکە سروشت و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی سیاسی کوردستان جیایە، نـە میسـرە و نـە لیبیایـە، کلتووری نابۆ بەو کۆمەڵگەیە قبووڵ ناکات، یەکێکی تریش لە هۆکارەکانی خۆش کردنی گڕی ئـەم ئاژاوەیـە ئەوەیە کە بەشێك لە ڕاگەیاندنەکان لە جیاتی ئارام کردنەوە ڕۆڵی خراپیان گێڕاوە، پێویستە ناچار بکـرێن و سنووریان بۆ دابنرێـت، بـەڕێز سـەرۆکی پەرلـەمان، بـە مەبەسـتی بەدواداچـوونی زیـاتر پێشـنیاری ئـەوە دەکەم کە یەك/ هـەموو ڕێ خـۆش کردنێـك و ئاسـانکارییەك بـۆ ئـەو لێژنەیـە بکرێـت کـە لەلایـەن بـەڕێز سەرۆکی هەرێمەوە پێك هێنراوە، پەلـە نـەکرێت و تـەداخولی ئـیش و کارەکـانی نـەکرێت، دوو/ تاوانبـاران دادگایی بکرێن و دوای لێکۆڵینەوە هەر کەس و لایەنێك دەستی هەبێ لە پلاندانانی یان بەشداری کردبێـت، ڕاپێچی بەردەم دادگا بکرێت جا هـەر کـەس و لایـەنێك بێـت، سـێ/ سـزای کـەم تەرخـەمان بـدرێت، چـوار/ قـەرەبووی زیـان لـێ کـەوتووان بکرێتـەوە، پێـنج/ ڕاگەیاندنـەکان ناچـار بکـرێن کـە لـە جیـاتی هانـدان و وروژاندن ڕۆڵی ئاشتەوایی بگێڕن و شەڕی ڕاگەیاندن ڕابگرن، شەش/ وەزیری ئـەوقاف بانگهێشـتی بـەردەم پەرلەمان بکرێت و کار بۆ ئەوە بکرێت کە وتاری ڕۆژانی هەینی بەرنامەڕێژ بکرێ، لە کۆتایی دا بـە هیـوام لەم کۆبوونەوەیەدا بە بڕیارێکی بەجێ و گونجاو دەربچین و دەسەڵاتی جێبەجێ کردنیش ناچار بکەین کـە لە زووترین کات دا جێبەجێیان بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، هەموو کەسێك ئازادیمان داوە، وامان کردووە هەر کەسێك بە ئازادی ئـەوەی لـە دڵیـەتی بیڵـێ، کەس عیلاقـەی بـە کـەس نیـە و دیفـاعیش لـە کـەس نەکـەن تکایـە، بـە نیسـبەت ئـەوەی کـە سـەرۆکایەتی پەرلەمان و پەرلەمان کەمتەرخەمن لە بەدواداچوون، بـەڕێزان زۆرجـار بۆتـانم بـاس کـردووە ئـەم جـارەش تیکـراری دەکەمـەوە، ئەنـدامانی پەرلـەمان، لیجـانی پەرلـەمان بەرپرسـن لـە بەدواداچـوون، سـەرۆکایەتی تەنزیمی دەکەن بۆتان، ئێوە داوامان لێ بکەن بۆتان تەنزیمی دەکەین، بـەڵام ئیشـی سـەرۆکایەتی پەرلـەمان نیە بـڕوا بچـێ لـە کـوێ ئـەوە جێبـەجێ نـەکراوە؟ ئـەوە جێبـەجێ کـراوە، ئـەوە ئیشـی لیجانەکانـە، ئیشـی ئەندامانی پەرلەمانە داوای بکەن، حەقی خۆتانە، نەك جارێك، سەد جار بانگی وەزیر بکەن بۆ لیجانـەکان، پێیان بڵێن ئێوە ئەوەتان جێبەجێ نەکردووە، ئـەوجا ڕاپۆرتتـان بێننـە نـاو قاعـەی پەرلـەمان موناقەشـەی لەسەر دەکەین، زۆر سـوپاس، ڕێـزدار شـڤان أحمـد عبـدالقادر، فـەرموو، پـێش ئـەوەی دەسـت پـێ بکـەی بـۆ

ئاگاداری بـەڕێز کـاك د.سـەروەر وەزیـری ئـەوقاف ڕۆژی سـێ شـەممە دێتـە پەرلـەمانی کوردسـتان هـەر پرسـیارێکتان هەیـە لـە ئێسـتاوە تـەحویلی بـەڕێز سـکرتێری پەرلـەمان بکـەن، تـا ڕۆژی یـەك شـەم ئـاخیر پرسیارتان بێ بۆ ئەوەی پرسیارەکانتان بێت، زۆر سوپاس، فەرموو.

**بەڕێز شڤان أحمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دەمەوێ لە سەرەتا دەستخۆشی لە لێژنەی هاوبـەش بکـەم بـۆ ئامـادەکردنی ئـەو ڕاپۆرتـە، پشـتگیری لـە ڕاپۆرت و ڕاسپاردەکانی ڕاپۆرتەکان دەکەم لەسەر ئەو ڕووداوانەی کە لە هەینی ڕابردوو لە ناوچەی زاخۆ و دەڤەری بادینان هاتە ئاراوە، هەروەها پشتگیری لە قسەکانی برای بەڕێزم کاك دڵشاد دەکەم کە باری ئێمەی سووك کرد زیاتر ناچینە ناو ئەو بابەتانە، پێموایـە ڕاسـتییەکی زەق هەیـە و لـە کەسـیش شـاراوە نیـە، کـە هـەر تـاکێکی گـەلی کوردسـتان بـە هـەموو پێکهاتـەکانی نەتـەوەیی و ئـاینی و مەزهەبییـەوە، یـەکێك لـە شانازییەکانی بەرامبەر گەلانی تری ناوچە و جیهان شانازی پێکەوە ژیان بـە ئاشـتییە لـە کوردسـتان، ئـەوە لەلایەك، لەلایەکی تریش بە هۆی سەقامگیری کوردستان و بەردەوام پێگەی سیاسی و دیبلۆماسی و ئابووری و ئاوەدانی و هەتا دوایی لە هەڵکشاندایە، ئاستی ناوخۆیی و ناوچە و ژیانیش ئەم ڕاستییەیە کـە کەسـانێك باڵادەست و وڵاتانی خاوەن بڕیار لە جیهان ئاماژە بـە ڕوون و ئاشـکرایە بـۆ کوردسـتان دەکـەن، هـەر دوێـنێ بوو جێگری سەرۆکی ئەمریکای زلهێزی جیهان، بەڕێز جۆو بایدن لـە سـەردانەکەی بـۆ هـەرێمی کوردسـتان وتی/ کوردستان باشـترین شـوێنی ئارامـە لـە ناوچـەکە، ئـەم ئاماژەیـە بـێ شـك لەسـەر بنـەمای ڕاسـتیەکانی سەرەوەیە کە ئاماژەمـان پێـداوە، بۆیـە پێمانوایـە ڕووداوەکـانی حەفتـەی ڕابـردوو لـە بادینـان بـە بەرنامـە داڕێژراو بوو بە داخەوە بۆ هێرش کردنی سەر شوێنی گەشت و گوزار و مەی فرۆشەکان و بەرژەوەندی بـرا مەسیحی و ئێزیدییەکان، ئەویش بۆ لەکەدار کردن و بێ ڕێزی کردنی ناوبـانگی کوردسـتان ئـەوە لەلایـەك، لەلایەکی تریش بۆ لەبار بردنی تەجروبەی دیموکراسی گەلی کوردستان و لە ئاستی نێوخۆ و دەرەوەش، بێ شك هەموو ئەو دەستکەوت و شانازییانە بەرهەمی دەریایە خوێنی شەهیدان و خەباتی پێشمەرگەو تەواوی جەماوەری گەلی کوردسـتانە، بۆیـە هـەر هەڕەشـەیەك بـۆ لـەباربردنی ئـەم دەسـتکەوتە مێژووییـەی گـەلی کوردستان ئیدانەو ڕیسوا دەکەین، هەروەها لە ئەنجامی کـرداری هەنـدێك لـە گـەنجانی ئـەم دەڤـەرە کـە بـە داخـەوە بـووە هـۆی سـووتانی چـەند بنکـەو بارەگایـەکی حیزبـی یـەکگرتوو، سـەرتاپای ئـەو ڕووداوانـە لـە سەرەوەی یاسـادا ئەنجامـدران، بۆیـە مـەحکوم و ڕیسـوای دەکـەین، نابێـت بـە هـیچ شـێوەیەك ئەمنییـەت و بەرژەوەندی و مافەکانی تاك لە دەرەوەی یاسادا هەڕەشەی لێ بکرێت، ئەگەر چی لـەو ڕووداوانـەدا سـوپاس بۆ خوا جگە لە زیانی ماددی، زیانی گیانی تێدا نـەبوون، هـەر لـە سـونگەی ئـەم ئـاڵۆزی و پشـێویەوە، تانـە لێدان لە پەرلەمانی کوردستان کە بێ ڕێـزی کردنـە بـە ئـیرادەی گـەل و یەکـەم دەسـەڵاتی گـەلی کوردسـتان ڕەتی دەکەینەوە لەلایەن هەر کەس و لایەنێك بێت، بەڕێز سەرۆکی پەرلـەمان، عـەقل و لۆجیکی تێکـدانی پێکـەوە ژیـان بـە ئاشـتی و ئـارامی لـە کوردسـتان بەڕاسـتی زەنگێکـی مەترسـیدارە، کـە ئـەم دەسـتکەوتانە

هەموویان ئەمانەتن لە ئەستۆی هەر حیزب و ڕێکخراوێکی سیاسی و مەدەنی و ڕۆشنبیری و بگرە لە ئەستۆی هەموو تاکێکی گەلی کوردستان، بەبێ ئیستیسنا وەك ئەرکێکی نەتەوەیی و نیشتمانی و ئاینی و بگرە ئەرکێکی ئەخلاقیشە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، بەڕاستی هەر لێدوانێك پێش دەرچوونی ئەنجامەکان و ڕاستییەکان لە لیژنەی تایبەتی جەنابی سەرۆکی هەرێم خزمەت بەو ڕووداوانە و خزمەت بە بارودۆخی ئێستای کوردستان ناکات، لە هەر لایەکەوە بێت، بۆیە پێویستە هێورکردنی ڕاگەیاندنەکان ئەم بارە بەرەو دیالۆگ ببەن تاکو بە پێی تاوانەکانی تاکو دەرەنجامەکانی کاری لیژنەی سەرەوە دەردەکەوێت، بە پێی دەرەنجامی کاری لیژنەی سەرەوە دەردەکەوێت، هەر کەسێك بە پێی تاوانەکەی رەفتار لەگەڵی دا بکرێ، زیان لێ کەوتووانی ئەم ڕووداوانە بە پێی یاسا قەرەبوو بکرێت، من لە کۆتاییدا پرسیارێکی ئیفتیرازی دەکەم، ئایا هیچ ئەنجامی لێکۆڵینەوە دەرچووە؟ هیچ بڕیارێك دەرچووە کەسێك تاوانبار کرابێت و هیچی بەرامبەر نەکرابێت؟ من داوا لە لیژنە دەکەم جوابمان بدات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار کاوە محمد أمین.

**بەڕێز کاوە محمد أمین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشەکی دەستخۆشی لە لیژنەی هاوبەشی لیژنەی ناوخۆ و ماف مرۆڤ دەکەین کە ماندووبوون و ئەو ڕووداوە ناخۆشانەی مەنتیقەی زاخۆ و دهۆکیان بە دواداچوون بۆ کرد و بۆ پەرلەمانیان خستە ڕوو، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ئەندامانی بەڕێز، بەڕاستی ئێمە حەقە لەو ڕووداوەی زاخۆ لە دەڤەری بادینان ئەو ڕووداوە بە هەند وەربگرین، ئێمە هەرێمی کوردستان لەو ماوەیەدا گەلێك هەڕەشەی لێکرا و گەلێك شتی ناخۆشمان بینی، هەروەکو ئەو کێشانەی دوژمنانی گەلەکەمان دروستیان کرد، جارێك لە مەنتیقەی جێ ناکۆکەکان لەلای خانەقین و لە کەرکووك و جارێك بە تۆپبارانی سنوورەکان، ئەوانە هەر هەمووی هەڕەشە و بۆ تێکدانی ئارامی هەرێمی کوردستان بوو، بەڵام ئەو ڕووداوەی زاخۆ بە قەناعەتی من ڕووداوێکە لە هەموویان مەترسیدار ترە، هەڕەشەیەکە دەبێ هەڵوەستەی جیددی لێ بکرێ، ئێمە وەکو پەرلەمانی کوردستان بە پێی ئەرکی خۆمان داوا بکەین لە دام و دەزگاکانی حکومەت، دام و دەزگا پەیوەندیدارەکان ئەو مەسەلەیە بە جیددی وەربگرن، ئەگەر ئێمە تەماشا بکەین پێش هەموو شتێك بزانین سەرچاوەی دروست بوونی هۆکاری ئەو ڕووداوانەی زاخۆ لە چییەوەیە؟ ئەوە تەنها بە هیوا و بە ئومنیات ناکرێت، دەبێ ئێمە نوقتە بخەینە سەر خاڵەکان، دەستنیشانی هۆکارەکان بکەین، پێموایە ئەوە بە خوتبەی مەلا بە جارێك لە مزگەوتێك یاخود بە دوو قسەی لەوێ و لەوێ، یان بە ڕاگەیاندنی ڕۆژێك و دوان ناکرێت، بە قەناعەتی من ئەوە دەرەنجامی ئیش بۆ کردنە لە ماوەیەکی دوور و درێژدا کە ئەو وەزعەی خوڵقاندووە، پێش هەموو شتێك ئێمە داوا لە لایەنەکانی سیاسی بکەین، بە گفتوگۆ و بە ئەولیەتی ئیش کردن، ئەولەویەتێکی نەتەوەیی بێ، ئەولەوییەتێکی نیشتمانی بێت، دووربین لە خیتابی حیزبی و لە ململانێی

سیاسی و له بەرژەوەندی حیزبی تایبەت، ئەوەش بەوە دەکرێت بەڕاستی پێش هەموو شتێك ئەوەی بە قەناعەتی من خەتەری دروست کردووە لەسەر ئەو وەزعە ئیعلامییە، ئیعلامەکانمان بە گشتی، چ ئیعلامی ئەهلی، چ ئیعلامی حیزبی، ئیعلام بەگشتی چ بیستراو، بینراو، نووسراو، هیچ یەکی بە ئاراستەیەکی نەتەوەیی پەروەردەیی ڕاست و دروست ناکرێت، ئیعلامەکانمان وای لێ کردووە سەری لە خەڵك شێواندووە، پەروەردەیەکی زۆر خراپ دەکەین، بۆیە لە ناکاو لە کێشەیەکی زۆر بچووك بەرەو ئاراستەیەکی خراپ دەڕوات، ئیتر ئێمە بچین بە چارەسەرێکی مەنتیقەیی و مەحەلی و بە موسەکینێکی کورت خایەن، ئەوە چارەسەر نیە، بۆیە پێویستە ئێمە داوا لەلایەنە سیاسییەکان بکەین لە ڕاستیدا پێداچوونەوەیەك بکەن بە خیتابی ئیعلامی خۆیان، ئەو خیتابە ئیعلامییە بگۆردرێت، دەنا ئەمڕۆ کێشەکە لە زاخۆ بێت بە لیجان و بەسەردانی ئێمە و بە ناردنی لجنە لایان، لێژنەی لێکۆڵینەوە و سەرۆکی هەرێمی کوردستان و بەو کەمتەرخەمیانەی، بەو تەقصیرانەی کە دام و دەزگاکانی ئەمن و ئاسایشی ناوخۆ هەیانە، ئەوانە چارەسەر ناکرێت، پێداچوونەوەیەکی گشتیمان پێ دەوێت، دەبێت زۆر بەرپرسانە هەوڵ بدەین بەڕاستی ئەو ئاژاوەیەی زاخۆ و دەوروبەر و ئەوانە شتێکی نوێ یە، هەڕەشە دەکات لە پێکەوە ژیانی برایەتی و تێکدانی نەسیجی ئیجتیماعی لە هەرێمی کوردستان دا، دیسان ئەوە دێنێتەوە بیر کە لە ئەخبارەکان دەمانبینی لە میسر ئەو ناخۆشی و ململانێ و کوشتارانەی لە بەینی ئیسلامییەکان و قیبتییەکان لە میسر دروست دەبوو، بەڕاستی ئەگەر بەو ئاراستەیە چارەسەر نەکرێت، هیچ دوور نی یە ئێمە ڕووبەڕووی ئەو کێشانە ببینەوە کە کێشەیەکی مەترسیدارە، هیوادارین کە نەگاتە ئەو ڕۆژە، دەبێ ئێمە بە جیددی بیری لێ بکەینەوە و هیوادارین یەکێك لە ڕاسپاردەکانی ئێمە بۆ لایەنە سیاسییەکان بێت کە پێداچوونەوەیەکی جیددی لەسەر خیتابی ئیعلامی و سیاسی خۆیان بکەن، لایەنێکی تریش ئەوەیە بەڕاستی ئێمە هەموو هاوکارانم زۆربەی زۆری ئاماژەیان پێدا، مینبەری مزگەوت مینبەرێکە زۆر کاریگەری هەیە لەسەر کۆمەڵەی کوردستان، 1800 مزگەوت جومعانە خیتابی لێ دەدرێت، هەمووی بەرپرسانە قسە ناکات، یەعنی هەندێکی هەیە بەڕاستی بە ئەو ڕووئیایە نیشتمانی و نەتەوەیی و نیە کە مەسلەحەتی گشتی لەبەرچاو بگرێ، لەوانەیە دەکەوێتە دوای شتێکی بچووك کە لەوانەیە ئەو لە مونتەلەقی خۆی وەکو دینی ئیسلامی ئەوەی دەکات نازانێ کە زەرەر و زیانی چەند هەیە و کاریگەری پەروەردەیی خراپی هەیە، بۆیە حەقە پێداچوونەوەیەك لەو بارەوە بکرێت، کە دینی ئیسلامی دینێکی تەساموحە و دینێکە تەشجیعی پێکەوە ژیان دەکات، دینێکە خۆشەویستی نیشتمان لای خەڵکی دەچێنێت، نەك ناخۆشی و دووبەرەکی یاخود دردۆکی لەگەڵ دین و مەزهەب و ئاینیەکانی دیکە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار سیوەیل عثمان أحمد محمد.

**بەڕێز سیوەیل عثمان أحمد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا ئیدانەی، تەحریم کردنی ئەو جۆرە کردەوانە دەکەین، کە چەند کەسێك هەستان بە سووتاندنی دوکانی مەی فرۆش و سەنتەری مەساج و شوێنە گەشتیارییەکان، هاوکارانم زۆر باسیان لە تەبایی و برایەتی و پێکەوە ژیانیان کرد، بەس وەك بەرێزیشت باست کرد تەنها ئەوە بۆ برا مەسیحییەکان و ئێزیدییەکان نەبوو ئەو شێوە رەفتارە، بەڵکو لەوانەیە تێیدا هەبێ مەی فرۆش بێ، موسولمان بێ، شوێنی گەشتیاری خاوەنی موسولمان بێ، سەنتەری مەساج خاوەنەکەی موسولمان بێ، ئەوە بەرای من زۆر پەیوەندی بە نەتەوەکانەوە نیە لەبەر ئەوەی هەرێمی کوردستان نەك ئەورۆ چەندین ساڵە پێکەوە ژیاینە و هیچ گرژی و ئاڵۆزییەك لەبەینیان دا رووی نەداوە، خاڵێکی ترمان هەیە/ سووتاندنی بارەگای حیزبی و ئەوانە بووەتە نەریتێك و کلتوورێك لە هەرێمی کوردستان، هەرچەندە ئەگەر زانیمان گرژییەك هەیە، یەکسەر بارەگا دەسووتێندرێ، دواییش دەڵێین کۆنترۆل نەکراو لە دەستمان دەرچوو، ئەوە ناکرێت، دەبێت ئەوە کۆنترۆڵ بکرێ، ئەوە هیچ پاساوی نیە کە نەتوانی کۆنترۆلی بکەی، لەبەر ئەوەی دوای ئەوە قەرەبوو دەکرێنەوە، کە قەرەبوو دەکرێنەوە، ئەو قەرەبوو کردنەوەیە هەمووی لە قووتی ئەو میللەتەیە، یەعنی لە بودجەی گشتی ئەو قەرەبوو کردنەوە دەردەچێت، لەبەر ئەوەی ئێمە سەرەتا ئەگەر بتوانین دان بەخۆماندا بنێین، ئەگەر یەکێك غەدری لێم کرد، ماڵەکەمی سووتاند، با من نەچم ماڵەکەی بسووتێنمەوە، هی ئەو نەسووتێنمەوە، ئەوکاتە داوای ئیجرائاتی یاسایی دەکەم، قەرەبووشم بکەنەوە بەڵام قەرەبووی زیانەکان دەکاتە نیو زیان، نەك هی ئەویش بسووتێ، هەمان کاتیش هی ئەویش کاول بێ و وێران بکرێت، یەك لە بڕیارەکانی سەرۆکی هەرێم کە دەڵێت/ دەبێ یاسا سەروەر بێ، نەك تەنها سەرۆکی هەرێم، هەر هەموومان دەڵێین یاسا سەروەر بێت و نابێ هیچ کەسێك بە بێ فەرمانی دادگا دەستگیر بکرێ، بەڵام وەك ئەو برادەرانەی یەکگرتوو باسی دەکەن و لە تەلەفزیۆنیش زۆرجار موقابەلەیان کردووە، چەندین کەسیان گیراوە بەبێ فەرمانی دادگا، ئایا ئەوە سەروەری یاسایە؟ خاڵێکی تریشمان هەیە لە ناحیەی دێرەلۆك لە قەزای ئامێدی، دوای ئەوە ئەگەر هەڵە نەبم وابزانم رۆژ و نیوێك، دوو رۆژی بەسەردا چوو، ئینجا چوار دوکان سووتێنرا، باشە ئەی ئەویش نەیانتوانی کۆنترۆلی بکەن؟ یەعنی ئەوە لە زاخۆ وتیان هێز کەمە و پۆلیس کەمەو $40$ کەسن یان $60$ کەسن، یان لە دهۆك نەمانتوانی کۆنترۆلی بکەین، لە ناحیەی دێرەلۆك، ناحییەیەکی بچووکە، دوایی دەیانتوانی کۆنترۆلی بکەن، نازانم لەبەرچی نەیانتوانی ئەویش کۆنترۆل بکەن؟ ماوەکە، فەترەکە هەندێك جیاوازی هەبوو؟ خاڵێکی تر/ زۆر باس لە هەرێمی کوردستان دەکەین، کوردستان بەهەشتە و ئەمن و ئاسایش بەرقەرارە و شانازی پێوە دەکەین، بەڵێ هەمووومان شانازی بە هەرێمی کوردستان دەکەین، خاکی خۆمانە و خاکی باب و باپیرانمانە، بەڵام ئەوە ماوەی ساڵێك نییە دوو کارەساتی زۆر گەورە روویدا، یەك/ $17$ی شوبات، ئەوجارەش ئەو کارەساتەی کە لە زاخۆ و دهۆك و سیمێل و ئەو جێیانە روویدا، منیش دەڵێم ئەگەر بەهەشت وابێ دەبێ دارستان چۆن بێ؟ خاڵێکی تر/ تەبعەن ئەو رووداوەی کە روویدا نە یەکەم رووداو دەبێ و نە ئاخیر رووداویش دەبێ، رووداوی لەو جۆرەش زۆر دەبێ هەتاکو هەرێمی کوردستان یەکلانەبێ ماڵی کوردی یەکلا نەخرێت، لایەنە سیاسییەکان تەبا نەبن، هەتاکو

گرژی و ئاڵۆزی لە ناو هەموو هێزە سیاسییەکان هەبێت بە ئۆپۆزسیۆن و بە دەسەڵاتیشەوە وەزعی هەرێمی کوردستان لەوەی باشتر نابێت و هی خراپتریشی لە دوا دێت، ڕەشبینیش نیم، بەڵام تەجروبەمان هەیە لەسەر ئەوە، خاڵێکی تر ئەوەی هاوکارم کاك پێشەوا باسی کرد، ڕاستە ئەو جەماوەرەی، ئەو گەنجانەی کە دەڵێن لە تەمەن 12 ساڵ تا 25 ساڵ زۆری ئەوانە بوون، منیش لە تەلەفزیۆن بینیم دوو گەنج بوون یەکیان لافیتەیەکی سەوزی پێ بوو نووسرابوو (لا إله إلا الله محمد رسول الله)، ئەوەی تریش وێنەیەکی مەلا مستەفای بارزانی بە دەستەوە گرتبوو هەردووکیش بە یەکەوە دەڕۆیشتن لە ناو ئەو خەڵکە، خاڵێکی تر هەیە لە ڕاپۆرتەکە هاتووە دەڵێ/ شەش سەد کەس خۆیان ئامادە کردبوو بۆ ڕێورەسمی ساڵی هیجری، خۆیان ئامادە کردبوو، یەك لەوانە هوتافی لێدەدا ناوی جیهاد و (الله أكبر)ی دەهێنا ئەوە عمر کۆچەر بوو، کەچی من پێم سەیرە کە جاری وا هەیە داوای خۆپیشاندان دەکەن، داوای مۆڵەت دەکەن بۆ خۆپیشاندان ڕێگەیان پێ نادرێ، من سەیرم پێ دێت ئایا لە زاخۆ یاخود لە دهۆك ئەو شەش سەد گەنجە دوایی هی تریشی بەدواوەوە بوو، یەعنی چۆن توانییان و جورئەتیان کرد کۆبکرێنەوە و دوایی لەوێ دەسەڵات ڕێگری لێیان نەکردووە و ڕێی پێیان داوە؟ بەڕاستی شتەکە زۆر سەیرە، خاڵێکی تر/ با بێینە سەر ئینسانی گەورەو بە دەسەڵات، دێینە سەر پارتی دیموکراتی کوردستان کە خۆی بە حیزبێکی قائیدو گەورە دەزانی و خاوەن مێژوو و سەروەرییەکی هەیە، بەڵام لێرەدا مەسەلەیەك هەیە دەڵێ (سيد القوم خادمهم) واتا خۆی بە (سيد القوم) دەزانی، دەبێ خادیمی هەموو لایەنە سیاسییەکان بێت، لێرەدا ئەگەر بارەگاکانی یەکگرتوو سووتا ئەگەر دەستی پارتی دیموکراتی کوردستانی تێدا نیە، کە خۆی دەڵێ بێ تاوانم، بەڵام یەکگرتوو تاوانباری کرد بەو شتە، نەدەبوایە بەرپرسێکی گەورەی پارتی، دەبوایە دڵی فراوانتر بێ، چونکە (سيد القوم)ە، دڵێ فراوانتر بێ و دەنگ نەکات، هەڕەشە نەکات بڵێ یەکگرتوو داوای لێبووردنم لێ بکات، دەبوایە لە پارتی دوو بەرپرس لە دهۆك ئینجا مەکتەبی سیاسییە، هەر کێ یە (والحاصل) سەردانی یەکگرتوویان بکردبا، کە سەردانی یەکگرتوویان کردبا ئەو کاتە یەکگرتوو بۆ خۆی بریندار بوو و لە تاوا ئازاری پێ گەیشتووە و قسەی کردووە، ئەو کاتی یەکگرتوو بۆ خۆی پەشیمان دەبووەوە لە قسەکەی خۆی و داوای لێبووردنی دەکرد، بەڵام پارتی خۆی بە گەورەتر و بەهێزتر دەزانێ، بۆیە داوا لە یەکگرتوو دەکات ئەوەی ماڵی سووتاوە، مەسەلەیەکی موصلاویەکان هەیە کە دەڵێ (فوق حقوا دقوا) لەسەر حەقی خۆشی لێیشی بدەن و داوای لێبووردن بکات، باس لە وەزارەتی ناوخۆ دەکەین، لێرەدا کارمەندانی وەزارەتی ناوخۆ تەبعەن داهاتێکی یەکجار زۆری هەیە لە 50٪ ئەو داهاتەی خۆی نایداتە حکومەتی هەرێمی کوردستان، بۆ خۆی تەصەروفی پێ دەکات، لێرەدا کە دەبینین وەك هاوکارانم باسیان کرد چەند برادەرێك باسیان کرد، ئایا قەزای زاخۆ سەرسنووریشە بە 40 پۆلیس و 60 ئاسایش بەڕێوەدەچێت؟ دەبوایە کارمەندانی وەزارەتی ناوخۆ ئەگەر پۆلیسەکان کەمن، حەق وایە زیادیان بکەن، ئەگەر بن دیواریش هەیە حەق وایە بیانهێننەوە دەوامیان پێ بکەن، چونکە زۆر کەس هەیە پۆلیسە پارە وەردەگرێ لەوانەیە حیمایەی بەرپرسێك بێت، پارە وەردەگرێ، بەڵام دەوامی پێ ناکات، حەقوایە لەمەودوا پێداچوونەوە و چاو خشانەوە بەو وەزعە

بكـەن، بـەڵام لێـرەدا مـن نـاڵێم حەقوایـە بەرپرسـی حكـومی لێپێچـینەوەی لـێ بكرێـت لەبـەر ئـەوەی كەمتەرخـەم بـووە، بـەڵكو دەڵـێم حـەق بـوو ئـەو بەرپرسـە باڵایـەی دەسـتە لـەو ناوچـەیە، حەقـە ئـەو حیزبەكەی خۆی موحاسەبەی بكات، بزانێ چ كەمتەرخەمییەك هەبووە لەو ناوچەیە؟ لەبـەر ئەوەیـە ئـەو شێوازە ڕووداوە لێرە ڕوویدا، خاڵێكی تر هەیە تەقریبەن وەك بیستستمان دەڵێن زەرەرەكان بە پێنج ملیۆن مەزندە دەكرێت، تەبعەن پێنج ملیۆن دۆلار مەزندە دەكـرێ، حـەقی خۆیانـە ئەوانـە قـەرەبوو بكرێنـەوە دوكانیان سـووتاوە و شـوێنە گەشـتیاریەكان، بـەڵام مـن دەڵـێم ئەگـەر ئـەو پێـنج ملیۆنـەمان هـەر بـۆ ئـەو ناوچەیە سـەرف بكردایـە زۆر زۆر باشـتر بـوو، نـەك بـە قـەرەبوو، هـەموو ساڵێك دەبـێ حكومـەتی هـەرێم بودجەیەك تـەرخان بكات بـۆ ئـەو ڕووداوانـە، چونكە ڕووداوی تـریش بـەدوای دێـت، یـەك خـاڵی ئـەخیرم هەیـە/ ئـەوە ڕووی قسـەكانم لـە پـارتی دیمـوكراتی كوردسـتان دەكـەم بـە حیسـابی ئـەوەی پـارتی لـەوێ دەسەڵاتدارە و لە هەرێمی كوردستانیش زۆرینەی دەنگەكانی هێناوە و ژمارەی كورسییەكانی لە پەرلـەمانی كوردستان و لە ئەنجومەنی نوێنەرانی بەغدادا زۆرترە، دەسەڵاتیشی زیاترە، حەقوایە بە سیاسەتی خـۆی دا بێتەوە بەرامبەر هەموو هێز و لایەنە سیاییەكان ڕەفتاری خۆی، واتا سیاسەتی خۆی بگۆڕێ بەشكو ئیشاڵلا چیتر ئەو ڕووداوانە ڕوو نادات و كوردستان ئاوەدان دەبێ و سەلامەت دەبێت، سوپاستان دەكەم.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار سەرهەنگ فرج محمد محمود.

**بەڕێز سەرهەنگ فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان، قسەكانم زۆر كورت دەكەمەوە، دیارە سەرەتا دەمەوێ ئەوە بڵێم كـە ئیدانـەی هەموو توند و تیژییەكان دەكەین ئەوەی ڕوویداوە، بەڕای من ئەوە پێچەوانەی هەموو قییەمـە ئینسانی و ئەخلاقییەكانە، لەلایەن هەموو ئەندامانی بەڕێزەوە ئەو كارە بـە كـارێكی نابـەجێ ناسـێندرا، جا لەلایـەن هەر كەس و لایەكەوە بووبێ، مـن دەستخۆشـی تـەواوم هەیـە لـەو لێژنـە بـەڕێزە، مـن بەڕاسـتی قسـەكانم و تێبینییەكانم لەسەر كاری لێژنەكە دەبێ بە حەقەت، دیارە هەمووومان دەزانین كە پەرلەمانی كوردستان بە پێی یاسا مەرجەعی سەرەكی و مەرجەعی ئەساسی خەڵكی كوردسـتانە، بـەرزترین دەسـەڵاتی سیاسـییە لـە هەرێمی كورسـتان دا، بـەڵام مـن لێـرەوە دەپرسـم بەڕاسـتی ئـەو لێژنەیـەی ئێمـە دەیـەوێ چـی بكـات؟ ئـەو لێژنەیە چ هەنگاوێك دەنـێ بـە ئاراسـتەی دووبـارە نەكردنـەوەی حاڵەتەكـە و سـزادانی تاوانبـاران بەڕاسـتی یـەعنی؟ ئایـا تەوصـیاتەكانی ئـەو لێژنەیـە خۆمـان چـی پـێ دەكـرێ؟ پێشـتر تەوصـیاتەكان و بڕیارەكـانی پەرلەمان جێبـەجێ كـراوە؟ ئایـا زەمانـەت چـییە بـۆ جێبـەجێ كردنـی ئـەم حاڵەتـە؟ مـن لێـرەدا دەمـەوێ قسەیەك بكەم بەڕاستی، پەرلەمانی كوردستان بەو حوكمەی كـە باسـم كـرد پێشـتر پێویسـتە نوقتـە بخاتـە سەر حەرف بەڕاستی، پێویستە ئەو دەسەڵاتەی كە هەیەتی بـەكاری بـێنێ، مـن پـێم سـەیرە ئەصڵەن ئێمـە تەوصیات بۆ كێ بكەین؟ ئـەوە مەسـئولیەتی گـەورەی پەرلـەمانی كوردسـتانە كـە لەسـەر ئـەم مەوزووعانـە

بڕیاری یەکلایی کەرەوەی هەبێ، ئێمە بەرزترین دەسەڵاتین، تەوصیات بۆ کێ دەرکەین بەڕاستی؟ ئینجا خاڵێکی تر هەیە کە دەمەوێ باسی بکەم بەڕاستی لێرە، مەسەلەن لە ناو ئەو ڕاپۆرتە مەسئولییەت ونە، حکومەت ونە بەڕاستی، نابێ لایەنی بەرپرس دیاری بکرێ؟ واز لە کاری دادگاکان بێنن بەڵام ئەم لێژنەیە بە بڕوای من دەبوایە لێژنەیەك بوایە دەسەڵاتی سزادانی لایەنی کەم ئەو بەرپرسانەی هەبوایە کە کەمتەرخەم بوون لە پاراستنی سەر و ماڵی هاووڵاتییان و بارەگای لایەنە سیاسییەکان دا، خاڵێکی تر باس کرا/ مەسەلەی سووتاندنی بارەگاکان بەڕاستی، ئێمە وەکو برادەرانیش باسیان کرد، بەڕاستی ئەوە کەلتوورێکی قێزەوەنی شەڕی ناوخۆیە کە لەو سەری کوردستان شەڕێك دروست دەبوو، لەو سەری کوردستان هەندێك بارەگا دەپێچران و دەسووتان، حەقە ئێمە ئەم فۆناغە تێپەڕێنین بەڕاستی، دەبێ پەرلەمانی کوردستان زەمانەتی دووبارە نەکردنەوەی ئەم حاڵەتانە بکات، چونکە ئێمە هەموومان زۆربەی لایەنە سیاییەکان بەڕاستی بەدەست ئەو موشکیلەوە، ئەو حاڵەتەوە موعاناتمان هەیە، ئێمە بزووتنەوەی گۆڕان هەمووی حەوت مانگە لە هەولێر بارەگاکانمان سووتێندرا بەرچاوی هەموو دونیاوە، حەقە ئێمە ئەو قۆناغە تێپەڕێنین بەڕاستی، یەك خاڵ کە باس کرا/ باسی پێداچوونەوە بە هێزەکانی ناوخۆ کرا، من پشتیوانی ئەوە دەکەم کە پێداچوونەوە بە هێزەکانی ناوخۆدا بکرێ، بەڵام ئێمە دەبێ پەرلەمانی کوردستان جەخت لەسەر ئەوە بکاتەوە کە دەستی حیزبی لە ناو ئەو هێزانە بێنێتە دەرەوە، بۆ ئەوەی هێزێك بن، هێزێکی پیشەیی بن، بتوانن سەر و ماڵی خەڵك لە حاڵەتێکی ئاوا بپارێزن و سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار عبدالله ملا نوری.

**بەڕێز عبدالله ملا نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماندووبوونی ئەو برا بەڕێزانە، ئەو خوشك و برا بەڕێزانە کە سەردانی زاخۆ و دهۆکیان کردووە جێگای ڕێزە، بەڵام لە ڕاستی دا ڕاپۆرتەکە بۆ من بەو پێیەی لەو ماوە بە بەردەوامی موتابەعەی ڕووداوەکانم دەکرد، مەعلوماتێکی تازەی تیا نەبوو، پێموایە بەبڕوای من لە ئاستی گەورەیی کێشەکەدا نیە، لەبەر چەند هۆیەك، یاخود بابڵێین دیوە شاراوەکانی ئەم بابەتانە کەوای کردووە ئەم کێشەیە دروست بێ، بخاتە ڕوو، ناتوانێ گومانەکان بڕوێنێتەوە، ڕەنگە هۆکارەکە لە کەمتەرخەمی برادەران خۆیان ئەو نەبێ، لەو دەسەڵاتە بێ کە هەیانە، چونکە ئەصلەن ئەو لێژنەیە کە ڕۆیشتووە لێژنەیەکی هەمیشەیی پەرلەمانە و لە چوارچێوەی پەیڕەوی ناوخۆدا دەسەڵاتەکانی دەستنیشان کراوە، ماقی لێکۆڵینەوەی نیە، لێژنەیەك بۆ ئەوەی بتوانێ ڕاپۆرتێکی تێر و تەسەل بنووسێ، پەرلەمان بتوانێ لەسەر بنەمای ئەم ڕاپۆرتە هەڵوێستی خۆی بنیاد بنێ، پێویست دەکات دەسەڵاتی هەبێ، ئەوەی پێی دەوترێ لێژنەی لێکۆڵینەوە لە ماددەکانی (47) تا (50) شێوازی دروست کردنی، هەروەها دەسەڵاتەکانی دەست نیشان کراوە، دەبوایە وا بوایە، بۆیە هەر لەم ڕووەوە گرنگترین کەم و کورتی ئەم ڕاپۆرتە لە چوارچێوەی ڕاپۆرتەکەدایە، یەعنی نەیتوانیوە،

لەبەر ئەوەی دەسەڵاتی تەحقیقی نەبووە ناتوانێت یەعنی بۆ نموونە/ قوربانی و تاوانبار جیا بکاتەوە، ناوی کۆمەڵێ خەڵك هاتووە هێشتا لەبەر ئەوەی لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ دا نەکراوە، نازانی ئەوانە قوربانین یان بەڕاستی تاوانبارن، ئیتر هەموو ئەو ئەکتەرانەی کە لە ناو ڕاپۆرتەکەدا ناوی هاتووە، یاخود لە پشتی ڕووداوەکانەوەن، گرفتێکی تری ئەم ڕاپۆرتە بەبڕوای من نەیتوانیوە جیاوازی لە بەینی دوو ڕەگەزی سەرەکی دا بکات، با بڵێین پێویستە لە هەر ڕووداوێکدا، تاوانێکدا لە هەر حەدەسێکی لەم جۆرەدا کە ڕوودەدات، نەیتوانیوە جیاوازی لە بەینی هۆکاری کێشەکە لەگەڵ دەرکەوتەکانی کێشەکە بکات، ئەوەی لەم ڕاپۆرتە هاتووە لە ڕاستیدا هەمووی دەرکەوتەیە، ئەصڵی کێشە بۆ لیژنەی تەحقیقی دۆزینەوەی هۆکارە، هۆکاری کێشەکە، من باوەڕم وایە گومانی ئەوە دەکەم ڕەنگە کۆمەڵێ هۆکاری شاراوە لە پشتی ئەم ڕووداوە هەبێ، کۆمەڵێك بەرژەوەندی تایبەت، ئیتر بەرژەوەندییەکە ڕەنگە بەرژەوەندی هەر سیاسییە، حیزبییە، هەر چییە من نازانم، بەڵام بە دڵنیاییەوە دەشێت ئەم گومانە بکەین بەرژەوەندی تر لە پشتییەوە بێت، هۆکارەکەی ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی جارێکی تر دەسەڵاتی تەحقیقیان نیە، نەیانتوانیوە کەم و کورتییەکی تر بەڵگەیان لەبەر دەست نیە، تۆ بەڵگەت لەبەر دەست نەبوو ناتوانی کەس تۆمەتبار بکەی، ناتوانی کەس تاوانبار بکەی، دەرەنجامی نابێ، ئەوە وای کردووە بە بڕوای من ئەم ڕاپۆرتە یەعنی بەداخەوە ئەم قسە دەکەم، ئەم ڕاپۆرتە لە ئاستی دەزگایەکی وەکو پەرلەمان دا نیە کە بیەوێ هەڵوێستی خۆی لەسەر بنیاد بنێ، بیەوێ لە ڕێگەی ئەم ڕاپۆرتەوە جۆرێك لە متمانە و گەرەنتی بە خەڵك بدات، دڵنیایان بکاتەوە کە پەرلەمانی کوردستان توانیویەتی ڕاپۆرتێك بنووسێ، ئەم ڕاپۆرتە کێشەکانی دەست نیشان کردووە، ئەو دڵنیاییە بە خەڵك دەدات جارێکی تر زەمانی ئەوە دەکات ئەو جۆرە کێشانە دووبارە نەبێتەوە، زەمانی ئەوە دەکات جارێکی تر بابڵێین وەکو دەوترێت یەعنی لایەنی بەهێز لایەنی لاواز نەهارێت ئەگەر هەبووبێ، گرفتێك هەیە ئێمە بەداخەوە دەیبینین لە گرتە ڤیدیۆیەکان دا، بەشێکی زۆر لە کارمەندانی دام و دەزگاکانی ئاسایش خۆیان تێوەگلاون لە سووتاندنی هەندێك بارەگا، هەندێك جار کەم تەرخەمییان کردووە، ئەم ڕاپۆرتە دەبوایە ئاماژە بەوە بدات و دەستنیشانی بکات، لایەنی بەرپرسیار دەستنیشان بکات بەجیددی، جگە لەوەی کە باسم کرد، ئەو هۆکارانە کە لە پشتی ڕوودانی ئەو کێشەیەن ئەوانە هەموو دەبوایە لەو ڕاپۆرتە ئاماژەیان پێ بدەن، بۆیە من لەم ڕووەوە پێموایە ئەگەر پەرلەمانی کوردستان بیەوێ وەکو دەزگایەك هەڵبژێردراوی خەڵکە...............

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە، ڕجائەن لە مەوزووعەکە دەرمەچۆ، کاکە عبدالله، تۆ گوێ لە ڕای خۆت بگرە، لیژنەیەکی هەمیشەیی پەرلەمانی کوردستانە، بە ئیشێکی قانونی، یاسایی خۆی ڕۆیشتووە، سەردێك بهێنی، ڕاپۆرتی خۆی داناوە، ئەوەی کە جەنابت دەڵێی کە داوا دەکەی لیژنەیەکی تەحقیقی دروست بکرێ، لیژنەی تەحقیقی ئێستا هەیە، دەتوانن پێشنیاری خۆتان بکەن، لیژنەی تەحقیقی لە دەسەڵاتی لیژنەکە نیە، پەرلەمان دەتوانێ بڕیاری لێ بدات، لێرە کە ئەو پێشنیارە هات دەخرێتە پێش ئێوە، ئەگەر دەنگی زۆری

نـەهێنا لیژنـەی تـەحقیقی دادەنـرێ، ئێستا ئـەوان وەکـو لیژنەیـەکی هەمیشـەیی چوونە سـەردی وەزعـی مەنتیقەکە دەهێنن، ڕاپۆرتێکیان تەقدیم کردووە، لەسـەر ڕاپۆرتەکـەی ئـەوان کـە حکومـەت ئیجبـار بکـرێ ئەو کارە بکات، ئەگەر نەیکرد بانگی بکەنە لیجانەکان، بانگیان بکەن بۆ ئێرە، فەرموو کەرەمکە.

**بەڕێز عبدالله ملا نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەتوانم پێشنیاری خۆم بکەم؟ ئەگەر نەتوانم قسە بکەم دادەنیشم، یەعنی ببوورە، من پێشنیار دەکەم ئێمە وەکو پەرلەمان دەزگایەکی سەربەخۆین و سیستەمی هەرێمی کوردستان سیستەمی پەرلەمانی یە، پێویست دەکـات خـاوەن دەسـەڵاتی خۆمـان بـین، پێویست دەکـات بـە پێـی پـەیڕەوی ناوخۆمـان ماددەی 47 تـا 50 لیژنەیەکی تەحقیقی پەرلەمانی پێك بێ، ئەم لیژنەیە من پێشنیار دەکەم نووسیومە پێشنیارەکانیشتان بۆ ڕەوانە دەکەم، نوێنەری هەموو فراکسیۆنەکانی تیا بێ، زۆربەی خەڵکەکەی لەو خەڵکانـە بـن کـە، بـا بڵێین خەڵکی یاسایی بن کە شارەزایی بـواری تـەحقیقیان هەیـە، خۆشـبەختانە خـەڵکمان زۆرە، بڕواتـە ناوچـەکە فەترەیەك بمێنێتەوە، 15 ڕۆژ تا مانگێك چەند پێویست بکات، دەسەڵاتی ئەوەی هەبێ کە هەر کەسێك کە بتوانێ بانگهێشتی بکات لێپرسینەوەی لەگەڵ بکات، هۆکارەکانی پشتی ئەو بابەتـە ئاشکرا بکـات، چونکە بەڕاستی هۆکارەکانی پشتی ئەوە ئەشێ لە هەر ڕۆژێـك لـە هـەر ساتێك دا سـەرهەڵداتەوە، دەرئەنجامـەکانی ئەو لێکۆڵینەوانە لە ڕاپۆرتێك دا بنووسرێتەوە، بخرێتە بەردەم پەرلەمان وەك ئەوەی لە پەیڕەوی ناوخۆدا هاتووە، لەسەر بنـەمای ئـەو ڕاپۆرتـە مـن پێشـنیار دەکـەم دوو خـاڵ لەبەرچـاو بگـیرێ، زۆر بـەکورتی و دوا قسەشم دەبێ، نوقتـەی یەکـەمیان ئەوەیـە کـە قـەرەبووی ئـەو کەسـانە بکرێتـەوە کـە زۆربـەی برادەرەکـان ئاماژەیان پێدا، بەڵام قەرەبوو کردنەوە هەرگیز ناکرێ لە ماڵ و سامانی گشتی بێ، لـەو لایەنـە سیاسـی یـە بێ، لەهەر لایەنێك کە کەمتەرخـەمی کـردووە لـە مـاڵ و سـامانی ئـەوە قـەرەبووی ئـەو خەڵکـە بکرێتـەوە، نوقتەیەکی تری گرنگ کە پەرلەمان ئەگەر دەیەوێ جارێکی تر با بڵێین نەریتی بارەگا سـووتاندن دووبـارە نەبێتەوە، هەڵنەکوتێتە سەر ماڵ و سامانی گشتی، یاسا سەروەر بـێ، ئـازادی لـە هـەمان کاتـدا شـان بەشـانی سەروەری یاسا ئازادی خۆپیشاندانیش پارێزراو بێ، هیچ لایەنێکی سیاسی نەتوانێت ئەم خۆپیشاندانانە بـە ئاراسـتەیەکی خـراپ دا ببـا، ئەگـەر بمانـەوێ پەرلـەمانی کوردسـتان ئـەم هەڵوێسـتە وەربگـرێ بـەڕای مـن گرنگترین نوقتە دەبێ پەنای بۆ ببا، ئەوەیـە زەمـانی دووبـارە نەبوونـەوەی ئـەم کێشـانە، ئـەویش ئەوەیـە/ هەر لایەنێك کە لە ئەنجامی دەست تێوەردانی بـۆ کاروبـاری دامودەزگاکـانی حکومـەت یـاخود لـە ئـەنجامی تێکـەڵ کردنـی بەرژەوەنـدی خـۆی بـە خۆپیشـاندانەکان، وای کـردووە مـاڵ و سـەروەت و سـامانی خـەڵك بسووتێنرێ، یان هەر لایەنێکی سیاسی، پێویست دەکـات بـە پێـی یاسـا بڕیارێـك لـەم پەرلەمانـە بـۆ ئـەوەی زەمـانی دووبـارە نەبوونـەوەی دەربکـەین، پێویسـت دەکـات کاروبـاری ئـەو حیزبـە سیاسـیە لـە هـەرێمی کوردسـتان دا بـە یاسـا قەدەغـە بکـرێ، ئـەو حیزبـە سیاسـی یـە پێویسـت دەکـات دابـەش بکـرێ، کـاری ئەندامەکانیشـی قەدەغــە بکــرێ، بــەدەر لــەوە پێموایــە دووبــارە کردنــەوەی ڕاپۆرتــەکانی ڕابــردوو،

هەڵوێستەکانی ڕابردوو کە لە پەرلەمان دا هەمان بووە، هەمووشمان دەزانین هیچ نەتیجەیەکی نەبووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، دروست بوونی کێشە پەیوەندە بە کۆمەڵگاوە، ئەوانەی جەنابت فەرمووت هەمووی یاسای هەیە، هەموو قەدەغەیە، هیچ یاسایەك ڕێ نادات خەڵك دوکانی خەڵك بسووتێنێ، یان مەقەری خەڵك بسووتێنێ، ئەوە هەموو موخالەفەی قانونە، قانون ئەگەر جێبەجێ بێ، ئیجرا بێت ئەو شتانە نامێنێت، تا حکومەتێکی بەقوەت، قانون تەتبیق بکات، هەر کەسێك موخالەفەی کرد جەزای یاسایی لێ وەرگرێ، هەتا ئەوە نەبێ ئەو شتانە هەزار یاسا دەرکەی هەر بەردەوام دەبێت، بە نیسبەت خۆپیشاندانی لە ناکاو دا بزانن ئەوەی لێ دەرکەوت، لەبیرتانە چەند لێرە موناقەشە کرا، چەند قسە لەسەری کرا، بەڵام خۆپیشاندانی لە ناکاو دا ئەوهایە، نەتیجەکەشی ئاوا دەردەچێ، زۆر سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار عەزیمە نجم الدین حسن، فەرمووو.

**بەڕێز عظیمة نجم الدین حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە بەڕاستی ئەو دۆخەی کە لە ناوچەی زاخۆ و لە دهۆك و ئەو ناوچەیەی گرتۆتەوە، هەموومانی نیگەران کردووە کە دۆخێکی زۆر ناخۆش و زۆر ئاڵۆزە بەڕاستی، جارێکی تر ئێمەی خستەوە بەردەم بیرخستنەوەی شەڕی ناوخۆ، کاتێك لە کاتی شەڕی ناوخۆدا ئێمە ئەوەمان دەبیست کە پەلاماردانی دام و دەزگا و بارەگا و ماڵ و شوێنە گشتی یەکان لە کاتی شەڕی ناوخۆدا، بەڕاستی جارێکی تر من هەست دەکەم لە ساڵی پارەوە ئەوە دووەم جارە ئەم حاڵەتە دووبارە بێتەوە، بەڵام ئەگەر ئەم حاڵەتە بەڕاستی چارەسەر نەکرێ من پێموایە کارەساتی لەوە خراپتری بەدواوە دێت، بەڕاستی چاککردن و گۆڕانکاری لە سیستەمی سیاسی وڵات دا بە کۆبوونەوەی لێژنەی پەرلەمانی و بە دروستبوونی لێژنەیەك و بەدواداچوون دا، ئێمە لە 17ی شوبات دا جارێکی تر لێژنەیەکی پەرلەمانی دروست بوو چوو بۆ سلێمانی و هاتەوە ڕاپۆرتی خۆی نووسی و لە پەرلەمانیش دا بوو بە بڕیار، بەڵان تا ئێستا ئەو بڕیارە جێبەجێ نەکراوە، چی زەمانەتێك هەیە؟ چۆن دڵمان بەچی خۆش بێ لە ناو پەرلەمانی کوردستان و ئەم حکومەتە و ئەم سیستەمە سیاسی یە کە جارێکی تر ئەم هەوڵانەمان بە فیڕۆ ناچێ؟ ئەو هەموو قسە و پێشنیار و شتە باشانەی کە لە پەرلەمان کراوە کاری پێ دەکرێ، بەڕاستی ئەوانە جێی نیگەرانی یە، ئێمە ئەگەر قسە لەسەر کەسی ئاژاوەگێڕ و کەسی ئەوانە بکەین کە لە ناو هەرێمی کوردستان دا خەڵك هەن بۆ ئەوەی کە خۆپیشاندان بکەن بارەگا بسووتێنن و شوێنی مەی خواردنەوە و دام و دەزگا و شوێنە گشتی یەکان بسووتێنن، بەڕاستی من پێموایە سووتاندنی ئەم شوێنانە یان پەلاماردانی بارەگا وەکو پێشتریش برادەرەکانم ئاماژەیان پێ کرد، من دەڵێم ئەوە جارێکی تر لە گەلتووری شاخ هاتۆتە ناومان، لە 91 تا ئێستا لە هەرێمی کوردستان جارێکی تر ئێمە وەکو سیستەمی حکومڕانی لە هەرێمی کوردستان دا نەمانتوانیوە پەرەوەردەیەکی

دروست، نەمانتوانیوە حکومڕانیەك کە بتوانین هەرێمی کوردستان یەك حکومەت بێ، دام و دەزگاکانی پەرلەمان فەعال بێ، سەرۆکایەتی هەرێم، هەڵبژارنەکانمان، هەموو ئەوانە بەڵگەن لەسەر ئەوەی کەم و کوڕی لە سیستەمی سیاسی ئەم هەرێمەدا هەیە، لەبەر ئەوەی تا ئەم کەم و کوڕیانە لە پەرلەمان و لە حکومەتیش و هەروەها لە سەرۆکایەتی هەرێمیش هەبێ، کە ئەو بڕیارانەی دەردەکرێ چارەسەر نەکرێ، من پێموایە ئەم دۆخە بەرەو چارەسەرکردن ناچێ، لە ئێستا خراپتر رووبەڕووی کۆمەڵێ رووداوی لەوە خراپتر دەبینەوە، یەکێك لەو باسانەی کە ئەمڕۆ ئێمە ئۆباڵ دەخەینە پاڵ ئەوەی کە ئێمە کەسی تێکدەر هەیە، بەڕێزان کە مەلایەك لە خوتبەیەکی جومعەدا ئەو مەلایە کەسێکی ئاسایی نیە و ئازاد بێت و لەسەر مینبەرێکەوە قسەی کردبێ، ئەو کەسە پیاوی حکومەتە، سەر بە وەزارەتی ئەوقافە، هەموو ئەو کەسانە ناتوانێت لە خۆیەوە کۆمەڵێ شت هەیە بیرووژێنێ و کۆمەڵێ ئاژاوە هەیە بیگێڕێ بۆ حکومەتی بنێتەوە، بەڕاستی ئێمە دەبێ هەڵوێستە لەسەر ئەو حاڵەتانە بکەین، ئێمە وەکو پەرلەمان تا ئێستا نەمانتوانیوە لە کۆی ئەو رووداوانەی کە لە هەرێمی کوردستان روویداوە وەزیرێك بانگ بکرێتە ئێرە و متمانەی لێ بسەنرێتەوە لەسەر ئەوەی کە نەیتوانیوە وەکو پێویست رووبەڕووی ئەم حاڵەتانە ببێتەوە کە روویداوە، هەر لە سلێمانی و هەر لە دهۆك و زاخۆ، بەڕاستی ئەو پەروەردە نادروستەیە کە لە 91 ەوە ئێمە لە نێوان ململانێیەکی سەختی دژ بە یەکداین، ئەو کلتوورەی کە دەڵێین لە شاخەوە بۆمان هاتووە، ئێمە ناڵێین پێشمەرگایەتی و خەبات و قوربانی دان، هەموومان پشکمان هەبوو، هەموومان کەس و کارمان و خۆمان شانازی پێوە دەکەین، ئێمە باس لەو کلتوورە دەکەین لە یەکتر سڕینەوە لە شاخەوە هێناومانەتە ناو شار، کە یەکتر قبوڵ ناکەین، تۆ چی لایەنێکی سیاسیت؟ تۆ چی مەبدەئێکت هەیە؟ تۆ چی ئایدۆلۆجیایەکت هەیە؟ ئێمە هێشتا لە سیستەمێکی دیموکراسی ڕاستەقینە ڕانەهاتووین و پەروەردە نەکراوین، لەبەر ئەوە پەروەردەکەمان تا ئێستا لە سیستەمێکدایە ناعەدالەتی هەیە، یاسا سەروەر نیە، ئەوانە هۆکارن بۆ ئەوەی هەتا ئەم حاڵەتانە چارەسەر نەکرێ، سیستەمی حکومڕانی گۆڕانکاری بەسەر نەیێ، سیستەمێکی عادل نەبێ، مافی هاوڵاتیان و ئازادی نەپارێزرێ، من پێموایە قەت ناتوانرێ سەدان کۆبوونەوەی تر و جەلسەی تر و لێژنەی تری وا دروست بکرێ بتوانن لەم هەرێمەدا جارێکی تر ئێمە ئەو حاڵەتە دروست بکەینەوە، بەڕاستی ئەوەی کە لە زاخۆ روویداوە بەرامبەر بە ئێمە دەڵێین ئەوەی کە کراوە بەرامبەر بە ئاینزاکان، ئاینی مەسیحی و یەزیدی و ئەوە، بەڕێزان ئێمە ئەم حاڵەتە لە 91 ەوە درێژە پێدەری ئەو عەقلییەتەیە کە هێناومانە لەگەڵ خۆمان دا، لە کۆنەوە کاری پێ دەکەین، دژایەتی یەکتری پێ دەکەین، نەك لە رووی دینی یەوە ئێمە دژایەتی مەزهەبەکان و یەزدی و مەسیحی و ئاینی، گەیشتۆتە ئەو قۆناغە ئێمە دەبێ ئەوەمان لەبیر بێ کە ئەوە لە ململانێیەکی سیاسی سەختەوە سەری گرتووە بۆ ئەوەی کە هاتۆتە سەر ئەوەی کە ململانێی ئاینزاکانیش دروست بکەین لە پێناوی مانەوەی خۆمان و دەسەڵاتی خۆمان لە هەرێمی کوردستان دا، بەڕاستی ئەم حاڵەتە من دەگەڕێمەوە بۆ ئەوەی کە لە پێناو مانەوەی دەسەڵاتی سیاسی دایە هیچی تر نیە، بۆیە ئەم حاڵەتانە دروست دەبێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار پەیمان عزالدین.

**بەڕێز پەیمان عزالدین عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێم باشە سەرەتا بەر لەوەی بچمە ناو ئەو ئەحداسانە و جیاوازی لە نێوان دوو حاڵەت دا بكەم كە مەفرووزە كۆی پەرلەمان بە ئەندامانی پەرلەمان وەكو دامەزراوێكی تەشریعی جیاوازی لە نێوان دوو حاڵەت دا بكات، ئەویش یەكەم ئەو بارودۆخەی كە ئێستا لە زاخۆ و دەوروبەری ڕوویداوە، حاڵەتێكی تر ئەو پێشینە سیاسی یەی كە لە دوای ڕوودانی ئەو دۆخەوەیە، بە نیسبەت حاڵەتی یەكەمەوە كە ئەو بارودۆخەیە كە ئێستا با بڵێین لە زاخۆ و دەوروبەری ڕوویداوە، دەكرێ لە چوارچێوەی ئەم ڕاپۆرتەی كە ئامادە كراوە ئێمە قسەی لەسەر بكەین، یاخود تێڕوانینمان بۆی بخەینە ڕوو، ئەم ڕاپۆرتە من پێم خۆشە تەواوی ئەندامانی پەرلەمان لەوە ئاگادار بن كە حەق نییە چاوەڕێی شتێكی زیاتری لێ بكرێ، لەوەی كە لایەنی بابڵێین تاوانكار دەستنیشان بكات، یان لایەنی بێ تاوان دەستنیشان بكات، چونكە وەكو جەنابیشت ئیشارەتت پێدا، ئەوە زیاتر هەوڵێكە بۆ سەردێكی ئەو ڕووداوانەی كە ڕوویداوە، واتا گێرانەوەیە، لەبەر ئەوەی لە ئەساس دا لێژنەكە دەسەڵاتی گوێ گرتنی هەبووە، دەسەڵاتی لێكۆڵینەوەی نەبووە، من بۆ خۆم كە ئەندامی لێژنەی مافی مرۆڤم لە كۆبوونەوە لە كۆبوونەوە هاوبەشەكە بە لەوەی كە لێژنەیەك پێك بهێنرێ بۆ سەردانی ناوچەكە، پێشنیاری ئەوەم كرد كە هەر دوو سەرۆكی لێژنەی ناوخۆ و لێژنەی مافی مرۆڤ داوا لە سەرۆكایەتی پەرلەمان بكەن كە ئەم دانیشتنە تایبەت بێ، ئەم دانیشتنە نائاسایی یە تایبەت بێ بەوەی كە ئەو لێژنەیەی پێك دەهێنرێ بە پێی ماددەی 48 لێژنەی لێ توێژینەوە بێ، ئەندامانی پەرلەمان دەنگی پێ بدەن بۆ ئەوەی نەكەوینە بەردەمی ئەوەی كە ڕاپۆرتێكی حیكایەت خوانی بخەینە بەردەمی ئەندامانی پەرلەمان، بۆیە ئەو ڕاپۆرتە ئیشەكەی ئەوەیە و ئەندامانی پەرلەمان نەیانتوانیوە نەك كەم تەرخەم بوون، نەیانتوانیوە ئەوەی كە چوونەتە ئەوێ لەو چوارچێوەیە زیاتر هیچ كارێكی تر بكەن، قسە لەسەر ئەوە دەكرێ كە مەفرووزە ئێمە هەدەفمان لەم ڕاپۆرتە كۆنترۆڵ كردنی ئەم بارودۆخە بێت، بەڵام پرسیارەكە لەوەدایە ئایا كۆنترۆڵ كردن بەم شێوەیە دەكرێ؟ كۆنترۆڵ بەوە دەكرێ كە لێژنەیەكی گوێگر بنێریتە ناوچەیەك كە بە تەنیا دەسەڵاتیان سەردی مەعلوماتەكان بێت و بیهێننەوە، بە دڵنیایی كۆنترۆڵ بەوە ناكرێ، كۆنترۆڵ كردنیش بە سەیركردنێكی سەرپێیانەی پەرلەمان نابێت بۆ بارودۆخەكە، ئەوەی كە ئێستا بە ئانی لە زاخۆ چی ڕوویداوە؟ لە سێمێل چی ڕوویداوە؟ لە دەوروبەری چی ڕوویداوە؟ كۆنترۆلی ئێستاش بكەین، چونكە من پێموایە، بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان، بەم جۆرە مامەڵە كردن لەگەڵ دۆخەكەدا كە ئیشی پەرلەمان لە 17ی شوبات لە سلێمانی ڕوو دەدات، ئێستا لە زاخۆ ڕوودەدات، دوو ڕۆژی تر ئەگەری هەیە لە شوێنێكی تر ڕووبدات بارودۆخێكی لەو جۆرە، ناردنی لێژنیەكی گوێگر بۆ ئەو ناوچانە، من پێموابێ بەر لەوەی كە زەرەر بە دۆخەكە دەگەیەنێ، ناتوانێ ئێمەی ئەندامانی پەرلەمان بخاتە بەردەمی حاڵەتێكی

واقیعی کە قەراری لەسەر بدەین، جگە لەوە لە هەیبەت و لە دەسەڵاتی پەرلەمان کەم دەکاتەوە، کە پەرلەمان لە دامەزراوەیەکی تەشریعییەوە لەگەڵ رێزی زۆرم بۆ پۆلیسی فریاکەوتن و ئاگر کوژێنەوە، بەڵام دەیکات بە دامەزراوەیەکی فریاکەوتن و ئاگر کوژێنەوە، کە ئیشی ئەوە بێ بە پەلە بگاتە جێگاکان و بزانێ چی ڕوویداوە، کە ئەوە زۆر دوورە لە مەهام و ئەرکی پەرلەمانی، من خوازیارم بۆ ئەو جارە ئەوە نەکرا، بەڵام هیوادارم حاڵەتی وا ڕوونەداتەوە، بەڵام پەرلەمان لەم حاڵەتانەدا خۆی بەدوور بگرێ لەوەی کە پەرلەمان بکاتە 104 و 115 بە پەلە فریای حەدەسەکان بکەوێ، چونکە ئیشی پەرلەمان ئیشێکی ستراتیجی یە، لە دەرەوەی دارِشتنی نەخشەی سیاسی یە لە هەرێمەکەدا، جگە لەوە ئەگەر من قسە هەر لەسەر دۆخەکە بکەم کە حاڵەتی یەکەمە، باسی ئەوە بکەی ئەگەر سەیر بکەین یەکێك لە قایمقامی ناوچەکان کە قایقامی سیمێلە، باس لەوە دەکات باسی حەدەسەکان دەکات کە سەرەتا ئەوانەی هاتوونەتە ناوچەکە حەوت بوون دوای ئەو ڕژانە تەبعەن وەکو ئەوەی ناو ڕاپۆرتەکە نیە، بۆ نزیك خستنەوەیە، حەوت بوون، بوون بە حەفتا، دوایی بوون بە حەوت سەد، دوایی بوون بە حەوت هەزار، ئەم گێڕانەوەیە یان ئەم قسەیەی قایمقامی سێمێل زیاتر لە چیرۆکێکی ئەفسانەیی دەچێ، کە کۆمەڵێ خەڵك دانیشتوون چاوەڕێی قەرەباڵغی خەڵکەکانیان کردووە، لە کاتێك دا کە دەست وەستان بەرامبەری وەستاوە، بۆ حەوتەکە ببێ بە حەفتا؟ بۆ حەفتاکە ببێ بە حەوت سەد؟ بۆ حەوت سەدەکە ببێ بە حەوت هەزار؟ ئەم هەر ئیجرائاتی نەکرد، کە ئەوە بە دیوێکی تریدا ڕەنگە وانەبووبێ بەڵام بەدیوێکی تریدا ئەگەری ئەوەی هەیە ئێمەی پەرلەمانتاران خوێندنەوەمان بۆی ئەوە بێت کە ئەوە جۆرێك لە تەماشا کردنە، جۆرێك لەوەیە کە دەسەڵات لەو ناوچەیەدا، دەسەڵاتی ئیداری لەو ناوچەیەدا دەسەڵاتێکی تەماشاکەر بوون، بە قەدەر ئەوەی کە دەسەڵاتێکی بەرپرس بن لەوەی کە نەهێڵن ڕووداوەکان ڕووبدات، کە ئەوەش من پێم خۆش نیە تەحلیلی خراپی بۆ بکەم و زەننی خراپم هەبێ، بەڵام مەجالی زۆر زەن و گومانی خراپی هەیە کە بکرێت لەسەر ئەو ڕەفتارەی کە دەسەڵاتدارانی ئیداری ناوچەکە کردوویانە، حاڵەتی دووەم پێم باشە قسەی لەسەر بکەین، ئەو پێشینە سیاسییە کە لە دوای ئەو بارودۆخەوە، ڕەنگە لە دوای بارودۆخی زۆر بێ کە لە داهاتوودا دەبێت، وەکو جەنابی سەرۆکی پەرلەمان پێشبینی کرد کە ڕەنگە لە جومعەی داهاتووش دا شتێکی لەو جۆرە دروست ببێتەوە، ئەم پێشینەیە گرنگە پەرلەمان قسە لەسەر ئەوە بکات، کە فیعلەن پێشینەیەك هەیە، ئەم پێشینە سیاسییە ناتەبایە وای کردووە کە خەتەر دروست بێ، ئەوەی کە مەترسی یە لە هەرێمی کوردستان دا بە بڕوای من نەبوونی پێکەوە ژیانی نەتەوەیی و ئاینی نیە، لێك تێنەگەیشتنی سیاسی هەیە، بارودۆخێکی ناسەقامگیری سیاسی هەیە، کە هەموو ئەو ڕووداوانە دروست دەکات، و بۆتە پێشینەیەکی سیاسی بە قوەت بۆ دروستبوونی هەر ڕووداوێکی نەخوازراو، یەکێك لە ئاماژەکان کە ئەو خەتەرە بە فیعلی وجودی هەیە، ئەو گۆڕینی ئاراستەی ڕووداوانەیە کە ئێستا هەیە لە هەرێمی کوردستان دا، ڕووداوێك ڕوویداوە لە زاخۆدا، پێشتریش لە سلێمانی و دەوروبەری دا ڕوویداوە، ئێستاش لە زاخۆ ڕوویداوە، لە بری ئەوەی ئێمە بێین خوێندنەوەیەکی واقیعی بۆ بکەین لەوەی کە چ پێشینەیەکی لە

پێشەوەیە، چ تێنوویەتیەك هەیە، چ كەبت كردنێك هەیە، لەبری ئەوەی كە ئێمە بڵێین خەتەری نەبوونی ئازادی و ئیعتیراف بەوە بكەین خەتەری نەبوونی دیموكراسیەت هەیە، ئەم دوو خەتەرە وا دەكات ڕێگە خۆش بكات بۆ هەر تەقینەوەیەك، بۆ هەر ئاشوبێك، دێین بە سیاسەتێكی تەقلیدیانە كە من پێموایە زۆر زوو لە روسیای كۆن و لەوانەدا پەیڕەو كراوە، گۆڕینی ئاراستەكەیە بۆ وروژاندنی سۆزی خەڵكی، ئێمە شتێك كە لەم هەرێمەدا شانازی پێوە دەكەین پێكەوە ژیانی نەتەوەیی و ئاینی یە لە هەرێمی كوردستان دا، دێین لەو وەتەرە حەساسە دەدەین، ئاراستەی ڕووداوەكە بەو لایەنە دەبەین بۆ ئەوەی ئەو ئیحساسەمان، ئەو با بڵێین وروژانی عاتیفەمان وا بكات ئەصلی ڕووداوەكەمان لەبیر بچێتەوە، ئەصلی ئەوەمان لەبیر بچێتەوە كە لە بادینان بێت، یاخود لە سۆران بێت، یاخود لە شارباژێر و سلێمانی و دەوروبەری بێت، كاتێك كە خەڵك هەڵدەستێت ئەوە ناڕەزایەتی خەڵكە كە پەنگی خواردۆتەوە، لەگەڵ هەموو ئەوانەش دا كە حاڵەتێكی واقیعیە ناكرێ ئێمەش تەصەورێكی ئەوەندە خەیاڵاویمان هەبێ، چونكە دەوڵەتداری بەو شێوەیە ناكرێ، تەصەورێكی ئەوەندە خەیاڵاویمان هەبێ كە تەحریز نیە لەم وڵاتەدا، بیروڕا جیاوازەكان ئیش ناكەن بۆ ئەوەی زەمینە لەباركەن بۆ بردنە پێشەوەی بیروڕای خۆمان، بە نموونە زۆر قسە لەسەر مامۆستایانی ئاینی كرا، من ناكرێ تەوەقوع لە مامۆستایەكی ئاینی بكەم وەكو من بیر بكاتەوە و بە خەڵك نەڵێ مەی خواردنەوە حەرامە، یاخود بە خەڵك نەڵێ لەش فرۆشی حەرامە، ئەوە تەصەورێكی خەیاڵییە من پێموابێ ئەبێ ئەو مامۆستا ئاینی یە ئەوەندە نەتەوەیی بێ قسە لەسەر هیچ لە سەوابیتەكان و تەغیراتەكانی ئاینەكەی نەكات، ئەو پیاوی ئاینی یە و دیفاع لە بیرو باوەڕەكانی خۆی دەكات، بەڵام ئەركی دەوڵەتە لە كاتێك دا كە ئەو دیفاع كردنە دەگۆڕێ بۆ تەحریز، با بڵێین هەتا ئەو دەیەوێ لە چوارچێوەیەكی ڕێكخراوەدایە، یان ڕێك نەخراوە نیە، دەیەوێ هەرێمەكە بەرەو بابڵێین كۆمارێكی ئیسلامی، یاخود تەوەجوهێكی ئیسلامی ببا، ئیشی دەوڵەتە لەسەری ڕابوەستێ كە ئەو دەیەوێ بەو ئاراستەیە بڕوات، بەو ئاراستەیە نەڕوات، ئیشی دەوڵەتە ڕێ بەو تەحریزانە بگرێ كە تەحریزێكی ڕێكخراوە یان ڕێكنەخراوە كە وجودی هەیە، بۆیە من لەبوونی ئەو حەقیقەتانەوە پێداگری یاخود داوای دوو شت دەكەم، یەكەمیان/ زۆر گرنگە ئێمە پەرلەمان لەسەر حەقیقەتێك ڕابوەستین كە یەكێك لەوەی كە خەریكە دەبێتە نەریتێكی سیاسی زۆر نەخوازراو، حەق كردنەوەیە، تۆڵە سەندنەوەیە بە سووتاندنی بارەگاكان، بە سووتاندنی شوێنەكان، ئەم تۆڵە كردنەوەیە دوورە لە نەریتی سیاسی، دەكرێ ئێمە لێرەدا قسە لەسەر ئەوە بكەین، لە سووتاندنی شوێنەكان دا دوو مەعیار هەیە كە دەبێ ئیشی لەسەر بكرێ، یان مەعیارێكی موئەسەساتی یە كە ئێمە پێمانوایە هەرێمەكەمان هەرێمێكە بەرەو موئەسەساتی دەڕوات، مەعیارمان ئەوە بێ كە حكومەت و دەسەڵاتی ئیداری بەرپرسە بە هەر هۆیەكەوە بێ، هەر شتێك ڕێگر بووبێ لەوەی ئەو بەرپرسیارێتی یە بێنێتە جێ، بە پێی قانون بەرپرسە لە هەموو ئەو ئاشووبانەی كە دەنرێتەوە، لە هەموو ئەو نەتیجە نەخوازراوانەی كە ڕوودەدات، دەسەڵاتی ئیداری لە هەر جێگەیەك دا بێ بەرپرسە لە سووتاندنی بارەگاكان، بارەگای هەر كەسێ بێ، بەرپرسە لە سووتاندنی شوێنی مەی فرۆشتن و

شوێنی مەساجەکان و هەموو جێگاکانی تر، ئەگەر ئەم مەعیارە وەربگرین دەبێ پەرلەمانی کوردستان بە نەترسی و بە بوێری ئیعتیراف بکات بەوەی کە دەسەڵاتی ئیداری لە زاخۆ و ناوچەکە کەمتەرخەم بوون، کەم تەرخەمی ئەوان پاساویان هەرچییەك بێ، کەمتەرخەمی ئەوان ئەو نەتیجەیەی دروست کردووە، ئەوەش ببێتە هۆکارێك بۆ لە جێی وەزیری ئەوقاف حەفتەی داهاتوو وەزیری ناوخۆ بانگ بکرێ بۆ موسائەلە لەو کەمتەرخەمییەی کە کردوویەتی، ئەگەر مەعیارێکی تریش ئێمە ئێستا پێمان ناکرێ، بارودۆخە سیاسییەکە هی ئەوە نیە، هەرێمەکەشمان هی ئەوە نیە معیاری قانونی و ئیداری و موئەسەساتی بگرینە بەر، ئەگەر معیاری تەنانەت عەشایریش بگرینە بەر، لە دێیەك دا کە حاڵەتێکی خراپ دەبێ کوێخای ئەو دێیە، ئاغای ئەو دێیە بەرپرسە لەوەی کە ڕوویداوە، خۆشی بە بەرپرس دەزانێ، لەم ڕوانگەشەیەوە ئاغای ناوچەکان پارتە دەسەڵاتدارەکانن، ئەو دەسەڵاتەیە کە حوکمی تیا دەکات، بەو معیارەش دیسانەوە بەرپرسیارێتی دەکەوێتە ئەستۆیان، مەفرووزە پەرلەمان لێپرسینەوەی هەبێ لە دەسەڵاتدارانی ئەو ناوچانەی کە ڕوودەدا، ئەوەی تر کە من دەمەوێ قسەی لەسەر بکەم، دوا قسەم، پرسیارێکە ئێمە وەکو هاوڕێم عەزیە خانیش باسی کرد، ئێمە ئەوانە بەو بڕیارانەش دەرچین، پرسیارەکە کە ئەوە بۆ سەرۆکایەتی یە زیاتر، ئەو بڕیارە بە کوێ دەگات؟ چونکە ئێمە دوو نموونەمان لەبەرچاودایە، دوو بڕیار، بڕیارێکیان بڕیاری ژمارە (1)، کە هەتا ئێستا جێبەجێ نەبووە، هیچ کامێکیشمان ڕەنگە بوترێ لێژنە پەیوەندیدارەکان، بەڵام ئەگەر لێژنە تایبەتمەندەکان بەم شێوە لێژنەیەی کە سەرۆکایەتی پێکی هێناوە، تەنیا لێژنەی گوێگر بن، ناتوانێت لێپرسینەوە لەوە بکات کە ئەو یاسایە جێبەجێ نەبووە، ئەگەر وەکو ئەوە بێ، چی؟ ئێمە لەبەرامبەر چیداین؟ نموونەیەکی تر کە لەبەر چاومانە، بڕیاری ژمارە (2)وە کە هەر لەم پەرلەمانە دەرچوو، بەڵام ئێستا دەکرێ وەکو خەو حیسابی بۆ بکەین، چونکە ئەو بڕیارە لە پەرلەمان دا نەگەیشتە وەقائیع، لە کاتێك دا کە قسەمان لەسەر کرد، کە دەرچوو، کە دەکرێ حیسابی خەوی بۆ بکەین، ئەی ئەگەر ئەوەش وەکو ئەوە بوو کە ئێمە لەم جەلسەیە لە خەوێك دا بینیبمان ئەم بڕیارەمان دەرکردبێ، بۆیە پرسیارەکە بەڕاستی ئەوەیە، ئەنجامی ئەم بەدواداچوونانەمان، ئەنجامی ئەم قسە و باسانەمان، ئەو بڕیارانەی کە دوایی پێی دەردەچین بە کوێ دەگات؟ کە ئەوە بەڕاستی گرنگە، حەز دەکەم ئەخیر مولاحەزەم لەبەر ئەوەی لەبەردەممانداییە لەسەر ئەو لێژنەیە لەگەڵ دەستخۆشیم، بەبایەخەوە سەیری ئەو لێژنەیە دەکەم، ئەو لێژنەی لێکۆڵینەوەیەی کە لەلایەن سەرۆکی هەرێمەوە پێك هێنراوە، بەڵام بەڕاستی ئەوەش گلەییەکە، یان ڕەخنەیەکە کە من ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی دەکەم، نەدەبوایە ئەندامی پەرلەمان ئەندام بێت لە ناو ئەو لێژنەیە، چونکە دەسەڵاتی تەشریعی دەسەڵاتێکە، دەسەڵاتی جێبەجێ کردن دەسەڵاتێکی ترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بە حەقیقەت، یەکەم/ ئەو لێژنەیەی پەرلەمان ئەوەلەن بۆ مەعلوماتی جەنابت و گشت ئەندامانی پەرلەمان، دەزگای تەنفیزی نیە هەر حاڵەتێکی ڕوویدا، پەرلەمان ڕابکا بچێتە ئەوێ، ئەوە لە

دەوڵەتەکانی دونیا کە تەجاروبیان هەیە ئەوە بەریتانیا، موزاهەرات بوو بە سەدان کەس، بە هەزاران کەس، خەڵك کەوتە جاددە، خەڵك گیرا، لێدرا، پەرلەمان نە جەلسەی کرد، سیقەی بە حکومەتکەیەتی، حکومەتەکەی بەو کارە هەڵدەستێت، ئەگەر حکومەتەکەی، وەزارەتەکەی لەو بابەتە کەمتەرخەمی هەبوو، لیجانتان هەیە، لیجانی پەیوەندیدار هەیە، دەتوانێ بانگی بکاتە لێژنەکە، هیچ مەعلوماتێك لەبەر دەستتان نیە، بەدواچوون نەکراوە جەلسەی بۆ بکەین، تەحقیق بکەین، ئەوە فائیدەی نیە، بەڕێز پێویستە ئێوە وەك لیجانی پەرلەمانی، ئەندامی پەرلەمان لە مەنتیقەکە هەن، نووسینگە هەیە، خۆتان ئازادن بچنە مەنتیقە، ئیفادتان بوێ بۆتان دەکرێ، دوو لێژنەی موعتەبەری ناو پەرلەمان ناردراوە مەنتیقەکە، وەزعەکەیان بینیوە، ڕاپۆرتی خۆیان هێناوە، تەحویلی سەرۆکایەتی هەرێم و حکومەتی هەرێمی کوردستانی دەکەن، ئەنجومەنی وەزیران کە ئەو نەتیجەیەی کە لێرە دەردەچێ جێبەجێی بکەین، واجیبی ئێوەیە یەك یەك موتابەعەی بکەن، بەدواداچوونی بۆ بکەن، بزانن کامەی جێبەجێ دەبێ، کامەی جێبەجێ نابێ، باسی وەقائیعی دوو بڕیارەکەت کرد، بڕیار دائیمەن باس دەکرێتەوە، بڕیاری ژمارە (2) بە نیسبەت کێشەکانی 17-2 لێرە وەرگیرا، بەڵام لە تەسەلسولی بڕیارەکان ژمارە (4)ی وەرگرتووە، بەڵام ناچێ سەد جار پێتانمان وتووە، بۆتانمان نووسیوە، ڕوونکردنەوەمان دەرکردووە، بەڵام هەر دەگەڕێنەوە سەر بڕیارەکەی ژمارە (2)، بە حەقیقەت نووسیومانە و بۆتانیشمان ناردووە، لە ئیعلامیش بڵاوکراوەتەوە، بۆشتان دەنێرمەوە دووبارە، ئەوە بە نیسبەت ئەو، بە نیسبەت برا مەسیحییەکان زوڵمیان لێ کراوە، ناتوانی ئینکاری ئەوە بکەی لەگەڵ برا ئێزێدییەکان بڵێی نەخێر خەتەرێك نەبووە لەسەریان، خەتەر هەبووە لەسەریان، ڕێزدار سەرۆکی هەرێم نەچووبایە ئەوێ ئیحتیمال بوو ئێستا هیجرەتیان بکردایە بەرەو تورکیا، بەرەو سوریا، بەرەو شوێنێکی تر لەوێ بڕۆیشتنایە، بۆیە واجیبمانە، واجیبتانە وەك پەرلەمان حیمایەیان بکەین و دەبێ زرووفەکە بگەڕێتەوە شوێن خۆی، بە نیسبەت لێژنەی کە ڕێزدار سەرۆکایەتی هەرێم هەڵبژێردراوی میللەتی هەرێمی کوردستانە، لێژنەیەکی پێکهێناوە لە گشت پێکهاتەکان، نوێنەری پەرلەمانیش، هەم بۆ ئەوەی وەکو پەرلەمان بزانین لێژنەکە بە چ ئاستێك دەڕوات؟ چۆن کار دەکات؟ بۆچوونەکانی چۆنە؟ حەقی خۆشمانە دایبنێین لەوێ، هیچ موخالەفەی قانونیش نیە، بە نیسبەت ئیشی ڕۆژانەی پەرلەمانیش بە قانون دەستنیشان کراوە، تۆ ناکرێ لە هەر زاویەیەك حادیسەیەك ببێ لێژنەیەك ببەیت و بچی تەحقیق بکەی، حاکمت هەیە، وەزارەتت هەیە، ئەنجومەنی وەزیرانت هەیە، ئیدیعای عامت هەیە، لیجانی پەرلەمانیت هەیە، لە سنووری خۆت ئیش دەکەی، ئەگەر شتێك زۆر زۆر زەروور بوو، گرنگ بوو، کە زانیت حکومەت چارەسەری ناکات، دوای محاوەلاتی قەزا ئەگەر نەکرا، ئەوجا لێژنەی بۆ پێك دێنێ و دەچێ حەقیقەتەکەی دەردەکات، دوای ئەوەی کۆمەڵێ مەعلومات لەبەر دەستت بێ، کە مەعلوماتت لەبەر دەست نەبوو، هەر بیهێنین لێرە لێژنەی بۆ دابنێین و بڕیاری لێ بدەین، ئەوە یەك، دوو/ کە تۆ لێژنەیەکی پەرلەمانی پێك دێنی بە دەنگدان پێك دێت، ئەندامانی پەرلەمان لێرە ئەم لێژنەیە بەم شکلە پێك دێت، دەنگی هێنا دەبێتە لێژنە، دەنگی نەهێنا نابێتە لێژنە، لەگەڵ ڕوودانی حادیسەکە ئێمە زۆر بە زەروورمان زانی، بە هەندیشمان وەرگرت و موتەئەسیریش بووین، بەدواچوونی بۆ بکەین و ئەو بەڕێزانەش کە زەمیلی ئێوەن، ئەندامی پەرلەمانن لە گشت

فراكسيۆنەكانی تيايە، بە ئەركی خۆيان هەڵسان، شەو تاكو دوازدەی شەو نەخەوتوونە و لە دوای ئيشن، لە باتی دەست خۆشی كردن لێيان محاوەلە بكەين بڵێين وەللا كارەكەيان هيچ نيە، ئينجا ڕجائەن ئەو ڕاپۆرتەی كە هەيە موناقەشەی بكەن بۆ ئەوەی دەوڵەمەندتر بكرێ، ئێستاش نەسرين جەمال، كەرەمكە.

**بەڕێز نەسرين جمال مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ديارە ئەم دانيشتنە نائاساييەی ئێمە لەسەر مەسەلەيەكی زۆر گرنگ و گەورەيە كە لە سنووری بادينان دا ڕوويداوە، ئەويش دووبارە بوونەوەی سووتانی بنكە و بارەگا حيزبييەكانە، زائيدەن سووتانی دوكانی مەی فرۆشان و كۆمەڵێ شتی تر، كە ئەوە خۆی لە خۆيدا تەنها سووتانی بنكە و بارەگا، ياخود چەند دوكانێك نيە، بەڵكو ئەوە خۆی لە سووتانی ئازادی گشتی و سووتانی ئازادی سياسی دا دەبينێتەوە، كە ئەوە بووە بە دياردەيەك بەداخەوە لەم هەرێمی كوردستاندا كە بەتايبەتی ئەم جارە لە ڕووی سياسی، لە ڕووی ئابووری، لە ڕووی كۆمەڵايەتی، لەڕووی نەتەوايەتی، لە ڕووی گەشت و گوزاری، لە ڕووی ئەمنی هەرێمەكەمان دا كاريگەرييەكی زۆر خراپی هەيە لەسەر ئەم هەرێمی كوردستانە، ديارە من سوپاسم بۆ لێژنەی مافی مرۆڤ و لێژنەی ناوخۆ هەيە، كە هەم بۆ سەردانيان بۆ سنووری بادينان، هەم بەردەوام بوونيان لە پەرلەمانی كوردستان دا كە كۆبوونەوەكانيان بەردەوامە، ماندووبوون، بەڵام ئەگەر بێت و سەر لەبەری ئەم ڕاپۆرتەی ئەوان بخوێنينەوە كۆمەڵێ شتی تيا دەبينين، كۆمەڵێ خەلەلی تيا دەبينين، سەر لە كوێ لە سەرەتاوە بە برگەو خاڵەكانيەوە ئەگەر بيگری، پێويست بەوە دەكات دەستبەجێ ئەو لێژنەی تەحقيقی كە هەيە لێكۆڵينەوە بكات لەسەرجەم ئەو شتانەی كە ڕوويداوە، چونكە ئەم ڕاپۆرتە كۆمەڵێ خەڵك، كۆمەڵێ دام و دەزگا دەخاتە بەردەمی لێكۆڵينەوە و بەردەمی بەرپرسيارێتی يەوە، لە وەزيری ناوخۆوە و، سەرۆكی دەزگای ئاسايشی هەرێم، بۆ پارێزگاری هەولێر، بۆ بەڕێوەبەرە گشتی يەكانی هەولێر، تاوەكو پۆليسێ لە سنووری هەولێردا هەبێ، من نازانم بەلامەوە سەيرە، دەمەوێ ئەو پرسيارە بكەم، پارێزگايەكی گەورە و گرانی وەكو دهۆك چۆن دەبێت ئەوەندە ئاسايشەكی كەم بێت، ياخود ئەوەندە پۆليسی كەم بێت، بەڕاستی وەكو ئەوەی لە زاخۆدا باسی ئەوە دەكەن بۆ شەست پۆليس هەبووە؟ ئايا زاخۆ كە سنووری يە وەكو هاوكارانم باسيان كرد، قەزايەكی فراوانە، قەزايەكی دێرينە، بە شەست پۆليس حيمايە دەكرێ؟ ئەوانە هەر هەمووی دەكرێ تەحقيقی وردتری تيا بكرێ، من لێرەوە پرسيارێك دەكەم بەڕاستی، كە دەڵێن پۆليس نەبووە زاخۆ بپارێزێ، دام و دەزگاكان بپارێزێ، ياخود برادەرانی مەسيحی و يەزيديەكان بپارێزێ، لەبەر ئەوەی ئەم ژمارە كەمە چارەسەری پێ نەكراوە، كۆنترۆڵی پێ نەكراوە، من لێرە پرسيارێك دەكەم، لە سلێمانی كارەساتێك ڕوويدا، لە ماوەيەكی زۆر كەم دا هەموو دام و دەزگاكان، وەزارەتی ناوخۆ، خستنيە ئينزارەوە و هێزی پێشمەرگەی بۆ نارد، پۆليسی بۆ نارد، هێزی زێرەڤانيش لە ماوەيەكی زۆر كەم دا گەيشتە سنووری سلێمانی بۆ پاراستنی سلێمانی كە وتيان دام و دەزگا ئەمنييەكانی شاری سلێمانی نەيانتوانيوە بارەگای لقی چوار بپارێزن، ئايا لە ناو پارێزگای دهۆك دا كە پارتی ديموكراتی كوردستان خۆی حوكمڕانی دەكات، خۆی دەسەڵاتدارە، بۆ نەيتوانی؟ كە زانی هێزەكەی كەمە و پێی ناپارێزرێ بۆ

وەزیری ناوخۆ کە هێزی زێرەڤانی سەر بە وەزارەتی ناوخۆیە بۆ نەینارد بۆ پاراستنی سەر وماڵی خەڵکی؟ خاڵێکی تر کە دەمەوێ ئاماژەی پێ بدەم/ مەسەلەی دروست نەبوونی پۆلیسی چالاکی یە مەدەنییەکانە، حەقە پرسیار لە وەزیری ناوخۆ بکرێ کە ئەم یاسایە یاسای خۆپیشاندان کە دەبێ پۆلیسی چالاکی یە مەدەنییەکان ئاگاداری ئەو خۆپیشاندانە بێت، بۆ لە سنووری سلێمانی دا هەیە؟ لە سنووری گەرمیان دا هەیە؟ بۆ تا ئێستا لە سنووری پارێزگای دهۆك دا ئەو هێزە دروست نەکراوە، کە بەڕاستی ئەوە وات لێ دەکات ئەو یاسایانەی کە لە پەرلەمانی کوردستانەوە دەردەچێ بە داخەوە زۆرینەیان حکومەت جێبەجێی ناکات، یەعنی ئەوە خاڵێکی ترە کە دەبێت پرسیار لە وەزیری ناوخۆ بکرێ بۆ دروست نەبوونی ئەو هێزی چالاکیە مەدەنییانە، خاڵێکی تر کە دەمەوێ ئاماژەی پێ بدەم سەبارەت بە قایمقامی زاخۆیە، نازانم قایمقامی زاخۆ کە دەڵێت/ کۆنترۆڵی وەزعەکەمان کردووە، کام کۆنترۆڵی وەزعیان کردووە؟ کە بارەگا سووتابێ، مەساج سووتابێ، دوکانی مەی فرۆشان سووتابێ، برا مەسیحییەکان و برا یەزیدییەکان لە خەتەردا بن، لە گوندێکدا وەکو خۆی باسی دەکات، کۆگایەکی تیایە 300 هەزار دۆلار و 40 ملیۆن دینار دزرابێت، ئایا کۆنترۆڵەکەی لە کوێ دا هەیە؟ ئایا نەیاندەتوانی ئەو کۆگایەی کە هەیە و باسی ئەوە دەکەن 300 هەزار دۆلاری تیابووە، نەیدەتوانی بە حیمایەکانی خۆی، یان بە خاوەنی کۆگاکە ئەوە بپارێزرێ، کۆنترۆڵ کردنی دەبێ لە کوێ دا بێت؟ دیارە خاڵێکی تر هەیە لەم ڕاپۆرتە کە باسی ئەوە دەکات تاوانباران بدرێنە دادگا، من لێرەوە دەڵێم ئەگەر تاوانباران دەدرێن بە دادگا، ئەگەر وەکو ئەو 2600 تاوانبارەی کە فەرمانی گرتنیان هەیە، ئەگەر وەکو ئەو تاوانبارانەی 17ی شوبات کە تاوەکو ئێستا نەگیراون و دەدرێن بە دادگا، وەڵڵاهی لێرە ئەوە داوا دەکەم کە نەیدەن بە دادگا، چونکە 2600 کەس کە تاوەکو ئێستا ئەمر قەبزیان هەیە و کەس نەگیراوە، تاوانبارانی 17ی شوبات نەگیراون، من داواکارم کە لێرەوە دەست پێ بکەن بە گرتنی ئەو تاوانبارانەی کە دەستیان هەیە لەم کارەساتانە، خاڵێکی تر کە لەم ڕاپۆرتە هەیە، دیارە باسی قەرەبوو کردنەوە دەکرێت، کە قەرەبوو بکرێتەوە، بەڵام حکومەت قەرەبوو بکاتەوە، بەرێزینە، من لێرەوە دەڵێم ئەو پارەیەی کە حکومەت هەیەتی، ئەو بودجەیەی کە حکومەت هەیەتی ماڵی گشتی یە، ماڵی خەڵکە، ماڵی هاووڵاتییانە، ماڵی هیچ حیزبێك نیە، بۆیە دەکرێت ئەو قەرەبووە لەدوای تەحقیق، لە دوای لێکۆڵینەوە دەرکەوت کێ بەرپرسیار بووە، دەرکەوت کێ دەستی هەبووە لەو تاوانە، دەرکەوت کێ ئەو ئاژاوەی گێڕاوە، دەبێت لایەنی بەرپرس ئەو قەرەبووە بکاتەوە، ئەوە ناکرێ، چونکە هەتاوەکو ئازادییەکان بەرتەسك بێتەوە، هەتاوەکو بە قەناعەتەوە قبوڵی ڕای جیاواز نەکرێ لەم هەرێمە، هەتاوەکو حیزب باڵا دەست بێ لەم هەرێمە، هەتاوەکو یاسا سەروەر نەبێ لەم هەرێمە، ئەم کارەساتی سووتان و وێران کردنە دووبارە دەبێتەوە، چ گەرەنتی هەیە بۆ ئەوەی کە دووبارە نەبێتەوە، سووتان دووبارە نەبێتەوە، بۆیە من لێرەوە دەڵێم، من داوا دەکەم کە لایەنی بەرپرس کە شکایەوە بەسەری دا، تەحقیق دەری خست، ئەو کەسە قەرەبوو بکاتەوە، ناکرێت، یەعنی ئەگەر بێت و گەرەنتییەك نەبێ بۆ دووبارە بوونەوەی ئەو سووتان و ماڵ وێرانی یە، بەڕاستی وای لێ دێت دەبێ ئێمە ساڵانە دانەنیشین، موناقەشەی بودجەی هەرێمی

کوردستان بکەین، دەبێ یەکسەر نیوەی بودجەکەی هەرێمی کوردستان دابنێین بۆ ئەو کارەساتانەی کە لە ساڵێك دا دوو جار، سێ جار سووتانی بنکە و بارەگاکان دووبارە دەبێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار شێروان حەیدەری، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من قسەکانم بەوە دەست پێ دەکەم و دەڵێم/ لە کاتێك دا سەرۆکی هەرێمی کوردستان ڕێزدار مەسعود بارزانی هەموو هەوڵەکانی چڕ کردۆتەوە بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو تەحەدییاتەی کە ڕووبەڕووی هەرێمی کوردستان بۆتەوە، چ لەسەر ئاستی عیراق و چ لەسەر ئاستی وڵاتانی دراوسێ، لە کاتێك دا کە هەوڵەکانی بەردەوامە بۆ ڕێکخستنی ماڵی کورد لە ناوەوە و لە دەرەوە، خەریکی بەستنی کۆنگرەیەکی نەتەوەیی یە بۆ ئایندەی کورد، لێرە و لەوێ دەبینین هەندێك ڕووداو ڕوودەدات، وەکو ڕووداوەکانی زاخۆ، بەڕێزان ڕووداوەکانی زاخۆ بووە جێگای نیگەرانی هەموو لایەك، چ بە نیسبەت پەلاماردانی شوێنە گشتییەکان، چ بە نیسبەت سووتاندنی بارەگا حیزبییەکان، کە ئەوە بووە مایەی ئیدانە کردن و مەحکوم کردنی چ لەلایەن سەرۆکایەتی هەرێمەوە، چ لەلایەن سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە، چ لە ڕێگای سەرۆکایەتی حکومەتەوە، بگرە بووە جێگای نیگەرانی لەلایەن سەرجەم چین و توێژەکانی ئەم میللەتە، منیش بەش بەحاڵی خۆم وەك ئەندامێکی پەرلەمان ئیدانە و مەحکوم کردنی ئەو کارە ناڕەوایانە دەکەم، بەڵام من وای دەبینم، ئاڵۆزکردنی باری ئەمنی لە هەرێمی کوردستان لەلایەن هەر کەس و لایەنێك قابیلی قبوڵ نییە، لە هەمان کات دا تێکدانی ئەو وەزعە بە هیچ شێوەیەك لە هیچ کەسێك قبوڵ نییە، جگە لەوەش، تێکدانی پرەنسیپی پێکەوە ژیان و تەساموحی دینی لە هیچ کەس و لە هیچ لایەنێك قابیلی قبول نییە، بەڵێ تێکدان شتێکی خراپە، سووتاندن شتێکی خراپە، بەڵام لەوە خراپتر تاوانبارکردنی بەرامبەرە، دوێنێ لە پەیامی بەڕێز ئەمینداری گشتی یەکگرتووی ئیسلامی تاوانباری پارتی دیموکراتی کوردستان دەکات و پەنجەی بۆ درێژ دەکات، ئەمڕۆش بەڕێز سەرۆکی فراکسیۆنی یەکگرتوو بە هەمان شێوە بەڵگە دەستنیشانی ئێمە دەدا، بۆیە.....

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕجائەن دانیشن، کەس وەزعەکە تێك نەدا، ئیتیهام نیە، باشە، ڕجائەن دانیشە، باشە، کاك شێروان ڕجائەن شتێك (موثوق) نیە، دۆکیومێنتێکی دەنگی نیە، ناوی کەس مەهێنن، ڕجائەن لە ئێستا بەدواوە، دانیشە لە جێگای خۆت ڕجائەن، ناوی هەر بەرپرسێك یەکەم/ هی هەر لایەنێك هاتووە لە پرۆتۆکۆل بسرێتەوە، تەواو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەندێ دەستەواژەش ئیستیعمال کرا کە من لێرە دووبارەی ناکەمەوە، بەڵام بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، سووکایەتی بە پەرلەمان کراوە، من چۆن لێرە باسی نەکەم؟ ئەگەر ڕێگەم پێ نادەن من باسی ناکەم، با پەرلەمان سووکایەتیشی پێ بکرێ، سووکایەتی بە پەرلەمان کراوە و دەڵێ/ پەرلەمان چی کردووە هەتا بیکات؟ ئەوە بەڕاستی سووکایەتی یە بە هەموو تاکێکی کورد، سووکایەتی یە بە هەموو پێکهاتەکان و فراکسیۆنەکانی ئەو پەرلەمانە بە یەکگرتووی ئیسلامیەوەش، چۆن دەکرێ دەزگایەکی تەشریعی هەڵبژێردراو بەڕاستی سووکایەتی پێ بکرێ، سەروەرییەکانی ئەو پەرلەمانە زۆرە، ئەو پەرلەمانە یەکەم پەرلەمانە لە مێژووی میللەتی کورد، ئەم پەرلەمانە بە خوێنی هەزاران شەهید هاتۆتە کایەوە، قابیلی قبوول نیە کەس سووکایەتی پێ بکات، یەك لە سەروەرییەکانی ئەو پەرلەمانە ئەوەیە کە ساڵی 1992، لە 4-10-1992 توانی فیدرالیەت ڕابگەیەنێ، ئەم فیدرالیەتەش بووە چەترێك بۆ هەموو لایەنە سیاسییەکان، لە ناو دەستووری عیراق چەسپا، ئەو کاتە ڕژێمی سەدام حسین 12کم لێرە دوور بوو، زۆر لایەن هەبوو ئەصلەن لە ساحەی سیاسی کوردستان وجودی نەبوو، یەك لە سەروەرییەکانی ئەو پەرلەمانە ئەوەیە کە توانی بە یاساکردنی ئاڵای کوردستان ڕابگەیەنێ، ئاڵای کوردستان ئەمانەتێك بوو لە دەستی پێشەوا قازی محمد کە بە ئەمانەتەوە تەسلیمی بارزانی نەمری کرد، بارزانی نەمریش بە ئەمانەتەوە تەسلیمی مەسعود بارزانی کرد، مەسعود بارزانیش بە ئەمانەتەوە تەسلیمی ئەو پەرلەمانەی کرد، ئەو پەرلەمانە توانی ئەو یاسایە، ئەو ئاڵایە بە یاسا بکات، ئێستا ئەو ئاڵایە شەکاوەیە لە ناوەوە و لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان، بۆیە سەروەرییەکانی ئەو پەرلەمانە زۆرن، من نامەوێ بچمە تەفاصیلی، پشتگیری لە ڕاسپاردەکانی ئەم لێژنەیە دەکەم، کە ببێتە پاڵپشت بۆ ئەوەی ئەو لێژنە تەحقیقی یە بتوانێ کارەکانی خۆی ئەنجام بدات، ناشکرێ لە ئێستاوە حوکم لەسەر ڕووداوەکان بکرێ، تاوەکو لیژنەی تەحقیقی نەتیجەی ڕابگەیەنێ و دادگا دەبێ یەکلایی کەرەوە بێ بۆ چارەسەر کردنی کێشەکان، لەگەڵ ڕێزمان دا.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزدار صباح بیت الله، فەرموو.

**بەڕێز صباح بیت الله شکری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەز بەرایی مەحکوم و ئیدانە دکەم کو دەڤەرا زاخۆ و دەڤروبەرێ هاتێنە ڕوودان، بۆچوونا من ئەڤە هاتێنە ڕوودان کارێکی تێکدەرانەیە، (أعمال شغب)ە، چونکی لە ڕوویێ یاسایی دا یی بێ موهلەت بوویە، ئەگەر تەماشای تەبیعەتێ ڕوودانێ بکەین بۆمان دەرکەوی کو عەفەوی نەبووە، بەلکی بە بەرنامە بووە، چونکی ئەو ئامرازێت بۆ هێرش برنێ و خراپ کرنێ و سووتێنێ هاتینە بکار هینان، دیارە بری هەنگی هات ناحازر کرن، خاڵەکا دی تر کە عەفەوی نەبوویە، زاخۆمە گوت عەفەوی بوو، بۆچ ل سێ جێ، بۆچ ل خانگێ، بۆچ ل دهۆکێ، بۆچ ل زاویتە و جهێ دیتر، ئەڤ ڕوودانا بۆ تێکدانا ڕەوشا ئەمنی دەڤەرێ، بۆ ئاگەری دروست کرنا دڵە ڕاوکێ ل ناڤ خەڵکی مەسیحی و ئێزیدی، چونکی بزاڤ هاتنە کرن بۆ هێرش بەرنێ بۆ

سەر كەنیسە مەترانی یە و سەنتەرێت ڕۆشنبیریەت مەسیحیا كە ئەڤە گەلەكی دوورە لە كەلتووری میللەتی مە، هەروەكی جەنابیشت ئیشارەتی پێدای، ئەگەر جەنابێ سەرۆك بارزانی نەچووبا دەڤەرێ ڕەنگە خوشك و برای مەسیحی دەڤەر چۆل كردبا، براستی ڕوودانا زاخۆ ڕوودانەكی جهێی حیبەتییە و تەعەجووبێ، بۆچی؟ چونكە سەدان ساڵە كورد و مەسیحی و ئێزیدی وەكی برا پێكڤە دەژین، پێكڤەو، دە سەنگەری شۆڕش و خەباتێ دابووینە، پێكڤە تەزحیات، قوربانیا داین، پێكڤە خوونا ڕێتی، نموونەش شەهید هورمز مەلیك چەكۆ كە پەیكەرەكی گەلەكا مەزن ل ناڤ سنوورێ پارێزگاها دهۆكێ بۆ هاتیا دانان، شەهید محمود ئێزیدی باشترین نموونە ئەڤان قەهرەمانا دگەل قەهرەمانا مە تێكەل بوویە، بۆچی ئەڤ ڕوودانە دروست بوو لە ئەڤ وەختەیدا، ل بۆچوونا من چونكە حازری دێتە كرن بۆ كۆنگرە نەتەوەیی، كە بێنێتە كرن دگەل برایێت مە كوردێن سوریا، پێنگاڤا چاكسازیی سەرۆك بارزانی یێد گەهێنە قۆناغەكا گەلە باش، ڕوودانێ سەر سنووری یێتێنە چارەسەر كرن، زەمینە ساز یا بۆ ڕێكخستنەڤانا مالا كوردی، پشتەڤانێا مەزنا دوەلی بۆ ئەزموونا كوردستانێ هەیە، وەلاتێكی تەناهی و سەقامگیرە ئازادی و دیموكراسی تێهدا بەرقەرارە، بەری چەند ڕۆژە جۆو بایدن جێگری سەرۆكا ئەمریكا سەردانا كوردستانێ كر، چونكە هەرێما كوردستانێ هەرێمەكا تەناهیە، كوردستان بوویە سینگی موعادەلەی سیاسی دەڤەرێ وێداو بە هەر پرسێكا گرێدایێ و ل دەڤەرێ كوردستانێ، ڕەئیا هەرێما كوردستانێ و جەنابێ سەرۆك بارزانی تێدا وەرگرتن، بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان، ئەگەر كەسەك ئەل ڤا ڕوودانا زەرەمەند بیتن ئە ل ڤێ دەڤەرێ، ڕەئیا من زەرەزەمەندی ئێكی پارتی دیموكراتی كوردستانە، چونكی زاخۆو دەڤەری دیتر زۆربەیا جەماوەرێن وان پارتینەو سەدان و هەزارەهان پێشمەرگەو شەهیدانە، خەلكێ پارێزگاها دهۆكێ بە گشتی ئەگەر داخوازا هەبن، یان گلەیی هەبن، دزانن داخوازا خۆ لە كێ دەكەن و هاوارا خۆ بۆ كێ دەبەن؟ براستی وەكی خۆ بێنە نیشاندان و زەمانی تر نەمایە خەلكی دی تر بێنە خاپاندن، جەماوەر باش ڕەش و سپیا لێك جودا دكاتن، دزانیتن كێ خزمەتا وی كریە، كێ بەرەڤانی لێ كرییە، كێ تەزحیە بۆدایە و كێ دپارێزیتن، كێ دەگەینیتە قۆناغا ڕزگارییا؟ بەڕێز سەرۆكی پەرلەمانێ، ئەمەی بەحسی سەرووەری یاسا دكەن، ئەگەر بەری خۆ بدەینە بۆ نموونە حەتا نهو، هەندەك میدیا ل چوارچێوەی یاسای ڕۆژنامەگەری هەڵسوكەوت ناكات، بەلكی بواری میدیایدا توخب دێننە بەزاندن، تەشهیرێ و برینێ دكرن و تەصعیدی، چ سەر ئاستی سیاسی، نەتەوەیی، نیشتمانی، ئەڤە ژ لایەكی ئینتیمایا نەتەوەیی و نیشتمانییا تاكی كۆمەڵگا لاواز كەت و ژ لایەكی تر هاندەرێن بۆ تەصعیدی، ئاراستە كرنا میدیا بە عەقارێ گەلەكی خراپە، كو ئەڤە دژی پەیاما پیرۆزا ڕاگەیاندهێیە، كو هەندی لاوازكرنا موقەدەسات و خەبات و پیرۆزییەت میللەتینە، ئەڤ هەندە جوانكرێت دەستكەڤتا میللەتێ خۆ نینە، دیماهیا ئەڤ داخوازێ دكەم خودانێت ئەبێ پیلانێ و هاندەر و هێرشبەر بدەنە دەستی عەدالەتێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار صبیحة أحمد مصطفى، فەرموو.

**بەڕێز صبیحە أحمد مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێش هەموو شتێك پشتگیری لەو بەیاننامەیە دەکەم کە لەلایەن سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستانەوە دەرچووە، هەروەها پشتگیری و دەستخۆشی لە هەردوو لێژنەی ناوخۆ و لێژنەی مافی مرۆڤ دەکەم بۆ نووسینی ئەو ڕاپۆرتە، هەروەها ڕاسپاردەکانیان لەسەر ڕووداوە نەخوازراوەکانی 2-12-2011 لە پارێزگای دهۆك و زاخۆ و دەوروبەری، هەروەها پشتگیری لە ڕەئیەکانی برای بەڕێزم کاك دڵشاد شەهاب دەکەم، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ڕوودانی ئەم حەدەسە بە هەموو کردەوە نامرۆڤانە و نایاساییەکانیانەوە لە دەڤەری بادینان بە دەرەجەی یەکەم تەئسیر لەسەر سومعەی هەرێمی کوردستان دەکات، چ لە ناوخۆی عیراق، چ لە دەرەوەی عیراق، ئامانجی بکەرانی ئەم کارە تێکدەرانە ئەوەیە کە سیمای هەرێمی کوردستان ناشیرین بکەن، ئەوەی تاکو ئێستا وەك گەلی کوردستان بە تەواوی پێکهاتەی ئاینی و نەتەوە جیاوازەکانییەوە شانازی پێوە دەکەین، لەبەردەمی جیهان وێنەی پێکەوە ژیان و برایەتی کوردستانی پێ وێنە دەکەین، ئەو ئارامی و ئاسایش و سەقامگیرییە کە لە سایەی هێزی پێشمەرگەو ئاسایش و پۆلیسی کوردستانەوە فەراهەم کراوە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان لەمەش جوانتر ئەو تەبایی و گیانی لێبووردەیی یە کە لە ناو ئەو ژینگە ئارام و سەقامگیری یە ڕەنگی داوەتەوە، هەر بۆیە ئەم ڕووداوە بە هەموو کردەوە نامرۆڤانە و نایاساییەکانەوە، بە هەموو کردەوە نا مەسئوولانەکانیەوە شتێکی موفاجەئ بووە، کە لە ڕۆژی هەینی ڕابردوو لە شاری زاخۆی دەلال و دەوروبەری ڕوویداوە، دەتوانین بڵێین کە ئەوە دەستێکی سیاسی موەجەهـ بووە، کە هەڵیانکوتایە سەر هەندێك شوێنی گەشت و گوزاریی کە ئەوەیان بە جیهاد داناوە، ئە شوێنە گەشت و گوزارییانەیان سووتاندووە، کە ئەوە تەعەدایە لە ئازادی تاکە کەسی کە دەبێت مافیان پارێزراو بێت، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، بەپێی دەستووری هەرێم و دەستووری عیراق و بەندەکانی مافی مرۆڤ و میساقی نێودەوڵەتی ڕێز لە ئازادی تاکە کەسی گیراوە، بە هەموو شێوەیەکیش دەبێت مافی تاکە کەس پارێزراو بێ، ڕووداوی لەو جۆرە ئەگەر لە هەر شوێنێکی تر بێجگە لە هەرێمی کوردستان ڕوویدابا لەوانەیە بە ئاسایی سەیر کرابایە، لەبەر ئەوەی خەڵکی یاسا شکێن لەو شوێنانە جێگەیان دەبووەوە، ئەوەی جێگەی داخە بۆ هەرێمی کوردستان ئەوەیە کە ئەو کارە نامرۆڤانە و نایاساییانە بەڕاستی پشێوی دروست کردووە، دەتوانین بڵێین کە لە قالبێکی بەرنامە دارێژراو بووە، هەروەها پەلاماردانی ئەو شوێنانە یان ئەو گوندانە بووە کە برا مەسیحییەکان و ئێزێدییەکان خاوەنین، بۆیە ئەم کارە تێکدەرانە هەر کەس و هەر دەستێکی لە پشتەوە بێت هەولێکە بۆ تێکدانی ئاسایش و سەقامگیری کوردستان، هەوڵێکە بۆ تێکدانی ئەو برایەتی و پێکەوە ژیانەی کە بەدرێژایی مێژوو لە نێوان پێکهاتەکانی گەلی کوردستان بوونی هەبووە، هەروەها هەوڵێکە بۆ تێکدانی گیانی فرەحیزبی و ئەو ژینگە دیموکراتییەی ئەمڕۆ لە هەرێمی کوردستان بوونی هەیە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، خاڵێك کە لە هەموویان گرنگترە ئەوەیە کە هەوڵێکە بۆ تێکدانی ئەو بەرنامەیەی کە بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان ڕێزدار مەسعود بارزانی لەسەر ئاستی ناوخۆ و

ئیقلیمی و جیهانی بۆ ئایندەی کوردستان دەستی پێ کردووە، هەموو هەوڵێکی بەڕێزیان بۆ ئەوەیە نەك تەنها توندوتیژی و بەرهەمهێنانی توندوتیژی لە ناو پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و تەواوی پێکهاتە جیاوازەکانی کوردستان بوونی نەبێت، بەڵکە لەسەر ئاستی ناوچەکە و عیراقیش سەرۆکی کوردستان بەڕێز مەسعود بارزانی لەهەوڵی ئەوەدایە گەل و نەتەوەکانی دیکە، هێز و لایەنە سیاسییەکان ڕێگەی دیالۆگ و لێك تێگەیشتن و چارەسەری ئاشتییانە بگرنە بەر بۆ چارەسەر کردنی کێشەکانی نێوانیان، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، بۆیە لەو چوارچێوەیەدا، کاتێك هەوڵێکی تێکدەرانە لەم جۆرە لە پڕ یان لە ناکاو لە شارێکی وەك زاخۆ و دەوروبەری ڕوودەدات ئامانجی ئەو دەستە تێکدەرانە تەنیا تێکدانی ژینگەی ئارام و سەقامگیری زاخۆی دەلال نیە، بەڵکو ئامانجە سەرەکییەکانی تێکدانی کەشی ئارام و سەقامگیری و پێکەوە ژیانی برایانەیە لە هەرێمی کوردستان، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، پاراستنی پێکەوە ژیانی برایانەی نێوان پێکهاتەکانی کوردستان تەنیا ئەرکی سەرشانی حکومەتی هەرێمی کوردستان نیە، بەڵکە ئەرکی هەموو خەڵکی کوردستانە کە دەبێت پێکەوە پارێزگاری لێ بکەین، بە هیچ شێوەیەك ڕێگە نەدەین بە هیچ کەس و لایەنێك کە ئەم پێکەوە ژیانە تێك بدەن، بە هەر بەهانەیەکی جۆراو جۆریش بێت ڕەوشی ئارامی و سەروەری یاسا لە هەرێمی کوردستان پێشێل بکەن، ئێمە تەعەدامان لە کەس نەکردووە و داوای لێبووردنیش لە کەس ناکەین، هەروەها تەعەدا کردنیش لە کەس قبوڵ ناکەین، بەڵکە دەبێ داوای لێبووردنیشمان لێ بکرێت، هەروەها باسی کەلتووری شاخ دەکەن، کە بە کەلتوورێکی خەراپ ناوی دەبەن، هەموومان باش دەزانین کە ئەوە بەرهەمی خەباتی شاخە کە ئێستا ئێمە و ئەو بەڕێزانە لێی دانیشتووین، ئێمە فەخر و شانازی بە خەباتی شاخ و کەلتووری شاخ دەکەین، هەروەها هەموو کاتێك لە ساڵی پەنجاکان بارزانی نەمر کە ناسنامەی گەلی کوردستانە خۆی فەرموویەتی کە شانازییە بۆ مرۆڤ کە خزمەتکاریی میللەتی خۆی بێت، بۆیە لێرەدا بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان دەبێت هەموومان پێکەوە بۆ دەرکەوتنی ڕاستییەکان پشتگیری خۆمان دەربڕین بۆ ئەو لێژنە تایبەتییەی کە بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ لێکۆڵینەوە لەو ڕووداوە نەخوازراوانە پێکی هێناوە، ئیتر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار علي حسين محمد، فەرموو.

**بەڕێز علی حسين محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە حوکمی ئەوەی خۆم ئەندامێکی ئەو لیژنەیە بووم لە تاوتوێکردنی ئەو ڕاپۆرتە، ناچمە سەر ئەو بابەتانە، بەس حەز دەکەم ئاماژە بە چەند تەوەرێکی تر بکەم، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، هەروەك بیستمان و بینیمان بۆ ڕووداوە دڵ تەزێنەکەی دەڤەری بادینان زۆر خوێندنەوە هەبوو، خوێندنەوەی جۆرا و جۆر هەبوو، تەبعەن حەقیقەتی تاڵ ئەوەیە کە ڕووداوێکی دڵ تەزێن ڕوویداوە، من لێرەوە دەستی پێ دەکەم، هەموومان دەزانین دۆخی ئەوڕۆی کوردستان لە ئارامی و لە

ئاسایش و له ئاوەدانیش دەرەنجامی هەوڵ و تێکۆشانی هەموو کوردستانییەکانە، واتا ئاوەدانی و ئارامی هی خۆمانە، بەڵام پرسیاری من ئەوەیە ئۆباڵی تێکدانی ئەم بارودۆخە، لەباربردنی ئەم دەستکەوتانە، ئۆباڵی دەکەوێتە ئەستۆی کێ؟ بە حەقیقەت دەتوانین بڵێین بیوەی ئەو ڕووداوە چەندە خۆماڵییە و چەندە دەستکردیش بێ دیسان و مومکینە سیمای دەرەکیشی پێوە دیار بێ، دیارە ئەم ڕووداوە چەندین لایەنی هەیە، کە پێشێل کردنی یاسا، پێشێل کردنی مافی تاکە کەس، سەروەرییەکانی نەتەوەیی و ئاسایشی نەتەوایەتیش لە بەرجەستەترینیانە، کە ئەوەش بە بڕوای من لەم وەرزی پایزەوە بارانێکی وشکە، لە ڕق و نەفرەت کە بەسەر دەڤەری بادینان دا باری، هەرچەند ئەگەر بڵێین ئەم ڕووداوە ڕووداوێکی عەفەوی و ڕووکەشێکی خۆماڵیانەشی هەبێ، بەڕێزان، ئێمەی زۆرینەی موسولمان لە کوردستان بەهۆی باڵا دەستی هەست بەو مەترسییانە ناکەین کە کەمینەی ئاینی لە بەرامبەر تەتەروف یان توندڕەوی، هەراسان و لە ئاینەدەی خۆی نیگەران دەکات، بەدڵنیاییەوە ئێوەش هاودەنگن لەگەڵم کە خوتبەی نوێژی هەینی پرۆسەیەکی پیرۆز و مەزن و پڕ بەهایە، بەڵام مەرج نییە خوتبەی هەر خەتیبێك پیرۆز و بەهادار و بە ئەمەك بێت، مەرج نییە واتا و پەیامی هەر خوتبەیەك دەوری ئیجابی هەبێ لە ناو کۆمەڵگادا، مەرجیش نیە سەرجەمی ئەو خەتیبانەی کە ژمارەیان لە ئەمڕۆی کوردستان دا دەگاتە چەندین هەزار کەس، بە گەروویەکی پڕ لە سۆز و خۆشەویستی سوکنای بەدڵی بڕواداران بدەن، بەڕێزان کوردستانییەکان بەباشی دەزانن کە تەتەروف تەنانەت لە نێوان دوو دڵداریش مومکینە ببێتە جنون، جا ئێمە لە کوردستان زۆر حاڵەتی تەتەروف و تاڵاوی سیاسی و ئیعلام و ڕاگەیاندن و ئەوەمان چێشتووە، دیارە بە هەموو لایەکمان نابێ بهێڵین ئەو دیاردەیە باوەڕی دینی بدرێتەوە، واتا تەتەروفی دینی لای ئێمە دروست بێ، چونکە خۆتان دەزانن کوردستان ژینگەی پێکەوە ژیانی ئەدیانە، دەزانن کوردستان بەبوونی فرە باوەڕی ناسراو و دەوڵەمەندە، بە داخێکی زۆرەوە لە ڕووداوەکانی دەڤەری بادینان لەو دواییانە ئەوەی کە بینیمان بەرەو ڕووی تەتەروف یان توندڕەوییەکی ئەوتۆ بووین کە خەڵکی موراهیق و نامولتەزیمی هێنایە سەر شەقام، تا باری ئاسایشی ئەو دەڤەرە، تا ناوبانگی کوردستان، تا دەستکەوتەکانی ئەك گەلە بخاتە ژێر پرسیار، تا ئەوەی کە هەڵبکوترێتە سەر ماڵ و سامانی هاووڵاتیان، پرسیار ئەوەیە ئەوە بۆچی؟ لە پای چی؟ بۆ لەم کات و شوێنەدا؟ بەڕێزان وەك دەزانن نارەزایەتی و تەنانەت صیراع و گەمەی سیاسیش شتێکە، جیاوازە لە شەغەب، لە ئاژاوەنانەوە، لە توندوتیژی، هەڕەشەدان لە ماڵ و گیانی هاووڵاتی سیڤیل، بە تایبەت ئەگەر ئەوانەی کە کەوتوونەتە بەر ئەو ئازارە، تایبەتمەندی دینی و مەزهەبیشیان هەبێ، بەبڕوای ئێوە ئیرادەی سەرکردایەتی سیاسی، ئیداری، تەنانەت نەتەوەیی گەیشتۆتە بن بەست کە ڕووگەی تەتەروف یان توندڕەوی بکرێتە قیبلەی نوێی ئەم خاکە، فەتوای سووتاندنی خانوو و کۆگا و لەو چەشنانە بکرێتە دیاری بۆ دەڤەری بادینان، یاخود شوێنانی تری کوردستان، من لێرە لە خۆم و لە ئێوەش دەپرسم/ دەبێ چی بکەین؟ کارەساتێکە قەوماوە، ڕووداوێکی دەڵتەزێن ڕوویداوە، خەڵکێك زەرەرمەند بوون، دەبێ چی بکەین تا ئەم ڕووداوە دڵتەزێنانە دووبارە نەبنەوە؟ ئەم دیاردە قێزەوەنانە نەمێنن، بەهەشتیش بە نرخی دۆزەخ

به میللەتەکەمان نەفرۆشین، بە کوردستانییانی نەفرۆشین، تا ترس و نیگەرانی نەکرێتە تێشووی سەفەر بۆ ئایندە و چارەنووسی ئەم میللەتە بە هەموو پێکهاتەکانییەوە، بەڕێزان وەك خۆشتان دەزانن لە هەموو ئەدیانی سەماوی هیچ پیرۆزییەك لە پاراستنی ڕۆح و گیان و کەرامەتی ئینسان بەرزتر نیە، من دەڵێم ئەگەر دەخوازن لە ئایندەش مەی فرۆشییەکان، کۆگاکان، شوێنانی مەساج بسووتێنن، بڕووخێنن، بەڵام هەرەس بە باوەڕی خەڵك نەهێنن، متمانەی خەڵکمان لە ناو نەبەین، هەستی خۆشەویستی لە ناو خەڵك با لە ناو نەبەین، با ئەو دۆخەی کە پێی دەڵێین پێکەوە ژیان، پێی دەڵێین تەبایی، پێی دەڵێین ئاسایش، پێی دەڵێین دادگەری لەم هەرێمە نەکەوێتە بەر ڕەشەبای ناحەزان، کورد وتەنی تەڕ و وشك بەیەکەوە دەسووتێن ئەو دەمە، کەس براوەی ئەو شەڕە نابێت، ئێوە باش دەزانن دۆخی ئەوڕۆی هەرێمی کوردستان بەری ڕەنج و زەحمەت و خەبات و کۆڵ نەدان و خوێن ڕشتنی دەیەها ساڵەی کوردستانییەکانە، ئەم کوردستانە بەم شێوە ئاوەدانی بەخۆوە دیوە، بەو هەموو زەحمەتە کوردستان بەم قۆناغە گەیشتووە، بەڵام زۆر بە ئاسانی دەتوانێ کوردستان لەو دۆخە نەمێنێ، لەو دەستکەوتانە، لەو خۆشی و لەو ئاوەدانی یە، دوور بکەوێتەوە، من دوا وتەم ئەوەیە/ ئێمە هەموو لایەکمان بەرپرسیارین بەرامبەر بەم دۆخە، هەموو لایەکمان دەبێ هانا بەرینە بەر ئەزموونەکان، ئەو ئەزموونانەی ڕابردوو کە ئەنجامی باش و ئیجابی لێ کەوتەوە بۆ دەرچوونمان لە بازنەی قەیرانەکان، بۆ ئیدارە کردنی قەیرانەکان، بۆ هێور کردنەوەی بارودۆخەکە، تەبیعی تا یاسا ڕێچکەی خۆی بگرێتە بەر و بە ئەرکی خۆی هەستێ، من دەخوازم نامتمانەیی بڕەوێتەوە، گوێگرتن بۆ یەکتری، پێشوازی کردن لە بیرۆی خێرخوازان، بۆ چارەسەری ئەو ڕووداوەش بکەوینە تاکە بڕیاری پێش وەخت، بێ مەرجیش، چونکە کاریگەرترین شت بۆ دابینی ئەمنیەت و ئاسایش لە کوردستان کۆدەنگی و دروست بوونی قەناعەتێکی ناوخۆیی یە کە هەموو شوێنێکی کوردستان کەوتۆتە بەر ئامانجی هەڕەشەی ناحەزان، تەبعەن خۆشتان دەزانن هەڵە بە هەڵە سارێژ ناکرێ، نادادگەری پاساو نییە بۆ نادادبوونی نادادگەری، ئێمە لە پەرلەمان کە باس لە سەروەری یاسا دەکەین، ناکرێت بە بێ یاسایی ئەو سەروەرییانە پێشێل بکەین، دیسانیش هەر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار سۆزان یوسف، فەرموو.

**بەڕێز سۆزان یوسف خۆشابا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر زەحمەت نەبێ کاك بەڕێز، دەتوانم بە عەرەبی قسە بکەم؟

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کەرەمکە.

**بەڕێز سۆزان یوسف خۆشابا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

أولاً/ أطلب المعذرة من زملائي و أخواني و أخواتي البرلمانيين لعدم مقدرتي على التكلم باللغة الكوردية بطريقة جيدة، أقف اليوم مذهولة و مستغربة لأول مرة مما يحصل في منطقة دهوك، و يتبادر في ذهني الكثير من التساؤولات عن سبب كل ما يحدث و ما قد يحدث، و لا أجد الإجابةً لكثير من التساؤولات فيما كان الذي حصل بسبب ديني، من حيث مبدأ الحلال و الحرام، أم بسبب قومي كون المسيحيين أو الإيزيديين هم طائفة أو هم شعب مختلف عن الشعب الكوردي، كل هذه التساؤولات تدور في ذهني و تجعلني لا أجد لها جواباً عسى ولعل أجده هنا في هذه القاعة و ضمن الأسطر و الكلمات التي سمعتها لحد الآن، و لكن الذي أنا متأكدة منه أن الذي حصل هو شيء مدبر و شيء مضمر في الأفكار و في القلوب منذ زمن، و الهدف منه غير واضح، و لكن هناك هدف ملموس و هو تفكيك هذا النسيج المجتمعي أو التعايش السلمي الذي يعيشه المجتمع الكوردستاني بكل قومياته و بكل أديانه، فالهدف هنا واضح، المسألة ليست مسألة إحراق محلات أو بنايات أو مطاعم و ما شابه، و إنما أبعد من ذلك بكثير لأنها وصلت إلى حد المساس بقوم و بشعب مسالم و الكل و كما حضراتكم جميعاً شهدتم بذلك، لاحول له و لا قوة، مستضعف و ليس ضعيف، و الذي عاش ضمن هذه الرقعة الجغرافية منذ مئات السنين مع الإخوة الأكراد في ظل التسامح و المحبة و الأخوة و مازلنا لحد الآن و حتى اللحظة نعيش على نفس المبدأ، إذن هناك يد خفية تروم أن تفكك هذا النسيج و أن تفعل ما يترك أثراً سلبياً على النهج الديمقراطي الذي يسلكه كوردستان حالياً، و أمام أنظار العالم كله، و يشهد له العالم كله بهذا، و لكن علينا تدارك هذا الخطر و إخماده قبل أن يستمر و يستفحل ليجد مكاناً أوسع و أساليباً أغرب و أخطر من الذي حصل، و هذا أكيد يأتي من خلال تظافر الجهود الكلية أفراداً و مؤسساتاً و وزاراتاً و حكومةً و الكل معني بهذا الكلام، فليست وزارة الأوقاف وحدها المعنية بهذه المسألة و إن كانت هي بالدرجة الأولى و لكن هناك أيضاً وزارة التربية، و وزارة الثقافة و حتى الأحزاب السياسية و المؤسسات الشبابية التابعة لها، كلهم معنيين بتوعية المجتمع و الأفراد من أجل إعادة السلم و الأمن و الإستقرار و بث روح التسامح و الأخوة مابين كل أفراد المجتمع في كوردستان، و هنا بصفتي عضو برلمان كوردستان و كممثلة عن الشعب الكلداني السرياني الآشوري و كوني آشورية قبل أن أكون مسيحية من واجبي و من واجب كل منكم كعضو برلمان هو إيصال صوت المجتمع أو صوت الجهة التي يمتثل إليها للعالم و للبرلمان بصورة خاصة، و من هذا المنطلق فأ نا و من هذا المكان أطالب بتطبيق المادة 35 من دستور إقليم كوردستان و التي تنص على منح الأقليات و منهم الكلدان السريان الآشوريين الحكم الذاتي في أماكن تواجدهم في إقليم كوردستان، وذلك سيكون جزءاً من معاهدة الأخوة و الصداقة و المحبة و التعايش السلمي في المنطقة، و شكراً.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

شكراً، ڕێزدار ناسك توفيق، فەرموو.

**بەڕێز ناسك توفيق عبدالكريم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیاره وەکو ئەندامێکی پەرلەمان، ئەندامی نە لە لێژنەی ناوخۆ بووم، نە لە لێژنەی ماف مرۆڤ بووم، بەڵام وەکو ئەندامێکی پەرلەمان لەگەڵیان ڕۆیشتم بۆ ئەو سەفەرە و بۆ ئەو دەڤەرە بۆ ئەوەی لە نزیکەوە ئەحداسەکان ببینم و تەنها لە شاشەی تەلەفزیۆنەوە قەرار و قسەکانمان نەکەین دواتر لەسەر ئەحداسەکان، بە حوکمی ئەوەی ئەو پەرلەمانە نوێنەری لیستە داخراوەکانی کوردستانە، واتا هەر یەکێکمان نوێنەری لیست و حیزبێکین، کاتێک کە خەتەرێك ڕوو دەکاتە ئەو لیستە مەجبوورین ئۆتۆماتیکی، لەبەر ئەوەی نوێنەری ئەو لیستەین دیفاع لەو لیستە بکەین و بزانین بەدواداچووین بکەین بۆ ئەو گرفتەی کە ڕووی کردۆتە ئەو لیستە، من ئەوەی کە زۆر جێگەی نیگەرانیم بوو بەڕاستی، هەر لێرەوە جارێکی تر دەیلێمەوە، پڕ بە دڵ نیگەرانی خۆم دەردەبڕم بۆ ئەوەی کە هات بەسەر دەڤەری زاخۆدا، بەس ئەوەی کە زۆر جێگەی نیگەرانیە ئەوەیە کە بۆچی سووتاندنی شوێنی مەی فرۆشتن و شوێنی مەساج ڕەبت بێ بە مەسیحی و یەزیدییەوە، ئایا ئەو خۆپیشاندانەی کە لە مزگەوتەکەوە دەرچوو هیچ شیعارێکیان هەڵبڕیبوو دژی مەسیحی و یەزیدی؟ ئایا ئەگەر سەیرێکی گرتە ڤیدیۆییەکان بکەین هیچ قسەیەك هەیە دەربارەی ئەوە؟ دەکرێ ئێمە قسە لەسەر دەرئەنجامەکان نەکەین، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، قسە لەسەر هۆکارەکان بکەین، ئایا ئەم غەوغائەی کە لە مزگەوتەکەوە دەرچووە و بۆتە هۆی ئەوەی کە ڕووبکاتە ئەو دوکانانە سەبەبەکە مەی فرۆشتنە یان سەبەبەکە مەسیحی و یەزیدیە؟ من تێناگەم بۆ یەکسەر ئەوەی لێ خوێنراوە، بۆ ئەوەی ئەو ترس و خۆفە بکەوێتە دڵی برایانی مەسیحی و یەزیدی وایان لێ بێ ئەصلەن مەترسیان هەبێ لە ژیانی ڕۆژانەی خۆیان، بۆ ئەوە نەکرایە حەرەکەیەکی کۆمەڵایەتی کە بە فیعلی بەوەی من پێشتر لە زانکۆ ڕەفیقی بادینانیم هەبووە، ئێستاش ئەندامانی پەرلەمان دۆستی منن کە لە دەڤەری بادینانن، خەڵکێکی زیاد لە حەد موتەحەفیزن، هەمووی مەسائیلی تەدەیونیان زۆر تیایە، تۆ تەصەور ناکەی ئەوە دژی شتەکە بووبێ وەکو زۆربوونێك کە لە دەرەوەی یاسا ئەوە زۆر بووبێ، بۆ یەکسەر ئۆتۆماتیکی کرایە سەبەبێك بۆ دژایەتی کردنی لایەنێکی کەمینە، کە خۆی تۆ دەرگات بۆ کردۆتەوە، لە شوێنێکی ترەوە ڕزگارت کردووە، ئێستا بۆ لێرە دیسان مەترسی دەخەیتەوە سەر؟ ئەوە خاڵێك/ خاڵێکی تر دیسان بۆ کەمینەیەکی تر لەو دەڤەرە کە حیزبێکی سیاسی وەکو یەکگرتوو کەمینەیەکی سیاسی یە لەوێ، لەوێ دوو حیزب هەن، حیزبی تریش هەیە تەبعەن، بەڵام ئەوەی زۆر دیارە لەو ساحە و لەو دەڤەرە هەموو کەس دەزانێ پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکگرتووە بە پلەی دووەم، کەواتە تۆ هاتی دەستت بردووە بۆ دوو کەمینە، کەمینەیەکی ئاینی، کەمینەیەکی سیاسی، ئەم دەڤەرە، دەزگا ئەمنییەکان، دەزگا ئیدارییەکانی ئەو مەنتیقە لە باتی ئەوەی ئاو بکەن بەو ئاگرە، لەباتی ئەوەی بڵێین ئەوە دژایەتی کردنی ئەو ئارەق خواردن و شتە بووە، ئێمە دەبێ بە پێی یاسا کۆنترۆڵی بکەین، یەکسەر ئۆتۆماتیکی خستیانە لایەنی ئاینی و مەزهەبی، زائیدەن مەسافەیەکی زۆر لەبەینی سووتاندنی ئەو بازاڕە هەیە لەگەڵ سووتاندنی بارەگای یەکگرتوو، دەڵێین بۆچی بارەگای یەکگرتوو سووتێندرا لەو بەرپرسانە؟ دەڵێ ڕەد فیعلە، باشە ئەگەر وابێ ڕەد فیعل دەبێ مەسیحی و یەزیدییەکان بن سووتاندیان، بەس وا نیە، ئەوەی لە گرتە ڤیدیۆییەکان دەبینین نە خەڵکە، نە جەماوەرە، نە یەزیدی و مەسیحی یە، کێ دەیسووتێنێ؟ بە ئاشکرا دیارە خەڵك دەیبینێ و ئەزانێ، ئەوە بوغزێکی سیاسی یە، یان با بڵێین صیراعێکی سیاسی یە کە ناتوانرێ هەزم بکرێ، (مع الأسف) دیسان جارێکی تر یاسای ژمارە 17ی ساڵی 1993 کە لەم پەرلەمانە بەڕێزە

ئیقرار كراوە، یاسای تەعەددودی ئەحزاب هەتا ئێستا وەكو پێویست جێبەجێ ناكرێ، دەڵێ ئەوە نیە ڕێگەم داوە زیاد بێ، ئێ وەڵلا ڕاست دەكات بەس نیە ڕێگە دەدا هەناسە بدەم، بەس نیە ڕێگە دەدا تەوعیە بكەم، ئەی من لە ئیتاری ئەم یاسایە ئەگەر چەند ساڵە ئەوەی دەوترێ، چەند ساڵە ئەم حیزبە لە ئەدەبیاتی خۆی دا تەحریزی كردووە و وتوویەتی بگرن، بكوژن، ببڕن بۆ بەپێی یاسا قسەت لەگەڵ نەكرد؟ بۆ بارەگاكانی دەسووتێنی، بۆ نایەی بە پێی یاسا پێی بڵێی كاكە تۆ خۆت هەڵوەشێنەوە، چونكە هەرچی هینەكانتە تەحریزی یە، ئینجا ئەگەر زانایەكی بەڕێز....

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ڕاستە ئیتیهامە، ڕجائەن بێ دەنگ بن، ڕجائەن، ئیتیهامی موسبەق مەرفووزە، با ئیتیهامت كرد هاوڕاز خان، ئەوها نابێت، فەرموو.

**بەڕێز ئامینە ذكری سعید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

یەعنی بەڕاستی ئیتیهامێكە یا زەقی پارتی دیموكراتی كوردستانی تێتە كرن، كو لایەكی ڤە كەمینە بۆ خۆ دكاتە هەدەف، لایەكیدا یەكگرتوو بۆ خۆ دكاتە هەدەف، لایەكی دا پارتی دیموكراتی كوردستان ئەڤ سیناریۆ چی كریە، بڕاستی داخوازی ژ ناڤێ دەركەن ئاخافتنی كو ناسك خانیش پرۆتۆكۆلی بێتە دەرێ خەستە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەردەوام بە ناسك خان.

**بەڕێز ناسك توفیق عبدالكریم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە من قەصدم ئەوەیە كە دەڵێم بۆ لەوێ دەسووتێنرێ؟ قەصدم ئەو جەوەیە كە خوڵقاوە، كێ دەسەڵاتە لەوێ بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان؟....

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

حكومەت دەسەڵاتە، ئیدارە هەیە، دەتوانن ئەگەر شتێكی كۆنكریتتان هەیە، دۆكیۆمێنتێك هەیە بیدەنە لیجانی تەحقیقی، بیدەنە مەحكەمە، بیدەنە لێژنەی ناوخۆ، لێژنەی مافی مرۆڤ لە پەرلەمان، بەڵام موسبەقەن بڵێی ئەوە، ڕجائەن ڕاپۆرتی لێژنەكەش بەو شكلە هاتووە، دەڵێ، هیچ كەسێك موسبەقەن ئیتیهام ناكەین، بۆیە ئەو ئیتیهامە لە پرۆتۆكۆل لابچێت و بڕوات، فەرموو بەردەوام بە.

**بەڕێز ناسك توفیق عبدالكریم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من ئیتیهامی جیهەتێك ناكەم، بەڵام دیارە كە باس لە بەرپرسانی ئەو دەڤەرە ئۆتۆماتیكی لە باكگراوندی هەموو ئەوەی حزووریان هەیە دەزانن حیزب و دەسەڵات تێكەڵە، لەبەر ئەوە ئۆتۆماتیكی بە توهمەی دەزانێ، ئەگینا من باسی ئەو وەزعە دەكەم كە خوڵقا، بۆچی دەزگا بەرپرسە ئەمنییەكان و حكومییەكان لەو دەڤەرە لە باتی دەیڵێمەوە جارێكی تر/ كۆنترۆلی ئەو وەزعە بكەن، هاتن كەمینەیەكیان كردە خاوەنی

قەزییەکە وای لێهاتووە کابرا دەڵێ قەینا ماڵەکەم سووتاوە بەس توخوا بهێڵن بژیم، ئینجا ئەصڵەن ئیستینساخ کردنی ئەوە ئەو ڕۆژە لەوێ ئا ئەوەنە ئیستینساخ کرابوو، بۆ ئیستینساخی دەکەی؟ بۆ ئەوەی بیدەی بەم خەڵکە، ئەوە چیە؟ ئەوە کەی دۆکیۆمێنتە، ئەم هەڕەشەیە؟ ئەبێ هەر کەبتی بکەی، نەهێڵی کەس بیبێنێ بۆ ئەوەی نەبێتە مایەی ترساندنی ئەو خەڵکە، ئەوەی کە من حەز دەکەم لێرە بیڵێم بەڕاستی، ئەوەی کە ڕوویدا لەم دەڤەرە جارێکی تر بوویە بەڵگەیەکی گەورەتر لە هەموو ئەو بەڵگە کەڵەکەبووانەی کە هەمووماں ڕۆژانە قسەیان لەسەر دەکەین، بەڕاستی یاسا پێشێل کرا، زۆر بە وازحی یاسا پێشێل کرا، گەورەترین یاسا کە پێشێلکاری بەرامبەر کرا یاسای ئەحزابەکانە، یاسای ڕۆژنامەگەری یە کە بەرپرسێکی ئەمنی ئەو دەڤەرە دەڵێ یەکێ لە بەڵگەکانی کە یەکگرتوو بووە کەناڵی NRT و سپێدە لەوێ بوون، تا ئێستا لەو دەڤەرە ئەوە نەبۆتە واقیع کە ئەم کەناڵە ئەوە کەناڵێکی ئیعلامین، یەعنی هەر بەدەر ئەوەی ئەو کەناڵە سەر بە حیزبێکی ئۆپۆزسیۆنیش بێ هەر ئەوەی کە خۆی کەناڵێکی ئیعلامییە، دەبێ تەغتییەی هەر وەزعێ بکات و نەقلی بکات، هەر وەزعێ ڕوو دەدات دەبێ نەقلی بکات، کە ڕاگەیاندکارێکی زاخۆ دەگیرێ، لێی دەدرێ، دەخرێتە سجن، باشە ئەگەر بە پێی یاسا مامەڵە بکەین، ئەگەر کەسێ نەفەرێکیش بکوژێ دەبێ کەلەپچە بکەیتە دەستی و بە ئیحتیرامەوە بیگەینیتە شوێنی خۆی، نەك هیچی نەکردووە جارێ هەر موجەرەد شەکە، بە زیللە و لە شەوا بڕۆی بکەیتە سەری و لە ناو ماڵ و مناڵی دا بە زیللە و بە سووکایەتی بیبەیتە دەرەوە، ئەوە شکاندنی سەروەری یاسا نیە؟ ئەوە پێشێل کردنی ماف و ئازادییەکانی تاکە کەس نیە؟ ئینجا دوو ئیدارەیی زۆر بە زەقی دیارە، کە بە هیچ جۆرێ نیوەکەی حکومەت بەرەو ئەو دەڤەرە کەوتە ڕێ دیسان، نیوەکەی تر دیار نەبوو، تێکەڵاو بوونی دەسەڵاتی حیزب و حکومی، یان ئەصڵەن زاڵم بوونی ئەو دەسەڵاتە، مەوقیفی پارێزگای دهۆك، تەبعەن پارێزگاری دهۆك ئێمە ئیشارەتمان دا بەوەی بۆچی مەسەلەن کۆنترۆڵ نەکرا، وتی کەمی عەدەدە و تا ئێستا پۆلیسی چالاك مەدەنییەکانمان نیە، ئەندامانی لێژنە وتیان لە بودجە محاوەلە دەکەین، زۆر بە ئیستیعلائەوە وتی/ من لە سەرۆکی هەرێمم داوا کردووە لە ئێوەی داوا ناکەم، (کأنە) بڵێی ئێوە چین و کێن؟ ئەگەر ئەمینداری گشتی وتبێتی ئەندام پەرلەمان چیە قەصدی ئەم خولە بووە، قەصدی پەرلەمان نیە لە 1992، ئەصلەن کاتێك ئەمینداری گشتی لێرە وتوویەتی کوا نوێنەرەکانی کە کورسییەکانیان چۆلە، بە خوێنی شەهیدان ئەو پەرلەمانە هاتۆتە ئاراوە، کەس نەیوێرا جورئەت بکات و قسە بکات، ئەو باسی ئەو دوو ساڵە دەکات کە بە فیعلی هەمووماں گلەییمان لێی هەیە، دەڵێین پەرلەمان لە ئاست داخوازییەکانی خەڵك دا نیە، بڕیارەکانی ناچێتە بواری.....

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕجائەن هجوم مەکەنە سەر پەرلەمان، پەرلەمانی کوردستان لە خزمەتی خەڵکی کوردستانە، بەرهەمی خەباتی میللەتی ئێمەیە، ئەوانەی هەوڵ دەدەن پەرلەمان سووك و ڕیسوا بکەن ئەوان سەبەبی ئەم مەشاکیلانە دروست دەبێ، ڕجائەن جارێکی تر لە ناو پەرلەمان باسی پەرلەمان نەکەن، دەنا دەیخەمە

لیژنەی تەحقیقی لەسەرتان دروست دەکەم، دەیخەمە پێش پەرلەمان و عیقابتان دەکەم، هەر کەسێك بێت، ئەگەر لە هەر لیستێك بێ، لە هەر شەخصیەتێك بێت، تکایە شتێکت کۆنکرێت لەبەردەستە دەتوانی ئەوە مەحکەمە هەیە شکات بکەیت، بەڵام لە ناو پەرلەمان دانیشتووی پەرلەمان وا ناکات، ئەوە خوا قبوڵ ناکات خوشکی من، کەرەمکە بەردەوام بە، ڕاوەستە ئەو مەسەلەیە ناوی هێنا، ئیتیهامی کرد، فەرموو دەی.

**بەڕێز حمە سعید حمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەکەم/ ئەو وتەیەی ناسك خان کە دەڵێ باسی ئەو خوولە دەکات، ئەوە یەك، دووهەم/ ئیجازە بدە، ئەو قسەیەی ئەمیندار تەفسیری سیاسی و حیزبی بۆ دەکرێ، دۆکیومێنتە و بە ئیعلام هەیە و لێی بدەن باسی ئەوە دەکات کە پەرلەمان یاسا دەردەکات جێبەجێ کار جێبەجێ ناکرێ، یەعنی نەك پەرلەمان سووکایەتی، باسی سووکایەتی نیە بە پەرلەمان بە هیچ شێوەیەك، بە بەڵگەش هەیە، بڕیاری ژمارە 17 یاساکانی تر کە پەرلەمان ئەرکی بینیوە، بەس دەزگای تر لە ئەرزی واقیع دا جێبەجێی ناکات، باسی ئەوە دەکات، هیوادارم تەفسیری حیزبی و سیاسی بۆ نەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بە نیسبەت بڕیاری رەقەم (1) 17 خاڵییەکە جێبەجێ کرا یەك خاڵی ماوە، ئەویش ڕەبتە بەلایەنە سیاسییەکانەوە، چونکە ئەوەی بۆ پێش مەحکەمە بچێ دەبێ وەك (package) بچێت هێشتا ڕێك نەکەوتوون، دانیشتنەکان ڕاوەستا، لەبەر ئەوەی هەر ئەو وەختێ ئەو پێنج لایەنەکە کە دوو لایەنی تر بێ بەردەوام بوون، ئەوەی موحەریکی حەرەکەتەکەیە، ئەوەی بەشداری لە کێشەکە کردووە، ئەوەی تەقەی کردووە، ئەوەی بەردی هاوێشتووە بە یەك (package)ێك بدرێتە دادگا، پێویستە و دەشبێت هەموویان سزا بدرێن، ئەمڕۆش نەدرێ وەختێکی تر دەدرێ، بەردەوام بە ناسك خان، فەرموو.

**بەڕێز ناسك توفیق عبدالكریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕوا ناکەم هیچ خولێکی پەرلەمان، ئەندامانی پەرلەمان بە قەدەر ئەم خولە ماندوو بن، بە دەرچوون، بە گەڕان، بە هاتۆچۆ کردن، دیسان دەیڵێمەوە لەسەر ئەرزی واقیع بڕیارەکانی ئەم پەرلەمانە جێبەجێ ناکرێن، ئەوە یەك، دوو/ لەلایەنی دزگاکانی ئیداری و حکومییەوە وەکو پێویست ڕەچاوی ئەرکی پەرلەمان ناکرێ، نموونەم هێنایەوە لەسەر پارێزگاری دهۆك، دەچمە سەر مەوقیفی قایمقامی زاخۆ کە ئێمە لە هۆڵێك قەرار بوو زەرەرمەندان ببینین پێش ئەوەی ئێمە بچینە ژوورەوە قایمقام چووە دەرەوە، ئەو چوونە دەرەوەی قایمقام بووە هۆکارێك خەڵکەکە بڕوات، بەڵام ئێمە لە خەڵکەکەمان پرسی، بۆ کوێ دەڕۆن؟ ئێمە نوێنەری ئێوەین هاتووین بزانین چیتان دەوێ و قەرەبووتان بکەینەوە، وتیان/ وەڵڵا ئێمە نەمانزانیوە پەرلەمانتارن، کەواتە ئەو هەڵسوکەوتانەی بەرپرسانی دەزگا تەنفیزییەکان وای کردووە پەرلەمان وەکو پێویست جێگەی خۆی ناکاتەوە، ئەوەی ئاخیر خاڵ کە زۆر حەز دەکەم تەئکیدی لەسەر

بکەمەوە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ئەم قسەی کە زۆر تەئکیدی لەسەر دەکردەوە قۆرخ کردنی هەموو خەبات و تەزحییات بۆ لایەنێك و لایەنێکی تر هیچی نەرکردووە و هاتۆتە سەر حازر، بەڕاستی ئێمە لە مەریخ نەبووین، ئێمە ئەندامی ئەم حیزبەین، ئەگەر هەمووی لە شاخ بوایە ئەی کوێ کیمیاباران بکرایە؟ ئەگەر هەمووی لە شاخ بوایە 182000 ئەنفال لە کێ دەبوو؟ ئەوەندەی ئەوەی کە لە ناو شار دا ماوەتەوە و عەزیەت دراوەو فەصل کراوە، ڕاوەدوو نراوە، ماڵی سووتاوەو ماڵی براوە، زائیدەن هەموو ئەوانەی کە خەباتی شاخیان کردووە، خۆ قابیلە کەس و کاری ئێمەن، قابیلە خۆ لە مەریخ نەبووین، خەڵکی وڵاتێکی تر نین، قابیلە ئەندامان و لایەنگرانی ئەو حیزبە هەموومان هی 1993 بێ؟ ئەصلەن ئاخیر مەوالید تیایدا 94، کەواتە ناکرێ تۆ بێی ئا بەم نەفەسە ئێستا ئەوەی کە گوێ لە کەناڵی پەرلەمان دەگرێ هەمووی دەڵێ (کأنە) تەنها لایەنێك خاوەنی ئەو دەستکەوتانەیە، بۆچی؟ چونکە خۆی خاوەنی خەبات و تەزحییاتە، ئەوەی تر هاتۆتە سەر حازری، ئاخر ئەوە وا دەکات لەوەی لە هەموو حەرەکەیەك دا ئەم کەسە بە غەریب دەزانێ و دەیەوێ دەری بکات، (مع العلم) وا نییە، ئێمە لە 93ش لەبەر ئەوەی کەمینە بووین لە هەر دوو تەرەف گیرمان خواردووە بەدەست ئەو هەموو تەهمیش کردنە کە تەنانەت لە زاخۆ مەلایەکمان نیە، وتار بێژێکمان نییە، هەرچی وتاربێژمانە فەصڵ کراوە، ئەو وتاربێژانەش کە هەن لە ئەوەڵی کۆبوونەوەکە هەتا ئێستا باسی زانایانی بەڕێز دەکرێ کە وتاریان تەحریزییە، بگەڕێن تەحەدا دەکەین ئەگەر لە ناو ئەو زانایانە زانایەك ئینتیمای بۆ یەکگرتوو هەبێت و تەحریزییە موحاکەمەی بکەن، نەك ئەو هی هەر لایەنێك، بزانن لە ئەدەبیاتی ئێمە وەکو یەکگرتوو ئەو تەحریز کردنە هەبووە؟ ئەم یەکگرتووە هەموو عومری لەسەر ئەوە بردۆتە سەر دەیەوێ هەوێن بێت لەو موجتەمەعە، تۆ ئێستا هاتووی تۆمەتێکی وا گەورە دەخەیتە پاڵی؟ یەکسەر ئیتیهامی دەکەی بەوەی تۆ بۆیە سووتێنراوی، ڕەد فیعلی ئەو وەزعەیە، ئێ من مەجبوورم بڵێم کاکە من بۆ دەسووتێنی، ئێمە لە زاخۆ لەوێ لە حەفلە دەڕۆن ئەندامانی ئێمە، باشە ئەی شتێکی تر، ئەی ئەوە لەوێ بوو، ئەی لە دهۆك بۆ سووتا؟ خۆ دهۆك یەك دوکان نەسووتاوە، جا لە هەمووی خۆشتر قەسرۆك یەك دوکان نەسووتاوە تەنها بارەگا، (مع الأسف) ئێمە وەکو لێژنە بیرمان چوو سەردانیان بکەین، بۆ؟ لەبەر ئەوەی تەنها بارەگا سووتابوو، بەرپرسە ئیدارییەکان و ئەمنییەکانی ئەم دەڤەرە نەیانبردین، جا داواکارم کۆبوونەوەی ئەمڕۆ کە ئەم لیژنەیە زۆر هیلاك بوو، ئومێدەوارم لە بەرنامەیەکی باش و بە بڕیاری باش دەرچێ، دواتر لەسەر ئەرزی واقیعیش جێبەجێ بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

وەڵلا سێ خاڵ، یەك/ کەمینە بە حەقیقەت خۆی هاوار دەکات، دەڵێ/ تەعەدام لێ دەکرێ، لە خەتەرم، بگەنە حاڵم بۆ ئەوەی مەزبەحە لەسەرم نەکرێت، ئەوە کەمینەن، ئەوە لێرە دانیشتوونە، حەقی خۆشیانە، هاووڵاتی ئەم هەرێمەن، واجیبی ئێمەشە بە دەنگیانەوە بچین، ئەوە یەك، بە نیسبەت کەناڵی پەرلەمان ئەگەر ویژدان هەبێ دەبینن زۆر بە بێلایەنی لە جەلسەکان زیاتر هیچ پێشان نادات، بۆیە هیچ تەرەفێکی

نەگرتووە، بەو شكلەش ماوە بۆ ئەوەیە نەبێتە پارسەنگی ئەم فراكسیۆنە و یان ئـەوی تـر، محاوەلـە كـراوە، بێ لایەن بپارێزێت، تكایە ئەو ڕاپۆرتەی كە بۆی دانیشتووینە ئەمڕۆ كە تەركیز لەسەری بكەین، كە ببێتە بنەمایەك بۆ بەدواچوون بۆ ئیشەكان، بەڵام عەقاری دانیشتنەكە بەلایەكی تـرەوە دەبـەن، یـەعنی دوور كەوتۆتـەوە لەوەی كە ئێمە بۆچی دانیشتووینە؟ من هەروەها ویستم ئەو پەڕی ئازادی هەر كەسێك چی لە دڵی هەیەبـە ئـازادی بیڵێ، بۆ ئەوەی نەڵێت زوڵمم لێ دەكەن، نـاهێڵن قسـە بكـەم، بـەڵام بـە ئەمانەتـەوە دەڵـێم نیـوەی زیـاتری قسـەكان تیكرار و دوور لە بابەتەكە بوو كە ئێمە بۆی دانیشتووین، بەڕێز د.صباح محمد نجیب بەرزنجی، فەرموو.

**بەڕێز د.صباح محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هاوكارانی بەڕێزم ئەندامانی پەرلەمان، سڵاوی خوای گـەورەتان لـێ بـێ، سـەرەتا سـوپاس و پێـزانینی خـۆم ئاراسـتەی هـەردوو لیژنـەی بـەڕێزی پەرلـەمان، لیژنـەی نـاوخۆ و لیژنـەی مـافی مـرۆڤ دەكـەم، بـۆ هـەوڵ و مانـدووبوون و ئـەو ڕاپۆرتـەی كـە نووسـیویانە بێگومـان ڕاپۆرتەكـەیان ڕاپۆرتێكـە مایـەی ئەوەیـە ئێمـە هەڵوێستەی لەسەر بكەین و بیكەین بە بنەمای قسەكانمان بەڕاستی، ئەو لیجنە موشتەرەكە كە چۆتە ئـەو دەڤەرە بەڕاستی هەر دەبێ وا بكات، هەر دەبێ ڕاسپاردەیەك بێنێ، ئینجا پەرلەمان بۆ خۆی دەیكاتە بڕیـار، دەتوانرێ لەسەر بڕگە بە بڕگەی ئەو ڕاپۆرتە ئێمە قسە بكەین، گۆشەنیگامان هەبێ، دەوڵەمەنـدی بكـەین، بە پێی معیاری (ولا تبخسوا الناس أشياءهم)، بـە كـەم سـەیری كـردەوەی خـەڵكی مەكـەن، بـە كـەم سـەیری كـردەوەی چـاكی خـەڵكی مەكـەن، لەسـەر ئـەو معیـارە مـن پێموایـە ڕاپۆرتەكـەیان ڕاپـۆرتێكی بـاش و سەركەوتووە، بەڵام ئێمە دەتوانین بە گۆشەنیگای خۆمان دەوڵەمەندی بكـەین، ئـەو مەوزووعـەی كـە ئێمـە قسەی لەسەر دەكەین بەڕاستی كارەساتێكی دڵتەزێنـە، لـە دەڤـەرێكی خۆشەویسـتی كوردسـتان دا ڕوویـداوە، بۆتە مایەی قەلەق و ئیزتیراب و نارەحەتی هەموو تاكێكی ئەم كوردستانە، پەرلـەمان بەڕاسـتی جیهـەتێكی قەزائی نیە تا ئیتیهاماتی تیا باس بكرێ، باسی ئیـدیعا و ئینكـار و ئـەو شـتانەی تیـابێ، ئێمـە دەبـێ هـەوڵ بدەین دەزگای دادوەری لە هەرێمی كوردستان دا بەڕاستی ئەركەكانی خۆی جێبـەجێ بكـات، یاسـا مـەجرای خۆی وەربگرێ، هەر هـەموومان بـاس لـە سـەروەری یاسـا دەكـەین، ئـەوە نوقتەیەكـە دەتـوانین بیكـەین بـە مەبنای كار، هەر هەموومان كاتێ كە كێشەیەكی وا دروست دەبێ پێمان وانەبێ ئەوە یەكەمین كێشەیە یـان دواهەمین كێشەیە، لە تەئریخی دوور و درێژ ئەو كەسەی كە دیراسـەی تـەئریخی كردبـێ دەبینێـت یـەعنی نەك لە كوردستان، لە زۆر شوێنی دونیا كێشەی قەومی، كێشەی نەتەوەیی، كێشەی ئاینی، كێشەی مەزهەبی هەبووە، خەڵكانێك كـە هەسـت بـە مەسـئولیەت ناكـەن دروسـتی دەكـەن، بـەڵام خـەڵكانی عاقـل و مەسـئول حەلی دەكەن، ئەوا بە درێژایی مێژوو سابت بووە و پێشمان وایە میللەتی كـورد ئەوەنـدە ئینسـانی عاقـڵ و ژیرو مەسئولی تێدایە كە نەك ئەم كێشەیە، دەتوانێ سەدان كێشەی واش ئیحتیوا بكـات و تـەجاوزی بكـات، دەبێ زۆر دڵخۆش بین بە میللەتەكەمان، متمانەمان هەبێ بە میللەت و دەزگاكانی خۆمان، ڕەنگە نـەتوانین لە 100٪ هەموو كێشـەكانمان چارەسـەر بكـەین، بـەڵام هـەر ئەوەنـدەی كـە هـەوڵی بڕیـار دەدەیـن، هـەوڵی چارەسەركردنی بكەین، ئەوە بۆخۆی قوەت و تین و تەكانێكمان پێ دەدا بـۆ مەوزووعەكـە، ئـەو خاڵـەی تـر

که دەمەوێ ئێمە تەئکیدی لەسەر بکەین، هەر هەموومان کۆ دەنگین لەسەر ئەوەی هەموو جۆرە توندو تیژییەك مەحکوم و ڕیسوایە، دژی هەر تاکێك ئەنجام بدرێ، دژی هەر گرووپێك، هەر تائیفەیەك، هەر نەتەوە و مەزهەبێك، چونکە ئەوە سەماحەتی ئێمەیە، یەعنی ئەصل وایە کە ئەو موجتەمەعە موجتەمەعی تەساموح و لێبووردەیی یە، بەلاّم مەعنای ئەوە نیە کە جاروباریش توندوتیژی ڕوونەدات، خەڵکانێك نەیێن بیانەوێت ئەو جەوە تێك بدەن، بەلاّم ئەرکی سەر شانی ئێمەیە لە جاران زیاتر موتەسامیح بین، بەرامبەر بە یەکتری، هەموومان موتەفیقین لەسەر ئەوەی هەر کەسێك، هەر لایەنێك، هەر گرووپێك دەبێ لە ژێر چاودێری یاسادا بێت، دەبێ ئامادە بێ موسائەلەی قانونی بکرێ، هەر حیزبێك بگری لەو کوردستانەدا زۆرجار ئەفرادی بانگ کراوە بۆ دادگا و قسەشی نەکردووە، هیچ کێشەیەکیشی نەبووە، یەعنی ئەوە مەوزووعێکە وەکو ئەبجەدیات و ئەوەلیات وایە لە قانون و لە مومارەسەی سیاسی دا، بەلاّم ئەوەی کە زۆر گرنگە ئێمە تەئکیدی لەسەر بکەین، کە دەبێ لایەنە تەنفیزییەکان، لایەنە ئەمنییەکان بە تەواوی مەعنا بێ لایەن بن، کاتێك هەر حادیسەیەك ڕوو دەدات هەموو خەڵك پەنا ببات بۆ ئەو لایەنانە، بە صەرفی نەزەر، بە بێ ڕەچاوکردنی ئینتیمای سیاسی، ئینجا با ئینتیمای سیاسیش بەڕاستی نەبێتە باعیسی تەعەسوب و دەمارگیرییەکی وا کە نەتوانین ڕاستییەکان ببینین، ئێمە دەبێ بەو ئەندازەیە حیزب و گرووپەکەی خۆمانمان خۆش بوێ، بەو ئەندازەیەی کە یارمەتیدەرمان بێ بۆ گەیشتن بەڕاستی، مەدرەسە بێ بۆمان بۆ ئەوەی فێرمان بکات فێری ڕاستی ببین، بەلاّم هەر کاتێك خوانەخواستە لەوە تێپەڕی، ئەوە لە هۆشیاریمان دێتە خوارەوە، میللەتی هۆشیار ئەو میللەتەیە کە بتوانێ نەقدی خۆی بکات، تاکی وشیار ئەوەیە کە بتوانێ نەقدی خۆی بکات، حیزبی وشیار ئەوەیە کە بتوانێ نەقدی خۆی بکات، لەو ڕۆژانەدا ئێمە لە وۆرکشۆپێك بووین، یەکێك لە ئەندامانی سەرکردایەتی حیزبێکی ئەورووپی بۆ ئێمە قسەی دەکرد، زۆر بە صەراحەت ڕەخنەی لە حیزبەکەی خۆی دەگرت، ئەی وت حیزبە ئەحمەقەکەی من، ئەو هەڵەیەی کرد لە مەسەلەی ئینتیخابات دا، ئەوە جورئەتی سیاسییە بەڕاستی دەبێ زۆر بە تەوازووعەوە ئیعتیرافی پێ بکەین، هەر هەموومان هەڵە دەکەین، بەلاّم باشترین کەس ئەوەیە ئیعتیراف بە هەڵەی خۆی بکات، ئیعتیراف بە هەڵە کردن فەزیلەتە، نوقتەیەکی تر کە زۆر تەئکیدی لەسەر دەکەم، ئێمە لە هەموو کوردستان دا بڕوامان بە شەراکەتی سیاسی هەیە، بۆیە بەڕاستی دەبێ ڕێز لە کەسایەتی یەکتری بگرین، ڕێز لە ڕموززی حیزبەکانی یەکتریش بگرین، یەعنی بە هیچ شێوەیەك نابێ ببێ بە ئیسلوبێك فەرزەن یەکێك قسەی کرد بەرامبەر سەرۆکەکەی من، منیش بەرامبەر سەرۆکەکەی ئەو قسە بکەم، ئەوە جوان نیە، (إدفع بالتی هی أحسن)، (فإذا الذي بينك و بينه عداوة كأنه ولي حميم) هەمیشە وەلاّممان وەلاّمی نەرم و نیان بێ، وەلاّمێك بێ لە ئاستی مەسئولیەت دا بێ، یەعنی ئێمە پەرلەمان دەبێ بەشێك بین لە حەلی موشکیلات، نەك خوانەخواستە لێرەدا بێین صیراعێکی تری سیاسی دروست بکەین، ئینجا بیر لەوە بکەینەوە چۆن ئەو کێشەی کە ئێستا دروست بووە چارەسەری گونجاوی بۆ دروست بکەین، بۆ دابنێین، چۆن بیر لەوە بکەینەوە تەدبیری قائیممان هەبێ بۆ داهاتوو، ئێمە دەبێ ئەو سەقافەتە بلاّو

بكەینەوە، كە ئەم وڵاتە وڵاتی هەموو لایەكە، هیچ كەسێك مێوان نیە تیایدا، هەر هەموومان خەڵكی ئەصیلین، تەرەفی ئەصیلین، شەریكی حەقیقین لە بەڕێوەبردنی كارە سیاسییەكان دا، خاڵێك كە زۆر گرنگە دەبێ ئەو جەوە سیاسییەی كە ئێستا هەیە هێوری بكەینەوە، دەبێ پەرلەمان دەوری ئەوە ببینێ بە یەكە یەكەی ئەندامانی پەرلەمان، بە هەموو فراكسیۆنەكانی پەرلەمانەوە ڕێگا خۆش بكەین بۆ ئەوەی قانون و قەزا مەجرای خۆیان وەربگرن، لەسەر ئەو ئەساسە هەموو فراكسیۆنەكان موكەلەفن بەوەی خیتابی سیاسییان تەهدیئە بكەن، ئارام بكەنەوە، هێشتا هیچ نەتیجەیەك دەرنەچووە، نەیێین باسی ئەوە بكەین كە وەڵلا خەتای كێ بووە و خەتای كێ نەبووە، هەموومان مەسئولین، (كلكم راع و كلكم مسؤول عن رعیتە) هەر هەمووومان مەسئوولین، ئێمەش كە لێرە دانیشتووین مەسئوولین، كاتێك كە بزانین حەق هەیە و پەیڕەوی نەكەین و بزانین بەتاڵ لە كوێ یە پەیڕەوی بكەین، خاڵێكی تر هەمووومان موتەفیقین لەسەری دەبێ پاریزگاری لەو ئەزموونەی كوردستان بكەین، بە هەموو پێكهاتە قەومییەكانییەوە، بە هەموو پێكهاتە ئاینییەكانییەوە، بە هەموو پێكهاتە سیاسییەكانییەوە، بە ئەركی سەرشانی خۆمی دەزانم دیفاع لە هەموو پێكهاتەیەكی سیاسی و نەتەوەیی و قەومی ئەم وڵاتە بكەم، باوەڕم بەوە نیە هیچ كەسێك ئیقصا بكرێ، هیچ كەسێ پەراوێز بخرێ، ئەوەش سەرەتایەكە بۆ ئەوەی ئێمە بتوانین كەلتووری لێبووردەیی، كەلتووری پێكەوە ژیان بڵاوبكەینەوە، تەركیز بكەین لەسەر مەبدەئی هاووڵاتی بوون، كە ئەوە كرۆكی مەبادیئی شەریعەتی ئیسلامە، ئەگەر ئێمە سەیری ئەو تەوصیاتە بكەین كە پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه و سلم) و قورئانی پیرۆز سەبارەت بە هاووڵاتیانی مەسیحی و دینەكانی تر، یەزیدی و ئەوانی تر كە كراوە بۆمان دەردەكەوێ ئێمە تەنانەت بۆمان نیە بە دەنگی بەرزەوە قسەیان لەسەر بكەین، بۆمان نیە پەلاماری ماڵ و موڵكیان بدەین بە هیچ شێوەیەك، جا ئەگەر بەرامبەر یەكێك كە دینی جیاوازە وابین، ئەركی سەرشانمان بێ بەرامبەر بە هاو دینمە، هاو زمانمە، هاو وەتەنمە، چۆن دەبێ وا نەبم؟ بۆیە بەڕاستی (كل مسلم علی المسلم حرام)، چۆن ڕێگە دەدەم بە خۆم پەلاماری بارەگای حیزبێك، پەلاماری بارەگای كەسێك، ماڵ و مومتەلەكاتی كەسێك بدەم ئەوە بەشێكە لە ئیمانی ئینسان، بەشێكە لە ئیمان و موعتەقەداتی ئینسانی هاوبەش لە نێوان هەموو ئینسانەكانە، ئەو تەقریرەی كە نووسراوە بەڕاستی مەحەلی تەقدیرە، هەر چەند مولاحەزات هەیە لەسەر هەندێ بڕگەی، بەڵام داواكارم ئەو ڕاسپاردانە ببن بە بڕیاری مولزیم، ببن بە بڕیاری پابەندكەر، ئینجا موتابەعەی جێبەجێ كردنی بكەین، ئەگەر لەلایەن حكومەتەوە جێبەجێ بكرێ، لەلایەن دەسەڵاتی قەزائییەوە جێبەجێ بكرێ، بۆ ئەوەی ئیسپاتی بكەین ئەو كوردستانە هەرێمێكە، موئەسەساتی خۆی هەیە، ئیسلووبی خۆی هەیە، ئەم گەلی كوردستانە گەلێكە زۆر بە توانایە كە چارەسەری كێشە و گرفتەكانی بكات، زاڵ بێ بەسەر بەربەستەكانی پێشكەوتنی دا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار هاوڕاز خۆشناو، فەرموو.

**بەڕێز هاوڕاز شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا دەستخۆشی لە ماندووبوونی هەردوو لێژنەی بەڕێز دەکەم، لیژنەی ناوخۆ و لێژنەی مافی مرۆڤ، دەستیان خۆش بێت، ڕاپۆرتەکەیان ماندووبوونی پێوە دیارە، لەگەڵ بوونی مولاحەزاتێکی زۆریش لەسەر هەندێ بابەتی ڕاپۆرتەکە، بەڕاستی من بەداخەوە کە بە ناڕەحەتی دەبێ ئەوەی کە زۆرجار وتوومانە، بەلاَم لە واقیعێکی تاڵ دا ئەمڕۆ دەبێ بڵێین یاسا سەروەر نیە، یاسا تا ئەوێ بڕ دەکات کە دەچێتە ناو وەقائیع، دەنا زۆربەی یاساکان جێبەجێ ناکرێن، هەر لەوێوە دەبینین کاتێك کە پۆلیس ناتوانێ ڕووداوەکە کۆنتڕۆڵ بکات، هەر لەوێوە دەیبینین کاتێك کە سەیارەی ئاگر کوژێنەکە لەوێ یە و بەلاَم ئاگرەکە ناکوژێنێتەوە، هەر لەوێوە دەیبینی کاتێك کە ڕەشبگیری بەرامبەر بە ئەندامانی تەنها ئەندامانی یەککگرتوو دەکرێ لەم دەڤەرە، بەڕاستی ئەوە کوێی یاسا سەروەری دەمێنێ؟ سەلمێندرا هەموو هێزەکان حیزبین، هێزی نیشتمانی نین بەڕاستی، هێزەکان پیشەیی نین، بەڵکو حیزبییانە مامەڵە دەکەن، بە زمانی کردار گوتیان حیزب حکومەتە و حکومەتیش حیزبە و هەرچی حیزبیش بڵێ هەر ئەوەیە، ئێمە هەرگیز لەگەڵ سووتاندن و کاولکاری و ئازاردانی هیچ کەس نین و نەشبووین، ئیدانەی سووتاندنی هەموو ئەو شوێنانە و ئەو دوکانانە و ئەو شوێنە گەشتیارانە دەکەین، هەر کەسێ بینەر بێ دەزانێ و تێدەگات ئەگەر ئەو شوێنانە کە سووتێنران، شوێنە گشتییەکان و گەشتیاریەکان، ئەگەر بڵێین غەوغائی و عەفەوی بووبێت، بەلاَم گرتە ڤیدیۆییەکان حەقیقەتێ: دەردەخەن کە بەڕاستی ئێمەش دەڵێین بەرنامەی بۆ داڕێژراوە و شتێکی هەروایی نەبووە، بارەگای ئێمە ئەگەر ئەوێ بڵێن وابوو، بەلاَم بارەگاکانی ئێمە زۆر بە وازیحی دیارە کە بەڕاستی سووتاندنی ئەو بارەگایانە، سووتاندنێك بوو بە بەرنامەیەك بوو، سووتاندنێك بوو کە خەڵکی ئاسایی نەیسووتاندوون، چونکە من پێموایە ئەگەر ئاگریشیان بدابایە دەستی خەڵکی ئەم دەڤەرە بارەگاکانی یەککگرتوویان نەدەسووتاند، چونکە ئەوان بەڕاستی یەککگرتوویان ناسیوە و ساڵانێکە لەگەڵ یەگگرتوو تێکەڵ بوون و دەژین، لەبەر ئەوە......

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێ باشە خانم وا تەحقیق دەکرێ، مەکەونە پێش تەحقیقەوە، ڕجائەن، ئێستا لێرە دانەنیشتووینە تەحقیق بکەین، کێ ئەوە دەکات، کێ ئەوە ناکات؟ ئێستا لە ئیسلووبێك دەگەڕێین ئەم ئیسلووبە کێ بڕوات؟ چی بکەین؟ نەتیجەی باشی هەبێت، ئێستا مەڵێن ئەوە یان ئەو نییە، چونکە ڕجائەن، فەرموو، ئەوە ئیتیهامە خوشکی من.

**بەڕێز هاوڕاز شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کاتێ کە چەکدار لەو شوێنە ئامادەیە، چەکدار تەقە دەکات، چەکدار دەسووتێنێ، یەعنی منی پەرلەمانتار هیچ قسەیەکم نەبێ لەوە، من قسەی خۆم هەیە بەڕاستی لەوە، خاڵێکی تر لەوە بەڕاستی من کە زۆر پێم

سەیرە، یەعنی کاتێك کە بە بێ ئەمری دادگا، بە بێ فەرمانی دادگا، بە بێ فەرمانی حاکم خەڵك دەگیرێ و ئازاد دەکرێ، ئەوە چی ناو لێ دەنێین؟ یەعنی بە ئارەزوومەندانە خەڵك دەست بەسەر دەکرێ، خەڵك دەگیرێ و پاشتریش هیچی لەسەر نیە و ئازاد دەکرێ، ئەوەی کە نیگەرانییەکی زۆرترە کە دەڵێین سەرۆکی هەرێم سەرۆکی هەر هەموومانە، لەو کاتەی کە سەرۆکی هەرێم کە لەو شوێنەیە، ئامادەی ئەو شوێنەیە، لە گەرمەی کێشەکە چۆتە ئەوێ هێشتا خەڵك دەگیرێ و دەست بەسەر دەکرێت و ئازار دەدرێت، یەعنی ئەوە کوێی خوێندنەوەیەکی دروستی بۆ دەکرێ؟ خوێندنەوەیەکی ئیجابی و خوێندنەوەیەکی موتەفائیلانەی بۆ دەکرێ؟ ئینجا کە لێژنەی پەرلەمانیش هەر لەوێ یە، لێژنەی پەرلەمان چووە بۆ بەدواداچوون و بۆ لێکۆڵینەوە و بۆ بەدواداچوونی کێشەکە و بە دواداچوونی ئەو کێشە گەورەیە لەوێ هەر بە بەردەوامی خەڵك دەگیرێت و دەست بەسەر دەکرێ، یەعنی ئەوە بەڕاستی جێگای هەڵوێستە لەسەر کردنە، یەعنی من لە هەولێردا بەداخەوە لەو ئازادییەی کە هەیە، منی هەولێری کە دەمەوێ بچمە بەردەمی مەکتەبی سیاسییەکەم بەو هێزانە ڕێگام پێ دەگیرێ و دونیایەك هێزیان داناوە، هەرچی خەڵکە ناهێڵن بچێتە بەردەم مەکتەب سیاسی، ئەگەر ئەو خەڵکانە خەڵکێکی توندوتیژ بوونایە چیان دەکرد لە بەرامبەر ئەوە؟ منی ئەندام پەرلەمان ڕێگام پێ دەگیرێ بچمە بەردەمی مەکتەبی سیاسییەکەم، یەعنی ئەوە چ ئیهانەیەکە بەڕاستی؟ زۆر بەداخەوە کە بەڕاستی ئەوە هەرگیز قبوڵ نییە، هێرش کردنە سەر شوێنی مەی فرۆشتن و مەیخانە و شوێنی مەساج و ئەوانە ببەسترێتەوە بە مەسیحی یان یەزیدی بەڕاستی؟ ئەوە شتێکی ترە و بابەتێکی ترە، خۆ خەڵکی موسوڵمانیش ئەو شتانە دەخواتەوە و ئەو شتانە بەکاردێنێ و ئەوان لەوە گەورەترن کە ئەوە پەیوەست بکرێ، یەکسەر کە ناوی ئەو شتانە دێنی، یەکسەر ناوی ئەوانیشی لەگەڵ بێنی، خاڵی لەسەر وەستان، یەعنی من ئێستا لە ڕاپۆرتەکە باسی ئەوە دەکات کە ئەندامانی یەکگرتوو پەیوەندییان کردووە بە هێزە ئەمنییەکان، بەڵام هێزە ئەمنییەکان ئەوەی کە هێناویانەتەوە هێزیان کەمە لەوێ، بۆیە نەیانتوانیوە کۆنترۆڵ بکەن، ئەی باشە ئەگەر وایە بۆچی هێزە ئەمنیەکان کە لەوێن و چەکدار کە لەوێیە ئەمانە چ هێزێکن باشە ئێستا بڕیار نادەین چ هێزێکن، بەڵام بۆ چەکدارن؟ ئەگەر وایە ئەو سەیارەی کە مەلاکەی تێدابوو سەیارەی پۆلیس بوو، سەیارەی پۆلیس نەبوو؟ یەعنی ئەدی باشە ئەو سەیارەی کە دەبە بەنزینەکە کە بە شاهێدیەوە دەبەی بەنزینیان لە سەیارەی پۆلیس دەرهێناوە، ئەی ئەم پۆلیسانە کە نین و نەبوون و ناتوانن بۆچی ئەم شتانە هەیە؟ من دەڵێم ئەم ڕاسپاردانەی کە لە ڕاپۆرتەکە هاتووە و چ ڕاسپاردەیەکی تر بێت من پێم باشە بکرێتە بڕیار، چونکە بڕیار حکومەت مولزەم دەکات ئەگەر جێ بەجێ ی بکات حکومەتێك کە بیەوێ یاسا جێ بەجێ بکات، ئەگەر تەوسیات بێت پێموایە حکومەت ئارەزوومەندانەیە و ئەم شتانە ناکات، کۆتا خاڵم ئەوەیە کە لیژنەی پەرلەمانی من نازانم ئەم لیژنەیە یان لیژنەیەکی تر، بەڵام پەرلەمان ئامادە بێ و بە بەردەوامی بەدواداچوون بکات تا کێشەکە تەواو دەبێت، نەك لە قۆناغێك دا وازی لێ بێنێ و ئیتر هیچ بە هیچیش نەبێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز ئەوانەی دەسگیر کراون تەبعەن لە زاخۆ و لە دهۆك و لە سیمێل و مەقەرات سووتاو هوتێل سووتا و خەڵكێك بە ڤیدیۆ ڕەسمی گیراوەو، من خۆم پرسی وەزیری ناوخۆم کرد ئەوانەی دەگرترێن کێن؟، ژمارەکەشیان وت و گوتیان بە ئەمری حاکم ئەمری گرتینـان بـۆ دەرکـراوە، ئینجا ئێمـە دەیـانگرین، ئەمـە یەكێك، لیژنەی ناوخۆ دەتوانن لەگەڵ لیژنەی مافی مرۆڤ بچن لەگەڵ دەزگا ئەمنیەکان لێکۆڵینەوە بکەن و بچنە لای وەزیری ناوخۆ، بانگی بکەنە لیژنەکەتان بزانن ئایا ئەو وتەیە ڕاستە، ئیجازە، یـان حـاکم ئـەمری دەرکردووە یان نا؟ ئەگەر دەری نەکردووە حەقتانە هەر شکاتێك بکەن لە شوێنێکی قەزائی، ئەمە یەك، بـە نیسبەتی گرد بوونەوەی پێش مەکتەبی سیاسی، ڕاسـتە مـن خـۆم تـەدەخولم کـردو پرسـیم بۆچـی نایـەڵن، وتیـان ئیجـازە نیـە، زروفێـك لـە دهـۆك ڕووی داوە و شـوێن سـووتاوە و خـەڵك برینـدار بـووە بـۆ ئـەوەی حادیسـەیەکی تـری وانـەبێ، لەبەرئـەوە ئێمـە نـاهێڵین ئـەمیش دەتـوانن جـەنابتان تـەعقیبی بکـەن بـزانن ئیجازە هەبووە یان نا؟ ئەگەر ئیجازەتان هەبووبێ حەقی جەنابتە، ئەگەر نەبووبێ حـەقی ئەوانـە، چـونکە ئەوان واجبیانە حیمایەی وەزعەکە بکەن، کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەتی خاڵی یەکەمەوە بۆ ئەوەی بەرچاو ڕوونیەك هـەبێ و نوقتـە نیـزام فیعلیـە مـن جـەنابت دڵنیـا دەکەمەوە ئەم ئەندامە بەڕێزانەش کە بە دەیان کەس بە بێ ئەمری حاکم گیراون و یەك ئەنـدام مەڵبەنـد و ئەندام لق و ئاستی ئێمە باسی ئەوە دەکەی کە بە گرتەی ڤیدیۆیی بینراون و وانیە هـی وا هـەبووە هـەر لەو شارە نەبووە، هی وا هەبووە لە هەولێرەوە ڕۆیشتووەتەوە لە سەیتەرە گیراوە، ڕجائەن با شـتەکان وەکـو خۆی عەرز بکرێ.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕجائەن ناوەکان بهێنن، بیدەنە لیژنەی ناوخۆ با لیژنەی ناوخۆ ئەو مەسئولە ئەمنیانە بـانگ بکـات و هـەر ناکرێت ئەوە بکەین، ڕجائەن تا نۆبەت دێت پاشان قسە بکە، ڕێزدار عیماد فەرموو.

**بەڕێز عماد محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەسـەرەتا دەسـت خۆشـی لـە لیژنـە بەڕێزەکـە دەکـەم بـۆ مانـدووبوونیان و ئامـادەکردنی ئـەم ڕاپۆرتـە تێروتەسەلە سەبارەت بە ڕووداوەکـانی شـاری زاخـۆ و دەڤـەری بادینـان کـە پێمانوایـە بـە مەسـئولانە و بـە واقعیانە ڕووداوەکان وەکو خۆیان گوێزرانەوە بۆ پەرلـەمانی کوردسـتان و ڕای گشـتی کـە پشـتگیری تـەواوی ناوەڕۆکی ڕاپۆرتەکە دەکەم، هاوڕام لەگەڵ هەموو هاوکارانم سەبارەت بە دەربڕینـی نیگـەرانی و دڵگرانـی و ناڕەحەتی خۆم لەسەر ڕووداوە نەخوازراوەکانی شاری زاخۆ و بادینـان کـە بـۆ ئێمـە نوێنـەرانی بادینـان بـە تایبەتی جێگای سەرسوڕمان بووە، چونکە من هیچ جارێك هەستم بەوە نەکردووە ڕۆژێك بێت حەدەسەکی

بەم شێوەیە لە شارەکەمان ڕوویدات، چونکە ئەوەی ئێمە شانازی پێوە دەکەین لە بادینان ئەو کەلتورە ڕەسەنە جوانەی پێکەوە ژیانی هەموو ئایین و نەتەوەکان بووە، بەڵام بە داخەوە ئەوەی کەلە ڕۆژی هەینی ڕابردوو ڕووی داوە جێگای ئەسەف و نیگەرانی بووە، هێرش کردن و سووتاندنی موڵك و سەروەت و سامانی تایبەت و گشتی و بارەگاکان لەژێر هەر پاساوێك بێت شەرمەزار و ئیدانە دەکەین، پێویستە بە یاسا مامەڵە لەگەڵ ئەنجام دەران و ئەوانەی هانی خەڵکیان داوە بکرێت، چونکە ئیستهداف کردنی پێکهاتەیەك لە پێکهاتەکانی کوردستان دا بە تاوان لە قەڵەم دەدەین و نابێ چیتر ڕێگە بەم جۆرە کردەوانە بدرێت کە ببێتە هۆی تێکدان و لەناوبردنی کەلتوری پێکەوە ژیان و سلمی کۆمەڵایەتی وڵاتەکەمان، ئەقەلیات لە کوردستان دا لەژێر کاریگەری تەهدید و کوشتن و تاڵانکردن و کەلتوری سووتاندن دا بژین، بەڕێزان هاووڵاتیانی دهۆك بەدەر نین لە هاووڵاتیانی تری کوردستان، ئەوانیش داواکاریان هەیە، گلەیی لە سەر ئەدای بەرپرسێك لەوێ هەیە، گلەیی لە کەمتر پێشکەش کردنی پرۆژەی خزمەتگوزاریەکان هەیە، بەڵام ئەوەی ئەم جارە رووی داوە بە بڕوای ئێمە زۆر زۆر دوور بووە لە داب و نەریت و کەلتوری دەڤەرەکەمان، وارد بووە لە ئەنجامی ململانێیەکی سیاسی لەنێوان دوو هێزە سیاسیەکان، هەندێ توندوتیژی لێ دەکەوێتەوە، بەهۆی خەلەلێك لەوێ یان ئەولا، بەڵام هیچ وارد نەبووە جارێك بەم شێوەیە پێکهاتەیەکی ئایینی یان مەزهەبی یان نەتەوەیی لە دەڤەرەکەمان یان لە کوردستاندا ئیستهداف بکرێت، کەسێك حسابی بۆ ئەم کارە دڕندانە نەکردووە، کە بە بڕوای ئێمە زۆر بە مەدروسی کراوەو زەرەرمەندی یەکەم لەم ڕووداوانە دەسەڵاتی دەڤەرەکە بووە، لەبەر ئەوە بەڕێزان، دەبێت ئێمە بە مەسئولانە و بە تەعەموقەوە بچینە ناو ڕەهەندەکانی ئەم ڕووداوەو، تەنها بە ڕووداوێکی تەبیعی و سەتحی وەرنەگرین، دەبێ لە خۆمان بپرسین ئایا کێ موستەفیدە لەم ساتە وەختەدا کە هەمووومان پەرۆش و چاوەڕوانی کاری باشتر بووین، چ لەسەر ئاستی دەرەوە یان ناوخۆی کوردستانداو هەوڵەکان و مەساعیەکانی دبلۆماسیەکان ئێمە وردە وردە بەرەو بەدەستهێنانی دەستکەوتی زیاتر بووین بۆ گەلەکەمان و بەرنامەی چاکسازی جەنابی سەرۆکی هەرێم دەستی پێکردووەو موئەشراتی باشیان پێوە دیار بوو، بەڕێزان ئەوەی تەماشای وەقائیعی ڕووداوەکە بکات و بە ئینسافانە شی بکاتەوە زۆر شت بە وازحی تێیدا دیارە، ڕووداوەکە زۆر لەوە گەورەترە کە چەند دوکانێکی مەی فرۆشتن یان هەندێ جێگای تر هێرشی کرایە سەر و سووتێنراون، لەبەرئەوە پێویستە ڕووداوەکە وەکو خۆی باسی لێوە بکرێت، ئاکامەکانی ئەم ڕووداوە چین؟ ئەزموون و ئەمنیەت و سلمی کۆمەڵایەتی و پێکەوە ژیانی ئوڵ ونەتەوەکان و پێکهاتەکانی ئەم وڵاتە بەرەو کوێ دەچێت، ئایا چ باشە بکرێت لەکاتی ڕووداوێکی ئەوها، کە ئەمە یەکەم جارە لەناو کۆمەڵگای ئێمەدا ڕوو دەدات، ئایا ڕەنگدانەوەی ئەم ڕووداوە چی بەدوای خۆی بەجێ دێڵێ؟ ئەگەر خوانەخواستە نەریتێ بۆ وای لێ بێت، ئیتر ئەقەلیات و کەمەنەتەوەکان لە کوردستان دا ژیان و موڵکیان بکەونە ژێر تەهدیدو مەترسیەوە، لە جیاتی کار بۆ بەهێز کردنی پەیوەندیەکان لەنێوان ئوڵ و نەتەوە و پێکهاتەکانی وڵاتەکەمان بکرێت، دیارە ئەو کارەی کە کراوە بۆ پاراستنی گیانی پێکەوە ژیان و لێبوردەیی و قبوڵ کردنی یەکتر و بەرز ڕاگرتنی

بەها مرۆییەکان و دەستەبەر کردنی مافەکانی تاك و ئازادیەکان خەریکە هەموو دەستکەوتە جوانە کان لەناو ببەین و لە ئەنجامی ململانێیەکی سیاسی کەمن قبوڵ ناکەم تۆ لە دەسەت بدەی بە بێ پاساوێکی ئەوتۆ، بەڕێزان منیش دەپرسم وەکو چەند کەسێك لە ئەندامە بەڕێزەکانی پەرلەمان کە پرسییان ئایا مەعقولە لە چەند سەعاتێك تەنها یەك پێکهاتەی ئایینی لە پێکهاتەکانی کوردستان داو لە هەموو جێگایەك ئیستهداف بکرێت؟ مەعقولە حەد بگاتە ئەوەی کە سالۆنی حیلاقە لە تەنیشتی یەکتر بن یەکێك بسووتێنرێت و ئەوەی تر نا؟ ئایا مەعقولە 600-500 کەس نزیکی شەش کیلۆ مەتر بە پێیان بچن بۆ هێرش کردنە سەر گوندێك تەنها مەسیحی تێدا دەژین؟ ئایا منیش دەپرسم بۆ سەنتەرەکانیڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و ڕادیۆ و هۆڵی بۆنەکان و گۆڤار کە تایبەت بوون بە برا مەسیحیەکان هەوڵی سووتاندنیان بۆ کرا؟ ئایا بۆچی تەنها مەسیحیەکان و ئێزیدیەکان لەو دەڤەرە دا بوونەتە ئامانج کە هەموومان دەزانین ئەمانە ئەقەلیاتن و ناتوانن بەرگری لەخۆیان بکەن، ئایا مەعقولە لە کاتی هێرش کردن و سووتاندنی دوکانەکان لە یەکێك لە ناوچەکانی ئەم دەڤەرە ئەنجام دەران لەخوارووی تەمەنی 18 ساڵی دابن و مولەثم بن بتوانن لە هەر عەشیرەتێك چەند کەس ئامادە بکەن بۆ ئەنجامدانی کردەوەیەك ، ئایا منداڵێکی خوارووی 18 ساڵی ئەم عەقڵی تەکتیکی هەیە بتوانێ کارێکی وا حەساس تەنزیم بکات؟ کە بیرمان لەوە هێنا کە چۆن قورەیشیەکان داڕشتنی پلانی کوشتنی پێغمبەرمان (د.خ) دانرا، ئایا مەعقولە ئەو هەموو لافیتە و ئەو هەموو دروشم لەکاتی حەدەسەکە ئامادە کران یان هێنانەوەی ئەو هەموو بەرد و دارو قەزمە و مەر بۆ ناو شارەکە؟ ئایا منیش دەپرسم کێ لە پشت هەندێ گروپی ئامادەکراوە هەیە کە ئێستا خەریکە ئەم گروپانە لەژێر ناوەکانی پیرۆزی ئیسلامەوە گەنجەکانی ئێمە تەنزیم بکەن کە فشار بخەنە سەر دەسەڵات و ئەقەلیاتی ئایینی لە وڵاتەکەمان بۆ وازهێنان لە کارەکانیان منیش دەپرسم وەکو برای بەڕێزم مامۆستا عمر عبدالعزیز کێ لە پشت ئەمانن و پەروەردەی کێنە؟ لەبەرئەوە بەڕێزان ئەم ڕووداوانەی ئەم جارە جێگای هەڵوەستەن، چونکە ئەگەر پەنجە درێژ بکەین بۆ دەسەڵاتی دەڤەرەکە، ئەوا خۆی زەرەرمەندی یەکەم ئەو دەسەڵاتەیە و ئەو پێکهاتە ئایینیەی کە ئیستهداف کراوە زۆربەیان لایەنگری ئەو دەسەڵاتەنە، بەڵام ناکرێت کەسێك یان لایەنێك ئیتهام بکەین پێش دیار بوونی ئەنجامەکانی لیژنەی لێکۆڵینەوە، خاڵێکی تر بەرپرسایەتی خراپ بەکارهێنانی مینبەرەکانی مزگەوتەکان دەکەوێتە ئەستۆی کێ؟ زانایان و مامۆستایانی ئایینی هەمیشە جێی ڕێز و تەقدیری هەموومان بوون، لەکاتە سەختەکاندا خەبات و ڕۆڵیان لە بیر ناکەین، بەڵام ئەوانیش وەکو هەموو کەسانێکی تر موعەرەزی هەڵە کردنن، چونکە کەس مەعسوم نیە لە هەڵە کردن، بەڵام دەبێت ئەوانە لە هەموومان زیاتر وریا و وشیار تر بن لە گەیاندنی هەر پەیامێك بۆ کۆمەڵگا، چونکە خەڵکی ئێمە بە حوکمی دڵپاکی و دڵسۆزی بۆ بەها پیرۆزەکانی ئایینی هەمیشە پێگری ئامۆژگاری و شی کردنەوەو فەتواکانی زانایان و مامۆستایانی ئایینی بوونە، لەبەرئەوە پێویستە ئەوان هەرگیز خۆیان دووربخەنەوە لە هەر قسەیەك کە ببێتە پاساوێك بۆ هەندێك کەس نیازی خراپی هەیە، ئەمە ئیستغلال بکات بۆ تێکدان و دروست کردنی ئاژاوە لەناو کۆمەڵگا دا،

هەمیشە داکۆکی لە بڵاوکردنەوەی پەیامی پێکەوەژیان و ئاشتەوایی و قبوڵ کردنی یەکتر بکەین، دیسانەوە خراپ بەکارهێنانی ڕاگەیاندن کێ لێی بەرپرسە؟ هەموومان دەزانین ڕاگەیاندن ڕۆڵێکی گرنگ وکاریگەری هەیە لەسەر وشیار کردنەوەی خەڵك و خستنەڕووی ڕاستیەکانە بۆ ڕای گشتی، بەڵام بەداخەوە لە کوردستانی ئێمەدا ڕاگەیاندن لە جیاتی گەیاندنی پەیامی پیرۆزی خۆی و پیشەییانە کار بکات، وای لێ هاتووە تەنها غەیری زمانی تەخوین و زبر و کەراهیەت و شێواندنی ڕاستیەکان و لێدانی ڕموزەکانی میللەتەکەمان هیچی تر بڵاو ناکرێتەوە، وای لێ هاتووە کە هەندێك جار مرۆڤ هەست بەوە دەکات کە تۆ لە زەمانی شەڕی موسوڵمانانەکان و کافرەکان دەژی، وا دەسەڵات پیشانی خەڵك دەدات وەك کافرێك کە پێویستە خەڵك جیهاد لەگەڵی بکات، بێ ئەوەی ئیعتبارێك بۆ هیچ شتێك دابنێن و بێ گەڕانەوە بۆ هیچ بەڵگەیەك یان دیکۆمێنتێکی یاسایی کە ئیستنادی لەسەر بکەن، من لێرە دەپرسم ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە سنوورێك بۆ ئەو جۆرە ڕاگەیاندنانە دابندرێت و ئیدی محاسەبە لەگەڵیان بکرێت، وئەوەی پێچەوانەی یاساو ڕێسا کاردەکات لەلایەن دادگاوە سزادەدرێت، ئایا بۆ ئێمە قبوڵ بکەین کە هەندێك لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن ببنە ئامرازێك بۆ دروست کردنی فتنە و ئاژاوە تا کار بگاتە ئەوەی هانی خەڵك بدەن کو دەستدرێژی بکەنە سەر ئەقەلیات و پێکهاتە ڕەسەنەکانی میللەتەکەمان، ڕۆڵ و بەرپرسایەتی پەرلەمانی کوردستان لەم بارودۆخەدا، لەبەرئەوە پەرلەمان تاکە مەرجەعەکی دەسەڵاتدارە کە هەموو هێزە سیاسیەکان و ئیتنی و ئاینیەکانی کوردستان تێیدا بەشدارن، بۆیە دەبێ پەیامی پەرلەمان لە هەموو لایەنەکانی تری کوردستان جیاواز بێت، بە مەسئولیەتی گەورەی خۆی هەڵدەستێ بۆ هێورکردنەوە و ئارام کردنەوەی بارودۆخەکە، جەخت لەسەر تەبایی و پێکەوە ژیان و یەکتر قبوڵ کردن و لەنێوان هەموو پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییەکانی کوردستان دەکات و خەڵکی کوردستان دڵنیا بکاتەوە کە ژیان و موڵك و سەروەت و سامانیان لەژێر تەهدید و مەترسی دانیە، لە کۆتایی دا دووبارە پشتگیری تەواوی ناوەڕۆکی ڕاپۆرتەکە دەکەین و بە تایبەتی ئەو ڕاسپاردانەی کە تیایدا تەسبیت کراون و ببنە بنەما بۆ دوایین هەڵوێستی پەرلەمانی کوردستان و سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز د.عمر حمدامین خدر (نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا دەستخۆشانە لە هاوکارانم لە هەردوو لیژنەی ناوخۆ و لیژنەی مافی مرۆڤ دەکەم کە بەشێوەی لیژنەیەکی هاوبەش ئەم زەحمەتەیان کێشا و لە ماوەیەکی کورت دا توانیان ڕۆڵێکی باش بنوێنن و هەروەها بە ڕاپۆرتێکی هاوبەش بگەن و پێشکەش بە پەرلەمانی کوردستانی بکەن و ڕاستیەکان بۆ ڕای گشتی بڵاوبکەنەوە، هەروەها من تەئیدی ناوەڕۆکی ڕاپۆرتەکەیان و ئەو ڕاسپاردانەیان دەکەم کە لە کۆتایی ڕاپۆرتەکەیاندا جەختیان لەسەر کردووە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ئەگەر

بە دانـانی چـەندین پێـوەری مـەنتقی و بابـەتی خوێندنـەوە بـۆ ڕووداوەکـانی $2$ی مـانگی دەڤـەری بادینـان دەکەین، بۆمـان ڕوون دەبێتـەوە کـە دوکـەڵی ئـەم ڕووداوە بـێ ئـاگر نیـە، چـونکە زۆر گرنگـە ئێمـە لەسـەر هۆکارەکان و دروست بوونی ڕووداوەکە و سروشـتی ڕووداوەکـە و ئـەو مانـا و دەلالەتـە کلتـوری و سیاسـیانە بوەستین کـە ڕووداوەکـە بـە ئێمـەی دەڵـێ، بەداخـەوەم کـە هەسـتم کـرد کـە بەشـی زۆری تـەعامول لەگـەڵ نەتائیجی ڕووداوەکە بە تایبەتیش پەیوەست بوون بە ڕۆڵی دامودەزگاکانی ئەمنی خوێندنەوەی بۆ دەکرێت کە ئەوە وارده و منیش سەرنجم هەیە، بەڵام خوێندنەوەی بابەتیانە و مەوزوعیانە بۆ سروشتی ڕووداوەکە لەو مانا و دەلالەتە کلتـوری و سیاسـیانەیە کـە ڕووداوەکـە بـە ئێمـەی دەڵـێ و هـەروەها هۆکارەکـانی پشـتی ڕووداوەکە، ڕووداوەکە خۆپیشاندانێکی مەدەنی و یاساییانە نیە، بۆیە دەچێتە خانەی ڕووداوێك کە تێکدان و گێرەشـێوێنی و فـەوزا و لـەباربردنی سـەقامگیری ئـەمنی و سیاسـی کوردسـتانی لەگـەڵ خـۆی هێنـاوە، بێگومان ئەگەر بمانەوێ یان وتەیەکی مەشهور هەیە و دەڵێ (بتەوێ کۆمەڵگایەك تێك بدەی بچۆ ئاسایش و سەقامگیری سیاسی ئەو کۆمەڵگایە تێك بدە)، لە ڕووداوەکە دا موڵك ومالی گشتی و گەشـتیاری و سـەنتەری ڕۆشـنبیری و دامـەزراوەی ئـایینی و مـەدەنی کـە هـەموویان بـە پێـی یاسـا و شـەرعی بوونیـان هـەبووە و کراونەتە ئامانج، هەروەها ئەم سەنتەرانە و ئەم شوێنانە کـە کراونەتـە ئامـانج موڵکیـەتیان بـە زۆری هـی لایەنێکە کە تایبەتمەندی مەزهـەبی و ئاییـنیـان هەیـە، ئـەوانیش خوشـك و برایـانی مەسـیحی و خوشـك و برایـانی یەزیـدین، کەواتـە لەڕێگـەی ئـەم ڕووداوەوە دیسـان ویسـتراوە خـاڵێکی کـەش کـە هەمیشـە وەك سەرچـاوەی هێـز بـووە بـۆ بـەهێز کردنـی هـەرێمی کوردسـتان لـەڕووی تەسامحی دینـی و لـەڕووی لایـەنی دیموکراسی و گەش کردنی ڕووی ئەم ئەزموونـە و بـەهێز کردنـی پێگـەی یاسـایی و سیاسـی لەسـەر ئاسـتی نـاوخۆ و ئیقلیمـی و دنیـایی لێ بـدرێت کـە ئـەویش دیـاردەی پێکـەوە ژیـانی ئـایینی و نەتـەوەیی بـووە لـە هەرێمی کوردستان، ئەمە جگە لەوەی کە ئەوەی لەوێ کراوە لەڕاستی دا پێشێلکردنی ئازادیەکانی تاك بووە کـە وەك بـەڕێزان باسـیان کـرد لـە جاڕنامـەی گـەرروونی مـافی مرۆڤـەوە تـا یاسـاکانی خۆمـان لـە هـەرێمی کوردستان جەختی لەسەر دەکاتەوە، بەڕێزان نابێ پێمان وابێ کۆبوونەوەی هەموو ئەو خەڵکە و جوڵـەیان بەم شێوەیە تەنها لە سەرینی نوێژی جومعە و لەژێر کاریگەری وتارێکی ئایینی و زانایەکی ئایینی دابـووە! بەڵکو لە پشت ئەم ڕووداوەوە گوتارێکی سیاسـی و ڕاگەیانـدن هـەبووە کـە تـەحریزی سلبی کـردووە، لـەناو ڕاپۆرتەکەی بەڕێزتان دا نموونە هەیە، چـەندین نموونـەی تـریش کـە مـن ئێستا باسـیان ناکـەم بـۆ ئـەوەی نەکەومە هەڵـەی حـوکمی پـێش وەختـە، چـەندین بەڵگـە و دیکۆمێنـت هەیـە کـە ئـەم ڕاسـتیە دەسـەلمێنێ، ئەگەر دەمانویست سنوور بۆ دیاردەیەکی نەخوازراو لـەڕووی ئـەخلاقی و ئـایینی لـە هـەرێمی کوردسـتاندا بنێین، خۆ چەندین ئامراز و مینبەری ترمان لەبەردەست بوو، هەرلە قائیمقامیەت و تەواوی موئەسەساتی حکومیـەوە تـا دەگاتـە لیژنـەی فـەتوا و یـەکێتی زانایـان و لیژنـەی ئـەوقاف لـە پەرلـەمانی کوردسـتان و نووسینگەی پەرلەمان لە ناوچەکە و چەندین کەناڵی تر، برادەرانی یەکگرتووی ئیسلامی خۆیان نموونەیان هەیە داواکاریەکی لەم بابەتە لە شاری کۆیەوە هاتووە و فراکسیۆنی یەکگرتووی ئیسلامی خۆی پێشکەشـی

پەرلەمانی کردووە، کە ئەمە دەبەستمەوە بەوەی کە ڕێزم هەیە لە گوتاری سیاسی بەشێك لە برادەرانیان دا ئەم ماوەیە باسی ئەوە کرا کە ئەم داواکاریە، داواکاریە بۆ مەسەلەی مەبەستم پێی داخستنی شوێنەکانی مەی فرۆشی و دیاردەی مەی فرۆشی، بەشێك نیە خیتابی ئێمە، بەڵام ئەوە بەڵگە هەیە کە بەشێك بووە لە خیتابی ئەوان، بۆیە من پێموایە کە ئەم ڕووداوە شکی تێدا نیە کە: یەکەم/ هۆکاری سیاسی لە پشتە و چنراوە و هەڵبەستراوی دەست و لایەنی سیاسیە، دووەم/ ئەم ڕووداوە بۆ ئامانجی ئەخلاقی و دینی نەبووە، بەڵکو بۆ ئامانجی سیاسیە  کە ئەویش بریتیە لە خولقاندنی فەوزای سیاسی و کردنی فەوزای سیاسی بە مەدخەل و دەروازە بۆ گەیشتن بە دەسەڵاتی سیاسی، من حەزم نەدەکرد ئەو بڕگەیەی کە ئێستا باسی دەکەم ، باسی بکەم، بەڵام کە هەستم کرد گوتارێك هەیە لەناو پەرلەمان ولەڕێگەی مینبەری پەرلەمانەوە بۆ ئەوەی خۆی بکات بە قریشتە لەسەر حسابی لایەنێکی تر و ئەوەی تر بکات بە دێوەزمە ناچارم ئاماژە بەم چەند خاڵەی خوارەوەش بدەم، لە مامەڵە کردن لەگەڵ ڕووداوەکە لە هەرێمی کوردستان نموونەیەك لە مامەڵەی ئیعلامی و سیاسی دەبینین کەلەگەڵ خۆی هەوڵی دا چەند ڕووداوەکە هەڵگری کۆمەڵێك مانا و دەلالەتە کە مەترسی بۆ ئێمە هەیە، شێوازی مۆدیلی ئەم مامەڵە کردنە، ئیعلامیە وسیاسیە خەتەرەکەی گەورە کرد، بۆ ئەوەی تۆمەت نەبەشمەوە، چەند نموونەیەك دەهێنمەوە کە ئەم بۆچوونەی خۆمی پێ پشت ئەستوور دەکەم، ئەم گوتارە و ئەم مۆدیلە ئیعلامیە و سیاسیە تەنها جەخت لەسەر سووتانی بارەگاکان دەکات کە منیش ئیدانەی دەکەم، بەڵام دەیهەوێ تەعامول لەگەڵ ڕەدفعلەکە بکا و ئەسڵی فعلەکە کە ئەو پێویستە لەسەری بوەستین ون ببێت، دوو/ ئەم گوتاری ئیعلامیە سیاسیە پێش تەحقیق کەوت، پێش مامەڵە کردنێکی یاساییانە و موئەسەساتیانە کەوت، حوکمی پێش وەختەی دا، کە نەدەبوو حوکمی پێش وەختە بدرێت لەلایەن هیچ لایەنێکەوە، لە سۆنگەی ڕەدفعل لەگەڵ ڕووداوەکە کەوتنە مامەڵەیەکی سلبی لە وەسف کردنی پەرلەمانیشا، هەر ئەمڕۆ لە یەکێك لە ڕۆژنامەکاندا ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکێك لە لایەنە سیاسیەکان پەرلەمانی کوردستان بە ئیفلیج وەسف دەکات، یان وەسفی ئەوە دەکرێت کە پەرلەمانی کوردستان لەڕابردوو چی پێکراوە تا لە داهاتوودا ئەوەی پێ بکرێت، یان دەڵێ لیژنەی تەحقیق بۆ چیە؟ ئەی باشە ئەگەر ئێمە بمانەوێ فعلەن لە دەرەوەی حیزبایەتی مامەڵە لەگەڵ ڕووداوەکان بکەین دەبێ بڵێین تەحقیقی یاساییانە بکرێ ودەبێ بڵێین پەرلەمان ڕۆڵی خۆی ببینێ، ئێمە پێویستمان بەوە نەبوو لەڕێگەی مینبەرەکانی ئیعلامیەوە هەوڵ بدەین دۆست ولایەنگرانی خۆمان بێنینە سەر جادە، بەڕێزان لە ئەنجامی ئەم گوتارە ئیعلامیەوە لە زانکۆ شەڕەبۆکس ڕووی داوە، واتە ئەم جۆرە ئیعلامیە سلبیە بوو بە هۆی ئەوەی کە لە ڕاستی دا خەتەرەکە گەورەتر بێت بەشێوەیەك کە مەترسیەکان بۆ سەر سەقامگیری سیاسی و کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستان دا زیاتر بێت، دیسانەوە باسی پەروەردە کرا، لەناو هۆڵی پەرلەمان دا باسی پەروەردە کرا، زۆر گرنگە کە لەسەر پەروەردە بوەستین، بەڕێزان ئەوە ئێمە نین کە کۆمەڵێك کەسمان بەناوی بانگخوازەوە هێناوە و پشتیوانی جۆراوجۆریان لێ دەکەین کە نموونەی بەردەست لە ئارادایە بە چەند سەعات قسە لەسەر نەفی کردنی ئایینێکی تر دەکاتەوە، هەروەکو بەڕێزێك

شەوی ڕابردوو لە یەکێك لە کەناڵە ئیعلامیەکاندا گوتی ئەمە لە وڵاتێکی تر بایە دەدرا بە دادگا، ئەمە ئێمە نین ناوی پیرۆزی ئاینی ئیسلام و قورئانی پیرۆزمان کردووەتە وەسیلە بۆ حیزبایەتی و ئامانجی سیاسی و گەیشتن بە دەسەڵاتی سیاسی، یان ناو لە ڕادیۆکەمان بنێین قورئانی پیرۆز لە میبنبەری ئەم ڕادیۆیەشەوە هەوڵ بدەین تەحریزی سلبی بکەین، ئەمانە و ئەم نموونانە پێشێلکردنی یاسان لە دوو لایەنەوە، یەکێکیان/ یاسای ئەحزابی سیاسی لە هەرێمی کوردستان کە لە هەموو حیزبە سیاسیەکان قەدەغە دەکات گوتارێکی توندڕەو پەیڕەوی بکەن کە ببێتە مایەی لەباربردنی سەقامگیری سیاسی و لێکترازانی سیاسی و ئاشتی کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستان، لەلایەکی تریشەوە پێشێلکردنی یاسای ڕۆژنامەگەریە کە دیسان دامودەزگاکانی ئیعلام پابەند دەکات بە بڵاوکردنەوەی گوتارێك کە ببێتە هەوێنی ئاشتی و تەبایی کۆمەڵایەتی و سیاسی نەك بە پێچەوانەوە، باسی ئەوە کرا کە ئەمە تەقینەوەی کۆمەلایەتیە، لەڕاستی دا ئەمە تەقینەوەی کۆمەڵایەتی نیە بەڕێزان، ئەمە تەقینەوەیەکی ئاینی توندڕەوە کە دژی تەعەدودیەت و مەدەنیەت وئازادی تاك و تەساموحی سیاسی و ئاینی و نەتەوەییە کە گەرەکیەتی بەزۆر جۆرێك لە ژیان، جۆرێك لە ڕەفتار و جۆرێك لە هەڵسوکەوت و دەسەڵات بەسەر خەڵك دا بسەپێنن، تەقینەوەی کۆمەڵایەتی ئەم شوێنە مەدەنیانە ناکات بە ئامانج، تەقینەوەی کۆمەڵایەتی لەڕێگەی ئامرازە دیموکراتیەکانەوە هەوڵ دەدات پەیامی خۆی بگەیەنێ، باس لە تەقە کردن کرا، زۆرم پێ سەیر بوو کە ئەندامی پەرلەمان پێی وابێ دامودەزگا ئەمنیەکان لەوێ تەقەیان نەکردووە، سەرنجمان هەیە لەسەریان لە هەندێ لایەنەوە موقەسیرن، بەس ئێمە نابێ پێمان وابێ دامودەزگا ئەمنیەکان لەوێ کەموکوڕیان هەیە لەوەی کە تەقەیان نە کردووە، ئەسڵەن خاڵێکی باش بۆ ئەوان لەوەیە کە تەقەیان نەکردووە، دەستیان خۆش بێ، چونکە لەبیرمان بێ ئێمە لە بڕیاری ژمارە $1$ سەبارەت بە ڕووداوەکانی $17$ ی شوبات برادەرانی ئۆپۆزسیۆن لەناویشیاندا برادەرانی یەکگرتوو زۆر جەختیان کردەوە لەسەر ئەوەی کە دەبێ لەناو بڕیارەکە دا دەقێك بهێنین کە دامودەزگا ئەمنیەکان و پۆلیسیەکان بۆیان نەبێ تەقە لە خەڵك بکەن، ئەی ئەوەیان جێ بەجێ کردووە، سەبارەت بە بارەگا سووتاوەکان دیسان جەخت لەسەر ئەوە دەکەمەوە ئێمەش پێمان ناخۆشە و ئێمەش موتەئەسفین، بەڵام بەڕێزان ئیتر قیامەتیش دروست نەبووە، لەماوەی $17$ ساڵی ڕابردوو دا یەکگرتوو لە بادینان هەیە، چەندین موئەسەساتی جۆراوجۆری هەیە، ئیعلامی هەبووە، ڕێکخستنی هەبووە، کادیری هەبووە، بەشداری لە هەڵبژاردنەکان کردووە، ئەندامی پەرلەمانی هەیە لێرە نوێنەرایەتی مەنتیقە دەکات و لە بەغداش هەیەتی و نوێنەرایەتی مەنتیقە دەکات، لەناو ئەنجومەنی پارێزگای دهۆك دا نوێنەری هەیە، خۆیان ئێستا بگەڕێیەوە بۆ ئەدەبیاتی سیاسی و ئیعلامی ئەوان چەندین نموونە هەیە لەسەر ئەوەی کە ئەوان لە پەیوەندیەکی باش دان لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان لەوێ، ژمارەی ڕێکخستنەکانیان کە ئێستا ئیعلانی دەکەن و پێمان دەڵێن کە لەوێ گەشەمان کردووە، ئەگەر دکتاتۆریەت هەبێ لەوێ و ئەگەر ئازادی سیاسی قەدەغە بکرێت لەوێ ئەم گەشە کردنە لەسەرینی چیەوەیە؟ ئەم وجودەی ئەوان لە کوێوە هاتووە؟، بەشداری ئەوان لە حکومەتەکان کە پارتی

سەرکردایەتی دەکرد لە کوێوە هاتووە؟، بۆیـە ئـەم ڕووداوە کـە هـەمووومان موتەئەسـفین بارەگاکانی ئـەوان سووتاوە، هەموومان موتەئەسفین، بەڵام نابێ پێمان وابێ ئـەوە نیشـانەی ئەوەیـە ئـازادی سیاسـی نیـە، ئـەم مێژووە دووورودرێژەی ئازادی سیاسی و کـارکردن لـەوێ تـەنها لـەو نموونەیـەدا چـڕ بکەینـەوە و ئـیتر ئـەوە حەقیقەتەکانی تر پشت گوێ بخەین، لـە کۆتـایی دا جـارێکی تـر پشـتیوانی خـۆم بـۆ ئـەو تەوسـیاتانەی کـە لەناو ڕاپۆرتەکە هەیە دووبارەی دەکەمەوە، لەگەڵ ئەوە دا کە دەمەوێ بڵێم ڕەنگە بۆ مامەڵە کـردن لەگـەڵ گوتاری ئایینی پێویستمان بەوە هەبێ لە ئاییندەدا  یاسایەك دەربکەین، هەوڵ بـدەین هـەموو لامـان بایـەخ بەوە بدەین کە گفتوگۆ بکەین کە یاسایەکمان هەبێ کە ئەم پرسە گرنگەمان بە شێوەیەك بۆ ڕیکخا، فعلەن گوتاری ئایینی خاڵی بکاتەوە لەو مەترسیانەی کە لەلایەن تەتەروف و توندوتیژی هەموومان پێمان باشە و لێی دەترسین و دەمانەوێ ئەمە لەناو گوتاری ئایینی دانەبێ، هەروەها بێ لایەن کردنی گوتاری ئایینی، من گوێم لێ بوو خوشکە ناسك گوتی لە بادینـان هـیچ مەلایـەکی ئێمـە نیـە، نـابێ بـەو شـێوەیە بـیر بکەینـەوە، دەبێ پێمان وابێ مەلاکان هی هەموومان بن، نەك تەنها هی لایەنێکی سیاسی بێ، ئەسڵەن بە یاسا پێویستە ئێمە ئەوە تەسبیت بکەین هەر کەسێك لە مینبەری مزگەوتەوە بێت نابێ سەر بـە هـیچ لایـەنێکی سیاسـی بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك احمد فەرموو.

**بەڕێز احمد سلێمان عبدالله(بلال):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشـەکی مـن دەسـت خۆشـی لـە لیژنـەی تایبـەت دەکـەم و سوپاسـی مانـدووبونیان دەکـەم، لەگـەڵ چـەند تێبینیەکیشم لەسـەر ڕاپۆرتەکـە، بـەڵام دیـارە کـاری ئینسـان بـێ کـەموکورتی نابێـت، دەمـەوێ لێـرەوە مـن ئیدانەی هەموو ئەو توندوتیژیانە بکەم کە پێشـتر ڕوویانـداوە و لـە داهـاتووش دا ڕوودەدەن، چـونکە ئێمـە پێمان وانـەبێ کـە ئـەو توندوتیژیـە ڕووی دا دیسـانەوە ڕوونـاداتـەوە، توندوتیـژی بـە هـەموو شـێوەکانیەوە دیارە، من پێموایە نەدەبووایە بە تایبەتی لە شاری زاخۆی خۆشەویست و لـە دهـۆکی خۆشەویسـت شـتی وا ڕووی بدابایە، چۆنکە بەڕاستی خەڵکی ئەوێ واناسراون و وا مەعروفن کە خەڵکی ئـارام و لەسـەرخۆ و زۆر بەڕێزن، بەداخەوە دیارە چەند کەسێك دەستی ئاژاوەیان کردووە و کۆمەڵێك کاری ئاژاوەگێڕیان گێڕاوە، من پێموایە بەڕاستی دەمەوێ لێرەوە ئەوە بڵێم کە جەنابی سەرۆکی هەرێم زوو فریای قەزیەکە کەوتووە، مـن پێموایە بەڕاسـتی جەنابیشـیان ئاگایـان لێ نـەبووە، بۆیـە مـن لەگـەڵ ڕێـزم بـۆ هـەموو ئـەو بەڕێزانـەی کـە قسەیان کرد، بەڵام دەبووایە هەندێك مولاحەزاتی زیاتریان هەبووبا لەسەر دەست خۆشـیان بـۆ بـەڕێزیان ، بە تایبەتی پەرلەمانیش بەگشتی کە دەوریان بینیوە بە تایبەتی لیژنەی فەوری ڕۆیشتووە و ڕاپـۆرتی زوو ئامادە کردووە و هێنایەوە کە ئەوە بەڕاستی جێگەی دەستخۆشی و جێگـەی ئومێـدە، دیسـانەوە ئێمـە نـابێ ئەوەمان لەبیر بچێت لەبەرخاتری ئـەوەی کـە هەنـدێك شـت کـراوە تەحـەفوز لـە هەنـدێ شـت بکـەین، مـن

پێموایه بەڕاستی ئەم کارەی لە بادینان ڕووی دا باش وابوو کە نە بکرێت بە حیزبی و نە بکرێت بە ئایینی، چون بەڕاستی پێموایە نە ئایینیە و نە حیزبیە، من پێموایە کۆمەڵێك خەڵك بۆ شاردنەوەی هەندێ کەموکوڕی خۆیان مەبەستم هەندێ مەسئولینی ئەوێیە، مەسئولینی حکومیە بۆ شاردنەوەی هەندێ لە گەندەڵیەکانی خۆیان ئەو قەزیەیان گەورە کرد و کردیانە هەم ئایینی و هەم سیاسی بۆ ئەوەی کە هەموومانی پێوە سەرقاڵ بکەن و دواجاریش خۆیان لەم گەندەڵیە دەرباز بکەن، فیعلەنیش توانیان ئەم کارە بکەن و کردیشیان، بەڕاستی من زۆر نیگەرانم لەوەی کە برا مەسیحیەکان یان هەر کەمە نەتەوایەتیەك یان کەمە ئایینیەك لە هەرێمی کوردستان هەست بە نیگەرانی بکات و هەست بە ترس بکات لە کاتێك دا کە نەدەبووایە شتی وا ڕووبدات و بە تایبەتی لەناو ئێمەی موسوڵمان کە خاوەنی قورئانێکین کە ئەم قورئانە خوای گەورە دەفەرموێ (لاکراه فی الدین) زۆر بە سەریحی دەڵێت زۆری نیە لە دین دا هەموو کەس ئازادە چ دینێك وچ مەزهەبێك هەڵدەبژێرێ و چ شتێك بۆ خۆی هەڵدەبژێرێ، لەبەرئەوە ئەگەر بشگەڕێینەوە بۆ تاریخی ئیسلامی دیسانەوە هەر لە سەردەمی پێغەمبەر (ص.ع) خۆی حکومەتی پێکهێناوە لە مەدینە، مەسیحیش و مەجوسیش و یەهودیشی لێ بووە زۆر تەعامول کردنیشی لەگەڵیان باش بووە و دراوسێی بوونە، ئەم دراوسێیەتیە بە شێوەیەك و بە ڕادەیەك بووە کە بەهۆی ئەخلاقی جوانی پێغەمبەر (ص.ع) کۆمەڵێك لەوانە هاتوونە سەر دینەکەی، بۆیە بەڕاستی ئێمەی موسوڵمان لەسەرمان واجبە ئیحترامی دراوسێ بگرین، دراوسێ با هەموو کەسێك بێت، جا ئەو برایانە کە دراوسێی ئێمەنە بەڕاستی نابێ ڕێگە بدەین کەسانێك بیر لەوە بکەنەوە یان کارێکی وا بکەن کە ئەم برا بەڕێزانەی ئێمە هەست بە نیگەرانی و دڵەڕاوکێ بکەن، ئەگەر شتی وا ڕووبدات بەڕاستی جێگەی نیگەرانیە، دیارە دیسانەوە مەسەلەی ئیمان هێنان خوای گەورە دیسان دەفەرموێ ( فمن شاء فلیؤمن ومن شاء فلیکفر) دیسان ئازادیە لێرە، ئازادی دین وئیمانە بۆ ئینسان کە چ دینێك و چ ئایینێك هەڵدەبژێرێ، کەواتە هیچ کەس لە ئێمە لە موسوڵمان و لە غەیری موسوڵمان بۆی نیە بە دراوسێکەی و بە هاوڕێیەکەی کە لە دراوسێیەتی یان هەر شتێك کە هەیە لە هەر دینێکە و لەهەر مەزهەبێکە بۆی نیە بە هیچ شێوەیەك دژایەتی بکات، ئەگەر بێینە سەر مەسەلەی مەشروبات و ئەو شتانە دیسان من لێرەوە دەیڵێم کە بۆ موسوڵمان نیە بچێت دوکانی مەی و مەشروبات و یان هەر شتێکە بە تایبەتی هی مەسیحیەکان ئەگەر موسوڵمان بێت لەوانەیە مەجالێکی تێدا بێت بچێ بیشکێنێ، بەڵام هی مەسیحی بۆی نیە موسوڵمان بچێ کۆگای مەسیحی تێك بدات و بیشکێنێ، ئەگەر بۆی هەبا پێغمبەر (ص.ع) ئەو کاتە ئەوەی دەکرد و دەهات لە مەدینە هەموو کۆگاکان یان هەموو ئەو مەشروبخانانەی کە هەبوو تێکی دەشکاندن، بەڵام بۆ نەیکرد؟ کە نەیکرد کەواتە ئێستاش بۆ موسوڵمان دروست نیە ئەو کارە بکات، ئەگەر بێینە سەر ڕاپۆرتەکە بەڕاستی چەند خاڵێك و چەند تێبینەکم هەیە لەسەر ڕاپۆرتەکە، دەبووایە چەند پرسیارێك بکرابایە، نازانم کراوە یان نا لە ڕاپۆرتەکە نەهاتووە، چەند پرسیارێك بکرابا لەم بەڕێزانەی کە قسەیان لەگەڵ کراوە، باس لەوە دەکرێت لە ڕاپۆرتەکە دا لە دەوروبەری کاتژمێر 7 و نیوی شەو لە دەوروبەری نیسیرکێ حەوت کەس

کۆبوونەتەوە و جەنابی قائیمقامیش لەوێ بووە، ئەرێ خێرە جەنابی قائیمقام نەیتوانی کۆنترۆڵی حەوت کەس بکات؟ دواتر وردە وردە خەڵك لەخۆ کۆ بکەنەوە و بێن ئەو کۆگای مەشروبانە تێك بدەن و بشکێنن؟ بەڕاستی جێگەی پرسیارە لە جەنابی قائیمقامی دەکەم، دەبووایە ئەو پرسیارەی لێ بکرابا، دیسان لە شوێنێکی تر هاتووە لە ڕاپۆرتەکە دەڵێ لە گوندی سێجێ بیست کەس لەوێ بوون دواتر خەڵکی دیکەیان لێ کۆبووەتەوە و قائیمقامیش لەوێ بووە، ئەرێ چۆنە قائیمقام نەیتوانی کۆنترۆڵی بیست کەس بکات؟ بەڕاستی جێی پرسیارە ئەوە، یان لە دهۆك کاتێك کە بەرپرسانی یەکگرتوو لە دهۆك لە سەعات 11 پەیوەندیان بە جەنابی موحافزەوە کردووە دواتر بە پێی ڕاپۆرتەکە دەڵێ بیست کەس تا سی کەس هاتوون بارەگاکەیان سووتاندوە، ئەی حکومەت لە کوێ بوو و بۆ نەیتوانی کۆنترۆڵی بیست، سی کەس بکات لە سەعات دوو و سێی شەو؟ ئەگەر بە ڕۆژیش با بەهەرحاڵ لەوانەیە حاڵەتێکی دیکەی بۆ دۆزرابایەوە، یان لە ڕاپۆرتەکە هاتووە باس لەوە دەکات لافیتەیەك لەسەری نووسراوە (لاالـه الا الله محمـد رسـول الله)، بەڵام باس لەوە ناکات کە کە چەندین شتی دیکە لە ناو ڕێپێوانەکە دا هەبووە بە عەلەمی جۆراوجۆر و بەڕەسمی جۆراو جۆر ئەو خەڵکە هەڵی گرتووە، ئەگەر ئەوە دەنووسرێ، ئەوەشتان نووسیبا دەبووایە، یەعنی بەڕاستی یەکلایەنەتان نەنووسیوە، ئەگەر یەکلانە بایە دەبووایە بێ تەرەف بان لە نووسینەکە و دەبووایە ئەگەر ئەوەشتان دەنووسی دەبووایە بنووسیبایە، من پێم وانیە ئەم مامۆستا بەڕێزە یان هەر مامۆستایەکی تریش چۆن باش دەزانن ئەو مامۆستا بەڕێزانە کە باسی مونکەرات دەکەن وەکو لە ڕاپۆرتەکەش دا هاتووە مونکەرات یەعنی چی؟ من پێم وانیە کارێکی هەڵەیان کردبێت لە باسی مونکەرات، ئەگەر بە دەلیلی ئەوەش وەکو مامۆستا بەشیر باسی کرد ئەو کەسەی کە لەناو مزگەوتەکە هەستاوە وقسەی کردووە دیارە ئەو مامۆستایە بەڕوونی قسەی وای نەکردووە کە بڵێ بڕۆن ئەم کارانە بکەن، ئەگەر وای بگوتبا پێویستی نەدەکرد نەفەرێك هەستێ و بڵێ ئەی بۆ نەچین ئەو مەساجانە بسووتێنین یان تێکیان بدەین؟، هەتا من بیستم کە ئەو مەساجە ئەسڵەن هی کەسێکە موسوڵمانە، نەك مەسیحی و یەزیدی و ئایینێکی تر، یەکەم شوێنیش کە سووتێنراوە مەساجەکە سووتێنراوە، کەواتە هەر ئەوانە و کۆمەڵێك دەلیلی تریش هەیە من نامەوێ باسیان بکەم و بچمە وردەکاریەکانەوە و وەکو کۆمەڵێك بەڕێز باسیان کرد کە تۆمەت نەبەخشینەوە بۆ کەس، ئەمە ئەوە دەردەخات کەمەسەلەکە ئایینی نەبووە، یەعنی موسوڵمان و مەسیحی و موسوڵمان ویەزیدی و ئەوانە نەبووە، لەوانەیە عەسەبی بووبێ یان کۆمەڵێك وەکو گوتم کۆمەڵێك خەڵکی مەسئولینی خوارەوەی حکومەت لەناوچەکە بۆ شاردنەوەی گەندەڵیەکانی خۆیان ئەو ئاژاوەیان ناوەتەوە، هیوادارم ئێمەش هەموومان بەو چاوەوە سەیری قەزیەکە بکەین کە چۆن چارەسەری بکەین، نەك چۆن برەوی پێ بدەین، هەر کەس دیفاع لە خۆی بکات، ئێمە بەوە دەتوانین سەرکەوتوو بین کە بێین کێ تاوانبارە و ئیجرائاتی یاسایی خۆی لەگەڵ بکرێت و کەسیش خۆی نەکات بە خاوەنی، چونکە ئەمە ئەگەر کراوە چەند کەسێك کردوویەتی، لە فەرەزەن ئەگەر ئەو کەسە سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستانیش بێت دڵنیام پارتی دیموکراتی کوردستان وەکو قیادە بەو مەوزوعە ڕازی نیە، لەبەرئەوە تکا دەکەم خۆ

مەكەن بە خاوەنی كەسێك كە خەتایەكی كردووە، با كەسێك خەتای كردووە ئیجرائاتی یاسایی لەگەڵ بكرێت، كەمتەرخەمی كردووە ئیجرائاتی یاسایی لەگەڵ بكرێت، بەوەش دەتوانین ئیجرائات لەگەڵ هەموو كەس بكەین و كوردستان و وڵاتەكەشمان وا لێ بكەین ئارام بێ و هێمن بێ و كەسیش نەتوانێ غەدر لە كەس بكات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت بەس یەك شت كە دەڵێی مەسیحی موسوڵمان مەشروب بیفرۆشێ و بیشكێنێ قەیناكە، چۆن قیناكە؟ ئەویش نابێ، كاك احمد فەرمووو.

**بەڕێز احمد سلیمان عبدالله(بلال):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من وام نەگوت داوای لێ بوردن دەكەم، من نەمگوتوە، وتم ئەگەر لە فەرەزەن ئیجازە هەبێ بۆ ئەوان، بۆ ئەوان هەر نیە، یەعنی مەبەستم ئەوەیە نابێ، ئەوە ئیشی حكومەتە، ئەسڵەن لە ئیسلام دا ئەوە ڕوون دەكەمەوە نەوەكو هەڵە حاڵی بوون بێ، لە ئیسلامدا یەعنی حوكمی ئیسلامی وایە هەتا حكومەت هەبێ هیچ شەخسێك وەكو شەخس بۆی نیە یان مامۆستایەك یان كەسێك بێ وتار بدات وقسە بكات و بڵێ بچین فلاَن شت بكەین، فلاَن مونكەر لاببەین، فلاَن مونكەر لابردن لەسەر حكومەتە، هەر كەسێك بیكات سەربەخۆ ئەوە موخالەفەی شەرعی كردووە، ئەوە حوكمی یاسایی هەیە وحوكمی قانونی هەیە، من نەمگوتووە ئەوە، ئەگەر واحاڵی بوون داوای لێ بوردن دەكەم و من شتی وام نەگوتوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

وابزانم وتت، بە حەقیقەت زۆر زۆر ئەوەیە، ئێمە بۆ ئەوەی ئەو كێشەیە، ڕاستە سەدی سەد بەڕێزێكی تریش ئیشارەی پێی كرد ئیحتماله لەناو لایەنێكی سیاسی هەندێ كەس هەبوو بێ و لەلایەنەكەی تر هەندێ كەس هەبووبێ، بەلاَم یان بۆ مەسڵەحەتی خۆی بێ یان دەست بێت حیزبەكەی نەكەینە خاوەنی ئەو كەسە، حەقیقەتەكە دەربكەوێ و ئەوەی كردوویەتی ئیجرائاتی لێ وەربگیرێ و وەزعەكەش چاك بكرێت، ئەمە زۆر زۆر ئەم سێ نوقتەیە زۆر موهیمە، كاك عمر فەرمووو.

**بەڕێز عمر صدیق محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەرەتا جێی خۆیەتی دەست خۆشی لە هەردوو لیژنەی ناوخۆ و مافی مرۆڤ بكەین بۆ ئەوەی كە بەڕاستی وەكو پێویست مامەڵەیان لەگەڵ ڕاپۆرتەكە كردووە، مەبەستم لەمە چیە؟، ئەوان ڕۆیشتوون حەدەسەكەیان هێناوە بۆ پەرلەمانی كوردستان، پەرلەمانی كوردستان ئەمڕۆ قسەی لەسەر دەكات و كۆمەڵێك ڕاسپاردەیان خستووەتە بەردەمی ئێمە، ئەگەر هەر ئیزافەیەكمان هەبێ دەتوانین ئیزافەی بكەین و هەر خاڵێكیشمان

پێ باش بێ پشتگیری دەکەین و هەر خاڵێکمان پێ خراپ بێ دەنگ لەسەر ئەوە بدەین کە نەیهێڵین، بۆیە من محاوەلە دەکەم مامەڵەم لەگەڵ ڕاپۆرتەکە و لەگەڵ ڕاسپاردەکان لە چوارچێوەی حەدەسەکە بێ و هەوڵێکیش بدەم بۆ ئەوەی لە داهاتوو چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو حەدەسانە بکەین، یەکەم شت پێویستە ئێمە لەسەر ئەوە کۆ دەنگ بین کە ئەم کارە کارێکی تێکدەرانە بووە، ئاژاوەگێڕی بووە، ناکرێت لە خیتابی ئایینی یان لە گوتاری سیاسی کاری تێکدەرانە ببەستینەوە بە پرۆسەی چاکسازی و بە عەدالەتی کۆمەڵایەتیەوە، چونکە بە خراپ باش ناکرێت، بەداخەوە لە هەندێ پەیام و لە هەندێ کەناڵی ڕاگەیاندن ئەم بابەتە پێکەوە بەسترانەوە، بۆیە بەڕێزان لە ڕاسپاردەی یەکەم دا زۆر جوان هێناویانە کە مەحکوم و ئیدانەی ڕووداوە نەخوازراوەکان دەکەین، بەڵام من پێشنیار دەکەم لێرە بۆ ئەوەی بەزەقی بێت وشەی تێکدەرانەش بهێنین، چونکو بە حەقیقەت ئەو کارەی کە کراوە نە ئیجازەی هەبووە و نە کارێکی مەدەنی بووە، خاڵی دووەم بەڕێزان وەك لە ڕاپۆرتەکە هاتووە بەداخەوە لەناو حەدەسەکە دا دەقی ئایینی بەکارهێنراوە، دەقی ئاینێکیش کە ئاینی زۆربەی هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستانە کە ئەویش ئاینی پیرۆزی ئیسلامە، ئەوانەی کە شارەزاییان هەیە لە دینی ئیسلام و بەڕێزان لە یەکێتی زانایان و ڕۆشنبیران باش دەزانن ئەگەر دەقێکی ئایینی وەکو خۆی مامەڵەی لەگەڵ نەکەی ئیمکانە ڕێڕەوێکی خراپ و بەرەو توندوتیژیمان ببات، چ لەسەر ئاستی جیهان، وە لەناو هەرێمی کوردستانیش ئەمە پەیڕەو کراوە و چەند حەدەسێکی بەرجەستەمان هەیە بۆ ئەم بابەتە، بۆیە من لێرەوە دەڵێم ئەم کارەی کە ڕووی داوە هەرچەندە حکومەتی هەرێمی کوردستان و بزات سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و خۆشبەختانە هەر لە دوای ڕاپەڕینەوە هەتا ئێستاشی لەگەڵ بێت هەموو هەوڵەکانی بۆ ئەوە بووە کە پێکەوە ژیانی ئایینی و کۆمەڵایەتی و کەمە نەتەوەیی لە هەرێمی کوردستان بپارێزێ، بەڵام ئەبێ ئێمە واقعیانە وبابەتیانە مامەڵە لەگەڵ توندوتیژی و کێبڕکێ و سیراعی ئەقوام و ئەدیان بکەین، دەبێ دان بەوەدا بنێین کە لە عیراق دا ئەم بابەتە هەیە، ئیمکانیشی هەیە ئەم بابەتە بۆ هەرێمی کوردستان لەلایەن کەسێك یان گروپێك یان تەیارێك بگوازرێتەوە بۆ هەرێمی کوردستان، بەڵام خەتەر لەوەیە ئەگەر ئاینێکی دیاری کراو ئەمە تەیار بکا و تەوجیه بکات، بەڕێزان لەدوای نەوەدەکان بەداخەوە کاتێك کە هەرێمی کوردستان دەرگای واڵا بوو بەڕووی دنیا، چەندین کتێبی ئایینیمان هاتووەتە ناو هەرێمی کوردستان، کە خوێندنەوەیان بۆ دەقە ئاینیەکان، بۆ ئایەتەکانی قورئان و بۆ فەرمودەکانی پێغەمبەری خوا دروودی خوای لێ بێ زیاتر توندڕەوانە بووە، لەپاڵ ئەوەشدا خۆشبەختانە خوێندنەوە و تەفسیری میانڕەوانە و واقعیانە و بابەتیانە بۆ تەفسیری ئەم دەقانە هەبووە، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ بڵێین ئەو خوێندنەوە توندانەی کە هەبوون هیچ حەدەسێکی گەورە نەکردووە، هەموومان ناوەڕاستی نەوەدەکانمان بەبیر دێت کە زۆر ئاسان بوو بۆ مامۆستایەکی ئایینی کە تەکفیری لایەنێکی دیاری کراو بکات، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە چەندین کەس شەهید بکرێن و بکوژرێن لەسەر ئەم حاڵەتە، وشەی (الله اکبر) و ئەحادیس و ئایەتەکانی قورئان بۆ ئەم شەڕە بەکاردەهێنرا، لە گوتارەکاندا هەوڵی داماڵینی ئاینی ئیسلام و باوەڕداری لە بەشێکی کۆمەڵگای کوردی

ئـەدرا، حەدەسـێکی تـر لـەناو هـەولێر پایتـەختی هـەرێمی کوردسـتان چـەند کەسـێك هـەبوون لەلایـەن ئیعلامــەوە و لەلایــەن دەزگاکــانی هــەرێمی کوردستانیشــەوە پــاش ئــەوەی کــە تــەحقیقیان لێ کرابــوون نەتائیجـەکانیان درا و پێشـکەش کـران بـە هاووڵاتیـانی هـەرێمی کوردسـتان، چـەند کەسـێك هـەبوون کـە تێزابیـان بـەکارهێنا بـۆ توندوتیـژی بەرامبـەر بـە ڕەگـەزی مێینـە، ئەمـە لـە چیەوە سەرچاوەی گرتبـوو؟ لەوەوە سەرچاوەی گرت بوو کـە تەفسیرێك و خوێندنەوەیـەکی هەڵـە بـۆ حەدیسێك یـان چـەند ئایـەتێکی قورئان دەکرا لەوەی کە (الامر بالمعروف والنهی عن المنکر) یان (من رأی منکم منکرا فلیغیره بیدیه، فان لم یستطیع فبلسانه، فان لم یستطیع فبقلبه) وەتا کۆتایی حەدیسەکە، خوێندنەوە بـۆ حەدیسـە خوێندنـەوەی جیاجیای بۆ هەیە، بەڕێزان هەندێك بە ڕوونی و بەدوای سەبەبی وتنی حەدیسەکە نەڕۆیشـتوون، بۆیـە وا داوا لە موسوڵمان دەکەن کـە ئەگـەر تاوانێکیـان بینـی ڕاسـتەوخۆ خـۆی بـە دەسـتی خـۆی بیگـۆڕێ، ئەگـەر نـەیتوانی بە زمانی بیگۆڕێ، بەڵام خۆشبەختانە لە هـەمان کاتـدا لێکدانـەوە و تەفسیری تـر هەیـە بـۆ ئـەم حەدیسـە کـە دەڵـێ مەبەسـت لـە دەسـتەکە لـەناو دەولەیـەکی موعاسـر دا دەبـێ لەڕێگـەی ئـەجهیزەی تایبەتمەنـدەوە بێـت، بۆیـە پێویسـت دەکـات لەسـەر لایەنـە پەیوەنـدارەکان لەلایـەن حکومـەتی هـەرێمی کوردستانەوە بزات وەزارەتی ئەوقاف و یەکێتی زانایانی ئیسلامی و بـەڕێز لیژنـەی ئـەوقاف لـە پەرلـەمانی کوردستان و بەڕێزان لە ئەحزابی سیاسی لە هەرێمی کوردستان، جەخت لەوە بکەینەوە ئەم خوێندنەوەیـە زاڵ بکەین، نەك خوێندنەوەکەی تر، چونکە لـە داهاتوودا هـەموو ئەگـەرێك هەیـە بـۆ ئـەوەی توندوتیـژی ڕووبدات، ئەگەر ئەو خوێندنەوەی تر هەبێ، بـەڕێزان هـیچ شـتێك بەقـەدەر دەقـی ئـایینی بـەهێز نیـە بـۆ ئەوەی وا بکات لە ئینسانێك کە کردەوەیەك ئەنجام بـدات، وابـزانم نارەحـەت تـرین شـت ئەوەیـە کـە گـۆڕی کەسێك هەڵبدەیتەوە، هەمووومان ئەو حەدەسەمان بە بیر دێت لەناو هەرێمی کوردستاندا گـۆڕی شـێخەکانی ئێمـە هەڵدرایـەوە، لەسـەر چ بنەمایـەك بـوو ئـەوە؟ چ کەسـێك پـاڵی پێـوە نـابوون؟ حەتمـەن بـە غەڵـەت لێکدانەوە و بە غەڵەت تەفسیر کردن بۆ دەقێکی ئاینی وای کردبوو کە گروپێك هەڵبسـتن بـەم کـارە، بۆیـە من دەمەوێ لێرەوە بگەمە ئەوەی ئەگەر حەدەسێك هەبێ لەڕابردوو و لە ئێستا و لە داهاتوو کـە مامەڵـەی لەگەڵ بکەین زۆر ئەساسە بە وریایانە مامەڵەی لەگەڵ بکەین، ئەگەر مامەڵەشمان لەگەڵی کـرد حەدەسـەکە ئەگەر ئیدارییە یان سیاسیە، پێویست دەکات ئێمـە گوتـاری سیاسـیمان بـۆی هـەبێ، نـەك گوتـاری ئـایینی، بەداخەوە ئەوەی لە چەند ڕۆژی ڕابردوو دەبینرێ هەندێك یان بەشێك و چـەند کەسـێك دەبینـی گوتـاری ئاینی دەدات بۆ ئەم حەدەسـە، ئەمـە کێشـەیە بەڕاسـتی، نـابێ ئێمـە گوتـاری ئایینیمـان بـۆ ئـەم حەدەسـانە هـەبێ، چـونکو گوتـارە ئاینیـەکان لەسـەرەنجام دەبنـە چـی؟ هۆکـاری ئـەوەی تـۆ بەشـێك بکـەی بـە زاڵـم و بەشێکیش بکەی بە مەزڵوم، بۆیە من داواکارم لە لیژنە بەڕێزەکە لـە خـاڵی حەوتـەمیان کـە هێناویانـە بـۆ ڕاسپاردەکانیان ئەوەی بۆ ئیزافە بکرێت کە ئەم حەدەسە وەکو حەدەسـێك نـەبێ تـەنها ئێسـتا ڕووی داوە و تێ پەڕێ، پێویستی بکەن یان ڕای بسپێرن بۆ لیژنەی ئەوقافی پەرلەمانی کوردستان و وەزارەتی ئەوقاف لە هەرێمی کوردستان و یەکێتی زانایانی هەرێمی کوردستان، کە بەدواداچوون بۆ ئەم بابەتە بکەن، لێکدانـەوە

و شی کردنەوە و ئەبحاس بکرێت لەسەر ئەم بابەتە و خوێندنەوە بۆ ئەو پەیام و ئەو لێکدانەوانـە بکرێـت کـە لـەو کاتەیـە هـەبووە سـەبارەت بـە حەدەسـەکە، بـەڕێزان ئەنجامـدانی چالاکی کۆمەڵایـەتی و سیاسـی و ئابووری لـە هـەرێمی کوردسـتان دا بـە یاسا ڕێکخـراوە پێویسـتە لەسـەر هاووڵاتیـان و لەسـەر ئـەحزابی سیاسـی و لایەنەکانی تریش و گروپـە کۆمەڵایەتیـەکان لـە چوارچێوەی یاسا و دامـەزراوەکان مامەڵەی لەگـەڵ بکرێـت، بۆیـە پێویستە لەسەر ئێمە هەمووومان پشتگیری لەوە بکەین کە هاووڵاتیان لەسەر ئەوە ڕابهێنین ئەگەر کارێك و بابەتێك لەچوارچێوەی یاسا نـەبوو پشـتگیری لێ نەکـەین، هـەوڵ نـەدەین غوبـار و تـەمێك دروسـت بکـەین لـە هـەرێمی کوردستاندا بە مەبەستی ئەوەی بڵێین ئێمە ئەسپی خۆمان تـاو دەدەیـن، چونکو ئیمکانـە ئەگـەر ئێمـە تەخـەیولمان وابێ ئەسپی خۆمان تاو بدەین ئیمکانە بە هەڵە چووبین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك فاضل فەرمووو.

**بەڕێز فاضل محمد قادر(بەشارەتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بـەناوی خـوای گـەورە، پێشـەکی سـوپاس و دەسـت خۆشـی ئاراسـتەی هـەردوو لیژنـە بەڕێزەکـە دەکـەم کـە بەڕاستی دەتوانم بڵێم زۆر دڵسۆزانە و موخلیسانە بەدواداچوونیان کـردووە و مانـدوبوونێکی تـەواو لـەناو ناوەڕۆکی ڕاپۆرتەکەیان دا دیارە، بۆیە دەستیان خۆش، ئەوەی مـن زۆر پێـی دڵخۆشـم ئـەمڕۆ لـە دانیشـتنی ئەمڕۆی پەرلەمانەوە کە بـۆ مـاوەی 9ـ 10 سـەعات دەچێت دانیشـتووین لەسـەر ئـەو وەزعـە ئـاڵۆزەی کـە دروست بوو لە 2ی مانگی 12 کە ڕۆژی هەینی ڕابردوو بـوو ئەمـە پـەیامێکی زۆر گـرنگ و پـەیامێکی زۆر زۆر ڕوون لەم ئەندام پەرلەمانە بەڕێزانەوە ئەوەندەی تا ئێرە قسەیان کردووە ئاراستەی خەڵکی کوردستان کرا ئەویش بە تێکڕا ئیدانەی ئەو کارە ناشارستانی و دزێوە دەکرێت کە لەناوچـەی بادینـان و لـە زاخـۆ بـە تایبەتی کە کراوە، دیـارە لێـرە ئەمـە حەقیقـەتێك لـەناو ئـەم ئەندامـە بەڕێزانـەی هەڵبـژێردراوی خـەڵکی کوردستانن و نیەتێکی پاك و موخلیسانە و دڵسۆزانە ئاڕاستەی خەڵکی کوردسـتان کـرا کـەوا هـیچ تاکێـك و خــەڵکی کوردســتان لەگــەڵ ئــەو جــۆرە دیــاردە دزێوانــە نــین، چــونکە لــە ڕابــردوو بینیمــان زۆربــەی مەزلۆمیەتەکانی خەڵکی کوردستان و زۆربەی ئەو غەدرانەی لە خەڵکی کوردستان کرا ئەو جـۆرە غەدرانـە بوو و ئەو جۆرە تاوانانـە بـوو کـە کوردسـتان وێـران دەکـرا و خەڵکەکەشـی ئـاوارە دەکـرا، بۆیـە ئـەم جـۆرە حەرکاتانــە ئــەم ڕۆژە تاڵانــەمان بــە یــاد دێنێتــەوە و خۆشــبەختانە ئەنــدامانی تێکــڕای فراکسـیۆنەکانی پەرلەمان کوردستان ناڕەزایی خۆیان و ئیدانە کردنی ئەو ڕۆژەیـان کـرد کـەوا هـەموو ئـەو شـوێنانەی کـەوا سـووتێنـراون و ئـەو سـووتانانەش پێموایـە خزمـەتی هـیچ کـام لـە بەرژەوەندیـەکانی خـەڵکی کوردسـتان و بەرژەوەندیەکانی هیچ حیزب و لایەنێکی سیاسی لە کوردسـتان دا نـەکردووە، بـەڵام ئـەوەی کـە لێـرە دەری دەبڕین بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان وەکو ئەندامی پەرلەمان کـە هەریەکـەشمان نوێنـەری یـەکێك لـە حیزبـە سیاسیەکانی کوردستانین هیوادارم ئەم نیتە و ئـەم پەیامـە بچەسـپێنین لـەناخ و لـە کـادیر و ئەندامـەکانی خەڵکی کوردستانی خۆماندا، بەڵام ئەوەی کە من بە پێویستی دەزانم لێرە ئیشارەتی پێی بدەم، زۆرجـار لـە

کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و لێرە ولەویٚ باسی ئەوە دەکرێت کە شتێکی عەفەوی بووە، من پێموا نیە ئەگەر دوو گەنج بەیەك دا هەڵشاخێن لە کوردستان شتی عەفەوی نیە و شتی سیاسی لە پشتەوەیە، من بەش بەحاڵی خۆم ئەو قەناعەتەم لا دروست نابێ کە هیچ کەسێك لە کوردستان ئینتمای سیاسی نەبێت، کە ئینتمای سیاسی پێم وایە هەموو تاکێکی کوردستان و هەموو خێزانێکی کوردستانی گرتووەتەوە، لێرە کە حاڵەتێکی وا ڕوودەدات کە دەبێتە سەبەبی لەکەدار کردنی سومعەی سیاسی خەڵکی کوردستان، دەبێتە سەبەبی سەرقاڵ بوونی سەرکردایەتی سیاسی کوردستان لەم کاتە هەستیارەدا بڵێین وەڵلا ئەوە شتێکی عەفەوی بووە، بە تەئکید ئەمە کۆمەڵێك دەلائیلی زۆر زیندوو هەیە کەوا دەیسەلمێنن بە تەئکید هەرچەند لێرەو لەویٚ لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن زۆر تەعن دەدرێت دەڵێن هەر حەرەکاتێك دەکرێت یەکسەر دەڵێن ئەوە دەستی لە پشتەوەیە، بە تەئکید ئەمە دەستی لە پشتەوەیە، یەعنی ئەی ئەم جۆرە حاڵەتانە ڕوودەدات کە حەرەکاتێکی وا نەشیاو، حەرەکاتێکی وا قێزەون، حەرەکاتێکی وا کە سومعەی هەرێمی کوردستانی لەکەدار کردووە، بڵێی وەڵلا کۆمەڵێك گەنجی نەزان و نەفام و هەروا بە عەفەویانەڕۆیشتن حەرەکاتێکی بەو شێوەیان دەکرد، بۆی دەکەن من ئومێدەوارم ئەگەر لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن یان لەلایەن گەنجێك یان نووسەرێك یان هەر تاك و ئەفرادێك لەم کوردستانە شتی عەفەوی یان شتی نا مەسئولانە بوتریٚ، من ئومێدەوارم چۆن ئەمڕۆ زۆر مەسئولانە لەسەر ئەم بابەتە قسە کرا پەرلەمانی کوردستان مەسئولانە شتە ڕاستەکان بە خەڵکی کوردستان بڵێت، لێرە ئێمە هەموومان باسی سەروەری یاسا دەکەین، دەشڵێین و زۆربەی زاناکانی دنیا دەڵێن ئەگەر یاسا نەبێت گەورەترین دڕندە ئینسانە، بە تەئکید ئەمە سەلمێنراوە لە هەموو وڵاتەکان و لە هەرێمی کوردستانیش ئەوە سەلمێنراوە، بۆیە کە دەڵێین یاسا سەروەرە ئومێدەوارم کەهەمووومان بتوانین یاسا بچەسپێنین لەم وڵاتە، بەڵام ئەو هەموو بێ یاساییەی لە کوردستان دەکرێت لە 17ی شوبات کە ئەمە دوو ڕوداوی زۆر تاڵ و دوو کارەساتی دڵتەزێن لە کوردستان لەم ساڵ ڕووی دا هەم 17ی شوبات و هەم 2ی مانگی 12 کە هەفتەی ڕابردوو بوو لە کوردستان ڕووی دا، لە کاتی ڕووداوەکانی 17 ی شوبات 62 ڕۆژ خوپیشاندان کرا 2 سەعات مۆڵەت هەبوو لەو 62 ڕۆژە، یەعنی 62 ڕۆژ کاری نایاسایی لەم کوردستانە ڕووی داوە، 62 ڕۆژ خەڵك ئازار دراوە، 62 ڕۆژ بەرژەوەندی خەڵکی کوردستان خراوەتە خەتەریاتەوە، 62 ڕۆژ سەرکردایەتی سیاسی کوردستانی بەخۆیەوە مەشغوڵ کرد، 62 ڕۆژ قسە و قسەڵۆکی دنیای دەرەوەی هێنایە سەر سومعەی هەرێمی کوردستان باس لەمە ناکرێت، بەڵام باس لەوە دەکرێت لێرە و لەویٚ ئێستا لە لقی چواری پارتی خەڵك کوژران، منیش دەڵێم تاوان بوو خەڵك کوژرا، ئەوەی لقی 4 من دەڵێم پارتی خەتای هەبوو و لقی 4 یش خەتای هەبوو، ئەی کێ چووە سەر لقی 12 لە هەڵەبجە، یەك گەلابە بەرد کەوتە ناو لقی 12 لە هەڵەبجە، هەر دەڵێن پارتی خەتابارە و پارتی پیاو کوژە و پارتی ئاشتی و پێکەوە ژیانی قبوڵ نیە، لە کەلار کێ چووە سەر بارەگای لقی پارتی، لە کەلار لەناو گەڕەکێکی میللی دایە، خەڵکی بۆ بانگهێشت کرا و برایە سەر بارەگای لق لەوێش هەر پارتی تاوانبار کرا، لەناو گەراجی سەیارەکانی بارەگای لق لە چەمچەماڵ سەیارەی مەسئولینی لق سووتا و خەڵك لەناو

بارەگای لق کوژرا هەر دەڵێن پارتی تاوانبارە، کۆمەڵێك لەو بەڕێزانە ئیشارەتیان بەوە کرد دەڵێن بەو حوکمەی کە پارتی حیزبی حاکم و حوکمڕانە، وە حیزبی ئەکسەریەتەو حیزبی دەسەڵاتە دەبێ زیاتر مەسئولیەتی هەبێ، منیش زۆر زۆر ئەم کەلیمەیەم قبوڵە و لەگەڵ هەموو ئەو ڕاوبۆچوونانەم، کە پارتی لەبەرئەوەی ئەکسەریەتی کورسی لە پەرلەمانی کوردستان و لە پەرلەمانی عیراق هەیە و دوورودرێژترین مێژووی خەباتی هەیە بە تەئکید دەبێ زیاتر مەسئولیەت بخاتە سەر شانی خۆی و سەر ئەستۆی خۆی، بەڵام کام لەم لایەنە سیاسیانەی ئەو بەرپرسیاریەتیەی پارتیان بەهەند وەرگرت؟، بۆ نموونە من لێرە باس دەکەم لەکاتی ڕووداوەکانی زاخۆ، من دەڵێم لە کاتی ڕووداوەکانی زاخۆ کە هەندێك لەو بەڕێزانە ئیشارەتیان پێیدا بە چوونی جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ ناوچەی زاخۆ دەتوانم بڵێم ئاوێکی ئارامی بەسەر ناوچەکە کردو کپ کرایەوە، دەبوو لە پاش چوونی جەنابی سەرۆك تەسریحاتی ژەهراوی لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە نەوترایە، دەبووایە هەندێ لە بەرپرسان وازیان لە حەملەی ئیعلامی بهێنایە بۆ سەر پارتی و پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەگەر کارە چاکەکان بەهەند وەردەگیردرێت، ئەگەر کارە باشەکان لەبەرچاو دەگیرێ، ئەگەر هەموومان تالبی ئەوەین کەوا کاری چاکە و حەرەکاتی چاکە و چاکسازی لە هەرێمی کوردستان دا بکرێت پێویستە چۆن پەنجە دەخەینە سەر تاوانەکان و پێویستە ئەوەهاش پەنجە درێژ بکەین بۆ کارە ئیجابیەکان و هەر کەس و لایەنێك و هەر بەرپرسێك لە هەرێمی کوردستان دا دەیکات، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، من لێرە یەك پێشنیار دەکەم کە زۆر لەو بەڕێزانەش باسیان کرد  کە ئەو هۆکارانە چین لە هەرێمی کوردستان دەبنە سەبەبی ئەم ئاژاوەیەی کە لە کوردستان دروست دەبێت، من لێرە هەرچەند جەنابت ئیشارەتت پێیدا کە سێ شەممەی داهاتوو بەڕێز وەزیری ئەوقاف دێتە پەرلەمانی کوردستان، بەڵام داواکارم پەرلەمانی کوردستان و حکومەتی هەرێمی کوردستان تەنزیمی مینبەرەکانی مزگەوت لە هەرێمی کوردستان بکرێت ئەوەی کە حەقیقەتە و هەموو لایەکمان دەیزانین، لەڕابردوو و بە تایبەتی لەو کاتانەی کە دەسەڵات لە هەرێمی کوردستان نەبووە لەسەردەمی دیکتاتۆریەتی ڕابردووش لە عیراق دا مامۆستا ئایینیەکان باشترین مەرجەعی هەم ئاینی و هەم کۆمەڵایەتی خەڵکی کوردستان بوون، من ئێستا داواکاریم زیاتر ئاراستەی مامۆستایانی ئاینی بەڕێز دەکەم، ئەو مامۆستا ئاینیانە ڕێ نەدەن هەندێ لەو مامۆستایانەی سەر بە لایەنی سیاسین مینبەری مزگەوتەکان و جبەی مەلا و ئاینی پیرۆزی ئیسلام بۆ مەرامی سیاسی بەکاربهێنن جا ئەم مامۆستا ئاینیە پارتیە و یەکێتیە و سەر بە لایەنی ئیسلامیە و هەر کەسێك هەیە، چونکە ئەمە یەکێکە لەو مینبەرانە کە پەیامی ئاگراوی ئاراستەی خەڵکی کوردستان و کۆمەڵگای کوردستان دەکەن و زۆر کاتیش و لەکاتی 17 شوبات پەیامی هەندێ لە مامۆستا ئاینیەکانمان بینی لەبەردەرکی سەرای سلێمانی چیان بە خەڵکی کوردستان کرد، بۆیە ئاینی پیرۆزی ئیسلام زۆر لەوە گەورەترە بۆ مەسائیلی سیاسی بەکاربێت، مامۆستایانی ئاینی دەبێ بگەرێنەوە بۆ ئەو ڕۆڵە گرنگەی خۆیان کە لە ڕابردوو گەورەترین مەرجەعی خەڵکی کوردستان بوون، بەڵام ئەمڕۆ هەندێ لە مامۆستایانی ئاینی سەر بە لایەنە سیاسیەکان هەڵساون

سومعەی مەلا و هەم ئاینی پیرۆزی ئیسلام بەكاردێنن بۆ مەرامی سیاسی و دەستكەوتی سیاسی خۆیان، یەك خاڵی تر كە من بە پێویستی دەزانم ئیشارەتی پێ بكەم وەكو ڕەخنەیەكیش هەندێك لەلایەنە سیاسیەكان تەرەف نەبوون لە زاخۆ ڕووی دا، ئێمە بمانەوێ و نەمانەوێ ئێستا لە ناو ڕاگەیاندنەكان لەناو هەموو حیزبە سیاسیەكان لێرە پارتی و یەكگرتووی ئیسلامی بووە بە تەرەف كەمن دەڵێم زۆر بە داخەوە مەسەلەیەكی كوردەواری هەیە و دەڵێ ئەگەر شەڕیشت كرد بەشی ئاشتی بهێڵەوە، پێموایە لە ڕابردوو باشترین دۆستایەتی و تەبایی لە مابەینی یەكگرتووی ئسلامی و پارتی دیموكراتی كوردستان دا هەبوو، باشترین دۆستایەتی هەبوو، بەڵام ئێستا كێ ئەم دۆستایەتیە بەشێوازێكی تر بەكاردێنێت، من ئومێدەوارم هەم پەرلەمانی كوردستان و ڕۆشنبیرانی كوردستان و مامۆستایانی ئایینی لە كوردستان و خەڵكی كوردستان بە گشتی بڕوانن و بزانن ئەم مەسئەلەیە لە كوێوە سەرچاوە دەگرێ و ئیحتفاز بە بەرژەوەندیەكانی باڵای خەڵكی كوردستانەوە ناكات و پارتی و یەكێتیش دەبێ مەسئولانە لەم مەسەلەیە دا تەسەروف بكەن، پارتی و یەكگرتوو كە ئەو ڕووداوە لە ناوچەی بادینان ڕووی داوە، لێرە یەك خاڵی تر من باسی دەكەم بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان زۆر كات باس لەوە دەكرێت كەوا پارتی خۆی موئامەرەی كرد، نازانم بیست ساڵە پارتی كە وەكو باس دەكرێت حیزبی حاكمە لە ناوچەی بادینان و لە ناوچەی پارێزگای دهۆك، باشە بۆ ئەم بیست ساڵە ئەم موئامەرەیەی لە حیزبە سیاسیەكانی كوردستان نەكرد كە هەرهەموویان وجود و بارەگا ویان نفوذ؟ و كادر و ڕاگەیاندنیان لەناوچەی بادینان هەیە، بەڵام لێرە كە ئەم مەسئەلەیە باس دەكرێت ئەمە مەسەلەیەكی تری پێشینەی لە پشتەوەیە، بە بڕوای من چەندین جار لە كەناڵەكانی ڕاگەیاندن باس كراوە یەكێك لە گرفتەكان ئەوە بووە لە پاش 17ی شوبات و ڕووداوەكانی مانگی شوبات گەورەترین گرفت ئەوە بووە لەلای هەندێ لایەنی سیاسی لە كوردستان بۆ لەناوچەی بادینان موزاهەرە نەبووە و بۆچی مەشاكیل دروست نەبووە؟ یەعنی پێم سەیرە لایەنێك لە ئاستی بەرپرسیاریەتی بێت و لایەنێك ئەندامی پەرلەمانی هەبێت، لایەنێك لە سەركردایەتی حیزبە كوردستانیەكان بەشداری بكات، كێشەی ئەوە بووە لە پارێزگایەكی كوردستان موزاهەرە و خۆپیشاندان و ئاژاوە كردن دروست نەبوو، ئەمانە هەمووی پرسیارن، پێویستە هەم ئێمە خۆمان بیزانین و هەم خەڵكی كوردستانیش ئەم حەقیقەتە بزانێ، بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان، هەرچەند هاوكارانم ئیشارەتیان بەم خاڵە داو بەڵام منیش دەبێ ئیشارەتی پێ بكەم، لە كاتی........ .

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

تیكرار مەكە مادام وتت ئیشارەتیان پێداوە، بڕۆ خاڵێكی تر، چونكە تیكرار نابێ، ئەگەر نەتوتبایە ئیعتیادی بوو، كاك فاضل فەرموو.

**بەڕێز فاضل محمد قادر(بەشارەتی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

باشە، لە كاتی ڕووداوەكانی 17 ی شوبات پەرلەمانی كوردستان لیژنەی هەبوو لە هەموو..... .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**رجائەن وەرەوە سەر مەوزوعی زاخۆ، کاك فاضل فەرموو.**

**بەڕێز فاضل محمد قادر(بەشارەتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**پێویستە من ئەو نوقتەی کە بە گرنگی دەزانم ئیشارەتی پێ بدەم خۆ ئەگەر جەنابت ئیشارەتت پێ کرد زۆربەی نوقاتەکان تیکرار بووە، بەڵام من تیکراری ناکەمەوە، جەنابت ڕوخسەت بدە بزانە من چی دەڵێم.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**ئیعترافت کردو وتت وتراو و تیکراری دەکەم، منیش نایەڵم، تەواو، کاك فاضل فەرموو.**

**بەڕێز فاضل محمد قادر(بەشارەتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**پێشنیار دەکەم پەرلەمانی کوردستان سنوورێك دابنێ من ناچمەوە سەر ئەو قسانەی کە هەندێ بەڕێزان دەڵێن فلان وتی و فیسار وتی، چونکە زۆربەی کات لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندنیش باسی فەلەجی و بێ ئەهمیەتی و نەتوانایی پەرلەمانی کوردستان دەکرێت، داواکارم سنوورێك بۆ ئەم بابەتە دابنرێ، چونکە پەرلەمانی کوردستان هەڵبژێردراوی خەڵکی کوردستانە و نوێنەری ڕاستەقینەی خەڵکی کوردستانە و بۆ ئەوەی چیتر پەرلەمانی کوردستان سووکایەتی پێ نەکرێت، یەك خاڵم ماوە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، هەم ئەمڕۆ لێرە و هەم لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن زۆر باسی کلتوری شاخ دەکرێت، کلتوری شاخ من پێموایە ئەمە غەدرێکی زۆر گەورەیە هەر کەسێك و هەر تاکێك لەناو هەرێمی کوردستان کلتوری شاخ بە شتێکی عەیبە و بە لەکەوە باس بکات، کلتوری شاخ ئەو کلتورەیە کە سەنگەری نەتەوایەتی کوردی یەکخستووە، کلتوری شاخ ئەو کلتورەیە کە ناسنامەی نەتەوایەتی کوردی پاراستووە، کلتوری شاخ ئەو کلتورەیە کە کلتوری هەموو کەڵە پیاوەکانی خەڵکی کوردستانە، کلتوری شاخ ئەو کلتورەیە کە بەیانی ئازاری بۆ کورد بە دەست هێنا، کلتوری شاخ ئەو کلتورەیە کەوا خەباتی ڕەوای نەتەوایەتی گەلی کوردی بە هەموو دنیا ناساند و دوژمنانی گەلی کوردی بە چۆك دا هێنا، بۆیە من هیوادارم ئەگەر کەلتوری شاخ تەنها لەشەڕی ناوخۆ دا چڕ دەکرێتەوە و پێشموایە ڕاستە کارەساتێکی زۆر گەورە لەشەڕی ناوخۆ ڕوویداوە و هەمووشمان زەرەرمان تێیدا کردووە، بەڵام گەورەترین سوودمان لێی بینیوە کە ئەوەتانێ ئەمڕۆ لەسەر هەر ڕووداوێك لە کوردستان ڕوودەدات گردبوونەوەی لە پەرلەمانی کوردستان و لە سەرکردایەتی سیاسی حیزبە کوردستانیەکان بۆ دەکرێت، لەبەرئەوەی جارێکی تر هیچ خەڵکێکی کوردستان و هیچ تاکێکی کوردستان ئەو تاڵاوە بە قورگیان نەچێتەوە کە لەکاتی شەڕی ناوخۆ بە قورگیا چووە، داواکارم هەر تاکێك لە کوردستان ڕێز لە ڕابردووی خەڵکی کوردستان و لە کلتوری شاخ لە کوردستان بگرێت، چونکە هەموو**

سەروەریەکانی ئێمە لە کلتوری شاخەوە بۆمان هاتووە و هەتا ئەو دەسکەوتە پەرلەمانیەی کە ئەمڕۆ ئێمە باس لە ئیش و ئازارەکانی خۆمانی تێدا دەکەین و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کەیلی خان فەرمووو.

**بەڕێز کەیلی اکرم مەنتك:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا پشتگیری لە ڕاپۆرتەکەی لیژنەی ناوخۆ و مافی مرۆڤ دەکەم، انشاللە بە زوترین کات دەچێتە بواری جێ بەجێ کردنەوە، ئەگەر باس لەم بارودۆخە بکەین کە چەند ڕۆژێکە هاتووتە کایەوە، شتێکی نەخوازراو بوو، لەبەرئەوە دەڵێم نەخوازراو بوو، چونکە ئەوەی کە ئێمە شانازی پێوە دەکەین زۆربەی کاتەکان و بەتایبەتی لەلایەن خەڵکانی بێگانە و بیانی و دەوڵەتانی هەرێمی و جیهانی ئەوەیە کە ئێمە فەرهەنگێکی زۆر دەوڵەمەندمان هەیە لە پێکەوەژیانی دۆستانە و برایانە لە گشت ئاینە جیاوازەکانی میللەتەکەمان بۆیە ئەوە شتێکی چاوەڕوان نەکراو بوو، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان من دەمەوێ کورتی بکەمەوە، ئەگەر لێرە باسی دەستووری عیراقی فیدراڵ بکەین کە هەرێمی کوردستان وەکو هەریمێکی فیدراڵ پابەندە بەم دەستوورە کە لە ماددەی $2$ بڕگەی $1$ ئاماژە بەوە دەکات کە ئیسلام ئاینی فەرمی دەوڵەتە و سەرچاوەی سەرەکی دەسەلاتی یاسادانانە، ماددەی $2$ بڕگەی $1$ کە أ نابێ یاسایەك دەربچێت پێچەوانەی بنەما جێگرەوەکانی ئیسلام ببێ، بەلام لە هەمان مادده کە ماددەی $2$ بڕگەی $1$ ب دەڵێ نابێ هیچ یاسایەك دەربچێت کە پێچەوانەی پرەنسیپەکانی مافی مرۆڤ بێت، لە هەمان مادده و بڕگەی ج نابێ یاسایەك دەربچێت هاودژ لەگەڵ ماف و ئازادیە سەرەکیەکان کە لەم دەستوورە دا هاتووە، لێرەدا دووبارە دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە تەئکید لەسەر ئەوە دەکەینەوە کە پێکەوە ژیانی برایانە و ئاشتیانە لەنێوان بیروڕا جیاوازەکان کە هەریەك ئازادە تا ئەو ئاستەی کە ئازادیەکەی نەبێتە پێشێلکردنی ئازادی تاکێکی تر یاخود کەسێکی تر یاخود لایەنێکی تر، هەروەها ماددەی $2$ بڕگە $2$ تەئکید لەوە دەکاتەوە کە ئەم دەستووره گرەنتی پاراستنی ناسنامەی ئیسلامی بۆ زۆربەی گەلی عێراق دەکات کە لەگەڵ ئەوەشدا گرەنتی تەواو بە مافە ئاینیەکانی تری تاك دەدات لە ئازادی بیروڕاو مومارەسەکردنی ئاینەکانیان وەکو مەسیحیەکان و یەزیدیەکان، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، بە پێویستی دەزانم کە ئاماژە بەوە بکەم کە مێژووی کورد هەر لە میرنیشینەکانەوە تا دەگاتە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان هەر تاکێکی کورد لە شۆڕشەکەی بەرەو لوتکەی سەرکەوتن چووبێت ئەوە دوژمنانمان لەمپەر و گرێیان خستۆتە بەردەم ئەو پێشکەوتن و سەرکەوتنانە، بەلام لە ئان و ساتێکی وەکو ئێستا سوپاس بۆ خوای گەورە کە میللەتی کورد زۆر لەوە چاوکراوە تر و بەرچاو ڕوونترە کە پلانی دەستی دەرەکی جارێکی تر کوردستان بەرەو دواوە بگەڕێتەوە بۆ خاڵی سفر، هەروەها لێرەشدا دەمەوێ ئاماژە بە وتەیەکی جەنابی سەرۆك بکەم کە ئاگاداری کردینەوە لە بوونی پلانێکی تێکدەرانە بۆ تێکدانی ئەزموونەکەمان، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ئەوەی من

دەمەوێ لێرە باسی بکەم لەکەدار کردنی حیزبەکەمانە کە بەوەی دەستی هەبووە لە سووتاندنی بارەگاکان لە ناوچەی بادینان و من بەرگری لە حیزبەکەم دەکەم بە بەندێکی یاسایی، نەك بە قسەی گریمانێ لێرەدا بەپێی دەستەواژەیەکی فقهی (اذا دعیت فالدلیل واذا نقلت فالصحیح) پاشان بەپێی ئسوڵی محاکەماتی جەزائی عێراقی بۆ تاوانبار هەر کەسێك و لایەنێك دەبێت بەڵگەیەکی دروست و مەلموس هەبێ، بەڵام ئەوەی ئێمە تێبنیمان کرد ناوی پارتیان زڕاند، تەشهیریان پێی کرد، بەبێ بوونی هیچ بەڵگەیەك، پاشان ئەگەر ئەوان پێیان وایە پارتی لەگەڵ ئەوەیە هیچ بەڵگەیەکیان هەبێت ئایا بۆ لەناوچەیەکی تر هیچ شتێك ڕووی نەدا؟، بەڵکو ڕاستی ڕووداوەکە ڕەدفعل بووە لەلایەن هاوولاتیانەوە، پاشان دەمەوێ ئەو ڕاستیە بزانن کە پارتی خۆی بە خزمەتکاری کوردستان دەزانێ، بۆیە دروست بوونی هەر مەترسیەك لەسەر کوردستان گەورەترین گورزە لە پرەستیژی پارتی دا، لەلایەکی ترەوە ئەوەمان گوێ لێ دەبێت کە پارتی هەڵسوکەوت دەکات دژی بنەماکانی ئیسلام، دەمەوێ ئەو پەیامە بەو لایەن و کەسانە ڕابگەیەنم کە پارتی و بارزانی مێژوویەکی لەبن نەهاتوویان هەیە لە پیادە کردنی بنەماکانی ئاینی پیرۆزی ئیسلام دا بە تایبەتی خانەوادەی بارزانی وەکو شێخ عبدالسلام بارزانی و شێخ احمد بارزانی و مەلا مستەفای بارزان، بۆیە پێم باشە جارێکی تر بە مێژووی پارتی و ئەو بنەماڵەیەدا بچینەوە بۆ ئەوەی ڕاستیەکانمان بۆ دەردەکەوێت کە هەرچەندە ڕوون و ئاشکرایە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ئەو پەرلەمانەی ئەمڕۆ تێیدا کۆبووینەوە بە خەبات و قوربانی دانی هەزارەها ڕۆڵەی ئەم کوردستانە هاتووەتە کایەوە، پەرلەمان کۆکراوەی ئیرادەی میللەتێکە کە ئێمە نوێنەرایەتی تێدا دەکەین، ناوبردنی پەرلەمان بە کەم دەسەڵات و بە ناوزاڕندنی بەڕاستی هێڵی سوورە و سازشی لەسەر ناکرێت، چونکە پەرلەمانی کوردستان جێ دەستێکی گەورەی هەیە لە بووژانەوە و بونیاد نانەوەی ژێرخانی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و تەندروستی هەرێمەکەمان، هەروەها دەرکردنی چەندین یاسای گرنگ، بۆیە لە کۆتایی قسەکانم دا با یەکڕیزی میللەتەکەمان بپارێزین بۆ ئەوەی دوژمنانمان خۆش نەبن، کە چاویان بڕیوەتە هەرێمەکەمان و پێویستە هەموو لە ئاستی ئەوە دابین کە ڕۆڵەکانمان بەرپرسیاریەتێکی گەورەیان لە ئەستۆیە بۆ کیانێك و نەتەوەیەك، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، لانە خان فەرموو.

**بەڕێز لانە احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەسەرەتا دەست خۆشی لە لیژنەی هاوبەش دەکەم کە بەدواداچوونی ئەو کارەساتەی کردو پشتگیری لە هەموو تەوسیاتەکەی کە لەناو ڕاپۆرتی لیژنەکەی هاتووە، هەروەها پشتگیری لە قسەکانی بەڕێز کاك دڵشاد و کاك عمر نورەدینی و کاك فاضل بەشارەتی دەکەم و خوشکی بەڕێزم ژیان خان کە پشتگیری لە قسەکانیان دەکەم، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ئەگەر سەیری ئەو ڕووداوانە بکەین دەزانین کە موئامەرەیەکی گەورەیە دەکرێت لەسەر هەرێمی کوردستان، مەبەست هەر زاخۆ و دهۆك و سیمێڵ نیە، چونکە هەموومان

دەبینین کە هەرێمی کوردستان لەو ساڵانەی ئەخیر چۆن پێشکەوتووە لە هەموو بوارەکان، بە تایبەت ئاوەدانی و گەشەپێدانی ئابووری و زۆر لە کۆمپانیای عالەمی گەورە رووی لە هەرێمی کوردستان کردووە، چەندین قونسوڵخانەی عەرەبی و بیانی کرایتەوە، لەلایەکی تر دەبینین رێز لە هەرێمی کوردستان دەگیرێ بەهۆی ئەو سەقافەی لێ بوردن و پێکەوە ژیان لەرووی نەتەوەیی و ئاینی و مەزهەبی کە چەسپاوە لەناو خەڵکی کوردستان وای کردووە کە ناحەزەکانی هەرێم هەڵبستن بەو کارانە، بەرێز سەرۆکی پەرلەمان هەموومان دەزانین کە ئاینی ئیسلام ئاینی ئاشتی و لێ بوردن و پێکەوە ژیانە لە خۆشی و ناخۆشی، پابەند بوون بە ئەخلاقی بەرزی ئیسلام و داوای یارمەتی دان لەسەر خێر و چاکە، دورمان دەکاتەوە لەشەڕو فیتنە، هەرێمی کوردستان گەیشتە ئەو رۆژەی کە بە خوێنی هەزاران شەهید کە خۆیان فیدا کرد بۆ رۆژێکی گەش و رووناك، ئەرکی سەر شانمانە ئەو دەستکەوتانە کە بەرۆژ و شەوێك دروست نەبووە بەڵکو خەباتی چەندەها ساڵەیە، هەروەها سەیر دەکەین کە عیلاقەیەکی بەهێز و پتەو لە بەینی هەموو پێکهاتەکانی هەرێم هەیە کە هەموویان بە ئازادی دەژین و بەشداری لە هەموو موناسەباتی خۆشی و ناخۆشی لە گەڵ یەك دەکەن، ئەوەش پیشانمان دەدات کە چۆن عیلاقاتی بەهێز هەیە لە مابەینی خەڵکی کوردستان، بەرێز سەرۆکی پەرلەمان بۆیە ئێمە بەتوندی ئیدانەی ئەو کارانە دەکەین کە ئیستهداف دەکات ژیان و ماڵی خەڵکی کوردستان هەرێم دەکات و سوتاندنی بارەگا و دوکان وجێگای گەشتیاریەکان دەکات و ئەو کارە تێکدەرانەی کە دەبێتە هۆی تێك چوونی ئاسایش و سەقامگیری لە هەرێمی کوردستان، داوا دەکەم لە خەڵکی کوردستان کە دوور بن لە توندوتیژی و ئاسایشی هەرێم بپارێزن، پەلە نەکەن لە ئیتهام کردنی هیچ لایەنێك و ئینتزاری بڕیاری ئەو لیژنانە بکەن کە سەرۆکی هەرێم دایناوە و ئەندامانی پەرلەمان بەشداری نەکەن لەم لیژنەیە، بۆ ئاشکرا کردنی ڕاستیەکان و تاوانبارەکان و بە جەزای خۆیان بگەن، ئەرکی سەرشانی هەموو خەڵکی کوردستانە بەشەڕەفەوە، ئەوەی خاکەکەی خۆی خۆش دەوێت، هەوڵی هێور بوونەوەی وەزعەکان بکات و پاراستنی ئەمن و ئاسایشی هەرێم بکات و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، نیشتمان خان فەرمووو.

**بەڕێز نیشتمان مورشید صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من زۆربەی قسەکانم کرا نامەوێ دووبارەی بکەمەوە، ئەو دۆخە نالەبارەی کە لە بادینان هاتە پێش وەزعی هەموومانی تێك دا و ئەو وەزعەی بەرامبەر مەسیحیەکان کرا وەزعێکی زۆر خراپ بوو، دەمەوێ هەندێ کلتور و عاداتی خۆمان لەو ناوچانەی کە مەسیحی و موسوڵمانی تێدا دەژی بخەمە بەرچاو، ئێمە پێمان ناخۆشە کەناتەبایی بکەوێتە نێوان موسوڵمان و برا مەسیحیەکان و یەزیدیەکان، ئێمە شانازی بەو تەبایی و پێکەوە ژیانە دەکەین کە لە هەرێمی کوردستان دایە، لە زۆربەی شوێنەکانی کوردستان وەکو قەزا و ناحیەکان لەگەڵ برا مەسیحیەکان پێکەوە دەژین، بۆ نموونە لە شەقڵاوە لە دێرزەمانەوە لەگەڵ برا

مەسیحیەکان پێکەوە دەژیـن و لەگـەڵ بـرا مەسـیحیەکان لـە خۆشـی و ناخۆشـی یـەکتر بەشـدارین، پێکـەوە سەردانی مەزارەکانمان دەکەین کە لە هەندێکیان هاوبەشن لـە نێوانمانـدا، سـەردانی تازیـەو قـەبرانی یـەکتر دەکەین، هەروەها برا مەسیحیەکانیش وەك ئێمە شەهیدیان داوە و خوێنیان ڕشـتووە، بـۆ نموونـە لـە سـاڵی 1987 23 شەهید کە لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە لە سێدارە دران کـە ئەوانـە خـەڵکی شـەقڵاوە بـوون و لـەو 23 شەهیدە کە شەهیدێکیان مەسیحی بوو کە تەرمەکەی هاتەوە هەر لە قەبرستانی شەهیدان لە شەقڵاوە لەگەڵ 22 شەهیدەکەی تر لە قەبرستانی موسوڵمانان بەخاك سپێردرا کە ئەمـە دەری دەخـات کـە تـەبایی بەینی مەسیحی و موسوڵمانەکان چەند بەهێزە و هەر لەم ناوچەیە خزمایەتیش هەیە لەنێوان مەسیحی و موسوڵمانەکان دا کە ئەمە واقعێکی دیارە لـە ناوچـەکە دا، مـن خـۆم بـە نوێنـەری هـەموو مەسـیحیەك لـەو ناوچانە دەزانم کە لە کوردستان دا هەیە، بۆیە دەبێ پابەند بین بەو ئایدۆلۆژیایەی کە لە کوردسـتان دا لـە دێرزەمانەوە هەیە ئەویش پێکەوە ژیانە لە نێوان هەموو هاووڵاتیانی کوردستان بە هەموو نەتـەوە و ئـاین و مەزهەبی جیاواز بۆ پاراستنی ئارامی و ئاسایش لـە هـەرێمی کوردسـتان دا هـەروەها بـە تونـدی ئیدانـەی ئـەو توندوتیژیانـە دەکـەم بەرامبـەر بـە بـرا یەزیدیـەکان و مەسـیحیەکان کـراوە، هـەروەها بەرامبـەر بـە مەقەڕی حیزبی و داواکارم پاش لێکۆڵینەوە تاوانباران بە سزای عادیلانـەی خۆیـان بگـەن و داواکـارم چیـتر ڕێگە بە هیچ کەسانێك نەدرێت ئەمن و ئاسایشی وڵاتەکەمان بشێوێنن، چـونکە ئەمـە، بەرهـەمی خـوێنی شەهیدانە هاتووەتە کایەوە، ئێمە هەموومان شەڕی ناوخۆمان نابێ لەبیر بچێتەوە کـە چ نەهامەتیـەکی بـۆ خەڵکی کوردستان هێنایە کایەوە، کە ئەوە قـەت قـەت لـەبیر ناکرێـت، داواکـارم قـەرەبووی زیـان لێکـەوتوان بکرێتـەوە، بـەڵام نـەك حکومـەتی هـەرێم، چـونکە پـارەی حکومـەت قـوتی خەڵکـە و پێویسـتە بـۆ خـەڵکی کوردستان سەرف بکرێت، بەڵکو کێ تاوانبارە دوای تەحقیق لـەو لایـەن و کەسـانە تەعویزەکـەی بدرێتـەوە، ئێمە دەبێ چاك بزانین ئەگەر لێمـان تێـك بچێـت لـە هـەمووومان تێـك دەچـێت، چـونکە ناحـەزەکانمان زۆر لەمێژە لە کەمین دان کە ئەو ئەزمونەی بە دەستمان هێناوە لێمان تێـك بـدەن، بۆیـە دەبـێ هـەموو لایەنـە سیاسیەکان هاوکاری یەکتر بن بۆ ئەوەی دەستی دەرەکی کارمان تێ نەکات و وڵاتەکەمان لێ تێك نەدەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك محمد فەرموو.

**بەڕێز محمد احمد شارەزوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا من دەست خۆشی تەواوم لە هەردوو لیژنەی هاوبەش لیژنەی ناوخۆ و لیژنـەی مـافی مـرۆڤ کـە لـە ماوەیەکی قیاسی کورت دا توانیان سەردانی ئەو جێگایە بکـەن و بـەڕاپۆرتێك بێنـەوەو بیخەنـە بەردەسـتی ئەندامانی پەرلەمان، بۆیە من پشتگیریەکی تەواوی ڕاپۆرتەکەیان دەکـەم، سـەرەتای قسـەکانم ئامـاژەی ئـەو لیژنە بەڕێزە دەکەم، دیارە بـەوەی کـە ئێمـە کەوتووینەتـە دواوەو گوێمـان لەڕاوبۆچـوونی زۆر لـە بـرادەرە

ئەندام پەرلەمانەکان بوو، پرسیاری ئەوەیان کرد کە ئایا ئەو لیژنەیە لیژنەیەکی تەحقیقی بۆ ڕۆیشتووەو داوای کۆمەڵێك دیکۆمێنتیان لێ کردن، یا ئەوە حەقی پەرلەمانە کە هەڵبژێردراوی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانەو کە حادیسەیەکی وا گرنگ ڕوودەدات پەرلەمان لە ڕێگەی لیژنە تایبەتەکانی خۆیەوە بڕواتە ئەو شوێنانە و ئاگاداری ئەو وەزعانە بێ، بۆیە من حەزدەکەم لیژنەی بەڕێز ئەو ڕوونکردنەوەیە بدەن، من دێمە سەر کێشەکە و ئەرکی پەرلەمان لەڕاپۆرتەکەی ئەو دوو لیژنە بەڕێزە هاتووە، یەکێك لە شانازیەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و کوردیش کە شانازیمان پێوە کردووە ئەو پێکەوەژیانە بووە کە لە کوردستان دا هەبووە ئیتر لە لایەنی هەموو ئەدیان و مەزهەبەکان و لە لایەنی هەموو قەومەکان لە کوردستان بووە، ئەوە یەکێك لە جێگەی فەخر و شانازیەکانمان بووە، دوو/ دابین کردنی ئاسایش بۆ هەموو مەزاهب و ئاین و کەمە نەتەوایەتیەکان کە لە کوردستاندا هەبوون، ئەوانەشی کە لە بەغدا و ئەمانە هاتوون و لەکوردستان جێگیر بوون، بەداخەوە ئەحداسێك لە زاخۆ ڕووی داوە بۆ پەرلەمان حەقی هەیە بەدواداچوون بکات و یەك پێگەی زاخۆ و ڕووداني ئەو ئەحداسە، زاخۆ ئەگەر سەیری بکەین لە زۆربەی قەزاکانی کوردستان جیاواز ترە لەبەرئەوەی کە پێکهاتەی هەموو ئەدیانەکانی تیایە، ئەوە یەك، دوو/ مەعبەرێکی نێودەوڵەتیەو شوێنی ئابووری و تیجارەتی خەڵکە، ئەگەر ئێمە سەیری ئیعلام بکەین ئەوانەی کە بازرگانن وئەوانەی کە خاوەن مەسڵەحەتن و چوار، پێنج ڕۆژە لە ئیعلامەکانەوە باسی ئەوە دەکەن کەتێکدانی وەزعی زاخۆ و ئەوانەشی لە مەسڵەحەتی خەڵك و لە تیجارەت و ئەو شتانەوەیە، سێ/ لەڕووی سیاسیەوە ئەوەی کە ئێمە باسی ئەو پێکەوە ژیان و باسی ئەو شتانەمان کردووە ئەویش جارێکی دیکە دەکەوێتە بەرباس و قسە، بۆیە من لێرەوە وەکو ئەندامی پەرلەمان پشتگیری ئەو ڕاپۆرتەی ئەو لیژنە بەڕێزە دەکەم، کە ئیدانەی سووتاندنی ماڵ وموڵکی ئەو کەسانە دەکەم، کە لە زاخۆ بەهەمان شێوەش ئیدانەی سووتاندنی بارەگاکان دەکەم، چونکە نابێتە هۆی چارەسەر کردنی ئەو کێشەو ئەوانە، دوو/ پەرلەمان بۆ ڕۆڵەکەی کە من دێمە ئەوەی کە حەقی هەیە بە گرنگیەوە وەکو ئەوانەی کە ئاماژەم پێی دا سەیری زاخۆ و ئەو ئەحداسە بکات کە ئەو ئەحداسە تەئسیرێکی گەورەی لەکوردستان کردووە و ئێستا کۆمەڵێ شت هەیە بەڕێز جەنابی سەرۆکی پەرلەمان، ناشاردرێتەوە، چونکە تەکنەلۆژیا پێش کەوتووە و بوونی 17 و 18 نوێنەری قونسوڵی لە هەولێر و ئەو ئەحداسانەی کە بڵاوبوونەوەی بە هەموو دنیا بەڕاستی حەقە پەرلەمان کە هەڵبژێردراو و نوێنەری خەلکە ڕۆڵی خۆی هەبێ لەو وەزعانەو لە هەمان کاتدا هەوڵی هەبێ لە پاڵ دامودەزگا شەرعیەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بۆ هێورکردنەوەی ئەو وەزعانە، چونکە نوێنەری هەموو پێکهاتەو فراکسیۆنەکان لە پەرلەمانی کوردستان دایە، دەتوانێ لەو ڕێگەیەوە هەوڵەکانی خۆی بخاتە گەڕ بۆ ئەوانە، سەرنجەکانم بۆ ڕاپۆرتەکەی ئەو برادەرانە لە دوو، سێ خاڵ دا چڕ دەکەمەوە و کورتی دەکەمەوە، چونکە ئاگادارم هیلاکن و برادەرانیش ئەوانەن، من پێشنیاری ئەوە دەکەم ئەو ڕاپۆرتەی کە ئەو دوو لیژنە بەڕێزە نووسیویانە ئەوەی کە تایبەتە بە حکومەت بە زوویی بنێرێ بۆ حکومەت کە پێشێلکردنی یاسایە و نازانم چی، ئەو کۆمەڵە شتانە، دوو/ لیژنەیەکی تەحقیقی

لەلایەن بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە دروست بووە  بۆ ئەو ڕووداوانە، ئەو ڕاپۆرتە کۆمەڵێ خاڵی تیایە لەوانەیە مەعلومات و زانیاری ئەو لیژنە تەحقیقیە دەوڵەمەند بکات، بۆیە داواکارم ئەوەش کۆمەڵێکی لەو زانیاری و بەڵگە و ئەو شتانە یان هەر مەعلوماتێکی دیکەیان دەست کەوت بیدەنە ئەو لیژنەیە و بۆ ئەوەی لیژنەش ئیستیفادەی لێ بکات، ڕاپۆرتەکەی لیژنە بەڕاستی یەکێك لەموشکیلەکانی ئێمە من ڕێز و حورمەتم هەیە بۆ مامۆستای ئاینی و یەکێتی زانایان و دواتریش بۆ وەزارەتی ئەوقاف لەسەر لیژنەی فەتوایە، لە کوردستاندا بەڕەسمی لیژنەی فەتوا هەیە، بەڵام بەداخەوە دەیڵێم فەتوا چیە؟، فەتوا هەموو کەسێك دەتوانێ فەتوا کە حەڵاڵ و حەرام، بەڵام بۆ منێك کە تێ نەگەم لە حەڵاڵ و حەرام لەوانەیە بە فەتوایەکی زۆر موهیم، بۆیە من داوا دەکەم لە ئەو ڕاپۆرتەوە یەکێ لە خاڵەکانی کە ئەوانەی کە فەتوا دەدەن و لە لیژنەی فەتوان و ڕێگە پێدراون بە فەتوا بۆ یەك جاریش بێت، یان یەکێتی زانایان، یان لیژنەی فتوا، یان وەزارەتی ئەوقاف بانگێکیان بکا کە بڵێ بەڕاستی ئەوە شتێکی خراپە، چونکە ئێمە دەزانین ئەوانەی کە دەچنە مزگەوتەکان بە پێی ڕاپۆرتی ئەو دوو لیژنە بەڕێزەیش هێناویانە تەمەنیان لە بەینی 11-25 ساڵدایە، 11 ساڵ زۆر دەتوانێ تەئسیری لێ بکرێ بەکۆمەڵێك فەتوا من هینی ئەوەم نیە کە لایەنێکی سیاسی، مینبەری مزگەوت و مامۆستا و ئێمە 80٪ ی میللەتەکەمان موسوڵمانە و بە عەقیدەی ئیسلام و ئیمانمان هەیە و باوەڕم پێی هەیە، بۆیە دەورو تەئسیری قسەیەکی مامۆستا وا دەکات کە شتێ بورووژێنرێت لای گەنجێك پەلاماری شوێنێك بدا یان ئەو ئەحداسانە بخولقێنێ کە بەداخەوە هەموومانی تیا زەرەرمەند بووین و من وا بیردەکەمەوە حەقی هەمووشمان وابێ بیر بکەینەوە بە دەرەجەی یەکەم کورد زەرەری تیا دەکات، دواتر ئەگەر بێینە سەر ئەحزاب و ئەوانەی تیا بکات، دوو/ من پێشنیاری ئەوە دەکەم کە ئیعلام بەڕاستی ئێمە یاسای ڕۆژنامەگەریمان هەیە لە کوردستان بە هەموو ئیعلامەکانەوە لە کوردستان دا، ئەوەندەی هەستمان پێی کردبێ کە ئەحداسێك ڕوودەدات لە جیاتی ئەوەی کە پابەند بن بە یاسای ڕۆژنامەگەری و بەڵام بەداخەوە مەکینەی ئیعلامی دەکەوێتە گەڕ وا دەکات لە جیاتی ئەوەی شتەکان کەپ بکاتەوە، ئاگری تێ بەردەدات، بۆیە حەقی هەیە حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەزارەتی ڕۆشنبیری یان یەکێ لە خاڵەکانی ئەو تەوسیەیەی ئەو لیژنە بەڕێزە مەسەلەی پابەند بوون بێ بە یاسای ڕۆژنامەگەری لە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان، لەم پەرلەمانە دەرچووە و حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەخیر خاڵم بەڕێز جەنابی سەرۆکی پەرلەمان باسی کلتوری شاخ زۆر جار دێتە پێشەوە، کلتوری شاخ ئەگەر بەسەرەتاوە بیگرین شتە باشەکانی بەرگرییە، خۆبەخت کردنە و خۆ بە کوشت دانە، بە بێ ئەوەی کە یەکێك چووبێتە  ئەوێ بۆ پاداشت بووبێ ئیللا بۆ ئەوە چووبێت کە ئەم وەزعە بۆ کورد هاتووەتە کایەوە، من ناڵێم یەعنی لە شاخیش ململانێ نەبووە، لە شاخ باسی ململانێی سیاسیە وەك هەمووی چەکدار بووە تەقیوەتەوە، بەڵام نەچووەتە ئەوەی کە یەك لەناوبەرێت، بۆیە ئێمە بە هەموومانەوە حەقی هەیە بە هەموو ئەحزابە سیاسەکانیشەوە کە لە کوردستان دا هەبووە گلەیی لەوە بکەین کە ئێمە دوای نەوەیەك هاتینەوە بەڕاستی بەعس کلتورێکی لەم وڵاتە بڵاوکردەوە کە حاکم بوو لەم

وڵاته هیچ خزمەتێكی كوردستانی نەكرد ئیللا كلتوری تەفرەقەو یەك نەویستن و خراپی بڵاوكردەوە و هەموو ئەحزابە سیاییەكان نەمانتوانی تۆزێك ئەو كلتورەی بەعس، یەعنی ئەم تەمومژەی كلتوری بەعس لەسەر میللەتەكەمان تۆزێ بڕەوێنینەوە كە یەكتریمان خۆش بوێت و یەكتری قبوڵ بكەین، ڕاستە شەڕی ناوخۆش بووە هەمووی تەحریم و تەرجریمی كردووە، لە هەموو دونیادا كە بە شۆڕشی رزگاری میللەتان ڕزگاریان بووە شەڕی برا كوژی یان ڕووبەڕووی چەكداری ئەوانەی تیا بۆتەوە، بەڵام ئەوانە لەبیر چووە بۆیە ئومێد دەكەم كە بە هەمووومانەوە لەم پەرلەمانە دەورو تەئسیرێكی باشمان هەبێ بۆ هێوركردنەوەی ئەو وەزعە بۆ ئەوەی ئەگەر بڵێین دەستی دەرەوەی تێدانیە بە تەئكید هەمووومان بەڵگەمان لایە و دەستی دەرەكی تیایە، ئەگەر بڵێین ململانێ نیە، ململانێ هەیە، بەڵام بە هەمووومانەوە كە نوێنەری خەڵكی كوردستانین بتوانین هێور بوونەوەیەك، بتوانین دەستێكی باشمان بێ لە نەهێشتنی ئەو گرژی و ئاڵۆزیەی كە ڕووی داوە لەو سنوورە و، سوپاستان دەكەم.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك فەرمان فەرموو.

**بەڕێز فرمان عزالدين محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئیدانەی هەموو توندوتیژیانە دەكەم كە لە دەڤەری بادینان ڕووی دا و دەست خۆشی لە هەر دوو لیژنەی ناوخۆ و مافی مرۆڤی پەرلەمان دەكەم، دیارە ئەگەر بەمەنتقی عەقڵ سەیری ڕووداوەكانمان بكردبایە سەرەتاش گلەییەك ئاڕاستەی ئەندامانی پەرلەمان بكەین، بەڕاستی زۆربەی زۆریان لە گفتوگۆیەكانیان بێ لایەنە مامەڵەیان لەگەڵ مەسەلەكان نەكرد، بەڕاستی ئەگەر بێ لایەنانە گفتوگۆ لەسەر مەسەلەكان بكرابایە ڕەنگە دەرئەنجامی ئەو دانیشتیە دە سەعاتیەی ئێمە زۆر لە ئێستا باشتر دەبوو، چونكە مامەڵە كردن بە بێ لایەنانە ڕاستە هەمووومان هەریەكەو یەكێكمان لە لایەنێكی سیاسی دیاری كراو هاتووین، بەڵام ئێستا ئێمە نوێنەری میللەتین، ئێمە نوێنەری خەڵكی كوردستانین، من ئێستا لە فراكسیۆنەكەی خۆم هاتووم، بەڵام ئێستا من نوێنەرایەتی خەڵك دەكەم نەك نوێنەرایەتی فراكسیۆن، ڕاستە سەرەنجام هەمووومان لە فراكسیۆنین، بەڵام ئێستا ئێمە نوێنەرین، نەك نوێنەری حیزبەكەینە و بەو شێوەیە بەڕاستی بەرگری لێ بكەین و هەموو دەستكەوتەكانی بهێنین و لایەنێك زۆر بە بچووك بێتە بەرچاوم و لایەنێ خۆمانی تێدا زاڵ بكەین، بەڕاستی ئەگەر ئەم دیاردە بەردەوام بێت هێرش كردنە سەر بارەگا و سووتاندنی بارەگا بەڕاستی ئەوە پێشینەیەكی زۆر ترسناكە لە هەرێمی كوردستان، ئەوە دیاردەیەك سەر دەكێشێ بۆ ئەوەی یەكتر قبوڵ كردن و یەكتر سڕینەوەی سیاسی لە كوردستان دا ڕوودەدات، ئەگەر هاتو ئەوەش ڕووی دا دیارە كارەسات ڕوودەدات و تەڕ و وشك ڕەنگە لە كوردستان بەیەكەوە بسووتێنرێ، من سەرەتا گلەیی كەم تەرخەمی لایەنی پەیوەندار لە دەڤەری بادینان دەكەم، بە تایبەتی لایەنی پەیوەندار كە پەیوەندیان بە پاراستنی ئاسایش و سەروەرت و سەرومالی خەڵك هەیە، باشە عەجەب ماوەی دە سەعات پاش نوێژی

هەینی ئەمە ڕوویدا تا 11ی شەو ئەو لایەنە پەیوەندارانە نەیانتوانی کۆنترۆڵی بارەکە بکەن؟ نموونەشمان لەسەر ئەوە هەیە بەڕاستی ڕەنگە ماوەی زۆر کەمتر لەوەی کە ڕووداوەکە ڕووی داوە وەکو ئەوەی دەڤەری سلێمانی ڕوویدا هێز لە هەولێر جوڵێندرا بە ماوەی کەمتر لە چەند سەعاتێك گەیشتە سلێمانی و خەریك بوو کارەساتەکە زۆر گەورەش بێت، خاڵێکی ترم هەیە بەڕاستی نازانم ئەو برادەرانەی کە خۆنیشاندانیان کردووە لە دەڤەری بادینان چ خۆنیشاندەرێکن؟ لە کاتێك دا دەچن دوکانی مەی فرۆشی و شوێنە گەشتیاریەکان دەسووتێن، لە هەمان کاتدا دەچن بارەگاکانی یەکگرتوی ئیسلامی و تەلەفزیۆن و ڕادیۆیەکەی دەسووتێنن و بەڕاستی نازانم خۆپیشاندەرەکان چۆنن و لە چ ئایدیالەکەوە مونتەڵەقیان کردووە؟ ئەوەش خاڵێکیان، بەڕاستی ئەگەر دێینە سەر لیژنە ولیژنەکاری لە کوردستان لیژنە لە کوردستان دا بەڕاستی پێشینەیەکی باشی نیە، لەبەرئەوە زۆر لیژنە لە کوردستان تەشکیل کراوە لەبارەی کێشە جیاجیاکان، بەڵام لە کاتی دەرچوونی بڕیارەکانی لیژنەکە نە بڕیارەکانی مولزەم بوونە نە پەرلەمانیش بەڕاستی بەدواداچوونی بۆ بڕیارەکان کردووە، زۆر سوپاستان دەکەم، بەڕاستی ئەوەی کاك فاضل گوتی تێبینیەکم لەسەر قسەکانی ئەو بەڕێزە هەیە ئەوەی لە کەلار بووە بەڕاستی ڕەدفعل بووە کە دەیان کەس بریندار بوو کوشتنی لێ هاتە ئارا، دووەم ئەو 62 ڕۆژەی کە خەڵك لە بەردەرکی سەرا ڕاوەستا بوو داوای ئازادی و نانی دەکرد، نەك گێرەشێوێن بوون، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، وەڵڵا وامزانی بەس تۆ بێ لایەن قسە دەکەی، تۆش لە ئەخیرەکەی! ڕێزدار عبدالرحمن فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن حسین ابابکر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو کارەساتە دڵتەزێنەی ڕۆژی جومعەی 12/2 لە شاری زاخۆ ڕووی دا بە داخەوە زاخۆکا دەلال سۆتاند، ئەوانەی زاخۆ سۆتاندنی قەدری زاخۆ نازانن، خەڵکی ئەسیلی زاخۆ نینە، ئەمڕۆ ل ناو زاخۆ تازیە، بەڕاستی خەڵکی ئەسیلی زاخۆ ئەمڕۆ لێی تازیە، بە توندی من ئیدانە و مەحکومی ڕێگری گرتنی ڕۆژنامەنووسان و سۆتاندنی مەساج و دوکانەکانی مەی فرۆشی و هۆتێلەکان و بارەگاکانی یەکگرتوو دەکەم، کاردانەوەیەکی زۆر خراپی لێ کەوتەوە، پرۆسەی دیموکراتی و مافی مرۆڤ و پێکەوە ژیان لە هەرێمەکەمان لەکەدار کرد، کاردانەوەی زۆری دەبێت لەسەر گەشتیاری و دروست کردنی شوێنی گەشتوگوزاری، چونکە خەڵك لەوانەیە ئامادە نەبێ پارەکە بباتە ئەو شوێنانە لەوێ سەرف بکات مەترسی پارەکەی خۆی هەیە و بەیانیش ڕاونانێکی تر، بەڵام لە دیوێکی ترەوە ئەگەر سەیری بکەین ئەمە ڕق و کینەی خەڵکە بۆ ئازادی بیروڕا دەربڕین لە نەبوونی دامەزراندن و یەکسانی کۆمەڵایەتی و نەبوونی یاسا کە دەڵێین نەبوونی یاسا مانای ئەوەیە جێ بەجێ نەکردنی یاسا، ئەگەر یاسا زۆر هەبێ، لەم وڵاتە کە یاسا نەبوو فەوزا دروست دەبێت، هەرکەس بە ڕەئی خۆی و بە کەیفی خۆی تەسریح دەدات وئەمە حەڵاڵ دەکات و خەڵکێك تەحریز دەکات و بۆ شتێکی خۆی و بە مەزاجی خۆی بەئاقارێك دەبات، ئەمە زۆر پێویستە یاسا هەبێ کە هەشە

دەبێ جێ بەجێ بکرێت ئێمە هەموو سووربین لەسەر ئەوەی کە ئەو یاسا ببێتە سەروەر، چونکە ئەگەر یاسا سەروەر با لە دوای ڕوداوەکانی 17 ی شوبات تا ئێستا نە ئەوانەی توندوتیژی کرینە گیراون و نە ئەوانەی خەڵك کوشتینە گیراون، ئەمە هەموو لەوە دەچێت کە یاسا نیە لەم وڵاتە، کە یاسا سەروەر نیە، ئێستا ئەم کاردانەوەیە لە دەڤەری بادینان ڕوویداوە پاساوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ نەجێ بەجێ کردنی دیسان یاسا، هەبوونی سەنتەری مەساج و دوکانەکانی مەی فرۆشی و هوتێلەکان و بارەگاکانی یەکگرتوو مۆڵەتی یاساییان هەبوو، کە مۆڵەتیان هەبوو دەبێت بێنە پاراستن بە پێی یاسا، چۆن ئەمانە سەرپێچی یاسا کردینە و ئەوانە سووتاندینە و لە کوێ ئەم یاسایە بۆ خۆیان هێناوە کە بچن ئەم بارەگا و ئەم جێیانە بسووتێنن، ئەمە سەرپێچیەکی گەورەی یاسایە و دەسەڵات و حکومەت بەرپرسیارن لێی کە ئەمانە پاراستیان نەی هێشتبا کە ئەم ڕووداوە ڕووبدات، بەرپرسیاریەتی سەرەکی لەتێکدان و سووتاندنی دەگەڕێتەوە سەر حکومەتی هەرێمی کوردستان و دەسەڵاتی ناوچەکە، چونکە من بە کەمتەرخەمی دەزانم ئەو دەسەڵاتەی لەوێ وەکو بەڕێوەبردن و ئاسایشی ئەو مەنتەقەیە دەکەن، چونکە دەوری تەماشاکاری بینیوە، من وەکو شایەت حاڵێك خەڵکی زاخۆ و نوێنەری خەڵکی زاخۆ لەو ڕۆژە لەوێ بووم، کە لە یەکەم شت و لە یەکەم کاردانەوە دەیانتوانی کۆنترۆڵی بکەن و ئەگەر نەیانتوانی دوای ئەوە هێزێکی زۆری بۆ هات لە دهۆك و لە زێرەڤانی و لە ئاسایش و لە پۆلیس دەیانتوانی ئەو خەڵکە کۆنترۆڵ بکەن زەرەرێکی کەمتر با و لەوە زیاتر نەبا، بەڵام کەمتەرخەمی هەبوو لەوە کە نەیتوانی وەکو پێویست بەکاری خۆیان هەستن بە مەبەستی پاراستنی ئەمن وئاسایش و موڵك و سامانی خەڵك دەبێ بە زووترین کات هەر کەسانێك دەستی لە تەحریز کردن و هاندانی ئەو کارە خراپە هەبوو بگرن و بدەنە یاسا و بە سزای خۆی بگات، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان کە دەڵێم یاسا نیە یان یاسا جێ بەجێ نەکراوە یان سەرپێچی یاسا دەکرێت لەم وڵاتە نموونە هەر لەدوای ڕووداوەکە کادرەکانی یەکگرتو و پارتی دیموکراتی کوردستان هاتنە سەر خەت تۆمەتباری یەکتریان دەکرد، ئەمە کاری ئەوانە نیە ئەمە کاری حکومەتە، هەر دەمودەست دەبووایە یان قائیمقام یان وەزیری ناوخۆی یان ژی مەحافز هاتبا سەر خەت و موئتەمەرێکی ڕۆژنامەوانی گەرا با ئەو قەزیەی بۆ خەڵکی ڕوونکردبایەوە، نەدەبوو کادیرەکانی هەر دوو حیزبەکان هاتبان و تۆمەتباری یەکتریان بکردبا، ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ ئەوەی کە یاسا نیە و دەسەڵاتی حیزبی زاڵە لەسەر حکومەت، کاردانەوەی دەسەڵاتی حیزبی لەناو حوکمەتە و ئەمەی لێ دەردەکەوێت، زەعیفی حکومەت کە دەبینین حکومەتی ئێمە زۆر زەعیفە و ئەو دەسەڵاتەی نیە یان ئەو دەسەڵاتەی نیە کە یاسا جێ بەجێ بکات، ئەمەش هەر دەگەڕێتەوە بۆ حیزب کە دەسەڵاتی لەناو حکومەت هەیە، من لێرە داوا لە سەرۆکی پەرلەمان و ئەندامە پەرلەمانە بەڕێزەکان دەکەم هەموومان بڕیار بدەین و سوور بین لەسەر سەروەری کردنی یاسا، موئەسەسات کەم کردنی دامودەزگاکانی حکومەت، یەکگرتنی هەر دوو ئیدارە و ئەمەش کاردانەوەیەکی زۆر خراپی لەسەر بەڕێوەبردنی ئیدارە هەیە، لەسەر بەڕێوەبردنی حکومەت و جێ بەجێ کردنی یاسا هەیە، ئەگەر جێیەکی کەسانێك هەڵە بکات یان غەڵەتێ بکات یان مخالەفەیەکی یاسایی بکات کەچی ئەو

بەرپرسیاریەتیە لەو دەڤەرە دەڵێ ئەمە غەڵەتە و لایەنی تر یان حکومەتی تر کەوەکو دەڵێت ئەوە لای منە و من سزای دەدەم ومن عقوبەی دەکەم تۆ حەقت پێی نیە، چەند مخالەفەکی گەورە بێ یان چەند شتێکی سەرپێچی یاسا بێت هەر دەڵێت خەڵکی منە ویان کادری منە و نابێ تۆ محاسەبەی بکەی من دەیکەم، بەڵام ئەگەر یەك حکومەت با یەك سەرۆك و یەك یاسا و ڕێنمایی کەسانێك با ئەمە وانەدەبوو کە موخالەفەی دەکرد یەکسەر تەقدیمی یاسا دەکرا و دەگەیەتە حەقی خۆی و کەسێکی تریش وای نەدەکرد، بۆیە تکایە تکایە با هەمووومان بە بەرپرسیاریەتی نەتەوەیی هەستین، ئەگەر نا مێژوو بێ ڕەحمە ورەحم بە کەس ناکات، دووبارە دەڵێم هەمووومان دەوری هێورکردنەوە لەو بابەتە و ڕووداوەکە ڕووی دا و ڕۆیی، هەرچەندە هەمووومان پێی ناخۆشین، بەڵام کە ڕووی دا ڕۆی و دەبێ هەمووومان دەوری هێورکردنەوە ببینین و دەوری موسالەحە و نزیك کردنەوە ببینین و دەوری برایەتی و تەبایی ببینین لەناو ئەم هەرێمە و لەناو ئەم کوردستانە کە کەس زەرەرمەند نیە هەمووومان زەرەرمەندین، کە بڵێین یەکێك و لایەنێك وکەسانێك زەرەمەندن، نەخێر هەمووومان زەرەرمەند دەبین و هەمووومان دواڕۆژەکە پێی ناخۆش دەبین و نیگەران دەبین، پێشی هەموو ڕووداوێك پێش ئەوەی گەورەتر ببێت و پێشتر ببێتە پێش و ئێمە هەموو لەو ئاستە بین کە ئەم ڕووداوە دڵتەزێنە بگەینە یەك ونزیك تر بکەین و بەزووترین کات هێوری بکەینەوە و چارەسەر بکەین بەڕەئی من زۆر زۆر باشترە و، ئیتر زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك سمیر فەرمووو.

**بەڕێز سمیر سلیم امین بەگ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

داوا لە خوشك و برایان دەکەم سەعات 11 یە و لوتف بکەن و گوێم لێ بگرن، ئەزانم ماندوون، ئەوەی کە بیستم لە هەندێ گوتار وەك کۆتایی دنیا بێ وابوو، زۆر بەداخ بووم، یەعنی پەرلەمانتار لەگەڵ جیاوازی باکگراوندی سیاسی و خەلفیەتی فیکری هەرچیەك هەیە نوێنەری گەلە و ئەگەر وابزانی ئەمە کۆتایی دنیایە هەڵەیەکی گەورەیە و واش بزانی ئەم حەدەسە قۆناغێکی مێژوییە و کوردستان پیا تێ پەڕێ دیسانەوە هەڵەیەکی گەورەیە، چونکە بە گوڵێك بەهار نایەت و بە حەدەسێکیش مەرحەلەیەك نایەت و تێشناپەڕێت، ئەوە مولاحەزەی یەکەم، مولاحەزەی دووەم/ تەقیمی موئەسەساتی حکومەت تەقیمی مێژووی حیزب نیە با دەسەڵاتداریش بێت، تەقیمی موئەسەساتی حکومەت تەقیمی مێژووی هیچ حیزبێك نیە، با حیزبی سوڵتەش بێت، ئەنجا هەمووی ئەمڕۆ لەڕووی سیاسی و مومارەسەوە حیزبی سوڵتە ناکاتە هەڵەی مێژووەکەی و دروستی مێژووەکەیشی ناکاتە دروستەکەی ئێستای، ئەمە یەعنی مولاحەزەیەکە کە حەز دەکەم لە بیدایەتەوە عەرزتانی بکەم، ئەزموونی حوکمڕانی لە حیزبەکانیش و لە مەسئولینیش گەورەتر و بەڕێز ترە، ئێمە وەکو پەرلەمان مادام ئیش لەسەر موئەساستی دەولە دەکەین، ئیش لەسەر موئەسەساتی حکومەت دەکەین، مەسئولینی حکومی لەبەر خاتری پاراستنی ئەوان و لەبەر خاتری

عەیبدار نەکردنی ئەوان، لەبەر خاتری تەقیم نەکردنی ئەوان ئەزموونەکە نەکەینە قوربانی ئەوان، باحیزبەکەی خۆشم بێت، با کەسی خۆشم بێت، ناکرێ ئێمە فەشەل و زوعفی مەسئولینی حیزبی بپۆشین بە خیتابی سیاسی و بە کۆمەڵێك شتی تر شتێکی ئیستراتیجیە و ئێمە پەرلەمانتارین مەسئولیەتێکی نیشتمانی و نەتەوەیی گەورە لە ئەستۆی ئێمە دایە هەڵەیە ئێمە هین بکەین، من تکام ئەوەیە ئێمە ئەم ئەزموونە نەکەینە قوربانی کۆمەڵێك کەوادر کە سەرنەکەوتوو بوون، کە موەفەق نەبوون، ئیتر خۆ ئەوە پاساوی چیە لە مەوفەق نەبوونا؟، پاساوی چیە لەسەرنەکەوتنا؟ ئەوە وەختی خۆی هەیە و ئێمە دادگا نین موحاکەمەی سەرنەکەوتن و موحاکەمەی فەشەلی ئەو بکەین، ئێمە پەرلەمانتارین قیرائەمان هەیە وتەقیممان هەیە لە مەوزوعەکەدا، لەبەرئەوە من داوا دەکەم جارێکی تر لەبەرخاتری چەند کادرێکی فاشل ئێمە ئەم ئەزموونە هەڕاج نەکەین، ئێمە ئەم ئەزموونە لەبەرخاتری جیاوازی ئینتمای سیاسی و ئینتمای فکریمان ئەم ئەزموونە نەکەینە قوربانی ئینتمای فکری و ئینتمای سیاسیمان، بەڕێزان ئێمە لەبەردەم سێ حەقیقەت داین، پەرلەمان لەبەردەم سێ حەقیقەت دایە ودەبێ قسە لەسەر ئەو سێ حەقیقەتە بکات بە جیاوازی هەر شتێك هەیە، یەك/ سووتاندنی شوێنی گشتی و سووتاندنی هوتێل و گازینۆکان و سووتاندنی شوێنی کەسابەت ودوکانی خەڵکی، دوکانەکە چی تیا دەفرۆشرێ، ئیشی ئێمە نیە، ئەمە حەقیقەتێکە کۆمەڵێك دوکان و کۆمەڵێك گازینۆ و کۆمەڵێك شوێنی گشتی سووتاوە و ئەم پەرلەمانە لەبەردەم حەدەسی ئەمانە دایە، دوو/ لەبەردەم سووتانی بارەگاکانی یەکگرتوو داین، ئێمە هێشتا حوکممان نەداوە کێ بارەگای سووتاندوە و کێ شوێنی گشتی سووتاندووە؟، هەردووکیان ئیدانە دەکەین وهەردووکیان مەحکوم دەکەین، جورمە یەکێکیان حوریاتی شەخسیە ومەسالحی عامەیە و یەکێکی تریشیان حوریاتی سیاسیە، لەسەر بنەماکانی دیموکراسی و لەسەر مەبنای قانونی ئێمە مامەڵە لەگەڵ ئەم حەدەسانە دەکەین و نەك لەسەر مەبن و ئینتمای سیاسی مەشاعیری من هەڵچن ومن ڕاستە یەکگرتووی ئیسلامی کوردستانم، ئازارم پێگەیشتووە و بە حسابی خۆم زەوڵمم لێ کراوە، بەڵام زوڵم و ئازارەکانی من نەکاتە ئەوەی کۆمەڵێك مەبادیء و بنەمای مامەڵە کردن لەگەڵ ئەو شتانە بکەم، چونکە تەعامول لەگەڵ ئەحداس دا بە مەشاعیر ناکرێت، بە مەعایر دەکرێت، دەبێ ئەم مەعایرانە من کاك عمر نورەدینی قسەی کرد کە دوایی دێمە سەر ئەو مەوزوعە، (من وحی الاحداث) چۆن مامەڵە لەگەڵ حەدەس دا بکەین، چونکە قیرائاتی حەدەس ئیستنتاجاتمان بۆ دیاری دەکات و حساباتمان بۆ دیاری دەکات، یەکێکی تر لەو قەزیانەی کە پەرلەمانی کوردستان لەبەردەمیایەتی تەحریك و جووڵاندنی نزاعاتی تائیفی و جیاوازی ئاینیە لەم کوردستانەدا کە ئێمە چەندین ساڵە پێش ئەوەی پارتی بێ و پێش ئەوەی یەکگرتوو بێت و پێش ئەوەی ئیسلامیش بێ ئاشووری و مەسیحی لەم وڵاتە هەبوون، عومقی تەئریخی حزوری مەسیحی و ئێزیدی و ئەوانە دەگەڕێتەوە پێش ئەزموونی سیاسی، لەبەرخاتری ئەزموونی سیاسی و ململانێی سیاسی حەقائیقی تەئریخی ناشێوێندرێت و حەقائیقی تەئریخیش ناشاردرێتەوە، دەبێ من ڕێزم هەیە بۆ گوتارەکان، دەبوو گوتاری ئێمە لەسەر ئەو حەقائیقانە مامەڵەی بکردایە، نە من پێم وابێ لەبەر ئینتمای حیزبی خۆم و

حەقائیقی تەئریخی حزوری مەسیحیەت یان حزوری یەزیدی و یان حزوری هەر ئاینزایەکی تر لەم وڵاتە دا دەسرێتەوە، ناسڕیتەوە، ئەم وڵاتەی ئێمە چەندین حروبی دەولی و ئیمپراتۆریاتی بەخۆیەوە بینیوە، بەس نەیتوانیوە حەقیقەتی ئاشوری و مەسیحی لەم وڵاتە بسڕێتەوە، جەنگە نێودەوڵتیەکان و حەربی ئیمبراتۆریات نەیتوانیوە جیاوازی ئاینی لەم وڵاتە بسڕێتەوە، فتوحاتی ئیسلامیش نەیتوانیوە جیاوازی ئاینی لەم وڵاتە بسڕێتەوە، لەبەرئەوە هەڵەیەکی ستراتیجیە کە پێمان وابێ مەسەلەی تائیفی و جیاوازی ئاینی بکرێتە کەرەستەیەکی سیاسی بۆ یەکلاکردنەوەی ململانێ سیاسیەکان کە هەر حیزبێك دەیکات، پێشم خەسار بوو سورەی مەی فرۆشی ومەساج بدرێتە پاڵ مەسیحی، چونکە ئیستیهداف کردنە، من لێرەدا ئیدانەی ئەوانە هەمووی دەکەم، ئیستیهداف کردنی شوێنی مەیفرۆشی لەبەر مەسیحی بوونی ئەوان نەبووە، لەبەر شتێکە کە کابرا عەقڵ و فام ولێگەیشتنی ئەوەندە بووە لەو مەوزوعەدا، واز لە پاڵنەرە سیاسی و پاڵنەرە ئابووری و شتەکانی تر بهێنین، چونکە ئەوە قسەی تر ئەخوازێت، ئەوە تەحقیقی دەوێت، بەڕێزان من یەك مولاحەزەم لەسەر ئەم ڕاپۆرتە هەیە کە خۆم لە لیژنەکەدا بووم، ئەگەر ئەندامانی هەردوو لیژنە ڕێگام پێدەدەن من یەکێك بووم لەوانەی کەدەورم هەبووە لە نووسینی شێوازی ڕاپۆرتەکە، ویستوومە پەرلەمان نەکەوێتە داوی تەحەیوزی سیاسیەوە، حیادیەتی بپارێزێت لە ڕاپۆرتەکەدا، وە موفتەرەحاتم لە دوو تێبینی هەبووە، ئەوانیش تەبەنیان کردووە، ویستووشمە کەمن تەرەفێکم وەکو یەکگرتوو لە مەوزوعەکەدا کە هەرچی تۆمەت و تۆمەتکاری نێوان هێزە سیاسیەکان لەڕووی قەزاوە یەکلا بکرێتەوە، پەرلەمان شوێنی قەزاوەت کردنی ئەو شتانە نیە، مەسئولیەتی ئەمە وەکو موشارەکە سوپاسی لیژنەش دەکەم کە بەجدی ئیقتراحەکانی منیان لە ئەستۆ گرت، بەس تەنها لەبەر حیادیەتی پەرلەمان ئەوەم کردووە، دوور کەوتوومەتەوە لەو ئازارانەی کە خۆم تێیدا ژیاوم کە حزبەکەم تێیدا ژیاوە، من یەك مولاحەزەم هەیە لەسەر کۆی ڕاپۆرتەکە، ئەو کەسانەی کە مەسئول بوون لەو ڕووداوانە، مەسئول بوون لەپاراستنی سەروەت و سامان و ژیانی هاووڵاتیان، مەسئول بوون لەپاراستنی بەرژەوەندی هاووڵاتیان هەر ئەو کەسانە قسەیان بۆ ئێمە کردووە، ئەوەی کە مولاحەزەم هەیە لەسەر کۆی ڕاپۆرتەکە، ئایا ئەو کەسە کە خۆی مەسئولە لە حەدەسەکان مەسئولە لە پاراستنی ئەمنیەت، مەسئولە لەپاراستنی مەسڵەحەت، مەسئولە لە پاراستنی ژیان و بەرژەوەندی هاووڵاتیان، قسەی لێ وەردەگیرێت؟، یان بڵێم قسەکەی قوەی ئیسپات و ئەدیلەی هەیە؟، من پرسیار دەکەم، حوکم نادەم لە ڕاستیدا، ئەوەی کە سەرنجمە لەسەر ڕاپۆرتەکە، ئێمە تەنها ئەوانەمان دواندووە، هەتا دووریش کەوتووینەتەوە لە تۆمەتبارکردن، هەندێ خوشك وبرا قسەیان کرد، قسە بووە، لەناو ئەترافدا مەسئول مەڵبەندی یەکگرتوو قسەی کردووە، خەڵکی ئیتیهام کردووە، مەسئولینی تر خەڵکیان ئیتیهام کردووە، ئێمە تۆمەتەکانمان نقڵ نەکردووە، چونکە ئەوەمان بەجێ هێشتووە یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان لەڕێگای دادگاوە هەر سکاڵایەکی لەسەر هەر حزبێك، هەر مەسئولێك، هەر کەسێك هەیە، لەڕێگای دادگاوە دەتوانێ سکاڵا بکات، ئەدیلەو بەڵگەی خۆی تەسلیم دەکات لەوێ یەکلا دەبێتەوە، هەروەها بەنیسبەت لایەنی بەرامبەریشەوە،

ئێمە خۆمان پاراستووە لەو هەمووو کارانە، بۆ ئەوەی پەرلەمان ئەو حیادیەی بپارێزێت، بەس لەکۆی خوێندنەوەی ڕاپۆرتەکەدا، بەڕێزان من حەز دەکەم ئەجهیزەی ئەمنی کە بەڕەئی شەخصی خۆم و لەڕاپۆرتەکەشدا دەرجم نەکردووە، داواشم نەکردووە کە دەرج بکرێت، بەکەمترین شتمان خستووەتە ڕوو کە کەمتەرخەمییە، بەس بەبۆچوونی من ئەجهیزەی ئەمنی موتەحەیز بووە، نەك موقەصر بووبێت، تەسەوری من شەخصی وایە، هەرچەندە ڕاپۆرتەکەشم ئیمزا کردووە، لەبەر مەصلەحەی عامە کەمترین شتم وتووە کە تەقصیرە، بەڵام موتەحەیزە بەم خوێندنەوانە کە ئێستا ئاراستەتان دەکەم، بەژمارە لە دەزگاکان خۆیان وەرمان گرتووە، بەینی دوورترین ناوچەی کوردستان کەزاخۆیە، دوورترینیش کفریە چوار سەعات نابێت بەسەیارە، لەڕووی مەسافەی مەکانیەوە، بۆ جووڵاندنی هێز بۆی ئیسناد و تەعزیز ئەتوانی لە کفری هێز بجووڵێنی تا زاخۆ لەماوەی 4 تا 5 سەعات دەگاتە ناوچەکە، ئەوە یەك، دوو: لەهەرێمی کوردستاندا 350 هەزارچەکدار لە پێشمەرگەو زێرەڤانی و پۆلیس وئاسایش هەیە، ئەوەی کە بەپێی ئەو ژمارانەی لە پرۆژە یاسای بودجەی ساڵی 2011 لەبەردەستماندایە، کە لە 40٪ی بودجەمان بۆ تەرخان کردوون، ئەو ژمارە دروستە یان نا؟ من نازانم ئیستیناد لەسەر ئەو ژمارەیە دەکەم، حەرەکەتێکی فەوزەوی، غەوغاوی لەناو زاخۆدا بووە، بە ئیقراری مەسئولینی ئەمنی قائیم مەقام، مەسئولی دەزگای ئاسایش، لەگەڵ مەسئولی پۆلیس کە لەلیژنە لێمان وەرگرتوون، بە قەراری ئەوان لە نوێژی هەینیەوە بڵێین سەعات 1 کە پیش 1 تەواو دەبێت، کە لەمزگەوتەکە هاتوونەتە دەرەوە، غەوغا دەستی پێکردووە، حەرەکەتی غەوغا لەسەعات یەکەوە دەستی پێکردووە، لەسەعات 4/30 دەقە مەساجەکە سووتێنراوەو سینیەکان دەرهێنراون، واتە سێ سەعات و نیو، حەرەکەیەکی فەوزەوی لەناو زاخۆدا هەبووە، کۆنترۆڵ نەکرا، بۆ؟، ئەوەی پاساوی مەسئولینی ئەمنی ئەوێ، لەسەر ژمارەی هێزەکانیان بووە کە 60 ئاسایشیان هەبووە، 80 پۆلیس هەبووە، 40ی لەواجبدا بووە 40 تریان مۆڵەت بووە، ئەمە بەهەرحاڵ، ئەم چوار سەعاتە لەسەردەمی تویتەردا، لەسەر دەمی ئەنتەرنێت دا و لە سەردەمی فەزائیات دا، لە سەردەمی مۆبایل دا نەتوانرا لە محافزە، لە شوێنی تر تەحریکی قیوا بکرێ؟ من قەناعەتم هەیە سی، چل نەفەر بووبێ، لەگەڵم ئەوە بەدرۆ ناخەمەوە، بەس وەکو پەرلەمانتارێك وەکو نوێنەرێکی ئەم میللەتە، نەتوانرا بە هەلەوێك، تەلەفۆنێك تەحریکی قیوا بکرێ زێرەڤانی قیادەی لە دەرەوەی شاردایە، باشە نەکرا بە هەلەوێك تەحریکی قیوا بکرێت بوترێ کاکە فریامان بکەون و ئەوە فەوزا هەیە و غەوغا هەیە، هەرکەسێك من لێرە تەبرئەی هیچ کەسێك ناکەم و ئیتهامی هیچ کەسێکیش ناکەم لە مەوزوعەکەدا، نەتوانراوە بکرێت، خاڵێکی تر دێر و دیوەخانەی مەتران، سۆزان خان دەقیقەك با قسەکەم، دێری برا مەسیحیەکان ودیوەخانەی مەتران ئەم حەرەکە فەوزەویە ڕووی تێ کردووە، دە نەفەر بە پێی قسەی ئەو برادەرانە کە کاك امیر گوگەش لەوێ بوو، دە تا دوانزە نەفەر چەکداری لێ بووە تەقەیان بە ئاسمان دا کردووە و بڵاوەیان بە غەوغائیەکان کردووە، بە پێی قەراری دەزگای ئەمنی شەست ئاسایش و چل پۆلیس یەعنی سەد نەفەر لەناو شاری زاخۆ بووە تەقە بە ئاسمان دا نەکرا ئەم غاوغاوانە بڵاوەیان پێ بکرێت بەس دە چەکدار

لەبەردەم دێری مەتران دا بلاّوەی پێ کراوە، ئەمە کارەساتە بۆ ئێمە، ئەمە دەزگای ئەمنی دەخاتە ژێر پرسیارەوە، من قسەم نیە لەسەر شتی تر و پالّنەری سیاسی و ئەوانەو ئیش لەسەر پالّنەری سیاسیش ناکەم، خالّێکی تر لەم مەوزوعە کە لەهەمووی هینترە، موشکیلاوی ترە، تەبیعی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان بە پێی ئیقراری قائیمقام و دەزگای ئاسایش و مەسئولی مەلّبەندی یەکگرتووش، لە سەعات دوو و نیوەوە هەتا سەعات پێنج و نیو لە سەیرانگایەکی ناو زاخۆ ئیحتفالی سەری سالّی کۆچیان بووە و لە ئیحتفالەکە شەش سەد کەس تەقریبەن لە بەینی شەش سەد و حەوت سەد کەس ئامادە بووە، ئەمە دەیسەلمێنێ ئەندامانی یەکگرتوو لە حەفلە بوون و لە شوێنێکی تر بوون، بەلاّم پەیامنێری سپێدە بە ئیقراری خۆیان و مەسئول مەلّبەندی یەکگرتوو پەیامنێری سپێدە و ڕۆژنامەنووس لەناو حەدەسەکە بوون بۆ تەختیەی ئیعلامی، هیچ ئینکاریان نەکردووە لەم مەوزوعە، ئەمەم بۆ ئەوە دەوێت ئەم حزورەی یەکگرتوو لەوێ لە شوێنی تر بوون و من دلّنیاشم ئیحسائیات بێنن لە ناو یەکگرتووا بیگرتایەتە دەرەوە یەکگرتوو حزوری تەنزیمی و جەماوەری وتیشیان لە باتوفەوە خەلّکیان هێناوە، بۆ ئەوەی دەقیق بم لە سەر ریوایەکە لە باتوفەشەوە خەلّکیان هێناوە ئینکاریش نەکرا لەوە، شەش سەد تا حەوت سەد کەسی تەنزیمی یەکگرتوو لەو ناوە نیە، تەنزیمیان نیە ئەوەندە، چونکە یەکگرتوو مەلّبەندی زاخۆی بچکۆلّەیە، مەقەرێکی گەورە نیە، سەبارەت کە پەیوەندی کردووە بە قائیمقامەوە تەبیعی قائیمقام ئینکاری کرد و وتی پەیوەندی بە منەوە نەکردووە مەسئولی مەلّبەند، چونکە مەلّبەندی یەکگرتوو ئیدعای کرد پەیوەندی بە دەزگای پەیوەندارەوە کردووە و نەهاتوون  بە دەمیەوە، مەسئولی شورتە ئیقراری کردو وتی تەلەفۆنی بۆ من کردووە، قسەی لەگەلّ من کردووە، مەسئول مەلّبەندی یەکگرتووە دەلّێ پێی وتووە نەك ناتپارێزم خۆشت ژیانت لە ئەمان دا نیە، یەعنی تەهدیدی موقابیل و ئەوەش تەبیعی ئەوە دەبێ دادگا ئەو بەشە یەکلابکاتەوە، دێمە سەر سێمیلّ، تەبیعی ئێمە لەگەلّ لیژنەی ئەمنی دانیشتین قائیمقام و شورتە و ئاسایش بەڕێوبەرەکانیان دەلّێ ئێمە تەعزیزی زاخۆمان کردووە بە حەریق زانیومانە لە زاخۆ فەوزا هەیە و غەوغا هەیە تەعزیزمان کردوون بە حەریق بۆ ئەوەی کۆنترۆلّی حەریقەکە بکەن ئیستحکاماتی ئەوەلّیمان وەرگرتووە لای خۆمان مانای وایە ئەزانێ فەوزایەك و بەزمێك تا حەدی سووتاندن و شت هەیە لەوێ، بۆیە تەعزیزی کردوون ئەم حەریقی بۆ ناردوون، ئەنجا سەرەتا حەوت کەس بوون، حەوت کەسەکە هاتوون وقسەیان لەگەلّ دا کردوون و قائیمقام و قوەتێکی لەگەلّ دابووە و ئاسایش و شورتەیشی لەگەلّ دابووە، بەڕێوبەرەکانیان مەبەستمە، قسەیان لەگەلّ دا کردوون و وتوویانە هاتووین بۆ ئەوەی ئەم مەیخانانە بسووتێنین کە لەسەر ئەم جادە ڕەئیسیەیە، باشە تۆ ئەزانی زاخۆ فەوزای تیایە و تەعزیزت کردووە، ئیقرار دەکەن حەوت کەسن و ئیقرار دەکەن هاتوون مەی فرۆشی بسووتێنین، بۆ نایگری؟ من نالّێم بیکوژە، ناشلّێم تەقەی لێ بکە، بۆ نایگری؟ خۆی ئیقرار دەکات، یەعنی لە ڕاپۆرتەکەشمان دا هاتووە..

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سمیر ئەوانە دەمێنێ بۆ تەحقیق، لە ڕاپۆرتەکەتان دا هاتووە و گوێ لە برای خۆت بگرە، لە ڕاپۆرتەکەتان دا هاتووە خاڵی سێ ئەوەی محرکە و ئەوەی بەشداره و ئەوەی موقەسرە و هەمووی دەبێ ئیجرائاتی لەگەڵ بکرێت، ئەگەر ئەمە هێشتا دەقیق نازانی ئەوە نەوعێکە ببورن، کاك سمیر فەرموو.

**بەڕێز سمیر سلیم امین بەگ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

داوا دەکەم وەك دەرفەتت بە هاوەڵەکانم دا دەرفەتیش بە من بدەی، یەك/ من تۆمەت بە کەس ناکەم، من ڤیرائەی رەقەمەکان دەکەم کە دەزگای ئەمنی بە ئێمەی داوە، دوو/ من تەکلیفێکی ناقانونی ناکەم دەڵێم ئەو کە زانیویەتی تەعزیزی کردووە و ئیقرار دەکەن حەوت کەسەکە هاتوون و دوکانی مەی فرۆشی بسووتێنن بۆ نایگرێ؟ من مجرد سوئال دەکەم، من ئیتهامیشی ناکەم و هێشتا لەم مەوزوعە قسەم لەسەر دەزگای ئەمنیە، کاکە ئێمە باسی ئەدای موئەسەساتی حکومی دەکەین، ئەم پەرلەمانە مەسوئلە لە متابەعە کردنی موئەسەساتی حکومی، نا ئەوە بە پێی قانون جەریمەی مەشهودە کە ئیقراری کردووە بۆی هەیە تەوقیفی بکات ئەوە باسی قەراری مەحکەمەیە، چونکە خۆی ئیقراری کردووە و جەریمەی مەشهودەیە و ئیقراریشی بە جەریمە کردووەو کەچی ئەنجامی دەدەم، ئەوە هیچ یەعنی هینی ناوێ، تەبیعی دواتر لەبەرامبەر قائیمقامیەتەوە ئیقرار دەکەن و دەزگای ئەمنی خۆیان لەبەرامبەر قائیمقامیەتەوە چوار دوکان سووتێنراوە هی مەی فرۆشی ئەی بۆ مەنعیان لێی نەکراوە؟ دەچمە خاڵێکی تر لە دهۆك هیچ ڕووی نەداوە هێشتا، من گوێم لە هەمووتان گرتووەو ئومێدەوارم......... .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

دەزانی کاك سمیر جەنابت ئەندامی لیژنەکەی و ڕاپۆرتت نووسیوەو ئیمزات کردووە ئەمە لە ئسوڵی کاری لیژنە لادەدەی، بۆیە بە موختەسەری ڕەئی خۆت بدە ئیحترام بۆ پەرلەمان، بۆ لیژنەکەت و بۆ ئیشەکەت، نابێ ئەوە یەعنی جارێکی تر بۆ ئاگاداری هەمووتان هەرکەسێك لەناو لیژنە بێت، ئیمزای لەسەر بێت حەقی قسە کردنی نیە، دەبێ دیفاع لە ڕاپۆرتەکەی بکات، نابێت تۆ لە لیژنەیەکی ئیمزایەك بکەی و دوایی لێرە ڕەئیەکی تر بدەی، کەرەمکە بەڵام تکایە بە موختەسەری کاك سمیر فەرموو.

**بەڕێز سمیر سلیم امین بەگ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە پەیڕەو دا نیە ئەندامانی لیژنە قسە نەکەن، دوو/ هاوەڵەکانم لە ئەندامانی لیژنە قسەیان کرد و بە توندیش قسەی خۆیان کردو من ڕێز و حورمەتم.... .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەمڕۆ ڕێمان پێتان دا بەزیاد ئیتر ئەندامانی لیژنە حەقیان نیە ئیمزای کردبێ و ڕەئیەکی تر لێرە بدات، چونکە ئیحترامی لیژنەکە ناگری، برای من ئەوە نیزامە کاك سمیر فەرموو.

**بەڕێز سمیر سلیم امین بەگ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

له دهۆك هيچ رووى نەداوه بارەگا دەسووتێنرێ، مەعەل عيلم محافز بە ئيقرارى خۆيان ئاگادار كراوه كە له سەعات 11 ەوه كه سەعات يەك كه خەبەرمان هەيه دێنه سەر بارەگاكانمان، دە تا دوانزه پۆليسى ناردووه، چەند حەريق لەوێ بووه، تەنانەت نەشيان كوژاندووەتەوه حەريقەكانيش لەوێ بوون، من پرسيارێكى تر دەكەم تەبيعى له قەسرۆك نه دوكانى مەى فرۆشى بووه، نه هيچ جموجوڵێكى جەماوەرى بووه، بارەگا دەسووتێنرێ و ديفاعيشى لێ ناكرێت، يەك قسه دەكەم و يەك پرسيار له هەموومان يەكگرتوويەك نەيتوانى بێ ديفاع له بارەگاكەى خۆى بكات و بيست، سى نەفەر دەتوانێ رێبەرايەتى جەماوەر بكات و خەرقى ورووژاندنى جەماوەر بكات؟؟ من پرسيارەكەم هەر ئەوەيه، دێمه سەر كۆمەڵێك تەسائولات، چونكه پرسيار زۆر كرا، قيرائەى حەدەسه كه كراو پرسياريش كرا له بەرامبەر تەبيعى حەدەسەكه وا قيرائه كرا كه .......... .

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان:**

تكايه با بەردەوام بێ، كەرەمكه هەرچى له دڵته بيڵێ، تكايه له جێى خۆتانەوه قسه مەكەن هەركەسێ له جێى خۆيەوه قسه بكات، لێى گەڕێن قسەتان كردو با ئەمڕۆ قسەى خۆى بكات و هەرچى له دڵيەتى هەتا بەيانى دادەنيشين و كێش تاقەتى نيه با كەرەمكا بچێته ماڵ، بەردەوام به و فەرموو.

**بەڕێز سمير سليم امين بەگ:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

سوپاس، قيرائه كردنى ڕووداوەكه من دەيڵێم ئەم ڕووداوه مەرحەله نيه كوردستانى پيا تێ پەڕێ، بەڕووداوێكيش مەرحەلەيەك نه سەرهەڵدەداو نه كۆتايشى پێ دێت، له بيدايەتيشەوه ئەم قسەم كردووه، بەڵام ئەم ڕووداوه ئەگەر هەمووى قيرائه بكرێ، كێ موستەفيده لەم ڕووداوه، كاكه من ئەوەيه (المثل يضرب ولا يقاس)، من ناڵێم پارتى بەم مەوزوعه، من ناڵێم پارتى و ئيتهاميشى ناكەم ئەگەر قسەم هەبێ لەسەر پارتى له دادگا دەيكەم، بەڵام ورووژاندنى ئەم قەزيانه له ڕۆژهەڵاتى ناوەڕاست دا به تايبەتى لەلايەن ئەنزيمەى عەرەبيەوه ئەقەليات و تەحريكى ئەقەليات بۆ كۆنترۆڵ و بۆ حسابات كاكه خەڵك موستەفيد دەبێ لەگەڵ ئەوەنيه قيرائەكه نەك ئەو هەر هەمووى به ئيتجاهێك دا دەڕوات، گريمانه و ئيحتمالات و زۆر هەيه لەو مەوزوعه، من هيچ گريمانەيەك ناڵێم بەس دەڵێم ئەگەر ئێمه بێين قيرائەى حەدەسەكه بكەين وەكو پەرلەمان و پەرلەمانتار دەبێ هەموو گريمانەكان بڵێين، نەك تەنها هێزێكى ئيسلامى تەوزيفى نيزاعاتى دينى دەكات بۆ تەحريكى جەماوەريى، ديوێكى تريشى هەيه، هێزێكى سياسى دەتوانێ تەحريكى نزاعات بكات بۆ كۆنترۆڵ و بۆ ئيحتوا بۆ كۆمەڵێك شت، هەمووى وارده، ئەمه دەبێ تەحقيق بكرێت و دادگا ئەوانه يەكلا بكاتەوه، باسى پارتى لێره من به سيفەتى مەكتەب سياسى جوابى دەدەمەوه، پارتى لەناو مەكتەب سياسى ئێمەداو له بەياننامەى ئێمه دا هەمووى مودرەجه وهينه تەنها تەحميلى مەسئوليەت كراوه، ئيتهام نەكراوه لەبەرچى؟ لەبەرئەوەى حزبى حوكمڕانه كاكه، تەنانەت يەكێتيش بەخوا يەكێتى لەبادينان دا شەريك بووايه يەكێكتيشمان دەرج دەكرد، بۆيه دەيڵێم يەكێتى له بادينان دا شەريكى حوكمڕانى بووايه بەخوا يەكێتيشمان دەرج دەكرد، ئينجا ئێمه مەحەليەن مامەڵەمان لەگەڵ دا كردووه، نەك مەركەزيەن لەو مەوزوعه، بۆيه دەڵێم باسى پارتى ئەگەر له ئەدەبياتى يەكگرتوو دا باسى

پارتی هاتبێت موجەرد تەحمیلی مەسئولیەت بووە و نەك ئیتهام، لە مەسـەلەی تۆمـەت و تۆمـەتبار كـردن لـە دادگـا مامەڵـەیان لەگـەڵ دا دەكـەن وپێشنیەكیشـمان هەیـە لـەو مەجالـە، ئینجـا ئێمـە لەگـەڵ پـارتی دا موشكیلەمان هەیـە، كاكـە ئـەم عەمەلیـەی سیاسـە هـەموومان كۆدەكاتـەوە و هـەر دەبـێ چارەسـەر بكـرێ و موعالەجەش بكرێت، بە بێ موعالەجە ناكرێ كوردستانی ئێمە مەشاكلی گەورەتری بەخۆیەوە بینیوە و بە ئیتجاهی موعالەجەش دا ڕۆیشتووە و ختابی ئیعلامی لـەوە گـەرمتر و تونـد تـر و شـەدید تـری بەخۆیـەوە بینیوە و چارەش كراوە، ئەوەش نیە بڵێی وەڵلا چارە ناكرێ ئەم مەوزوعانە، بە نیسبەتی گوتاری ئیعلامـی مەدەنی، بەڵام باسی كرداری نادیموكراسیش بكەین، ئێمە لە ئیعلامی یەكگرتوو دوو شت دەكەین لە ڕاستی دا یەك/ بەرائە زیمەی یەكگرتوو كە بەشدار نەبووە تا ئەم حەدەسە، یەعنی بەشدار نـەبووە لـە مـەوزوعی ئیسارە كردنەكان، ئیسپاتات و ئەدلـە بـە سـوەر و خوتبـە پیشـان دەدات، ئیسپاتات و ئەدلـە تەبرئـە زمـەی یەكگرتووە، كاكە من بە حسابی خۆم واز لەوە بێنە و یەكگرتوو بە حسابی خـۆی زەڵمـی لێ كـراوە نەشـڵێ كە من نـیم و لـەم تۆمەتـە بەشـدار نـیم، بـەڵام هجـومی كردبێتـە سـەر لایـەنێكی دیـاری كـراو وەكـو هـین، مەسەلەن من ختابی لایەنی بەرامبـەر دەخوێنمـەوە بـەعزێ شـت هەڵدەكێشـمە سـەر خـۆم مەبەسـتی منـە جیایە ناوهێنان بە تەحدید جیایە، ئەمە یەعنی دەبێ لەو مەوزوعە دەبێ حسابی بـۆ بكـەین، پرسـیارێكی تریش هەر لێرە سەرهەڵدەدا مینبەری مزگەوت بەكارهاتووە، ئینكاری ناكەم، من دەڵێم لـەناو مزگەوتـەوە ئەم حەدەسە سەری هەڵداوە ، مەلایەك لە مزگەوتەكـە دا خوتبـەی داوە بـە داخـەوە تـەنها هـەر ئـەوە نیـە لەناو مزگەوتەكە خوتبەی داوە، لە (NRT) هـان دەدات و هـەر لـەدەرگای مزگەوتەكـەوە هاتووەتـە دەرەوە هان دەدات و خەڵك هان دەدات بۆ چوونە سەر شوێنەكان و خەڵكی تریش هەیە و سەیر لەوەیـە نـەگیراون، كە یەكەم كەسی مەسئول لە حەدەسەكەش ئەو مەلایەیـە لەگـەڵ ئـەو كەسـەی لـەناو مزگەوتەكـە كەسـێك، مەهدی ناوێك لەناو مزگەوتەكە دا حەسبی قسە ئەم هینە ئەو دووانە مەسئولی یەكەمن لە حەدەسـەكە تـا ئەم لەحزەیە دەستگیر نەكراون، ئەوەشیان یەكێكە لـە پرسـیارەكان كـە سـەرهەڵدەدات، كـێ تۆمـەتباری كـێ دەكات؟ ........... .

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەی چۆن تۆش جەنابت لە جێگای خۆتـەوە قسـە دەكـەی سـەلامەت بـی، رجائـەن، كـاك اسماعیـل سـەرۆكی لیژنـەكەیە و ئەو بەڕێزانەش ئەندامانی لیژنـەكەن، ئیحتماله وابێ و ئیحتمالـە وانـەبێ، تـۆ چـوزانی؟، كـاك اسماعیل نیزامی هەیە فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

قسەمان لە یەك لا وەرنەگرتووە لە دوو لاوە وەرگرتووە كاك سمیر هی لایەك باس دەكات، دەبێ هەردوو لای باس بكات، مەسەلەن كە دەڵێ ئەو كابرایە كە دەڵێ هەردووكی بگیرێ كە باسی دەكات مەهدی نـاوە گوتیـان

ئەوە یەکگرتووە، دوایە لەویٚ کاك سمیر پەیوەندی کردو گوتی نەخێر یەکگرتوو نیە، پاشان مەسئولی مەڵبەندی یەکگرتوو گوتی بۆی هەیە یەکگرتووش بیٚ و لایەنی ئێمە بیٚ، بەڵام گوتی لای من تەنزیم نیە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس کاك اسماعیل، تکایە، کاك سمیر بەردەوام بە و فەرموو.

**بەڕێز سمیر سلیم امین بەگ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

حەزیش دەکەم حەقیقەتێکی ترتان عەرز بکەم باسی وەعی دینی و تەحریکی دینی کرا لە دهۆك دا کە شەپۆڵی دینی لە کوردستان دا تەنها لە ئەحزابی سیاسی ئیسلامی نیە، دەبیٚ ئەو ڕاستیە هەموومان بیزانین، لەناو حزبی سوڵتەش دا شەپۆڵی دینی هەیە ولە ئامێز گرتنی موتەدینین و لە ئامێز گرتنی ختابی دینی تەنها لە حیزبە ئیسلامیەکان دا نیە، دەبیٚ ئەو ڕاستیە هەموومان بیزانین، تەیاری سەلەفی هەیە، لە کوردستان دا تەیاری سۆفی هەیە لە کوردستان دا، تەیاری سۆفی وسەلەفی لە چوارچێوەی حیزبی سیاسی ئیسلامی دا یەك نەخراوە، وازحە، بۆیە ئەمە دەڵێم، چونکە خیتابی دینی هەروەك ئەگەر هەیە، تەیاری ئیسلامی ئیستخدامی بکات بە هەمان ئەگەر و بە هەمان مەنتق ئەگەر هەیە حیزبی غەیری ئیسلامیش تەوزیفی بکات کاکە، یەعنی لێرەوە ئەگەر باسی خیتابی دینی لەم مەسەلەیە بکرێتە پاساو بۆ تۆمەتبار کردنی تەیاری ئیسلامی خیتابی دینی بەهەمان شێوە و هەمان حوکم وەردەگریٚ بە ئەحزابی غەیری ئیسلامیش ئەوە دەبیٚ قەزا ئەوە یەکلابکاتەوە، بە تایبەتی نایشارمەوە لە دهۆك دا شەپۆڵێك لە نەوەدەکان و هەشتاکانەوە تا ئێستا هەیە و بە تەوەجوهێکی توندی سەلەفیانەی ڕواڵەتگەریانە ئیش دەکات و لە چوارچێوەی تەیاری یەکگرتوو دا نیە و ئەگەر یەکگرتوو باسی تەیاری ئیسلامی بکات لەویٚ نیە و مەسئولیەتی ئەم مەوزوعە دەبیٚ لەویٚ هین بکەین، خاڵێکی تر ئێمە وەك دەڵیٚ لەگەڵ مزگەوت و ئیستخدامی مزگەوت دەبیٚ لە مەوزوعەکە دا یەك مەلای یەکگرتوو خەتیب نیە لە ناوچەکە و لە زاخۆ دا، ئەمە خاڵێکیان، لەبەرئەوە ئەگەر ڕوحی دینی مونکەر لە پشت ڕووداوەکانەوە بووایە دەبوو سالۆنەکەی موسوڵمانەکەش بسووتایە، لە پاڵ سالۆنی مەسیحی یەکە، ئەمە ڕوحێکی سیاسیە لە پشت ئەم مەوزوعەوە، وتراوە کە مودەبەرە، فیعلەن مودەبەرە بەڵام بۆ دیاری کردنی جیهەی تەدبیر دەبیٚ قەزا ئەمە بە ئەدلە یەکلابکاتەوە، نە ئێمە دەتوانین بە برادەرانی پارتی بڵێین ئەوانن و نە ئەوان دەتوانن بڵێن یەکگرتوون، ئەوە قەزا بە ئەدلە ئێمە توانیمان ساغی بکەینەوە بە ئەدلە یەکگرتوو نیە تەبریئەی زمەی خۆمان لە دادگا وەردەگرین و ئیشیشی لەسەر دەکەین و دەستەوەستان دانانیشین، لەبەرئەوە ختابێك لە پەرلەمان دا دەربچی و مەبنا لەسەر ئەوەی یەکێکی نوێژکەر یان الله اکبر ێك یان فلان ئەگینا ئازادیش بووە، باسی ئازادی و دروشمی هوتافبازی وئەگەر هوتاف میعیار بۆ دیاری کردنی شوناسی حەدەسەکە هوتافی تریش بووە، دەبیٚ هەمووی بە شاملی بیگری لە مەوزوعەکە دا، لەبەرئەوە ئەو ڕوحی دینیەش من جارێکی تر ئیدانەی ئەوە دەکەم کە مەسەلەی جیاوازی ئاینی لە کوردستان دا پێش حیزبە سیاسیەکانەو پێش

ئـەزموونی سیاسـیە و لەبەرئـەوە هـیچ ململانێیـەکی سیاسـی نـاتوانێ حەقیقـەتی پێکەوە ژیـان و حـزوری ئاینەکان لەناو کوردستان دا بشارێتەوە و بە هیچ کەسێکیش ناشاردرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، سەرگوڵ خان فەرموو.

**بەڕێز سەرگوڵ رضا حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاسـتی منـیش هـەر وەکـو هاوکـارانم سـەبارەت بـەو ڕووداوە نیگـەرانی خۆمـان دەردەبـڕین بەڕاسـتی ڕووداوێکی ناخۆش بوو بۆ هەمووومان، ئێمە وەکو لیژنـە کـە ڕۆیشـتینە ئـەو شـوێنە جیـاواز لـەوەی کـە لـە ڕاگەیاندن شتەکانمان بیست بوو و خۆمـان بـە چـاوی خۆمـان حەدەسـەکەمان بینـی لەوانەیـە ئێـوە خۆتـان وەکو ئێمە یەعنی ئەوانەی کە نەچوونەتە ئـەو شـوێنە تەسـەوری حەدەسـەکە نەکـەن کـە بـە چ شـێوەیەك بووە، بۆیە ئێمە زیاتر لەگەڵ موعاناتی ئەو خەڵکە داین و لەگەڵ نیگەرانی ئـەو خەڵکانـەین و لەگـەڵ ئـەو خەڵکەی ئـەوێ ژیـاین و ئـەو مـودە کەمـەش کـە لـەوێ بـووین بـە تایبـەتی بـرا مەسـیحی و یەزیدیـەکان و برایـانی یـەکگرتووی ئیسـلامی کـە چ ناڕەحەتیـەك و ناخۆشـیەك لـەو ماوەیـە بەسـەر ئـەو شـوێنە هـاتووە سەرەتا مـن لـە قسـەکەی کـاك فەرمانـەوە دەسـت پـێ دەکـەم کـە دەبـوو ئێمـە وەکـو پەرلـەمانتاران و وەکـو نوێنەری خەڵك مامەڵەیەکی میهەنیمان لەگـەڵ ئـەم بابەتـە بکردایـە، بـەڵام بەداخـەوە لـە زۆربـەی وتـار و قسەکان دا ئێمە ئەوەمان بەدی نەکرد، بە مەرجێ ئێمە لە ڕاپۆرتەکەمان دا وەکو تێبێنـی نووسـی بوومـان کە ئێمە لەم ڕاپۆرتە وتارەکانمان نابێ تۆمەتبار کردنی هـیچ کـەس و لایـەنێکی پێـوەبێ ، لەبەرئـەوە دادگـا یەکلایی دەکاتـەوە، هیـوادارم ئێمـە لـە کۆتـایی دا کـە بڕیارێـك یـان ڕاسـپاردە دەردەکـەین بتـوانین بەشـێوە میهەنیەکە ئەو بابەتانە دەرج بکەین، خاڵێك کەمن دەمـەوێت قسـەی لەسـەر بکـەم سـەبارەت بـەو ڕووداوە، زۆربەی قسەکان لەسەر ئەوە کران کە دوو هۆکار بوونەتە سەبەب بۆ ڕوودانی ئەوکارە، یەکێك لەوانە، باس لەڕۆڵی مەلاکان کرا، کە لە چوارچێوەی ئەمە یان بڵێین لە دەرئەنجامی ئەمە زۆر دەرگا کرایەوە بۆ ئـەوەی کە ئیسلامیەکان تۆمەتبار بکرێن، ئێمە هەموومان باس لەوە دەکەین کە ئـەم کلتـورە لـە کوێـوە هـاتووە بـۆ ئێمـە، ئـەم عەقڵیەتـە کـاتێ دەبـینی شـتێکی نـامۆ لەکۆمـەڵگا ڕوودەدات بـۆ دەدرێتـە پـاڵ ئیسـلام یـان ئیسلامیەکان؟، بەڕاستی ئەمە شتێکی بـاش نیـە، چونکە ئێمـە هـەموومان ئـەبێت ئـەو واقیعـە بـزانین کـە ئێستا کەس ناتوانێـت بـوونی هـیچ کەسێك ڕەد بکاتـەوە لـەناو پەرلەمانـدا، جگـە لـەوەی کـە ئیسـلامیەکان بوونیان هەیە لەزۆربەی شوێن و محافلەکاندا شوێن دەستیشیان دیار بووە بەڕاستی، ئەمە شتێکی باش نیـە، نە دەبوو بەو شێوەیە ئێمە مامەڵە بکەین لەگـەڵ ئـەم ڕووداوەدا، سـەبارەت بـەخاڵێکی تـریش زۆر هێـرش کرایـە سـەر زانایـانی ئـایینی، تەنانـەت یـەکێ لـە بـرادەران باسـی لـەوە کـرد کـە ئـەوان لـەکاتی سـەدامدا توانیویانەو هەر ئەو قسەیان هەبووە، هیچ شتێکی تریان نەبووە، بەڕەئی من ئەمە بابەتێکە نەدەبوو ئێمە بەم شێوەیە مامەڵەی لەگەڵدا بکەین، چونکە ئێمە ئەگەر نموونەی کەسێك یان زانایەکی ئایینیمان هـەبێت

که کردەوەیەکی خراپی کردبێت، نابێت ئەمە تەعمیم بکرێت، کەواتە شتەکان بە موتڵەقی باس بکرێت، شتەکە ڕێژەییە، ئەبێت ئێمە باس لە ئەدائی ئەو دەزگایە بکەین کە بەرپرسە لە تەوجیەە کردنی زانایانی ئایینی کە وەزارەتی ئەوقاف بێت یان یەکێتی زانایان بێت، ئەوە نابێت کە ئێمە بەرامبەر بەهەموو توێژێك یان چینێکی کۆمەڵگا بیکەین، باس لە ڕاگەیاندن کرا کە باس لەوە کرا ڕاگەیاندن سنووردار بکرێت بەڕاستی ئەمە خەتەرێکی گەورەیە، ڕاستە ڕاگەیاندن چی دەکات، نەقڵی واقیع دەکات، ڕەنگدانەوەی ئەو واقیعەیە، ئەو ڕووداوەی کە دروست بووە، چ لەلایەن ئەو هەردوو لایەنەی کە کێشەکە سەری هەڵداوە لەلایەن ئەوانەوە، ئەو واقیعەو ئەو حەدەسە کەڕوویداوە ڕاگەیاندن نەقڵی ئەکات، بەڕای من پێویستە باس لەوە نەکرێت کە ڕاگەیاندن سنووردار بکرێت، چونکە ئێمە یاسامان هەیە بۆ ڕۆژنامەگەری، ئەگەر هەر خەرقێکی یاساکە کرابێت لەلایەن ڕۆژنامەنووسانەوە یان لەلایەن کەناڵێکەوە ئەمە ناکاتە تەبریر بۆ ئەوەی ئێمە ڕاگەیاندن سنووردار بکەین، بەڵکو ئەبێت وەکو لە ڕاسپاردەکەی ئێمەدا هاتووە، تەشهیر کە ئەگەر تیایەتی کە تۆمەتبارکردنی یەکترییە ئەوە رابگیرێت، لەڕێگەی لایەنەکانی ئەو کەناڵەوە، نەك ئێمە بچین ڕاگەیاندن سنووردار بکەین، ئەو بابەتەی کە ئێمە بیکەین وەکو پەرلەمان بەڕای من بچووکترین شت کە ئێمە لە ڕاسپاردەکەدا باسمان لەوە کردووە کە بەرپرسی ئیداری و ئەمنی ئەو ناوچانە کە کەمتەرخەم بوون حکومەت لێپرسینەوەیان لەگەڵ بکات، بەڕاستی من پێم سەیرە کە کەسێك هەبێت ئەندامی پەرلەمان بێت دژی ئەم بۆچوونە بێت، کە ئەمە خۆی ئێمە وەکو ئەندامانی لیژنە ئیمزای ئەمەمان کردووە، بەڵام پێم وایە کۆمەڵێك قسە لەسەر ئەوە کرا کە ئەبێت ئەوە لەدوای لێکۆڵینەوە بێت، بەڕاستی بە عەمەلی یان بەواقیعی چووینە شوێنەکە ئەوەمان هەست پێکرد، وە لەزۆربەی بڕگەکانی ڕاپۆرتەکەدا کە ئاماژە بۆ ئەوە کراوە کە کەمتەرخەمی هەبووە لەلایەن دەزگا ئەمنی و ئیدارییەکانی ئەو ناوچەیەوە، بۆیە پێویستە ئێمە لەسەر ئەوە پێداگری بکەین کە بچووکترین شت پەرلەمان کردبێتی لەم بابەتەدا ئەو لایەنانەی کە ئەمنی و ئیداری ئەو ناوچانەیە کە کەمتەرخەم بوون دەبێت لێپرسینەوەیان لەگەڵ بکرێت، بۆ ئەوەی کە زەمانەتی ئەوە بکەین کە ئەم ڕووداوە دووبارە نابێتەوە، ئەو هەموو ترس و قەلەقیەی کە هەمووومان هەمانە لەوەی کە ئەم ڕووداوە ببێتە ئەوەی کە پێکەوە ژیان تووشی خەتەر بێت، کە ئەو نەسیجە کۆمەڵایەتیە تێك بچێت ئەبێت باشترین زەمانەت بۆ ئەوە بێت کە ئەو کەسانە سزا بدرێن کە موقەصر بوون لەوەی کە ئەم ڕووداوە بەو شێوەیە بەو عاقارەدا بچێت، ئەوەشی کە ئێمە وەکو ئەندامانی لیژنە دەرجمان کردووە لە ڕاپۆرتەکەدا ئەو خاڵانەی کە بە ڕاسپاردە کۆی ئەندامانی لیژنەکە ئیمزایان کردووە، کە ناکاتە ئەوەی کە ئێمە پێشنیاری تریشمان نەبێت، من یەك، دوو پێشنیار بەلامەوە گرنگ بوو، ئێمە دەزانین ئەو بەرپرسە ئیداری و ئەمنیانەی کەلەو شوێنانە کەمتەرخەم بوون دواتر ئەوان سەر بەوەزارەتی ناوخۆن، ئێمەش وەکو پەرلەمان بۆمان هەیە کە لێپرسینەوە لەوەزیری ناوخۆ بکەین، من پێشنیاری ئەوە دەکەم کە لەڕاسپاردەکە ئەوە ئیزافە بکرێت وەزیری ناوخۆ دەبێت لەپەرلەماندا ئامادە بێت، وەك سەرۆکی پەرلەمان وتی ڕۆژی سێ شەممە وەزیری ئەوقاف لێرە دەبێت باوەزیری ناوخۆش

ئامادە بێت، تا ئەم حەدەسەی کە ئێستا ڕوویداوە پەرلەمان وەکو کارە پیشەییەکەی خۆی ئەوە کە دەبێت بیکات ئەوەیە لێپرسینەوە لە وەزیری ناوخۆ بکرێت، لەسەر ئەو پێشێلکارییانەی کە لەسەر ئەو کەمتەرخەمیانەی کە کراوە لەلایەن ئەو دەزگایانەی کە سەر بەوەزارەتی ناوخۆن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار دکتۆر حسن محمد، فەرموو.

**بەڕێز حسن محمد سورە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا دەستخۆشی لەڕاپۆرتی لیژنەکانی پەرلەمان دەکەم، لە 100٪ تەئیدی ڕاپۆرتەکە دەکەم، تەئکیدیش دەکەم کە ڕاپۆرتێکی موتەوازنە، لەچوارچێوەی ئەم ڕاپۆرتە هەندێ پرسیار وتێبینی خۆم دەڵێم، پرسیارێکم ئەوەیە کە ئەم ڕووداوە چۆن دەناسرێت؟، حەقیقەت ئەم ڕووداوە لە سووتاندنی سەنتەرێکی مەساج و چەند مەحەلێکی مەیفرۆشی ترە، کەس دژی چاکسازی ئەخلاقی وڕێزگرتن لەدین نیە، بەڵام دەبێت بەیاسا ڕێك بخرێت، بە هەڕەشەو سووتاندن نابێت بەتایبەتی کە کار گەشتووەتە ئەوەی کە هەڕەشە لە برا مەسیحی و ئێزیدییەکان دەکرێت، وە هەڕەشە لە سەنتەرو ئایینی ئەم بەڕێزانە دەکرێت، کەواتە دەتوانین ئەوە لەڕاپۆرتەکەدا بخوێنینەوە کە ئەوەی لە بادینان ڕوویدا زەنگی شەڕێکی خەتەرە، باوەڕم وایە کە نەگەشتووەتە ئەو قۆناغە، بەڵام دەڵێم شەڕی تائیفی و مەزهەبی شەڕێکی مەترسیدارەو نابڕێتەوە، بۆیە داوادەکەین کە بەرپرسانەو حەکیمانە چارەسەر بکرێت، پرسیارێکی ترم ئەوەیە ئەهداف لەم ڕووداوە چی بوو؟، بەتەئکید داواکارییەکی چاکسازی نەبووە، بۆیە ڕووداوێکی توندوتیژی و نایاسایی بووە، بۆ دروست کردنی فیتنە بووە لەنێوان پێکهاتەکان، لەلایەك لەنێوان پارتی و یەکگرتووی ئیسلامی، لەلایەکی تریش لەنێوان موسوڵمانان و مەسیحی و ئێزییدی، دان بەخۆداگرتن زۆر باشەو ڕەد فیعلی ناتەبیعیش جێگای دیارە، بەداخەوە بەمیتۆدی دینی کراوە، دین بەکارهاتووە بۆ سەرکێشییەکان، ڕەئی شەرع و تەجروبەی پێکەوە ژیان زۆر قسەی لەسەر کراوە، بۆیە من لێرە دووبارەی ناکەمەوە، تەحریزی تێدایە، بەڵێ بەڵگەش هەیە کەچەندجار لەوتاری هەینی چەند مزگەوت وبەرنامەی تەلەفزیۆنی خەڵك هاندراوە بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە، ئەم ڕووداوە بۆ مەرامی سیاسی ئیستیغلال کراوە، هەڵەی سیاسی لە خیتابی سیاسی زۆر ڕوویدا لەم ماوەیەدا، بەتایبەتی لە ئیعلام، بۆیە پێویستە ڕابگیرێت وبا هەمووولایەکیش موڕاجەعەی خۆی بکاتەوە، لێرەدا پەرلەمان پێویستە ڕۆڵی جەناب سەرۆك بارزانی، سەرۆکی هەرێم بەرز بنرخێنێت، لەڕاستیدا وەك سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ دیفاع کردن لەپارتی تەداخولی نەکردووە، بەڵکو بۆ پاراستنی ئەزموونی کوردستان و پاراستنی ئەزموونی پێکەوە ژیان بۆ ڕێگەگرتن لە شەڕی تائیفی تەداخولی کردووە، بەسووتانی بارەگاکانی یەکگرتووی ئیسلامیشەوە، پرسیارێکی ترم کێ

زەرەرمەند بووە؟، ڕاستە زەرەرێكی ماددی زۆر زۆر لەزۆر تاك و لایەن كەوتووە، بەڵام زەرەرە مەعنەوییەكان زۆر زیاترە لە ماددییەكان، هەمووﻻ زەرەرمەند بووین، زەرەری هەرە ترسناك ئەزموونی كوردستان و كلتوری خەڵكی كوردستانە، شیكردنەوەی مەترسیەكان چین؟، پێش هەموو شتێك مەترسیەكان مەترسی یەكەم بۆ تێكدانی سلمی ئیجتیماعی واتە ئاشتی كۆمەڵایەتی بووە، بەشتی بچووك دەست پێدەكات دوایی دروست كردنی ڕق و كینەو ئەمجار ئەنجامدانی تیرۆر بە بەرچاوی خەڵك بەبەرچاوی دونیا، ئەمەش وەك كارێكی تیرۆری ناسراوەو تەداخولی نێودەوڵەتی بەدواوە دێت با لەدەستمان دەرنەچێت، دووەم: مەترسی دووەم پیادەكردنی كردنی كلتوری فەوزایە، دزی و ڕاو ڕووت وسووتاندنی شوێنە گشتیەكان، مەترسی سێیەم: تێكدانی ئاسایشی وڵاتە، هەموومان ئەو ڕاستیەمان لایە كە ئاسایش بەتەنها بە هێزەكانی ئاسایش ناكرێت، بەبێ هاوكاری خەڵك ناكرێت، مەترسی چوارەم: شكاندنی یاسایە، كە بە ئاشكرا لەم ڕووداوەدا دیارە، مەترسی پێنجەم: تێكدان و شكاندنی دەسەڵاتە بە فەوزا، واتە دژی دیموكراسیەت، ئەخیر شتم، ومەترسیش كە تێدا دەبینین، تێكدانی وەزعی ئیقتیصادییە، پێشنیارەكانم، پێویستە پەرلەمان كارەكانی تەواوكەرو موتەزامن بێت لەگەڵ موئەسەساتی تر وەك سەرۆكایەتی هەرێم و سەرۆكایەتی حكومەت، پێشنیار دەكەم پەرلەمان بە یاسا ئەو هۆكارانەی كە دەبنە هۆكاری ململانێ.

پێنجەم/ پەرلەمان ئیدانەی ئەو فەوزایە بەگشتی بكات، جا فەوزایەكە فیعل بێت، یان ڕەدی فیعل بێت، پەرلەمان ڕۆڵی لێ وردبوونەوە ببینێت، پەرلەمان شەڕی تایفی بە تاوان بناسێت و سزای پێویستی دابنێت بۆ ئەوانەی ئەنجامی دەدەن، پەرلەمان كەلتووری فەوزا بە تاوان بناسێت، هەرچەندە خۆی تاوانە دەبێت بەپێی یاسا سزاكانی توندتر بكات، بەتوندی پشتگیری مافی برا مەسیحی و ئێزیدی و ئەرمەنیەكان دەكەم، بەتایبەتی ڕای هاوكارانم لە ئەندامانی پەرلەمانی كوردستان.

قسەیەك لەسەر دەزگا ئەمنیەكان دەكەم، ئەویش دژی ئەوە نیم كە ئیجرائات وەربگیرێت بەرامبەر كەم تەرخەمیەكان، بەڵام كەمتەرخەمی بە موتەڵەق هاتووە، كە پێموایە وا نییە، لەبەر ئەم خاڵانە:

1- لە ڕاپۆرتەكەدا هاتووە (37) كەس كە زۆربەی هێزی ئاسایش و پۆلیس بووە برینداربوون، لەنێوانیاندا خەڵكی بەرپرس هەیە.

2- لە ڕۆژێكدا كۆنترۆڵی هەموو وەزعەكە كراوە، لە شوێنێكی وەك فەرەنسا كاری لەو شێوەیە بە مانگ خایاندوویەتی.

3- بە ڕەئی من پێویست ناكات، بۆ ئەوەی برایانی مسیحی بە ئاشتی بژین ئاسایش و پۆلیس حیمایەیان بكات، وڵاتی خۆیانەو خەڵك دەبێت وا پەروەردە بكرێت زوڵمیان لێ نەكات.

4- ئیجرائاتی تر پێویستە لە ڕێگای یاساو مەحكەمەوە بكرێت، وەك قەرەبوو كردنەوەو سزادان لە ڕێگای مەحكەمەوە دەبێت بكرێت و ببێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار ئاواز عبدالواحد کەرەم بکە.

**بەڕێز ئاواز عبدالواحد خضر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا ماندوو نەبوون و دەستخۆشی لە هەردوو ئەندامانی لیژنەی ناوخۆ و مافی مرۆڤ دەکەم، سوپاس بۆ هەوڵ و ماندوو بوونەکانیان، کە لە نزیکەوە سەردانی شوێنی ڕووداوەکانیان کردو، سورەتێکی وازیحی ڕووداوەکانیان ئامادە کرد بۆ بەردەم پەرلەمانی کوردستان، سەرەتای قسەکانم بە پشتگیری لە قسەکانی برای بەڕێزم کاك دڵشاد شەهاب دووپات دەکەمەوەو، هەموومان دلگرانین بەو ڕووداوە نەخوازراوانەی کە لە سنووری دهۆك و دەوروبەری ڕوویانداو، بە توندی ئیدانەی هەموو ئەو هێرش کردنە سەر دوکان و کەسابەت و بەرژەوەندی خەڵك و هەروەها بارەگاکانی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان دەکەین.

بەڕێزان، ئەوەی لەم ناوچانە ڕوویدا، تەنیا ڕووداوێکی ساکارو سادە نەبوو، بەڵکو ڕووداوێك بوو بۆ تێکدانی ئەمنیەتی وڵاتەکەمان، بۆیە ئێمە لێرە پێویستە هەموو لایەکمان بە گیانێکی پەرلەمانتارانە بەرگری و دیفاع لە پاراستنی ئەمنیەتی وڵاتەکەمان بکەین، لەو کاتەیدا کە هەرێمەکەمان بەرەو ئامانج و ئاقارێکی گەورەتر هەنگاوی دەنا. پشتگیری و هەوڵەکانی خۆشمان بۆ پشتگیری لە لیژنەی لێکۆڵینەوەی بەڕێز جەنابی سەرۆکی هەرێم ڕادەگەیەنین و، ڕۆڵی بەڕێزیان بەرز دەنرخێنین لە هەموو ڕووداوەکان، بەتایبەت لەم ڕووداوەدا کە لە کات و ساتی خۆیدا گەیشتە شوێنی ڕووداوەکەو توانی تا ڕادەیەکی باش، تا ئەم کاتە ڕووداوەکە کۆنترۆل بکات و ڕێگری بکات لە تەشەنە کردنی ئەم ڕووداوە، بۆیە لێرەدا ڕوو لە هاووڵاتیانی سنووری دهۆك دەکەین، بۆ ئەوەی بتوانن ئەوانیش یارمەتیدەر بن بۆ سەرخستنی کاروباری لیژنەکان، بۆ دەرکەوتنی ئەنجامی ڕاستیەکان.

زۆر واریدە خەڵکی دهۆك، یاخود خەڵکی هەر پارچەیەکی ئەم هەرێمەمان داواکاری، یاخود ڕەخنەی لە حوکمڕانی، یاخود لە سیستەمی حوکمڕانی وڵاتەکەمان هەبێت، بۆیە ئێمە پشتگیری لە داوایەکانی نەك هەر خەڵکی دهۆك، بەڵکو خەڵکی هەموو دەڤەرەکەی ئەم هەرێمە دەکەین، بەلاَم داواکاری و پێشنیارەکانی ئەوان بە هەڵکوتانە سەر دوکان و بەرژەوەندی خەڵکی نایەتە دی، بەڵکو دەبێت داوایەکانیان وەکو ڕەخنەکانیان بەشێوازێکی شارستانیانە بخرێنە ڕوو، بۆ ئەوەی حکومەتیش بتوانێت گوێیان لێ بگرێت و بەپیر داواکانیانەوە بچێت و، ئێمەش وەکو پەرلەمان بتوانین بە ئەرکی خۆمان هەڵبستین.دووبارە پشتگیری و پشتیوانی لە ئاشتی و پێکەوە ژیان لە کوردستان دەکەین، کە تاوەکو ئێستا لە هەرێمی کوردستاندا بەرقەرار بووەو، دژی هەر تەجاوز کردنە سەر حقوقی ئازادی لە کوردستاندا دەوەستینەوەو، داکۆکی لەوە دەکەین کە لە ئەنجامی بڵێین نەتیجەی لیژنەی لێکۆڵینەوە تاوانکاران و ئەوانەی کە هاندەر بوونە لە هۆکاری هەڵگیرساندنی ئەم فتنەیە بدرێنە دادگا، جا هەر کەسێك بێت.شوکر لەم ڕووداوەدا هیچ تاکێك گیانی لە دەست نەدا، ئەمە لایەنێکی ئیجابیە، کە دەبێت باسی بکەین، منیش لێرەدا دوو خاڵ دەمەوێت بخەمە ڕوو:

یەکەم/ ئەوەی کە دەبێت باسی بکەین، ئەوەی کە هێزەکانی ئەمنی توانیـان زەبـتی نەفسی خۆیـان بکـەن و تەقـە نەکـەن، بـۆ ئـەوەی نەبێتـە هـۆی کوشـتنی هـیچ تاکێـك لێـرەدا، ئـەوەی لـە بڕیـاری (17) خاڵێەکـەی پەرلەمانی کوردستانیش، ئێمە داکۆکیمان لەسەر کردووە، ئەوە بوو کە هێزە ئەمنیەکان تەقە نەکەن.

دووەم/ گرنگە ئیشارەتی پێ بدەم، ئەویش نەجووڵانـدنی هێـز، لـە ڕووداوەکـانی (17)ی شـوبات زۆر لایـەن داکۆکیمان لەسەر ئەوە کرد کـە هێـز نـەجووڵێت و هێـز لـەوە زیـاتر بـەرەو ناوچـەکانی تـر نـەبردرێت، بـۆ ترساندنی خەڵك و گەورە نەکردنی ڕووداوەکان، بەڵام بەداخەوە ئەوەی لێرە دەبیـنین هەنـدێك لـە خـودی خۆمانـەوە داکۆکی لـەوە دەکـەین کـە بۆچـی هێـز نەجووڵێنـدرا، بـەڕێزان، ئـەوەی کـە نەجووڵێنـدرا ئەمـە لایەنێکی ئیجابیە، پێویستە هەموومان دەستخۆشی لەم لایەنە بکەین و لەگەڵ ئەوەشم ئەو خاڵە ناکۆکانەی کـە هـەر هێزێـك، جا هێـزی ئەمنیـەکان بێـت، هـەر کەسێك بێـت بـە ئـەرکی خـۆی هەڵنەسـتا بێـت، کـەم تەرخەمیەکان دەست نیشان بکرێت و بتوانین ئالیەت، یاخود ئیمکانیەتی پێویستیان بـۆ دابـین بکـەین، بـۆ ئەوەی جارێکی تر هێزەکان بتوانن بەباشی بەکاری خۆیان هەڵبستن.لە کۆتاییدا دەڵێم ئەوەی کـە ئێمـە لـە سایەیدا دادەنیشـین بەرهـەمی شـاخ و خـەبات و مانـدوو بـوونی شـاخە، بۆیـە پێویسـتە هـەموومان ڕێـز لـە بەرهەمی شاخ بگرین، ئەوەی کـە ئێمـە لێـرەدا دەژیـن هـەموو لایـەکمان بـە هـەموو تاکەکانـەوە، بەهـەموو فراکسیۆنەکانەوە بەرهەمی ئەم شاخەیە، بەداخەوە ئەوەی کە لەشاخدا نـەبوو بێـت و کەسێکی لـە شـاخدا تەقـەی نـەکرد بێـت، ئـەمڕۆ بەرهەمەکـەو گرنگیەکـەی نازانێـت، بۆیـە دەڵێن قسـە لـە جێـوە زۆر ئاسـانە، هیوادارم ئەوەی کە پێوەشی ماندوو نەبووە بتوانێت ڕێز لە بەرهەمەکانی شاخ بگرێت و، دووبارە هیـوادارم ئاشتی و ئارامی بەسەر هەموو هەرێمەکەماندا باڵ بکێشێتەوەو، سوپاس بۆ هەموو لایەك.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ گشتتان، بەڕێزان، ئەوەی موداخەلەیان کـرد هـەموو تـەواو بـوون، چـەند خاڵێـك بـاس کـرا، یەکێك لەو خاڵانە گوتیان هەوڵ بدەین ئارامی بکەینەوە.

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، لیژنەکان، فراکسیۆنەکان، کـەس ڕێـی لـە کـەس نـەگرتووە هـەوڵ بـدەن وەزع ئارام بکاتەوە، ئەرکی هەموومان لە هەر مەوقیعێك، لە هەر حزبێك، لە هەر لیژنەیـەك، لـە هـەر شـوێنێك، لە هەر مەنتیقەیـەك ئـەو دەرورە ببینێـت کـە ئـەم هەرێمـە ئـارام و پـارێزراو بێـت و هێمن بێـت، چـونکە خەلەلێکی تێ بکەوێت لـە زەرەری گشـتە، خێـری هـەبێت بـۆ بەرژەوەنـدی هەمووانـە، باسـی ئـەوە کـرا کـە لەگەڵ برا مەسیحیەکان لە تاریخدا پێکەوە بووینە، زۆر زۆر ڕاستە، بەڵام لەبیرتان نەچێت ئـەو بەڕێزانـەی موتابەعەی تاریخیان کردووەو تاریخیان خوێندووە ناحەزانی میللەتەکەمان، بۆ ئەوەی فەرق تسد بکات، بـۆ ئەوەی لە یەك بیـانترازێنێ، زۆر جـار مەشـاکیلی وای کـردووە لـە هەنـدێك شـوێن مەئەسـات دروسـت بـووە، هەموومان دەزانین ئەو گەلی باز هەیـە، ئـەوە مەنتیقـەی سمێڵە، زۆر حەوادیسـی تـری مەئەسـات هـەبووە، بۆیە بە دووری مەبینن ئێستاش ئەم حەرەکەتە هەبێت، ئێمە ناڵێین ئەمە تـەرەفی سیاسـییە، یـان ئەوەیـە، لەوانەیە چەند کەسێك هەبێت لەناو هەر لایەك بێتن هـەر دیـاریش نـەبێت بۆمـان، بـەڵام وا خەریکـە دوو

لایەنی سیاسی سواری سەری یەك بێت و بكەونە گیانی یەك، كە لە بەرژەوەندی گشت هەرێمەكە نییە، بۆیە تكامان ئەوەیە ئینسان زۆر بە هەستەوەری حەرەكەت بكات، هەروەها كە خەبەرێك دەدرێتە میدیاكان بە ئەمانەتەوە بیدەن، لێرە من باسم كرد پێش نەختێك گوتم محاوەلات هەیە ئەم ئیستیقرارییە تێك بچێت و خەڵكێك بێنن بەناوی موختەلیف، بۆ ئەوەی هەندێك شت دروست بكرێتن، گوتیان دەڵێت لە حەفتەی جومعەی بێت لە دهۆك، لە مەنتیقەی دهۆك هەم دیسان تەخریبات دەست پێ دەكاتەوە، بۆیە ئەمانەت كردنی خەبەرەكان ئەركێكی ئیلاهی، ئینسانی، هەموو شتێكە، دووبارە سوپاسی گشت ئێوەی بەڕێز دەكەین، تەمەنام دەكرد تەركیز بكرێتە سەر ئەوەی كێشەكە چۆن بدۆزینەوە؟ چی بكەین؟ ئەوانەی كە موقەسیرن، بەشدارن، موحەریكن سزا بدرێن، چی بكەین تا جەوەكە هێمن بكرێتەوە، چۆن لەگەڵ براو خوشكە مەسیحی و ئێزیدیەكان ئەو ئیتمیئنانەیان پەیدا ببێت و وەكو جاران بە ئیسراحەت لەماڵی خۆیان بخەون، نەڵێن هیچ نییە، تەمەنا دەكەین هیچ نەبێت، بەڵام دەست هەیە، بەس دەستەكە كێیە؟ شەخصێكە، دووە، دەیە، لەناو لایەنێكە، لە دەرەوەی لایەنێكە، لە دەرەوەی سنوورە، ئەم هەرێمە وا رۆژ بە رۆژ بەرەو پێش دەچێت، بەحەقیقەت موحاوەلەش هەیە، كە پێشی لێ بگیرێت، واجیبی ئێمەیە كە نوێنەری خەڵكی كوردستانین ئەم ئامانەتەیان بە رێكی بپارێزین و بەرەو پێش ببەین، ئێستا هەمووتان قسەتان كردو لیژنەش زۆر گوێیان لە ئێوەی بەڕێز گرت، بۆ ئەوەی دووبارە راپۆرتەكەیان و پێشنیارەكانیان لەگەڵ ئەوەی كە خۆیان حازریان كرد بووە لەگەڵ ئەوەی كە ئێوەی بەڕێز گوتووتانە بگونجێت، جا بەشێوەی راپۆرت بێتن، راسپاردە بێت، یان بڕیار بێت، ئەوە سبەی بڕیاری لێ دەدەین، بۆیە دانیشتنەكەمان ئێستا كۆتایی پێ دەهێنین، بۆ ئەوەی ئەو بەرێزانەش بە وردی راپۆرتەكانی خۆیان حازر بكەنەوە، سبەی سەعات (11) لە خزمەتدا دەبین، خوا ئاگادارتان بێت.

| | | |
|---|---|---|
| فرست احمد عبدالله | د. ارسلان بایز اسماعیل | محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی) |
| سكرتێری پەرلەمانی | جێگری سەرۆكی پەرلەمانی | سەرۆكی پەرلەمانی |
| كوردستان – عێراق | كوردستان – عێراق | كوردستان - عێراق |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆكۆڵی دانیشتنی ژمارە (7)ی نائاسایی**

**پێنج شەممە ڕێكەوتی 8\12\2011**

**خولی سێیەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (7)ی نائاسایی

## پێنج شەممە رێکەوتی 2011/12/8

**کاتژمێر (1)ی پاش نیوەڕۆی رۆژی پێنج شەممە رێکەوتی 2011/12/8 پەرلەمانی کوردستان - عێراق بە سەرۆکایەتی بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی) سەرۆکی پەرلەمان و، بە ئامادەبوونی بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل جێگری سەرۆك و، بەڕێز فرست أحمد عبدالله سکرتێری پەرلەمان، دانیشتنی ژمارە (7)ی نائاسایی خولی سێیەم، سالّی (2011) ی خۆی بەست.**

**بەرنامەی کار:**

**بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پەیڕەوی نـاوخۆی ژمـارە (1)ی هـەموارکراوی سـالّی 1992ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری درا دانیشتنی ژمارەی (7)ی نائاسایی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کات (1)ی پاش نیوەڕۆی رۆژی پێنج شەممە رێکەوتی 2011/12/8 دا بەم شێوەیە بێت:**

1- **بەردەوام بوون لەسەر گفتوگۆ کردن لەبارەی رووداوەکانی ئەم دواییەی پارێزگای دهۆك.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

**بـەناوی گـەلی کوردسـتان، دانیشـتنەکەمان دەکەینـەوە، خـولی سـێیەمی هەڵبـژاردن، سـالّی دووەم، خـولی گرێـدانی دووەم، ژمـارەی دانیشـتن (7)ی نائاسـایی، رۆژی دانیشـتن 2011/12/8، بەرنامـەی کـار: بـەپێی حوکمی بڕگە (1)ی مادده (6) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار کراوی سالّی 1992ی پەرلـەمانی کوردسـتان - عێـراق، دەسـتەی سـەرۆکایەتی پەرلـەمان بڕیاریـدا بەرنامـەی کـاری دانیشـتنی ژمـارە (7)ی**

نائاسایی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆ، بەلأم بۆ کاتژمێر (1)ی پاش نیوەڕۆ دواخرا، لەبەر ئەوەی کاری لیژنەکە تەواو نەببوو، رۆژی پێنج شەممە رێکەوتی 8/12/ 2011دا بەم شێوەیە بێت:

1- بەردەوام بوون لەسەر گفتوگۆ کردن لەبارەی رووداوەکانی ئەم دواییەی پارێزگای دهۆك.

داوا لە لیژنەی ناوخۆ و لیژنەی مافی مرۆڤ دەکەین کەرەم بکەن بۆ سەر شوێنی خۆیان، دوێنێ موجموعەیەك پرسیار ئاراستەی لیژنەکە کرا، تکایە وەلأمی پرسیارەکان بدەنەوە، تەعلیق لەسەر قسەی ئەندامانی پەرلەمان نەکرێت، چونکە ئازادن لە دەربڕینی بیرو رای خۆیان، بەس ئەو پرسیارانەی کە ئاراستەی بەڕێزتان کراوە، وەلأمی ئەوانە بدرێتەوە، پاشان چەند بۆچوونێك هەبوو، چەند ئەندامێکی پەرلەمانی بەڕێز داوایان کرد بوو، هەندێکیان بە بڕیار دەربچێت، هەندێك بە تەوصیە، ئینجا لێرە ئەمە بۆ خۆتان دەمێنێت، پاشان وەکو پەرلەمان چ بڕیاری لەسەر دەدەن، ئێستا کەرەم بکەن، بەردەوام بن، فەرموون.

**بەڕێز اسماعیل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەندامانی پەرلەمانی بەڕێز.

لە دانیشتنی دوێنێدا دەتوانین بڵێین لە گفتوگۆی ئەندامانی بەڕێز بەم شێوەیە دابەش ببوو بە چەند تەوەرێك:

تەوەری یەکەم/ بەشێوەی پرسیارو چەند ئەندامێکی بەڕێز هەندێك پرسیاری ئاراستەی ئێمە کرد، کە بەڕێزتان رەزامەند بن، لە دواییدا وەلأمیان دەدەینەوە.

تەوەری دووەم/ هەندێك لە ئەندامانی بەڕێزی تر پێشنیاریان هەبوو، یان ئیزافەیان هەبوو بۆ تەوصیاتەکان، کە لە راپۆرتەکەی ئێمەدا هاتووە.

تەوەری سێیەم/ هەندێکی تری لە ئەندامانی بەڕێز داوایان دەکرد ئەم تەوصیاتانە ببن بە بڕیارو هەندێکیش داوایان کرد بە تەوصیات بمێنێنەوەو ئاراستەی سەرۆکایەتی هەرێم و حکومەت بکرێت.

تەوەری چوارەم/ چەند ئەندامێکیش داوایان دەکرد بەڕێز وەزیری ناوخۆ و وەزیری ئەوقاف بانگ بکرێن، یان لە لیژنە پەیوەندیدارەکان ببینرێن.

تەوەری پێنجەم/ چەند ئەندامێکی بەڕێز داوای دروست کردنی لیژنەیەکی لێکۆڵینەوەیان کرد.

تەوەری شەشەم/ دەتوانم بڵێم بەشی هەرە زۆری ئەو ئەندامانەی کە گفتوگۆیان کرد پشتیوانیان لە راپۆرتەکە کردو ناوەڕۆکی راپۆرتەکەیان پەسند کردو، ئێمە دەستخۆشیان لێ دەکەین و هەندێك بەڕێزیش تێبینیان هەبوو لەسەر راپۆرتەکە، سوپاسی ئەوانیش دەکەین.

بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان، ئەگەر مۆڵەتمان بدەن، ئێستا دەست بە وەڵامدانەوەی پرسیارەكان دەكەین و، پاشان دێینە سەر تەوەرەكانی تر.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو بەردەوام بن.

**بەڕێز اسماعیل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پرسیاری یەكەممان/ دەڵێن بۆ مەلا اسماعیل و مەهدی ناوەكە نە گیراوە؟

ئێمە لەسەرەتا ئەو وەڵامانەی كە دەدەینەوە هەمووی لەسەر قسەی برادەرانی لیژنەی ئەمنی ئەو شوێنانەیە كە چاومان پێ كەوتوون، چونكە ئێمە بۆ خۆمان كەسمان نەبینوە، تەنها پرسیارمان لەوان كردووە، ئێمە وەكو لیژنە پرسیارمان لە بەرپرسانی ئەمنی زاخۆ كرد، گوتمان بۆ مەلای وتاربێژ نەگیراوە، یان ئەو برادەرەی كە ناوی مەهدییە نەگیراوە؟

لە وەڵامدا گوتیان مەلا حەقی خۆی بووە، وەكو خۆی هەمیشە كە وتاری هەینی هەبووە پێشكەشی كردووە، ئێمە هیچ شتێكمان لێ نەبینیوە كە تحریزاتی هەبوو بێت، بەڵام مەهدی ناوەكە تەحریزی كردووە، ئێستا ئەمری قەبزی هەیە، بەڵام خۆی شاردۆتەوە، ئەوە بەدوواینە بیگرن، بەڵام هێشتا نەگیراوە.

پرسیارێكی ترمان لێكرا، چۆن ئێمە موصادەقەی زۆری پۆلیسمان كردووەو، پۆلیسێكی زۆر هەیە لە میزانیەی ساڵی 2011، ژمارەیەكی زۆر پۆلیس هەیە بۆ هەموو قەزاو ناحیەكان و بۆ پارێزگاكان، موافەقە كراوەو میزانیەكی زۆر بۆ وەزارەتی ناوخۆ دانراوە، چۆن دەبێت شارێكی وەكو زاخۆ تەنها (80) پۆلیسی تێدا بێت؟

ئەوە بۆ راستكردنەوە (80) پۆلیس نییە، ئێمە پرسیارمان كردووە، یەك لە پرسیاری بەڕێزی ئەندامانی پەرلەمان، كە لە زاخۆ چەند پۆلیسمان هەیە؟ وەڵامیان دایەوە گوتیان ئێمە (375) پۆلیسمان هەیە، بەڵام لەوێ چالاكی مەدەنی نییە، تەنها نەژدە هەیە، گوتیان لەناو شار تەنها (80) كەسمان هەیە، (40)ی لە واجبە، (40)یشی لە مۆڵەتە، یەعنی بە دوو وەجبە دەوامە، تەنها (80) كەس نییە، بۆ ئەوەی ئێمە لە راپۆرتەكەمان نووسیوە، بەڵكو (375) پۆلیس هەیە لە قەزای زاخۆ.

پرسیارێكی تر ئەوە بوو، كە دەڵێت كۆمەڵێك هاووڵاتی گیراون؟

بەڵێ راستە، كۆمەڵێك هاووڵاتی گیراون، بەڵام لەوەشدا ئێمە پرسیارمان كرد، ئایا ئەو هاووڵاتیانەی گیراون و لە خۆپیشاندانەكاندا گیراون، یان لەناو خۆپیشاندان گیراون، یان دوای خۆپیشاندان گیراون؟

لە وەڵامی بەرپرسانی ئەمنیدا گوتیان دوای موافەقە كە لە حاكممان وەرگرتووە، موافەقەی دادوەرمان وەرگرتووە، هەندێكیان لەماڵەكان گیراون، هەندێكیان لە شوێنی تر گیراون، بەڵام بە كەفالەت بەشێكیان ئازاد كراون و، بەشێكیشیان ماون.

پرسیارێکی ترمان لێ کراوە، مۆڵەتی دوکاندارەکان، دەبوایە ئێمە مۆڵەتی دوکاندارەکانمان بهێنایـە، تەبعـەن ئێمە لەبەر ئەوەی لیژنەی لێکۆڵینەوە نین، ئێمـە لیژنەیـەك بووینـە، بـەلاّم ئێمـە هـەموو دوکانـدارەکانمان بینی لەوێ و، لێشمان پرسین هەمووشیان خۆیان وەلاّمیان دایەوە، وتیان بەڵێ ئێمە هەموو خاوەن دوکان و کاسـبین لـەو شـارەدا، چـەندین سـاڵە ئێمـە بـە یاسـا کـار دەکـەین و مۆڵـەتمان وەرگرتـووەو بـێ مۆڵـەتیمان نـەکردووە، یاسـا شـکێنمان نـەکردووە، لـە حـزوری قائیمقـام و بـرادەران و لیژنەکـەدا باسـیان کـرد، ئەگـەر پەرلەمانی کوردستان یاسایەکی دەرکردو قەدەغەی ئەو کارە بکات، ئەوە حـەقی خۆتانـە، بـەلاّم تـاکو ئێسـتا بە یاسا ئێمەش مۆڵەتمان هەیە، مۆڵەتی رەسمی، لەبەر ئەوە ئێمـە لیژنـەی لێکۆڵینـەوە نـەبووین، پێویسـت نەبوو ئێمە مۆڵەتیان لێ وەربگرین، بڵێین تۆی دوکانـدار مۆڵـەتت هەیـە، یـان نـا؟ ئـەوان خۆیـان لەبـەردەم قائیمقام ئەوەیان باس کرد، کە ئەوان مۆڵەت پێدراون و بەکاری خۆیان هەڵستاون.

هەر برادەرەکە پرسـیاری کـرد، دەڵێـت لـە راپۆرتەکەتانـدا هـاتووە ژمـارەی سـەیارەکە هەیـە، بـۆ ژمـارەی سەیارەکەتان نەهێنا؟

ئەوەش لەبەر ئەوەی بەڕاستی ئێمە لیژنەی لێکۆڵینەوە نین، ئێمە بۆچی ژمارەی سەیارەکە بگـرین، یـەعنی پێویسـت بـەوە ناکـات، بـەلاّم ئێمـە دەیخەینـە پـێش چـاوی پەرلـەمان و هـەموو بـەڕێزان، کـە سـەیارەیەك هەبووەو رەقمی تەسجیل کـراوە لـەلای لیژنـەی ئـەمنی، لیژنـەی ئـەمنی ئـەو کاتـە ژمـارەی ئـەو سـەیارەیە دەداتە دادوەر، یان دەداتە ئەو لیژنەیەی کە لیژنەی لێکۆڵینەوەیە بە کارەکە هەڵدەستێت، لەبەر ئەوە ئێمە ژمارەکەش بێنین، ئێمە ناچین لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا بکەین، چونکە ئێمە لیژنەی لێکۆڵینەوە نەبووین.

برادەرێکی تر پرسیاری کرد، دەڵێت گرتنی ڤیدیۆیی هەیە، بـۆ گرتـە ڤیدیۆیـەکانتان نـەهێنا، کـە چـەندین بەڵگەو موستەمسەك هەیە؟ من وەکو ئەندام پەرلەمانێك چەند بەڵگەو موستەمسەکێکم لەبەردەستە.

راستە، ئێمەش لەوێ پرسیارمان لێ کردو گوتمان ئێوە گرتەی ڤیدیۆییتان هەیـە، موستەمسـەکاتتان هەیـە؟ لە وەلاّمدا لیژنەی ئـەمنی گوتیـان بـەڵێ کۆمـەڵێك گرتـەی ڤیـدیۆییمان هەیـە، فۆتۆگرافمـان هەیـە، چـەند دانەیەکیشیان لە دەستی لیژنەکە دایە، ئێمە بە چاوی خۆشمان بینیمان، پێمـان گـوتن بۆمـان ئامـادە بکـەن، بۆ ئەوەی ئێمە لەگـەڵ خۆمـان بیبەینـەوە، بـەلاّم بـەهۆی سـەرقاڵیمان و زۆری شـوێنەکان نـەمانتوانی ئـەو موستەمسـەکاتانە لەگـەڵ خۆمـان بێـنین، بـەلاّم ئەگـەر پەرلـەمان داوا بکـات، یـان ئـەو لیژنەیـە داوا بکـات دەتوانین هەموو موستەمسەکەکان پارێزراون، لەبـەر ئـەوەی پێمـان گـۆتن، گوتیـان هـەر کاتێـك دەتانـەوێت بۆتان دەنێـرین، ئـەوە حـازرەو لەبەردەسـتەو دەتـوانین داوا بکـەین موستەمسـەکەکانمان بـۆ بێـت و، دوایـی لەگەڵ ئەو راپۆرتەی خۆمان پێشکەشی ئەو شوێنەی بکەین کە راپۆرتەکەی بۆ دەنێرین.

پرسـیارێکی تـر، دەڵێـت بـۆ پـەیامنێرەکانتان نـەبینیوە؟ ئـەوە راسـتە، پـەیامنێرەکانمان لـەوێ بـینی و هەمووشیان حزوریان هەبوو، دەبوایە پرسیاریان لێ بکەین، چونکە ئەو رۆژەی ئەو پەیامنێرانەی بەشداری ئەو خۆپیشاندانەیان کرد بوو هەموویان لـەوێ بـوون، یـەعنی دەتـوانم بڵـێم بەشـی هـەرە زۆری کەناڵـەکان لەوێ بوون، کە ئێمە چووین لەگـەڵمان بـوون و تەسـویری شوێنەکانیشـیان دەکـرد، دەبوایـە پرسـیاریان لـێ

بکەین، بەڵام پرسیارمان لێ نەکردن، ئەوەیان زۆر راستە، پرسیارمان لێ نەکردن ، بەڵام ئەوانمان بینی لەوێ.

پرسیارێکی تر، دەڵێت بۆ توانرا چینیەکان نەجات بدرێن، بەڵام نەتوانرا بارەگای برادەرانی یەکگرتووی ئیسلامی، یان شوێنەکانی تر بپارێزرێن؟

ئێمە هەمان پرسیارمان لە لیژنەی ئەمنی کرد، لێمان پرسین ئێوە بۆ نەتانتوانی پارێزگاری لەو شوێنانە بکەن، یان پارێزگاری لە بارەگا بکەن؟

وتیان ئێمە هەموومان ژمارەمان (40) کەس بوو و، رۆژی هەینی بوو، هەموو ئەو پۆلیسانە، یان ئەو نەژدانەی لەبەردەستمان بوون ئەوەندە پێ راگەیشتین، مودیری شورتە خۆشی وتی خۆشم لەگەڵ ژمارەی پۆلیسەکان چووم بۆ ئەو شوێنەی کە زانیم یەکەم جار لەوێ دەستی پێ کردووەو خەتەر لەسەر ژیانی ئەوانە هەیە، کە خەڵکی بیانین، ئەوەمان بە زەرور زانی کە بە هەر شێوەیەك بێت بتوانین بیانیەکان نەجات بدەین، بۆ ئەوەی خەڵکی تێدا نەکوژرێت و کێشەکەمان لە دەست گەورەتر نەبێت و، توانیشمان لەو هەموو ئاژاوەو پشێوەیەی کە هەبوو چینیەکان نەجات بدەین و (13) پۆلیسیشمان بریندار بوون و وتی خۆشم کە مودیری شورتەم هەر لەوێ بریندار بووم لەسەر نەجات دانی ئەو بیانیانەی کە لەناو مەساجەکەدا هەبوون، تەبعەن خۆی ژمارەی پۆلیس (40) کەس بوون و (13)ش بریندار بێت و مودیر شورتە خۆی بریندار بێت کەمی دەمێنێتەوە، رەنگە نەتوانێت کۆنترۆڵی ئەو هەموو خۆپیشاندانە گەورەیە بکات کە لەوێ هەیە، ئەوە نەك دیفاعێك بێت لێیان، بەڵام ئەوە حەقیقەتێکە خۆیان باسیان لێ کردو قسەی ئەوانە ئێمە دەگێڕینەوە.

پرسیارێکی تر، گوتیان ئەوانە ناسراون، یان نەناسراون؟

بەڵێ، ئێمە ئەوەشمان لێیان پرسی، گوتمانە لیژنەی ئەمنی خەڵکەکە ناسراوە، واتا دەیانناسنەوە؟ گوتیان بەڵێ ئێمە هەموومان خەڵکی زاخۆینە، چ ئەوانەی لە پۆلیسین، چ ئەوانەی کە بەشداریان کردووە، لەبەر ئەوەی پێکهاتەی زاخۆ پێکهاتەیەکی تایبەتە، لە چەند عەشیرەتێك پێکهاتووە، هەموو عەشیرەتەکان دەناسرێنەوە، هەموو خەڵکەکانیش یەکتر دەناسنەوە، چونکە شارەکە، شارێکی بچکۆلەیە هەموو ئەوانەی بەشداریان کردووە، جگە لە گرتە ڤیدیۆیەکان، هەمووی یەك بە یەك دەناسرێنەوە، کە ئەوانە کێنە بەشداریان کردووە، چ بۆ سەر مەساجەکە، چ بۆ سووتانی شوێنەکان، چ بۆ چوونیان بۆ مەترانخانە، یان شوێنەکانی تر، یان سووتانی ئوتێلەکان؟ گوتیان ئێمە خەڵکی زاخۆیینە، هەموومان خەڵکی ئەو شارەین، کەسی بیانی تێدا نییە، هەمووومان یەك بە یەك دەزانین دەست نیشانی کێ بکەین، دیسان دەیڵێمەوە لەبەر ئەوەی ئێمە لیژنەی لێکۆڵینەوە نەبووین، پێویستی بەوە نەکرد کە ئێمە ناو بینین، وتیان ناویشمان لەلایە، لیستیشمان لەلایە، بەڵام دوایی دەیدەینە دادوەر بۆ لێکۆڵینەوە، تا لێکۆڵینەوە لەگەڵ ئەوانە بکرێت.

پەرلەمانتارێکی تری بەڕێز پرسیاری ئەوەی کرد گوتی دەبوایە ئەو لیژنەیەی کە دەچوو بۆ ئەوێ داوای دەسەڵاتی گەورەتری کرد بوایە لە پەرلەمانی کوردستان.

تەبعەن ئێمە بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان دەسەڵاتی لیژنە هەر ئەوەیە، ئەگەر زەحمەت نەبێت جەنابی سکرتێری پەرلەمان و لیژنەی یاسایی زیاتر ئەو مەسەلەیە روون بکاتەوە، ئێمە ناتوانین، ئەگەر داوای دەسەڵاتی گەورەتر بکەین، دەبێت جەلسەیەك بەو شێوەیە هەبێت لە پەرلەمان، لەو جەلسەدا لیژنەیە دروست بکرێت بە دەنگی پەرلەمان، بە دەنگی هەموو ئەندامانی پەرلەمان ئەو لیژنەیە دروست بکرێت، ئەو لیژنەیە دەسەڵاتی هەبێت کە بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە بکات، دەسەڵاتی لیژنەی ئێمە، یان ئەو دوو لیژنەیەی کە تەکلیف کراین، تەنها ئەوە بوو کە بچین بە چاوی خۆمان ببینین و سورەتێك بێنینەوە بۆ خوشك و برا پەرلەمانتارە بەڕێزەکان و لێرە گفتوگۆی لەسەر بکرێت.

پرسیارێکی تر ئەوە بوو، دەڵێن حەقە حکومەت قەرەبووی ئەوانە بکاتەوە، لە راپۆرتەکەی ئێمەدا هاتووە، پێویستە حکومەت قەرەبووی ئەوانە بکاتەوە کە زەرورو زیانیان لێ کەوتووە، هەر یەك لەو پرسیارانە چەند ئەندامێکی بەڕێز پرسیاری ئەوەیان کردووە، دەڵێن حکومەت پێویست ناکات زەرەرو زیانی ئەوانە بداتەوە، چونکە ئەوانەی کە دەستیان هەبووە، ئەوانە هەڵستن بە قەرەبووی زەرەرو زیانەکانیان، واتا قەرەبوو لەوانە وەربگیرێتەوە، نەك لە حکومەت، کە پابەند بێت قەرەبوویان بکاتەوە، تەبعەن ئەوەش پێموایە زۆر نا یاساییە، لەبەر ئەوەی حکومەت مولزەمە کە سەرو سامانی خەڵك و وڵات بپارێزێت و پاراستنی خەڵك وماڵ و گیانی خەڵك لە ملی حکومەتە، ئەگەر کارێکی لەو بابەتە بێت، دەبێت بەڕاستی حکومەت قەرەبووی ئەو خەڵکانە بکاتەوەو بە یاساش ئەوانە قەرەبوو بکرێنەوە، ئەگەر دوای لیژنەی لێکۆڵینەوە ئیسپات بوو، واتا دادگا ئیسپاتی کرد لەسەر کەسێك، یان لەسەر چەند کەسێك، ئەوانە سزا دەدرێن، سزایەکە غەرامیان لێ وەربگیرێت و ئەو سزایەش هەر حکومەت وەریدەگرێتەوە.

پرسیارێکی تر، دەڵێت ئەم رووداوە چۆن دەناسرێت، چۆن دەیناسین وەکو لیژنە پرسیاریان لێ کردین، گوتیان ئێوە ئەو رووداوە چۆن دەناسن؟

تەبعەن ئەوەشیان دەبێت بە یاسا ئەو مەسەلەیە یەکلا بکرێتەوە، یاسا بڕیار دەدات ئەو مەسەلەیە چۆن دەناسین؟ چۆن پیشانی دەداتن؟ دەست هەبووە، خەڵکی لە پشت بووە، پێشینەی هەبووە؟ ئەوەشیان بە یاسا دەکرێت، ئێمە ناتوانین لێرە بڕیار بدەین بڵێین ئەوە وا بووە، یان وا نەبووە.

پرسیارێکی تر ئەوە بوو، دەڵێت هەر حزبێك لە پشتی سووتانی بارەگای حزبیەکان، یان ماڵی گشتیەوە بێت، بە یاسا ئەو حزبە دابخرێت و کاری سیاسی لێ قەدەغە بکرێت؟

ئەوەشیان بەڕاستی هەر دیسان ئەو مەسەلەیە بە یاسا دەبێت چارەسەر بکرێت و بۆ حزبەکانیش، ئێمە یاسای ئەحزابمان هەیە لە هەرێمی کوردستان، ئەگەر هەر حزبێك موخالەفەیەك بکات، بەپێی یاسای ئەحزاب دەبێت ئەو حزبە سزا بدرێت، ئینجا مۆڵەتی لێ وەردەگیرێتەوە، بارەگای دادەخرێت، بەپێی یاسای ئەحزاب ئەوە مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت، ئەگەر حزبێك لەو حزبانە لە پشت ئەو مەسەلەیەوە بوو، یان دەستی هەبوو بێت، بە تەئکید ئەو مەسەلەیە بە یاسا یەکلا دەکرێتەوە.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ئەوە تەقریبەن وەڵامی ئەو پرسیارانە بوو، کە بە گرنگمان زانی وەڵامی بدەینەوە، دێمە سەر تەوەری دووەمی، کە هەندێك ئەندامی بەڕێزی تر پێشنیاریان هەبوو، یان ئیزافەیان هەبوو بۆ راپۆرتەکەمان، بەتایبەتی سۆزان خان و جیهان خان و یەك، دوو ئەندام پەرلەمانی تریش پێشنیاری ئەوەیان کردو، لە راپۆرتەکەشدا هەم سۆزان خان تەحەفوزی هەبووە لەسەر ئەوە داوا دەکات وەزارەتی رۆشنبیری و وەزارەتی پەروەردە لە برگەی حەوتی راپۆرتەکەمان کە هاتووە ئیزافە بکرێتن، ئێمە وەکو لیژنە ئەو دوو ئیزافەیە وەردەگرین هەم وەزارەتی پەروەردە، هەم وەزارەتی رۆشنبیری لەگەڵ وەزارەتی ئەوقاف لە برگەی حەوتدا ئیزافە بکرێت، لیژنە مانیعی ئەوەیان نەبوو، پێمان باشە وەکو لیژنە ئەو داوایە قەبوڵ بکەین.

سێیەم/ هەندێکی تر داوایان دەکرد ئەم تەوصیاتانە ببن بە بڕیارو هەندێکیشیان داوایان دەکرد بە تەوصیات بمێنێنەوەو ئاراستەی سەرۆکایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکرێت.

سەبارەت بەو تەوصیاتانە کە ئێمە پێشکەشی سەرۆکایەتیمان کردووە، دەسەڵاتی لیژنە هەر ئەوەیە ئێمە بە تەوصیات بدەینە سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان دەتوانێت ئێستا ئەو مەسەلەیە بە دەنگدان یەکلا بکاتەوە، واتا بخرێتە دەنگدان کە تەوصیات بێت، یان بڕیار بێت، ئەوە دەسەڵاتی سەرۆکایەتیە، دەبێت بخرێتە دەنگدانەوە، یان راپۆرتەکە بەگشتی موصادەقەی لەسەر بکرێت و رەوانەی لایەنی پەیوەندیدار بکرێت، ئەوە من داوا لە لیژنەی یاسایی و بەڕێز سکرتێری پەرلەمان دەکەم لەسەر ئەو مەسەلەیە موداخەلە بکەن.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ئەوە داوام کرد کە لیژنەی یاسایی و بەڕێز سکرتێری پەرلەمان موداخەلە لەسەر ئەو مەسەلەیە بکات، بۆ ئەوەی تەوەر بە تەوەر بێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز سکرتێری پەرلەمان فەرموو بۆ موداخەلە کردن.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

موداخەلەی من لەسەر ئەوەیە ناحیەی ئوسولی چۆن تەعامول لەگەڵ راپۆرتەکە بکرێت، بە رەئی من راپۆرتەکە هەمووی بخەینە دەنگدانەوە، ئەگەر هاتوو موصادەقەی لەسەر کرا، مانای ئەوە تەمسیلی رەئی پەرلەمانیش دەکات، دوای ئەوە بۆ حکومەت و بۆ سەرۆکایەتی هەرێم بنێردرێت، بە رەئی من، بەڵکو ئەمن غەڵەتیش بم، پێویست بەوە ناکات کو ببێتە بڕیار بۆ؟ ئەگەری هەیە، سەبەبەکە ئەوەیە ئەگەر بێین تەماشای بەندی دوو و سێ و چوار بکەین داوای مەجموعەی ئیجرائات دەکات، ئەو ئیجرائاتانە قانونی بۆ هەیە نافیزە لێرە، لە هەرێمی کوردستان نافیزە، باشتر ئەوەیە ئێمە داوای جێ بەجێ کردنی قانونێك بکەین کە مەوجودە، باشترە لەوەی کە داوای جێ بەجێ کردنی بڕیارێك بکەین کە تازە دەردەچێت، ئەگەر بێتو بڕیاریش دەربچێت قوەتی نەفازی ئەو ئیجرائاتانە لە بڕیارەکە وەرناگیرێت، چونکە پەرلەمان بڕیاری

داوه لە قانونی ئەسڵی وەردەگیرێت کە نافیزی مەفعولە لە هەرێم، ئەویش قانونی عقوباتە، قانونی ئینزیباتی موەزەفی دەولەیە، ئەوە لە ناحیەیەك.

لە ناحیەی مەبدەئی نابێت قانونێك مەجود بێت پەرلەمان بێت بڕیارێك وەربگرێت بۆ تەفعیل کردنی ئەم قانونە، تۆ لە جیاتی ئەوەی بڕیارێك وەربگریت بە ڕەئی من ئیجرائاتێکی غەڵەتە بۆ تەفعیل کردنی قانونێك هیچ زەمانت نییە کو ئەو بڕیارەش تەنفیز بکرێتن، باشە ئەگەر بڕیارەکە تەنفیز نەکرێت چ دەکەی، لە وەسیلەی موراقەبەو موحاسەبە هیچ وەسیلەیەکی ترت نییە، مادام وەسیلەی موراقەبەو موحاسەبەت هەبێت، خۆ ئەو وەسیلەیە بۆ قانونی ئەسڵی بەکار بێنە، نەك بۆ بڕیارێك بەکاری بێنی کە قوەتی قانونی و قوەتی ئیلزامی زەعیفترە لە قوەتی ئیلزامی قانونەکەی کۆن، ئەوەی نافیزی مەفعولە لە هەرێم، ئەوە لە ناحیەیەك، تەبعەن ئەو قسەیە لە فەقەرە دوو و سێ و چوار تەتبیق دەبێت.

لە ناحیەی دووەم، ئەگەر بێی تەماشای بەندی پێنج و شەش و حەوت و هەشت بکەین مەوزوعەکان و بابەتەکان عومومینە، ئەوە یەك، معیارەکانیش نسبینە، معیارەکانیش نسبینە، مادام مەوزوع عومومیەو معیاریش نسبی بێت، تۆ ناتوانی بیکەیە بڕیار، چ لەسەر پەرلەمان، چ لەسەر وەزارەتی ئەوقاف، چ لەسەر وەسائیلی ڕاگەیاندن، ئەگەر تەماشا بکەین چ بڕیارێك وەربگریت دەتوانی ئەوانە ئیلزام بکەیت بەو شتە.

دوو/ معیارەکە چیە، کو ئەو شتانە، ئەو داواکارییانە بەجێیان هێناوە، یان بە جێیان نەهێناوە؟ لەبەر ئەوە بە ڕەئی من لە ناحیەی قانونی ئەوەیە ئێمە ڕاپۆرتەکە بدەینە دەنگدانەوە، ئەو وەختە نوقاتەکان ئیلزامیەتی هەیە دوو و سێ و چوار مولزەمن، چونکە قانونێکی تر هەیە قوەتی خۆی لەوێ وەردەگرێت، ئەویش قانونی عقوباتە، ئەگەر هاتو کەم تەرخەمی کرا، ئەو وەختە وەسائیلی ڕەقابەی پەرلەمانی لەبەردەممانە، هەر ئەندامێك دەتوانێت پرسیارێك ئاراستەی وەزیری مەعنی بکات، یانیش لیژنەکان بانگی جیهەتی موختەس بکات، یانیش ئیستیجوابی وەزیرێك بکات، ئەوە ڕەئی ڕەئی شەخصی منە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

نوقاتی نیزامی زۆرە، یەکەم کاك عمر عبدالعزیز فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاءالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ئەو ڕاسپاردانەوە کە لێرەدا هەن، وەکو ناوەڕۆك ئەوەی جەنابی سکرتێر ئاماژەی پێ دەکات، فیعلەن تەئکیدە لەسەر هەندێ مەسائیلی یاسایی، ئەگەر ئێمە هاوشێوەی ئەمەمان لە حاڵەتی نەکرد بوایە جێ ئەوە بوو، من سەرنجم ئەوەیە بڕیاری ژمارە (1)تان بیر دەخەمەوە، کە حەرفەن بەوە دەست پێ دەکات تەحریم و تەجریم کردنی توندوتیژی دژی هەرچی و نازانم چی، شتێکی یاسایی ئەسڵەن تەحصیل حاصلە بەدیهیاتە، ڕەنگە هەر عەیبە بۆ پەرلەمانێك ئەو بڕیارە بدات، پەرلەمان دەبێت بە شوێنی ئەو یاسایانەدا بچێت کە هەیەو ئەمەی پێشێل کردووە، بەس لەم کوردستانەی خۆمان (17) خاڵەکەی پێشوو

بڕیاری ژماره (1)ـه هەموو هاوشێوەی ئەوەی جەنابیان باسی کرد لە عمومیات و لە نسبیاتی تیایە بە زیادیشەوە تیایەتی، ئەمە یەك.

دووەم/ ئەگەر قانون جێ بەجێ نەکرێت و پێشێڵ بکرێت لە هەرێمی کوردستان، ڕاسپاردەی پەرلەمان چۆن جێ بەجێ دەکرێت، کێ ئیلزامی لایەنی بەرپرس دەکات کە جێ بەجێی بکات؟ ئێستا ئاماژەمان کرد بەوەی کە یاسا هەیە جێ بەجێ ناکرێت، پێویست ناکات تەئکید بکەینەوە لەسەر جێ بەجێ کردنی یاسا، ئەی زەمانەت و گرێنتی چیە ڕاسپاردەیەکی لابەلا کەخۆی بۆ خۆی ئەگەر میکانیزمیش بێت و ئالیەتیش بێت، شتێکی موحەدەدیش بێت گرێنتی چیە جێ بەجێ بکرێت؟ لەبەر ئەوە بەڕاستی ئەگەر ئێمە (13) سەعاتی دوێنێ بەوە دەربچێت، بە ڕاسپاردەیەك دەربچین کە تەئکید کردنەوەیە لەسەر مەجموعیەك مەبادئ و پرەنسیپی ئەساسی و یاسایی نەتوانین بیکەینە بڕیار، کە ئەمە ئەزعەفو ئیمانە بەڕاستی، ئەگەر بۆ ئەوە نەبێت بەرەو هێور بوونەوە بچین، دەتوانم بڵێم ئێمە شتێکی ئەوتۆمان دەست نەکەوتووە لەم مەسەلەیە وەکو پەرلەمانی کوردستان لە بوعدی چاودێری و بوعدی بەدواداچوونی کێشەکە، یەعنی خوارترین پلەی ئەزعەفو ئیمانیشە، کە ئێمە حکومەتی هەرێمی کوردستان مولزەم بکەین بەوەی ئەم شتانە، حکومەت مولزەم دەکەین تەحریمان کردووە، حکومەت مولزەم دەکەین بەوەی کە مامەڵەی قانونی بکرێت، حکومەت مولزەم دەکەین بەوەی کە سزای کەمتەرخەم بدرێت، حکومەت مولزەم دەکەین بەوەی قەرەبووی ماددی و مەعنەوی بکات، بەڕاستی ڕاست دەکات کاك فرسەت هەر هەمووی تەحصیل حاصلە، هەر هەمووی جێ بەجێ کردنی ئەو خاڵانەیە کە لە بڕگە جیاجیاکاندا ئاماژەیان پێ کراوە، بەڵام جەنابی کاك فرسەت، ئەگەر ئێمە لە حاڵەتی تردا ئەمەمان نەکرد، من مەبەستم تەعقیبە لەسەر جەنابت.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، من پێموایە ئەم خاڵانە شتێکی موشتەرەکی باشن پێی گەیشتووین، وەکو ئاماژەم پێ کرد بەلای کەمی هەستانە بە ئەرکی خۆمان وەکو پەرلەمان و پەرلەمانتاران، تکاتان لێ دەکەم با بەو شێوەیەی کە هاتووە تێ پەڕێت و بڕیارێك دەربکەین کە حکومەتی هەرێمی کوردستان هەڵبستێت بە جێ بەجێ کردنی ئەم ڕاسپاردانە وەکو بڕیار لەلایەن پەرلەمانەوە، حکومەت ئیلزام بکەین بەوە، داوای لێبووردن دەکەم مەفروز وایە گوێ لە یەکتر بگرین، چونکە من قسە بۆ بەڕێزتان دەکەم، بە یەك دێر ئەم مەسەلەیە چارەسەر دەکرێت، کە ئەم ڕاسپاردانە ڕاسپاردەی لیژنەن بۆ ئەم مەجلیسە موحتەرەمە بیکەین بە بڕیار، عەیب نییە بۆمان کە حکومەتی هەرێمی کوردستان مولزەم بکەین بە مەجموعەیە مەبادئی قانونی، هیچی پێچەوانەی قانونی نییە، ئەگەر پێچەوانەی قانونە، من سەحبی ئەو قسەیەی خۆم دەکەمەوە کە دەڵێم بکرێت بە بڕیار، بەس بیسەڵمێنین شتی وامان نەکردووە، کە دەڵێن پێشتر لەو پەرلەمانە، بیشیسەڵمێنین کە شتێکی نائاساییە، من وا دەزانم پەرلەمان تەئکید بکاتەوە لەسەر مەبادئی قانونی و لەسەر جێ بەجێ کردنی بڕیارەکانی خۆی، یان تەعلیماتێك کە حکومەت دەریکردووە، ئێمە جاری وا هەیە وەزارەت تەعلیمات دەردەکات لێرەوە لێپرسینەوە دەکەین، لیژنەکان مودیریات بانگ دەکەن، یان خۆمان وەزیر بانگ دەکەین دەڵێین ئەو بڕیارانە لە بودجە، لە مەسائیلی تر، لە تەختیت بۆچی جێ

بەجێ نەكراوە؟ لەبەر ئەوە زۆر تەبیعیە تەئكید كردنەوە لەلایەن پەرلەمانەوە بە ئیلزام كردنی حكومەت بە جێ بەجێ كردنی چ بڕیارەكانی خۆی، چ یاسا گشتیەكان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار دڵشاد شەهاب كەرەم بكە.

**بەڕێز دڵشاد شهاب حاجی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێموایە پەرلەمان زەحمەتێكی زۆری بەم مەوزوعەوە دیتوە، چ لە چوونی لیژنەكان لە دوو، سێ ڕۆژ كار كردن و ئەو هەموو ماندوو بوون و دیتنی خەڵكی، چ دە، دوازدە سەعات دانیشتنی پەرلەمان و دووبارە لیژنەكان و صیاغەو كارەكە، ئامانجەكەشی ئەوەیە بەڕاستی سەلامەتترین شێوازی یاسایی و گەورەترین ئیلزامی تێدا بێت و، گەورەترین زەمانەت و ئیتمئنانی تێدا بێت، بۆ ئەوەی ئەو ئەرك و كارو پێشنیارانەی كە پەرلەمان و پەرلەمانتاران پێوە ماندوو بوون بچنە بواری جێ بەجێ كردن، من لەگەڵ ئەوەدامە ئەگەر ئیشكالێكی یاسایی فیعلەن ئەم مەسەلەیە یەكلایی بكرێتەوە، كە بەتەسەوری منیش ڕەنگە ئەگەر بە بەراورد لەگەڵ بڕیارەكانی پێشووتردا لەگەڵ هەموو ڕێزێكم بۆ تێبینیەكانی كاك فرسەت بەشێكی زۆری جێگای ئیعتیبارە ئەكید، چونكە زۆرێك لەم بابەتانە لە یاساكاندا موعالەجە كراون، بەلاّم ئەگەر بگەڕێینەوە سەر ئەو ئەساسە، هەموو شتەكانی ئێمە لە یاساكاندا هاتوون، بەلاّم گرفتەكە لە جێ بەجێ نەكردنیدایە، بۆیە من دەبینم ئیشكالێكی نییە لەسەر ئەوەی مادام بڕیار ئیلزامی، یاخود با بڵێین زەمانەتی زیاتر جێ بەجێ كردنی هەبێت، زیاتر ڕێگا خۆشكەر بێت، بۆ ئەوەی كەوا حكومەت ئیلزام بكرێت پێی، خۆ ئەگەر قەرار وا بێت مەوزوع قوەتی قانونی وەرگرتن بێت، هەر شتێكی كەوا تەصویتی پەرلەمانی لەسەر كرا، دەبێت شتێكی یاسایی بێت، ئەوەی پێچەوانەی یاسایی نەبێت، ئەگینا وەكو بەڕێز كاك عومەر گوتی ئێمە چۆن تەصویتی لەسەر دەكەین، چ بۆ بڕیار بێت، چ بۆ تەوصیە بێت، ئەگەر پێچەوانەو تەعاروزی یاساكان بێت، نابێت تەصویتی لەسەر بكەین، ئەگەر پەرلەمان تەصویتی لەسەر بكات، كامەی قوەی ئیلزامی زیاترە، زەمانەتی زیاتر دەدات بۆ چارەسەر كردنی گرفتەكان، ئێمە هیچ بە گرفتی نازانین و پێمان باشە بڕیار بێت، ئاساییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار كاردۆ محمد كەرەم بكە.

**بەڕێز كاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە قسە كردنمان، یان دانیشتنمان لەسەر حاڵەتێكی تایبەتە، ڕووداوێكە تایبەتە بە پرسی میللەتەكەمان و ئاسایشی هەرێمەكەو ئازادی، هەموو حاڵەتەكە بۆ ئەوەیە كە ئێمە ئامرازێك دەدۆزینەوە، هەتا بە ڕووی قانونیش بۆ ئامانجێكی دیاری كراوە، كە ئەویش ڕێكخستن و پاراستنی قانون و مافە، بۆیە لێرە هەر

وەسیلەیەك دەچێتە خزمەتی ئەو ئامانجە، دەبێت ئێمە هیچ دوو دڵی لێ نەکەین، ئەگەر قسە لەسەر ئەوەیە ئەمە هەر راسپاردەیەو، ئەگەر قانون هەیەو کێشەکەمان لە جێ بەجێ نەکردنیەتی، دەبێت ئێمە ئەم دانیشتنە نەکەین، یەکسەر ئیستیجوابی حکومەت بکەین بۆ قانون جێ بەجێ ناکات؟ یەعنی قانون هەیە جێ بەجێ ناکرێت، حاڵەتێك روویداوە پێشێلکاری قانونییە، کەواتە تۆ ئیستیجوابی حکومەت دەکەیت بۆ قانون جێ بەجێ ناکەیت؟ ئەو کاتە موسائەلەو شتی تر دێتە پێش، کە پێموایە ئەگەر لێرە لەو راسپاردانە هەندێك خاڵیش هەیە شتی عمومیات دەگرێتەوە ناچێتە قاڵبی قانون، دەتوانین جیایی بکەینەوە، ئەوەی کە قوەتی بڕیاری هەیەو حکومەت مولزەم دەکات بە جێ بەجێ کردنی ئەو راسپاردانەی نەتیجەی موناقەشەو گەیشتنی بیرو رایەکان بە بڕیارێك دەچێتە خزمەت جێ بەجێ کردنی یاسا، دەبێت دوو دڵی لێ نەکەین و قەبوڵی بکەین، چونکە ئەمە خزمەت بە پرۆسەو بە چارەسەر کردنی کێشەکانمان دەکات، کە من بە مەترسی گەورەی دەبینم سەرەڕای حاڵەتێکی بچووك، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ جەنابت، رێزدار ئارام قادر کەرەم بکە.

**بەڕێز ایوب نعمت قادر(ئارام):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دەڵێم هەر لە رووی بەها قانونیەکەیەوە کاتێك کە دەنگدانی بۆ دەکرێت، یەکسەر ناوبنرێت بڕیار، نەك راسپاردە، چونکە ئێمە چەند ساڵێکە پرۆژە یاسای بودجە گفتوگۆی لەسەر دەکەین، ئەوەی دەنگی لەسەر دەدرێت یەکسەر دەبێتە بڕیار، بەڵام ئەوەی تر سەرۆکایەتی پەرلەمان داوا لە لیستەکان دەکات کە راسپاردەو پێشنیارەکانی خۆیان بنێرن، بۆ ئەوەی هاوپێچی بکات لەگەڵ بڕیارەکە، لەبەر ئەوە یەعنی ئێمە لە کاتێکدا کە دەنگدانی بۆ دەکەین، دەبێت یەکسەر بگوترێت ئەمە بڕیارە، هەردوو لیژنەی بەڕێز کە ئەمە راسپاردەی ئەوانن بۆ پەرلەمان، لەکاتێکدا پەرلەمان گفتوگۆی لەسەر دەکات، لەوانەیە هەندێك ئیزافاتی تریشی تێدا هەبێت، یاخود هەندێك لە خاڵەکان حەزف بکات، کاتێك کە ئێمە دەیکەین بە دەنگدان، یەکسەر دەبێت بکرێت بە بڕیار، بۆ؟ چونکە لەکاتێکدا بڕیار دەڕوات بۆ حکومەت، حکومەت مولزەمە جێ بەجێی بکات، بەڵام ئەگەر بێتو بگوترێت راسپاردە، ئێستا ئێمە ناتوانین بۆ یاسای بودجە لێپێچینەوە لە حکومەت بکەین، بۆچی راسپاردەکانیان جێ بەجێ نەکردووە؟ چونکە ئازادە لە جێ بەجێ کردنی، یاخود جێ بەجێ نەکردنی؟ لەبەر ئەوە لە رووی یاساییشەوە، هەروەها میکانیزمی دەنگدانەکەش ئەوە دەخوازێت کە ئێمە بڵێین بڕیار، نەك راسپاردە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ جەنابت، رێزدار سالم تۆما کەرەم بکە.

**بەڕێز سالم تۆما کاکۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی روویدا شتێکی بچووك نەبوو، بۆیە داوامان کردووە لە جەنابت بانگهێشتی کۆبوونەوەیەکی نائاسایی بکرێت، چونکە حاڵەتەکە حاڵەتێکی تایبەتە، راستە بە تەدەخولی بەرزترین دەسەلآتی هەرێم، کە بەڕێز سەرۆکی هەرێمە، ئەو دانیشتنەی پەرلەمان و لیژنەی تایبەت هەمووی هەر بەرەو کۆنترۆڵ کردنی وەزعەکەو هێور کردنی وەزعەکەیە، بەلآم لە پەرلەمان لەو دانیشتنەو لەو ماندوو بوونەی هەموومان شتێکی وا دەرنەچێت کە بالآترین ئیلزامی حکومەت بکرێت، بۆ دوو، سێ شت:

یەکەمیان/ سستی لە جێ بەجێ کردنی یاسا.

دووەمیان/ سستی لە دەزگاکانی میری لە ناوچە.

سێیەمیان/ سستی لە بەرەنگاربوونەوە لە زیاد کردن و تەشەنە کردنی کێشەکە.

مومکینە شتی زۆر گەورەتریشی لێ دەبۆوە، بۆیە بە قەناعەتی من دەبێت بە بەرزترین ئاستی مەسئوولیەت حکومەت تەسەروف بکات، بە بەرزترین ئاستی مەسئوولیەتیش ئێمە ئیلزامی حکومەت بکەن، ئەگەر بە بڕیارێکی بەهێز نەبێت لە پەرلەمان دەربچێت، لەوانەیە نابێتە ئاستەنگ بەرامبەر شتی گەورەتریش روو بداتەوە، ئەو کاتەش دەڵێن پەرلەمان هیچی نەکرد، کەواتە حەقی خۆشیانە خەڵك تەعلیقمان لەسەر بدات و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ جەنابت، رێزدار دکتۆر احمد وەرتی کەرەم بکە.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم علی(وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو کۆبوونەوەی پەرلەمان بۆ ئەوە کراوە، کە کێشەیەك، قەیرانێك هەیە لە هەرێمی کوردستان، بتوانین چارەسەری بکەین و ئەو بارودۆخە هێور بکەینەوە، بۆ ئەوەی ئەو هەوڵ و کۆششەی لیژنەی هاوبەشی پەرلەمان و هەروەها ئەو کۆبوونەوە دوورو درێژەی پەرلەمانی کوردستان کە تا سەعات (12)ی شەوی خایاندووە، واتا دە سەعات پەرلەمانی کوردستان دانیشتووە، بۆ ئەوەی ئێمە بتوانین ئەم قەیرانە، ئەم کێشەیەی کە ئێستا هەیە چارەسەری بکەین و بارودۆخەکە هێور بکەینەوە، پێموایە پێویست بەوە دەکات پەرلەمان هەندێك بڕیاری گرنگ دەربکات، کە بتوانێت ئیلزامی هەم حکومەت، هەم لایەنەکانیش بکات، هەم راگەیاندنەکانیش بکات، یەعنی رۆڵی هەبێت لە هێور کردنەوەی بارودۆخەکە، پێموایە ئەگەر هەندێك بڕیار دەرنەکات، رەنگە کێشەکە قووڵتر بێتەوە لەنێوان لایەنەکان و، رەنگە ئەو لێك تێگەیشتنەش دروست نەبێت، هەم هەوڵی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە ئارا دایە، هەم پەرلەمانی کوردستان لیژنەی تەشکیل کردووە، ئەگەر هەندێك لەو خالآنەی کە لە راپۆرتی لیژنەکەدا هەن بە کەڵکی ئەوە نایەن ببن بە بڕیار، دەکرێت ئێمە لێکیان جیا بکەینەوە، هەندێك خاڵ دیاری بکەین کە ئەمانە ببن بە بڕیار، ئەوەی تریش وەکو راسپاردە بمێنێتەوە، یاخود جارێکی تر پێداچوونەوەی تێدا بکرێت، ئێمە پێمان وا بوو ئەو فرسەتەی درا بە لیژنەکە بۆ ئەوە بوو کە ئەم خالآنە لێك جیا بکاتەوە، هەندێکی بکات بە بڕیار، هەندێکی وەك

راسپاردە، بەڵام دیارە خاڵەكان هەروەكو خۆی ماوەتەوە، من پێموایە پێویست بەوە دەكات كە پەرلەمان هەندێك بڕیار دەربكات بتوانێت كۆتایی بە كێشەكە بێنێت، یان بڕیاری وا بێت كە بتوانێت بارودۆخەكە هێور بكاتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ جەنابت، رێزدار عبدالقادر بازرگان كەرەم بكە.

**بەڕێز عبدالقادر اكرام جمیل:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

خۆی ئیشەكە وا ناخوازێت، چونكە ئیشەكە زۆر زۆر بوو، ئیشەكە وای دەوێت ببێتە مافی حكومەت ئەو ئیشانە تەنفیز بكات، كە تەنفیزیشی كرد، دەبێت بە بڕیار ئەوەی بكات، هەتا ئیشەكە لەناو پەرلەمان تەحویلی حكومەت بكرێت، چونكە ئەمڕۆكە حكومەت جێگای تەنفیزییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ جەنابت، رێزدار عبدالله حاجی محمود كەرەم بكە.

**بەڕێز عبدالله حاجی محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من تەئكید لە قسەكەی لیژنەكەو كاك اسماعیل محمود دەكەمەوە، ئەگەر گرفتی لایەنی قانونی نەبێت، چونكە تەنفیز حكومەتە، من لەگەڵ ئەوەم بڕیار بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ جەنابت، رێزدار كاك فاضل حسن كەرەم بكە.

**بەڕێز فاضل حسن اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

قسەكان هەر دووبارەیە، منیش لەگەڵیانم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ جەنابت، رێزدار هاژە خان كەرەم بكە.

**بەڕێز هاژە سلیمان مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا كاتێك كە ئێمە لە هەردوو لیژنەكە دانیشتین و گفتوگۆ كرا لەسەر سەردانەكەی لیژنەكە بۆ ئەو ناوچانە، ئەو تەوصیاتانەش كە نووسرا، بەڕاستی تەوصیات لەهەردوو لیژنەكە، یەعنی هەموو ئەو پێشنیارانە بوو، هەموو ئەو شتانە بوو، كە لیژنەكە كۆی كرد بۆوە، یەعنی شەرت نییە لەناو پەرلەمان

ئەوە بە تەوصیات دەربچێت، دوای ئەوەی کە دوێنێ گفتوگۆی زۆری لەسەر کرا لەناو پەرلـەمان و، زۆربـەی زۆری ئەندامان داوای ئەوەیان کرد کە وەکو بڕیارێك دەربچێت، مـن پێموایـە بـە بڕیـار دەربچێت، چـونکە قوەتی قانونی زۆرتر دەبێت، بەڕاستی من پێموا نییە تەعاروز لەگەڵ قەوانینی تـر بکـات، چـونکە ئێمـە لـە (17)ی شوباتیش بە هەمان شێوە ئەو بڕیارانەی  کە دەرمانکرد، ئەو خالأنـەی کـە لـە بڕیارەکـەدا هـاتبوو، یەعنی بە قانون هەبوو، دەمانتوانی بە قانون جێ بەجێی بکەین، بۆیـە بەڕاسـتی زۆر پێویست دەکـات، کـە ئێمە بە بڕیار دەریبکەین و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار امیر گۆگا کەرەم بکە.

**بەڕێز امیر گۆگا یوسف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئـەز پشـتگیری بۆچـوونێ کـاك دڵشـادو کـاك سـالم و هـەڤالی بـەری نـوکم، ئەڤـە بـە شـێوەیەکی بڕیـار بیـت باشترەو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار دکتۆرە ڕۆژان کەرەم بکە.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕاپۆرتی لیژنەی ناوخۆ و لیژنەی مافی مرۆڤ خرایە ڕوو و گفتوگۆیـەکی تێروتەسـەلی لـێ کـرا لـە ئـەنجامی گفتوگۆ کردنەکەدا چەند خاڵێك پێشنیار کرا، جگە لەو خالأنـەی کـەوا لـە ڕاپـۆرتی هاوبـەش پێشـنیار کـرا بوو، تەبعەن ڕاپۆرتەکە بدرێتە دەنگدان و قەبوڵ بکرێت وەکو ڕاپۆرت، من لەگەڵ ئەوەدا نیمـە، تـەنها ئایـا ئەو خالأنەی کەوا لەلایەن ئەندامانی پەرلەمان و ڕاپۆرتی هاوبەش پێشنیار کراوە وەکو ڕاسپاردە، یان وەکو بڕیـار پێشکەش بکرێـت؟ ئەگـەر وەکـو ڕاسـپاردە بێـت پێویسـت بـە دەنگـدان ناکـات، چـونکە هـەر کاتێـك ئەندامانی پەرلەمان، لیژنەکانی پەرلەمان، سەرۆکایەتی پەرلەمان بۆیان هەیە پرسیارو ڕاسپاردە ئاراسـتەی حکومەت بکەن، کە درا دەنگدان، ڕاپۆرتەکە بدرێتە دەنگدان جیایە لەگەڵ ئەوەی خاڵەکانی پێشنیار کـراوە بدرێتە دەنگدان، کە ڕاپۆرت درا دەنگدانەوە، دەنگدان لەسـەر ڕاپـۆرت کـرا، واتـا قـەبوڵ کردنـی ڕاپۆرتەکـە، پەسند کردنی ڕاپۆرتەکە، بەلأم ئەگەر بڕگەو بەنـدەکان بدرێتـە دەنگـدان، ئـەوە دەبێتـە بڕیارێـك لەلایـەن پەرلەمان دەردەچێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار كاك شێروان حەیدەری كەرەم بكە.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.**

من وەكو یاسا ناسێك، وەكو سەرۆكی لیژنەی یاسایی لە پەرلەمانی كوردستان پشتگیری تەواوی ڕەئیەكەی برای بەڕێزم كاك فرسەت دەكەم، لە ڕووی قانونیەوە ئەوەی كاك فرسەت گوتی لە جێگای خۆیەتی، بەڵام پەرلەمان چۆن قەرار دەدات، كە هەمووومان ملكەچی بڕیاری پەرلەمان دەبین، جارێ ئەگەر بەراورد كردنی ئەو حاڵەتە بكەین لەگەڵ حاڵەتی (17) خاڵیەكە، لەوێ ئێمە لیژنەی تەحقیقیمان دروست كرد، لێرە لیژنەی هەمیشەییە، ئەمە یەك.

دوو/ ئەگەر هاتو پاساوی ئەوەیە كە یاساكانی ئەسڵی جێ بەجێ نەكراوە، ئەم پەرلەمانە مەسئوولە لە جێ بەجێ نەكردنی ئەم یاسایە، واتا بە بڕیار دەمانەوێت یاسایەك جێ بەجێ بكەین.

سێ/ ئەم خاڵانەی كە هاتووە، خاڵێكی قانونی عقوبات جێ بەجێی دەكات، خاڵێكیان قانونی ئینزیباتی موەزەفی دەولە جێ بەجێی دەكات، خاڵێكیان قەوانینی مەدەنی جێ بەجێی دەكات، ئەوانی تر هەموویان لە ئەهدافی وەزارەتەكەدا هاتووە، بۆیە بە حەقیقەت من بە هیچ شێوەیەك لەگەڵ ئەوە نیمە بەشێوەی بڕیار بێت، بەڵكو لیژنەی هەمیشەیی پەرلەمان چووە زیارەتێكی مەیدانی كردووە بۆ ڕووداوێك و هاتووە ئەو ڕووداوانە لە شەش، حەوت خاڵ كۆ كردۆتەوە، زۆر تەبیعیە ئەسڵەن ئەوە بدرێتە حكومەت بۆ جێ بەجێ كردنی و پەرلەمانیش بەدواداچوون بكات و ئەسڵەن من لەگەڵ ئەوە نیمە هەر بدرێتە تەصویت و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار كاك سالار كەرەم بكە.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەڕاستیەوە من لەو پرسیارەوە دەست پێ دەكەم، كە یەكێك لە ئەندامان گوتیان ئەم ڕووداوە چۆن دەناسنەوە؟

بەندە دوای ئەوەی كە لەگەڵ لیژنەكە سەردانی ئەوێمان كرد، من وای دەبینم ئەو ڕووداوە بەشێكە لە خەم ساردی هێزو لایەنە پەیوەندیدارەكان، لەبەرامبەر ڕووداوێكی هێندە گەرم، كە ئاسەوارێكی زۆر خراپ بەسەر ئایندەی ئەم هەرێمەمان دەهێنێ، لەبەر ئەوە قەرار نەبوو لیژنەكەی ئێمە بەڕێز سكرتێری پەرلەمان و لیژنەی یاسایی بەڕێز بخاتە بەردەم مەوقیفێكی ئەو جۆرەوەو، ئێمە خۆمان لە لیژنەكە لە دوایین ساتدا بەشی هەرە زۆرینەمان لەگەڵ ئەوە بووین كە ڕاسپاردەكان بكرێت بە بڕیار، لە بڕیارەكانیشدا دوو خاڵ ئیزافە بكرێت، كە یەكێك لەوانە پەلاماردانی ئازادیەكانی كەناڵەكانی میدیاو ڕۆژنامەنووسان بوو،

هەروەها یەکێك لەوانەش داوا بکرێت لە پەرلەمانی کوردستان کە دەستەی مافەکانی مرۆڤ پێك بهێنێت، چونکە لە غیابی ئەو دەستەیەو کۆمەڵێك ناوەندی تر، کە داکۆکی لە مافەکانی ئینسان و پێکهاتەکان و ئازادییەکانی تاکە کەس و کۆمەڵ دەکات، دەبێت پەرلەمانی کوردستانیش لەمەدا کۆمەڵێك بەرپرسیاریەتی خۆی ئەدا بکات، لەبەر ئەو بەندە رام وایە کە ئێمە ئەو تەوصیاتانەی کە هەبووە بکەین بە بڕیار، بۆ ئەوەی قوەی ئیلزامی زیاتری هەبێت، چونکە رێزم بۆ هەموو بیرو بۆچوون و تێڕوانینەکان هەیە، بەڵام هەر یەکێك لە ئەو کەسانەی کە دەڤەرەکەیان بە چاوی خۆیان بینیوە، ئەو کاتە هەست دەکەن مەترسی لێکەوتەکانی رۆژانی داهاتووی ئەو رووداوانە چۆن دەبێت، ئەگەر ئێمە بەشێك نەبین لە چارەسەری فیعلی و عەمەلی ئەم کارەساتەی کە کەوتۆتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەنیسبەت باسی دەستەی مافی مرۆڤت کردووە، ئێمە لە سەرۆکایەتی بە نووسراوی فەرمی داوامان لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران کردووە، چونکە دەبێت بە تەشاور لەنێوان هەردوولا بێت، بۆ ئەوەی شەخصێك دەست نیشان بکرێت و بێتە پەرلەمان و دەنگی لەسەر بدرێت، نابێت دوا بکەوێت، رێزدار شێرزاد حافز کەرەم بکە.

**بەڕێز شێرزاد عبدالحافظ شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پرسیارەکەم زیاتر رووی لە جەنابی کاك فرسەتە لەگەڵ کاك شێروان، ئەوەی کە ئەوان باسی دەکەن لەو رووە قانونییەوە، دیارە ئەم لیژنەیە چوار شەو و چوار رۆژە خەوی نەبووە، ئێوەی بەڕێزیشتان دوێنێ شەو لەو وەزعە دابوون تا سەعات (12)ی شەو هەموومان دانیشتووین، ئەو هەموو ماندوو بوونە، ئەو هەموو هیلاکیە، ئەگەر ئەو دوو بەڕێزە دەیانزانی کە بۆ ئەمە قانونێك هەیە، دەبوایە ئیشی پێ بکرا بوایە، ئەدی مادام بۆ ئێمەیان هیلاك کرد، بۆ ماندوویان کردین؟ ئەسڵەن ئەم لیژنەیەمان بۆ دروست کرد؟ پرسیار لەو دوو بەڕێزە دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، فەرموو کاك فرسەت وەڵامی کاك شێرزاد دەداتەوە.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە چ وەك ئەندامی پەرلەمان بین، چ وەك خەڵکێکی حقوقی بین حەقمان هەیە رەئی قانونی بدەین، برادەران بە غەڵەت دەچن و وا تەسەور دەکەن ئەگەر راپۆرتەکە بە تەنیا بەڕێوە چوو ناوی بڕیاری لەسەر نەبێت، مانای ئەوەیە هیچ نییەو هیچ مانای نییە، لە گفتوگۆیەکانی دوێنێ شەو ئێمەش بەشدار بووین تێدا و هەمووی لە جێگای خۆی بوو و شتێکی مەوزوعی بوو و عیلاجێکی باشی بۆ هات، بەڵام مەسەلە مەسەلەی قانونیە، ئێمە دەڵێین ئەو شتانە خۆ ئێمە نازانین بەنیسبەت لیژنە چ دەنووسێت و چ نانووسێت،

ئان ڕەئی برادەران چیەو خۆمان بەدیلی ئەندامانی پەرلەمان دانانێین، ئەوە ڕەئیەکە، منیش ئان برادەری تریش هەمووومان ئازادین ڕەئی بدەین، ڕەئی منیش زیاتر ڕەئیەکی تەوزیحی بوو، من دژی ئەوە نیم کو بڕیارێك دەربچێت، یان قانونێك دەربچێت، یان تەوصیات دەربچێت، بەس من دەڵێم لە ناحیەی قانونی بەو ڕەنگەیە، ئەگەر هاتو تەصویتیش لەسەر ڕاپۆرتی هەردوو لیژنە کرا، بە ڕەئی من مەزمونی ڕاپۆرتەکە مولزەمە بۆ حکومەت، مەفروزە بەجێ بگەیەنێت، فەرقەکە هەر ئەوەیە عینوانەکە بڕیارە، یان ڕاپۆرتە موصدەقە لە پەرلەمان، ئەگەر هاتو ڕاپۆرتی برادەران تەصدیق کرا لە پەرلەمان قوەتی ئیلزامی هەیە، بەس من یەك پرسیار دەکەم قوەتی ئیلزامەکە لەکێ وەردەگرێت؟ لە بڕیارەکە بەخۆی وەرناگرێت، من ڕەئیم ئەوەیە لە قانونەکە وەردەگیرێت، نە کەم، نە زیاد، خۆ دوور نییە هەندێ برادەران وا تەسەور بکەن کو ئێمە لەگەڵ ئەوە نین ئەو تەوصیاتانە قوەتی ئیلزامی هەبێت، من دەڵێم قوەتی ئیلزامی هەیە، بەنیسبەت مەجموعەی نوقاتی تریش، چونکە مەوزوعەکە عومیەو معیارەکە نسبیە مەجالی تەنفیزی نییە، یەعنی مەسەلەن ئەگەر بێتو بڵێین وەسائیلی ئیعلام لە ئاستی مەسئوولیەت بێت، فەرموو بووە بڕیار، فەرموو بۆم تەنفیز بکە، معیارەکە چیە کو ئەو ڕۆژنامەنووسە لەئاستی مەسئوولیەتە، یان لە ئاستی مەسئوولیەت نییە، من قەصدم ئەوەیە عەدای ئەوە شتێکی تریش هەبوو باسمان نەکرد کو بڕیار مەفروزە شێوەی نووسینی شێوەی بڕیار بێت، ئەگەر بێی تەماشای بەندەکانی ئەو تەوصیاتانە بکەین داڕشتنەکەی زۆر دوورە لە داڕشتنی نەصی قانونی، ئان نەصی بڕیار، بەس لەسەر ئەوەش داکو ئیتیهاممان نەکەن کو ئێمە دژین، یان مەسەلەکان تەعقید دەکەین، باسی ئەو شتانەمان نەکردو موەفەق بن لەگەڵ ئەوەی پەرلەمان چ بڕیارێك وەربگرێت، وەك چۆن کاك شێروان باسی کرد، ئێمە ملکەچی ئەو بڕیارینە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستا زۆر موناقەشە کراو ڕەئیتاندا، ئێستا دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە بڕیار بێت، چونکە ڕەئی ئەوە هاتووە کە بڕیار بێت، کێ لەگەڵ ئەوەیە بڕیار بێت دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ پەسند کرا، خوا ئاگادارتان بێت، ئەوە بووە بڕیار. ئێستا بەردەوام بن فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو ئیزافەیەی کە چەند ئەندامێکی پەرلەمان بۆ بڕگەی حەوتی ڕاپۆرتەکەی ئێمەیان کرد، ئەوەش پێویستە بخرێتە دەنگدانەوە، کە وەزارەتی ڕۆشنبیری و وەزارەتی پەروەردە ئیزافە بکرێت، لەبەر ئەوەی ئیمزای لەسەر کراوەو خوێندراوەتەوە، پێویستە بخرێتە دەنگدانەوە، پێشنیار هەبوو لەلایەن چەند ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان کە وەزارەتی پەروەدەو وەزارەتی ڕۆشنبیرییش ئیزافە بکرێت لە بڕگەی حەوتی ڕاسپاردەکە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بـەرز بکاتـەوە؟ زۆر سـوپاس، کـێ لەگەڵدا نییـە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ پەسند کرا، فەرموو بەردەوام بن.

**بەڕێز اسماعیل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

چـەند ئەنـدامێکی بـەڕێزیش داوایـان دەکـرد کـە بـەڕێز وەزیـری نـاوخۆ، یـان وەزیـری ئـەوقاف بانگهێشـت بکرێن.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەنیسبەت بانگ کردنی وەزیر عیلاقەی لەگەڵ راپۆرتەکەدا نییەو بڕیاریش نییە، وەزیری ناوخۆ، وەزیـری ئەوقاف، وەزیرە بەڕێزەکانی تر پێویستە بانگیان بکەنـە لیژنـەکان، هـەر لیژنـەی پەیوەندیـدار، بـۆ ئـەوەی تەفاسیلی سـەر وەزعەکـە بهێـنن و ئـەو پرسـیارانەی کـە بـەڕێز وەزیـری ئـەوقاف رۆژی سـێ شـەممە دێـتن پرسیارەکانتان حازر بکەن، فەرموو نوقتەی نیزامیت هەیە؟

**بەڕێز سەرگوڵ رضا حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ئەو پێشنیارەی هاتنی وەزیری ناوخۆ سێ ئەندام زیاتر باسیان کردووە لە هۆڵەکە، بەپێی عورفی پەرلەمانیش کە سێ ئەندامان پەرلەمان زیاتر باسی کرد، دەبێت بخرێتە دەنگدانەوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

نەخێر، شەرت نییە هەموو شتێك، بەڵام دەیخەینە دەنگدانەوە هیچ مانیع نییە، بەڵام بانگ کردنی وەزیـر، بەڕێزان، ئێستا دوێنێ بانگی وەزیریمان کرد بوایە، لەو موناقەشە دوورو درێژەی کە زۆریش لـە راپۆرتەکـە لاچوو، چ فائیدەیەکمان لە وەزیر دەکرد، بۆیە پێشنیارێك هەیە یەکـەم جار وەزیـر بـانگ بکەنـە لیژنەکـە، بانگ بکەنە لیژنەی ناوخۆ بەدواداچوون دەکات راپۆرتێك و مەعلوماتێکی کاملی لێ وەربگـرن، مـەعلوماتی خۆتان هەیە، پاش ئەوە بێتە ناو پەرلەمان، فەرموو کاك اسماعیل.

**بەڕێز اسماعیل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

راسـتە چـەند ئەنـدامێکی پەرلـەمانی بـەڕێز داوای کـردووە، کـە وەزیـری ئـەوقاف و وەزیـری نـاوخۆ بـانگ بکرێت بۆ پەرلەمان، بەڵام بۆ وەزیری ئەوقاف جەنابت بڕیارت داوە رۆژی سێ شـەممە دێـت، سـەبارەت بـە وەزیری ناوخۆ وەکو ئێمە وایە جارێ ئەویش تەنها قسە لەگەڵ بەرپرسەکانی ئەمنی ئەو شارانە وەربگرێت لەو شوێنانەی رووداوی تێدایە، لەوە زیاتر شتێکی تـری نییـە، تـا لیژنـەی لێکۆڵینـەوە بڕیـار نـەدات ناگاتـە هیچ نەتیجەیەك، بەڵام ئێمە دەتوانین وەکو لیژنەی پەیوەندیدار بانگی بکـەین، بەتایبـەتی لەسـەر رەقمـی پۆلیسەکان، لەسەر کەمی پۆلیس لەو ناوچانەی کە ئێمە چووین سەردانمان کردووە، لەسەر کـەم تەرخـەمی

ئەو شتانەی کە پەیوەندی بە وەزارەتی ناوخۆ هەیە لەوێ لە لیژنە ئێمە دەتوانین پرسیاری لێ بکەین، بەڵام دوای لیژنەی لێکۆڵینەوە، کە لیژنەی لێکۆڵینەوە گەیشتە نەتیجە زانیمان دامودەزگاکانی حکومەت لەم شوێنانەدا موقەسیرن، ئەو کاتە ئێمە دەتوانین بانگی وەزیری ناوخۆ بکەین و لێرە پێی بڵێین کە بەرپرسەکان فلان و فلان کەم تەرخەمە، دەبێت ئیجرائاتی تایبەتیان لەگەڵ بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار کاردۆ کەرەم بکە.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە دوێنێ کە باسی ڕووداوەکانم کردو ئەم بڕیارەش دەرچوو، قسەمان لەسەر ئەوە کرد کە چۆن پەرلەمان دەتوانێت بەرپرسیاریەتی خۆی وەربگرێت لە موتابەعە کردنی کارەکان، ئەو خاڵەی کە بەڕێزتان باستان کرد سەبارەت بەوەی کە دەتوانێت بێتە لیژنە هەمیشەییەکان، ڕاستە، بەڵام بەلای ئێمەوە کە پێشنیارەکەمان کرد، پێمانوایە ئەهمیەترین شت ئەوەیە کە چۆن وا بکەین ئەم ڕووداوانە جارێکی تر دووبارە نەبێتەوە لە کوردستان، بەڵێ بە موتابەعە دەبێت..............

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

یەك قەوس، وەزیری پەیوەندیدار، من لەگەڵ ئەوە نیم بڵێم نەیەتە پەرلەمان، بەڵکو بێتە پەرلەمان، بەڵام پێش وەخت مەعلوماتێکی وردو دەقیق لەلایەن لیژنەکانەوە هەبێت، بانگی بکەن و تەفاسیلی لێ وەربگرن و ڕاپۆرتێکی دەقیقتان هەبێت، ئینجا بیهێنینە ئێرە، هەر ئێستا بیهێنین جەنابت قسە دەکەیت، ئەو دیفاعی لێ دەکات، ئەویتر دژیەتی، دەردەچێتن و چەپڵەی بۆ لێ دەدەن وەکو جارەکانی تر، بۆیە من دەمەوێت وردتر لەسەر حادیسەکە بێت، بەردەوام بە، فەرموو.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کاتێك ئێمە گوتمان لە کوردستاندا قانون هەیە بۆ هەندێ ئیجرائات و ڕێکار، کە پێویستە لایەنە پەیوەندیدارەکان بیگرنە ئەستۆ، پێشم وابوو دوای دەرچوونی نەتائیجی تەحقیقەکان، یەعنی من مەبەستم نییە بەیانی وەزیر بێت، بەڵام لێرە ئیلزامی وەزیر دەکەین، بۆ ئەوەی بزانین لەبەرامبەر ئەو کێشانە، ئەو بڕیارانەو هەنگاوەکانی حکومەت چیە بۆ کۆتایی هێنان بە دیاردەیەك کە نەخوازراوەو نامانەوێت لە کوردستاندا هەبێت، پێویستە ڕاپۆرت ئامادە بکات و بێتە پەرلەمان ئەمە مولزەم بێت، دوای دەرکەوتنی ڕاستیەکان وەزیر بە پلانی خۆی بێت بڵێ من لە بەرامبەر ئەو ڕووداوە، لە بەرامبەر ئەو بڕیارانە ئەوە هەنگاوەکانمە، ئەمە ئیجرائاتەکانمە، ئەمە بەرپرسیارەتەکەمە ناومە سەبارەت بەو بڕیارەی کە ئێمە هەر بڕیار دەردەکەین و نەتیجەی نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

100٪ مـن لەگـەڵ جـەنابتم بـەو شـێوەیە بـێتن، بـەڵام نـەك ئێسـتا بڕیارێـك بكـەین فـەرزی بیكەینـە نـاو ڕاپۆرتەكە وەك كە حەقمان نییە ئەوە بكەین، یەعنی هەر بۆ مەعلوماتی جەنابت، كاك كاروان فەرمووو.

**بەڕێز كاروان صالح احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من حەز دەكەم شتێك ڕوون بكەمەوە بۆ جەنابتان، یەكێك لەو شتانەی كە حكومەت ئیلتیزام بە بڕیارەكان و ڕاسپاردەكانی ئەو پەرلەمانە ناكات، ئەوەیە كە ئێمـە ڕۆژێـك لـە ڕۆژان نـەمانتوانی وەزیرێـك موحاسـەبە بكەین، وەكو جەنابت تازە زۆر جوانت باس كرد دەیهێنینە ئێرەو بە چەپڵە ڕێزان بەڕێی دەكەینەوە، ئەوە خاڵێكیان.

خاڵی دووەمیان/ ئەو حكومەتە تا ئێستا یەك پۆلیسی نەهاوێشتیتە سجن لەسەر موخالەفەیەك، لە (17)ی شوباتەوە تاكو ئێستا دەیان پێشێلكاری جەنابی سـەرۆكی پەرلـەمان، جـەنابت بـاش دەزانـی ئێمـە خـەڵكمان هێنایــە نــاو لیژنــەی نــاوخۆ ئەشــكەنجە درا بــوو، لــە لیژنــەی نــاوخۆ ڕاپۆرتمــان بــۆ جــەنابت نووسی......................

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

تكایە ئێستا مەوزوعەكە مەوزوعێكی ترە، نا ڕجائەن، كاك كاروان ئێستا گوێ لـە بـرای خـۆت بگـرە، ئێسـتا هـی ئەوەیـە وەزیـر بهێـنین، یـان نـا؟ بـە چـەپڵە ڕێـزانیش حـەقی خۆیـەتی، ڕاوەسـتە بـرای مـن، ئەنـدامی پەرلەمان ئازادە لە دەربڕینی بیرو ڕای، یەكێك ئەم شتە بـاش دەبینێـت، یـەكێكی تـر خـراپ دەبینێـت، مـن دەڵێم پێشنیاری ئێمە لـە سـەرۆكایەتی ئەوەیـە ئێمـە وەزیـرە پەیوەندیـدارەكان بـانگ دەكـەین بێنـە ئێـرە، بەڵام لیژنە هەمیشەییەكان، لیژنەی پەیوەندیـدار بانگیـان بكـات بـە دەقیـق مـەعلومات و ڕاپـۆرتی خۆیـان هەبێت، پاشان بیهێنە ئێرە، فەرموو.

**بەڕێز كاروان صالح احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە بڕیاری ترمان لێرە دەركردووە، ئەو كێشەیە كێشەی ئەخیر نییە، پێموا نییە ئـەوەش ئـەخیر دەبێـت، شتی تریش بەدوای ئەوە دادێت، ئەگەر مەسئولیەی تەقسیری لەلایـەن ئێمەیـە، واتـا ئێمـە مەسـئوولین بـا ڕەخنە لە خۆمان بگرین و ئیعادەی نەزەر بكەینەوە لە حـەلی، ئەگـەر مەسـئوولیەت لـە حكومەتـە، دەبێـت بانگهێشتی حكومەت بۆ پەرلەمان بكەین، دەزگای مەعنی ئەو كەسەی كە تەقسیری كردووە، ئەو كەسەی كە بارەگای سووتاندووە، ئەو كەسەی كە شوێنی گشتی سووتاندووە، ئەو كەسەی كـە خـەڵكی ئەزیـەت داوە، مـن نـازانم ئێـوە كـەی دەتـوانن، ئـەو دەسـەڵاتە كـەی دەتوانێـت پۆلیسـێك موحاسـەبە بكـات؟ ئێمـە بڕیـار لێـرە دەردەكەین حكومەت جێ بەجێی ناكات، جەنابی سەرۆكی پەرلەمان، مەوقیفی ئەو پەرلەمانە چیە؟ چەند بڕیارمان دەركردووە، نابێت ئێمە بە خۆماندا بچینەوە بڵێین كاكە شەرعیەتی پەرلەمان حكومەت پێشـێلی كردووە، ئێمە ببووین بە بەشێك لەو دەسەڵاتە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بـەڕێز، ئەوانـەی مەسئوولن لـەوەی ئـەو ڕوودواوە، پلانیـان بـۆ کێشاوەو هجومیـان کـردووە، مـاڵی خـەڵك و مەقەری خەڵکیان سووتاندووە، یەعنی ئەمانە مەسئوولن، واجیبی حکومەتی هەرێمی کوردستانە تـەحقیق بکات و بگاتـە نەتیجـە، واجیبی دادگایـە عیقابیـان بکات، واجیبی پەرلەمانـە موراقەبـەی وەزعەکـە بکات بزانین بە ڕێکی هەڵدەستێت، یان نا؟ پەیمان عزالدین فەرموو.

**بەڕێز پەیمان عزالدین عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جیاوازییەك هەیە لەنێوان ئەوەی جەنابت باسی دەکەیت، کە وەزیرەکان بانگهێشت دەکرێن لـەو هەفتانـەو، لەنێوان ئەوەی کە دوێـنێ ژمارەیـەك لـە ئەنـدامانی پەرلـەمان داوای کـرد، ئـەوەی کـە جـەنابت دەیڵێـی بـۆ میواندارییە، کە وەزیرە بەڕێزەکانیان عەرزی چالاکی خۆیان دەکەن، ئێمەش گوێیان لـێ دەگـرین و، ئەگـەر پرسیارێك هـەبوو پـێش وەخـت ئاراسـتەیان دەکـەین، ئەگـەر نـەبوو بۆمـان نییـە پرسـیاری تـر ئاراسـتەیان بکـەین، بـەلاّم ئـەوەی کـە دوێـنێ داوا کـرا لەسـەر ئـەم حەدەسـەیە بـزات و، وەزیـری پەیوەندیـدار بـەم حەدەسەوە، وەزیری ناوخۆیەو، زیاتر لە سێ ئەندامی پەرلەمانیش داوای کردو داوا کرا ئەوەی کە دێـت بـۆ لێپرسینەوەیە لەوەی کە ئەو کەموکوڕیانەی لەبەرچاوماندا بوو، جەنابیان وەلاّمیان چیە..................

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تـەواو، وازیـح بـوو، لێپرسـینەوە ئوسـوڵی قـانونی خـۆی هەیـە، جـەنابت ئەنـدامی پەرلـەمانی دەزانیـت بـۆ لێپرسینەوە بە چ ئوسوڵێك و بە چ ڕێگایەك داوا دەکرێت، کاك عبدالسلام بەرواری فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تەسەور دەکەم موناقەشەکە دەردەچێت لە لـوبی مـەوزوع، وەکـو جـەنابت ئێسـتا ئـەو جوملەیـەت بـاس کرد پـەیڕەوی نـاوخۆ ڕێگـای داوە بـە پەرلـەمان کـە بانگهێشـتی وەزیـر بکـات بـۆ موسـائلەو موحادەسـە کـە ئوسولی خۆی هەیە، لەو ڕاپۆرتە لە یەك حاڵەت دەمـانتوانی بـانگی بکـەین، ئەگـەر لـە ئـەنجامی کـاری ئـەو لیژنەیە نوقاتی موحەدەدمان هەبوایەو تەفسیری خودی وەزارەت، وەزیرو حکومەت، ئەوە مانای ئەوە نییـە ئێمە لەگەڵ ئەوە نین بانگهێشت بکرێن، چونکە موسائلە شتێکەو، ئێمە لە مەجموعـەی تەوصیاتە، بڕیـارە ناوی بەبێ ئەوەی لەهیچ جێگایەك دیار بێت، کـە ئـەو جیهەتـە، یـان ئـەو وەزیـرە مەسـئوولە، بـە چ حـەق ئێمە بانگی بکەین، پێشنیاری سێ کەسیش با ئێمە تێکەڵی نەکـەین، ئەگـەر لـەناو گفتوگۆیـەك پێشـنیارێك هات سێ کەس تەقدیمی کرد دەنگدانی لەسەر دەکرێت، بەلاّم ئێمە ناچین لەبەر پێشنیاری سێ کەس چەند ماددەی نیزامی داخلی تێك بدەین، بۆیە من تەسەور دەکەم و لەگەڵ ئەوەمـە یەکـەمین کـەس دەبم لەگـەڵ ئەوەی دوو خوشك و برا داوایان کرد بانگهێشتی وەزیر بکەین هەمان بۆ ئەو مەوزوعەش من ئیمـزا دەکـەم

لەگەڵیان، من لەگەڵ ئەوەمە ئێمە بۆ وردترین شت لە دوای حکومەت بچین، بەڵام دەبێت بەشێوەی یاسایی خۆی بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار دڵشاد شەهاب کەرەم بکە.

**بەڕێز دڵشاد شهاب حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێموایە خەریکە ئێمە گفتوگۆ لەسەر مافێك دەکەین، کە مافی پەرلەمانە، ئیشی پەرلەمانە، وەکو ئەوەی کە ئێستا فورسەتە، ئەگەر قەرار نەدرێت وەزیر بێتە پەرلەمان ئەم فورسەتەمان لە قیس دەچێت و ئیتر قەت ئێمە ناتوانین وەزیر بانگی پەرلەمان بکەینەوە، بەڕێزان، ئێمە لەبەردەمی وەزعێك داین، ڕووداوێك هەیە، تەحقیق هەیە، کۆمەڵێك داواکاری و خاڵ و بڕیارمان ڕێز کردووە، لەبەر ئەوەی خەڵکێك مولزەمە هەندێکی جێ بەجێ بکات، نە ئەم پەرلەمانە کۆتایی دێت لەگەڵ ئەم جەلسەیە، نە ئەم حکومەتە لە دەست ئەم پەرلەمانە ئیرتیباتاتی کۆتایی دێت، ئێمە شانسێك دەدەین بەو کارەی کەوا ئێستا لەبەردەستە، دەکرێت، لیژنەی لێکۆڵینەوە دەرئەنجامەکانی خۆی رادەگەیەنێت، قەزا کاری خۆی دەکات، لیژنەکانی پەرلەمان بەدواداچوون دەکەن، هەموو ئەم هەنگاوانە بڕیار لەوەی دەدەن ئایا ئەمڕۆ تۆ وەزیری ناوخۆ بانگ دەکەیت چی لێ دەپرسیت؟ پرسیاری چی لێ دەکەیت؟ لەبەرامبەر چی بەرپرسیاری دەکەیت و تەفسیری دەخەیتە سەر؟ راستە لە عامی مەسەلەکەدا سەیر کردنی خۆ دیسان دێینەوە سەر ئەوە، ئەگەر مەوزوع هەر ئەوە بێت و کە وەزارەتی ناوخۆ بە یەك جوملە مەسئوولە لە بەرامبەر پاراستنی ئەمنیەت و سەروەت و سامان و ماڵ و موڵکی خەڵکی، کەواتە نە تەحقیقی دەوێت، نە چوونی مەوقیعی دەوێت، نە لیژنەی دەوێت، نە کۆبوونەوەی دەوێت، مەعلومە ئەوە وەزیری ناوخۆیەو وەزعی هەرێمیش پشێوی تێدا بووەو یەکسەر وەزیر بانگ بکەین و لێرە قسەی لەگەڵ بکەین و بەخێر بێت بەسەرچاوان، بەڵام ئیشەکە وا نییە، ئێستا پرۆسە جارێك دەستی پێ کردووە، بە دیتنی من ئەم مەسەلەیە خەریکە لە ئەسڵی بابەتەکە لادەچێت، ئەرجەحی ئیحتیمالەکەش ئەوەیە ئەگەر هەر گفتوگۆیەکان جێگای قەناعەت نەبن، داوا دەکەین سەرۆکایەتی بیخاتە دەنگدان و ئەم مەسەلەیە کۆتایی پێ بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار عمر عبدالعزیز کەرەم بکە.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاءالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من وادەزانم ئەم بابەتە ئەوەندە درێژ کردنەوەی ناوێت، برایان قسەکانیان کرد، من دووبارەی ناکەمەوە، تەعاروزێك نییە لەنێوان ئەوەی دوێنێ بوایە بهاتایە، یان ڕۆژێکی تر دەبێت بێت، بەڕەئی منیش دوێنێ دەبوایە بهاتایە تێپەڕی، ئەوە تازە فائیدەی نییە، ئەم هەموو دەنگ و باسەی کە دوێنێ بیستمان، ئەم

هەموو پرسیارەی کە ورووژێندرا، ئێمە دەبێت تۆزێك نرخی بۆ دادەنێین بۆ ئەم پەرلەمانەو کاتی ئەم پەرلەمانەو دەیان یاسامان وەستاوەو، یەعنی تاکو هەوڵ بدرێت شتەکان یەك بخرێنەوە باشترە، هەر ئێستا جەنابتان باسی کات دەکەن هەر ئێستا بڕیار بدەن، هەتا چوار رۆژی تر ناتوانێت وەزیر بێتە ئێرە، سبەینێ، دوو سبەی، سێ سبەی، یەعنی عوتلەمان لەبەردەست دایە، لەبەر ئەوەی هیچ تەعاروزێك نییە، فیعلەن ئێستا ئەگەر جەنابتان ترسی ئەوەمان هەبێت باس لە مەسەلەی میوانداری بێت، یان لێپرسینەوە بێت، ئەگەر ئێستا بهاتایە میوانداری دەبوو، چونکە گوێی دەگرت و پرسیاری دەکرد، گوێی لە لیژنە دەگرت و پرسیاری دەکرد، بەڵام ئەگەر لیژنەی تەحقیقی دەستی کرد بەکارو ئیسپات بوو کە لایەنە پەیوەندیدارەکانی ئەوێ لە دەزگاکانی سەر بەناوخۆ کەم تەرخەمن تەبیعیە دەبێتە لێپرسینەوە، دەبێت بۆ ئیستیجواب و لێپرسینەوە وەزیر بێتە ئێرە، لەبەر ئەوە تەعاروز نییە لەنێوانیان، بەزووترین کات وەزیری ناوخۆی هەرێمی کوردستان پێویستە بێتە ئێرە گوێ لە پوختەی ئەم راپۆرتەو راو سەرنجی پەرلەمانتاران بگرێت و بەرپرسیاریەتی خۆی لێرە رەنگ بداتەوەو بەرپرسیاریەتی ئەوە رووی تێ بکات، یەعنی تەعاروزێك نابینین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ جەنابت، رێزدار کاردۆ کەرەم بکە.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیردواد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە قسە لەسەر راپۆرتەکەو پێویستی بەرپرسیاریەتی و بانگهێشت کردنی وەزیری ناوخۆ دەکەین، بەڵام بەڕاستی جەنابت لە وەڵامی پرسیاری ئەندامانی پەرلەمان زۆر جار تەئکید لەوە دەکەیتەوە، کە پێویستە ئێوە بە رێکاری یاسایی دەتوانن وەزیر بانگ بکەن، ئێمە یەك کێشەی زۆر جەوهەریمان هەیە، کە بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ کە پێشێل دەکرێت بە ئوسولی پرسیارو (15) رۆژو، دەبێت وەزیر بێت و کە چەندین بەڵگە لەلای جەنابت هەیە، بە هیچ شێوەیەك وەزیر بەو شێوەیە نایەتە ناو پەرلەمان، بۆیە لێرە ناچارین لە پەرلەمان بڕیارێکی وا دەربکرێت کە وەزیر بێت بۆ ئەو کێشەیەی کە پەیوەندی بەو ناوچانەوە هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

نا، ئەسڵەن ئەساسی نییە، وەزیر بەردەوام ئامادە دەبێت و، ئێمە بەردەوام لەگەڵ سەرۆکایەتی حکومەت لەگەڵ وەزیرەکان لە پەیوەندین، هەر وەختێك بە رێگای ئوسولی، قانونی داوا بکرێن، دێن، فەرموو سۆزان خان.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەعنی من بەداخەوە دەیڵێم کە وای لێ بێت لەناو پەرلەمانی کوردستاندا بانگهێشت کردنی وەزیـر بکرێتـە قەزیەکی، یان حاڵەتێکی زۆر هین، یان ئەوەتا ئێستا لەناو بڕیارەکاندا دەربچێت، یـان ئـەوەتا ئیعـتیراف، نـا، ئێمە دەبێت بگەڕێینەوە بۆ نەصی پەیڕەوی ناوخۆ، کە چۆن وەزیر بانگهێشتی ناو پەرلەمان دەکرێت، سـێ پرسـیاری تەوجیـە دەکرێـت، بەدواداچـوونی بـۆ دەکرێـت، لیژنــەی تــەحقیقی دروسـت بـووە لەلایـەن سەرۆکایەتی هەرێمەوە دەست بەکاری خۆی دەکات، لیژنەی هەمیشـەیی پەرلـەمان راپـۆرتی نووسـیوە بـاس لەوە دەکات ئەحداسەکان چۆن بووەو چۆن نەبووە، ئەگەر ئێمە یەك تۆز بە پیشەییانە مامەڵە لەگـەڵ ئـەو بابەتە بکەین، دەبێت چاوەڕێی ئەنجامی لیژنەی لێکۆڵینەوە بکەین، بزانین دەریبخـات کـێ دەسـتی کـردووە بەم ئاژاوەیە، کێ دەستی کردووە بـەم فیتنەیـە، کـێ موقەسـیر بـووە، کـێ زەرەربـار بـووە، کـێ زەرەرمەنـدی رەئیسی بووە؟ ئەمانە هەمووی یەکلا بکرێتەوە، دوای ئەوە هاتنی وەزیری ناوخۆ، دەبێت تەبیعی بێـت، بـۆ ئـەوەی بڵێـت خەلەلـەکان لـە کـوێ دایـە، تەقسـیرەکە لـە کـوێ دایـە، مـن بەشـێکی ئـەو تەقسـیرە بـۆ ئـەوە دەگەڕێنمەوە، زۆر تـەبیعی پیشـەیی تـر دەبێـت، بـەلاّم هـەر لەبـەر خـاتری ئـەوەی بڵـێین دەبێـت ئیسـپاتی بکەین کە پەرلەمان لێپێچینەوە دەکات و لێپرسینەوەی خـۆی دەکـات، ئەمـەش ئوسـوڵی خـۆی هەیـە لـەناو پـەیڕەوی پەرلـەمان دەرکـەوتووە چـۆنە، سـێ پرسـیاری تەوجیـە دەکـەیت، جـوابی دایـەوەو قەناعـەتت بـە وەلاّمەکانی نەبوو، بانگی دەکەیت بۆ لێپرسینەوە، هێشـتا نـە پرسـیارمان ئاراسـتەی کـردووە، ئێمـە خۆمـان لـەناو دانیشـتنی پەرلەمانـەو پرسـیارمان ئاراسـتەی راپۆرتەکـە کـردووە، نـەك ئاراسـتەی وەزیـر، ئاراسـتەی راپۆرتەکـەمان کـردووە، خـۆی دوێـنێ لێـرە وجـودی نـەبووە، ئـەوان چـوون لەسـەر ئـەوە ئێمـە پرسـیارمان ئاراستە کردووە، وەزیر ئاگای لێ نییە، بێتە ئێرە، تۆ قەناعەتت بـە وەلاّمەکـەی هەیـە، یـان قەناعـەتت بـە وەلاّمەکەی نییـە، هـەر پێـی ناگوترێـت لێپرسـینەوە، بـا بـە رێکارەکـانی خـۆی بکرێـت، مـن پـێم باشـترە بـا هەیبەتی پەرلەمان نەشکێنین بەو شێوەیەی مامەڵە لەگەڵ مەسەلەی لێپرسینەوە بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ جەنابت، رێزدار کاك اسماعیل کەرەم بکە.

**بەڕێز اسماعیل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئـەوە لەسـەر داوای چـەند ئەنـدامێکی پەرلـەمان بـووە، دەڵێـت بـا وەزیـر بێتـە پەرلـەمانی کوردسـتان، مـن پێشنیار دەکەم جەنابت بیخەیتە دەنگدانەوە، ئەگەر پێویستی کرد ئەوە دێت، ئەگەر پێویستی نەکرد ئـەوە لیژنە هەمیشەییەکە دەیبینێت و دوای تـەواو بـوونی لیژنـەی تـەحقیقی، ئـەو کاتـە دەتـوانین جارێکی تـر بانگی وەزیری ناوخۆ بکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ جەنابت، رێزدار کاك حەمە سەعید کەرەم بکە.

**بەڕێز حمه سعید حمه علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوو حاڵەت هەیە، حاڵەتێکی ئاسایی ئەو قسەی لەسەر نییەو ئاساییەو چۆن بمانەوێت وەزیر بانگ دەکەین. حاڵەتێکی نائاسایی هەیە، لەکاتی رووداندا، لە کاتی رووداوێکدا، لەکاتی بابەتێکی گشتیدا، کە بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ لە ماددەی (54) لە برگەی دووەم خاڵی دوو، کە دەڵێت لەسەر رووداوێکی نائاسایی روویدا، یان بابەتێکی گشتی هاتە ئاراوە، دەبێت وەزیر بانگ بکەین، وابزانم ئەم رووداوە کە ئێستا روویداوە زۆر پەیوەندارە بە وەزیری ناوخۆوەو، زۆر ئیشکال و زۆر غموز هەیە، داوای ئەو دەڤەرە هەیە، من یەك دەڵێم بۆ ئەوەی موعالەجەی بکەین، دەکرێت جەنابت بڵێی وەزیری ناوخۆ بانگ دەکەین لە ئێستاوە تا هەفتەی ئایندە، مەسەلەن لەم دوو شەممە، ئەویش خۆی ئامادە دەکات، بەلاَم لەناو راپۆرتەکە دەرجی ناکەین، یەعنی نایخەینە خاڵێکی ناو راپۆرتەکەوە، بەلاَم بڕیاری لەسەر دەدەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ جەنابت، رێزدار سەرگوڵ کەرەم بکە.

**بەڕێز سەرگوڵ رضا حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەم خاڵەدا پێشینەی ترمان هەیە، وەکو لە بڕیاری (17) خاڵەکەدا بڕیار درا کە وەزیری ناوخۆ بانگهێشت بکرێت، بەلاَم دواتر بە رێکارە یاساییەکەی خۆی ئیمزا کۆکرایەوەو هاتە ناو پەرلەمانەوە، ئینجا ئێمە دەزانین پێویستی بە رێکاری یاساییە، بەلاَم لەسەر ئەوەشدا ئێمە چەندەها یاداشت دراوە بە سەرۆکایەتی بۆ بانگهێشتی وەزیر، بۆ نموونە من نموونەیەك باس دەکەم، وەزیری ناوخۆ لەسەر زیاد بوونی رووداوەکانی هاتوچۆ، بەلاَم تا ئێستا وەلاَممان دەست نەکەوتووە، بۆیە ئێمە پێمان باشە لەناو هۆڵی پەرلەماندا ئەو بڕیارە بدرێت، راستە لیژنەکان بەبێ ئەوەی بڕیاری پەرلەمان بێت، لیژنە بۆی هەیە وەزیر بانگ بکات، ئێمەش ناڵێین بەیانی وەزیر بێت، با لیژنە پەیوەندیدارەکان لەگەڵ وەزیر قسە بکەن و هەموو پرسیارەکانی خۆیان ئاراستە بکەن، دواتر سەرۆکایەتی بڕیار دەدات کە چ رۆژێك وەزیر بێتە پەرلەمان، یەعنی ئەمە پێویستی بە بڕیاری پەرلەمانە بە رەئی من، نەك ئێمە هەر دەمانەوێت بانگ بکرێت، بەلاَم ئێمە لە راپۆرتەکەشماندا باسمان کردووە کە دەزگا ئەمنی و ئیداریەکان کەم تەرخەم بوونە لەسەر ئەوە، یەعنی ئەمە خۆی هەر بۆ خۆی بەسە دەبێت وەزیری ناوخۆ بێت، دەبێت خۆی پێش ئەوەی بێتە پەرلەمان لەو مەنتیقەیە بپرسێتەوە کە کەم تەرخەمیەکانتان چی بوون، بەڕاستی ئێمە نوقاتی موحەدەدمان دیاری کردووە، دەگوترێت نوقاتی موحەدەد نییە لەسەر تەقسیری وەزارەت، ئەی بەرپرسی ئەمنی و ئیداری سەر بە وەزارەتی ناوخۆ نین؟ یەعنی ئەمانە هەمووی بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە دەبێت پەرلەمان ئەمڕۆ بڕیاری ئەوە بدات، یەعنی دەبێت قسە لەسەر ئەوە بکات، کە ئەمە یەکێکە لەو خالاَنەی لە بڕیارەکاندا هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەنیسبەت بە ڕێگای یاسایی ژمارەی ئەندامان بانگی وەزیر بکرێت، ئێمە لە بەرنامە دامانناوەو بانگ دەکرێت، بەڵام شتێکی لەوەی کە جەنابت ئیشارەتت پێ کرد بانگی وەزیری ناوخۆ بکەین بە ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان بەپێی یاسا بۆمان نەهاتووە، کاك عومەر هەورامی فەرموو.

**بەڕێز عمر صديق محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوو لیژنەی تایبەتمەند ڕۆیشتوونەتە شوێنی ڕووداوەکەو ڕاپۆرتێکیان بۆ ئێمە هێناوەو چەند کەسێکیان دواندووە لەو مەنتیقەیە، بە هیچ نەوعێك وتەی بەڕێز وەزیری ناوخۆ وەرنەگیراوە، ئێمە چۆن دواتر دەرجی بڕیارێك بدەین لە چوارچێوەی ئەو عەمەلیەدا نەبووە کە پەرلەمان پێی هەڵستاوە، ئەمە خاڵێك.

خاڵێکی تر، ئەگەر ئێستا ئێمە بڕیار بدەین وەزیری ناوخۆ بێنینە ناو پەرلەمان، من تەسەور دەکەم پێچەوانەی دوو خاڵ دەبێت لەو خاڵانەی کە داومانە، ئەویش خاڵی سێیەم و خاڵی پێنجەم، چۆن؟ لە خاڵی سێیەم دەڵێت دەبێت حکومەت ئەو بەرپرسی ئیداری و ئەمنیانە کە کەم تەرخەم بوون لەو ناوچانە سزا بدات، کە بەهۆیەوە کەم تەرخەمیان نواندووە، من دەپرسم لە ڕێگەی کێیەوە حکومەت، یان ئەنجومەنی وەزیران دەتوانێت کەم تەرخەمیەکان دەست نیشان بکات؟ غەیر یەکێك لەو حەلقانە وەزیری ناوخۆیە، نابێت ئێمە ئەوەندە کات بە وەزیری ناوخۆ بدەین تا بە دوای ئەو حەدەسانەوە بڕوات، ئەوە خاڵێك.

خاڵی دووەم/ ئێمە پشتیوانی لەو لیژنە تەحقیقیە دەکەین کە بەڕێز سەرۆکی هەرێم پێکی هێناوە، لەناو لیژنە تەحقیقیەکە ئەگەری ئەوە هەیە کە بەشێك لە کەموکوڕیەکان لە یەکێك لەو حەلقانە بوو تا دەگاتە وەزیری ناوخۆ، دەکرێت ئێمە لێرە بڕیارێك بدەین و تەحقیق بکەین و موسائەلەی وەزیرێك بکەین، لەکاتێکدا ئەگەری ئەوەیە لە شوێنێکی تر موسائەلەی لەسەر بێت، لەبەر ئەوە من دەڵێم بە هیچ نەوعێك ئێستا وارید نییە ئەم خاڵە دەرج بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار پێشەوا کەرەم بکە.

**بەڕێز پێشەوا تۆفیق مغدید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی دوای سەرۆکی حکومەت وەزیری ناوخۆ بەرپرسە، ئەوە شتێکە قابیلی موناقەشە نییە.

دوو/ وەزیری ناوخۆ بەرپرسی ئەمنیەتی هەموو هەرێمی کوردستانە، لە نوقتەی بیدایەتەوە تا دەگاتە کۆتایی، ئەمڕۆ شەش ڕۆژ تێپەڕیوە لەسەر ڕووداوەکە، ئەگەر سێ شەممەش بانگی بکەین پێنج ڕۆژ، ئەمە دوازدە ڕۆژ، ئەرکی سەرشانی وەزیری ناوخۆیە پێش ئەوەی پەرلەمان بڕیار بدات لێکۆڵینەوە بکات، وەکو وەزیر بەرپرسە لێکۆڵینەوەیەکی ورد بکات لە بارودۆخەکە، بۆیە من پێم سەیرە باس لەوە دەکرێت کە وەزیر بێتە ئێرە هیچ ڕوون کردنەوەی پێ نییە.

سێ/ لێدوانێکی داوە بەڕێز وەزیری ناوخۆ لەسەر ئەو لیژنەیەی کە سەرۆکی هەرێم پێکی هێناوە، کە لێکۆڵینەوەکان نەتیجەیەکی هەبووە، دیارە بەڕێزیشی ئاگادارە لە نەتیجەکە، دڵنیام لەوەی کە زانیاری لەلایە.

خاڵێکی تر، ئەوەیە لە داواکانی (17)ی شوبات، پەرلەمان بڕیاریدا کە سەرۆکی حکومەت و وەزیری ناوخۆ و وەزیری پێشمەرگە بانگهێشتی پەرلەمان بکرێت، بانگهێشتیش کران و ڕێ و شوێنی یاساییش نەگیرا بۆ بانگهێشت کردنەکە، بۆیە بە تەسەوری من هیچ ئەوە ناکات، ڕێ و شوێنی یاسایی بگرێتە بەر، چونکە ڕووداوێکە بەدەرە لە شتی یاسایی و لە ڕووداوێکی کتوپڕو ئیستیسنائیە، پێویستە بانگهێشتی وەزیر بکرێت، دڵنیاشم ئێستا سەرەداو و ڕوون کردنی زیاتریشی لەلایە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار عظیمة خان کەرەم بکە.

**بەڕێز عظیمة نجم الدین حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ بێت، بەپێی ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان بێت، تا ئێستا چەندین یاداشت بەزۆر ناردنەوەی پەنابەران و ڕووداوەکانی ئۆتۆمبیل و جێ بەجێ نەکردنی یاساکان یاداشت دراوە بە ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان دراوەتە سەرۆکایەتی پەرلەمان بۆ بانگ کردنی وەزیری ناوخۆ.................

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە دانیشە، ڕجائەن، ڕجائەن دانیشە، تەواو، کەس نەماوە، ئێستا دوو بۆچوون هەیە، بۆچوونێك هەیە وەزیری ناوخۆ بانگ بکرێت بێتە پەرلەمان، بۆچوونێکیش هەیە دەڵێت نەخێر ڕێگای یاسایی بگرێت، ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە وەزیری ناوخۆ بانگ بکرێت بێتە پەرلەمان لەسەر ئەم مەسەلەیە، واتا کێ لەگەڵ ئەوەیە لەم دانیشتنە بڕیار بدرێت وەزیری ناوخۆ بێتە پەرلەمان دەستی بەرز بکاتەوە؟ (29) بەڕێز لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ (46) بەڕێز لەگەڵدا نییە، زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ وەزیر بانگهێشت ناکرێت، بەردەوام بن فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

چەند ئەندامێکی بەڕێز پێشنیاری ئەوەیان کرد لیژنەی لێکۆڵینەوە پێك بهێنرێت بەپێی ماددەی (48 و 49 و 50)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان سەبارەت بەو ڕووداوە، داواکارم ئەوە بخرێتە دەنگدانەوە، ئایا ئێمە وەکو پەرلەمانی کوردستان ئەو لیژنە تەحقیقەیە هەبێت کە ئەو چەند ئەندام پەرلەمانە بەڕێزانە داوا دەکەن لیژنەی تەحقیقی دروست بکرێت سەبارەت بەو ڕووداوە، کە ئێستا

لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە هەیەو سەرقاڵی ئەو جۆرە کارەیە، ئێمە وەکو پەرلەمانی کوردستان جارێکی تر هەڵستین لیژنەیەك دروست بکەین بۆ بەدواداچوون بۆ ئەو مەسەلەیە بکەین، چونکە چەند ئەندام پەرلەمانێك داوای کردووە، داوا لە جەنابت دەکەم ئەمەشیان بخەیتە دەنگدانەوە، کە پێویستە ئەو لیژنەیە دروست بکرێت، یان نا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە، کە بۆچوونی چەند ئەندامێکی پەرلەمانی بەڕێز هەیە، کە پەرلەمانی کوردستان لیژنەی تەحقیقی پێك بێنێت بۆ ئەو رووداوانە، بۆچوونی تریش هەیە کە رۆڵی تەبیعی خۆی وەك ئێستا بەردەوام بووە، بەو شێوەیە بڕوات، کێ لەگەڵ ئەوەیە لیژنەی تەحقیقی دروست بێت دەستی بەرز بکاتەوە؟ (24) بەڕێز لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ (48) بەڕێز لەگەڵدا نییە، زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، لەبەر ئەوەی ئێستا لیژنەی تەحقیقی هەیە، لیژنەی تەحقیقی بەردەوامە، دوو لیژنەی تەحقیقی لە یەك کاتدا ناکرێت، فەرموو بەردەوام بن.

**بەڕێز اسماعیل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیارێکی تر هەیە لە هەردوو لیژنە داوا دەکەن کە پێویستە دەست درێژی کردنە سەر رۆژنامەنووسان و کەناڵەکانی میدیا ئیدانە بکرێتن و ئیزافەی سەر راپۆرتەکە بکرێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئەو بۆچوونە وازیحە، دەست درێژی کردن بۆ سەر کەناڵی میدیاو رۆژنامەنووس ئیدانە بکرێت، دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ پەسند کرا، ئەوەش وەرگیرا، فەرموون بەردەوام بن.

**بەڕێز اسماعیل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس، ئێمە تەواو بووین و هەم وەڵامی پرسیارەکان و هەم ئەو تەوەرانەی کە باس کرا بوون لە گفتوگۆی دوێنێدا، ئێمە شتێکمان نەماوە، ئەگەر بەڕێزتان هەر شتێکی تر هەبێت، یان پێشنیارێکی تر هەبێت، لەلای ئێمە تەواو بووە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، سوپاس بۆ هیلاکی گشت ئێوەی بەڕێز، کە ئەوە چەند ماوەیە خەریکن و، بەتایبەت دوێنێ شەویش تا سەعات (12:02) دەقیقەی شەو لە دانیشتنەکان بوون، ئەو خاڵانەی کە هەردوو لیژنەی مافی مرۆڤ و لیژنەی ناوخۆ وەریان گرتبوو بە بڕیار دەربچێت ئاراستەی سەرۆکایەتی هەرێم و سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران دەکەین، تەمەنا دەکەین سەرکەوتوو بن، تا دانیشتنی داهاتوو ئاگادارتان دەکەینەوە،

**پرسیارەکانیشتان لە ئێستاوە حازر بکەن و بۆمان بنێرن، بۆ ئەوەی رۆژی یەك شەممە لەلامان بێت، بەنیسبەت بەڕێز وەزیری ئەوقاف تا بۆی بنێرین، ئەویش خۆی حازر بکات و وەلأمەکانی بێتەوە، سەرکەوتوو بن، بەخێر بچن.**

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **د. ارسلان بایز اسماعیل** | **محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی)** |
| **سکرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆکی پەرلەمانی** | **سەرۆکی پەرلەمانی** |
| **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان - عێراق** |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (16)

# سێ شەممە ڕێكەوتی 13\12\2011

# خولی سێیەمی هەڵبژاردن

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (16)

## سێ شەممە ڕێکەوتی 2011/12/13

کاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی 2011/12/13 پەرلەمانی کوردستان - عێراق بە سەرۆکایەتی بەڕێز محمد قادر عبداللە(د.کمال کەرکووکی) سەرۆکی پەرلەمان و, بە ئامادەبوونی بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبداللە سکرتێری پەرلەمان, دانیشتنی ژمارە (16)ی خولی سێیەم, ساڵی (2011) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموارکراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق, دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری درا دانیشتنی ژمارەی (16)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کات (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی 2011/3/13 دا بەم شێوەیە بێت:

1-میوانداری کردنی بەڕێز وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئاینی بە مەبەستی بەرچاوخستنی چالاکیەکانی وەزارەت و وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان، دانیشتنەکەمان دەکەینەوە، خولی سێیەمی هەڵبژاردن، ساڵی سێیەم، خولی گرێدانی یەکەم، ژمارەی دانیشتن (16)، ڕۆژی دانیشتن 2011/12/13، بەرنامەی کار:

بەپێی حوکمەکانی بڕگەی (1)ی ماددەی (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار کراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (16)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کاتژمێر ()ی پاش نیوەڕۆی رۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی 2011/12/13 بەم شێوەیە بێت:

1-میوانداری کردنی بەڕێز وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئاینی بە مەبەستی بەرچاوخستنی چالاکیەکانی وەزارەت و وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان.

زۆر زۆر بەخێرهاتنی ڕێزادار کاك (کامیل علی) وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئاینی و بەڕێز کاك (سعد) ڕێکخەری نێوان پەرلەمانی کوردستان و حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین، زۆر بەخێرهاتن دووبارە، ئێستا داوا لە بەڕێزیان دەکەین تەشریف بێننە ئێرە، فەرموو.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من جارێکی تر دەمەوێ تەئکید لەسەر کارنامەی سەرۆکایەتی بکەمەوە، بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ، کە ناچارمان دەکات بەرپرسیارێتی ئەخلاقی و سیاسی و متمانەی خەڵکیش بەدەنگ بێین، لەبەرامبەر کارنامەی سەرۆکایەتی، بەتایبەتی بانگهێشت کردنی وەزیرەکان بەم شێوەیە، کە پەرلەمان لە ئەرکی ڕەقابی چاودێری خۆی دادەبڕی کە پێمان وایە لە کوردستان ئێستا دۆخێکە کە گرفتی زۆر هەیە، چ لە ئاستی دەرەوە، چ لە ناوخۆوە، بۆیە بەر پرسیارێتی پەرلەمانە لە ئاست ئەرکەکانی خۆی بێ، هەنگاوی جدی بنێ، بە تایبەتی کە ئێمە لە ڕووی هەموو ئەو کارنامە، یان ئەو کێشانەی کە پەیوەندی بە بەرژەوەندی گشتی هەیە، بە مافی خەڵکەوە هەیە، پەیوەندی بە ژیانی گشتیەوە هەیە، بەڕێ و شوێنەکانی کە داومانەتە سەرۆکایەتی، بە ژمارەی یاسایی پێشکەشمان کردووە، چ ئەوەی پەیوەندی بە پڕۆژەکانەوە بێ، چ پەیوەندی بە یاداشتەوە بێ، کە پەیوەندی بە سووتەمەنیەوە هەبووە، کە پەیوەندی بە وەزیری پەیوەندیدار بووە، چ ئەوەی پەیوەندی بە ساقامگیری و ئاسایشی هەرێم، پەیوەندی بە وەزیری ناوخۆ هەبووە، چ ئەوەی پەیوەندی بە ڕووداوەکانی هاتوچۆوە هەبووە، هەموو ئەو یاداشتانەمان داوەتە بەڕێز سەرۆکایەتی بۆ ئەوەی بتوانین بە ئەرکی خۆمان هەڵسین، بەڵام بەداخەوە نەمانتوانی، ئێستا لە وەرزی کۆتایین، یەعنی ماوەیەکی زۆر کەم ماوە، نەمانتوانی لە ئاست ئەرکی خۆمان بین، لەبەر ئەوەی ناتوانین بێ دەنگ بین لە ڕاست جێبەجێ نەکردنی ئەرکی خۆمان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێز بەنیسبەت وەزیرە بەڕێزەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، هەموویان ئەو ماوەی ماوە، بە تەسەلسول بانگ دەکەینە ئێرە، میوانداریان دەکەین، پەرلەمانیش بە ئەرکی یاسایی خۆی زۆر بە باشی هەڵساوە، ئەو پرسیارانەی کە بەڕێگایەکی یاسایی هەر ئەندامێکی پەرلەمان، لەهەر وەزیرێکی بەڕێز ئەیەوێ بیکات، هەقی خۆیەتی بەنووسراو تەقدیمی ئەکات، لەناو هۆڵی پەرلەمان، لەپێش

پەرلـەمانتاران، لـەپێش جـەنابی وەزیـرە بـەڕێزەکان، لـەپێش خـەڵکی کوردسـتان، کـە لـە کـەناڵی ئاسمـانی پەرلـەمانی کوردسـتانەوە بـڵاو ئەکرێتـەوە، گوێیـان لـە پرسـیارەکەی ئەنـدامانی بـەڕێزی پەرلـەمان ئـەبێ، هـەروەها ڕێـزدار جـەنابی وەزیـر کـە وەڵام ئەداتـەوە، بـۆ ئێمـەش ئـەمڕۆ گشـت وەزیرێـك لـەناو هـەرێمی کوردستان جێگای ڕێـزن، هەمووشـیان متمانـەی پەرلـەمانیان وەرگرتـووە، ئـەرکیان هەیـە، کارەکـەیان هـەر کەس لە بواری خۆی موهیمە، ئەو ڕۆژە وەزیری شارەوانی هات، ئیمڕۆ جەنابی وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئاینی لێرەیە، هەفتەی داهاتوش وەزیری تری بەڕێز دێن، جەنابتان ئەتوانن لەو بوارەوە هەر پرسـیارێکتان هەیە، بە نووسراو تەقدیمی جەنابی وەزیری ئەکەن، ئەویش کە خۆی حازر ئەکات و جواب ئەدرێتەوە، ئەو نووسـراوانەی جـەنابتان تەقـدیمتان کـردووە، ئەوانـەی لیسـتەکانی تـری نـاو پەرلـەمان، ژمـارەی یاسـایی تەقدیمی کردووە، هەمووی ڕێگەی یاسایی خۆی ئەگرێت، هیچ کامەیان پشت گوێ ناخرێت، ئێستاش دەسـت دەکەین بە خوێندنەوەی ناوەکان، جێبەجێ کردنی ئەو ئەرکەی کـە پێمـان سـپێردراوە، لـە بەرنامـەی کـار دانراوە، تکایـە هـەر کەسـێك خـاڵێکی تـری بـەدەر لـە بەرنامـەی کـاری هەیـە، ئـەتوانێ بێتـە سـەرۆکایەتی، لەگەڵیان دائەنیشین، هیچ نوقتەی نیزامی نیە، نیزامیە، فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاءالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من بەپێی ماددەی (54) ی پەیڕەوی نـاوخۆی پەرلـەمان، شـتێك بـیری بـەڕێزتان دێنمـەوە، کـە بانگهێشـتی بەڕێز وەزیری ئەوقاف، لەسەر داوایەکی کوت و پڕی بەڕێزت بوو، بـەخێرهاتنی دەکـەم، بـەڵام بڕگـەی (6) لە ماددەی (54) پەیڕەوی ناوخۆ ماف ئەدات بە سەرۆکی فراکسیۆنی پەرلەمان، کە داوا بکات بابەتێکی بـە پەلەو کوت و پڕو ئەوانە بخرێتە کارنامەوە، لێرە دیاریش نەکراوە بەنووسـین بـێ، ئێمـە پـێش شـەش ڕۆژ عەرزی بەڕێزتمان کرد لێرەوە، پەرلەمانتاران هەموو ئاگادارن، تەسنیەشی لەسەر کـرا، داوامـان کـرد بـەڕێز وەزیری ناوخۆ بێتە پەرلەمان، چونکە ئەم کەش و هەوایەو وەزعەی کوردستان ئەوە ئەخوازێت کـە بـەڕێز وەزیری نـاوخۆ لێـرە ئامـادە بوایـە، بەداخـەوە بـەڕێزتان وتتـان بـە بـەڕێکاری یاسـایی بـێ، ڕێکـاری یاسـایی فەرموو ئەمڕۆ گیراوەتەبەر، بەڕێز وەزیری ناوخۆ لەگەڵ سـەرۆکی حکومـەت، لەگـەڵ سـەرۆکایەتی هـەرێم ئێستا لەم کوردستانە نین، زۆر زۆر من بە شتێکی نائاسایی ئەزانم، کۆبوونـەوەی ئـەمڕۆ لـەکاتێکا کـە هـیچ کاتێك ئافاقێکیش دیار نیە، بۆ هاتنی بـەڕێز وەزیـری نـاوخۆ، ئـەو وەزعـە بـە موعەلـەقی ماوەتـەوە، ئەمـە خاڵی یەك، خاڵی دوو، ئێمە کۆبوونەوە بـە سـەلاحیەتی جەنابتانـە بـە پەلـەش ئیعلانتـان کـرد کۆبوونـەوە کـرا، جێگـەی ڕێـزە کۆبوونـەوەی پەرلـەمان، بڕیـاری باشیشـی لێ کەوتـەوە، تـا ئەمڕۆشـی لەگـەڵ بـێ ئـەوە بڕیارانە بە حکومەت نەگەیشتووە، ئێمە بۆیە کۆبوونەوەی بـە پەلـە ئەکـەین، پەرلـەمانتارانی بـەڕێز هـەر کەسە لە شوێنی خۆی، تەنانەت جاری واش هەیە، مومکینە لە خاریج ڕۆژێك پێش ئەخات بۆ هاتنەوەی بۆ ئەوەی بڕیار بەزوویی بگات بە حکومـەت، کـە وەختـێ ئێمـە کۆ ئەبینـەوە، یـەك شـەو و ڕۆژی تـەواو قسـە

ئەکەین، بڕیار ئەنووسرێ ناگات بەسەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران یان بەلایەنی پەیوەندیدار، فەلسەفەی کۆبوونـەوەی بـە پەلـەو نـا ئاسـایی چـیە؟، لەبـەر ئـەوە مـن دەسـت خۆشـی لـە کـاك کـاردۆ ئەکـەم، بـۆ ئـەو بیرخستنەوانەی، ئەگەر ڕوخستم بدەی شەش، حەوت خاڵی گرنگ بیری بەڕێزتان ئەخەمەوە.......

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە، تەواو بوو، نوقتەی نیزامیەکەت گەیشت، ڕێزم بۆت هەیە، بە هەقیقـەت بەنیسـبەت وەزیـری نـاوخۆ خەتای خۆتان بوو، من لێرە ئیلحاحم لێتان کرد، وتم با نەخرێتە دەنگدانەوە، خستانە دەنگدانـەوە دەنگـی نەهێنا، ئەمە یەك، بۆ بانگ کردنەکەشی، ئەگەر نەخرابوایە دەنگدان، ئیمڕۆ لە باتی ئەم بەڕێزە کە تەواو دەبوو، سبەی چوارشەم بوو، بەڕێزیانمان ئەهێنا، ئیعلان کاکە  ئێوە ئیلحاح دەکەن لەناو پەرلـەمان بخرێتـە دەنگدانەوە، ڕەجام لێتان کرد، هەوڵمدا فائیدەی نەبوو، ئێستاش لە نزیکترین وەقت بەڕێزیان دێتە ئێرانـە، تکایە بانەکرێتـە موزایـەدەی سیاسـی، ڕەجـام لەگشـت ئـەو خوشـك و برایانـە هەیـە، ئێسـتا سـۆزان شـەهاب فەرموو پرسیارەکەت بکە، کاکە هەر بەڕێزێك، هەر ئەندامێکی ئەو پەرلەمانەی بەڕێز ئەگەر بە حوجەیە، موراعات بکە قەینا با مەجالیان بدەینێ، کاك ئارام فەرموو.

**بەڕێز ایوب نعمت قادر(ئارام):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو ڕۆژە ئاماژەت کرد کە گوایە وەزیـری نـاوخۆ بـانگ نـەکراوە، بـەلأم بـە زیـاتر لـە سـی و هەشـت ئەنـدام پەرلەمان.....

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بـەڕێز، مـن بـە جنـابتم وت، ئیلحـاحم لێتـان کـرد مەیخەنـە دەنگدانـەوە، کاکـە هـەموو وەزیرەکـان دێـن، هەرچەند وەزیر، ئەوە بۆ ڕێگا و بان بوو، ئێ، بۆ ڕێگاو بـان دێـت، ئێسـتا لـە بەرنامـە دامـان نـاوە، وەزیـری ناوخۆ دێ، وەزیری ئاوەدانکردنەوە دێ، وەزیرەکانی تر دێـن، هـەموویان دێـن، یـەعنی دڵنیـات دەکـەم، ئـەو وەزیرانـەی کـە هەیـە، هـەتا ئەگـەر کردمانـە لـە هەفتەیـەك دوو وەزیـر بـێ یـان سـێ وەزیـر بـێ، فـەرموو بەردەوامبە.

**بەڕێز ایوب نعمت قادر(ئارام):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو بەڕێزەی باسی ئەکەی، باسی میوانداریە، بەس ئەوەی کە ئەندام پەرلەمانـەکان داوایـان کـردووە، باسـی بانگ هێشت کردن و لێپێچینەوەیە، بـۆ کارەسـاتێکی گـەورە کـە بریتیـە لـە هاتوچـۆ، هـەر وەڵأمـت نـەبووە بەڕێزتان، یەعنی بتانوتایە کۆبوونەوەکە ناکرێ، یان هەردوو وەزیر بانگ ئەکرێت، خۆی کێشەکە لەوەدایـە کە یەعنی ئەمە هەمووی یاداشتە، هەمووی داواکاریە، سەرۆکایەتی پەرلەمان وەلأم ناداتەوە......

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

وەلأمـی هـەمووتان هەیـە، کـە وەلأم نـەهات، یـەعنی تەڵەبەکـەت قەبووڵـە، لـە بەرنامـەی کـار دائەنـدرێت، لەکاتێکی موناسیب دێت، من وا بە ئەمانەتەوە پێتان ئەڵێم، گشت وەزیرەکان لە بەرنامە دامـان نـاوە، یـەك یـەك بانگیـان ئەکـەین، تەشـریفیان دێتـە ئێـرە، ئینجـا ئیحتیمالـە لـە هەفتەیـەك دوانیـان بـێ، لەوانەیـە سییانیان بێ، لەوانەیە هەفتەی یەکیان بێ، کاك دڵشاد فەرموو.

**بەڕێز دڵشاد شهاب حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەسەر مەوزوعی تەسویت کردن، لەسـەر هـاتن و نـەهاتنی وەزیـر، تـەبیعی ئێمـە قـەت خـوا نەخواسـتە لـە پەرلەمان دەنگ لە زدی ئەوە نادەین کـە وەزیـر بێتـە پەرلـەمان یـان نێتـە پەرلـەمان، حـەز دەکـەم ئیجازە بدەی، چونکە زۆربەی برادەرانی ئێمە بووینە و فراکسیۆنی کوردسـتانی بـووە، کـەوا دەنگمـان لەسـەر داوە، ئەم مەسئەلەیە ئێمە گوتمان بەرنامەیەك هەیە، وەزیرەکان بانـگ دەکـرێن، کاتێـك وەزیـر، بـۆ بابـەتێك بـە تەنها بانگ بکرێت، بۆ نموونە، ئەوەی ڕووداوەکانی هاتوچـۆ، مـن نـاڵێم ئەوەنـدە نـاهێنێ، بـەلأم ئەگـەر تـۆ وەزیرت بەو عینوانە بانگ کـرد، ئێمـە بۆمـان نیـە لـە هـیچ مـەوزوعێکی تـر پرسـیاری لێ بکـەین، ئـەوکات سەرۆکایەتی و وەزیـری بـەڕێزیش ڕووبـەڕوومان دەبنـەوە دەڵـێ کاکـە ئێمـە بـۆ بابـەتێکی موحـەدەد بـانگ کراینە، تکایە لە چوارچێوەی ئەم بابەتەدا قسە بکەن، ئێمـە کـە گوتمـان دەرگـا کـراوە بـێ کـە وەزیـر بـانگ دەکرێت بۆ ئەوەی بتوانین هەموو پرسیارەکان بکەین، بەیانی وەزیری ناوخۆ دێت، یەکێك لەسـەر هاتوچـۆ لێی دەپرسێ، یەکێك لەسەر ڕووداوی زاخۆ لێی دەپرسێ، یەکێك لەسەر دابەش بوونی پۆلیس لێی دەپرسی، یەکێك لەسەر مووچەو نازانم وەزعی ئەمنی و پاراستن و هەموو ئەمانە، مەبەستی ئێمە ئەوەیـە، ئێسـتاش ئێمە لەگەڵ ئەوەداینـە لـە نـزیکترین دەرفـەت، فیعلـەن ئەولەویـەتیش بـدرێت بـە بـانگ کردنـی وەزیـری ناوخۆ، بە حوکمی ئەوەی کە مـادام وەکـو بڵێـی وەزارەتـەکان و بابەتـەکان زۆر پەیوەندیـدارن بـە وەزارەتـی ناوخۆوە، کراوەش بێ، ئەوە نەبێ بۆ بابەتێکی دیاریکراو بێ، هەر بۆ ئەوەی مەوقفی ئێمە وازح بێ، ئەگینا ئێمە لە زدی ئەوە دەنگ نادەین کە وەزیر نەیێتە پەرلەمان.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاکە مەعلومە، مەوزوعەکـەمان مەعلومـە، بۆچـوونی ئـەو بەڕێزانـەش، ڕێـزم بۆیـان هەیـە، ئـازادن لـە بـیر کردنەوە و لە هەر هەڵوێستێك، ئێمە بەرنامەمان داناوە بۆ ئەوەی جەلسەکە تەعتیل نەبێ، وەزیری ناوخۆ دێ، وەزیری ئاوەدانکردنەوە دێ، وەزیرەکانی تریش دێن، خەلأس، جەنابی سۆزان کەرەمکە.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشەکی بەخێرهاتنی وەزیری ئەوقاف دەکەم، ئێمە سوپاست دەکـەین، بـەڕێز سـەرۆکی پەرلـەمان، ئێمـەش وەکو فراکسیۆنی کوردستانی یاداشتمان پێشکەش کردبوو، بۆ بانگهێشتی وەزیری ناوخۆ، جەنابت تـەحویلی

لیژنەی پەیوەندیدارت کردو، دیارە خرایە بەرنامەوە، هەر بۆیە ئەو بەڕیزانە تەنها لایەن نەبوون کە یاداشتیان پێشکەش کردووە، ئێمەش پێشکەشمان کرد....

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز، هینەکەت تەواو بوو، با جەنابی وەزیر کەمێك ڕوون کردنەوە بدات، پاشان پرسیارەکان بکەن، جەنابی وەزیر ڕوونکردنەوەی خۆت بدە، فەرموو.

**بەڕێز کامل حاجی علی/ وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئاییىنی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان، السلام علیکم ورحمة الله وبرکاتە، سوپاستان دەکەم بۆ ئەو میواندارییە لە هۆڵی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان، لە پایتەختی کوردستان، جەنابی سەرۆکی پەرلەمان وەڵامی پرسیار بدەمەوە یان قسە بکەم و باسی چالاکی و شتی وا بکەم؟.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەگەر لە چارەکێك باسی چالاکی و ئەنجامدانی کارەکان بکەی و پاشان ئەندامە بەڕێزەکانیش پرسیاری خۆیان بکەن جەنابی وەزیر فەرموو .

**بەڕێز کامل حاجی علی/ وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئاینی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەهۆی ڕووداوەکانی 2011/12/2 دووبارە ناڕەزایی خۆمان وئیدانەی ئەو کارە توندوتیژیە دەکەین کە بووە هۆی سووتاندنی موڵك و ماڵی هاووڵاتیان و سووتاندنی بارەگاکان و هەروەها لەهەر ڕووداوێکی ترو هەر کاتێکی تر چ دامودەزگاکانی حکومی بێ یان مەقەراتی حیزبی بێت یان موڵك و ماڵی هاووڵاتیان بێت، دوێنێ شەو لە ڕانیە ژووری ئیدارەی قوتابخانەی مەدرەسەیەك سەر بە وەزارەتی ئەوقاف سووتێنراوە، بۆ ئاگاداریتان، دەربارەی ئەو ڕووداوەی ڕانیە، ئێمە بەیاننامەیەکمان دەرکرد، حەز دەکەم بۆ ئەوەی بەڕێزتانی بخوێنمەوە کە هەندێ پرسیار لە پرسیارەکان هەیە و لێرە هەندێکی وەڵام دراوەتەوە، بەناوی خوا، خەڵکی کوردستان ئاگادار دەکەینەوە کەوا ئەو ڕووداوانەی ڕۆژی هەینی 2011/12/2 ڕوویاندا بەهۆی پێوەرێك، کارێکی نەخوازراو و دوور لەهەموو عورفێکی ئاینی و یاسایی بوو، وەزارەتی ئەوقافی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کاتێك دا نیگەرانی خۆی لە هەڵسوکەوتی نامەسئول و تێکدەرانەی ئەو کەسانە دەکات کە پەلاماری ماڵ و موڵکی هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستانیان داوە، داوا دەکات لەلایەنە پەیوەندارەکان ئیجرائاتی یاسایی لەگەڵ هەموو ئەو کەسانەدا بکرێت کە هاندەر و ئەنجامدەری ئەو کارە تێکدەرانە بوون، تەئکیدیش دەکەینەوە کەوا وەزارەتی ئەوقاف ڕێگا بە هیچ کەس ولایەنێك نادات مینبەری مزگەوتەکان بکاتە سەرچاوەی هاندان و تێکدانی ڕەوشی پێکەوە ژیان لە هەرێمی کوردستان هەرکاتێك، دڵنیا بین کە مامۆستایەکی ئاینی لەم مەسەلەیە دا بەشداری لە هاندانی خەڵك کردبێت و لە

مینبەری مزگەوتەوە فەتوای هاندانی دابێت ئـەوا بـە پێـی یاسا ئیجرائـاتی لەگەڵ دەکرێـت، لـە کۆتـایی دا تەئکیـد دەکەینـەوە کـەوا مامۆسـتایانی ئـاینی کوردسـتان هەمیشـە ڕۆڵـی ئاشـتی و سـەقامگیریان بینیـوە و چاوەڕوان دەکـەین لـە ئێسـتا و لـە ئایندەشـدا لـەم ڕۆڵـە ئـاینی و نەتەوەییـە بـەردەوام بـن، بۆیـە داوا لـە سەرجەم ئیمام و خەتیبی مزگەوتەکانی کوردستان دەکەین لەمەودوا بەشێکی وتارەکانیان تەرخان بکەن بۆ گرنگـی پاراسـتنی سـەقامگیری و ئـاینی و پـیرۆز ڕاگرتنـی موقەدەسـاتی ئیسـلامی و ئاسایشـی نەتـەوەیی و خەڵکی کوردستان لە مەترسیەکانی ئەو ڕووداوانەی کە لـە شـاری زاخـۆ ڕوویانـدا ئاگـادار بکەنـەوە و هـەوڵ بدەن لە وتارەکانیان دا ئومێدی ئاشتی و پێکەوە ژیان بە خەڵکی بـدەن و نوێـژخوێنان لەهـەر نەزعەیـەکی مەزهەبی و تایفی دوور بخەنـەوە، دەربارەی منارەی خورماڵ کە کلتـورێکی کـۆنی کوردەواریـە و زۆر قسـە و باسی لەسەر دەکرێت کەوا حکومەتی هەرێم بە تایبەتی وەزارەتی ئەوقاف هەڵناستێ بـە چـاك کردنـەوەی ئەو منارەیە، ئێمە ئەوە دەخەینە ڕوو بۆ هاووڵاتیان و بەتایبەتی ناوچەی هەورامان و خورماڵ و هەڵەبجە، داوامـان کـرد لـە سـەرۆکایەتی ئەنجومـەنی وەزیـران و سـکرتاریەتی ئەنجومـەنی وەزیـران بـە نووسـراومان نووسینگەی تایبەت ژمارە 27 لە 2011/1/27 کە وێنەیەکی هاوپێچە بـۆ ئەنجامـدانی دەرخسـتیەکی بـە پەلە بۆ نۆژەنکردنەوەی منارە کە لە ڕێگای پارێزگـای سـلێمانیەوە و هـەروەها بەڕێوبەرایـەتی ئـەوقاف بـە گوێرەی بڕگەی 7 لە نووسراوتان نهێنی ژمارە 4162 لە 2011/12/9 بۆ ئەم مەبەستە منارەکە تەسلیم کرا بە بەڕێوبەرایەتی شوێنەواری سلێمانی بۆ نۆژەنکردنەوەی، دواتر تەسلیمی ئێمەی بکەنەوە بە گوێرەی نووسراومان ژمارە 932 لە 2011/2/10 کە وێنەیەکی هاوپێچە، ئێسـتا دەرخسـتەیەك ئامـادە کـراوە بـۆ نۆژەنکردنەوەی لەلایەن پارێزگای سلێمانی و بەڕێوبەرایـەتی شـوێنەوارەوە بڕیـارە بـدرێت بـە یـەکێك لـەو دوو کۆمپانیایـەی کـە عـروزیـان پێشـکەش کـردووە بـە کۆمپانیایـەکی ئێرانـی و و کۆمپانیایـەکی بـەریتانی، ئێسـتا ئـەم بابەتـە پەیوەنـدی ڕاسـتەوخۆی هەیـە بـە پارێزگـای سـلێمانی و بەڕێوبەرایـەتی شـوێنەواری سلێمانی، چونکە وەزارەتمان ئەم کارەی تەسـلیمی ئـەوانی تـر کـردووە بفـەرموون بـۆ ئاگاداریتـان و لەگـەڵ ڕێزمان.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر فەرموو کەرەمکە بەردەوام بە.

**بەڕێز کامیل حاجی علی (وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئاینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو کارو چالاکیانەی کـە وەزارەتـی ئـەو قـاف پێـی هەڵساوە لـەم مـاوەی دوو سـاڵەدا، بـە مەبەسـتی بەسـەر کردنەوەی ئەو خولە ڕۆشنبیریەی کە لە ئەزهەری وڵاتی مصر ئەنجامدرا لە بەرواری 10/27 بـۆ 1/5 کـە 21 وتاربێژی کوردستان تێیدا بەشداریان لەسەر خەرجی خێرخوازێك کرد و وەزارەتمان سەرپەرشتی ئـەم خولەی کردبوو و سەردانیمان کرد بۆ ماوەی هەفتەیەك، یەکەم/ دوو ڕاپرسیمان ئەنجام دا بۆ مامۆسـتایانی بەشدار بووی خول کە لە هەرێمی کوردستان چوو بوون، ئەوەی تریان بۆ مامۆستایانی زانکۆی ئەزهەر تاکو

بزانن ڕادەی لەیەك تێ گەیشتن و سوود و قازانجی خولەکان چەندە، ڕاگەیاندنی مصری گرنگی زۆری بەم جۆرە پەیوەندیە و خولانە دابوو، زیاتر لە هەشت چاوپێکەوتن ئەنجام درا لەگەڵ گەورە زانایان و مێژوونووس و ئابووری ناسانی ئیسلامی مصری کەلە سایتەکە بلاوکراونەتەوە، پێشنگایەکی تایبەتمان ئامادە کرد لە 2010/12/3 کە لەلایەن بەڕێز وەزیری ئەوقافەوە کرایەوە دەربارەی چۆنیەتی بەڕێوەچوونی خولی ئەزهەر بوو کە پێکهاتبوو لە 48 تابلۆی قەبارە نیو شیت، پێنج/ لەو کاتەوە پەیوەندی وەزارەتمان بەرەو باشی دەڕوات و هەروەها لەگەڵ ڕابیتەی عالمی ئیسلامی خەلیجی ئەزهەر کە ئامادە باشی بۆ کردنەوەی خول و پەیوەندی نێودەوڵەتانی ئیسلامی دەکات نیازیانە نووسینگەیەك لە هەولێر بکەنەوە، دووەم/ لە بەرواری 2010/12/17 بە هاوکاری لەگەڵ کۆلیژی کەلار لە گەرمیان زنجیرە دانیشتنێکمان ئەنجام داوە دەربارەی داڕشتنی بەرنامەی زانستی بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی و وتاربێژە بەڕێزەکان و ئەم بەرنامەیە شێوازێکی ستانداردی زانستی نێودەوڵەتی بەخۆیەوە گرتووە و کاری لەسەر کراوە و بەشێکی داخلی بەرنامەی ستراتیژیەتی وەزارەتی ئەوقاف کراوە، سێیەم/ لە ساڵی 2010 توانیمان دوانزە خولی تایبەت بە هاوکاری ڕێکخراوانی تواناسازی ئەنجام بدەین کە بۆ فێربوونی ئەنتەرنێت و بابەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی بووە، 120 مامۆستای وتاربێژ بەشداریان تێدا کرد کە لە دەڤەری شەقلاوە و هەولێر و کۆیە و ئاکرێ و دەوروبەر و بابەتەکانی وەك موحازەرە دەگوتران لەسەر ڕەوشی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی لە ئاینی ئیسلامی پیرۆز و ئابووری ئیسلامی و عەولەمە و ژینگەپارێزی و شێوازی وتاری سەرکەوتوو و ڕێز و پایەی ئافرەت لە ئیسلام و فەلەکیەت و پێکەوە ژیان و لێبوردەیی و یەکتر قبوڵ کردن و بەرەو مەدەنیەت، کردنەوەی ئەم خولانەی کە ڕاستەوخۆ کە بەڕێوە دەچوون لەلایەن ڕاگەیاندنەوە لەسەر بودجەی نەسریەی ڕاگەیاندن، خولێك لە گەرمیان بۆ ماوەی هەفتەیەك، خولێك لە شاری دهۆك بۆ ماوەی هەفتەیەك لە 2010/7/26 ەوە بۆ 2010/7/29 خولێك لە شاری کۆیە بۆ ماوەی هەفتەیەك لە 2010/6/26 تا 2010/7/4، خولێك لە شاری سلێمانی بۆ ماوەی هەفتەیەك لە 2010/12/13 بۆ 2010/12/16، خولێك لە شاری زاخۆ بۆ ماوەی هەفتەیەك لە 2010/12/27 تا 2010/12/30 ، خولێك لە ئاکرێ بۆ ماوەی چوار ڕۆژ لە 8/22/ بۆ 2011/8/25/ خولێك لە شاری دهۆك ماوەی چوار ڕۆژ لە 8/22/ بۆ 2011/8/25، خولێك لە شارەزوور بۆ ماوەی چوار ڕۆژ لەبەرواری 8/22 بۆ 8/25، خولێك لە شاری ڕانیە بۆ ماوەی چوار ڕۆژ لە 8/22/ بۆ 8/25 بە مەبەستی ڕاو سەرنج دان لەسەر ئەو نامیلکە و کتێبە ئاینیانەی کە لە چاپخانەکانی هەرێمی کوردستان بە چاپ دەگەیەندرێن، لە ساڵی 2010 و 2011 بە هاوکاری وەزارەتی ڕۆشنبیری 124 جۆر لە کتێب و نامیلکەی ئاینی نێردرانە وەزارەت بۆ ئەوەی لە ڕاگەیاندن ڕاو بۆچوونی شەرعی پێویست بدرێت پێش چاپ کردنیان، بە هاوکاری زانایانی شارەزا و سەرەنجام ڕاپۆرتەکە نێردرانە وەزارەتی ڕۆشنبیری کە بەڕاستی ئەمە پرۆسەیەکی پیرۆز بوو بۆ ئەوەی نەتوانرێ بابەتی دوور لە کلتور و نەریتی سەردەم دژ بە پیرۆزی ئیسلام بخرێتە بازاڕەوە، بە چاپ گەیاندن و کڕینی ژمارەیەك کتێبی ئاینی لە نەسریە...... .

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

تكایە بێ دەنگ بن ئەو بەڕێزەی دەیەوێ قسە بكات بچێتە دەرەوە و قسە خۆی بكات و بێتـەوە، بـا ئـەوانی تر گوێیان لە جەنابی وەزیر بێت، جەنابی وەزیر فەرموو كەرەمكە.

**بەڕێز كامل حاجی علی (وەزیری ئەوقاف و كاروباری ئاینی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەك بەشداری كردن لە بەرواری 23 و 2010/10/24 وەك وەفدێك لە كۆنگرەی موئتەمەری (اول الحفظ والقراءات في العـراق) لـە بەغـدا لـە هـۆڵی كۆلیـژی ئیمـام ئـەعزەم بەغـدا ئـەنجام دراوە و لـە ڕۆشـنایی ئـەم كۆنگرەیەدا گەلێك چاوپێكەوتن و گفتوگۆ كرا بۆ خزمەتی ڕەوشی ئاینی پیرۆز و خزمەتی قورئـانی پـیرۆز و پێشنیارەكانمان پێشكەش كـردن دەربـارەی بەسـتنی چالاكی كۆڕ و كۆبوونـەوەی ئیسلامی لـە هـەولێری پایتــەخت و ئــەوەشمان پــێ ڕاگەیانــدن كــە ئێمــە لــە هــەرێمی كوردســتان بــەردەوامین لەســەر ڕێبــازی ڕاسـتەقینەی خزمـەت گەیانـدن بـە بـەرەو پـێش بردنـی ڕەوشـی ئـاینی پـیرۆزی ئیسلام و قورئـانی پـیرۆز، وەزارەتی ئەوقاف وێـڕای بـوونی كۆمەڵەی قورئـان خوێنـان لـە هـەرێم وەك ڕێكخراوەیـەكی سـەربەخۆ كـە بـەردەوام كـارو چـالاكی ئـەنجام دەدات بـۆ ئەمسـاڵیش یەكـەم جـار لـە هـەرێم پەیمانگایـەكی تایبـەت بـە لەبەركردنی قورئان كراوەتەوە و لەم دەڤەرەش دا ڕۆژ بە ڕۆژ لە بواری ئیعجازی زمانەوانی هـەنگاوی بـاش دەنێت بە تایبەتیش لە كۆلیژی دیراساتی ئیسلامی سـەر بـە زانكۆكـانی كوردسـتان، وەزارەتـی ئـەوقاف بـە شانازیەوە هەنگاوەكانی بەرەو ڕەوشی میانڕەوی و سوود وەرگرتن لە زانكۆی ئەزهەر پەیوەندی تونـدوتۆڵی هەیـە، 21 مامۆسـتای ئـاینی لـە خـولێكی هـەفتا ڕۆژیـدا لـە قـاهیرە بەشـداریان كـرد، سەرپەرشـتی كردنـی خولەكانی هاوینەی فێركردن و لەبەركردنی قورئانی پیرۆز، ئەنجامی ڕەشنووسی پلانی ستراتیژی وەزارەتی ئەوقاف بۆ وەزارەتی پلاندانان، كە ئەو پلانە بە زنجیرە كۆبوونەوەیـەك و دانیشـتنێك ئـەنجام دراون و كـە دەستی ماندووبوون و ئەركێكی زۆری بـۆ دراوە لەبـەرواری 2/28 /2010 دراوەتـە وەزارەتـی نـاوبراو، بـە نووسراومان ژمارە 3115 لە 2010/5/31 ڕەشنووسی سندوقی زەكات دراوەتـە سـەرۆكایەتی ئەنجومـەنی وەزیران كە بەڕاستی ئەم پرۆژەیـەش هـەم دیسـان لەلایـەن ڕاگەیانـدنی ئاینیـەوە تـەواو كـراوە، مـاوەی 25 مانگی بردووە كە بە وردی و بە دیراسەیەكی زانستیانە و پلانێكی شایاندا ئـەو كـارە تـەواو بـووە، دراوەتـە وەزارەتـی داد هـەنگاوی باشـی بڕیـوە، ئومێـد هەیـە ببێتـە پرۆژەیـەك لـە عـالەمی ئیسـلامی دا سـوودی لێ وەربگیردرێت و حالیەن ناوەڕۆكەكەی لە زانكۆی مالیزیا دراوەتە قوتابیەك بۆ نووسـینی ڕیسالەی ماسـتەر، كە ئەمەش شانازیە بۆ وەزارەتی ئەوقاف و ڕاگەیاندنی ئاینی و هەرێمی كوردستان، لە ئێـوارەی ڕۆژی یـەك شەممە ڕێكەوتی 2010/2/7 وەفـدێكی زانایـانی عیراقـی كـە پێكهـات بـوون لـە ژمارەیـەك زانایـانی ئـاینی هەردوو مەزهەبی سونە و شیعە سەردانی وەزارەتی ئەوقاف و كاروباری ئاینیان كرد بە سەرۆكایەتی بەڕێز (علی عبدالناعم خەفاجی) ئەمینداری گشتی و (محمد صادق) نوێنـەری بـەڕێز سسـتانی لەگـەڵ ژمارەیـەك مامۆسـتایانی هـەرێمی كوردسـتان بـە مەبەسـتی زیـاتر لـە هەماهـەنگی و پتـەو كردنـی پەیوەنـدی نێـوان

ڕیزەکانی زانایان لە سەرتاسەری عیراق، چەسپاندنی دۆستایەتی میانڕەوی دوور لە توندوتیژی بۆ گشت پێکهاتەکانی عیراق، لەم دانیشتنە دا بەڕێز کامیلی حاجی عەلی وەزیری ئەوقاف بەخێرهاتنی وەفدی میوانی کردو لە وتەیەك دا هیوای خواست کە ئەم جۆرە سەردانە هەماهەنگیە بە بەردەوامی هەبێت و پتەو تر بێ و پشتگیری خۆی دەربارەی بۆچوونەکانی وەفدی میوان دووپات کردەوە، ڕۆڵی زانایانی ئاینی ئیسلامی بەرز نرخاند لە هەرێمی کوردستان بۆ چەسپاندنی پەیامی پیرۆزی ئیسلام دوور لە هزری توندوتیژی و سەقامگیری و پێکەوە ژیانی ڕاستەقینە هیوای خواست کە ئیسلام بە دروشمە بەنرخەکانی ببێتە مایەی یەك بوون و توندوتۆڵ کردنی ڕیزەکانی موسوڵمانان، ئەوەشی دووپات کردەوە کە کوردستان بووەتە شوێنی حەوانەوەی گشت پێکهاتەکان، تەوجیهاتی سەرکردایەتی هەرێمی کوردستانی بەرز نرخاند بۆ بڵاوبوونەوەی وتاری ئاینی کە گوزارشت لە پەیامی پیرۆزی ئیسلام و ئەخلاقیانەی بەرزی گەلی کوردستان دەکات، لە ڕاگەیاندنی ئاینی ڕۆژی چوار شەممە کە کاتژمێر 10ی سەر لە بەیانی لە دیوانی وەزارەتی ئەوقاف بۆ یادی 12/25 /2010 ڕۆژی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان بە پێی بڕیاری ئەنجومەنی نەتەوە یەکگرتووەکان دانیشتنێك ئەنجام درا بە هەماهەنگی یەکێتی زانایانی ئیسلامی کوردستان مەکتەبی تەنفیزی کۆڕبەندی هزری ئیسلامی و نوێنەری وەزارەتی ناوخۆ و گشت پەیوەندیدارانی بەرەنگاربوونەوەی توندو تیژی لە وەزارەتی ناوخۆو پارێزگاری هەولێرو بەڕێز عبدالرحمن صدیق کەسایەتی و توێژەر، ڕێکخراوانی ژنان لە سکرتاریەتی یەکێتی ئافرەتان و ڕێکخراوی تواناسازی و چەند ڕۆژنامە نووسان و کەناڵی ئاسمانی ئامادەی کۆبوونەوەکە بوون، مەبەست و نیاز و دانیشتنی ئەو کۆبوونەوەیە کە تاوتوێی بیرو ڕاو باس کردنی پرسێکی گرنگی ناو کۆمەڵگای کوردەواریمان تیشکی بخرێتە سەر، ئەویش بەوەی کە کاتی ئەوە هاتووە، بە دەستە جەمعی کار بۆ بەرەنگار بوونەوەی توندو تیژی بکرێت و بەرنامەیەك دابندرێت بە هاوبەشی بەیەکەوە کاری لەسەر بکەین، ئاگاداری بەرنامەو کاری یەکتر بین، مادام کارێکە ئەوە هەڵدەگرێ بەپێی بەرنامەو پلان و کاری هاوبەش وەك کۆمەڵگەیەکی زیندوو هەنگاوەکانمان بەرەو ئاراستەیەکی شارستانیانە بهاوێن، کە ئاینی پیرۆزی ئیسلام پشتیوانی دەکات، لە لێبوردەیی و بەیەکەوە ژیان و دژ بە توندو تیژی ئاراستە بکەین، لەسەرەنجامی دانیشتنەکە گەلێك بابەت و لێك تێگەیشتن و ڕاسپاردەی تۆکمە تۆمار کران و کرانە بەرنامەو کاریان لەسەر کرا، لە کەناڵی ڕاگەیاندنەکان ڕاپۆرت و هەواڵیان لەسەر کرا، لەبەرواری 12/14 بەڕێز(عبدالفتاح سلیمان احمد) موستەشاری ئەمینی عامی( اتحاد العالمی للمدارس الاسلامیە الدولیە) لەگەڵ ئێمە سەردانی پەیمانگای ئەزهەری کرد لەشاری هەولێر، دوای گەڕان و چاوپێکەوتن لەگەڵ مامۆستایان و قوتابیان، ئیدارەی ئەم پەیمانگایەو وتەیەکی پێشکەش کرد، ئەم وتەیە کە گرنگیەکی تەواوی دابە ڕۆڵی کارای وەزارەتی ئەوقاف و بەرەوپێش بردنی ڕەوشی خوێندنی ئیسلامی، کرانەوە بەرەو ئەزهەر بۆ پیادە کردنی شێوازێکی میانڕەوی و وەسەتیەت لە ئاینی ئیسلامدا، گرنگی ڕاگەیاندنی ئاینی و بەرزی ئاستی وتاری ئاینی، بۆیە ئێمەش دەقی دواندنەکەمان نارده ئەزهەر، لە ڕۆژنامەی ڕەواقی ئەزهەری دابەزی، لە ماوەی

ڕابـردوو توانیمـان بـە هاوکـاری کـەناڵی نـەورۆزی حکومـەت 43 وتـاری مامۆسـتایانی ئـاینی هـەرێم بـە ڕاسـتەوخۆ بگوازینـەوە لـە مزگەوتـەکانی هـەولێرو دوروبـەری شـار و شارۆچکەکانی تـر، لـە سـاڵی 2011 ڕاگەیاندنی ئاینی توانیویەتی چەندین کارو چالاکی ئەنجام بدات، لەوانەش نوێنەرایەتی وەزارەت بکـات، لـە ئەنجومەن ولیژنەکانی وەزارەتەکانی تر، وەکو وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی، وەزارەتـی تەندورسـتی، ناوخۆ، ژینگە پارێزی هەر کۆڕو کۆبوونەوەیەك کە پەیوەست بێ بەکاری ئەوقاف، لەوانەش منداڵ پـارێزی، پاراسـتنی منـداڵ پـارێزی زیـاتر لـە شـەش دانیشـتن کـراوە، بـە ڕاپـۆرت و پاداشـت و پێشـکەش کردنـی ستراتیژیەتی ئەوقاف، گەلێ دەستکەوتی بـاش ئـەنجام دراوە، ئـەو شـتانەی پەیوەسـت بوویێـت، تـوانراوە راو بۆچوونی شەرعی لە یەکێتی زانایان وەربگیرێت، توانـراوە چوار دانیشـتن لـە دیـوان، بـۆ زانایـانی هـەولێر و دەوروبەرو شـەقڵاوە ئـەنجام بـدرێت، بـۆ ڕوونکردنـەوەی گرنگـی دان بـە توێـژی منـداڵ پـارێزی، لـە بـواری گرینگیدان بە توێژی منداڵ لەیادی ڕۆژی جیهانی منداڵ، ڕاگەیانـدنی ئـاینی بـۆ ڕێزلێنـان لـە 10 لـە وتـار بێژانی هـەرێمی کوردسـتان ئەنجامـدرا، بـە ئامـادەبوونی وەزیـری ئـەوقاف، لیژنـەی ئـەوقاف لـە پەرلـەمان، بەرپرسانی وەزارەت تیایدا مەداڵیای ڕێزلێنانیان پێدرا، لە بـواری ئایـدزو بـڵاو بوونـەوەی ئـەوە پەتایـەش وەزارەتمان لە ڕێگەی نوێنەرمانەوە، توانیومانە کەشیکردنەوەیکی باشی ئـەم نەخۆشـیە بکـەین، بـەهاوکاری شارەزایان لە وەزارەتی تەندروستی، لە دیوانی وەزارەت چوار دانیشتن بۆ مامۆسـتایانی هـەولێرو قوتابیـانی پەیمانگاکان ئـەنجام بـدرێت، بەڕاسـتی وەزارەتـی تەندروسـتی زۆر خۆشـحاڵن بـە گشـتاندنی نووسـراو، بـڵاو کردنەوەی بابەتی تایبەتی لەسـەر ئـەم نەخۆشـیە، ئەنجامـدانی هەڵمـەتی گەلەکۆمـەکی بـۆ هۆشـداری دانـە هاووڵاتیـانی موسـڵمان، کـە زانیـاری و ڕونکردنـەوەی پێویسـت تـاوەکو دیـوارێکی پـۆلاین بێتـە کایـەوە، ئـەم پەتایە تەشەنە نەکات، لەڕووی ژینگە پارێزیدا، تێیدا وەزارەتمان لـە پێشـەنگە بـۆ خزمـەتی پـاك و خـاوێن ڕاگرتن و بڵاو کردنەوەی ڕۆشنبیری ژینگەیی، شـەش دانیشـتن وەکـو کـۆڕ ئـەنجام دراوە بـۆ ئـەم مەبەسـتە، تەکلیف لە مامۆسـتایانی زانکـۆ کـراوە، کـە موحـازەرەی پێویسـت ئـەنجام بـدەن، لەوانـەش مامۆسـتا (دڵشـاد گەنجۆ) (د. ئیفاد) مامۆستا (مەسعود محمد) لە ڕۆژی ژینگـە پارێزیـدا پیشانگایەکی تایبـەتمان کـردەوە کـە تیایدا 40 تابلۆی هونەری دانرابوون، کە لەلایەن وەزیری ئەوقافەوە کرایەوە، کۆمەڵێك مامۆسـتای ئـاینی و ئەنـدام پەرلـەمان و بەرپرسـانی ژینگـە پـارێزی ئامـادەی بـوون، هەرلـەم یادەشـدا مامۆسـتایانی هـەرێمی کوردسـتان، میـداڵیاو بڕوانامـەی ڕێزلێنانیـان پێـدرا، بەتایبـەتی ئەوانـەی کـە لـەم یادانـە ڕۆڵـی بەرچـاویان هـەبووە، سـەبارەت بـە کـەم کردنـەوەی ڕووداوەکـانی هاتوچـۆش، نوێنـەری وەزارەتمـان ڕێگایـەکی ئـاینی، پرۆژەیەکی تۆکمەی دایە وەزارەتی تەندروستی، کە لەسەر شێوازی سیستەمی (swot) ئامادە کـراوە، دیـارە ئەم بەرنامەیـە پـاش تـاوتوێ کردنـی لـە لیژنـەی بـاڵای بـەرەنگار بوونـەوەی ڕووداوەکـانی هاتوچـۆ گرنگـی پێدراوە، وەخراوەتە ناو چوارچێوەی پراکتیزە کردنی لەلایەن نوێنەری ڕێکخراوی جیهانی، ئەم بەرنامەیـە بەهەنـد وەرگـیراوە، لـە ڕۆژی 6/1 و 6/2 ی 2011 بـە هاوکـاری ڕێکخـراوی ژنـان و لیژنـەی ئـەوقاف لـە پەرلـەمانی کوردسـتان، دوو ڕیـز زنجیرەی بابـەتێکی هاوچـەرخ پێشـکەش کـرا، لەگـەڵ مامۆسـتاو وتاربێـژی

هەولێرو دەوروبەر، لەژێر دروشمی کاراکردنی زانایانی ئاینی لە هۆشیاری تەندروستی، بەبۆنەی ڕۆژی جیهانی بەرەنگاربوونەوەی جگەرەکێشان، ڕاگەیاندنی ئاینی بە هاوکاری ڕێکخراوی ژیانی تەندروستی و هاوکاری لیژنەی ئەوقاف و کاروباری ئاینی لە پەرلەمانی کوردستان، هەڵدەستا بە زنجیرە کۆڕێك لەوانە، بابەتێکی گرنگ لەلایەن بەڕێز مامۆستا مەلا(بشیر) دەربارەی بەرەو ژیان نەوەك کۆتایی پێهێنان، بەرەوپێش بردن و ئاوەدانکردنەوەی روح وکرۆکی ئیسلامیە، پێویستە مامۆستایانی ئاینی کەلتوری خۆش ویستنی ژیان و سڕینەوەی کەلتوری خۆکوشتن و هەموو جۆرە توندو تیژیەك پەرەپێ بدەن، ئەویش لەڕێگای چاندنی ژیانی هیواو کارکردن و نەهێشتنی یەئس و بێزاری لەژیان، ئەرکی مامۆستایانی ئاینیە کە دایك و باوکان وشیار بکەنەوە، لە چۆنیەتی مامەڵە کردن لەگەڵ گەنج و هەرزەکاراندا، هەروەها وشیار کردنەوەی کۆمەڵگا کە خۆکوشتن چارەسەر نیە، بەڵکو کێشەکە قوڵتر دەکاتەوە، لەکاتی ڕووبەڕووبوونەوەی هەر کێشەو گرفتێك، پێویستە مرۆڤ هەوڵی چارەسەری بدات، لەڕێگای ڕاوێژ کردن لەگەڵ لایەنی سێیەم، جا چ مامۆستایەکی ئاینی بێ، یان پسپۆڕێکی دەروونی، یا کەسێکی تر.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بۆ جەنابی وەزیر، ئێستاش ناوی ئەو بەڕێزانە ئەخوێنینەوە، کە پرسیاریان تەقدیم کردووە، ئەم بەرێزانە پرسیارەکانیان تەقدیم کردووە، ناوەکان ئەخوێنینەوە بۆ ئەوەی مەعلوم بێ هەرکەس سەرەکەی لەکوێ دێ، ڕێزداران، سۆزان شهاب نوری، شێروان ناصح حەیدەری، قادر احمد سمایل، ئامینە زکری، د.جیهان اسماعیل بنیامین، کاوە محمدامین، د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی، نیشتیمان مرشد، قادر حسن، صباح بیت الله، د.بشیر خلیل، شڤان احمد عبدالقادر، هاژە سلیمان، عمر هەورامی، شێردڵ تحسین، د.ثائر عبدالاحد، سەمیرە عبدالله اسماعیل، لانە احمد، ڕازاو محمود، دڵشاد شهاب،خورشید احمد سلیم، جمال طاهر ابراهیم، زکیە سید صالح، یاووز خورشید، هاوڕاز شێخ احمد، ناسك تۆفیق، بەفرین حسین، علی حسین محمد، ئاشتی عزیز، پەیام احمد، عبدالله محمدامین، د.عمر نورەدینی، گەشە دارا حفید، د.سەروەر عبدالرحمن، گۆران ئازاد، 35 بەڕێزە، ئێستاش ڕێزدار سۆزان خان، کەرەمکە.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هیوادارم دام نەنیشێننەوە ئەمجارەش، بەخێرهاتنی بەڕێز وەزیری ئەوقاف دەکەین، من پێشەکی وەك ڕەخنەیەك هیوادار بووم، گوێم لە کارو چالاکیەکانی وەزارەتەکە وەك بەشێکی بچووك بوایە.....

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە سۆزان خان پرسیارەکەت بکە، هیچ لە بابەتەکە دەرنەچن، بێ هیچ تەعلیقێك، ئەو پرسیارەی بە نووسراو ئاراستەی جەنابی وەزیرتان کردووە، تکایە ئەو پرسیارانە تەقدیم بکەن، فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەس بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، من هیچ تێنەگەیشتم لەم مەسەلەی کارو چالاکیەکان، بۆیە ئەو قسەیەم کرد، بەڕێز وەزیری ئەوقاف، لەوەتەی بەڕێزت بوویتە وەزیری ئەوقاف، ئەوکارانە چین ئەنجامت داوە بۆ ڕێکخستنی وتاری ئاینی؟، بێگومان لەم دووساڵەی پێشوو دەیان شکایەت کراوە لە مامۆستایانی ئاینی، کە لە ڕۆژانی هەینیدا وتار دەدەن، لە وتارەکانیان تەشهیر بە دام و دەزگاکانی حکومەت و دام و دەزگا دەستووریەکانی وڵات دەکەن، تەشهیر بە کەسایەتیەکان دەکەن، ئەو بەڕێزانە فەرمانبەری حکومەتن، لەئاستی ئەوە کارانەی کە دەیکەن، ئەو مووچەیە وەردەگرن دەبێ پابەند بن، بە پرەنسیپ و ئەو بەهایانەی کە ئارامی و ئاشتەوایی نیشتیمانی دەپارێزێت، ئەوەش ناچێتە ناو خانەی ئازادی ڕادەربڕین، چونکە ئازادیەکان لەو سنوورە کۆتایی دێت کە تێپەڕناکاتە سەر ئازادیەکانی کەسێکی تر، جەنابت هەر چاوێك بخشێنی بە فەیس بووك و یوتیوب، کە وتاری ڕۆژی هەینی هەندێ مامۆستا دەبینی دەکەویتە گومانەوە کە ئەو بەڕێزە دەشێت وتار خوێن بێت، پرسیار لەخۆت دەکەی ئایا ئەمە دەشێت وتار بێژ بێت؟، هەر لە سووکایەتی کردن بە ژن و بە منداڵ، بە یاساکانی پەرلەمان، بە دام و دەزگاکانی حکومەت، تەنانەت کار گەیشتە سەر سەرۆکایەتی هەرێمیش، هەمووشمان ئەزانین و لەبیریشمانە، ئایا لە وەزارەتەکەی جەنابتان لیژنەیەك نیە بۆ هەڵسەنگاندنی وتار بێژان و وتار بێژی؟، ئایا هەر مزگەوتەو ئازادە لەوەی بەدەر لە وەزارەتی ئەوقاف مامۆستایەك بۆ وتار بێژی دابنێ بێ ئاگاداری ئێوە؟، مزگەوت خێرخوازێك دروستی دەکات تەسلیمی وەزارەتی ئەوقافی دەکات، وتار بێژەکەی نابێ ئەو داینێت، دەبێ وەزارەتی ئەوقاف ئاگاداری بێت، هەتاوەکو ئێستا چەندین مامۆستای ئاینی سووکایەتیان کردووە بە پەرلەمان و دام و دەزگاکانی تر، ئیجرائاتی ئیداری لەگەڵ کراوە؟، جەنابت قبوڵتە مامۆستایەکی ئاینی بڵێ پەرلەمان لەگەڵ هەموو ڕێزێکما، پەرلەمان کلکی سەگ دەجەڕێنێت، قبوڵتە لە وتاری هەینی بڵێ حوکمی ئەم وڵاتە، بە گوێی خۆم گوێم لێبووەو بینیومە، ناوی مامۆستاکەشت ئەدەمێ دوایی، حوکمی ئەم وڵاتە دراوە بە ژن و بە منداڵ، بۆیە حاڵمان وای بەسەرهاتووە، ئەگەر جەنابت پێت قبوڵە ئێمەش قبوڵی دەکەین، چونکە جەنابت زۆر باست لە مەسەلەی چۆن وشیاری بلاّو دەکەنەوە، چەندتان خول کردۆتەوە، چەندتان دانیشتن کردووە، بۆ مامۆستایانی ئاینی، دەبوایە ڕەنگدانەوەی هەبوایە، مامۆستایەکی تر، لەخوتبەی ڕۆژی هەینی وتوویەتی سایەقێکی گەنج هاتۆتە لای من، وتوویەتی من پاسێکم پێیە، 18 تەڵەبەی کچ هاتوچۆ پێ دەکەم، خۆم ئایدزم هەیە، لەگەڵ هەر هەژدەشیان خەوتووم، لە وتاری هەینی، بەڕای تۆ ئەم جۆرە وتارو خوتبەدانە، گومان دروست ناکات لە دڵی دایك و باوکی ئەم وڵاتە کەئەینێرێت بۆ مەکتەب؟، بەپاسێك دەینێرێت؟، کاری مامۆستای ئاینیە ئەگەر هاتو کەسێکی وا چووە لای بابەتێکی وای باس کرد، مامۆستا ئاینیەکە پێش هەموو کەسێك بچێت بە لایەنە تەندروستیەکان بڵێت ئەوە فلاّنە کەسە، نەخۆشی ئایدزی هەیە، بەربۆتە ئەو عالەمە نەخۆشیەکەمان بۆ بلاّو دەکاتەوە، کاکە خۆ ئەوە وەکو ئەوە وایە بەقەستی، لەجیاتی ئەوەی بە دەرزی و بەخوێنی پیس و ئەنواع تەریقەی تر بلاّو بێتەوە، بەو تەریقەیەش بلاّو دەبێتەوە، چۆن دەبێ

له خوتبه باسی بکات، چۆن هەڵناسێ بەکاری ئاینی خۆی، بچێت لایەنە تەندروستیەکان ئاگادار بکاتەوە، ئاسایشی ئەم هەرێمە ئاگادار بکاتەوە، بڵێ کەسێك هەیە ئەوەتا ئایدز بڵاودەکاتەوە....

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەویش ئەگەر ڕاست بێ.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڵێ، ئەگەر ڕاست بێ، قسەکە لەسەر ئەوەیە، ئەی ئەگەر ڕاست نەبوو، چۆن ئێمە تەحقیق بکەین لەم مەسەلەیە، چۆن دەبێ مامۆستای ئاینی لە وتارەکانی گومان ببەخشێتەوە، ئەو دەبێ دڵنەوایی و دڵ تەئمینی و چاو کردنەوە لەسەر بەهاکانی مرۆڤایەتی بڵاو بکاتەوە، نەوەك گومان بڕوێنێ لە ناو دڵی خەڵك، ئەوەی کە گوێی لێ ئەگرێت، من دەزانم هەتاوەکو ئێستا، چەندین جار شکایەت کراوە لەو مامۆستایە، بەتایبەتی ئەو مامۆستایە، بۆ هەتاوەکو ئێستا هیچ ئیجرائاتێکی لەگەڵ نەکراوە؟، هۆکارەکانی چیە؟، دەبێت وەك هەموو هاووڵاتیەکی ئاسایی مامۆستای ئاینیش کاتێك کە خوتبە دەدات، وتار دەدات، ئەو هەموو عالەمە گوێی لێ ئەگرێت، دەبێ چوارچێوەیەك هەبێ بۆ ڕێکخستنی ئەم وتارانە، تەشهیر و تەحریزو ناو زڕاندنی بەدواوە نەبێ، باس کردن و بە سووك سەیر کردنی دام و دەزگا دەستووریەکانی ئەم هەرێمەی تیا نەبێ، کەسایەتیەکانی تیا نەبێ، مەفروزە وتاری ئاینی لەو چوارچێوەیە بێ، بەس من ئەو چوارچێوەیە نابینم، مامۆستای ئاینی باس لە گۆڕینی سەرۆکایەتی حکومەت ئەکات، چ کارێکت هەیە پێی تۆ؟، چ عیلاقەیەکت هەیە پێی؟، ئەگەر لەم حکومەتە هەرکەسێك سەرۆکی حکومەتەکەی بێ، لەچوارچێوەی ئەو بەرنامەی کە هەیە دایئەڕێژێ کارێك ئەکات، بۆ ئەو دانیشێ هەڵسەنگاندن بکات بۆ ئەم سەرۆکی حکومەت و ئەو سەرۆکی حکومەت، یەعنی ئەمە گەیشتۆتە ڕادەیەك کە بەڕاستی حدودی تێپەڕاندووە، من داوا لە بەڕێزت دەکەم وەکو وەزیر ئەمەوێ بزانم هەتاوەکو ئێستا چ ئیجرائاتێکت کردووە؟، ئەگەر ڕێگری هەیە لەبەردەمتا؟، ئەوە پەرلەمانی کوردستانە، لێرە زۆر بەڕاشکاوانە دەتوانی باس لەوە بکەی ڕێگری دەهێندرێتە بەردەمت بۆ ئیجرائات، ئەگەر نەشت کردووە، جەنابت هەر دەبێ ڕوون کردنەوەمان بەیتێ بۆ نەت کردووە؟، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس دەست خۆش، ڕێزدار جەنابی وەزیر.

**بەڕێز کامل حاجی علی / وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئاینی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ وەڵامی سۆزان خان، پرسیاری یەکەمی، وەزارەتی ئەوقاف بەردەوام ڕێنمایی ئاراستەی بەڕێوەبەرایەتیەکانی ئەوقاف و مزگەوتەکان کردووە، کە لەدوای کۆنفرانسەکەی وەزارەتی ئەوقاف و وەزارەتی ڕۆشنبیری بەسەرپەرشتی بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەسترا، لە ڕۆژی 2011/9/11

ئێمە چوارده خاڵمان بۆ داناون کە ئیلتیزامی تەواویان بەو خاڵانەوە هەبێ، لەو بەروارەوە زۆرینەی زۆریان پابەند بوون پێیەوە، خاڵی یەکەم پرەنسیپی پێکەوە ژیانی ئاشتیانەو یەکتر قەبوڵ کردن، لە هەرێمی کوردستان لە وتاری ئاینیدا ڕەنگ بداتەوە، خاڵی دووەم، دەبێ گوتاری ئاینی ببێتە سەرچاوەی بڵاو کردنەوەی ئاشتی و گەشبینی کلتوری لێبوردەیی و دووربێ لەناو زڕاندن، خاڵی سێیەم، مینبەری مزگەوتەکان وەك پێگەیەکی پیرۆز و گشتی بەکارهێنانی لێپرسراویەتێکی گەورە، تەماشا بکرێ، مولکی هیچ کەسێك و لایەنێك و بۆچوونێکی دیارکراو نیە، دەبێ پەندو ئامۆژگاری لە وتارەکانی سەردەمی پێغەمبەر (محمد (د.خ) وەربگیرێت، چوار، ئەزموون و بەرژەوەندی خەباتی میللەتەکەمان ئەرکێکی پیرۆز و گرنگی سەرشانمانە، ڕۆڵی بەرچاویش لەم بارەیەوە ئەکەوێتە ئەستۆی زانایانی ئاینی ئیسلام، کە لەدێر زەمانەوە لە ئاراستەکردنی کۆمەڵگا، ڕۆڵێکی کاریگەری و بەرچاویان هەبووە، پیادەکردنی پرۆگرامی شارستانیەت لە ئاراستە کردنی موسوڵمانان، دوور لە دەمارگیری و مەزهەبی و تایفەگەری و ڕەگەزی، خاڵی شەشەم، هەڵسانی وتاربێژە بەڕێزەکان، بەبڵاو کردنەوەی بنەماکانی مافی مرۆڤ و ئافرەت و منداڵ و چۆنیەتی پاراستنی ژینگەو پاك و خاوێنی، بەو شێوەیەی کە پێویستە زانایانی ئاینی ئیسلامی پیرۆز داکۆکی لێ بکەن.

حەوتەم: پابەند بوونی وتار بێژ بەبنەما گشتیەکانی هونەرو زانستی و وتار بێژی.

هەشتەم: گوتاری ئایینی ئەبێت گەش بین بێت، هەروەها گیانی ئومێد و هیوا و بەردەوام شەحنیەی ئەمان و تەسکیەی ڕۆحی بڵاو بکاتەوە.

نۆیەم: پاراستنی دەستکەوتەکانی میللەتی کورد، لەهەبوونی سەرۆکایەتی هەرێم و پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەرکێکی پیرۆزی گشت هاووڵاتیانە، بەتایبەتی مامۆستایانی ئایینی، بەجەخت کردن لەسەری.

دەیەم: ئەم بابەتانەی سەرەوە ڕێك بخرێت وەك پرۆگرام بۆ خول و سیمینار و دانیشتنی تایبەت بەپێش نوێژ و وتار خوێنەکان، کە وەزارەتی ئەوقاف سازی دەکات.

یازدەم: مامۆستای مزگەوت بۆی نیە، ڕێگە بدات بە هەر کەناڵێکی تەلەفزیۆنی بۆ گواستنەوەی وتاری هەینی بەبێ ڕەزامەندی ڕاگەیاندنی ئایینی لەوەزارەتی ئەوقاف، یان هەر بەڕێوەبەرایەتیەکی ئەوقاف لەدەڤەرەکەدا.

دوازدەم: مامۆستای مزگەوت کاتێ مۆڵەت وەردەگرێت پێویستە ئاگاداری بەڕێوەبەرەکەیان یان تێبینەرەکەیان لە ئەوقاف بکات، بۆ دانانی مامۆستایەکی تر لەجێگای ئەو.

سیازدەم: هەم دیسان لەبەر بوونی لیژنەی باڵای فتوا لەهەرێمی کوردستان، بۆیە نابێت مامۆستایانی ئاینی لەکاتی وتاری هەینیدا فتوا بدەن.

چواردەم: هەر مامۆستایەك پابەند نەبێت بەم ڕێنماییانەی سەرەوە، خۆی بەرپرسیار دەبێت و لێپرسینەوەی لەگەڵ دەکرێت.

لیژنەشمان بۆ ئەو مەسەلەیە داناوە، ئیجرائات کراوە، لەگەڵ چەند مامۆستایەك، دوورخراونەوە و لابراون، ئەو لیژنەیە دەستبەکار بوون و سجلی تایبەتیان داناوە بۆ تۆمارکردنی تیبینیەکان لەهەموو بوارێکەوە، هەروەها دیاری کردنی رێژەی خزمەتگوزاری وزیادە لە هەندێ مزگەوت وناردنیان بۆ مزگەوتەکانی پێویست، لەرێگەی بەرێوەبەرایەتی ئەوقافی هەولێرەوە، دەستنیشان کردنی مامۆستایانی زیادە لەسەر میلاکی مزگەوت، کەمتەرخەمیان لە ئەرکی ئاسایی خۆیان، وەرگرتنی بەڵێنی دەستنووس لێیان بە پابەند بوون، هەروەها حەلکردنی هەندێ کێشەی کۆمەڵایەتی لەناو مزگەوتەکان و گواستنەوەی مامۆستایانی ئاینی لەم بوارەدا، بۆ نموونە مزگەوتی (حاجی حسینی بەقاڵ) لە گەڕەکی تەعجیل، مزگەوتی(مەلا قادر) لە گەڕەکی باداوە، مزگەوتی( بێتواتەی نوێ) مزگەوتی (سەید عومەر) لە شارۆچکەی مەخموور، مزگەتی (خێرخوازان) لە کۆمەڵگەی کوردستان، مزگەوتی( عمری کوڕی خەتاب) لەئاکرێ، وەزۆر کێشە کە لەسەر وتاری ئاینی رۆژانی هەینی زۆر شیاو نەبووە، لەگەڵ بارودۆخی ئەمڕۆی کوردستان لێپێچینەوەیان لەگەڵ کراوە.

دەربارەی پرسیاری دووەم: ئەوەی پابەند نەبووبێت لێپێچینەوەیان لەگەڵ کراوە، بانگ کراون وئاگادار کراونەتەوە، لیژنەیان لەسەر گیراوە، ئەمەش راپۆرتی لیژنەکەیە کە ئێستا خوێندمەوە، مامۆستا بەبێ ئاگاداری وەزارەت ناتوانێت لەمزگەوت قسە بکات، یان ببێت بە مەلای ئەو مزگەوتە، ئەمەش ئەو روونکردنەوانەی وەزارەت بوو، سەبارەت بەو خاڵە، هەروەها ئەو تێبینیانەی کەجەنابت لەدوای پرسیارەکە کردت، ئەمە جوابەکەیەتی، خەڵکی کوردستان ئاگادار دەکەین کە ئەو رووداوانەی رۆژی $12/2$ روویدا، کە ئێمە مەیدانیەن سەردانمان کردن، لەگەڵ مامۆستایانی زانکۆ کۆبوونەوەمان کرد، لەگەڵ مامۆستایانی دهۆك کۆبوونەوەمان کرد، ئێمە واتێگەشتین و مامۆستایانیش هەموویان قەناعەتیان بەوە هەبوو کە مامۆستای ئایینی دوور تا نزیك پەیوەندی بەو رووداوەی زاخۆ و دەڤەری بادینانەوە نەبووە، هەروەها ئێمە رێنماییمان کردن کە لە هەفتەی داهاتوو، هەفتەکانی تر، هەردەم باسی پێکەوە ژیان بکەن، چونکە بەهۆی مامۆستایانی ئاینیەوە ئەتوانن سارێژی برینی ئەو دەڤەرە بکەن، خۆشبەختانە لەم هەفتەیەدا لەسەرانسەری کوردستان هەموو جەماوەر شاهیدن حکومەت و دەزگا رەسمیەکان شاهیدن ئەوەی لەم هەفتەیەدا بەرامبەر بە هۆشیار کردنەوەی جەماوەر کراوە، هەموو کەس شایەتی دەدات بە مامۆستایانی وتار بێژی ئایینی لە کوردستاندا، یەك دوو مەلا نەبێت، لە دهۆك بۆچوونی خۆیان تێکەڵی وتارەکەیان کردووە، نووسراومان بۆ ناردوون، وەڵامیان داوینەتەوەو بانگیان دەکەین لەسەر ئەو وتارە بەپێی پێچەوانەکەی ئیجرائاتیان لەگەڵ دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، تەعقیبت هەیە سۆزان خان، فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـن هەوڵـەكانی جـەنابیان بـەرز دەنـرخێنم لەگـەڵ وەزارەتەكـەیان، بـەڵام هـەموو سەرپێچیەكان لـەدوای دەرچـوونی ئـەو ڕێنماییانەوەیـە، وەك چـۆن بڵـێین حاڵـەتێكی تەحـەدای دروسـت كـردووە، كـەوا مـادام تـۆ ڕێنماییم بۆ دەردەكەیت من بەپێچەوانەی ئەوەوە كار دەكەم، ئـەو حاڵەتـە بـەدی دەكرێـت، جـەنابت بـەس چاوێك بگێڕە بەسەر پەیجی ئەو مامۆستا بەڕێزە ئاینیانەی كە پێیان ناخۆشە پێیـان بوترێـت مـەلا، خـۆی وتوویەتی لە وتارەكەی دەبێت پێی بڵێین مامۆستای ئاینی كە پەیجی هەیـە لـە فـەیس بـووك كـە ئەمەنـدە ئیمانی هەیە بە عەولەمەو تەكنـەلۆژیاو ئـەو شـتانە، وتارەكـانی خـۆی پێشكەش دەكات، جـەنابت دەڵێیـت نابێـت بـڵاو بكرێتـەوە، ئەگـەر ڕەزامەنـدنی ڕاگەیانـدنی وەزارەتـی ئـەوقاف لەسـەر نـەبێت، كەواتـە هـەموو هەفتەیەك ڕاگەیاندنی وەزارەتی ئەوقاف یان بەڕێوەبەرایەتی ئەوقافی هەولێر ئیزنی ئەو مامۆسـتایەی داوە كـە وتارەكـانی تەسـجیل بكرێـت، ئەمـە خـاڵی یەكـەم: خـاڵی دووەم: باشـە ئەگـەر حاڵەتەكـە هـەر دووبـارە دەبێتەوە، ئەم دوو، سێ مامۆسـتایە كـە هـەن جـەنابت زۆر جوان هێناتـەوە، كـە زۆرینـەی زۆریـان پابەنـد بوون، من گلەیی ناكەم مامۆستایانی ئایینی دوێنی سیمینارم هەبوو لەگەڵیان لە سلێمانی، ئەوانەی سلێمانی زۆر زۆر پابەند بوون، پێم وانیە كە ئەوانەی لەشاری سـلێمانین یـەكێكیان گلەییـەكی ئـەوتۆیان هـەبووبێت لەمامۆستایان، چـونكە پابەنـدی ئـەو ڕێنماییانـە بـوون، بـەڵام ئـەوەتا دەبیـنین لەهـەولێر و دهـۆك ئـەوەی هەولێر بەتایبەتی دووبارە دەبێتەوە، بەڕێز جەنابی وەزیر خۆ دەبێت حاڵەتێك ئەمە حەدی بۆ دابندرێت، چونكە لەسەر تەلەفزیۆن هـەمان قسـە دەكات لـە سـەر پەیجەكـەی فـەیس بـووكی هـەمان شـت دەڵێـت، لـە وتارەكەی هەینی هەمان قسـە دەكـات، كەواتـە بۆچـی ئـەو قسـەی كـە مـەفرووزە لـەوتاری هەینیـدا بیكـات، دەبێت تەواو تەواو جیاواز بێت، دەبێت لەچوارچێوەی هونـەری خوتبـەدان بێـت، قسـە ئیعتیادییەكـەی كـە دەیكات هی سەر پەیجەكەی، هی سەر تەلەفزیۆنەكەی یـەك شـتە، نـەی گۆڕیـوە كەواتـە خەلـەل هەیـە، مـن بۆیە ئەم قسەیە دەكەم بۆیە ئەوەندە ترس لەدڵمایـە لەگـەڵ ڕێـزم بـۆ قسـەكەی جـەنابت، كـە ئێـوە چـوون وەكو لیژنە وەكو وەزارەتی ئەوقاف تەحقیقتان كردووە لە ڕووداوەكـانی بادینـان، لێـرەوە جـەنابت حوكمـت دەركردووە دەڵێیت خەتای مامۆستا ئایینیەكە نیە، ئەی ئەگـەر لیژنـە تەحقیقیەكـەی كـە بـەڕێز سـەرۆكی هەرێم ناردوویەتی پێچەوانەی ئەوە بڵێت، یەعنی من حەزم نـەكرد جـەنابت ئـەو قسـەیە بكـەیت، چـونكە ئێمە چاوەڕوانی تـەحقیقی لیژنەكـەی سـەرۆكایەتی هـەرێمین تـا بـزانین خـەتای كێیـە؟، بـەڵام مـادام ئـەو حاڵەتانە دووبارە دەبێتەوە ئەو مامۆسـتا ئایینیانـە دەبێـت سـزای ئیـداری بـدرێت لـەو مزگـەوتـە لابرێـت، دوان، سیانێكن لەمزگەوتەكان لابرێن و حەقی خوتبەدانیان بۆ ماوەیەكی كاتی لێ بسەندرێتەوە، خۆ ئـەوە ئیجرائـاتی ئیدارییـە چـی تیایـە؟، مـادام فەرمانبـەری حكومەتـە ئەگـەر هـاتو موخالەفەیـەكی كـرد، ئەگـەر فەرمانبـەرێكی حكومـەت ئیختـیلاس بكـات حكومـەت نایگرێـت، نایخاتـە سـجنەوە؟، خـۆ حەصـانەی نیـە فەرمانبەر؟، هیچ كەسێك حەصانەی نیە لەبەردەم یاسادا، ئیلا ئەگەر ئەو حەصانەیەی بەیاسا درابێت بەو كەسە، بۆیە ئەو هەست كردن بەوەی كە ئەو حەصـانەی هەیـە، بـەڵێ، حەصـانەیەكی كۆمەڵایـەتیان هەیـە، هەمووومان ڕێزیان لێ دەگرین، بەڵام كاتێ كەموخالەفـە دەكرێـت لەبەرژەوەنـدی كۆمەڵگاكـەمان ئـەدەن، لـە

ئارامی و سەقامگیری کۆمەڵگاکەمان دەدەن، کاتێ کە سووکایەتی بەژن و منداڵ دەکەن، دەبێت حەدیان بۆ دابندرێت، داوای ئیجرائات لە بەڕێزت دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس سۆزان خان، جەنابی وەزیر فەرمووو.

**بەڕێز کامل حاجی علی(وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە دڵنیاتان دەکەینەوە کە لە دەڤەری بادینان، جگە لە رۆژی 12/2، هەروەها رۆژی هەینی رابردوو کەسێك نەبووە شایەتی بدات لە مامۆستایەکی ئاینی بڵێ وتارەکەی نادروست بوو، پێچەوانەی بڕیارەکانی پەرلەمان و حکومەتی هەرێم بوون، ئەو دەڤەرەش هەمووومان نەتیجەی تەقایسی حەقائیقین، من دڵنیام ئەو مامۆستایەی ناو براوە لەو مەلەسەیەوە دوورە، دەربارەی گەرمیان، دەربارەی ناوچەی شارەزوورو هەڵەبجە، دەربارەی راپەرین و بتوێن و پشدەر، هەتا سلێمانی لەو رووداوەی ئەوێ نەبێت، کەسێك وتارێکی نەداوە، بەلآم لە هەولێردا ئەو چەند مامۆستایە هەیانە لابراوە لەسەر وتار، هەیانە تەعاهودی پێ پڕ کراوەتەوە، کە جارێکی تر شتی وا نەکات، هەیانە هەر وازی لە وتار هێناوە، ئەوەندەی بانگمان کردووە خۆی لەو شوێنە هەر نەماوە، لەبەر ئەوە خۆی ئەوەندەیان پێ گوتووە کە وتار بدات، یان توانای نەبووە، بایی ئەوەندە نەبووە کە خەڵك پێی رازی بێت بە وتارەکەی، ئەمانە هەمووی کراوە، لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە بەرپرسین لە مامۆستایانی ئاینی لە کاتی وتار گوتنەوەیان لە مزگەوت، لە کاتی بوونیان لە دامودەزگاکانی سەر بە وەزارەتی ئەوقاف، مامۆستایەك لە کۆڕێکدا، لە موناسەبەیەکدا، لە شتێکدا ئازادە وەکو ئەو خەڵکە، چۆن رۆژنامەنووسێك، چۆن کەسێکی تر ئازادە، بەلآم ئێمە لە ئەسنای وتار گوتنەوەدا سێ خاڵی سەرەکی بۆ هەموو مامۆستایەکمان داناوە، فەتوا نەدان لە کاتی وتار دان، ناوزڕاندن، تەشهیر نەکردنی کەس، نە لایەن، نە هیچ کەسێك، نە حکومەت، نە پەرلەمان، لە هیچ کەسێك.

سێیەم/ پاراستنی ئەمنی قەومی، ئەگەر بەڵگە هەیە لەلای بەڕێزت، کە دوو مامۆستا هەیە بەرامبەر ئەو قسانەی کە تۆ کردووتە، یان مەوجود بووە، لە وتاری هەینی ئەمەی باس کردووە، بۆم بنێری، من ئامادەم و مەمنونت دەبم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار شێروان حەیدەری فەرمووو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.**

**خوای تەبارەك و تەعالە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموویّت: بسم الله الرحمن الرحيم (ادعوا الى سبيل ربك بالحكمة والموعظة الحسنة وجادلهم بالتي هي احسن فاذا الذي بينك وبينه عداوة كأنه ولي رحيم)، لە هەمان كاتدا لە سورەتێكی تردا دەڵێت: (انك لا تهدي من احببت ولكن الله يهدي من يشاء).**

**بەڕێزان، لەسەر رۆشنایی ئەم دوو سورەتە، من پێموایە پێویستە ماموّستای ئاینی لەكاتی خوتبەی هەینیدا پابەند بێت بەم دوو ئایەتە پیرۆزە، پرسیارەكانی من زۆر زۆر بە موختەسەری دەڵێم:**

**یەك/ هەندێ لە ماموّستایانی ئاینی لە هەندێك لە مزگەوتەكان خیتاباتی سیاسی بەكار دێنن لەجیاتی وتاری رۆژی هەینی، ئایا وەزارەتی ئەوقاف ئیجرائاتی چیە؟**

**پرسیاری دووەم/ هەندێ لە ماموّستایانی ئاینی لە هەندێك لە مزگەوتەكان بیروبۆچوونی خۆیان دەكەنە بنەمایەك بۆ ئاڵۆز كردنی باری ئەمنی لە هەرێم، ئایا ئیجرائاتی وەزارەتی ئەوقاف چیە؟**

**پرسیاری سێیەم/ هەندێ لە ماموّستایانی ئاینی لە هەندێك لە مزگەوتەكان، تەبعەن تەحدیدی دەكەم هێرش دەكەنە سەر موئەسەساتی حكومی، چ پەرلەمان بێت، چ حكومەت بێت، لەكاتێكدا بەڕێز وەزیری ئەوقاف ئەندامە لە ئەنجومەنی وەزیران، لە هەمان كاتدا ئەو ماموّستا ئاینیەش سەر بە وەزارەتی ئەوقافە، من بەڕاستی ئەو ئیجرائاتەی كە جەنابی وەزیری ئەوقاف ئیشارەتی پێدا بە كافی نازانم، پێویستە ئیجرائاتێكی بەردەوام و پرۆگرامێكی بەردەوام هەبێت، ئەی پێش ئەوەی ئەو موئتەمەرە ببەسترێت، ئەو تەوصیاتە بەرپا بێت، پێشتر چۆن مامەڵە لەگەڵ مزگەوتەكان دەكرا؟ هیوادارم جەنابی وەزیری ئەوقاف بتوانێت وەڵامەكانمان بداتەوەو، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**زۆر سوپاس، جەنابی وەزیر فەرموو.**

**بەڕێز كامل حاجی علی/ وەزیری ئەوقاف و كاروباری ئاینی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**پرسیاری یەكەم/ هاوشێوەی پرسیارەكەی سۆزان خان بوو.**

**دووەم/ خیتابی سیاسی لەلایەن بەڕێزتانەوە چیە؟ ئێمە وەكو خۆمان بە هەموو جەماوەری كوردستان بەیان دەكەین، كە ماموّستایانی ئاینی مولّكی هەموانە، خیتابیان بۆ جەماوەرە، بەتایبەتی جەماوەری مزگەوت، باشبێت لە رێنماییەكانی وەزارەتی ئەوقاف دەرنەچن، نابێت دەربچن، زانایانی ئیسلام چینی سەرەكی بوون بۆ ئارام كردنەوەو هێور كردنەوەی هەر رووداوێك، كە رووبەڕووی حكومەت بوو بێتەوە، هەردەم پێشەنگ بوون بۆ سەقامگیری ئاشتی و ئاشتەوایی و پێكەوە ژیان، هەموو كات جەماوەریان وشیار كردۆتەوە، كە دوور بێت لە توندوتیژی و یەك ریزی و برایەتی بپارێزن، ئەو ماموّستایانەمان بۆ دەست نیشان بكەن، كە هاوولاّتیانیان هانداوە بۆ پشێوی و ئاڵۆزی ناو هەرێم، گوتوومانە هەر كەس لە كتاب و سونەت تەجاوز بكات و لابدات خۆی بەرپرسیار دەبێت، نابێت بۆچوونی خۆیان لە وتارەكانیاندا بۆ مەرامێكی نەخوازراو بەكار بێنن، وتاری هەینی رابردوو لەسەرتانسەری كوردستان، كە وتار بێژەكان**

ئەنجامیانـدا دەرکـەوت برایـەتی و یـەك ریـزی و پێکـەوە ژیانیـان دەوێـت، دەیانـەوێت مـوژدە بـەخش بـن هاونیشتمانیان دڵخۆش بکەن، ئێمە هـەرگیز لەگـەڵ ئـەوە نـین مامۆسـتایان شـعوری هـیچ کەسـێك بریـندار بکـەن، چـەند جـار دووبـارە بۆتـەوەو مەیدانیـەن مـن خـۆم وەکـو وەزیـر بـۆ هـەموو شـوێنەکان چـووم، بـۆ خانەقین و مەخموور چووم، لە هەموو شوێنەکاندا زانایانمان کۆکردۆتەوە، رێنماییەکانمان پێ گوتـوون، بـە پێچەوانەوە دەبێت پابەندی بەرنامەی پیرۆزی ئیسلام بن، کە هەردەم رێزی لە ئینسـانەکان گرتـووە (ولقد كرمنا بني آدم)، نەیگوتووە رێزمان لە موسڵمانمان گرتـووە، هـەموو نـەوەی ئـادەم رێـزی لـێ گـیراوە (سـباب مسلم فسوق وقتاله كفر)، نابێت قسەی ناشـرین، وتەیـەکی ناشـرین بەرامبـەر براکـەت بکـەیت، ئـەو کەسـە فاسـق دەبێـت وا بڵێـت، ئەگـەر قیتـاڵ بـوو دەبێـت بـە کـافر، لەبـەر ئـەوە رێـز لێنـان لـە موسـڵمان، لـە هاونیشـتمانان، ئێمـە چـەند جار پێمـان گوتـوون و تەئکیـدمان کردۆتـەوە، هـەنگاونانی ئێمـەی کـورد لـەم بارودۆخـەی ئـەمرۆ هەنگاونانـە بـۆ پێکـەوە ژیـانێکی ئاشـتیانەی هاونیشـتمانیانەی بـەردەوام دوور لـە توندوتیژی و رەگەزپەرستی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، تەعقیبت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جەنابی وەزیر میسالی لەسەر هەینی پێشوو دەهێنێتەوە، وەکو بڵێی مامۆسـتایانی ئـاینی پابەنـد بوونـە بـە رێنماییەکان، من مەقصەدم ئەوەیە ئەو هەینی پێشوو وەزعێکی غەیری تەبیعی بوو، مـن قەصـدم وایـە بـۆ پێشی هەینی پێشتر وەزارەتی ئـەوقاف بەرنامەیـەکی نـەبووە بـۆ تەوحیـدی وتارەکـانی هـەینی لـە هـەرێمی کوردستان، ئەمە یەك.

دوو/ من قەناعەتم بەوە نییە وەزیری ئەوقاف پێویستە میکانیزمێکی هەبێت، ئالیەتێکی هـەبێت، بزانێـت لە هەموو مزگەوتەکانی کوردستان وتارخوێنی رۆژی هەینی لەسەر چ بابەتێکە، نەك داوا لـە مـن بکـات مـن بەڵگەی پێ بدەم، بەڵێ، من رەنگە بەڵگەی شەخصیم هەیـە، بـەڵام ئـەوە کـاری ئـەوە، کـاری مـن نییـە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز کامل حاجی علی/ وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئاینی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەکـو بـەڕێزی فـەرمووی هـەردەم موتابەعـەمان کـردووە، لـە هـەموو شـوێنێك هـەر هەینیـەك هـەبێت بەڕێوەبەرایەتی ئەوقاف ئاگادار دەکەین کە لە چ شوێنێك وتارێك لە مزگەوتێك درا بێت، کەوا بەرامبەر بە رەوشی کوردستان ئەمنی قەومی هەرێم، رێزلێنـان لـە بەرامبـەرەکانیان هـەموو کاتێـك ئەوانـەمان گوتـووە،

ئێمە ناڵێین جاری واش هەیە هەڵەیان هەیە، بەڵام زۆرینەی زۆریان زۆر باشن، ئەو کەسانەش کە هەڵەیان کردووە، یان بە مەیلی خۆیان چوون ئیجرائاتیان بەرامبەر کراوە، چەند جار گوتوومانەو ئیجرائاتیان بەرامبەر کراوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار قادر احمد سمایل فەرموو.

**بەڕێز قادر احمد سمایل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەڕێز جەنابی وەزیر.**

من سێ پرسیارم هەیە، دەمەوێت پێشکەشت بکەم، وەك لای هەمووان ئاشکرایە جیهانی ئیسلامی ئەمڕۆ لە دنیادا لە شوێنە ئاڵۆزەکانی دنیادایە، لەنێو جیهانی ئیسلامیشیدا مامۆستایانی ئاینی ڕێزو خۆشەویستیەکی زۆریان لەنێو کۆمەڵگای ئیسلامدا هەیە، لە کوردستانیش بە حوکمی ئەوەی کە مامۆستایانی ئاینی لە خەباتی رزگاری نیشتمانیدا بەشێك بوون لەو شۆڕشەو خۆشەویستیەکی زیاتریشیان هەیە، ئەوەی کە من لێرەدا دەمەوێت بیڵێم ئەوەیە لە سنووری ناوچەیەکی وەکو پشدەرو بتوێن (530) مزگەوت هەیە، لەنێو ئەو (530) مزگەوتە بە دڵنیاییەوە وتار خوێن یەك لەسەر سێی ئەگەر زیاتر نەبێت کەمتر نییە، بەڵام تەنها (36) مامۆستای ئاینی مۆڵەتی وتار خوێندنیان هەیە، لەنێو ئەو پرسیارەی مندا ئەوەیە لە شارێکی گەورەی وەکو تاران تەنها لە یەك مزگەوتدا وتار خوێندن هەیە، من پێموایە بتوانرێت لە شارەکانی کوردستان بە ئاسانی وتاری رۆژی هەینی تەنها لە یەك مزگەوتدا کۆبکرێتەوە، بەڵام وا باشە، پرسیارەکەم ئەوەیە وا باشە وەزارەتی ئەوقاف بۆ هەر شارێك بەپێی ژمارەی دانیشتوانی دوو تا سێ مزگەوت، ئەگەر پێویستیشی کرد زیاتر دابنێت، بۆ ئەوەی وتاری هەینی تێدا بخوێندرێتەوە، تا وەزارەتی ئەوقاف بتوانێت ئیدارەی وتار خوێنەکانی کوردستان بدات، ئەمە پرسیارێکیان.

پرسیاری دووەمم/ ئەوەیە لە سەرەتای هاتنی ئاینی پیرۆزی ئیسلام بۆ خەڵکی کوردستان موسڵمان بووە، لەناو خاکی کوردستاندا جگە لە کورد، عەرەب و مەسیحی و ئاشووری و کۆمەڵەی نەتەوەی تر هەیە، لەنێو ئیسلامدا شیعەو سوننەشمان هەیە، ئیزیدی و کاکەییشمان هەیە، بە درێژایی ئەو مێژووە، خۆشبەختانە خەڵکی کوردستان توانیویانە پێکەوە بژین و، شتێکی ئەوتۆ روو نەدات میللەتەکەی ئێمە پێی پارچە پارچە بێت، لەبەر ئەم سەبەبەش ئەمە روویداوە، کە کورد کێشەیەکی نیشتمانی، کێشەیەکی نەتەوەیی هەبووە، ئەمە هەموومانین لەچوارچێوەی ئەو ئەرکە نیشتمانی و نەتەوەییدا کۆبۆتەوە، ئەوەی ئەمڕۆ من دەیبینم و ترسم لێی هەیە، ئەوەیە کە خوێندگا لەگەڵ ئەوەی کە کولیەی شەریعە هەیە، پەیمانگای ئیسلامی هەیە، بە بڕیارێکی جەنابت کردنەوەی حوجرە بۆ هەر مامۆستایەکی ئاینی ئەگەر حەوت فەقێی هەبێت حوجرەی بۆ دەکرێتەوەو موخەصەصاتی حکومی بۆ دابین دەکرێت و، دوای تەواو بوونی ئەو فەقێیە لەو حوجرەیە دەتوانێت لە پۆلی سێیەمی ناوەندی خوێندگا ئاینیەکان تاقی کردنەوە بکات، جگە

لەمەش ناوەندی و دواناوەندی تریش لە سنوورەکان بەگشتی و بە بەردەوامی دەکرێتەوە، ئەگەر تاماشایەکی ناو شوێنە ناکۆکەکانی جیهانی ئیسلامی بکەین، بە نموونە پاکستان بێنینەوە سێ تا چوار هەزار بەرەو سەرتر خوێندگای ئاینی تێدایە، کۆمەڵگای پاکستانی دابەش کردۆتە سەر دوو بەشەوە، بەشێکی خۆی بە موسڵمان دەزانێت، بەشێکیشی میللەتەکەی بە ناموسڵمان دەزانێت، نموونەی زەقی زۆر گرنگیش هەنە، کە لە مانگی رەمەزاندا لەنێو یەکێ لە مزگەوتەکان یەکێ خۆی تەقاندەوە، کە خەڵك بۆ عیبادەت چۆتە مزگەوت، یەکێکی تریش بەناوی دینەوە، بە ناوی خوا پەرستیەوە خۆی چووە نێو ئەو مزگەوتەوە خۆی تەقاندەوە، ئێستا کێشەی هەرە گەورەی ئەم ولاتە ئەمەیە کە حەرەکاتی تەتەرروفی ئیسلامی ئەوەندە زەق بۆتەوە، لەگەڵ دامودەزگای دەوڵەت و خەڵکەکە پێکەوە هەڵناکەن، پرسیارەکەی من ئەوەیە ئایا کردنەوەی ئەم هەموو خوێندگا ئاینیانە، ئەم هەموو پەیمانگا ئیسلامی و کولیە شەریعانە، ئەم هەموو حوجرانە لە کوردستاندا بەبێ ئەوەی ئیدارەیەکی ورد چاودێری بکات، موراقەبەی بکات چی تێدا دەخوێندرێت، چۆن دەخوێندرێت، ئایندەی کوردستان، بۆ خزمەتی ئایندەی کوردستان بێت؟ ئایا ترسێك دروست ناکات کە ولاتی ئێمەش لە ئایندەدا دوو کۆمەڵگا دروست بێت، کۆمەڵگایەك خۆی بە موسڵمان بزانێت و بەشێك لە میللەتەکەی بە نا موسڵمان بزانێت؟

پرسیاری سێیەمم/ ئەوەیە مزگەوتەکان زۆر بوون، خۆشبەختانە کۆمەڵگای ولاتی ئێمە پێویستی پێیەتی و هەر چ کەسێك دەیەوێت لە نزیکترین شوێن خۆی عیبادەتی خوا بکات، بەلام ئەوەی کە جێگای دلگرانیە بەشێك لە ئیمام و خەتیبی مزگەوتەکان ئەوەیە کە بەشێك لە مزگەوتەکان خزمەتگوزاری زۆریان هەیە، بەشێکیش لە مزگەوتەکان هیچ خزمەتگوزارێکیان نییە، ئایا وەزارەتی ئەوقاف ناتوانێت یەکسانیەك لەنێوان ئەو مزگەوتانەدا دروست بکات بە گواستنەوەی بەشێك لەو خزمەتگوزاری مزگەوتەکان بۆ ئەو مزگەوتانەی کە خزمەتگوزاریان نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز کامل حاجی علی/ وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئاینی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ وەلامی بەڕێز کاك قادر احمد، وەلامی پرسیاری یەکەم/ بایەخدان بە مزگەوتەکان کەمی نەکردووە، بەلام بەهۆی کەمی میزانیەوە، وەکو حکومەت نەمانتوانیوە خزمەتی مزگەوتەکان بەباشی بکەین، خۆشبەختانە جەماوەری موسڵمان قەبوڵیان نەکردووە مزگەوتەکانیان بێ ناز بکەون.

وەلامی پرسیاری دووەم/ بەڵێ دەتوانین، بەلام ئەوەندە زۆر نین دابەشیان بکەین، جگە لە شاری هەولێرو تەکیەکان و چەند لادێیەك، کە لەکاتی دوو ئیدارەکەدا دامەزرانەدنیان زیاتر بەرکەوتووە، بۆ ئەو مەبەستەی بەڕێزتان لیژنەمان داناوە لە هەولێرو ئەوقافی دەوروبەر، کە دوو مانگە پێوە خەریکن، ئەویش ئەو دابەش کردنە لەناو سنووری هەولێردا دەتوانین، لە مزگەوتێکە بۆ مزگەوتێکی تر بگوازێنەوە،

کابرایەك سێ سەد هەزار دیناری هەیە، ناتوانێت لێرە نەقلی بکەیت بۆ لادێیەك، لەبەر ئەوە یان دەبێت هەموو رۆژێك هاتوچۆ بکات، یان دەبێت ماڵەکەی ببات بۆ ئەوێ، لەبەر ئەوە تازە تەعین بووە، تۆ ناتوانیت ئەو کارەی پێ بکەیت، یان خۆی فەسڵ دەکات.

بەڵێ ئەو سێ قوتابخانەو خوێندگایانە هەن، نیزامی خوێندنیان وەك وەزارەتی پەروەردەیە، بۆ ئاگاداری بەڕێزت، بەڵام ئەمان دروسی علومە شەرعیەکان دەخوێنن، یەعنی هەم دروسی ئەکادیمی، هەم دروسی علومی شەرعی، دەرچووانی ئەم خوێندگایانە دەچنە پەیمانگاو کۆلیژکان، بۆ زانینی بەڕێزتان ئەوانەی لە حوجرەی مزگەوتەکان دەرچوون رۆژێك لە رۆژان نەبیستراوەو نەبینراوە کە توندوتیژیان نواند بێت، چونکە ئەوانە لە لای مامۆستایانی خۆماڵی خوێندوویانەو دەخوێنن و، لە دەڤەری راپەڕین و پشدەر حوجرەمان نییە، فەقێمان نییە، بۆ ئاگاداری بەڕێزت، لە هەموو سەرتانسەری کوردستاندا (521) فەقێمان هەیە، ئەم فەقێیانە لە کابینەی شەشەم بوون بە رەسمی و بەپێی یاساو تەعلیمات و رێنماییەکان، مزگەوتی زۆر نین، وەرە بۆ گەرمای هاوین، سەرمای زستان، کاتی باران بارین رۆژانی هەینی خەڵك لە دەرەوە نوێژ دەکات و باران لێی دەدات، یان تووشی گەرما دەبێت، لەبەر ئەوە مزگەوتەکان زۆر نین، ئەگەر زۆرینەی خەڵکەکە نوێژ بکات، هێشتا مزگەوتەکان زۆر کەمن، هەروەها ئەگەر خانمان بچن بۆ نوێژ جێگەی لە مزگەوتەکان نابێتەوە، لەبەر ئەوە ئەو شێوازەی کە بەڕێزت باست کرد لە یەمەن، پاکستان، ئەفغانستان سوپاس بۆ خوا کوردستانی خۆمان ئەو توندوتیژیەی نەماوە، ئەو شێوازە بەخێو کردنەی کە هەیە لێرە خەڵکانی وڵاتانی دنیا، ئەزهەر شانازی دەکات بە زانایانی ئێمەوە، کە ئەو (21) مامۆستایە چوونە قاهیرە سێ مانگ لەوێ بوون گوتیان ئێوە عالمن، قوتابی نین، والسلام علیکم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار ئامینە زکری فەرموو.

**بەڕێز امینە ذكری سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من چەند پرسیارێکت هەین، ئێکێ/ ژی وان............

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

یەك دەقیقە ئامینە خان، زۆر سوپاس، تەعقیبت هەیە؟ داوای لێبووردن دەکەین، نیتە، فەرموو بەردەوامبە.

**بەڕێز امینە ذكری سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مە چەند کو کەسێك بێتە گوتار بێژی مزگەفتدا، ئەم بینین گەلەك مزگەفتدا گوتاربێژی نا ئەکادیمینە، مامۆستاو خزمەتکارێت ئاینی ئیسلامێ بە پلە ئیمام و خەتیب، ئیمام، قاریئ، قاریئ و موئەزین و خادم، موئەزین و خادم کێم و کاسێت مەزن ژیانا خۆ دەربازکە، پتر یا وان گرفتا تەعیناتە هەی، مووچەی وان

دیف کارێت وان ناهێتەدان، بۆ نموونە ئەگەر ئەم سەحکەینێ دەبینین هەندێ کەس کارێ ئیمام و خەتیب دکەن، بەس مووچەی موئەزینی وەردەگرن، ئەگەر چنە گەلەك ژڤان کەسان هەر بێ مووچەنە، گەلەك ژڤان مووچەی خۆ وەرناگرن، یان ئەو تەوزیعا ناڤ هەندەك رێڤەبەریا ئەوقافدا هەی دەبینین بۆمە یا روونییە سەر چ ئەساسێك دابەش کرنا، یا دروست دیتنا من تێدا نینە، بۆ نموونە ئەوقافا ئاکرێ پتر ژی (900) فەرمانبەرا هەی، یا شەقلاوە (1300) فەرمانبەر هەی، یا سۆران (1500) هەی، بەس ئەوقافا زاخۆ (182) کەس فەرمانبەرن، ئەوقافا دهۆك و ئامێدیا و سمێل و شێخان (600) فەرمانبەرن، زانیاریش هەین کو گەلەك ژی وان دەوامێش ناکەن، مە دڤێ بزانین تەوزیع سەر چ ئەساسێك تێدا کرن؟

ئیجرائات و پێ رابوون وەزارەتێ بەرامبەر مامۆستایت ئاینی، ئەویش یاسای دەرچن و زانیارێ خەنە سەر ئەو یاسای کو پەرلەمان دەریکردیە چنە؟ بۆ نموونە سەر یاسای توندوتیژیا خێزانێ، گەلەك گوتاری مزگەفتا زانیاری خەنە سەر یاسای توندوتیژیا خێزانێ و هەتا لەسەر پەیڤا جەندەر دەریخستن، هەروەسا زیاتر پێ رابوونێ یاسایی دگەل مەلا ئیسماعیل سوسەیی، ئێك ژوان کەس بوو کە تەحریزو ئیهانا حکومەت و دەزگا نوێ کر وەکو تەشهیر ب شەخصیەتا مەعنەوی و سیاسی یا سەرۆکایەتی هەرێما کر، رێڤەبەریا گشتی ئەوقافا ئێزیدیا ئەڤە سالا 2008 یا هاتیە دامەزراندن، گەل رێڤەبەریا دهۆکێ کو ساڵە 2009 یا هاتیە دامەزراندن بتەنێ (24) کەس تێدا کار دکەن، بۆ ئەڤ ساڵە (500) پلە تەعیناتە دامەزراندن هەبوو، بتەنێ سێ پلە بۆ ڤێ رێڤەبەریا تەرخان کرن، هەروەسا رێڤەبەریا ئەوقافا کریستیانە کو (69) فەرمانبەر هەی، دیسا بۆ وان ژی سێ پلە دامەزراندنێ دابوون، ئەگەرەکەی چەندە؟ وەك ئێمە ئاگادارین رێڤەبەریا گشتیا ئێزیدیا و، رێڤەبەریا وان ل دهۆکێ هەتا نوکە بودجە بەر دەستی وان نینە، سەبەب چنە؟ بۆ رێڤە بەریا هەوا یا دامەزراندن ل بودجە بەر دەستێ وان نینە؟ ئەڤ ساڵە جەنابێ سەرۆکێ پەرلەمانێ، بودجە یا سەد ملیۆنیش بەر دەستی وەزارەتە هەبوو، تەنها یەك ڤرانیش بۆ رێڤەبەریا نەهاتینە تەخصیص کرن، مە دێ بزانین ئەو بودجە ساڵانە یا وەزارەتێ بەشی کریستیان و ئێزیدی چەند لە سەدا؟ کریستیانە (96) کەنیسەو جێهت ئائینی ژ هەرێمدا هەین، ئێزیدیا (325) پەرستگاو جێهت ئاینی هەین، بۆ هەتا نوکە وەزارەتا ئەوقاف پرۆژا خۆی ساڵانەدا چ بە نامە پرۆژە بۆ ساغ کرنا وان کەنیسە ومەزگەتاو نۆژەن کرنا ئاڤا کرنا جێهت ئاینی نەکریە بەرنامەی خۆی ساڵانەدا، ئەڤە ئێك گازاندەی مە بوو هەتا ناڤ موناقەشە یا بودجەدا ژی کو مە تێبینیا هەندی چ پرۆژا بۆ هەردوو جێها نەهات بوونە دانان، وەك ئەم ئاگادارین جەنابێ وەزیر پیرۆزبایی جەژنێت ئێزیدیاو یێت کریستیانا ناکات، مە ڤێ بزانین سەبەبێ چنە؟

بەڕێز سەرۆکێ پەرلەمانێ، نە تەنها جەنابێ وەزیر پیرۆزباییا جەژنێ ئێزدیا کریستیان ناکات، بەڵکو ئەو نڤیسنا رەسمی بەشێ ئیعلامێ لای وەزارەت چوویتە بەر دەستی جەنابێ وی ئیمزا ناکات، یەعنی هەتا جەژنا ئێزیدیا گوت بووی لە رێڤەبەریا ئیمزا بکات، ئەڤە شتێکی ئەز ناکەم، یان دەرڤەی شەرعیە، مە بێژین بۆمان روون بکا سەبەبێ چنە؟

راپۆرتا جەنابێ وەزیرێ بخۆ ئاماژەیدا هەندێ کو سیاسەتە حکومەتا هەرێمی کوردستانێ پرۆژەیت وی سیاسەتی وان هاتینە لادان، چونکە هەتا ناڤ راپۆرتا وان یەك چالاکی من نەدیت باسی کریستیان و ئێزیدی بکات، شعارێ حکومەتا هەرێما کوردستانێ، پلانێ حکومەتا هەرێما کوردستانێ پێکڤە ژیان لێبووریناا ئاینی و نەتەوەییە، کو ئەڤە پتر وەزارەتا ئەوقافێ ڤێ گوزارشت ڤان تشت هاتبا کرن، کو موخابن هەتا یەك چالاکی من نەدیت هەتا سەرەدانێ کەنیساو پەرستگای ئێزیدیا تا ئێستا نەکریە، هەمی مامۆستا خزمەتگوزارێت ئاینێ ئێزیدی و کریستیانە لە هەمی کوردستانێ بێ مووچەنە، بۆچی وەکی مامۆستاو خزمەتگوزارێ ئاینێ ئیسلامی گەل وان ناهێتە کرن، بۆچی ئەوانیش خودان مووچە نینە ژی وەزارەتا؟ ئایا ئەڤە ناراگەیەنێت کو وەزارەتا ئەوقاف گو دیتنا یاساییدا ل پێدانێ دیتنا من وەزارەتا ئەوقافێ کو دیتنا یاسایی دان پێدانێ هەبوونا ئێزیدی و کریستیان ناکات، سەرەڕای هەندێك زەلامێت ئاینی ئێزیدی (750) کەسن ژی هەر چەند گەلەك هەولێ دەدات بزانێت کو چەند قەشەو مەتران و شاماشەو رەبەنیش هەنە لە ئەسنا شاماشە دەستخۆ بینن ل داخوام دکەم کو جەنابێ وەزیر بە روونی و ئاشکرا بەر سیڤت ڤان پرسیارێ مە بدات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز کامل حاجی علی/ وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئاینی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ وەڵامی پرسیاری یەکی ئەم خانمە، بۆ ڕێزلێنان لە ئافرەتان، بەیاننامەمان دەرکردووە، کە دەڵێت بەرامبەر بە ئافرەتان هیچ نەکراوە، لە رۆژی جیهانی ئافرەتان، ئەوە بەیاننامەکەیە، بەبۆنی ساڵیادی رۆژی ئافرەت لە جیهاندا ناسکترین و رازاوەترین پیرۆزبایی سەرجەم ئافرەتانی جیهان و ئافرەتانی کوردستان بەتایبەتی دەکەین و خوازیارین هەردەم لە خۆشی و شادی و کامەرانیدا بژین، سەرجەم ماف و ئامانجەکان بەرجەستە بکرێن لەسەرتانسەری جیهان، هەروەك روون و ئاشکرایە لەلای هەموو مرۆڤێکی ژیر کەوا ئافرەت لە تەرازووی شەریعەتی ئیسلامدا گرنگیەکی زۆری هەیەو خوای گەورە جەختی لەسەر کردۆتەوەو لە زۆر ئایەتدا ئاماژەی پێ کردووە لە قورئاندا، تەنانەت سورەتێکیشی ناو ناوە بە ئافرەت، لەسەر ئەم بنەما پتەو و رەسەنانە کە خوای گەورە ئادەمیزادی لەسەر دروست کردووەو رێزو پایەی بەرزیشی لێ ناوە وەك رەگەزی دووەم و نیوەی کۆمەڵ، کەوا خاوەن هەست و بیرو سروشت و ئێش و ئازارو ئاوات و پێداویستی دەفەرموێت (ولقد کرمنا بني آدم)، خانمان وەك دایك و خوشك و هاوسەرو کچ شان بە شانی رەگەزەکەی تر کە پیاوە، یەکەیەکی ئادەمیزادی پێك دەهێنن و تەواوکەری یەکترن و کۆمەڵگا بنیات دەنێن

و شارستانی دروست دەکەن و نەوەی دوارۆژ پێ دەگەیەنن، بۆیە خوای گەورە ئەم بەرنامە تەواوە بەنرخەی دارِشتووە بۆ مرۆڤ، کە پرِە لە ئاسوودەیی و یەکسانی و ئازادی پیاو و ئافرەت لە ماف و ئەرك و گشت بوارەکانی ژیان، هیچ بۆشاییەکی نەهێشتۆتەوە بۆ دەمارگیری و رەگەزپەرستی و جیاوازەکانی تر، ئاینی ئیسلام هەموو لایەنەکانی بە هاوسەنگی و هاورِێکی گرتۆتە خۆی، بەبێ فەرامۆش کردن و پەراوێز کردنی رەگەزو لایەنێك، ئومێدەوارین هەموو مرۆڤێك بەپیاو و خانمانەوە هاوکار بن لەپێناو دروشمی یەکسانی و سەربەخۆیی لەسەرجەم ولاَتانی جیهاندا، بۆ زالّ بوون بەسەر گرفتەکانی ژیانی جۆراوجۆرو دامەزراندنی شارستانیەت و مەدەنیەت و بەرپا بوونی ئاشتی و خۆشەویستی و بەزەیی و لە یەکتر بەخشین، لە ئیسلامدا موسلّمان و غەیر موسلّمان هەیە، کەمایەتی نییە، هەموو کەسێك ماف و حقوقی خۆی هەیە.

وەلاّمی پرسیاری دووەم/ کۆنفرانسی لەسەر ئەو رووبەرِوو بوونەوەیە گیراو کۆتایی پێ هات و هەموو پابەند بوون بە راسپاردەکانی کۆنفرانسەکەوە.

**بەرِێز سەرۆکی پەرلەمان:**

راستە، جەنابی وەزیر ئەم وەلاّمە وەلاّمی ئەو نییە، پرسیارەکانی ئەو شتێکی ترە، ئامینە زکری فەرموو.

**بەرِێز کامل حاجی علی/ وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئاینی:**

**بەرِێز سەرۆکی پەرلەمان.**

باشە پرسیار هەیە وەلاّمیان دەدەینەوە، ئێمە بەرپرس نین لە ژمارەی پلەی دامەزراندن لە دوو ساڵی 2008 و 2009، ساڵی 2010 لە ئەنجومەنی وەزیران، دوای ئەوەی وشەی جۆری کۆمەلاّیەتی لە پەرلەمان پەسند کرا، بۆ جاری دووەم کەس لێدوانی لەو بارەیەوە نەداوە لە مامۆستایان، هەروەها مامۆستا ئیسماعیل سوسەیی باسی کرد، لە کابینەی پێنجەم لابراوە لە وتاربێژی، لەلای ئێمە وتار بێژ نییە، ئاماژەت بەوە کرد (500) کەس بۆ وەزارەتی ئەوقاف دانراوە کە سێ بۆ مەسیحیەکان و سێ بۆ ئێزیدیەکان دانراوە، ئەو (500) کەسە دابەش کراون بە بەرِێوەبەرایەتیەکانی ئەوقاف، ئەمساڵ لیژنەکان لە ناوەندی پارێزگاکان دانران بۆ دامەزراندن، بەپێی فۆرم دامەزراندن کراوە، ئەوەی لە دیوانی وەزارەت بووە (24) کەسن، لەو (24) کەسە سێ دراوە بە مەسیحیەکان، سێ دراوە بە ئێزیدیەکان، پێنج دراوە بە هەیئەی حەج و عومرە، دووان دراوە بە ژمێریاری، دووان بۆ کۆمپیوتەر، دووان بۆ خەدەمات، دووان بۆ نووسینگەی وەزیر، یەکێك بۆ شوفێر، ئەوە کۆتایی چواردە کەسەکەیە بەبەر ئێمە کەوتووە، دامەزراندنی ساڵی پار لەلایەن وەزارەتی ئەوقافەوە، لەلایەن وەزارەتی ئەوقاف و ئەنجومەنی وەزیران کەسێکی بۆ ئێمە تەعین نەکردووە، هاتین پرسیارمان لە پەرلەمان کرد، سکالاّی خۆمان نووسی بۆ ئەنجومەنی وەزیران ئەو (120) کەسەی، ئەو (170) کەسەی کراوە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە دامەزراون، باسی نەسریەت کرد، بەرِێوەبەرایەتی ئەوقافی هەولێر کە (400) مزگەوتی هەیە، (300) مزگەوتی هەیە، نەسریەکەی پێنج ملیۆن دینارە، بەرِێوەبەرایەتی گشتی ئێزیدیەکانیش پێنج ملیۆن دینارە، بەرِێوەبەرایەتی مەسیحیەکانیش

پێنج ملیۆن دینارە، نەسریەی مانگانەیان، ئەمساڵ دوو سەیارە کڕاوە بۆ ئێزیدیەکان و یەکێکیش بۆ مەسیحیەکان، لیژنەی ئەوقاف لە پەرلەمان ئاگادارن کە وەزارەتی ئەوقاف زۆر بێ سەیارەیە، بەڵام بۆ ئەوەی کەوا قسە نەیەتە بەرامبەرمان ئێمە پێش هەموو کەسێك ئەو دوو سەیارەمان کڕیوە بۆ ئەو دوو بەڕێوەبەرایەتیە، مەسەلەی ئیفادات، ئەوەی ئەمساڵ و ساڵی پار، کە من لەم دوو ساڵەدا بووم، کە ڕۆیشتوون لە خۆیان پرسیار بکەن، لە بەڕێوەبەرایەتی دیوانی ئێمە پرسیار بکەن بزانن بە قەدەر هەموویان بۆ ئیفاد دەرنەچوون؟ لە یادی جەژنی ئێزیدیەکاندا ئەمساڵ پازدە ملیۆن دینار سەرف کراوە بۆیان، یەك دینار لە بۆنەی جەژنی ڕەمەزانی موسڵمانان و قوربان سەرف نەکراوە، ئەمەیە ئێمە جیاوازی دەکەین؟ بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری مەسیحیەکان بودجەی پەسندکراوی ساڵی 2010 (446) ملیۆن بووە، لەو پارەی خەرج کراو ساڵی 2010 (195666350) ملیۆن بووە تا 2010/7/1ـەوە تا 2010/12/31 خەرجی شەش مانگ بووە، بودجەی پەسند کراوی ساڵی 2011 (841) ملیۆن خەرج کراوە، تا 2011/11/30، یەعنی میزانیەی پەسند کراویان ئەوەندە بووە، (390) ملیۆن و پازدە هەزار خەرجیان بووە تا 2011/11/30، لەو هەشت سەد ملیۆنە.

میلاکات، ساڵی 2010 (18) کەسیان بووە، هەر لەو ساڵەدا کە من تیایدا موباشەرەم کردووە، پازدە کەسیان بۆ دامەزراوە بۆ وەزارەتی ئەوقاف، پێش ئەوە باسم کرد کە نەفەرێك بۆ ئێمە دانەمەزراوە، ئەوە ژمارەیان بوو بە (33) کەس لە ساڵی 2010، میلاکات ساڵی 2011، جگە لەم سێ کەسە نۆ کەسیان بۆ دامەزراوە، بۆ خۆمان هیچ نەبووە وەکو وەزارەت، بەڕێوەبەرایەتی مەسیحیەکان لە سلێمانی، بودجەی ساڵی 2010 (382) ملیۆن بووە، خەرج کراو (244897000) بووە، بودجەی ساڵی 2011 (252) ملیۆن بووە، خەرج کراو (164) ملیۆن بووە، لەگەڵ ئەوەشدا وەحدەی حیسابیان نەبووە، وەحدەی حیسابی لە وەزارەتی ئەوقاف لەم دوو ساڵە ئێمە وەحدەی حیسابیمان بۆ کردوونەتەوە، وەحدەی حیسابیان لەوەو پێش نەبووە، میزانیەیان بۆ دانەنراوە، لەم دوو ساڵە ئێمە میزانیەمان بۆ داناون، میلاکات لە سلێمانی شازدە کەس بوون، دوو کەسیشیان بەعەقد بووە، ئەو دوو کەسە عەقدەکەیان تەواو بووە لە سلێمانی ماونەتەوە چواردە کەس.

شەش/ نۆژەنکردنەوەی کەنیسەو مەزارگەکان، پەرستگاکان لەسەر داوای خۆیان دەکرێت، بۆ ئاگاداریتان لە ساڵی 2007 لەگەڵ بەڕێوەبەری گشتی مەسیحی کاك خالید، هەروەها بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان کاك حاجی جەمال ڕێککەوتوون لەسەر ئەوەی چۆن مزگەوتەکان تۆمار دەکرێت بەسەر وەزارەتی ئەوقافدا، ئاواش شوێنی کەنیسەکان تۆمار بکرێن بەناوی وەزارەتی ئەوقافەوەو نۆژەنکردنەوەیان بۆ دەکرێت، تا ئێستا کاك خالید نەهاتۆتە پێش کەوا کەنیسەکان تۆمار بکرێت بەناوی وەزارەتی ئەوقافەوە، چونکە کەنیسەکان تابیعی فاتیکانن، ناتوانن تۆماریان بکەن لەسەر وەزارەتی ئەوقافەوە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەمساڵ چواردە کۆمپیوتەر کڕاوە بۆ کەنیسەکانیان کە کۆمپیوتەرێك نەکڕاوە بۆ مزگەوت، لەیادی جەژنی ئێزیدیەکاندا ئەوەم باس کرد.

حەوتەم/ پیرۆزباییمان کردووە، بەڕێزان، پیرۆزباییمان کردووە بۆ جەژنی مەسیحیەکان، پارساڵ وەزیری ئەوقاف، سەرۆکی لیژنەی ئەوقاف پەرلەمان، سەرۆکی زانایان پێکەوە چووین بەناوی وەزارەتی ئەوقاف و پیرۆزباییمان لێ کردوون، هەروەها بەبۆنەی لە دایك بوونی مەسیحەوە حەزرەتی عیسا علیە سەلام بەیانمان دەرکردووەو پیرۆزباییشمان لێ کردوون، ئەوە دەقەکەشم لایە، ئەگەر دەڵێن دەیخوێنمەوە.

هەشتەم/ بۆ وەڵامی پرسیارەکەت وەك وەزارەت بەنووسراوی رەسمی نووسراومان بەرز کردۆتەوە بۆ ئەنجومەنی وەزیران، ئێمە سوپاست دەکەین لەو پرسیارە، کە داوای دەرماڵەو هەروەها موخەصەصاتی مەقتوعە دەکەین بۆ مامۆستایان و خادمی مزگەوتەکان، سوپاست دەکەین، ئەمە دەلالەت لەوە دەکات کەوا دەمانەوێت پێکەوە ژیانی زیاتر بەرقەرار بێت، بۆ وەڵامی پرسیارەکەت وەك وەزارەت بەنووسراوی رەسمی نووسراومان بەرز کردۆتەوە بۆ ئەنجومەنی وەزیران بۆ پێدانی دەرماڵە بە پێش نوێژو وتار خوێنان، ئەوانەی کە بێ بەرامبەر خزمەت دەکەن وەك پێش نوێژ، یان خادم داوای دەمەزراندنمان بۆ کردوون بۆ ساڵی پار کەسیان بۆ دانەمەزراندووین، ئەمساڵیش بەپێی فۆرم بووە، هەوڵیشمان داوە بە گرێبەست دایانمەزرێنین، بۆیان دانەمەزراندین، لە ئەستۆی حکومەتی هەرێمدایە ئەوەی کەوا دانامەزرێن و مامۆستا هەیە، خادم هەیە، چوار ساڵە بێ بەرامبەر لە مزگەوتێکدا ئیمامە گرێبەستی بۆ ناکەن، پێنج ساڵە لە گوندەکەی خۆیدا خەڵکی گوندەکەیە بە گرێبەست داینامەزرێنن.

نۆیەم/ قەشەکان و ئێزیدیەکان خۆیان نایانەوێت ببنە مونتەسیبی وەزارەتی ئەوقاف، ئیتر چۆن دابمەزرێن، هەر خۆیان نایانەوێت، بۆ ئێزیدیەکان ساڵی 2010 نۆ کەسمان بۆ دامەزراندوون، کە شەرەیان ڕاوێژکاری مەسیحیەکان بووە لە وەزارەتی ئەوقاف مۆڵەتی دیراسیمان پێداوەو، ئێستاش بۆ خوێندن لە ئیتاڵیایە بۆ وەرگرتنی بڕوانامەی دکتۆڕا، ئەوە وەڵامی پرسیارەکان بوو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، تەعقیبت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز امینە ذکری سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هێشتا من جوابێ پرسیار خۆ وەرنەگرتیە، بۆچی هەتا نوکە بودجە بۆ رێڤەبەریا گشتیا ئێزیدیا و رێڤەبەریا وان ل دهۆکێ نینە؟ ئەڤە چەندین جارا داخواز دکەم وەحدە حیساب بی ل دهۆکێ بێتە دانان بەس هەتا نوکە موافەقە لەسەر نەکریە، ئاخر بودجە نەهاتیە، ئەڤ مەعلوماتە من لە رێڤەبەریا گشتیا ئەوقاف ئێزیدیاو مەسیحی من وەرگرتیا، مەعقولە ئەو زانیاریە غەڵەت بدەنە مە، جەژنا ئێزیدیا هەتا نوکە جەنابێ تە پیرۆزبایی نەکریا، تێبینیا مەزن لەسەر هەی هەتا رێڤەبەریا یا بەشێ راگەیاندنێ نڤیسینا بەر جەنابێ وەزیرێ، جەنابێ وەزیر ئیمزا نەکریا، گوتیا ئەز ڤێ ئیمزا ناکەم، چونکە دەرەڤەی ئاینی ئیسلامیە، یەعنی بزەبت چ کەلیمەت بەکار هینایە ئەز نەشێم بێژم لێ بەرسڤا گوتی بلا رێڤەبەریا

گشتی ئەوقافە یا ئێزیدیا بەرسف بداتن، ژی لایەتی تر یەعنی بەڕاستی من ئینتیزاری جەنابێ وەزیری پەیڤا مە بەکار هینا با، نا پەیڤا وان و خۆمان، یەعنی بەڕاستی ئەڤە دیار بی جەنابێ وەزیرێ خۆ وەزیرێ موسڵمانان بتەنێ دەزانێ، ئەوقاف، ئەوقاڤ کاروباری ئاینیە، نەك تەنیا کاروباری ئیسلامیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز کامل حاجی علی/ وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئاینی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نەسریە لە بەڕێوەبەرایەتی ئەوقاڤ دهۆك نەسریەی ئێزیدیەکان نییە، نەسریەی ئێزیدیەکان لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئێزیدیەکان وەردەگرێت، تەلەفۆنم لەگەڵ بەڕێز کاك حاجی نەسرەت بەڕێوەبەری ئەوقاڤ دهۆك کرد، وتی تەنها فایلەکانیان لەلای ئێمەیە.

بەنیسبەت ئەو کتابی ئیمزایە توخوا جارێکی تر بیلێینەوە من زۆر باش حاڵی نەبووم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

دووبارەی بکەوە ئامینە خان.

**بەڕێز امینە ذکری سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەشی ڕاگەیاندنی یا وەزارەتێ نڤیسینا گەیشتە بەر دەستی جەنابت، مەقصەدی من ئەڤەیە جەنابێتە نە تەنها پیرۆزبایی جەژنا کریستیان و ئێزیدیەکان نەکر، جەنابێ سەرۆکێ پەرلەمانێ، نڤیسینا ڕەسمی بۆ پیرۆزبایی چووتە لای جەنابێ وەزیر کو جەژنا ئێزیدا پیرۆز بکات، ێی گوتیە ئەز ئیمزا ناکەم، بلا ڕێڤەبەریا ئەوقافە یا ئێزیدیا ئیمزا بکاتن، چونکە ئەڤە دەرەڤەی دینی ئیسلامیە، ئەڤە دەرەڤەی ئەو مەبادیئی ئیسلامیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕوون بوو جەنابی وەزیر دەڵێت نووسراوێکی ڕەسمی هاتووە بۆ پیرۆزبایی جەژنی ئێزیدیەکان جەنابت ئیمزات نەکردووە، فەرمووتە ئەمە لە دەرەوەی دینی ئیسلامی ئێمەیە، ناکرێت، فەرموو.

**بەڕێز کامل حاجی علی/ وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئاینی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێم باشە لە وەزارەتی ئەوقاف ئەو نووسراوەم بۆ بێنن، بۆ ئەوەی تەحقیقی تیا بکەین، لیژنەی ئەوقاڤ پەرلەمان ئاگادارە، چەند جار پێمان گوتوون لە بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکان پرسیار بکەن بزانن هەڵسوکەوتی ئێمە چۆن بووە لەگەڵیان، نازانم لە هەر شوێنێك نەمبیستووە ئەو دووانە باسی وەزارەتی ئەوقاف بکەم بەشێوازێك، کە ئەوان نەیانبیستووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار دكتۆره جیهان اسماعیل فەرموو.

**بەڕێز د.جیهان اسماعیل بینامین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من خۆ دوو پرسیار هەیە بۆ جەنابێ وەزیر، پرسیاری یەکەم/ تێبینی دەكەین كە لە پلانی بودجەی ساڵی 2011دا مەسیحیەكان لە پرۆژەو دامەزراندندا بێ بەش كراون، هۆیەكەی چیە؟ ئایا پلانتان چیە بۆ ساڵی 2012؟

ئەز حەز دكەم ڤێرێ هەندێ مولاحەزات بێژم، یەعنی سەر ڤێ پرسیار، جەنابێ وەزیرێ وەسا ئاخیر گوت ئەو مەسئولیەتا خۆ تیجاهێ ڤان هەردوو ڕێڤەبەریا باش پریڤە بەری ڕێڤەبەریا گشتیا مەسیحیەكان و ڕێڤەبەریا گشتیا ئێزیدیەكان، جەنابێ وی وەك وەزیر مەسئووله لەسەر هەمی ڕێڤەبەریا، نابێت وەك منەتێك لەسەر وان بێژیتن كو من وەسا كری وان و وەسا كری وانە، هەتا نوكە دائیرا ئەوەی مودیریات شئونی مەسیحی ل دهۆكێ و یێ ئێزیدی هەتا نوكە چ نەهاتیە كرن، دوو جارا ئەز چوویمەو موستەمر ئیتیسال ب مودیرا دائیرە دكەم هەتا نوكە خۆ موەزەفەك وانە تەعین نەبوویە سەر ساڵی 2011، (500) كەس بۆ هاتیە تەعین كرن، بۆچی بۆ وانە تەعین نەبووینە؟ ئەڤە دائیرەكە ئیش نییە یا هاتیە دامەزراندن، یەعنی هاتیە تەئسیس كرن، ڤە دوو ساڵە تەقریبەن، هەتا نوكە مودیر ل گەل دوو ئان سێ وەحدە حیسابی نینە، باشە ئەگەر دائیرەكە وەسا بیت، جەنابێ تە وەزیرا نە شێن نیزامێك بۆ وەزارەتا خۆ دانێن، كو ئەڤ ڕێڤەبەریا بە ڕێڤە ببەن، باسی ئیفادات كر، خۆ خەلكێ مە موحتاجی ئەو ئیفاداتانە نینە، كەسەك لە وەزارەتا بچیتە ئیفاد، ئەمە دبێژین كو حصەتا مە وەك تەعیناتە، وەك پرۆژە نەبوون، ئەڤە دوو ساڵە پەرلەمانی گەل لیژنا ئەوقاف پەرلەمان تشتەك بۆ وان نەهاتیتە كرن، نە كەنیسە بۆ مە، نە شوێنی ئاینیا برایت ئێزیدیا، ئەگەر ئەڤە ژی وێ ئیتارا دینیدا بێت و حەلال و حەرام دابنێن، ئەم ژی بزانین، چارەیەك بۆ بێتە كرن.

پرسیارا دوێ/ ئەو بوو پاش ڕووداوەكانی بادینان، پلانتان چیە بۆ دووبارە نەبوونەوەی و بۆ قوڵكردنەوەی گیانی تەبایی و بە یەكەوە ژیانی ئاینی؟ ئەڤەش ئیحتیماله جەنابێ وەزیر بێژتە من تیكراره، بەس من دڤێت تەئكید سەر نوقتە بكەم، چونكە پشتی حەفتی وێ حەفتێ من بە چاڤێ خۆ ئی ل تەلەفزۆنێ فەزائێ كوردی دیت چۆن ئەو وتار بێژن، ئەو مامۆستایان خوتبە گۆت، یەعنی بەشێوەیەك وەسا گوتی یەعنی تەشهیر بە خەڵك دكەت، یان مەسەلەن دبێژن تەصغیر بۆ ئەو، یەعنی تەصغیر كرنا ئەو وەزعە كر، ئەوەی لە زاخۆ كێ بوو؟ خۆ مەوزوع مەوزوعی ئەو نەبوو چەند مەحەلاتی مەشروب هاتنە سووتان، مەوزوع ئەوە بوو خەلكێك، میللەتێك بەر ترس بوون، یەعنی تەهدید لەسەر میللەتێك هەبوو، وەك مەسیحی، وەك ئێزیدی، پێت ڤیا ئەوا بەر چاڤ وەربگری، تاكو وتاری خۆ بێژیت لازمە وەسا خەلك تێ بگەیەنێت كو ئەم هەمی پێكەڤە لە وڵات دەژین، نا ئەڤە مەسەلەن دەبێژیتن وەللاهی سوباهی تەعویز

**کرنا بتڵەکا وێسکی، یا کارتۆنا وێسکی بدەنێ، خۆ ئەو مەوزوعە وێسکی نینـە، مەشـروبی نینـە، ئـەڤ تشـتە دەبێت بەر چاڤ وەربگرن، تاکو وتاری ئاینی بێتە گوتن لە مزگەوتدا، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**زۆر سوپاس، جەنابی وەزیر فەرموو.**

**بەڕێز کامل حاجی علی/ وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئاینی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**سوپاس، کردنـەوەی وەحـدەی حیسابی بـە دەسـتی وەزارەتـی ئـەوقاف نییـە، بـە دەسـتی وەزارەتـی داراییـە، پەیمانگامان هەیە لەوانەیە (800) کەس بن تـاکو ئێسـتا وەحـدەی حیسابیان بـۆ نەکردوونەتـەوە، چـونکە وەزارەتی دارایی نایکات، لە دوای رووداوەکە ئەوەی رۆژی هەینی کە باسمان کرد، من بە تەفسیلی بـۆم بـاس کردن، مامۆستایانی مزگەوتەکان لەوێ هەموویان موداخەلـەیان کـرد، کـە وتیـان ئێمـە شـانازی دەکـەین بـە هاووڵاتیان و هاونیشتمانیان ئەم ناوچەیە کە رۆژێك لە رۆژان لەسەر مەسیحی بوون، لەسەر ئێزیدی بـوون ئازار نەدراون و وتیان ئەو ئوتێلەی کە سووتاوە لە ساڵی 1970 هی هاووڵاتیەکی مەسیحیە، بۆ تاکو ئێسـتا کەس دەستکاری نەکردووە؟ خۆ دهۆك و شوێنەکانی تر کەی ئەوە بووە؟ وەکو باسمان کـرد گوتمـان قورئـان رێزی لە هەموو ئیسانەکان گرتووە، هەر بۆچوونێکیان هەبێت، پێغەمبەر دەفەرمووێت (لهم ما لنا وعلـيهم ما علينا) صحابەکانی پێغەمبـەر (اتـركهم مـا يـدينون)، ئـەوە بـزانن لـە زەمـانی پێغەمبـەردا دڵ رەقـەکانی قـورەیش مـەجالیان نـەدا موسـڵمانەکان لەگەڵیانـدا بـژین، پێغەمبـەری ئیسـلام (ص)، صـحابەکانی نـارد بـۆ حەبەشە، بۆ لای نەجاشی کە ئیمانی بە خوا هەبوو لەسەر دینی مەسیح بوو، پێکـەوە رێیـدان و پێکـەوەش ژیان، لە پاش ئـەوە وەفـدێك لـە حەبەشـە هـاتن بـۆ لای پێغەمبـەر بـۆ مەدینـە، کـەوا لـە بـری ئـەوەی رێـز لێنانێکی لێ گرتوون کە میوانداری کـردوون و بـە دەسـتی خـۆی نـانی بـۆ هێنـان و هێناویانـە مزگـەوت لـە ئیسلامدا ئەم شتانە نییە، خەڵکێك کە بەناوی ئیسلامەوە ئەگەر شتێك بکات ئەوە عیلاقـەی بـە ئیسـلام و قورئانەوە نییە، لەسەر دەمی عومەری کوڕی عبدالعزیزدا.........**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**تکایە جەنابی وەزیـر تـەنیا وەڵامی پرسیارەکان بدەوە، نەچـینە شـەرحی رابـردوو چـۆن بـوو، چـۆن نـەبوو، ئەوە مەسەلەی ترە، ئەو ئەندامە بەڕێزەی پەرلەمان پرسیاری کرد جـەنابت وەڵام بـدەوە، چـونکە پرسـیار زۆر زۆرن، وەختیش کەمە، بۆیە ئەگەر وا بچین زۆری دەبات، تکایە تەرکیز بکەنـە سـەر پرسـیارەکان، ئـەو ئەندامـە بەڕێزانـەش کـە پرسـیاریان کـردووە بـە نووسـراو ناردیانـە لـە پرسـیارەکەی خۆیـان دەرنەچـن و شەرحیش نەکەن، بەس پرسیارەکە عەرز بکەن، فەرموو.**

**بەڕێز کامل حاجی علی/ وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئاینی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**زۆر سوپاس، ئەوە جوابەکەی بوو.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، تەعقیبت هەیە؟ زۆر سوپاس ڕێزدار كاوە محمد امین فەرموو.

**بەڕێز كاوە محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێنج پرسیارم هەبوو بۆ جەنابی وەزیر، بەڵام سێ پرسیار وەڵامم وەرگرتەوە، لە سیاقی وەڵامدانەوەی هاوكارانم كە پێشتر پرسیاریان كردو، وەڵامی سێ پرسیارم وەرگرتەوە، بەڵام دوو پرسیارم بە كورتی هەیە:

پرسیارێكیان/ ئەوەیە ئەو وەفدانەی كوردستان كەوا بەشدار دەبن لە كۆنگرەو لە بۆنەو كۆنفرانسە جیهانی ئاینیەكان تا چەند سوودیان هەبووە بۆ ناساندنی وەزعی كوردستان و هەڵوێستی كۆنگرەی جیهانی ئیسلامی دەربارەی هەرێمی كوردستان چۆن بووە؟ بەڵكو بەڕێزتان روون كردنەوەیەكی كورتمان بۆ باس بكەن.

پرسیارێكی ترم/ ئەوەیە هەندێ جار ئەو ئەركە دینیانە واجیباتی دینی بە سیاسی دەكرێتن، بۆ نموونە نوێژ كردن لە گۆڕەپانەكان و سەر شەقام لەبەردەمی كامیراو دوای پەخش كردنی لە كەناڵەكان، بێگومان ئەوە بۆ جێ بەجێ كردنی واجیباتی ئاین پەرستی نییە، بەڵكو زیاتر بۆ مەرامی سیاسی و مەبەستی تری لە پشتەوەیە، ئایا ئێوە وەكو وەزارەت چ هەڵوێستێكتان هەیە لەسەر ئەو رەفتارانە كە بۆ مەرامی سیاسی بەكار دێت؟ نەك بۆ مەرامی ئاینی؟ ئایا هیچ ئیجرائات بەرامبەر ئەو رەفتارانە كردووە، ئەو ئەركەی جێ بەجێ كردنی واجیباتەكە بۆ مەرامێكی تایبەتی سیاسی بەكار دێت؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز كامل حاجی علی/ وەزیری ئەوقاف و كاروباری ئاینی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڵێ زۆر بەباشی هەموو شاندەكانی وەزارەت كە بەشدار بوون لە بۆنەو كۆنگرەو كۆنفرانسە ئاینیەكاندا روخساری جوانی كوردەواریمان پێ نیشانداون، بەتایبەتی لە وڵاتی میسرو لە قاهیرە بەتایبەتی لە جامیعیە ئەزهەری لێیە، پەیوەندی باشمان هەیە، هەروەها لەگەڵ دیوانی وەقفی سونی و دیوانی وەقفی شیعی پەیوەندییەكانمان بەرەو باشتر دەڕۆن، ئەمساڵ وەفدێكی كوردستانی بەشداری كۆنگرەی یەكەمی تەصەوفی كرد لە قاهیرە، كە نزیكەی (70) كەس لە هەرێمی كوردستانەوە هەم بەناوی سەرۆكی هەرێمەوە كە بەرپرسی یەكێتی زانایان رۆیشت، هەم بەناوی وەزارەتەوە، هەم بەناوی مەجموعە مامۆستایەك بەناوی تەصەوفەوە بەشداریان تیا كرد، كە دەوری كاریگەریان هەبووە، خۆم دوو جار رۆیشتووم بۆ میسر بەشداری كۆنگرەم كردووە بەناوی نوێنەری كوردستانیەوە، خۆشبەختانە لەناو ئەم هەموو وڵاتانە لەسەر مەنەصەكە نووسیوویانە كوردستانی، چونكە میسر لە هەموو وڵاتانی عەرەبی لەگەڵ میللەتەكەمان باشتر

بووە، هەردەم باشتریش دەبێت ئینشائەڵلا، باسی ئەو دەورو ستەمەی کە لە گەلی کورد کرا بوو گەیاندمانە بەشدار بووان، لەگەڵ وەفدێك بەشداریمان کرد لە کۆنگرەی بەرشەلۆنە لە وڵاتی ئیسپانیا، نوێژ لەپێناوی ئاشتیدا، کە بە جلی کوردیەوە توانیمان وتاری وەزارەتی ئەوقافی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەیان بکەین و موداخەلەمان کردووە، زۆر رازی بوون بەو وەفدەی کە لە بەرشەلۆنە گیرا، ئەمساڵ وەفدێکمان بەشداری کۆنگرەی شاری مینۆخی کرد لە ئەڵمانیا، کۆنگرەکە بەناوی پێکەوە ژیان بوو، بەڕێز کاك شێخ محەمەد شاکلی و بەڕێوەبەرایەتی گشتی مەسیحیەکان و بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئێزیدیەکان و بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوانی وەزارەت بوون، هەروەها وەفدێکمان سەردانی ئەمریکایان کرد، هەروەها پەیوەندیمان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران و تورکیاش باشن، لە سعودیە رێزو ئیحتیرامی نوێنەران و حاجیانی ئێمە لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە هەیە وەکو حاجیانی کوردستان، بەڵێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، تەعقیبت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز کاوە محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵامی پرسیارەکەی من ئەوەی نوێژ لە گۆڕەپان دەکرێت بۆ مەرامی سیاسی، ئەگەر وەڵامان بداتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز کامل حاجی علی/ وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئاینی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە وەکو وەزارەتی ئەوقاف بەرپرسین لە مزگەوتەکان، ئەگەر مەقصەدی ئەوە بێت لە مزگەوتەکە جێی نابێتەوە، دێنە شەقامەکان، ئەوە حەقی خۆیانە هاتوون نوێژ بکەن، بەڵام ئەگەر مەقصەدیان شتێکی ترە، ئێمە بەرپرسین لە مامۆستایانی خۆمان کە لەکاتی دەوامدا نابێت مزگەوتەکەیان بەجێ بهێڵن بە کتاب بۆمان نووسیوون و ئاگادارمان کردۆتەوەو هەر کەسێك لەکاتی ئەرکی خۆیدا لە مزگەوتەکەی، یان لە مەدرەسە ئاینیەکەی، یان لە هەر شوێنێکەوە پەیوەندی بە وەزارەتی ئەوقافەوە بێت، دڵنیامان کردوون کە بەجێی بهێڵن ئیجرائاتیان بەرامبەر دەکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار دکتۆرە رۆژان فەرموو.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی جەنابی وەزیر دەکەم، دوو پرسیارم هەیە:

پرسیاری یەکەم/ تایبەتە بە ئەرکەکانی وەزارەت، کە بەپێی یاسای وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی ژمارە (13)ی ساڵی 2007 یەك لە ئەرکەکان لە مادده دوو تەرخان کراوە بۆ ئەرکەکانی وەزارەت، لە بڕگەی شەشەمی ئەو ماددەیە باس لەوە دەکات کە یەك لە ئەرکەکانی وەزارەت پتەو کردنی پەیوەندی و پێکەوە ژیانە لەنێوان ئاین و ئاینزاکان لە هەرێمی کوردستان، پرسیارەکەم ئەوەیە تا ئێستا وەزارەت هەنگاوەکانی چی بوون لەپێناو جێ بەجێ کردنی ئەو ئەرکە؟ مەبەستم هەنگاوە عەمەلیەکانە.

پرسیاری دووەمم/ تایبەتە بە ڕێکارە کارگێڕی و بەرزەفتکاریەکان بەرامبەر ئەوانەی کە لە وتارەکان زمانی توندوتیژی بەکار دێنن، یان هانی خەڵك دەدەن بۆ بەکار هێنانی توندوتیژی و ئەنجامدانی کاری توندوتیژی، بەڕێزت لە وەڵامت بۆ پرسیاری هەندێك پەرلەمانتاران باست لە چەند ڕێکارێك کرد، کە تا ئێستا وەزارەت وەریگرتووە دەرهەق ئەو کەسانەی کە زمانی توندوتیژی بەکار دەهێنن، بەڵام وامان بۆ دەرکەوت کە ئەو ڕێکارانە تاکو ئێستا هیچ سوودی نەبووە، من مەبەستم ئەوە نییە کە بەشداری کردنی مامۆستایان لە خول، یان گواستنەوەیان، یان دەرکردنی بەیاننامە، پلانی وەزارەت چیە کە ئەو ڕێکارانەی ئێستا، تاکو ئێستا جێ بەجێتان کردووە سوودی نەبووە؟ پلانتان لە ئایندە چیە دەرهەق ئەو کەسانەی کەوا پێشێلی یاسای وەزارەت دەکەن و پێشێلی ڕێنماییەکانی وەزارەت دەکەن؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز کامل حاجی علی/ وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئاینی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس، هەندێك پرسیار وەکو خۆی باسی کرد لە بەڕێزەکانی پێشوو وەڵاممان داوەتەوە، توندوتیژی لەگەڵ ئیسلامدا ناگونجێت، بەس ناکرێت لێرە لەم ماوە کەمە ئێمە باسی ئەوە بە تەفسیلی بکەین لە یەکتر بگەین، لە نووسراوەکاندا، لە وتارەکانماندا، لە کۆبوونەوەکانماندا، لە هاتنی وەفدی دەرەوەی وڵات بە شاهێد دانی خەڵکی غەیری کوردستان، برادەرانی مەسیحی لە وڵاتانی غەربیەوە کە هاتوون شاهێدیان داوە ئەو پێکەوە ژیانەی، ئەو برایەتی و یەك ریزیەی، ئەو هاونیشتمانیانەی کە لەم هەرێمە بینومانە، لە وڵاتانی دەوروبەردا نەبووە، بەڵێ بە ئەرکی خۆمان هەستاوین بەتایبەتی لە بڕگەی شەش لە یاسای ژمارە(13) ی ساڵی 2007، ئەوەی کە لەمەوپێش باسمان کرد بەکردەوە ئەنجاممان دابوو، وە ئەتوانن پرسیار لەو بەڕێزانە بکەن کە لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی مەسیحی و لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئێزیدیەکاندان، ئێمە وەکو باس دەکەین چەندجار وتوومانە ئەو بەڕێزانە لە کۆبوونەوەی مامۆستایانی ئاینیدا قەشەمان بانگ کردووە بۆ ناو کۆبوونەوەکان، لە شەقڵاوە لەو شوێنانەی کە هەبوون لە زاخۆ، لە کۆبوونەوەی وەفدەکاندا کە هاتوون سەردانی ئێمە دەکەن، کاك خالد بانگ کراوە جاری واش هەبووە کاك ئێزدی کە لەوێ بووبێت بانگمان کردوون بەشدار بوون لەو کۆبوونەوانەدا، جیاوازی و شتی وا ناوەشێتەوە لە ئێمە، ناکرێت چونکە ئینسانە، ئەرکێکی موسوڵمانانەیە، ئیلتیزامێکی دینیم هەیە ناتوانم جیاوازی لەنێوان ئەوانە بکەم کە

هەڵگری هەر بیروباوەڕێك بن، بەڵام ئێمە هەموومان هاونیشتیمانین، هەموومان خزمەتی ئەم وڵاتە بکەین، هەمووومان پێویستیمان بەیەك هەیە، بە هاوکاری یەکتری هەیە، ئەو خاڵە گرنگانەی کە هەیە، ڕوو ئەکاتە هەمووومان، ئەوەی کە پێغەمبەر (ص) چۆن لەدەستووری مەدەنیدا من پابەند بم بە فەرمانەکانی ئەو پێغەمبەرەوە جولەکەی تێدا بوو، بێ بڕوای تێدا بوو، مەسیحی تێدا بوو، موسوڵمانی تێدا بوو، وتیان هەمووومان دیفاع لەم خاکە بکەین، ئێمەش ئەوەی لەم کوردستانەدایە ئەوەی پێویستە جێبەجێکراوە، ئەوەی وەکو ماددەی 140 وەکو ئەوەی کە سنووری کوردستان لەسەر هەمووومانە، هەر شتێك ڕووبکاتە ئەم وڵاتە ڕوو دەکاتە هەمووومان، وەکو کەشتیەکە وایە سەرو خواری ئەبێت هەمووی پارێزگاری لێ بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تەعقیبت هەیە؟، باشە نیە، زۆر سوپاس، ڕێزدار نیشتمان مرشد، فەرموو.

**بەڕێز نیشتمان مرشد صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی جەنابی وەزیر دەکەم، بەڕێز من تەنها یەك پرسیارم هەیە، ئەوەیە کە دروست کردنی مزگەوت کارێکی گرنگ و پێویستە، بەڵام ئەمڕۆ لەپاڵ مزگەوت هۆڵی پرسەی ژنان پێویستیەکی ترە، چونکە لەکاتی پرسەکاندا ئەرکی کەسانی خاوەن مردوو زیاتر دەکات، هەندێ کاتیش شوێنیان نیە بۆ پرسە، بۆیە دەپرسم وەزارەت هەنگاو و پلانی چیە لەم بارەیەوە؟، ئایا بەرنامەیان هەیە کە ئەولەویەت بدەن بە دروست کردنی ئەم هۆڵانە پێش دروست کردنی مزگەوت؟، لەکاتێکدا ئێمە دەبینین خەڵکانی خاوەن مردوو، چەند نیگەرانن لە کەمی جێگا بۆ ئەوەی پرسەی ژنانی لێ دابنێن، بۆیە ناچارن پەنا بەرنە بەر خێمەیەك لەناوەندی شەقام هەڵی بدەن و ڕێگا لەکەسانی تریش بگرن، کە ئەمە دەبێتە هۆی کێشە بۆ هاووڵاتیانی تر، ئێستا خەڵك زۆر داواکارن کە لەهەموو شوێنەکان، بۆ ئەوەی هۆڵی پرسە ئایینیەکانیان بۆ دروست بکەن، تەنها لەوەی کە هەندێ شوێن هەیەتی کە زۆر زۆر باشە، بەڵام لە زۆر شوێن نیە، کە ئەو خەڵکانەی شوێنیان بچووکەو ناتوانن پرسەکان لە خانوویەکی بچووکدا بەسەر بەرن، کە ئەوە پێویستە وەزارەت چاوی پێدا بخشێنێتەوە، لەکاتی دروست کردنی هەر مزگەوتێکدا بیر لەوەش بکرێتەوە کە هۆڵی پرسەی ژنانی تێدا دروست بکرێت، کە ئەمە کارێکی زۆر زۆر گرنگە، بەنیسبەت خەڵکی کوردستان، وە ئەو کەسانەی کە شوێنیان بچووکەو نیانە بەڕاستی زۆر داوا دەکەن کە ئەمەیان بۆ بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز کامل حاجی علی( وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەستخۆشیت لێ دەکەم بۆ پرسیارەکەت، بەڵێ گرنگی زیاتر بە دروست کردنـی هـۆڵی ژنـان بـدرێت، لەمـەو بەدوا هەوڵی جدی دەدەین بۆیان و داواشمان کردووە لـە خێرخـوازان کـە ئـەوە ڕەچـاو بکـەن و گرنگـی پـێ بـدەن، وە لەسـاڵانی داهـاتوودا دەیخەینــە نــاو پرۆژەکانــەوە، بەهــەمان شــێوە دەیخەینــە نــاو لیســتی وەبەرهێنانیشەوە، کە یەکێك بێت لەو پرۆژانە، ئێستاش لە هەندێ شوێن لەکوردستاندا هـۆڵی ژنـان هەیـە، وە ئێمـە لـە سلێمانی لەناوچەی شارەزوورو هەڵەبجـە و ئەوانـە هـۆڵی ژنـان چـەند سـاڵێکە هەیـە، وە زۆر ئاسانکارییە بۆ ئەو کەسانەی کە ئەزیزێکیان لێ دەمرێت، وە بەپشتیوانی خوای گەورە هەوڵی جدی دەدەین کەوا ئەمە کارێکی زۆر باشە، بۆ ئەوەی ئاسانکاری بکرێت بۆ ئەو مەسەلەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، تەعقیبت هەیە؟، باشە سوپاس، ڕێزدار قادر حسن، فەرموو.

**بەڕێز قادر حسن قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا بـەخێرهاتنی بـەڕێز وەزیـری ئـەوقاف و کاروبـاری ئـایینی دەکـەم، دەمـەوێ سـێ پرسـیار ئاراسـتەی بەڕێزیان بکەم بەکورتی، ئومێدەوارم وەڵامی پێویستم دەست بکەوێت، پرسیاری یەکەم: بـەڕێز جـەنابی وەزیر ئایا ناکرێت وەك چۆن مامۆستایانی ئـاینی لەمێـژووی بزووتنـەوەی ڕێزگاریخوازی گـەلی کوردسـتان ڕۆڵی بەرچاویان هـەبووە، لەپـەروەردە کـردن وئاراسـتەکردنی خـەڵك بـەگیانی نەتـەوەو نیشـتمانپەروەری، ئێستاش پەیامەکانیان بە ئاراستەی خۆشەویستی گەل و نیشتمان و پاراستنی ئەم ئەزموونە خۆشەویست و دیموکراسیە بن، کە بەری ڕەنج و خەبات و قوربانی دانی دەیان ساڵەی گـەلی کوردسـتانە، پرسـیاری دووەم: جەنابی وەزیر ناکرێ لە بۆنە ئاینیەکان، موسوڵمان و مەسیحی و ئێزیدیەکان و ئایینـەکانی تـر لەهـەرێمی کوردستان، مامۆسـتایانی ئـایینی هەموو لایـەك بەشـداری لـە بۆنـە ئایینیـەکانی یـەکتری بکـەن، بـۆ ئـەوەی خەڵکی هەموو ئاینەکان ئەم واقیعە ببینن، کە بێشك دەبێتە مایەی دڵنیایی و پێکـەوە ژیـان وپەیوەنـدی و دۆسـتایەتی زیـاتری نێـوان سـەرجەم ئایینـەکان، چونکە بـەم مەشهەدە جوانـە ئینتیبـاعێکی جوانیش بـۆ خــەڵکی ســەرجەم ئایینــەکان دروســت دەبێــت، ئایــا وەزارەتــی ئــەوقاف لــەم بارەیــەوە هــیچ هــەنگاوێکی هاویشـتووە؟، پرسـیاری سـێیەم: بـەو پێیـەی کـە زۆربـەی زۆری خـەڵکی کوردسـتان موسـوڵمانن و هـەموو ڕۆژانی هەینی بەسەدان هەزار خەڵك بەشداری لە نوێژی هەینی و گوێگرتن لە خوتبەی مامۆستایانی ئاینی دەگرن، ئەرکێك و بەرپرسـیارێتیەکی گـەورە ئەکەوێتـە سـەر شـانی مامۆسـتایان، بـۆ ئـەوەی لـەم فورسـەتە کەڵك وەربگرن وماموٚستایان لە پەیامەکانیانـدا گیـانی تـەبایی و برایـەتی و پێکـەوە ژیـان لـەناخی خەڵکدا پتەو بکەن، بەڵام بەداخەوە هەندێجار پێچەوانەکەی دەبیندرێت، هەندێ لە وتار بێـژی مزگەوتـەکان مـاف بـەخۆیان دەدەن فتـوا بـدەن وئـەمر ونـەهی بکـەن و بەپێچـەوانەی یاسـا و بڕیـاری حکومـەت قسـە بکـەن، بەکـەیفی خۆیــان ئاراســتەی خــەڵك بکــەن، ئایـا ئەمــە ڕەوایــە؟، ئایـا تــاکو ئێســتا وەزارەتــی ئــەوقاف چ ئیجرائاتێکیان بەرامبەر بەمانە کردووە؟، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕوونكردنەوەیەك دەربارەی دانیشتنەكە دەدەم، هەموو بەڕێزێك، هەموو پەرلەمانتارەكان ڕێزیان هەیە بۆ گشت ئاینەكان، دژی ئاینێكی بەخصوص نیە، وە ئیتیهامی هیچ ئاینێك ناكەن، نە ئاینی ئیسلام، نە ئاینەكانی مەسیحی و ئێزیدی، تەنها ڕوونكردنەوەكان بۆ ئەوەیە، ئایا وەزارەتی ئەوقاف و كاروباری ئایینی لەكاروباری خۆی بەدروستی هەستاوە، خزمەتی خەڵكی كوردستانی بەدروستی بەپێی ئەو یاسایەی كە هەیەتی و ئەو بودجەیەی كە هەیەتی كردوویەتی؟، تكایە لەم ڕوانگەیەوە ڕوونكردنەوە بدرێت، نەك دیفاع لە ئاینێك بكرێت دژی ئاینێكی تر، خەلەلێك كە هەیە ئایا وەزارەتی ئەوقاف بەرپرسیارێتی هەیە، كەمتەرخەمی هەیە یان نا؟، جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز كامل حاجی علی(وەزیری ئەوقاف و كاروباری ئایینی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس جەنابی سەرۆك، وەڵامی بەڕێز كاك قادر، نەك ناكرێت، بەڵكو دەبێت گرنگی زیاتر بەو بوارە بدەین، هەردەم و چەندجار تەئكید كراوەتەوە مێژووی نەتەوەكەمان، بەسەرهاتەكانمان، كیمیاوی باران، حەملەی بەد ناوی ئەنفال، دەربەدەری، وێرانكردنی شار ودێهاتەكانمان، خۆشەویستی بۆ گەل و نیشتمان و قەوم وهاونیشتیمانیان، لەوبارەیەوە ئێمە تەوەرێك لەباسەكان لەگەڵ مامۆستایاندا هەردەم باسی مێژووی نەتەوەكەمانە، هەروەها شانازی دەكەین كەئەوانەی پێشەوای شۆڕشەكانی كوردیان كردووە، ئەو مامۆستایانە بوون كە لایەنی قەومی و دینیان وەك یەك گرتووە، وەلای ئێمەش هەردووكیان لازم و مەلزومی یەكن، وە هەردەم مامۆستایانی ئاینیش بەوە مەشهورن كەزۆر باسی قەومەكەی خۆیان دەكەن، لەوتارەكانیان لە موحازەرەكانی ناو مزگەوتەكانیان، ئەگەر مامۆستایەكیش ڕۆژێك لەڕۆژان یان كەسێك لەشوێنێك قسەیەكی كردبێت ئەوە ناكەوێتە سەر هەموو مامۆستایان، یان نەخراوەتە سەر هەموو كورد، لەبەر ئەوە ئێمە شانازی دەكەین بەو مامۆستایانەوە كە لەو بوارەی بەنیسبەت نەتەوایەتی، بەنیسبەت هاونیشتمانێتی، یەعنی خەڵكیان فێری ئەوە كردووە كە سۆزی نەتەوایەتیان هەبێت، بەنیسبەت هەبوونی ماف بەسەر یەكترییەوە، هەموومان مافمان بەسەر یەكترەوە هەیە، لەوەڵامی پرسیاری پەرلەمانتارە بەڕێزەكان ئەمانەمان زۆر وەڵامدایەوە، تێناگەم ئەم پرسیارە بۆ ئەوەندە دووبارە دەبێتەوە، كەی موسوڵمان و غەیری موسوڵمان لە كوردستان بارگرژی لەنێوانیاندا هەیە، لەسەر دین؟، كەی بووە؟، تێم بگەیەنین، لە چ ساڵێك ولە چ شوێنێك لەنێوان موسوڵمان و غەیری موسوڵمان لەسەر دین ناكۆكی بووبێت؟، لەناوچەی ئێمە لە هەڵەبجە كاكەیی هەیە، هاتووچۆی یەكتری دەكەین، بۆ تەعزێی یەكتری دەچین، نانی یەكتری دەخۆین، بەشدار دەبین لە بۆنەكانی یەكتری، لەناو شارەكان ماڵەكان تێكەڵی یەكترین، هەتا ئێستا نەی وتووە موسوڵمانێك یان كەسێك گلەیی لێ كردووم، وەزارەتی ئەوقاف ئەو فەرهەنگەی هەڵگرتووە، وەزیری ئەوقاف لەو شوێنە هەڵقولاوە كە ئەو فەرهەنگە جوانەی كوردەواری دروست بووە، حەتا بۆ پرسەی یەكتری دەچین، هەروەها ئاشكرایە لە سلێمانی و هەولێر و دهۆكیش بەهەمان شێوەیە،

بەڵكو بەزیاتریش بەپشتیوانی خوای گەورە ئەوە بووە، ڕۆژی هەینی ڕابردوو ئەوە باسمان كرد، ئەگەر دوو ماموستاش لە حاڵەتێكدا لێی تێك بچێت، ئێمە ئیجرائاتی لەگەڵ دەكەین، و كردوومانە، بەڵام خۆ ئێستا لێرەوە دیار نیە بلێن كوا منیش بلێم ئەوەتا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، تەعقیبت هەیە كاك قادر؟، فەرموو.

**بەڕێز قادر حسن قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من نەم وتووە ناكۆكی هەیە، وتم ناكرێت لە بۆنە ئایینیەكان مەسەلەن لە بۆنەی لەدایك بوونی حەزرەت مەسیح، لەجەژنی قوربان، لە هی ڕەمەزان، لەدایك بوونی پێغەمبەر(ص)، زانایانی ئایینی بەشداری لەبۆنەكانی یەكتری بكەن؟، بەڕەسمی لە تەلەفزیۆن پیشان بدرێت تاكو خەڵك ببیبنێت، تا دڵنیاییەك لەناو خەڵكدا دروست بێت، كە هیچ جیاوازییەك لەنێوان ئەم ئایینانەدا نیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز كامل حاجی علی(وەزیری ئەوقاف و كاروباری ئاینی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمەش هانیان دەدەین كە بچن، ئێمەش بڕیارمانداوە كەبچن، بەس كە نەچن خۆ تۆ بەزۆر كەس نانێریت، بەڵام باس ئەكرێت خەڵكێكی زۆر هەیە ئەوەی كردووە، كاكە ژن خواستن هەیە لەنێوان یەكتریدا، خواردن بۆ یەكتری ئەبەن، بەس ئەگەر كەسانێك نەبن خۆ نابێت بەزۆر بیاننێریت، ماموستا هەیە خۆی ناچێت تەبیعەتی وایە، خۆ ئەمە ئیسلام حەرامی نەكردووە، بەس خۆی ناچێت، خۆ بەزۆریش نابێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار صباح بیت الله، فەرموو.

**بەڕێز صباح بیت الله شكری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەرەتا بەخێرهاتنی جەنابی وەزیر دەكەم، من سێ پرسیارم هەیە لە جەنابی وەزیر، پرسیاری یەكەم: لەزۆر شوێن موئەزن یان قورئان خوێن، لەجیاتی ئیمام و خەتیب خوتبە پێشكەش دەكەن لەسەر مینبەری مزگەوتەكان، ئایا ئەمە ڕاستە؟، وەزارەت چ پلانێكی هەیە بۆچارەسەری ئەم بابەتە، پرسیاری دووەم: هەروەكو هەموومان ئاگادارین، ڕوون و ئاشكرایە فتوا دەركردن كاری ئەنجومەنی فتوایە لەهەرێمی كوردستان، بەڵام دەبینین هەندێ لەبەڕێزان ئیمام و خەتیبەكان دووبارەی دەكەمەوە كە هەندێك، لەسەر مینبەری مزگەوتەكان فتوا دەردەكەن، ئایا وەزارەتی ئەوقاف و كاروباری ئایینی چ ئیجرائاتی هەبووە؟،

پرسیاری سێیەم: پەیمانگای زانستە ئیسلامیەکان کە دەبێت بۆ ئەو مامۆستا ئایینیە بەڕێزانە بێت کەبڕوانامەی تێدا وەربگرن، کەچی دەبینین لەم پەیمانگایەدا مامۆستای فوتابخانە، دەرچووی کشتوکاڵ، دەرچووی پیشەسازی، دەرچووی بازرگانی تێدایە، کە خەڵکیەتێکن باگراوندێکی ئاینیان نیە، ئایا دەکرێت لەماوەیەکی کەمدا ئەمانە بڕوانامەی ئاینی وەربگرن و ببن بە وتاربێژ وئیمام و خەتیب؟، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار جەنابی وەزیر، فەرموو.

**بەڕێز کامل حاجی علی(وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە (قاريء) و بانگێژ گەر لە لادێیەك دا کەسمان نەبوو، تەنسیب دەکرێن بە ئیمام، کەس نیە لادێیەکە (50) ماڵی تیایە، جومعەشیان لەسەرە، هەر بۆ ئەوەی جومعەکەیان لەسەر لابچێ، گوناهبار نەبن، ئەو کەسەی کەوا لەوێ یە و شارەزایە و تەنسیب کراوە بە ئیمام جومعەیان بۆ دەکات، لەوانەشەوە هیچ شتێ ڕووی نەداوە و نەوتراوە و نەبیستراوە، لەوانەش کەوا شتێك بڵێن بەرامبەر بە ئەوەی کەوا خەڵکێك نیگەران بکەن، گەر شارەزاییەك هەبوو بۆ ئەوەی نوێژی جومعە لەسەر ئەهلی دێکە لاببات، ئەوەشمان هەر نەبووە، چونکە بە قەراری وەزارەتی ئەوقاف دەبێ بێت، نوێژی جومعەیە، ئێستا لە زۆر شوێن لە قەزا و ناحییەکان هەتا ناوەندی پارێزگاکان، بۆ لادێکان نوێژی جومعەیان بۆ دەکەن، لەوێ ئیمامان نیە وەکو باسم کرد، داوای دوو هەزار کەسمان کردووە بۆ دامەزراندن کە دوو هەزار مزگەوت، (1800) مزگەوت هەیە کە بێ ئیمام و خەتیبن وەکو ناونیشانی ئیمام و خەتیب، بەڵام کە نەبێ، ئێمە لە قەزا و ناحییەکان مامۆستایەك کە عینوانەکەی ئیمامە دەینێرین بۆ لادێکە، بۆ گوندەکە کەوا پێش نوێژی و هەتا جومعەکەیان بۆ بکات، بۆ هاتوچۆکەی مانگی (50) هەزاریانیان دەدەینێ، شوێنی وا هەیە، بەڕێوەبەرایەتی وا هەیە (50) هەزارەکەشیان ناداتێ، ئەو مامۆستایانەی کە خۆیان وتاریان نیە، ئەوانە دەنێرین، فتوادان لە وتاری هەینی دا نەماوە، دوای ئەو (14) خاڵە کە تەعمیممان کرد، هەمووتان گوێتان لێ بوو، هەر کەسێ دیراسەی بکات و بیخوێنێتەوە، لەوە زیاتر ئێمە ناتوانین چی بکەین یەعنی؟ چی بڵێین؟ چی بێژین پێیان؟ فەتوادان ڕوونکردنەوەیە لەسەر هەندێك مەسائیل، لێژنەی فەتوا بەیانی دەکات، بە نووسین و بە ڕەسمی، لە ئۆفیسی خۆیەوە، فەتوا بە دەم ناوترێ، لە کەس وەرناگیرێ، دەبێ بنووسێ، بە ڕەسمی، ئەگینا حەرام و حەلال حەق و باتل خوای گەورە دایناوە، پێغەمبەری خوا ڕوونی کردۆتەوە، ئەوە ناتوانێ کەس بیگۆڕێ، ئەگەر حەرام بوو بێت من ناتوانم فەتوای لەسەر بدەم، کەسێکی تر ناتوانێ فەتوای بدات، شتێك کە حەلالە فەتوای ناوێ، ڕوونکردنەوە لەسەر ئەو شتانە هەیە کە خەڵکانێك لێی ناگەن، یان شتێکی تازەی دێتە پێشەوە کە عیلمێکی باشی هەیە، لە ئەکادیمی دا شارەزایە، لە سەردەم دا شارەزایە، ئاگای لە عیلمەکانی ترە، وەکو چاندنی ئەندامێکی تر لە شوێنێکی ئینسان دا، ئایا ئەوە دەبێ یان نابێ؟ گۆڕانکاری شتی تر لە شتێك دا، ئایا ئەوە دەبێ یان نابێ؟ ئەگینا ئەوەی کە حەرام و حەلالە حەق و باتلە

خوا جیای کردۆتەوە، پێویست بە کەس ناکات خۆی ماندوو بکات، کەسیش ناتوانێ خۆی بکا بە حاکمی خوا، لە جیاتی خوا قسە بکات، کە سەوابیتی ئیسلامی هەبووە واتا ئەحکامە نەگۆڕەکانی ئیسلام بۆ کەس نیە دەستکاری بکات، لە فیقهی ئیسلامی دا زانایانی ئیسلامی و شارەزایان لە دین ڕاوێژ بەیەکتر دەکەن، ئێستا فەتوای جەماعی هەیە، لەوەی ئەوسا فەتوایەك، کەسێك فەتوای دا، یەکسەر تا کۆك نەبن ناتوانن فەتواکە بدەن، زانایان کۆکن لەسەر ئەوەی ئەساسی شەریعەتی ئیسلام لەسەر جەلبی مەصالح و (درء المفاسد) دروست بووە، وەڵامی پرسیاری سێیەمی بەڕێزت، پەیمانگا زانستە ئیسلامییەکان بۆ مەدارسە ئیسلامییەکانە، بەڵام ئێمە هەماهەنگیمان لەگەڵ وەزارەتی پەروەردە، لەگەڵ وەزارەتی خوێندنی باڵا هەیە، لە (10٪)ی ئەوانەی دەرچووی شەشی وێژەیی وەزارەتی پەروەردەن، (10٪)یان لای ئێمە وەردەگیرێت، ئەوانەی بەشی زانستین لە (5٪)یان لای ئێمە وەردەگیرێت، ئەمساڵ لە ڕێگای قبولی مەرکەزییەوە دەرچووانی مەداریسەکانی وەزارەتی ئەوقاف دابەش کراون، هەر چۆن دەرچووانی وەزارەتی پەروەردە لە قبولی مەرکەزییەوە دابەش کراون، مەداریسەکانی وەزارەتی ئەوقافیش بەو شێوەیە دابەش کراون، لە کۆلێژەکان و پەیمانگاکان چ لە وەزارەتی خوێندنی باڵا بێ، چ ئەوەی تابیعی وەزارەتی ئەوقاف بێ، وەکو پەیمانگا زانستە ئیسلامییەکان، قوتابییانی سەر بە وەزارەتی ئەوقاف دەرسە ئەکادیمییەکان و علومە شەرعییەکان دەخوێنن، کەسێکیش خەلفییەی ئاینی نەبێت ناکرێت بە ئیمام، ئەوانەش کە دەرچووی شەریعەن موقابەلە دەکرێن، لەبەردەم ئەنجومەنی زانستی و وەزارەت دا، ئەوەی کولیەی شەریعەشی هەیە، ئەوەی پەیمانگا زانسیتییەکان نا ئەوەی کە دەعوە و خیتابەیان هەیە، ئەوەی کولیەی شەریعەیە، چونکە هەیە خەلفییەی دینی نیە وەکو جەنابت باست کرد، لە ئەنجومەنی زانستی موقابەلەیان دەکرێ، ئەگەر توانای نەبێ نایکەنبە ئیمام و خەتیب، یان هەیە خەریجی کولیەی شەریعەیە ئیمام و خەتیبی ناوێ، دەیەوێ لە بەشی یاسا لە مولاحیزییەك، لە شوێنێك خۆی دابمەزرێنێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، تەعقیبت هەیە؟ زۆر سوپاس، ڕێزدار دکتۆر بشیر خلیل حداد، فەرموو.

**بەڕێز د.بشیر خلیل توفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا بەخێر هاتنی جەنابی وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئاینی دەکەم، سوپاسی دەکەم بۆ ئەو ماندووبوونە، لە سەرەتادا پێم خۆش بوو (نبذة)یەکی موفەصەلتری بدابایە دەربارەی کارو چالاکییەکانی وەزارەت، ئێستا ئەو پرسیارانە....

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە پرسیارەکانت، ڕجائەن بەس بە پرسیار، فەرموو.

**بەڕێز د.بشیر خلیل توفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڵێ، پرسیاری یەکەم/ لە پرۆژەکانی بودجەی ساڵانی 2009 و 2010 و 2011 کە لە وەزارەتەکەی جەنابیان دا جێبەجێ دەکرێ، ئەوانە چەندیان جێبەجێ کراون و چەندیان تا ئێستا بەردەوامە و جێبەجێ نەکراون؟، ئەگەر جێبەجێ نەکراون، هۆی جێبەجێ نەکردنەکەیان چی یە؟ بۆ تاخیر بوون؟ پرسیاری دووەم/ وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی دیارە مولکێکی زۆری هەیە بە ناوی مولکی وەقف، هەر ناوی وەزارەتەکەش وەزارەتی ئەوقاف بە ناوی ئەو مولکانەوەیە، جا مولکەکە دەبێ خانوو بێ، دەکرێ زەوی بێ، دەکرێ باخ بێ، دەکرێ دوکان بێ، هەتا باڵەخانەشیان هەیە، مولکێکی زۆر و واریداتێکی زۆریان هەیە لە وەزارەتی ئەوقاف، ئایا داهاتی ئەوانە چەندە؟ ئەگەر بە داتا پێمان بڵێ/ داهاتی وەقفەکان، ئەملاکی وەقفی چەندە؟ چی لێ دێت؟ چۆن ئەوانە کاری لەسەر دەکرێ؟ ئایا وەك پێویست بە شێوەیەکی شەرعی و بە شێوەیەکی قانونی ئەوانە سوودیان لێ وەردەگیرێت بۆ کاروبارەکانی کە بۆی دانراوە؟ پرسیارێکی دیکەش ئەوەیە کە ئێمە تەماشا دەکەین لە یاسای وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی ساڵی (2007) ژمارە (13) 2007 لەوێ شتێك هاتووە کە بەڕێوەبەری پارێزگاکان دەبێ بە ناونیشانی بەڕێوەبەری گشتی بێ، بەڵام ئێستا بەڕێوەبەری گشتی نین، تەنها لە یەك موحافەزە، بەس هەولێر بەڕێوەبەری گشتی یە، ئەوانیش بەڕێوەبەرایەتییەکانی ئەوقاف هەر هەموویان شارو شارۆچکەکانی کوردستان گلەیی ئەوەیان هەیە کەوا دەسەڵاتی پێویستیان پێ نادرێ، بۆ ڕاپەراندنی کارەکانی خۆیان، لە پاشان دا پێمان خۆشە کە ڕووداوێك دوێنێ ڕوویداوە، سووتاندنی مەدرەسەکەی ڕانیە کە جەنابی ئاماژەی پێدا، زیاتر تەفصیلم پێ بدات چی لێهات؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێز جەنابی وەزیر، فەرموو.

**بەڕێز کامل حاجی علی وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئاینی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەربارەی پرۆژەکان، پرۆژە بەردەوامەکانی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی بۆ ساڵی 2011، پرۆژەکانی پلانی 2010 و 2011، دروست کردنی هۆڵی بۆنە و دوو خانوو لە شەقلاوە لە 100٪ تەواو بووە، تێبینی ناوەندە، دروست کردنی هۆڵی بۆنە لە کۆیە لە 100٪ تەواو بووە و باشە، دروستکردنی هۆڵی بۆنە لە سۆران لە 100٪ تەواو بووە، دروست کردنی هۆڵی بۆنە لە مێرگەسوور لە 100٪ تەواو بووە، دروستکردنی منارە لە بلێ و سەڵاحەددین لەگەڵ یەك خانوو لە بلێ لە 100٪ تەواو بووە، دروستکردنی باڵاخانەی شاری حاجیان لە 100٪ تەواو بووە، کۆی هەمووی دوو ملیارو سێ سەدو نەوەدو دوو ملیۆن بووە، دروستکردنی مزگەوتی گوندی بادی کە (18) بە (10)یە لە دهۆك، لە 100٪ تەواو بووە، دروستکردنی مزگەوتی کۆمەڵگای خەرابە (21) بە (15)یە لە 100٪ تەواو بووە، دروستکردنی هۆڵی بۆنە لە کەلەکچی

دهۆك لـه 100٪ تـەواو بـووە، دروسـتكردنی قوتابخانـەو بەشـی نـاوخۆیی لـە دهـۆك لـە 70٪ تـەواو بـووە، دروستكردنی خانووی ئیمام لە مزگەوتی خەبات، نۆژەن كردنەوەی مزگەوتی سوارەتووكە، نۆژەنكردنـەوەی مزگەوتی خەبات، نۆژەنكردنـەوەی بینـای ئـەوقافی شـێخان لـە 100٪ تـەواو بـووە، دروسـتكردنی مزگـەوتی شێخانۆك نزیك رۆفیا (18) بە (10) لە 100٪ تەواو بووە، دروستكردنی هـۆڵی بۆنـە (18) بـە (20) لـە سـەنتەری ئـاكرێ زۆر باشـە لـە 100٪ تـەواو بـووە، دروسـتكردنی مزگـەوت لـە گونـدی گلكـەكوان نزیـك قەسـرۆك (18) بـە (10) لـە 100٪ تـەواو بـووە، دروسـتكردنی قوتابخانــەی ئـاینی لـە ئـاكرێ گـەرەكی سەرهەڵدان لە (80٪) تەواو بووە، دروستكردنی خـانووی ئیمـام لـە ئـاكرێ گـەڕەكی سـەرهەڵدان لـە 100٪ تەواو بووە، دروستكردنی مزگەوتی سەنتەری ئاكرێ گەڕەكی (11)ی ئەیلول (18) بە (10) لە 75٪ تەواو بووە، زەوییەكەی زۆر خراپە ئەو موددە زەمەنییەی بۆی دانراوە، كـەم بـووە، بۆیـە لـە كـاتی خۆیـدا تـەواو نەبووە، دروستكردنی مزگەوتی میرباڵا لە ناحیـەی بجێـل، نزیـك بێخمـە لـە 75٪ی تـەواو بـووە، شـوێنەكە دوورە لە ئاوەدانی، دروستكردنی مزگەوتی گوندی قەسرۆك شۆش 95٪ تەواو بـووە، دروسـتكردنی گونـدی شەرامش لە 100٪ تەواو بووە 52 ڕۆژ پلەی ساردی، (30) ڕۆژ لێم گۆڕین، دروستكردنی مزگـەوتی (21) بە (15) لە زاخـۆ سـەرهەڵدان لـە 100٪ تـەواو بـووە، دروسـتكردنی مزگـەوتی گونـدی قـومری لـە 100٪ تەواو بووە، دروستكردنی هۆڵی بۆنە لە مزگەوتی هیزل لە 100٪ تەواو بووە، دروستكردنی خانووی ئیمام لـە گونـدی جـەلكی لـە 100٪ تـەواو بـووە، نـۆژەن كردنـەوەی مزگـەوتی خـەلیل لـە 100٪ تـەواو بـووە، نۆژەنكردنەوەی مزگەوتی سەلاحەددین لە 100٪ تەواو بووە، نۆژەنكردنەوەی مزگەوتی فورقان لە 100٪ تەواو بووە، دروستكردنی مزگەوتی چوارقورنە (18) بە (10) لە 100٪ تەواو بـووە، دروسـتكردنی هـۆڵی بۆنە لە ڕانیە لە 100٪ تەواو بووە، دروستكردنی مزگەوتی  گوندی كەرەك ناحیـەی سـەركەپكان لـە 90٪ تــەواو بــووە، دروســتكردنی مزگــەوتی كــانی ســپیكە تانجــەڕۆ (18) بــە (10) لــە 100٪ تــەواو بــووە، دروستكردنی قوتابخانەی ئاینی و هۆڵی بۆنەكان، نۆژەنكردنەوە لە مزگەوتی مەلا عبدالكریم مودەریس لـە سلێمانی لە 100٪ تەواو بووە، ئێستاش پەیمانگاكانمان لەوێدایە، لەو مزگەوتەدایـە، دروسـت كردنـی هـۆڵی بۆنە (8) بە (20) لە 100٪ تەواو بووە لە ئەلبان بەكرەجۆ، دروستكردنی بینای بەڕێوەبەرایەتی ئەوقاف و شارەزوور لە سەید سادق لە 100٪ تەواو بووە، دروستكردنی هۆڵی بۆنە ئاینییـەكان لـە سـەید سـادق لـە 100٪ تەواو بووە، دروست كردنی مزگەوتی هەڵەبجەی تازە لە زەڕایـەن قـەزای شـارەزوور (18) بـە (10) لە 100٪ تەواو بووە، دروستكردنی مزگەوت لە قەزای هەڵەبجە (18) بە (10) تەواو بـووە، دروسـتكردنی سێ مزگەوتی نموونەیی لە شۆڕش و سەنگاو و كەلار و هۆڵی بۆنەو خانووی ئیمام لـە چەمچـەماڵ لـە 75٪ تەواو بووە، ئەویش بە بۆنەی ئەوەوە چەند جارێك موهەندیسەكەیان بانگ كردووە بە موختەبەر تاقییان كـردووە دیوارەكـەی تێكچووە، جارێكیـان ڕەشـەبا لایـەكی دیوارەكـەی تێكـدابوو، لەبـەر ئـەوە لێژنـە چـۆتە سەری، ئیجرائـاتی خۆیـان كـردووە كـە تـەواو نـەبووە لـە كـاتی خۆیـدا، ئەوانـەی كـە تـەواو بـوون لـە سـاڵی 2010، دروسـتكردنی (10) مزگـەوت لەگـەڵ دوو هـۆڵ لـە مـەخموور هـەموویان تـەواو بـوون، تێكـدان و

دروستکردنەوەی مزگەوتی تۆپزاوە لە بنەسڵاوە تەواو بووە، نۆژەنکردنەوەی تەکیەی هیران، تەواو بووە لە هیران، فراوان کردنی مزگەوتی پاشکۆز لە گەڵاڵە، تەواو بووە، دروستکردنی مزگەوتێك و هۆڵی بۆنە ئاینییەکان لە بلێ بارزان ، تەواو بووە، دروست کردنی سەید ئەحمەدی خانەقا لە کەرکووك تەواو بووە، دروستکردنی هۆڵی بۆنەکان لە گوندی تۆپزاوەی داقوق تەواو بووە، دروست کردنی سیاجی مزگەوتی شەهید علی عەسکەری لە چەمچەماڵ تەواو بووە، دروستکردنی فوتابخانەی ئاینی و هۆڵی نۆژەنکردنەوە لە ناو مزگەوتی ملا عبدالکریمی مودەریس تەواو بووە، نۆژەنکردنەوەی مزگەوتی خلیل فورقان سەلاحەددین تەواو بووە، نۆژەنکردنەوەی سێ مزگەوت لە زاخۆ تەواو بووە، ئەوانەی ئەمساڵ خۆتان دەزانن میزانیە پەسند کرا، هەندێکیشیان ئیعلانیان بۆ کردووە لەبەرئەوەی کە پارەکەی کەمە، شوێنەکەی دوورە، شوێنەکەی خراپە، مقاوەلەکان نایگرن، لەبەرئەوە دواکەوتووە، حەقیش نییە مزگەوتێك زۆر دوور بێ و، هەروەها مزگەوتێکیش لەناو شار بێ و لە ناو مەرکەز بێ هەروەکو یەك مەساحەیان وەك یەك بێ و هەروەکو یەکیش پارەیان بدەنێ، حەقی خۆیەتی چاوخشاندنێ بەو مەسەلەیەدا بکرێ، دروست کردنی مزگەوتی پەرپیتان لەگەڵ خانووی ئیمام کۆمپانیاکە ناوی (ئاوزارە)و مهندس (ابوبکر) ئیشرافی دەکات، بە 360 ڕۆژ لە مانگی 10ی 2011ـەوە دەستی پێ کردووە، دروست کردنی مزگەوتی چۆمەزەردە لە ناوچەی پردێ لە مانگی 2011 ەوە ئەویش سێ سەد ڕۆژە سەربەست محمد موهەندیس ئیشرافی دەکات، دروست کردنی هۆڵی بۆنەکان (20) بە (20) لە ناحیەی پیران مێرگەسۆر ئیعلانی بۆ کراوە، دروست کردنی هۆڵی بۆنە لە گوندی باز دەڤەری بارزان ئیعلانی بۆ کراوە، دروست کردنی هۆڵی بۆنە لە مزگەوتی شارۆچکەی بلێ ئیعلانی بۆ کراوە، ڕووخان و دووبارە دروست کردنەوەی مزگەوتی دهۆك لە ڕێزان کۆمپانیای قەلەندەر وەریگرتووە لە 2011/12/1ـەوە دەستی بەکار کردووە، بۆ ماوەی 360 ڕۆژ سێ موهەندیس ئیشرافی دەکەن، دڵسۆز و سالار و ئازاد، ئەمانەش ئیعلانیان بۆ کراوەو خەڵك نەهاتوون پێویست دەکات بیانخوێنینەوە؟، ئەوەی ناوچە دابڕاوەکان، بیخوێنمەوە؟ وەڵامی پرسیاری دووەم بۆ بەڕێز جەنابی د.بشیر، بەکرێدانی زەوی ژمارە ئەوەندە لە گوێڕ بەشێوەی موساتەحە، ژمارە 125، فرۆشتنی زەویەکانی بریفکان و کڕینی باڵەخانە لە دهۆك 47 قتعە، سەرلەنوێ کردنەوەی ئەوەلیاتی بەناوکردنی مزگەوتی سەواف، ئەوە تۆمار کراوە ئەوسا تۆمار نەکرابوو، ئێستا تۆمار کراوە بەناوی وەزارەتی ئەوقافەوە، ئەمانە هی وەقفەکانن، بەناو کردنی شاری حاجیان لە هەولێر بەناوی وەزارەتی ئەوقافەوە، دابین کردنی 2 هەزار مەتر دوجا لە بەردەڕەش بۆ تێبینەرایەتی ئەوقافی بەردەڕەش، گەڕانەوەی بینایەی مەدرەسەری مەلا یەحیا لە دهۆك، نەیان داوە جوهدێکی زۆر کراوە، لە ڕێگەی یاساناسانی خۆمانەوە وەریانگرتووەتەوە، قەرەبوو کردنەوەمان لە جیاتی گۆڕستانی شمك زەڕا بە 11 پارچە زەوی لە دهۆك وەرگرتنی بڕی 274 ملیۆن لە جیاتی بردنی زەوی کە نەخۆشخانەی فریاکەوتنی لەسەر دروست کرابوو، وەرگرتنی زەوی بۆ وەستانی ئۆتۆمبیل بۆ مزگەوتی تەقوا لە هەولێر، دۆزینەوەی ئەوەلیاتی موڵکی ژمارە 114 لەسەر 2546 لە هەولێر کە ڕووبەرەکەی 1740 م دووجایە بەناوی وەزارەتمانەوە، بەناوکردنی زەوی ژمارە 40 گوندی خۆران لە

شەقڵاوە بەناوی وەزارەتمان بە پێی حجەی وەقف، وەرگرتنی زەوی بۆ بەڕێوبەرایەتی حەج و عومرە لە دهۆك، دەستبەسەراگرتنی مەوقوفاتی مزگەوتی سەنیە خان لە هەولێر، زیاد کردنی حەوت ملیۆن لە واریداتی باڵەخانەی ڕاین مۆڵ لە هەولێر، سەرلەنوێ تۆمارکردنی مزگەوتی بیلالی حەبەشی بەناوی وەزارتمانەوە کە پێشتر بەناوی شارەوانی بووە لە هەولێر، کرینی دوو خانوو بۆ فراوانکردنی مزگەوتی بیلالی حەبەشی لە هەولێر، دەست بەسەراگرتنی مەوقوفاتی مزگەوتی حاجی مولود لە هەولێر، بەناوکردنی سێ خانوو کە کڕابوون لە هەولێر بەناوی وەزارەتمانەوە وەك وەقفێکی مەزبوت، بەناو کردنی خانووی ژمارە 110 چل و پێنج وارش بەناوی وەزارەتمانەوە بۆ فراوان کردنی مزگەوتی شەهید عمر لە هەولێر، پارچە ئەرزێ بوو مزگەوتەکە بچووك بوو و کابرا خانووەکەی فرۆشت و ئێمەش لەسەر ئەو وەقفەی کە مامۆستا باسی کرد ئەرزەکەیمان کڕیوە، تەرخان کردنی زەوی بۆ ئەوقافی شارەزوور، تەرخان کردنی زەوی بۆ مەسیحیەکان د.جیهان، دۆزینەوەی ئەوەلیاتی زەوی ژمارە 7، 5177، 93 حسارۆك بە کرێدانی بەشێوەی موساتەحە لە هەولێر، وەرگرتنەوەی مەساحەی سوق ئاکرێ و سەرلەنوێ بەکرێدانەوەی لە ئاکرێ، بەکرێدانی زەوی ژمارە 2 لە ........ .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر ئەوە وەڵامی پرسیارەکانی د.بشیر نیە، ڕەنگە تێکەڵیەك هەبێ، جەنابی د.بشیر تەعقیبت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز د.بشیر خلیل حەداد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من نەمگوت ماڵەوخانەم بۆ بژمێرێ، من گوتم داهاتەکان چەندە و چی لێ دێت؟ هەر ئەوەندە؟.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز کامل حاجی علی(وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

داهاتی ساڵی 2010 ( یەك ملیار و چوار سەد و نەوەد و سێ ملیۆنە)، داهاتی ساڵی 2011 زیادی کردووە ( یەك ملیار و حەوت سەد و شەست و حەوت ملیۆنە)، ئێمە حسابێکی تایبەتیمان هەیە لەم پارەیە لە هەولێر، شەش خانوومان بۆ ئیمام و فەرمانبەران کڕیوە، دوو خانوو بۆ فراوان کردنی مزگەوتی بیلالی حەبەشی کڕاوە، ئێستاش ڕەزامەندی وەرگیرا لە مزگەوتی خدیجە کبرا کەوا قاتی سەرەوە دروست بکرێت بۆ پەیمانگا کە جێیان نابێتەوە قوتابیەکان، لە دهۆك یەك باڵەخانە کڕاوە کە شەش شوقەیە و هۆڵێکی گەورەیە، لە زاخۆ شەش خانووی پێکڕاوە، لە سلێمانی تەنها پارچە زەویەك کڕاوە بۆ مزگەوتی گەورەی سلێمانی بە 18 ملیۆن دینار، ئەم پارەیەی کەماوەتەوە لە بانکەکانی هەرێم دانراوە کە حسابێکی

تایبەتیمان بۆ کراوە بە ڕەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتی دارایی و تێکەڵی پارەی بانك ناکرێت، زۆر سوپاس، ئەو سەلاحیاتانەی کە ئێمە بە بەڕێوبەریەتی گشتیمان داوە بەڕێوبەرایەتی گشتی دەیدات بە بەڕێوبەرایەتیەکانی ئەوقاف لە دەرەوەی ناوەندی پارێزگاکان، ئەوەی کە پرسیاری کرد کاکە دکتۆر لە پرسیارەکەدا نەبوو کەوا سێ بەڕێوبەرایەتیە گشتیەکە بۆچی دانەنراون؟ چونکو برایەکی تر پرسیارەکەی کردو وەڵامم داوەتەوە لە شوێنی خۆی دا، ئەو سێ بەڕێوبەرایەتیە بەهۆی دوو ئیدارییەوە پارتی و یەکێتی تا ئێستا وەستاندوویانە، لە مانگی 10 ی ئەمساڵ و لە ساڵی 2011 لەلایەن سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە بڕیاری دانانی بەڕێوبەرایەتی گشتی هەولێری داوە کە کاك شێخ قاسم ئیتر ئەوانی تر ماوەنەتەوە، ئێمە نووسراوێکمان نووسیوە بۆ ئەنجومەنی وەزیران ئایا وەزیری ئەوقاف هیچ پەیوەندیەکی هەیە بە دانانی ئەو بەڕێوبەرایەتیانەوە؟، ڕاوێژی پێ دەکرێ یان ڕاستەوخۆ هەر لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە و لە سەرۆکی هەرێمەوە بڕیاری بۆ دەردەچێ؟، دەسەڵاتەکان، من وەزیر تا ئێستا دوو سەد و پەنجا هەزار دینار سەلاحیەتی ئەوەم هەیە وەکو موکافەئە کە موکافەئە وەکو پێدانە بە مووەزەفێك بۆ فەقیرێك بۆ نەخۆشێك، بۆ بەڕێوبەرایەتی گشتی دوو سەد و پەنجا هەزار دینارەکەم نووسیوە، ئەوە سەلاحیەتی دراوە، ئەو سەلاحیاتانەی کە ئەمە زۆر زۆرن بیخوێنمەوە، لەوانەیە سەعاتێك ببات، ئەگەر مەجال دەدەن با بیخوێنمەوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس کاك دکتۆر تەعقیبت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز د.بشیر خلیل حەداد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مەبەستمان فەرمانبەرەکان لە زمنی بەڕێوبەراتیەکان دەبێ ئیللا ئەوانە بگەڕێنەوە ئەو وەزارەتانە، ئەم دەسەڵاتە نەدراوە بە بەڕێوبەرایەتیەکان.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز کامل حاجی علی(وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئاینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس، ئێمە دەسەڵاتەکەمان داوە بە بەڕێوبەراتیە گشتیەکان، هەتا بۆ وەزارەت ئاسانترە کە پێنج بەڕێوبەرایەتی بێن و ڕووبەڕووی ببنەوە و یەك کەس بێ ڕووبەڕووی ببێتەوە، چونکە کارئاسانیەکە بۆ وەزارەت دەکرێت، ئەوە شتێکی باشە، بەلام بە پێی تەعلیماتی وەزارەتی دارایی، بە پێی پلە و دەرەجە سەلاحیەتەکان دەگۆڕێ، لەوانەیە تا دەرەجە سێ وەزیر بیکات، نەقڵ کردنی ئیمام و خەتیبەکان لە سەلاحیەتی وەزیر خۆیەتی، ئیتر ئەوانی تر لە سەلاحیەتی بەڕێوبەراتیە گشتیەکانە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس كاك شڤان فەرموو.

**بەڕێز شڤان احمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من سێ پرسیارم لە جەنابی وەزیر هەیە، پرسیارێكی من جوابی دا تەقریبەن، لە زمنی پرسیارەكانی كاك د.بەشیر بوو، پرسیاری یەكەمم مەسەلەی حەج، جەنابی وەزیر بەخۆت دەزانی جەنابتان لەئێمەش ئاگادارترن لە ئەو موئتەمەرە دەولیەی كە لە وڵاتانی ئیسلامی دەكرێت، حەج لە هەموو ساڵێك و عومرە بەشێوەیكی دائیمی بەردەوام، ئەم موئتەمەرە ئێمە وەكو كورد نەمانتوانیوە خۆمان بۆ ئامادە بكەین، بە تەنزیمی و بەرێك و پێكی بەشداری لەو موئتەمەرە بكەین، هەموو ساڵێك بە دونیایەك گلەیی و كەم و كوڕی، بێزاری خەڵك بۆ وەزارەتی جەنابتان دەگەڕێتەوە، لەوێ تەلەفۆن دەكرێت، ئێمە لێرە موداخەلە دەكەین، چەندین حالەت تكرار بووینەوە، چ بەرنامەیەكتان هەیە بۆ تەنزیم كردنی ئەو موئتەمەرە، بۆ سەرخستنی و بۆ بەشداری كردنی ئەم موئتەمەرە؟، بەشێوەیەك ئێمە بتوانین وەكو كورد بەشداریەكی كارامان تێدا هەبێ، سوودێكی باشمان هەبێ، ئایا وەختی ئەوە نەهاتووە كە ئیهتیمامێكی جدی تری پێبدرێت، بە دانانی موئەسەسەیەكی تایبەت بە حەج و عومرە، كە وەكو لە وڵاتانی ئیسلامی هەیە، بتوانین بەشێوەیەكی كاراتر، كێشەو گرفتەكانی ئەم موئتەمەرە چارەسەر بكەین، بەشداری ئەم موئتەمەرە بكەین و چارەسەری بكەین، سوودی لێ وەربگرین، ئەوە پرسیاری یەكەمە، پرسیاری دووەمم، لەسەر ئەو وەزعەی كە من دەیبینم لە شارەكانی كوردستان، وێڕای ئەوەی كە سیانە دەستی پێ كردووە، لە زۆربەی مزگەوتەكان، بەخۆشحاڵیەوە دەڵێم، بەڵام لە ئاستێكی زۆر خراپ دانە، ئەو سیاناتانەی كە من بینیومە، زۆربەی هەرە زۆری ئەو مزگەوتانەی كە هەریەك لە ئێمە ڕووی تێدەكات، پەرژین بێت، یەعنی ئینسان بێزی لێ دەبێتەوە، كە جێگەی تەهارەو جێگەی خاوێنی جێی ئەوەیە، پیاو بێزی لێ دەبێتە بچێت لەو مزگەوتە، نەوەك جێگەی نوێژ بەڵكو جێگەی دەستونوێژ شوشتن، جێگەی پێویستی ڕۆژانە هەقیقەتەن ئەوە شتێكی گەلەك خراپە، شتێكی گەلەك ناشیرینە هەم بە وڵاتەكەمان، هەم بە خودی ئیسلام كە دینی تەهارەو دینی خاوێنیە، هەم لە نەبوونی جدیەتی ئێمە لەو مەسەلەیە، ئایا ئەو پارەیەی كە وەكو میزانیە ساڵانە بەشی ئەمە ناكات؟، كە خادم بۆ چارەسەری ئەم كێشانە دابنێنن، من ئاگادارم مزگەوتێكی گەورە لەناو شاری دهۆك، مزگەوتی گەورە و مەشهورە، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان دەزانن لە دهۆك، یەك خادیمەی هەیە، ئەو هەموو شارە تەقریبەن لە ناوەڕاستی شارە، یەك خادمی هەیە، خەڵكی خێرخواز پارە خڕدەكاتەوە، بە كرێكار دەست شۆری و ئەوانە خاوێن دەكاتەوە، ئەمە لە شەئنی وەزارەتیك و لەە شەئنی دینی ئیسلام كەم ناكات؟، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز کامل حاجی علی(وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئاینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

گرفتی حەج و عومرە ساڵانە بەشی خۆی هەبووە، بەڵام ساڵ بەساڵ چاکتر بووەو باشتر بووە، ئێمە خۆمان ساڵی پار لەگەڵ بەڕێز د.بەشیر ڕۆیشتین، ئەو لەوێ بوو وەکو لیژنەی ئەوقاف، هەروەها لیژنەی فەتوابوون، ئەوەی بەڕێز باسی دەکات کاك شڤان، ئەوە دەوڵەتێك دەوڵەتداری ئەتوانێ وەکو شێوازێکی کۆنگرەی ساڵانە کە دەوڵەتەکان ئەیکەن، ئێمە ساڵی پار کە من بەشدار بووم، بەناوی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە، لە کۆنگرەی عیراقی من وتارم دا، بەڵام ئەوان نیسبەتێکی زۆر پارە سەرف دەکەن لەسەر حاجیانی عیراقی، لەوانەیە مەجموعەیەکی زۆر پارە سەرف دەکەن، لەبەر ئەوەی مەرکەزیە، بەناوی عیراقەوە دەیکات، ئێمە کە چووین ساڵی پار، وتمان هەوڵ بدەین لە دوو شت وەزارەتی ئەوقاف لە ڕێگای بەڕێوەبەرایەتی گشتی حەج و عومرەوە، دوو شت سەربەخۆ بکەین، یەکێکیان سەکەن، ئەوە بوو ساڵی ئەمساڵ خۆشبەختانە سەکەنەکە بە سەربەخۆیی گرتمان، خۆمان گرتمان، دووەم، نەقل کردن، جوهدمان کرد، پێشنیاری زۆر کەسیش بوو، خەڵکیش زۆر ڕازی بوو بەم مەسەلەیە، کەوا تەیارەش خۆمان بیگرین وەکو سەربەخۆ، بەڵام هەیئەیی عیراقی لەبەر ئەوەی کەوا ئێمە تابعی عیراقین، نەیان هێشت ئەو مەسەلەیە سەربگرێت، ئەگینا بەرەو سەرگرتن چوو بوو، لە ئاخیر لەحزە کەوا لە مستەوای باڵا، جێگری هەیئەی باڵای عیراقی، لەگەڵ مودیریەتی مەدەنی، مودیریەتی تەیەران لە فڕۆکەخانەی مەدینە، ئەو مەسەلەیەی ڕەت کردبۆوە، کەوا لە زاخۆ تاوەکو فاو یەك حکومەتین و یەك شەعبین و ئەوە، ئەگینا ئەوە شتێکی باش ئەبوو، شتێکی جوانە، دەربارەی وەڵامی پرسیاری دووەم، زۆر لە مزگەوتەکان زوو دروست کراون، بەڵێ پێویستیان بە نۆژەنکرنەوە هەیە، لە ڕێگای پارێزگاکان و وەزارەت و خێرخوازانەوە هەوڵی چاکی بۆ دراوە، کە وەزارەتی تەندروستی جاری وا هەیە نووسراو ئەکات دەربارەی پاك و تەمیزی، جاری وا هەیە پێویستیەکان ئەوەندە زۆر ئەنووسرێ، بەملیار دینار لە سندوقی بەڕێوەبەرایەتی ئەوقاف دەرناچێت، کە تۆ ئیمکانیەتت نەبوو، ناتوانی بیکەی، ئێمە هەتاوەکو ئێستا نەسریەمان بۆ مزگەوتەکان نیە، نەسریەی وەزارەتی ئەوقاف نیە بۆ مزگەوتەکان، لەبەر ئەوە میزانیەکەی ئێمە کەمە، هەتا هەوڵمان داوە شێوازێکی نوێ بنوێنین، لەو شوێنانەی کە قەرەباڵغن و لەناو بازاڕن و مزگەوتی تیایە، هەوڵ بدەین کە شوێنی دەست شۆری، شوێنی (W.C) لە شوێنی دەست نوێژ جیا بکەینەوە، بەتایبەتی چەند مزگەوتێکن لەناو هەولێر یان لە سلێمانی یان لە دهۆك، ئەوە لە بەرنامەمان هەیە کەوا لە پرۆژە دایبنێین، بەهۆی میزانیەوە شتێك بکەین، کۆمپانیەیەکیش لەم ماوەیە هاتووە، کەوا گوایە بە چوار ملیار دینار دەتوانێ بەشێوازێکی نوێ، هەموو مزگەوتەکانی هەولێر بۆ تاقی کردنەوە لێرەوە لە پایتەختی هەرێمەوە دەست پێ بکەین، ئێمە ئەمەمان بەرز کردۆتەوە بۆ ئەنجومەنی وەزیران، کە ڕەزامەندی بدەن لەسەری، بۆ ئەوەی ئەم مەشروعە ئەم کۆمپانیایە تاقی بکەینەوە و پیادەی بکەین، ئینشائەڵڵا سەرکەوتوو دەبێ، وەڵامی پرسیاری سێیەم دراوەتەوە، ئەوەی وەقف و شتەکان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس.

**بەڕێز شڤان احمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرسیارەکەی من دوو شت بوو، یەکەم من گوتم کاتی ئەوە نەهاتوە ئێمە موئەسەسەیەك دروست بکەین، موئەسەسەیەکی تایبەت بە حەج و عومرە بێ، نەوەك لەژێر سەیتەرەی وەزارەت بێ، ئەو موئەسەسەیە موئەسەسەیەکی سەربەخۆ بێت، بتوانێت ئەو موئتەمەرە بەڕێك و پێکی بەڕێوەببات؟.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز کامل حاجی علی(وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئاینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سوپاس، حەج و عومرە خۆی بەڕێوەبەرایەتیەکی گشتیە، تەنها پەیوەندیان بەوەزیرەوە هەیە، میزانیەی خۆیان هەیە، وەحدەی حیسابی خۆیان هەیە، سەلاحیەتی خۆیان هەیە، گەر لەگەڵ وەزارەتیش نەبن، پەیوەند دەبن بە ئۆرگانێك یان پەیوەند دەبن بە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانەوە، وەکو هەیئەی عیراقی ئێستا پەیوەندی هەیە بە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە، ئەوە ئیتر پەرلەمان و وەزارەت و ئەوکاتە بڕیاری لەسەر دەدەن، بەپێی ئەو یاسایەی کە دانراوە، ژمارە (11) ساڵی 2007، تەعدیل بکرێ لە میزانیەکە، چۆن بە باش زانراوە وای لێ بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار هاژە سلیمان.

**بەڕێز هاژە سلیمان مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێنج پرسیارم بە نووسراو ئاراستەی بەڕێز سکرتێری پەرلەمان کردبوو، ئەو پرسیارانەش، یەکەمیان، مینبەری مزگەوتەکان بەشێکە لە فەزای گشتی، بەڵام ئەوەی دەیبینین زۆرجار بەکاردەهێندرێت بە ئاراستەی سیاسی بۆ پڕوپاگەندە کردن، هەندێ چەمك یان بۆچوونی سیاسی، وەزارەتی ئەوقاف تاوەکو ئێستا بێ لایەنە، پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی وەزارەتی ئەوقاف مەجالی داوە مینبەری مزگەوتەکان بۆ ئەو مەبەستانە بەکاربهێندرێت؟، پرسیاری دووەم، لە مینبەری مزگەوتەکان هێرش دەکرێتە سەر کەسایەتی سیاسی، پەرلەمان، هەندێك لە پێکهاتەو توێژەکانی کۆمەڵگا، لەوانە بۆ نموونە، ژنان ئافرەتان، بێ ئەوەی وەزارەت هەڵوێستی هەبێ لەسەر ئەمە، بۆچی وەزارەت بۆ ئەم مەبەستە هەڵوێستی نیە، ئیجرائات

وەرناگرێت؟، پرسیاری سێیەم، هەندێك چەمك هەیە، وەك چەمكی پێكەوە ژیان و تەبایی لەنێوان پێكهاتەكانی كۆمەڵگەی كوردیدا، ڕێزگرتنی یەكترو لایەنەكان و ئاینەكان، بۆچی ئەمە لە وەزارەتەكەتان ئاراستە نەكراوە؟، بۆ ئەوەی ئەم ڕۆحیەتە بڵاو بكرێتەوە، لە مینبەری مزگەوتەكان ئاراستەی كۆمەڵگا بكرێت، پرسیاری چوارەم، دەربارەی فەتوا، فەتوا مەرجی تایبەتی خۆی هەیە، كە لە شەرعدا باس كراوە، بەڵام دوور لەو مەرجانە، بەبێ ئەوەی كە ڕەچاوی یاسا بكرێت، لە مزگەوتەكان فەتوای جۆراو جۆر دەدرێت، ئەو فەتوایانە زۆرجار گێرەشێوێنی دروست كردووە، چۆن وەزارەت بێدەنگە لەمە؟، چۆن بواری داوە ئەم فەتوایانە بدرێت؟، پرسیاری پێنجەم، ئایا تاوەكو ئێستا لەماوەی ئەو دووساڵەی دەست بەكاربوونی وەزارەتەكان چەند خولی ڕاهێنان بۆ ئامادەكردنی ئیمام و خەتیبەكان كراوەتەوە؟، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ڕێزدار جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز كامل حاجی علی(وەزیری ئەوقاف و كاروباری ئاینی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بۆ وەڵامی هاژە خان پرسیاری یەكەم، بە مەبەستی پڕوپاگەندەو بۆچوونی سیاسی، ئێمە بەیانمان كرد، نازانم چەندجار باسی بكەین، وتمان وتاری هەینی مامۆستایان، سەرچاوەكەیان قورئان و سونەتە، ناتوانن لەوە تەجاوز بكەن، تەجاوزیان كردبێ بانگ كراون، هەروەها لە ڕێنماییەكانی وەزارەتی ئەوقاف دەرنەچن، ئەو خاڵانەی كە وتار بێژ خۆی لێ نەدا ئەمانەن:

-فەتوانەدان لەكاتی وتاردان.

-تەشهیر كردن بەهیچ مەزهەبێك و لایەنێك و ناونەهێنانیان.

-پاراستنی دەستەكەوتەكانی میللەت و ئەمن و ئارامی و ئاسایشی میللەتەكەی.

-داكۆكی تەواو لەسەر پێكەوە ژیان و یەك هەڵوێستی هاو نیشتیمانانە.

زۆرینەی زۆری مامۆستایان دەڵێن، ئەڵێن خاكی خۆتان خۆش بوێت، لەگەڵ قەومی خۆتان خیانەت نەكەن، یەكترتان خۆش بوێت، وڵات ئاوەدان بكەنەوە، ژینگە بپارێزن، مافی ئافرەت بپارێزن، مافی منداڵ بپارێزن، دوور بن لە ڕق و كینە بەرامبەر بە یەكتری، گوێ بۆ یەكتر بگرن، هاوكاری یەكتر بن، یارمەتی هەژاران بدەن، دووربن لە دزی و درۆ، دووربن لەمادده هۆشبەرەكان، فێری عیلم و عیرفان بن، جا چۆن مامۆستا هێرش دەكاتە سەر ئافرەتان، كاتێك مامۆستایەك بڵێت سەرپۆش بدات بەسەریداو، ڕەچاوی ئادابی ئیسلامی بكات، لەگەڵ هاوسەرەكەیدا چاك بێت و ڕێزی لێ بگرێت، ئەمە كە ئەڵێت سەرپۆشێك بدە بەسەرتا لە مینبەرەكە، هەقی ئافرەتێكە، پۆشتەی هەبێ، سەرپۆشی هەبێ، خوا ئەفەرموێ، ئیتر ئەوكەسە ئەیكات یان نەیكات، ئەوەیش كە بە موسوڵمان ئەڵێ، بە غەیری موسوڵمان ناڵێ، ئەوەیش كە بڕوای بە ئایەتەكە هەبێ، بڕوای پێ نەبێ بە ئارەزووی خۆیەتی، وەڵامی پرسیاری سێیەم، وەڵامەكە دراوەتەوە لەپرسیارەكانی پێشم، چوارەم، كام مامۆستا ئەو فەتوایەی داوە، لە چ ڕۆژێكی هەینی و لەكام مزگەوت؟،

فەتوادان شتێکی ڕەسمیەو ئەبێ بنووسرێ لە ئۆفیسی خۆیانـدا، ژمـارەی خولـەکان بـۆت بڵێم ئێستا باسـی بکـەم، ژمارەکـەیان ئـەوە نـۆ خـول کردوومانەتـەوە، هـەر لـە مەیدانـەکانی دەرەوەو نـاوەوەو ئەوانـە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تاقیبت هەیە؟.

**بەڕێز هاژە سلیمان مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەربارەی ئەوەی کە زۆر لە بەڕێزان زانایـانی ئـاینی فـەتوایان داوە لـە زۆر لـە مزگەوتـەکان، بـە ئـەوەی کـە فەتوایان داوە کە هێرش کەنە سـەر پەرلـەمان لـە کـاتی ئێمـە کـە باسمـان لـە چـەمکی جەنـدەر کـرد لـەناو پەرلەمان، بەڕاستی زۆریش لە هاوکارانم باسیان کرد، ناویشی هەیە و خۆشی ئاگادارە بەڕێزیان، بۆیـە دوای ئـەوەش بەڕاسـتی زۆر لـە سـایت لـە سـایتەکان، زۆر دەبیـنین کـە هێـرش هەیـە، فـەتوا دەدرێـت بـە زۆر لـە لایەنەکان، یان لە پێکهاتەکان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز جەنابی وەزیر.

**بەڕێز کامل حاجی علی(وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئاینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس، وتمان کە ئەو کۆنفرانسە گیرا، هەموومان دانیشتین، هەموومان ڕەزامەندیماندا، کە دوای ئـەوە وائەزانن هیچ شتێك نەماوە، بەتایبەتی دوای ئەو چواردە خاڵەی کە پەخش کرا بە هـەموو شـوێنەکان، درا بە هەموو مزگەوتەکان، ئەوە نەبووە، بەس دوای ئەوە ئەگەر کەسێك هەبوو فەتوایەکی وای دابـوو، بـەجیا، بە ئەمانەت، بە ئەمینێکا نامەکەم بۆ بنێرە بڵێ فلانی کوری فلان بوو، لە ڕۆژی فلان لـە مزگـەوتی فـلان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار عمر هەورامی.

**بەڕێز عمر صدیق هەورامی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا بەخێرهاتنی بەڕێز وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئاینی دەکەم، من سێ پرسیارم ئاراستەی بـەڕێزیان کردبوو، وا ئەزانم وەڵامی پرسیارێکیان داوەتەوە، بەڵام هەر ئەیخوێنمەوە بۆ ئەوەی .......

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەگەر وەڵامی داوەتەوە مەیخوێنەوە.

**بەڕێز عمر صدیق هەورامی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڵێ، تەنها ئەوانە ئەخوێنمەوە کە وەڵام نەدراوەتەوە، هەروەك لە ئامانجەکانی وەزارەت هاتووە، لەماددەی دووەم، لە ئەرکەکانی لەخاڵی حەوتەم، باس لە دروست کردن و بینایەو شوێنی پەرستن ئەکات، بەتایبەت ئەوانەی کە پەیوەندیدارن بە مزگەوتەوە، مـن لـە بەڕێزیان ئەپرسم ئایا ئامارێکی دروست هەیە لەبەردەستی وەزارەت، بزانین چەند مزگەوت هەیە لە هەرێمی کوردستان؟، چەندیان وتاریان تیا ئەخوێندرێت؟، لەسەر ئاستی پارێزگاکان، لە پارێزگای هەولێر چەندن؟، لە سلێمانی چەندن؟، لە دهۆك چەندن؟، ئەمە پرسیاری یەکەمم بوو، پرسیاری دووەم، هەروەك لەخاڵی حەوتەم لە ماددەی دووەمی یاسای وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی هاتووە، ئەوەی پەیوەندیدارە بە تەتویری مەنهەجی دیراسی و گرنگی وتاری ئاینی، هەموو لایەك لەسەر ئەوە موتەفقین کە وتاری ئاینی هەفتانە کەناڵێك و ئامرازێکی باشە بۆ پەروەردە کردنی هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان، پرسیارەکەم ئەوەیە، ئایا وەکو وەزارەت بە تەحدید بە دیاریکراوی لەماوەی ئەو دووساڵەی کە ڕابردووە، بەڕێزتان وەکو وەزارەت هیچ دیراسەیەك هەیە لەسەر ئەو وتارانەی کە ئەخوێندرێن؟ کاریگەریەکانیان چین؟، یان چ هاووڵاتیەکمان بۆ دروست دەکەن؟، مەبەستم لەوە ئەوەیە چونکە ئەکرێت لە هەندێ شوێن، هەندێ ڕووداو هەبوون، چەندبارەش بوونەتەوە، ئەو ڕووداوانە نەخوازراون لە ڕووی کۆمەڵایەتیەوە یان لە ڕووی یاساییەوە، ئایا ئەو وتارانە ناکرێ بەشێوەیەکی دیراسەکراو بۆ هەر شوێنێکی دیاریکراو، ئەگەر بزانی کێشەهەبێ ئاراستە بکرێن، بیزات بەڕێزتان وەکو وەزارەتی ئەوقاف، بەپێی ماددەی دوو، بەرپرسن لەم بابەتە، ئایا کراوە؟، ئەخیریان ئەوەی کە وەڵام درابۆوە، من ئەوە ناڵێم بەس تەنها ئەوەی کە مابوو وەڵام نەدرابۆوە، هەماهەنگی لەنێوان لیژنەی ئەوقاف و لیژنەی فەتوای هەرێمی کوردستان و وەزارەتی ئەوقاف لە چ ئاستێك دایە؟، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێز جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز کامل حاجی علی(وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئاینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ژمارەی مزگەوتەکان لەسەرانسەری کوردستان چوار هەزارو شەش سەدو شەست مزگەوت تۆمار کراوە بەناوی وەزارەتی ئەوقافەوە، بەڕێوەبەرایەتی ئەفافی هەولێرسێ سەدو سێ مزگەوتی تیا تۆمار کراوە، چونکە لەوانەیە سەد دانەیە یا لە ئینشا و دروست کردندابن، بەڕێوەبەرایەتی ئەوقافی دەوروبەر پێنج سەدو سی مزگەوتی تیایە، بەڕێوەبەرایەتی ئەوقافی شەقڵاوە دووسەد و نەوەت و شەش، بەڕێوەبەرایەتی ئەوقافی سۆران چوارسەدو بیست و پێنج، بەڕێوەبەرایەتی ئەوقافی کۆیە سەدو چل و نۆ، بەڕێوەبەرایەتی ئەوقافی دهۆك چوارسەدو بیست و یەك، بەڕێوەبەرایەتی ئەوقافی ئاکرێ سێ سەدو هەشتا، بەڕێوەبەرایەتی ئەوقافی ڕاپەڕین پێنج سەدو چل، بەڕێوەبەرایەتی ئەوقافی گەرمیان چوارسەدو شەش،

بەڕێوەبەرایەتی ئەوقافی شارەزوور چوارسەدو پەنجاو نۆ، کۆی گشتی ئەوەنـدەی کـرد، دەربـارەی پرسـیاری دووەم، ئەو بڕوانامەی هەموو دێیەك مزگەوتی تیایـە، حسێبی بکـە چـەند مزگـەوتی تیایـە، حسـێبی بکـە ئەوانەی بڕوانامەی بەرزیان نیە و تەمەنیان هەیە و خزمـەتیان زۆرە بـەرەو خانەنیشـینی دەچـن، چـونکە لەوەوپێش ئەم کۆلیژ و شەریعەی کە ئێستا دەخوێندرێ ئەوان نـەیان بـووە، بـۆ پڕکردنـەوە و جێگـای ئـەو بەڕێزانـەی کـە بـەرەو خانەنیشـینی دەچـن کـێن و دەرچـووانی پـەیمانگا و زانکـۆ شـەریعەکان و کۆلیـژی شەریعەن، لەڕێگەی مەدارسەکانی سەر بە وەزارەتی ئەوقاف دەبن و کە خۆیان پڕ چەك بە عیلم و عیرفـان کـردووە، هـەروەها تێکـەڵ بـبن بـە پرۆگرامـی سـەردەمیانە و دیراسـە و سـیرەی پێغمبـەر و فـەرموودەکانی پێغمبەر بە عەمەلی لە خۆیان دا ڕەنگ بداتەوە، چرا بن بۆ دەوروبەریان، انشاللە هاووڵاتییەکی تەندروسـت دەردەچن کـاتێ چـی؟ کـاتێ کەسـانێك هـەبن ئامـادە بکـرێن شـوێنەکانیان پـڕ بکەنـەوە بـە نیـازی ئەوانـەی خانەنیشین کراون و توانای وتاریان نەماوە و وتار نادەن، هەوڵ بدرێت بۆ ڕێزلێنانیان مانگانە 200 هـەزار دیناریان بۆ سەرف بکرێت بە بێ ئـەوەی کـە تـەقاعود بـن هـەم تـر عەقـدیان بـۆ بکەنـەوە لـە ئەنجومـەنی وەزیران، بەس ئێمە گەنجەکانمان نووسی پار 350 کەسم نووسیوە هەشت ساڵە لە مزگەوتێك دایـە و ئـەوە موافەقەی لەسەر نەکراوە، بەڵام ئەوەی کە تـەقاعود بـووە و خانەنیشـین کـراوە بەسـاڵا چـووە و تەمـەنیان زیاد کردووە، رەزامەندی بۆ ئەوانە دێتەوە، مامۆستایانی پسپۆر دەرچووانی کۆلیژو و پەیمانگاکان خـولێکی سێ مانگـە کـەمتر نـەبێت بۆیـان بکرێتـەوە، ئـەمجا وتـار بـدەن، دوای مقابەلـە کـردن و تـەقیم کردنیـان، مامۆستایانی پسپۆر لەبواری وتاردان دا مامۆستای خولەکە بن، خاڵی سێیەم بڕیارێکی پەرلەمان دەربچێت، دەرچووانی کۆلیژی شەریعە و پەیمانگاکان دابمەزرێندرێ.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر ئەو ژمارەی پرسیوە، شەرح نیە، تکایە، کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر صديق محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پرسیارەکەم بە دیاری کراوی ئەوە بوو ئایا وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی توێژینەوەیەکی تایبەتی لە هەرێمی کوردستان ئەنجام داوە لەسەر کاریگەری وتاری ئاینی لەسەر هاووڵاتی، مەبەسـتم ئەوەیـە بـزات، با من نموونەیەك بهێنمەوە بـۆ ئـەوەی ڕوون بێـت لـەلای بـەڕێزیان، فـەرەزەن لـە گـەڕەکێك لـە یـەکێك لـە شارەکان لەگەڵ ڕێزم دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی نەخوازراو هەیە یان چالاکیەك هەیـە و ڕووداوێـك هەیـە لـە دەرەوەی دینە مەبەستم ئەوەیە ئایا ئەگەر وتاری ئایینی بەکاربهێندرێ بۆ ئەوەی ئـەم دیـاردە نـەخوازراوە لەو گەڕەکە یان لەو شارە نەهێڵدرێ یان کەم بکرێتەوە بەڕێزتان وەکو وەزارەت توێژینـەوەتان لەسـەر ئـەم بابەتە هەیـە؟ بـۆ ئـەوەی هاوکـاری هاووڵاتیـان و دامـەزراوەکانی تـر بکـەین لـە هـەرێمی کوردسـتان دا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك کامیل فەرموو.

**بەڕێز کامل حاجی علی/ وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڵێ ئێمە بەڕێوبەراتیەکمان داناوە لە وەزارەت کەوا دەبووایە لەوەتەی وەزارەتی ئەوقاف دروست کراوە ئەو لیژنەیە ببوایە، بەناوی بەڕێوبەرایەتی توێژینەوە و دیراسات و ئیرشاد، ئەوە یەکێکیان دکتۆرای هەیە و دوانیشیان ماستەریان هەیەو یەکێکیان سی ساڵە لە پەیمانگا و مەدارسەکان مدیری مەدرەسەیە، کەوا هەنگاوی یەکەمیان ئەوەیە کە تەقیمی وتاربێژەکان بکەن، هەروەها هەموو ساڵێك فەرزی بکەن لەسەر ئیمام و خەتیبێك بەحسێ بنووسێ، کە لە بەحسەکە سەر نەکەوت لەسەر وتاربێژی لای ببەن، هەروەها خەڵکی مزگەوتەکان و خەڵکی دەرەوە شاهید بن لەسەر ئەو وتاربێژانەی کە بە شێوازێکی دروست و تەندروست وتارەکەی نەگەیەنێ بە هاووڵاتیان بە شێوەیەکی تەندروست، لە خاڵێکی تردا داوا دەکەین لەلایەنی دەسەڵاتدار و گشت لایەنە سیاسەکان کە ئەمە وەلامێکە بۆ هەمووان دەست نەخەنە کاروباری وتاربێژەکانەوە، داواش لە مامۆستایان دەکەین تەوجیهـ لە هیچ لایەنێکی سیاسی وەرنەگرن، گەر وابکەن خۆیان بچووك دەکەنەوە، چونکە ئەو مامۆستایانە لە جێگەی پێغمبەر دا وتار دەدەن، دەبێ سەربەخۆ بن و بۆ هەمووان بن، موڵکی میللەت بن، دەبێ پێشەوا بن نەك پاشگری حیزب بن، لەبەرئەوە مامۆستا نابێ حیزبی بێت، دەبێت سەربەخۆ بێ و دەبێ ئیمامی هەمووان بێ و دەبێ لە وتارەکانی دا پەیوەندی بە هیچ تەوجیهێکی هیچ لایەنێکەوە نەبێ، لەبەرئەوە هەموو شتێك لە قورئان و فەرموودەی سەحیحی پێغمبەر دا هەیە، لەبەرئەوە انشاللە هەمووومان ڕزگار دەبین ئەگەر ئەم خاڵە جێ بەجێ بکرێت، دەبێ تەنها وتەنها وەزارەتی ئەوقاف لێپێچینەوە لەگەڵ وتار بێژەکان بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شێردڵ فەرموو.

**بەڕێز شێردڵ تحسین محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی وەزیری ئەوقاف وکاروباری ئایینی دەکەین، بەخێرهاتنی مامۆستا سعد دەکەین، تەبیعی من پێنج پرسیارم هەیە، لەو پێنج پرسیارە دوو پرسیارم وەلام درایەوە، پاش ئەوەی کە بەڕێز وەزیری ئەوقاف دەست بەکار بوو لە وەزارەتەکەی خۆی یەکەمجار ڕێنمایەکی دەرهێنا کە پرسە لە سێ ڕۆژ ببێتە دوو ڕۆژ، پاش ئەوەی کە ئەو ڕێنماییە دەرچوو بەس داخلی هەولێری، ناوەندی هەولێری شمول کرد ئەو ڕێنماییە، ئەترافی هەولێر کەسنەزان و قوشتەپە و کەڵەك و زاخۆ و دهۆك هیچ یەکی شمول نەکرد، ئەو ڕێنماییە تایبەتیە بۆ هەولێر دەرچوو، ئایا هۆی چی بوو نەگەڕایەوە بۆ سێ ڕۆژ کە ئێمە ئیعتزازیشمان لەسەری گرت و چەند کەسانێکی تر عەریزەیان دا بە ئێمە ڕەوانی سەرۆکی پەرلەمانمان کرد و دوو ڕۆژ

ماوە، پرسیارەکەم ئەوەیە بەس بۆ هەولێرە ئەو پرسەیە کە دوو ڕۆژ بێت یان لە بۆ ئەترافیشە؟ پرسیاری دووەمم، لە دانیشتنی لەگەڵ کەسایەتی شاری هەولێر جەنابی وەزیر بڕیاری دا گۆڕستانی گەورەی هەولێر تەعمیر بکاتەوە، لە ڕۆژنامەکان هەمووی نووسرا، هەتاوەکو ئێستا جەنابی وەزیر بە کن دیواری گۆڕستانەکەش دا نەچووە، هۆی چیە کە هەتاوەکو ئێستا تەعمیر نەکراوە؟.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە وەزیر بۆی هەیە نەچێت، ئیش دەکات و مودیریاتی هەیەو تکایە رجائەن تەعلیق مەدەن و پرسیارەکە بەجوانی پێشکەش بکەن، وەکو نووسراوە لە پرسیارەکەتان، جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز کامل حاجی علی/ وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئاینی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ئەم پرسیارە ماوەیەك لەمەوپێش پرسیاری یەکەمی دەربارەی پرسە، وەڵاممان بە نووسین داوەتەوە هۆکانیشمان تیا نووسی بوو، ئێستا ڕاپرسی بکە لە هەولێر دا لە 85٪ ی ڕازین بەوەی کەوا ئەو پرسەیە کە بووە بە دوو ڕۆژ، وە لەسەرانسەری کوردستان دا بە تایبەتی لە زۆر شوێنەوە کە ئەو بڕیارە دراوە بۆئاسانی خەڵك بووە، یەك ملیۆن سەیارە لە کوردستان هەیە، ئێستا ئەو خوشکە بەڕێزە ناتوانێ تەعزیە و شتی تیا بگرێ، ئەو هەموو سەیارە و ئەو هەموو خەڵکە هەمووی بەهۆی گرانی ژیانەوە هەمووی مەشغوڵە، وەکو ئەوسا بەتاڵ نیە سێ لە ماڵێك دا دانیشێ و نان بخوا و خزمەتی بکەن و کەسی وا هەیە فەقەراتیەتی ئەو سێ ڕۆژە بە پێوە ڕابوەستێ باوکی مردووە، خۆشی دەمرێت، بەس سێ ڕۆژە ماندوو دەبێت، ئینجا ئەو هەموو شێوازەی هەیە هاووڵاتیانی کوردستان زۆرینەی زۆریان دەست خۆشیان لێ کردووین، ئێستاش لە پەرلەمان دا بخرێتە دەنگەوە پەسەند دەکرێت و کارێکی باشمان کردووە، بۆ پرسیاری ئەوەی ئەو بەڕێزەی هاتە دیوانی وەزارەت ئێمە لەوێ قسەمان کرد و باسیان کرد هۆکەی ئەوەیە داوای 10 ملیارمان کردبوو، بەڵام ڕەزامەندیان دا بە یەك ملیار و ئێمەش ڕەفزمان کرد، 10 ملیار لە کوێ و یەك ملیار لە کوێ! زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شێردڵ فەرموو.

**بەڕێز شێردڵ تحسین محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەعنی ئەگەر ئەو تازیەیە نەبێ ئۆتۆمبیل لە جادەی ناڕوات؟ من ئەو پرسیارە لە جەنابی وەزیر دەکەم، دووەمین شت تازیە لە کەسنەزان و لەوەی سێ ڕۆژ پرسەیە، بەس لەناو شاری هەولێر ئۆتۆمبیل تەئسیر دەکات؟.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز کامل حاجی علی/ وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس، بەڕێز غەیری تۆ و غەیری پرسیارەکەی ئەمڕۆش کە ناردووتە بۆ وەزارەت کەس پرسیاری نەناردووە بۆ من و کەس لێی نەکردووم بۆ وات کردووە؟.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزدار د.ثائر فەرموو.

**بەڕێز د.ثائر عبدالاحد اوغسطين:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشەکی بەخێرهاتنی وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئاینی دەکەم، من دوو پرسیارم هەبوو پرسیارێکی وەڵامەکەم وەرگرتەوە، پرسیاری دیکە بەو شێوەیە، لەبەرئەوەی جەنابتان وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئاینین، نەك كاروباری ئیسلامی، کەواتە پێویستە هەموو ئاینەکان بە یەك چاو سەیر بکەن، بەڵام دەبینم بە پێچەوانەوە گرنگی پێویست بە بۆنەکانی ئێمە نادرێت، وەك سەری ساڵ و جەژنەکانی دیکە، یان ئامادەبوونی جەنابی وەزیر، مەقسەدم لەوەیە ئێمە ئەوە سێ سەعات و نیوە دانیشتووینە هەر باسی مزگەوت دەکەین، یەعنی سەردانی کەنیسە نەبووە، مەترانخانە نەبووە، ئەوەی ئەمن دەبینم جەنابی وەزیر پێویستە سەردانی مەترانخانە و کەنیسە وجێگایەکانی ئاینی دیکە بکات لەبەرئەوەی ئەرکی خۆیەتی، من داوا دەکەم لەو دوو ساڵەی بێتەوە کە مایتەوە لە وەزارەتی خۆی سەردانی بکات، ئێمە چمان دەوێ لەو وڵاتە، ئێمە هەموو هێور دەکەینەوە، جەنابی وەزیری ئەوقاف سوقلێکی تایبەتی هەیە لەناو کۆمەڵگای ئەگەر ببینن وەزیری ئەوقاف بچێتەوە مەترانخانە، جەژنانە یان برووسکەیەکی پیرۆزبایی ئاراستەی برا مەسیحیەکان ویەزیدیەکان بکات نە بە وەفد، بەخۆی وابزانم ئەوە تەئسیرێکی زۆر گەورەی دەبێتەوە لەسەر کۆمەڵگای ئێمە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز کامل حاجی علی/ وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس، انشالله وا دەبێت، بە یەك چاو سەیر بکرێن لە ئەوقافی ئیسلامیەوە بۆ ئەوقافی کاروباری ئاینی، خۆی ئیسلامی بوو، بووە بە کاروباری ئاینی، یەعنی ئەوە شتێکی باشە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سمیرە خان فەرموو.

**بەڕێز سميره عبدالله اسماعيل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا بەخێرهاتنی وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی دەکەم، چەند پرسیارێکم هەیە کە بە نووسراو ئاراستەی سەرۆکایەتیم کردبوو، یەکەم پرسیارم ئەوەیە نزیکەی ملیۆنێك و نۆسەد دۆلاری ئەمریکی تەسلیمی کۆمپانیای دامە کراوە لە سعودیەکە نووسینگەکەیان لەشاری جدەیە، کە ئەم پارەیە هەر لە ڕاستی دا هەمووی هی حاجیانە و هیچی هی حکومەتی تێدا نیە و بێ سەروشوێنە و دیار نیە، تا ئێستاش هیچ ئەسەری نیە، ئەگەر ئەو نەدراوە کێ بەرپرسە؟ پرسیاری دووەمم، نیزکەی ملیارێك دینار وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی قەرداری کارەبایە، ئەی ئەوە چۆن دەدرێتەوە؟ یان پارەیان نیە بیدەنەوە؟، ئەی ئەگەر هەیانە بۆ نایدەنەوە؟ پرسیاری سێیەمم، لەم دوو ساڵەدا چەندین جار ئیجرائات لەگەڵ مەریوان نەقشەبەندی کراوە کە بەڕێوبەری ڕاگەیاندن بوو لە وەزارەتی ئەوقاف دا لە هەمان کات داکاری گرنگ تر و جدی تر هەبوو، هەر بۆ نموونە ئەو وتاربێژانەی لە مزگەوت دا کە چەندین جار بوونەتە سەر ئیشە و کێشەنانەوە لە هەرێمی کوردستان دا با جەنابی وەزیر پێمان بڵێ ئایا بە ڕەسمی ئیجرائات لەگەڵ ئەمانە کراوە یان نا؟ پرسیاری چوارەمم، سەرۆکایەتی هەرێم لە بەیاننامەکەی دا ئاماژە بەوە دەکات هەروەها کە لیژنەی پەرلەمانیش سەردانی دەڤەری زاخۆی کرد، کە ڕووداوەکانی زاخۆ بەهۆی فتوای چەند مامۆستایەکی ئاینی بووە، لە کاتێك دا وتەبێژی وەزارەتی ئەوقاف ئەوە ڕەد دەکاتەوە، وێنەکانیش ئەوە دەسەلمێنێ کەلە مزگەوتەکان بووە، پرسیاری پێنجەم لە سلێمانی دا کتێبخانەیەکی گەورەی ئەوقاف هەیە کە چەندین کتێبی بە نرخی تێدا هەیە، بەڵام لەبەر بێ جێی و بێ ئیهتمام پێدان خەریکە بفەوتێ، ئایا لەسەر وەزارەتی ئەوقاف نیە ئیهتمامی پێ بدات و سامانەکەی بپارێزێ؟ پرسیاری شەشەمم، چەند پەیمانگای ئیسلامی هەیە و سەر بە وەزارەتی ئەوقافە و لە کوردستان، تەڵەبەیەکی زۆر تێدا دەخوێنێت، بەڵام ئەمانە دانامەزرێن و دوا ڕۆژیان چی دەبێت؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز کامل حاجی علی/ وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من بە سمیرە خان دەڵێم بۆ پرسیاری یەکەم لە کۆبوونەوەی لیژنەی ئەوقافی پەرلەمان لەگەڵ بەڕێوبەرایەتی حەج و عمرە بڕیارتان دابوو باس نەکرێت تا ئەو دوو برایە دەگەڕێنەوە، هۆی چیە پابەند نەبوون بە بڕیاری خۆتانەوە؟ ئەو پارەیە دەگەڕێتەوە و کەمێك تەئخیر دەبێت، دامودەزگاکانی سعودیە هاوکاری باشی ئەو دوو برایانەیان کردووە، ئەو کۆمپانیایەی کە لە سعودیە کار دەکات کۆمپانیایەکی وەهمی نەبووە و ئێمە کە پار چووین لە خزمەتی حاجیان بوون لەوەو پێشیش باسم کرد دوای دیراسە کردن پێمان باش بوو ئێمە هامیش نەبین، هامیشی هەیئەی باڵای حەج و عمرەی عیراق نەبین، عەقدێك بکەین و گرێبەستێ بکەین لەگەڵ کۆمپانیایەك کە خۆشبەختانە ڕێ بکەوێ حاجیانی ئێمەش بەسەربەستی وەکو ساڵی پار ئەوەی کە ئێمە چووینە لێ نەیەت کە زۆر تەئخیر بووین لە فرۆکەخانەکان،

**ئەمە هەیئەی حەجی باڵای عیراقی ڕەزامەنـدی دا کـە بـەڵێ هـەوڵ بـدرێت، هـەوڵمان دا گەیشـتینە ئـەوەی کەوا بۆ ئێمە وەکو فرۆکەیەك کەوا بدرێت بە ئێمە، بەڵام ئەوە لەوەو پێش ئاماژەم پێیدا کە ئاخر جار کە تـەواوی بکـەن وەکیلـی وەزیـری تەیـەرانی سعودی ڕەزامەنـدی دابـوو، بردبـووی بـۆ لای مـدیری تەیـەرانی مەدەنی لـە سـعودیە وت بـووی ئـەوە موسـتەقلن، قسـەیان نـەکردبوو، یەکسـەر تەلـەفونی هـەڵگرت بـوو بـۆ د.حسین کە سەرۆکی باڵای هەیئەی حەج و عمرەی عیراقیە، وت بووی نەخێر ئەوە ساڵانە و هـەموو سـاڵێ پێکەوەین و یەك دەوڵەتین و پێکەوە هاتووین و هەتا لەبەرئەوەی ساڵی پـار 800 دۆلار دراوە بـۆ فرۆکـەی هەر حاجیەك، بەڵام ئەمساڵ لەبەرئەوەی ئێمە ئەو کۆمپانیایەمان کردبوویان بە 600 دۆلار، شتێکی بـاش بوو، ئەو زەرەرەیان لە خۆیان دا، بەڵام دوای ئەوە لەگەڵیشیاندا ئەوەی شەریکەی مەعاویەمان هێشـتبووە و گوتمان ئێمە هەر لەگەڵ ئێوە دەبین ئەگەر ئەمە ڕازی نـەبێ، ئەگـەر ئـەوان ڕەزامەنـدیان نـەدا، دوای ئـەوە چونکە تا 11ی مانگ ئێمە ئەو عیلاقەیەمان هەر لەگـەڵ هەیئـەی حـەج دا هێشـتەوە، بـۆ ئـەوەی پێکـەوە بچین، دوایـی بۆمـان دەرکـەوت کـەوا ئـەوە لەبەرئـەوەی کاتەکـەی زۆر نزیـك بووەتـەوە و کاتەکـەی زەیقـە، مەجالیان نەبوو ئەو کارە تەواو بکەن، ئێستاش خۆشبەختانە دوێنێ سەعات 4 کابرای کۆمپانیا بە بڕیـاری وەزارەتی ناوخۆی سعودیە گیراوە و ئێستا لە سجنە، ئەو برایانـەش انشاالله دێنـەوە و پارەکـەش ئێمـە وەری دەگرین، هۆی ئەوە بوو کە بۆ کارئاسانی حاجیـان ئـەوە بکـەین، بـۆ ئـەوەی کارێـك بکـەین وەکـو شـێوازێکی سەربەخۆیی ئیقلیمێك وەکو کوردستان کارێك بکەین و وا بکەین، بەڵام ئەگەر تەواو بووایە زۆر بـاش بـوو، بەڵام ئەگەر نەگەیشتینە نەتیجە ئیتر ئاوای لێ هات انشالله ئەو پارە مسۆگەرە وەری دەگرینەوە بەڵام تاخیر دەبێت، کە ئەو دوو برایەش هاتنەوە انشالله هـەموو شـتێك ڕوون دەبێتـەوە، بـە نیسـبەتی کارەبـاوە، کارەبـا سـاڵانی پێشـوو زوو شـوێنە گشـتیەکان حکومـەتی هـەرێم دەیـدا، بـەڵام ئێمـە نووسـراومان کـردووە، نـەك ملیارێك ئێمە قەرزارین، دوو ملیار و هەشت سەد و دە ملیۆن ئێمـە قـەرزارین، نـەك ملیارێـك کـە جـەنابت باست کردووە، ئێمە داوامان کردووە لـە ئەنجومـەنی وەزیـران لـەوەزارەتی کارەبـا، بـەڕێز جـەنابی سـەرۆکی پەرلـەمان ئەمـە هـەمووی کتـابن، عـەفوومان بکـەن ئـەوە هـی ئێمـەش بـێ هـەر پـارەی حکومەتـە، ئەگـەر ئەنجومەنی وەزیرانیش بمان داتی٘هەر پارەی حکومەتە، زۆر سوپاس، ئەمە بـۆ پرسـیاری یەکـەم، پرسـیاری سێیەم بەڵێ ئەوەی کە باسکرا، لە بەڕێزان پەرلـەمانتارەکان پرسـیاری سـێیەم زۆر کـرا زۆر قسـەشمان کـرد لەو بارەیەوە، پرسیاری چوارم: ئێمە دەڵێین دوور تا نزیك مەلایان، مامۆستایان، زانایانی ئاینی پەیوەنـدیان پێوە نیە، چاوەڕوانی تەقەسی حەقائیقیش دەکەین، بەس ئەو مامۆستایە سوێندی خوارد کەناوی مامۆسـتا ئیسماعیلە، کەهاتووەتە ئەوێ ئەو شوێنە نزیکی مزگەوتەکەیـە، هـەموومان ئاگـادارین، هـەموومان خـەڵکی ئەم وڵاتەین، کەخەڵك لە جەماعەت دەردەچێت، بەردەمی مزگەوت دەبێت بەقـەرەباڵغی، لەوکاتەشـدا ئـەم مامۆسـتایە دەچـێتە دەرەوە، هـاتنی ئـەو دوو مامۆسـتایەی کەهاتوونەتـەوە، بـەداواکردنی دەزگـای حکـومی هاتوونەتەوە تا داوا بکەن لەو خەڵکە وازبهێنن لەو خۆپیشاندانە، چۆڵی بکەن، شتەکەیان تـەواو کـرد، ئـیتر تا 20 دەقە لەوێ بوون، بەڕێوەبەرایەتی ئەوقاف، لەگەڵ مامۆستا مەلا ئەحمەدی شـرناخی بەرپرسـی لقـی**

یەکێتی زانایان، چەند ساڵە و مامۆستایە لەو دەڤەرەدایە، لەوانەیە مەسیحیەکان زیاتر ڕێزی دەگرن تا موسوڵمانەکان، پرسیاری پێنجەم: بەڵێ کتێبخانەی گشتی ئەوقاف لەناو نەچووەو پارێزراوە، شانازی دەکەین بەو کتێبخانەیەوە کە زۆر لە قوتابیەکان ئەوانەی کەماستەر ودکتۆرایان هێناوە سوودیان لێ وەرگرتووە، ئێمە نەمان هێشتووە خەڵکانێك بووە ویستوویانە کە تەسویری بکەن ئێمە نەمان هێشتووە، خەڵکانێك چوون ویستوویانە کۆپی بکەن نەمان هێشتووە، وتوومانە خەڵك هەیە دەیخوێنێتەوە دیراسە هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا بەڕێوەبەرایەتیەك هەیە هی کتێبخانە لە سلێمانی کە لەگەڵ چەند فەرمانبەرێکدا ئەوان ئیشراف و خزمەتی ئەو مەکتەبەیە دەکەن، هەروەها لەدیوانی وەزارەتیش بەشێك کراوەتەوە کە بەشێك بۆ کۆکردنەوەی خەتنووسەکانە ئەوە مامۆستا مەلا علی قەرەداغی هەیە، هەرچی وڵاتی دەوروبەرە گەڕاوە بۆ کۆکردنەوەی ئەو دەستخەت نامانە، ساڵی پار لەگەڵ ئێمە هات بۆ حەج کەئەندامی لیژنەی فتوا بوو، هەر بەدائیمی بەشوێن ئەو دەستخەت نامانەدا دەگەڕا، کە هی زانا ومەلای کوردی بوون بۆ ئەوێ، لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە ساڵی پار هەوڵمانداوە پارچە زەوییەك بکڕین بۆ ئەوەی کە بینایەکی تێدا بکەینەوە، ئەمساڵیش هەوڵمان داوە کە بینای تازەیان بۆ بکەینەوە، پرسیاری شەشەم: ئێمە دەڵێین دوارۆژی ئەو قوتابیانە ڕۆشنە، جەماوەری کوردستان پێویستی پێیانە، ئێستا 1800 شوێن هەیە کە ئیمام و خەتیبەکان تێیدا دابمەزرێن هەر بۆ ئەو خوێندکارو قوتابیانە دەبێت، هەروەها ساڵانە مامۆستایان خانەنشین دەکرێن جێگای ئەوان هەر ئەو قوتابیانە پڕی دەکەنەوە، خۆشبەختانە ساڵ بەساڵ ژمارەیان زیاتر دەبێت، هۆی ئەوەیە کەهیوایان هەیە، پاشەڕۆژیان ڕۆشنە، ئەمەش چالاکی پەیمانگای زانستە ئیسلامیەکان، کە ئەمە زۆر ئەبات، ژمارەی دەرچووەکان و ژمارەی پەیمانگاکان و ژمارەی قوتابیان و ئەوانەی کە بۆ تواناسازی ڕۆشتوون، ئەوانەی کەساڵی پار و ئەمساڵ لیژنەی نازناوی عیلمی، پێدانی مۆڵەتی خوێندن، ئەمانە زۆر ئەبات بۆ ئەوانەی ماستەر، بۆ ئەوانەی دکتۆرا، باشە سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سەمیرە خان تەعقیبت هەیە؟، فەرموو.

**بەڕێز سمیرە عبدالله گۆران:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەس لەوەی کۆمپانیا لامە ئاخر مەوعیدمان ڕۆژی شەممە بوو، ئەمڕۆکە سێ شەممەیە، بۆیە پرسیارەکەم خستەڕوو، بەڵام هیچ زەمانێکی تێدا نیە کە پارەکە هەمووی وەردەگرینەوە، لەوانەیە نیوەی وەربگرینەوە، ئەگەر هەمووی بێت ئەوە زۆر دەستخۆشیتان لێدەکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز کامل حاجی علی/ وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جارێ تۆش پێش وەخت بڕیار مەدە، با بگەینە نەتیجەکەی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز لانە احمد، فەرموو.

**بەڕێز لانە احمد چەلەبی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەسەرەتادا بەخێرهاتنی جەنابی وەزیر دەکەم، سێ پرسیارم هەیە، بەڵام بەنیسبەت پرسیاری سێیەم وەڵامەکەیم وەرگرتەوە، پرسیاری یەکەم: لە بۆنەو مەراسیمە ئاینیەکاندا زۆرجار لە مزگەوتەکاندا دەبینین خەڵکانێکی غەیر کارمەندی ئەوقاف بەکار دەهێندرێن، ئیجرائات چیە بۆ ڕێکخستنی ئەمانە؟، ئایا چاودێری هەیە؟، پرسیاری دووەم: زۆرجار گوێمان لێدەبێت کە وەزارەت کۆنفرانس و ڕێنمایی دەردەکات، سەبارەت بە ڕێکخستنی وتاری ئاینی، بەڵام هەندێك لەو وتار بێژانە پابەند نابن، چ ئیجرائاتێك بەرامبەریان دەکەن وەك وەزارەت؟، هەروەها داوا دەکەم کە هۆڵی تایبەت هەبێت بۆ تەعزیەی ئافرەتان لەشاری هەولێر، چونکە دەبینین لە گەڕەك و جادەکان، تەعزیە دادەندرێت ئەوەش دەبێتە هۆی گیرانی ڕێگاو بان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز کامل حاجی علی/ وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئاینی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

گەر بۆنەکان گشتی بێت بۆ بەشداری کردنیان مافی خۆیانە هاووڵاتیان، لەهەر بۆنەیەکدا بێت، بەنیسبەت بۆنە لەناو مزگەوتەکان، ئەگەر گشتی بێت ئەوە هاووڵاتیان بەرزو زیندوو ڕای دەگرن، وەك جەژنەکان، شەوانی جەژنی ڕەمەزان، یادی لەدایك بوونی پێغەمبەر(ص) سەری ساڵی هیجری، سەری ساڵی میلادی بەنیسبەت کریستیانەکان، هەر بۆنەیەك وەزارەتی ئەوقاف پێی هەڵبستێت خەڵکی غەیری ئەوقاف تەداخول ناکات، بەڵام بەپێچەوانەوە، ئەگەر خەڵکی تر پێی هەستێت ئەوە داوا دەکەن لە وەزارەتی ئەوقاف و نوێنەریان بەشداری تێدا دەکات، بەڵام مەسەلەیەك ئەگەر خێرخوازێك مزگەوتێك دروست بکات، دوای ئەوەی کە ئاهەنگی گێڕا، ئەگەر کابرای خێرخواز داوا بکات لە دکتۆر بەشیر ئەگەر ئەوکاتە لەوێ بێت، چ گوناهێکە ئەگەر بڵێت قسەیەك بکات، لەوانەیە قەرارێکی سیاسی تێدا بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، لانە خان تەعقیبت هەبوو؟، فەرموو.

**بەڕێز لانە احمد چەلەبی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەنیسبەت پرسیاری دووەم: لەگەڵ ئەو داواكارییە كە داوام كرد لەوەزیری بەڕێز، سوپاس.

**بەڕێز كامل حاجی علی/ وەزیری ئەوقاف و كاروباری ئایینی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ببورە داواكارییەكەت چی بوو؟، بێزەحمەت دووبارەی بكەرەوە.

**بەڕێز لانە احمد چەلەبی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هۆڵی تایبەت هەبێت بۆ تەعزیەی ژنان لەشاری هەولێر، سوپاس.

**بەڕێز كامل حاجی علی/ وەزیری ئەوقاف و كاروباری ئایینی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

یەكێ لە پەرلەمانتارە بەڕێزەكان پرسیاری كرد و منیش وەڵامم دایەوە، وتمان زۆر بەجێیە پرسیارەكە، هەوڵی جدیی دەدەین لە پرۆژەكانەدا، لەگەڵ خێرخوازاندا كەوا هۆڵیش بۆ ژنان بكرێتەوە، لەهەندێ شوێن ئێستا هەیە، بەتایبەتی لە پارێزگای سلێمانی لە قەزاو ناحیەكان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار ڕازاو محمود فرج، فەرموو.

**بەڕێز ڕازاو محمود فرج:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە ئەو پرسیارانەی كە من ئاراستەم كردبوو، یەكەم ودووەم وەڵامی درایەوە، پرسیاری سێیەمیش بەشێكی وەڵامی درایەوە، ئەوەی ماوە هەر تایبەتە بەڕێكخستنی كاروباری حەج و عومرە، كە ئێمە ساڵانە هاووڵاتیانێكی زۆر ڕوو دەكەن لە حەج، بەڵام ڕێنمایی پێویستیان پێ نادرێت وەك ئێمە دەزانین، ئەمە سەفەرێكی ئاسایی نیە بۆ دەرەوەی وڵات بەڵكو خەڵكانێك هەیە لەسەر سنوور، خەڵكانێك هەیە لەدەرەوەی پارێزگاكان، لەدەرەوەی شارەوە، زۆرجار ئەو خەڵكانە یەكەمین جاریانە سەفەر بكەن، بۆیە هۆشیاریان پێ نادرێت ڕێنماییان وەكو پێویست پێ نادرێت، ئەمە ساڵانە دووبارە دەبێتەوە، ئایا وەزارەتی ئەوقاف پلانی چیە؟، بۆ كاركردن لەو بارەداو كەمكردنەوەی كەموكورتیەكان، هەمووشمان دەزانین، كەسوكاری زۆریشمان چوونە بۆ بەجێهێنانی ئەو فەریزەیە، بەڵام هەم لەڕووی خزمەتگوزاریەوە و هەم لەڕووی هاتوچۆوەو هەم لەڕووی دابین كردنی جێگەوە، هەم لەڕووی سەفەرەوە، هەم لەڕووی ئەو تیمە پزیشكیەوە كە لە گەڵیاندا بووە، ژمارەیان 6 هەزار حاجی تەنها 20 كەس كە لەوانە 12 پزیشك و هەشت كارمەندی تەندروستیان لەگەڵ بووە، ئەمانە هەمووی كەموكوڕیە و كە ساڵانەش دووبارە دەبێتەوە، ئایا پلانی وەزارەتی ئەوقاف چیە بۆ دووبارە بوونەوەی ئەم كەموكوڕیانە؟ پرسیاری ترم وەك دەزانین هەرچەندە لەڕووی یاساییەوە گرێبەستی هاوسەرگیری لە یاسای باری كەسێتی دا ڕێكخستنی بۆ كراوە، بەڵام وەك دەزانین كە بوونی

ماموستای ئاینی له گرێبەستی هاوسەرگیری نە ڕوکنێکە لە ڕوکنەکانی عەقدی زەواج، نە مەرجێکیشە، بەڵام خەڵکانی ئێمە بۆتە عورف و بۆ پیرۆز ڕاگرتنی ئەو عەقدی زەواجە بە پێویستی دەزانن کە لە سەر دەستی ماموستایەکی ئاینی بێت، بەڵام بەداخەوە بە تایبەتی لە شوو کردن و ژنهێنانی پێش وەخت واتە پێش تەمەنی 18 ساڵی و پێش تەمەنی 16 ساڵیش کە یاسا ڕێگەی پێداوە ئەمانە ڕێگە خۆشکەرن و دەچن ئەو گرێبەستانە بە ئەنجام دەگەیەنن، هەروەها بۆ مارە کردنی ژنی دووەمیش بە هەمان شێوە لەسەر دەستی ماموستایانی ئەم گرێبەستە دەکرێت، بۆیە پرسیارەکەی من لەوەیە کە ئایا وەزارەتی ئەوقاف تا چەند توانیویەتی چاودێری ماموستایانی ئاینی بکات کە گرێبەستی هاوسەرگیری ئەنجام دەدەن، ئایا ڕێنمایی وەزارەت هەیە تایبەت بە کاری ئەم ماموستایانە و ئایا مۆڵەت پێدراون؟ هەروەها پرسیارێکی ترم لە بەڕێزتان ئەوەیە کە لیژنەی فەتوا کە پێکهاتەی هەیکەلی یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستانە لەڕووی شەرعیەوە هاووڵاتیان بۆ یەکلاکردنەوەی کێشە خێزانی و کۆمەڵایەتیەکانیان ڕوویان تێ دەکەن، بەڵام زۆربەی بڕیار و بۆچوونەکانیان لە جیاتی چارەسەر بێت بۆ کێشەکانی ئەو هاووڵاتیانە بۆتە هۆی نائارامی و ناجێگیری و یەکلانەکردنەوەی ئەو کێشانە، وەك دەزانین جارێکی تر کۆمەڵگاکەمان لەڕوانگەی بیرو بۆچوونەکانی باوەڕهێنانیان بەو ئاینەوە هەرچەندە زۆربەی جارەکان لە دادگا ئەم کێشانە یەکلادەبنەوە بۆ نموونە دەڵێ ئەم تەڵاقە تەڵاقێکی ڕەجعیە، بەڵام فەتوا دراوە دەڵێ نەخێر ئەم تەڵاقە تەڵاقێکی بائینە و بەینونە کوبرەیە، زۆر کێشەشمان هەیە و هاووڵاتی هەیە ئەو کێشەی هێناوەتە لای ئێمە سەوتی ماموستا بەڕێزەکانیشی تەسجیل کردووە بەداخەوە کە دەڵێ وەرە تەڵاقەکە چاك دەکەینەوە، وەرە ئەو تەفریقە بەو شێوەیە نابێ، هەندێ جار حاڵەت هەیە و ئامادەشە بێتە لای بەڕێزتان کە پێیان وتوە بڕۆ زەواجی تەحلیل بکە کە هەموو دەزانین بە قەتعیەن حەرامە ئەو جۆرە زەواجە، بۆیە پرسیارەکە لێرەیە تا چەند وەزارەتی ئەوقاف توانیویەتی چاودێر بێت؟ بەسەر ئەو لیژنەیە و دیراسەی فەتوا و بڕیارەکان بکات لە کاتێك دا لە پێکهاتەی ئەم زانایانە دا ماموستایانی ئاینی هەن ئەندامن و سەر بە وەزارەتی ئەوقافن، دیارە ئێمە دەزانین لەڕووی هەیکەلەوە دێتەوە، بەڵام ئەو ماموستایانەی کە سەر بە وەزارەتی ئەوقافن و ئەندامیشن لەو لیژنەی فەتوایە تا چەند لەبەردەم وەزارەتی ئەوقاف دا بەرپرسن، لە کاتێك دا ئەمانە کێشەی زۆریان بۆ خێزانەکان دروست کردووە و وەکو مامەڵەیەکی لێ هاتووە دەڵێ وەرە تەڵاقەکە بۆ چاك دەکەمەوە، دوا پرسیارم لە بەڕێزتان ئەو ماموستا بەڕێزانەی کەلە پرسەکان دەخوێنن ئایا سەر بە وەزارەتی ئەوقافن، وەك دەزانین و خۆشمان بەشداری ئەو پرسانە دەکەین بەداخەوە هەر لە خوێندنی ئایەتەکانەوە ،هەر لە تەفسیر کردنی حەدیسەکانەوە، هەرلە باس کردنی کێشەکانەوە بۆ هاووڵاتیانی کوردستان لەو پرسانە دا هەڵەی زۆری تیایە، بەستنەوەی سەردەمانی سەحابە بە سەردەمی فەیسبوکەوە، من خۆم لە پرسەیەك دابووم کە یەکێك لەو بەڕێزانە باسی سەحابەیەکی دەکرد و باسی تەیارەشی دەکرد لە گەڵیا، ئەگەر نا چۆن کار دەکەن؟ ئەم ماموستایانە چۆن کار دەکەن و کێ کارەکانیان ڕێك دەخات و مۆڵەتیان دەداتێ، لەسەر چ بنەمایەك مۆڵەتیان دەدرێتێ؟ وەك دەزانین ئەم ماموستایانە و

ئەو بەڕێزانەی کە لەو پرسانە قورئان دەخوێنن پابەندی ڕێنماییەکانی وەزارەتی ئەوقافن، بۆ نموونە ئێوە کۆمەڵێ ڕێنماییتان دەرکردووە بۆ ڕێکخستنی ئەوەی کە پرسەکە لە ماوەی دوو ڕۆژ دابێ و دەبێ مەبلەغێ پارە و بڕی پارەکەتان دیاری کردووە کە دەبێت ئەو بڕە پارەیە لە خاوەنی پرسەکە وەربگیردرێ، ئەمانە خۆی لە خۆیدا بەڵگەن بۆ ئەوەی کە ئەم قورئان خوێنانە سەر بە وەزارەتەکەی بەڕێزتانن، ئەگەر نا ڕوونکردنەوەی زیاتر، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز کامل حاجی علی/ وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئاینی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس، ئەو دووانەی پێشوو وەکو خۆی وتی وەڵام دراونەتەوە، پرسیاری سێیەم کەموکوڕی وەك چی لە حەج و عمرە؟ ساڵانە ڕاپۆرتمان بۆ دێنن، ئەم ساڵ ڕاپۆرت نەگەیشتووە و تا ئێستا کەس پێی نەگەیاندووین، دوای لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون بڕیاریشمان داوە خۆمان لیژنەیەك پێك بێنین و پرسیار و بەدواداچوون بۆ هەندێك شت بکەین، هەرچەندە دوو، سێ جار وەڵامی ئەم پرسیارەمان داوەتەوە بە ئاگاداری هەموو حاجیان شوێنی نیشتەجێ بوون لە حەرەمەوە نزیك تر بووە لە ساڵانی پێشوو کە هەزار و پەنجا مەتر، یەعنی کیلۆمەترێك دوور بووە دوورترین شوێنیان، کە خەڵکی ئێمە ئەهلی سونە وەکو ئەهلی تەشەیوع نین، دایم حەز دەکەن نزیك لە حەرەم بن، جا ئەو شوێنانەی کە نزیك لە حەرەمن پارەکەیان گرانترە لەو شوێنانەی کە دوورن لە حەرەم، لەبەرئەوە خەڵکی ئێمە دەیەوێ دایم نوێژەکانی لەناو حەرەم دا بکات، لەوانەیە خەڵکانێکی تر ئەو ئیلتزامەیان نەبێ، وەڵامی پرسیاری چوارەم بمانەوێ و نەماوێ ئەوانەی گرێبەستی هاوسەری ئەنجام دەدەن لە مەحکەمە گەر لەلای مامۆستایەکی ئاینی ئەو گرێبەستە نەکات دڵی ئۆقرە ناگرێ، خۆی دەڕوات و هەردووکیان دەچن، ئەگەر نەچن بۆ لای مامۆستایەکی ئاینی وا دەزانن دانەمەزراون، ئیتر وایە خۆ عەینی شتە خەڵکەکە خۆی دەچێت، مامۆستاکان پێیان وتراوە کەوا ئەو کارە نەکەن، بەڵام کە خەڵکەکە دەچێ بۆ لای، دوایی مەحکەمە چی بکات یەعنی؟ ئینجا هیچ شتێك نیە قەی چی دەکات ئەو عەقدەی کردووە، بەڵام پێش ئەوەی کێشە نەمێنێتەوە لەوانەیە بەفێڵ لەوانە خەڵك هەبن بچنە لای مامۆستاکە و بڵێن ئاوا و ئاوا و دوایش بەشێوازێکی تر بکەوێتە سەر مامۆستا و تووشی کێشەیەك بێت، لەلایەن وەزارەتەوە لەو بارەیەوە هیچ بڕیارێك نیە، دوای دادگا دێن و دەچن و دوای لای مامۆستا گرێبەستەکە دەکەن، بەڵام بۆ چارەسەری ئەم مەسەلەیە و هەم فەتوا وەزارەتی ئەوقاف بۆ تەوەسوع کردنی لیژنەی فەتوا 25 کەسمان لەسەرانسەری کوردستان کە خاوەن شەهادەی بەرزن، کە خاوەنی عیلمن و سومعەی پاك کە جێی متمانەی حکومەت و هەرێم و هاووڵاتیان بێت، 25 کەسمان دیاری کرد و چەند جار دانیشتنمان بۆ کردووە و شێوازێکی یاسایی و تەنزیمیمان بۆ کردووە و چووەتە ئەنجومەنی وەزیران و لە مەجلسی شورا و لە ئەنجومەنی شورا لەوێ چەند جار دانیشتنی لەسەر کراوە

بڕیارە بێتە پەرلەمان بۆ پەسەند کردنی، ئەو هەموو شتانە کەس بۆی نابێ ئەو کارە بکات و بە هیچ شێوەیەك فتوا بدات، ئەگەر ئەوە جێ بەجێ بێت، وەڵامی پرسیاری شەشەم ئەوانەی کە قورئان دەخوێنن، زۆریان سەر بە وەزارەتی ئەوقافن، بەڵام قورئان خوێنیان هەیە سەرپەرشتیان دەکات و ئێمە ڕێنماییمان بۆ داون کەوا بە پێی ڕێنماییەکان بجولێنەوە، کە ڕۆژێك لەوێ قورئان دەخوێنن زۆریان دەسەند کردمان 50 هەزار دینار، کابرا دوو ڕۆژ بەیانی تا ئێوارە لەگەڵتا دەبێ هەروەکو کرێکار و وستایەك 50 هەزاری بەردەکەوێ، بەڵام ئەو کەسانەی کە زیادی دەدەنێ کابرای خاوەن مردوو خۆی خێرێك دەکات و بەزەیی پێیا دێتەوە و دەیناسێ و پارەیەکی زیادی دەداتێ ئەوە دەسەڵاتی ئێمە نیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك خورشید فەرموو.

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جەنابی وەزیر، هەندەك ژمارە لەبەردەستە ڕاستی نیشانێ وێ چەندێ یە کو کەمتەرخەمیەکا هەی ل مزگەفتێ دا، سەدو وحەفتێ و ئێك مزگەفت بێ ئیمام و خەتیب و خزمەتگوزار لسنورێ پارێزگەها دهۆکێ هەی، چار قەزا ل پارێزگەها دهۆکێ هەیە، قەزا دهۆکێ و ئامێدێ و خانسێ و مێلێ، تنێ شەش سەد و نەوەد کارمەندێت هەین، کەچی ل قەزایەکا وەکی ئاکرێ نە حساب کارمەندێت هەی، یەکا وەکو شەقلاوە هەزار و سێ سەد و پێنج کارمەندێت هەی، پرسیار ئەوەیە چ بەرنامە لبەر دەستێ وەزارەتێ هەی بۆ چارەکرنا وان کێشا و پڕکرنا وان بۆشاییەتیا وەك پتر کرنا زێدە تر بۆ وان جێگا پیرۆز، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز کامل حاجی علی/ وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئاینی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەنجومەنی وەزیران دەزانێ، هەردوو ساڵەکە داوامان کردووە، مزگەوتەکان بێ ئیمام و بێ وتاربێژن، بێ خادمن، بێ قاریئی و موئەزنن، هەندێ کەس هەن لە لادێکان دا خۆیان چونکی خەڵکی لادێکەن و گوندەکەن، یان هەندێ کەس هەیە خەڵکی ئەوێیەوە خەریجی کۆلیژی شەریعەیە لەوێ دەمێنێتەوە، ئیمامەتی دەکات بۆ ئەوان پێویستمان بەوە هەیە پەرلەمانی کوردستان لەم وەزعە و لەم بارودۆخە بۆ دامەزراندنی ئیمام و ئیمام خەتیبی مزگەوتەکان، بۆ خزمەتی مزگەوتەکان، بۆ بانگبێژ، بۆ قورئان خوێندن یارمەتیمان بدات لە میزانیەی ئەمساڵ خەڵکێکی زۆرمان بۆ دامەزرێنن، چارەسەر تەنیا ئەوەیە، ئەو دوو ساڵەی پێشوو هیچ بۆ ئێمە دانەمەزراوە، ئیتر گلەیی لە کێ بکەین، لەوانەیە زاخۆ زیاتر پێویستی بە مامۆستا و بە خادم و موئەزن هەبێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بۆ دامەزراندن تكایە لە ئەنجومەنی وەزیران داوا بكەن، كاك جمال فەرموو.

**بەڕێز جمال طاهر ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هاوڕێم د.بشیر پرسیارەكەی كرد ئەویش سەبارەت بە نەبوونی مدیریاتی گشتی لە پارێزگاكە و من پرسیارەكەم سەحب دەكەم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، زكیە خان فەرموو.

**بەڕێز زكیە سید صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێز وەزیرێ ئەوقاف و كاروبارێت ئایینی، پرسیارا من ئەڤەیە بە پێی زانیاریەكانی لبەر دەستمانە سیستمی كار لە وەزارەتی زۆر بە مەركەزیەتێكی بەهێزەوە بەڕێوە دەبردرێت، زۆر بڕیار وەكو دامەزراندن یان گواستنەوە بە بێ وەرگرتنی ڕای بەڕێوبەریەتیەكان دەكرێت، واتە هەماهەنگی لەگەڵ بەڕێوەبەراتیەكان ناكرێت و ئەم جۆرە بڕیارانە دەبێتە ئەگەری دروست كردنی كێشە بۆ بەڕێوەبەرایەتیەكان، ئەمە لە كاتێك دایە كە لەبەرنامەی حكومەت دایە كەوا دەسەڵات دابەزێتە خوارەوە، بۆچی ئەم مەركەزیەتە لە وەزارەت قەتیس كراوە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز كامل حاجی علی/ وەزیری ئەوقاف و كاروباری ئاینی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

باسی ئەو خاڵانە كردو وەڵاممان دایەوە، بە نیسبەتی سەڵاحیەت ئەوەی هێنا وتم باسی بكەم و زۆر بە ڕێكوپێكی دامان بەزاندووە و وێنەمان ناردووەتەوە بۆ ئەنجومەنی وەزیران، دەتوانن پرسیار بكەن لە وەزارەتەكانی تر بزانن بەڕێوبەراتیەكانی تر سەڵاحیەتیان چۆنە و هینەكەی ئێمەش چۆنە؟، ئێمە وەكو باسمان كرد سەڵاحیەتەكانمان دابەزاندووە تەنها ئیمام و خەتیب لە دەسەڵاتی وەزیرە ئەویش بۆ ڕێز لێنان لە مامۆستایان و لە زانایان، لەگەڵ ئەوەشدا گواستنەوەیەكی زۆر لە بەڕێوبەراتیەكان كراوە و مامۆستایەكان لە شوێنێكەوە گوازراونەتەوە بۆ شوێنێكی تر ئەوەی تری لەڕێگای بەڕێوبەرایەتی گشتی نەقڵ دەكرێن و دەگوێزرێنەوە بە مەرجێك پێچەوانەی ڕێنماییەكانی وەزارەتی دارایی نەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، تعقیبت هەیە؟ زكیە خان فەرموو.

**بەڕێز زكیە سید صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من مەبەستم لێرەدا ئەوەیە دەزانین سەلاحیاتی دامەزراندن وگواستنەوە لە دەستی وەزیرە، بەس بزەبت پرسیارەکە لێرە دایە هەماهەنگی لەگەڵ بەڕێوبەرایەتیەکان بەتایبەتی لە پارێزگاکانی کە نەبوونەتە بەڕێوبەرایەتی گشتین نەکراوە تا ئێستا، ئەوانیش گلەییان لەمە هەیە و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز کامل حاجی علی/ وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئاینی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس، گەر لە بەڕێوبەراتیەکەوە ناوی ئەو فەرمانبەرە ئەو کارگوزارە نەهاتبێ ڕەزامەندی هەر دوو شوێنەکەشی لەگەڵ نەبووبێ ئێمە ڕەزامەندیمان نەداوە، لەڕێگەی ئەوانەوە کردوومانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاک یاوز فەرموو.

**بەڕێز یاووز ئەرسەلان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی بەڕێز وەزیری ئەوقاف دەکەم، من چەند پرسیارێك و چەند گلەییەکی هاووڵاتیانم هەیە بە تایبەتی ئەوانەی ئەمساڵ زیارەتی حەجیان کردووە، ئومێدەوارم بەڕێز ............ .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

فەقەت پرسیار، گلەیی نا، کاک یاووز فەرموو.

**بەڕێز یاووز ئەرسەلان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرسیاری یەکەمم ئەوەیە ئایا ئاگادارە لەوەی کە حەملەدارە بەڕێزەکان کە بەدەل حەج دێنن بۆ هاووڵاتیان داوای 600 دۆلاریان لێ دەکەن، لەکاتێکدا بەزمانی زۆربەی حاجیە بەڕێزەکان بەدەل حەج تەنها 200 دۆلاری پێویستە، 100دۆلار دەدرێت بەیەکێك کە لەعەرەفە ڕادەوەستێت، 100 دۆلاریش دەدرێت بۆ ئەوەی قوربانی بۆ بکرێت، پرسیاری دووەم: لەسەرەتای ساڵی 2011، 800 پلەی وەزیفی لە پەرلەمان بۆ وەزارەتەکان ڕەزامەندی لەسەر درا، لە ئەنجومەنی وەزیران ئەم بڕە کراوە بە (500)پلەی وەزیفی ئایا ئێوە وەکو وەزارەت بۆ ئەوکارە چیتان کردووە؟، ئایا ڕەزامەندیتان دەربڕیوە بۆ ئەم کەمکردنەوەیە؟، یان چی؟، پرسیاری سێیەم: بەقسەی حاجیان سەیاراتی نقلی حاجیەکان لە حەرەم بۆ فندق، تەنها 2 کۆستەر دابین کراوە، ئایا ئەو دوو کۆستەرە، بەشی ئەو هەموو حاجیەی هەرێمی کوردستان دەکات؟، پرسیاری چوارەم: وەزارەتی ئەوقافی عێراقی فیدڕال، 400دۆلاری بۆ هەموو حاجیانی خۆی گەڕاندۆتەوە، دوای گەڕانەوەیان لەحەج، ئایا بۆ وەزارەتی ئەوقافی هەرێم ئەم بڕە پارەیە ناگەڕێنێتەوە؟، پرسیاری پێنجەم: سەبارەت بەخواردن و خواردنەوەی حاجیانی هەرێمی کوردستان لەمەدینە، لە فندق بۆچی هیچ جۆرە

خواردەمەنیــەکیان بــۆ دابــین نــەکراوە؟، لەکاتێکــدا کــە حاجیــانی عێراقــی فیــدڕاڵ هــەموو جــۆرە خواردەمەنیەکیان بۆ دابین کراوە لەلایەن وەزارەتی ئەوقافی عێراقی فیدڕالەوە؟، پرسیاری شەشەم: لـەمینا چادرێکی زۆر کەمیان بۆ حاجیانی کوردستان دابین کردووە، کە لەناچاری ئەوە بەوتەی حاجیانە، 100 تـا 150 کەس لە ناو یەك چادر دانیشتوون، هەندێ حاجیش ناچار بوون لەدەرەوە نوستوون، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز کامل حاجی علی/ وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئاینی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی پەیوەندی بە حەج و عومرەوە هەیە، نزیکەی شەش پرسـیارە بـا ئەوانـە وەڵام بدەینـەوە، پرسـیاری یەکەم: لەبارەی بەدەل حەج کە حەملـەدارەکان دەیـانهێنن، ئـەم ئیشـە بـەڕەسمی ناکرێـت، ئەگـەر بشکرێت ئەوە شتێکە شەخصیە، لـەنێوان حەملـەدار و حـاجی و کەسـانی تردایـە، ئێمـە ڕێگـر بـووین لەبـەردەم ئـەم کارەدا، لێی بەرپرسیار نین، چونکە بەشەخصی دەکرێت لەدەرەوە، لـەماڵی خـۆی لەشـوێنێکی تـر ئیتیفـاقی لەگەڵ دەکات، لەوێش کەس پێی نازانێـت خـۆی دەیکات، پرسـیاری چـوارەم: لەهـەر فنـدقێك سـێ کۆسـتەر هەبووە، جەنابت باسی دوانت کرد، ئەو حاجیە باسی کردووە، تۆش لـەوت بیستووە، فندقـەکان چـوار دانـە بـوون، واتـە 12 کۆسـتەر ئیشـیان دەکـرد، بـەڵام وەك دەزانـن لەمەراسـیمی حـەج بەتایبـەت پـێش جـەژن، سەمیرە خان و گوڵزار خان ئەمساڵ چوون، ڕێگا دادەخرێـت، قـەرەباڵغی بـەیت لـەو دوو، سـێ ڕۆژەدا وایـە ئەمـەش لەلایـەن سعودییەکانەوەیە، خۆیـان ئـەمر دەکـەن کـە سـەیارە هاتوچـۆ نـەکات، وەڵامـی پرسـیاری پێنجـەم: حاجیـانی عێراقـی 500 ڕیالیـان وەرگرتـووە، کـە دەکاتـە نزیکـەی 150 دۆلار، لەکاتێکـدا عێـراق 300 هـەزار دینـار زیـاتر لەئێمـەی وەرگرتـووە، کەدەکاتـە 250 دۆلار، واتـە عێـراق هێشـتا 100 دۆلاری نەگەڕاندۆتـەوە بـۆ حاجیـان، ئێمـە لەبنەڕەتـدا پـارەی زیادمـان وەرگرتـووە، واتـە هـیچ پارەیـەك نیـە کـە بیگەڕێنینەوە وەك عێراق، لەساڵی 2007، کە ئێمە دەڵێین کوردستان و عێراق وا دەزانین دەوڵەتێکی ترە، عێراق لە ساڵی 2007 تا 2015 پارەی حاجیانی وەرگرتووە، ئیستیسماری پێ دەکات، ئێمەش ساڵانە پـارە وەردەگرین، ئەو ماوە زەمەنیە، ئەو حاجیەی کە لە عێراق دەیدات بە دەستەکە، مودەیەکی زەمەنی پارەکە لەلای ئەوان دەبێت، بەو ماوەیە ساڵانە ئەتوانن یارمەتیان بدەن، بەس ئێمە بە ساڵانە پارەکـە وەردەگـرین، ناتوانین ئـەو وەبەرهێنانـە بکـەین، وەڵامـی پرسـیاری شەشـەم: لەمەدینـە خـواردنی بـەیانیان وەك عێـراق، هەمان بووەو تەوزیع کراوە میوەو ئـاویش دابەشکراوە، زۆریـش بـەجێ مـاوە، مەصدەری خـواردنی ئێمـەو عێـراق یـەك مەصـدەرە، وەڵامـی پرسـیاری حەوتـەم: لـەمینا شـوێنی ئێمـە زۆر زیـاتر بـووە لـە عێـراق، لـە وڵاتەکانی تر 2 خێوەتی زیاترمان هەبووە، لەکاتێکدا کەبەشی حاجیان 80 سم بووە، ئەمەش دابەشـکردنە سعودیەکانە نەك هی ئێمە، شوێنمان زۆر باش بوو، چەندین حاجیانیشمان وەکو پـیر وئافرەتـان لـەخێوەتی موتەوەفەکان و ئیدارییەکان جێگا کردۆتـەوە تـا بحەوێنـەوە، ئەوانـەی کـە نـەخۆش و پـیر بـوون، لەمەکـە

شـوێنی فندقەکـەمان ئەوەنـدە دوور نـەبوو وەکـو باسمـان کـرد، بەرۆشـتن تـەنها 20 دەقـە بـووە، تـەنها هەورازێکی لێ بووە ئەویش 6 دەقیقە بووە، ژمارەی فەرمانبەران کە بردوومانن وەك فەرمانبەری ئیـداری و کارگێڕی و مورشدی ئاینی ئەوانە پارەیان لێ وەرنەگیراوە، 51 فەرمانبەری ئیـداری بـوون، 52 مورشـدی ئـاینی ، 6 ڕاگەیانـدن، 20 فەرمانبـەری تەندروسـتی، 94 حەملـەدار، ئەمانـە پـارە نـادەن، لەسـەر حسـابی حاجیان دەڕۆن، کولفەی یەك کەس 3 ملیۆن و 700 هـەزار بـووە، سـەکەن 1 ملیـۆن و 863 هـەزار بـووە، نقلْ 758 هەزار بووە، نقل داخلی لەگەڵ سەکەنی مەدینە، 854 هەزار بووە، حەملـەدار 50 هـەزار دینـار وەردەگرێت لە دەستەی حەج، نەسریە 30 هەزار دینار، بۆ ئەو کەسانەی کە پارەیان ون ئەبێت، کـەپارەیان لێ دەدزن، پرسیاری سێیەم: لەسەرەتای ساڵی 2011دا،(80 ) پلەی وەزیفی لەپەرلەمان بۆ وەزارەتەکـەمان پەسەند کرا، دوایی کرا بە ( 500 ) وەك جەنابت فـەرمووت، ئێمـە نووسـراومان کـردووە بـۆ سـەرۆکایەتی پەرلـەمان و سـەرۆکایەتی هـەرێم، بـۆ سـەرۆکایەتی ئەنجومـەنی وەزیـران تـا ئێسـتا چـاوەڕوانی وەڵامـین، سەبارەت بەخواردن وخواردنەوەی مەدینە، ئەوەشم جواب دایەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك یاووز تەعقیبت هەیە؟، فەرمووو.

**بەڕێز یاوز ئەرسەلان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەکەم: تەبعەن ئەو قسانە هی حاجیانن من نازانم چۆنە و چۆن نیە، بەڵام سەبارەت بـە پلـە وەزیفیـەکان، کە پەرلەمان بۆ وەزارەتەکەتانی بڕیار دابوو، من موتابەعەی لیژنەی ئـەوقافی پەرلـەمانم کـرد وتیـان ئێمـە ئاگـادار نـین، مـەفروز بـوو جـەنابتان لەگـەڵ لیژنـە قسـەتان بکردایـە، دووەم: سـەبارەت بـە بـەدەل حـەج جەنابتان دەڵێن ڕەسمیەن شتی وا ناکرێت، ئەوان شتێکی غەیر ڕەسمـی دەکـەن، مـن پێشـنیارێك دەکـەم کـە مەفروزە لە دەستەی حەج و عومرەی کوردستان، هۆبەیەك دابندرێت و ئـیعلان بکرێـت بـۆ هاووڵاتیـان کـە ئەگەر ئەوان بـە 600 دۆلار بـەدەل حـەج دەکـەن، بـا حکومـەت بـە 300 دۆلار بیکـات، یـەعنی ئـەوە هـەم داهاتێکە بۆ حکومەت دەگەڕێتەوە، هەم هاووڵاتیانیش سوودمەند دەبن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، جەنابی وەزیر فەرمووو.

**بەڕێز کامل حاجی علی/ وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئاینی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشـنیارەکەت بەجێیـە، بەپشـتیوانی خـوای گـەورە موتابەعـەو دیراسـەی دەکـەین، هـەوڵیش دەدەیـن کـە جێبەجێی بکـەین، بەنیسـبەت ئـەو پرسـیارە، لەگـەڵ لیژنـەی ئـەوقافی پەرلـەمان قسـەمان کـردووە، خۆیـان ئاگادارن و کیتابیشمان کردووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابتان، بەنیسبەت ئەوەی مەلاك لیژنەی كاروباری ئەوقاف پەرلەمان لەگەڵ جەنابی وەزیر دابنیشن، پێویستە ڕوونكردنەوەتان هەبێت، ئێستا كۆتایی بەدانیشتنەكەمان دێنین، سبەی سەعات 2 دادەنیشین بۆ تەواو كردنی ئەم بابەتە، تا ئەوكاتە بەخوای گەورەتان دەسپێرین، خواتان لەگەڵ.

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **د. ارسلان بايز اسماعيل** | **محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی)** |
| **سكرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆكی پەرلەمانی** | **سەرۆكی پەرلەمانی** |
| **كوردستان – عێراق** | **كوردستان – عێراق** | **كوردستان - عێراق** |

# پەرلەمانی كوردستان - عێراق

**پرۆتۆكۆڵی دانیشتنی ژمارە (17)**

**چوارشەممە رێكەوتی 14\12\2011**

**خولی سێیەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (7)

## چوار شەممە رێکەوتی 2011/12/14

**کاتژمێر (2)ی پاش نیوەڕۆی ڕۆژی چوار شەممە ڕێکەوتی 2011/12/14 پەرلەمانی کوردستان - عێراق بە سەرۆکایەتی بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی) سەرۆکی پەرلەمان و, بە ئامادەبوونی بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبدالله سکرتێری پەرلەمان, دانیشتنی ژمارە (17)ی خولی سێیەم, ساڵی (2011) ی خۆی بەست.**

**بەرنامەی کار:**

**بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموارکراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق, دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری درا دانیشتنی ژمارەی (17)ی نائاسایی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کات (2)ی پاش نیوەڕۆی ڕۆژی چوار شەممە ڕێکەوتی 2011/12/14 دا بەم شێوەیە بێت:**

**1 -بەردەوام بوون لەسەر میوانداری کردنی بەڕێز وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئاینی بە مەبەستی بەرچاوخستنی چالاکیەکانی وەزارەت و وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی ئەندامانی پەرلەمان.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

**بەناوی گەلی کوردستان، دانیشتنەکەمان دەکەینەوە، خولی سێیەمی هەڵبژاردن، ساڵی سێیەم، خولی گرێدانی یەکەم، ژمارەی دانیشتن (17)، ڕۆژی دانیشتن 2011/12/14، بەرنامەی کار:**

**بەپێی حوکمەکانی بڕگەی (1)ی ماددەی (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار کراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (17)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کاتژمێر (2)ی پاش نیوەڕۆ بێت، بووە (3)ی پاش نێوەڕۆ، دواکەوت، ڕۆژی چوار شەممە ڕێکەوتی 2011/12/14 بەم شێوەیە بێت:**

**1-بەردەوام بوون لەسەر میوانداری کردنی بەڕێز وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئاینی بە مەبەستی بەرچاوخستنی چالاکیەکانی وەزارەت و وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی ئەندامانی پەرلەمان.**

**بەخێرهاتنی هەردوو ڕێزدار وەزیری ئەوقاف و ڕێکخەری نێوان پەرلەمان و حکومەتی هەرێم مامۆستا سەعد دەکەین، هەردوو بەڕێز بەخێر بێن، جەنابی وەزیر کەرەم بکە بۆ سەر مەنصە، فەرموو، ڕێزدار دڵشاد شەهاب کەرەم بکە بۆ پێشکەش کردنی پرسیارەکانت، فەرموو.**

**بەڕێز دڵشاد شهاب حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا بەخێرهاتنی بەڕێز وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئاینی دەکەم، من چوار پرسیارم نووسی بوو، بەلاٌم پێموایە بەشێکی ئەم پرسیارانە کراون، بۆیە پرسیاری سەرەکیم هەر ئەویان یەك پرسیارە دەیهێڵمەوە، ئەویش کە پرسیاری یەکەمە.

بەڕێز جەنابی وەزیر، زۆر لە مزگەوتەکان کە دروست دەکرێن، بەتایبەتی لە شاری هەولێر ئەم دیاردەیە زۆرە، کە خێرخوازێك، خوا پێدراوێك مزگەوتێك دروست دەکات، تا ئەم مزگەوتە ماوە، تا ئەم بنەماڵەیەش ماوە، خۆیان تەحەکوم بە مزگەوتەکە دەکەن، خۆیان قەرار دەدەن دەبێت فلاٌن کەس خەتبی بێت، خۆیان قەرار دەدەن دەبێت فلاٌن کەس قورئانی لێ بخوێنێت، خۆیان قەرار دەدەن دەبێت فلاٌن کەس پێش نوێژی بکات، کە بەڕاستی ئەمە لەلایەك دیاردەیەکی باشەو کارێکی خێرخوازیی گەورەیەو خەڵك خزمەتی ئاین دەکات و مزگەوت دروست دەکات، بەلاٌم مەبەستی من ئەوەیە ئایا هەنگاوەکانی وەزارەت چین، بۆ ئەوەی کەوا لە ئایندەدا هەوڵ بدرێت و کە دوای ئەوەی ئەم مزگەوتە دروست دەکرێت، کاری خێرخوازەکە بەسەر ئیدارەی مزگەوتەکە تەواو دەبێت. ئەگەر خزمەتیشی بکات، خزمەتێکی بەردەوام، ئەمە کارێکی باشە، بەلاٌم لە رووی ئیداری و لە رووی دانانی مامۆستای ئاینی و خەتیب و قەرار دان لە وەزعەکانی، کە بەڕاستی بە دیتنی من ئەوە یەکێکە لەو سەبەبانەی کە زۆر جار وەزارەتیش رەنگە دەستە وەستان راوەستێت بەرامبەر ئەوەی کە تەعامول لەگەڵ هەندێك لەو حاڵەتانە بکات، پرسیارەکانی تر دووبارەن، بۆیە من دووبارەی ناکەمەوەو سەری ئێوە نایەشێنم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار جەنابی وەزیر کەرەم بکە.

**بەڕێز کامل حاجی علی/ وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئاینی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.

السلام علیکم.

وەلاٌمی پرسیاری بەڕێز کاکە دڵشاد، ئەو خێرخوازانەی کە ئەو مزگەوتانە دروست دەکەن هاوکارییەکە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان، چونکە گەر ئەوان ئەو مزگەوتانە، یان ئەو قوتابخانانە، یان یارمەتی هەژاران نەدەن، حکومەت ئەو پارەیەی کە هەیەتی دەبێت لەوەشدا سەرف بکات، لەو هاوکارییانەی کە خێرخوازانی کوردستان کەوا یارمەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەدەن، ئەوەی جەنابت فەرمووت، بەو شێوەیە نییە کە موتەوەلی بتوانێت خۆی سەربەخۆ ئیمامێك دانێت لەوێ، یان خادمێك بێنێت، بەلاٌم ئەگەر ئەو خێرخوازە بیەوێت راوێژ بکات لەگەڵ وەزارەت، یان لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی ئەوقافی شوێنەکە، بە هەردوو لایان ئەگەر ناوی کەسێك بڵێ بڵێت ئەو کەسە شیاوی ئەوەیە لێرە دابنرێت، نەك فەرزی بکات، تەنها لەوانەیە ناوی بەرێت، واتا بەیانی بکات، هەموو ئەو کەسانەی کەوا دادەمەزرێن لە مزگەوتەکان بە ئەمری وەزاری دەبێت، کەسێك ناتوانێت ئەگەر دوو سەد دەفتەریشی لە مزگەوتەکە سەرف کرد بێت،

لەگەڵ ئەوەشدا ئەو خێرخوازە یەكسەر مزگەوتەكە بەناوی وەزارەتی ئەوقاف تۆمار دەكات و، زۆر لەو مزگەوتانەی بەتایبەتی لە پایتەختی هەرێمی كوردستان دروست كراون، ئێمە نەمانتوانیوە وەكو وەزارەت، وەكو حكومەتی هەرێم پێنج كەسێكیان بۆ دامەزرێنین، لەگەڵ ئەوەشدا هەیە لە خێرخوازان خادمیش هەر خۆی مەعاشەكەی دەداتێ، تا بۆی دادەمەزرێت، بۆیە ئێمە سوپاسیان دەكەین، كە لە كوردستاندا دەوری باشیان بینیوە، بەتایبەتی لە هەولێر، لە گەڕەكی ئاشتی لە هەولێر خێرخوازێك (110) دەفتەری سەرف كرد بوو لە مزگەوتێكدا، داوای كرد لە من و كاك نەوزاد موحافزی هەولێر، كەوا پێنج، شەش كەسی بۆ دابمەزرێنین بۆ خزمەتی مزگەوتەكە، كە نزیكەی (2000) ماڵ لە دەوریەتی، ئێمە هەتا ئێستا نەمانتوانیوە چوار كەسی بۆ دانێین وەكو خادم و خزمەتگوزاری مزگەوتەكە، لەبەر ئەوە بۆ دڵنیاییتان كەسێك كە مزگەوتێك دروست دەكات ناتوانێت خۆی بەبێ وەزارەتی ئەوقاف كەسێك دابنێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، تەعقیبت هەیە؟ ڕێزدار هاوڕاز شێخ احمد، سوپاس، ڕێزدار ناسك تۆفیق، سوپاس، ڕێزدار بەفرین حسین خەلیفە كەرەم بكە.

**بەڕێز بەفرین حسین خەلیفە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وێڕای بەخێرهاتنی بەڕێز وەزیری ئەوقاف و كاروباری ئاینی، دیارە من سێ پرسیارم نارد بوو، وەڵامی یەك لە پرسیارەكانم وەرگرتەوە، دیارە مامۆستایانی ئاینی لە قۆناغێكی سەختی شۆڕشی میللەتەكەمان پاڵپشتێكی بەهێز بوون بۆ شۆڕشەكانی میللەتی كوردو ڕێبەرایەتی و پێشڕەوایەتی زۆرێك لە شۆڕش و ڕاپەڕینەكانی میللەتەكەمان لە ئەستۆی مامۆستایانی ئاینی و شێخانی تەریقەت بوون و، بەرخوردانیشیان كرد بووە بەشێك لە ژیانیان بۆ سەرخستنی دۆزی ڕەوای میللەتەكەمان، لەوانەش شێخ سەعیدی پیران، مەلا مستەفا، شێخ مەحمودی نەمر، چەندانی دیكەش، بۆیە ناكرێت لێرەوە كارو تێكۆشانی ئەوانە بە نادیدە بگرین، باس لە ئەهمیەت و ڕۆڵی ئەوان نەكەین.

دیارە لە هەرێمی كوردستان ڕێژەیەكی زۆر لە مزگەوت بوونی هەیە، زیاتر لە چوار هەزار مزگەوت هەیە، بۆیە بەڕێزیان دوێنێ خستیە ڕوو، بەڵام لە مزگەوتەكاندا، یان با بڵێین لە وتاری هەینی تەنها لە (2800) مزگەوت، یەعنی ئیمام و خەتیب هەیەو وتاری نوێژی هەینی پێشكەش دەكەن، بەڵام بەپێی ئەو مەعلوماتانەی كەوا هەیە لەو (2800) وتار بێژەی كە وتار دەدەن (700) كەسی پسپۆڕو موختەسن لە ئیشی وتاربێژی ئیمام و خەتیبی مزگەوتەكان، بەڵام لە هەمان كاتدا ئێمە دەبینین ساڵانە دەرچوویەكی زۆری بەشی دیراساتی ئیسلامی و شەریعەمان هەیە، كۆلێژەكانمان هەیە بەو ناوانەوە، خۆیان تكا دەكەن، ڕجا دەكەن، مان دەگرن، بۆ ئەوەی تەعین ببن، بۆ ئەوەی دابمەزرێن لە شوێنەكان، ئایا وەزارەتی ئەوقاف و كاروباری ئاینی بیری لەوە نەكردۆتەوە، یەعنی پێداویستیەكانی وەزارەت، یان پێداویستیەكانی وتاربێژانی ئیمام و خەتیبی مزگەوتەكان لەو دەرچووانە پڕ بكاتەوە؟ ئەوە پرسیارێك.

پرسیارێكی تریش، دیاره وەزارەتی ئەوقاف وەك هەر وەزارەتێكی دیكە خاڵێك هەیە بە گرێبەست لێی تەعین دەبێت، بەڵام ئەوەندەی كە بیستبێتمان سوودمەند بووان لەوانەی كە بە گرێبەست جارێكی تر تەعین دەبنەوە، ئەو كەسانەن كەوا خانەنشین بوون لە وەزارەت جارێكی تر بە هەمان شێوە لە رێگەی عەقدەوە دێنەوە وەزارەت كار دەكەن، پرسیارەكەی من ئەوەیە باشە دوو گەنج بچێتە سەركار، یان دوو بێ كار بچێتە سەر كار باشترە لەوەی كە هەمان خانەنشین لە وەزارەت بێ لە رێگای عەقدەوە بێتەوە سەر ئیش لەوەزارەت كار بكات، یان كەسێكی بێ كار بێتە سەر ئیش لە رێگەی ئەو عەقدانەوە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار جەنابی وەزیر كەرەم بكە.

**بەڕێز كامل حاجی علی/ وەزیری ئەوقاف و كاروباری ئاینی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس بۆ پرسیارەكەت، دوێنێ بە تەفسیلی وەڵامی ئەو پرسیارانەمان دایەوە دەربارەی دامەزراندن و دامەزراندن بە گرێبەستەكان، ئێمە بە پشتیوانی تەئیدی ئەو پرسیارەت دەكەین، گوتمان دامەزراندن لە دەسەڵاتی حكومەتی هەرێمدایە، لە دەسەڵاتی وەزارەتەكاندا نییە، ئێمەش حەز دەكەین ئەوانەی تاكو ئێستا دانەمەزراون دابمەزرێن، ئەو بۆشاییانەی كەهەیە پڕ بكرێنەوەو، ئەو مزگەوتانەی كە ئیمام و خەتیبی تیا نییە بۆیان بنێرین، هەروەها دەربارەی گرێبەستەكان، (350) كەسمان ناردووە لەو گەنجانەی جەنابت باست كرد بە رەفز هاتۆتەوە، ئەمڕۆش كتابێك هات كەوا گرێبەست لە وەزارەتەكان، واتا گرێبەستمان بۆ مەنێرن بۆ حكومەتی هەرێم، بۆ وەزارەتی دارایی كەوا دابمەزرێن بە گرێبەست، ئیتر نازانم تا كەی؟ لەگەڵ ئەوەشدا نووسراوێكی تر هاتووە مووچەی گرێبەستەكان زیادی كردووە، ئەوەش هاتووە، ئەویتریش هاتووە، لەبەر ئەوە ئەو دوو شتە لە دەسەڵاتی وەزارەتەكان نین، لە دەسەڵاتی حكومەتی هەرێم دایە، هەموومان هەوڵ بدەین كەوا لە ساڵی داهاتوودا بتوانین ئەو شوێنانەی كە دامەزراندن تێیدا زیاتر زەرورە، حكومەت چارەسەرێكی بۆ بدۆزێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، تەعقیبت هەیە؟ زۆر سوپاس، رێزدار عەلی حسین محمد كەرەم بكە.

**بەڕێز علی حسین محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بە سوپاسەوە زۆربەی وەڵامی پرسیارەكانم وەرگرت، بەڵام تەئكید لەسەر پرسیارێك دەكەمەوە، بەڕێز جەنابی وەزیر، وەك خۆشتان دەزانن بەتایبەتی لە حەجی ئەمساڵ مەوزوعی مورشیدەكان لە فەتوا دان دوو كێشەی سەرەكی بۆ حاجیانی ماڵی خوا دروست كرد، چ لە نوێژ كردن، چ لە قوربانی كردن، حەز دەكەم بەڕێزیان بفەرموون پێوەرو معیار بۆ هەڵبژاردنی مورشید بۆ ناردنی بۆ حەج، دیسانیشەوە ئەو ژمارە زۆرەی كە وەكو مورشید دەچن بۆ حەج، ئەگەر تەوزیحتان هەبێت لەسەر ئەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار جەنابی وەزیر كەرەم بكە.

**بەڕێز كامل حاجی علی/ وەزیری ئەوقاف و كاروباری ئاینی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ناردنی مورشیدەكان لەگەڵ حاجیان بۆ رێنمایی كردنی حاجیانە، ئەو رێنماییانەی بۆ مورشیدەكان دانـراوە لەلایەن وەزارەتەوە، پێوەر ئەوەیە تاقی دەكرێنەوەو پرسیاریان بۆ دادەنرێت، لیژنەیەكی موختەس دانراوە كـەوا ئیمتیحانیـان دەكـات، ئیمتیحـانیش بەشـێوەی ژمـارەی دانیشـتوانی پارێزگاكـان و شـوێنەكانە، ئاسـتی دەرچوونی كامیان زیاتر بێت، ئەوە دەنێردرێت، ئەمساڵی كە رۆیشت ئێستا لە مانگی (12) داین لە هەندێ شوێن (86) وەستێندرا، یەعنی نەهاتە خوارەوە، واتا دەرەجەی بەرزتریان هێنا.

دووەم/ حەجی نەكرد بێت، واتا ئەو مامۆستایە حەجی نەكرد بێت.

سێیەم/ سێ ساڵ خزمەت بەسەریدا چوو بێت لە وەزارەتی ئەوقاف، نـەك خزمـەتی لـە وەزارەتـەكانی تـردا هەبێت.

ئەمساڵ ئێمە ئەمە دوو ساڵە لیژنەی فەتوا دەنێرین لەگـەڵ مورشـیدەكان، ئـەوەی كـە جـەنابت باسـت كـرد مامۆستایەكی وا هەیە تەنها لە مەزهەبەكەی خۆیـدا ئـیتر گوێ ناداتـە مەزهەبـەكانی تـر، لەگـەڵ ئەوەشـدا لیژنەی فەتوا چووە ئەمساڵ وەكو باسیان كرد، ئەو مامۆستایە گوتوویەتی نەخێر، هەر ئەم مەزهەبەی من دروستە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زۆرینەی مورشیدەكان شارەزاییان هەبووە، لەوانەیە چەند كەسـێك بـەگوێی ئەم مامۆسـتایەیان كـرد بێـت، ئـەو مامۆسـتایەش بەڵگەی هەیـە، دەلیلـی هەیـە، بـەپێی مەزهـەبی شـافعی، بەپێی مەزهەبی حەنەفی، یەعنی نا دروست نییە، بەڵام ئەو خەڵكە هەموویان دەیانەوێت بە یەك جۆر، بـە یەك فەتوا، بە یەك بڕیار هەمووی وەك یەك ئەداو ئەرك و واجیباتی حەج ئەنجام بدەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، تەعقیبت هەیە؟ زۆر سـوپاس، رێـزدار ئاشـتی عزیـز صالح، نییـە، رێـزدار پـەیام احمـد محمـد، نییە، رێزدار عبدالله محمد امین، نییە، رێزدار دكتۆر عمر نوردەینی كەرەم بكە.

**بەڕێز د.عمر حمدامین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەرەتا بەخێر هاتنی بەڕێز جەنابی وەزیری ئەوقاف و كاروباری ئاینی دەكەم، من دوو پرسیارم هەیە:

پرسـیاری یەكـەمیان/ تایبەتـە بـە ئـەو قوتابخانـە ئاینیانـەی ئێسـتا لـە هـەرێمی كوردسـتاندا هـەن، بـە تەحدیـدیش قسـەم لەسـەر ئـەو مەنهەجەیـە كـە لـەو قوتابخانـە ئاینیانـە دەخوێنـدرێت، بـەپێی ئـەو زانیارییانەی كە هەن، ئەو مەنهەجەی كە لەوێ دەخوێندرێت پێویستی بـە ئەنجامـدانی گۆڕانكـاری و نـوێ كردنەوەو چاكسازی هەیـە، بەتایبـەتی دەبیـنین لـە دوای (11)ی سـێپتێمبەرەوە لـە رۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـت، بەتایبەتیش لە وڵاتانی ئیسلامی و عەرەبیدا گۆڕانكارییەكی بـاش لـە مەنهـەجی ئـەو قوتابخانـە ئاینیانـەدا

کراوە، لە ژێر زەختی دەولیدا بوو بێت، یان بە ویستی خۆیان بوو بێت ئەو دەوڵەتانە، ئەمەش بە ئامانجی ئەوەی کە هەوڵ بدرێت، ئەوەی کە باس دەکرێت، کە جۆرێك لە پەیوەندی هەیە لەنێوان دیاردەی توندڕەوی و لەگەڵ مەنهەجی پەروەردە کردن لەم قوتابخانە ئاینیانەدا، ئەمە چاکسازی تێدا بکرێت، ئایا وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی لە هەرێمی کوردستان هەوڵی داوە هیچ گۆڕانکارییەك و چاکسازییەك و نوێ کردنەوەیەك لە مەنهەجی ئەو قوتابخانە ئاینیانەدا بکات، یان نا؟

پرسیاری دووەم/ ئەوەیە یەکێك لە ئامانجەکانی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی بریتیە لە ئەنجامدانی کۆنفرانس و موئتەمەرات لەسەر ئەوەی کە ناوی لێ نراوە گفتوگۆی نێوان ئاینەکان و پەرەپێدانی پێکەوە ژیانی ئاشتیانە لەنێوان ئاینەکاندا، ئایا لەم بارەوە وەزارەت بۆ جێ بەجێ کردنی ئەم ئامانجە چی پەیڕەو کردەوە، یان چ هەنگاوێکی ناوە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار جەنابی وەزیر کەرەم بکە.

**بەڕێز کامل حاجی علی/ وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئاینی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەربارەی پرسیاری یەکەم/ وەزارەتی ئەوقاف مەنهەجی ئاشکرایە، لەگەڵ وەزارەتی پەروەردەو وەزارەتی خوێندنی بالاْ دانیشتنمان هەیە، رەزامەندی ئەوان دراوە لەسەر ئەو مەنهەجانەی لە وەزارەتی ئەوقاف دەخوێندرێن، چ ئەوەی بنەڕەتیەکان لەگەڵ وەزارەتی پەروەردە، چ ئەوەی پەیمانگاکان لەسەر وەزارەتی خوێندنی بالاْ لەگەڵیان، ئیمزای نوێنەرانی هەردووکیان لەسەر مەنهەجەکە دانراوە، ئەو مامۆستایانەی تەدریس دەکەن لە پەیمانگاکان بڕوانامەی ماستەرو دکتۆرایان هەیە، بەشێوازێکی سەردەمیانە خوێندنەکەیان تەواو دەکەن و لەگەڵ گۆڕانکارییەکاندا دەڕۆن، لەم دوو ساڵەی پێشوودا ئێمە بە مەنهەجدا رۆیشتووینەتەوە، گەر پێویستی کرد بێت دەستکاریمان کردووە، لە قۆناغی ناوەندی و ئامادەییدا تەعدیل لە مەنهەج کراوە بە سێ قۆناغ، قۆناغی یەك لەگەڵ دوو ساڵی یەکەم، بۆ ئەوەی بە یەك جار قوتابیان ماندوو نەبن بە سێ قۆناغ کردوویانە یەك لەگەڵ دوو، دوو لەگەڵ چوار، سێ لەگەڵ شەش، ئێمە مەنهەجی خۆمان هەیەو مەنهەجی ولاْتانی تر ناخوێنین، بەلاْم لەسەر گۆی زەوی ئەحکامە نەگۆڕەکانی شەریعە یەك شتەو کەس ناتوانێت بیگۆڕێت، ئایا لە پاکستان بێت، لە ئەندەنوسیا بێت، لە مالیزیا بێت، لە عێراق بێت، لە میسر بێت، لە کوردستان بێت؟ ئەوانە کەس ناتوانێت دەستکاریان بکات، بەلاْم ئەوانەی کە پێویست بە گۆڕانکارییەکان بن، دەبێت لەگەڵ سەردەمدا بڕۆین، دەبێت دوانەکەوین لە کەس، ئێمە هاوبەشین و هەردەم لەگەڵ بەغدا، لەگەڵ ولاْتانی تر پەیوەندی هەیەو، لەم ماوەیەدا وەفدێکی مالیزی هاتبوو سەردانی پەیمانگاکانی ئێمەی کرد بوو و شاهێدی دابوو کەوا مەنهەجەکەیان وەسەتیەتە، زۆر باشە.

بەنیسبەت پرسیاری دووەمەوە، دەربارەی لیژنەی فەتوا و ئەوانە بوو، ببوورە کاك دکتۆر دەربارەی چی بوو؟

بەنیسبەت سمینارو ئەوانەوە، ئێمە خۆمـان لێـرە کردوومانـە یـەك، دوو جـار، هـەروەها عێـراق هـاتن لێـرە کۆنفرانسێکیان کرد، کەوا بەناوی پێکەوە ژیان بوو، ئێمەش بۆ کۆنفرانسێکی ئاینـدە نووسـراومان کـردووە بۆ ئەنجومەنی وەزیران، کەوا ئەوە پارەیەکی پێویستە، تەقریبەن پەنجا ملیۆن دیناری تێ دەچێت، تا ئێستا وەڵامی نووسراوەکەمان نەهاتۆتەوە، بۆ ئەوەی کۆنفرانسێکی وا ئەنجام بدەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، تەعقیبت هەیە؟ زۆر سوپاس، ڕێزدار گەشە دارا حەفید کەرەم بکە.

**بەڕێز گەشە دارا جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی بەڕێز وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئاینی دەکەین، مـن پێـنج پرسـیارم هـەبوو، بـەڵام سـیانیان لەیەك پرسیاردا کۆ دەکەمەوە.

بەڕێز وەزیری ئەوقاف، ئێمە باس لەوە دەکەین کاتێك وتارخوێنەکانی مزگەوتـەکان فەرمانبـەری حکومین و سەر بە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینین دژ بە یاساکانی پەرلەمان وەستاونەتەوە، هـەروەها هەنـدێك لە وتار بێژەکان بەردەوام هـەوڵی جیاکردنـەوەو جیـاوازی نێـوان ژن و پیـاو دەدەن لـەنێوان کۆمـەڵگا بـەبێ بەڵگـە ڕێکخراوەکـانی کۆمــەڵگای مــەدەنی، ڕێکخراوەکـانی ژنــان تاوانبــار دەکــەن، هــەروەها هــەوڵی بــڵاو کردنــەوەی گیــانی دوو بــەرەکی و تێکــدانی ئاشــتەوایی کۆمــەڵگا دەدەن، ئەمــە لــە خــۆڕا نــەگوتراوە، ئەمــە هەمووی ئێمە بەڵگەمان لەبەردەستدایە، بەڕاستی لەو وتار بێژانە لە گەڕەکی کانی کوردەی شـاری سـلێمانی یەکێك لەو وتاربێژانە باسی ئەوەی کـردووە کـە حکومـەت قـەراری دەکـردووە کاتێـك کـە کچـەکانتان کـاری خراپی کرد حکومەت سجنتان دەکات، لەکاتێکدا ئێوە لێرە نوێژ دەکەن خوا دەزانێ کچەکانتان و ژنـەکانتان لـە ماڵـەوە خـەریکی چـین؟ هـەروەها دایکـان و باوکـان ئێسـتا هـەر خـەریکی پـارە کۆکردنـەوەن و نـازانن کچەکانیان چ موسیبەتێکیان بەسەر دێنێ، بەڕاستی یەعنی ئەم وتاربێژانە فەرمانبەری وەزارەتی ئەوقافن و نوێنەرایەتی بەڕێزت دەکەن لەسەر مینبەری مزگەوتـەکان، لـە کاتێکـدا کـە جـەنابت باسـت کـرد سیاسـەتی وەزارەتەکەتان ڕێگا نادات ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی تێك بچێت، ئەی لەمە زیاتر چی؟ یەعنی ئەمەی کـە مـن باسی دەکەم مشتێکە لە خەرواری و، بە بەڵگە هەیە، بەڕێزتان لـە وەڵامـی کـاك شـێروان و دکتـۆرە ڕۆژانـدا گوتتان کۆنفرانستان بەستووەو خوولتان کردۆتەوە بۆ ڕێزگرتن لە ئافرەت و کۆنفرانس دژی توندوتیـژی و بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی، بەڕاستی ئەمە راستە کارێکی باشەو دەسـتتان خـۆش بێـت، بـەڵام ئیجرائـات چیە؟ ئایا ئەو تاوانانە کە پێشـتر کـراوە، کە بـەڕێزت بـە کـاك شـێروانت گـوت ئـەوەی کـە بـووە بەڵگـەمان دەوێت؟ بەڵامە ئەمە هەمووی بەڵگەیە، ئەمەی کە لـەم (CD)یانـە هەیـە هـەمووی مشـتێکە لـە خـەرواری بـەڕێز جـەنابی وەزیـر، بـەڵام تـا ئێسـتا ئێـوە هـیچ ئیجرائـاتێکی مەلوسـتان نـەکردووە بەرامبـەر بـەو وتارخوێنانە، کە بەڕاستی ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی تێك دەدەن و فەوزای سیاسـی دروسـت دەکـەن، نـازانم بـۆ ئێوە هیچ ئیجرائاتێکتان نەکردووەو هەر ئەوا دەستەوەستاون؟

پرسیارێكی ترم له بەڕێز جەنابی وەزیر، ئەوەیە بەستنی ئەو كۆنفرانسە لەكاتێك جەنابیشی لەگەڵ ئەم سیاسەتەیە كە بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژییە، بەڵام هەر بەڕێزت پرۆژە یاسایەكی هەموار كردنت ناردۆتە لیژنەی ئێمە بە سیفەتی وەزیری ئەوقاف و كاروباری ئاینی راستەوخۆ بۆ لیژنەكەی ئێمە بەبێ ئەوەی بچێتە ئەنجومەنی وەزیران، بەبێ ئەوەی بێتە سەرۆكایەتی، راستەوخۆ هاتۆتە لیژنەی ئێمە، كە ئەمە لە رووی قانونیەوە نابێت بەو شێوەیەو زائیدەن ئەگەر جەنابت دژی توندوتیژی، بۆچی داوای هەموار كردنی بڕگەی خەتەنە كردنی مێینەو لێدانی ژن و منداڵ دەكەیت؟

پرسیارێكی تر، سەبارەت بەو رووداوەی $12/2$ كە لە زاخۆ هاتە كایەوە، هەر ئەو رۆژەو دواتریش بەرپرسانی پەیوەندیدارو لە سەرووشیانەوە بەڕێز سەرۆكی هەرێم سەردانی زاخۆیان كرد، بەڕێز وەزیری ئەوقاف، ئەو كارەساتە بەداخەوە شتێكی ناخۆش بوو، وەكو بینیشمان ئەو نەتیجە سلبیەو ئەوماڵوێرانیەی كە زیاتر تووشی بوو خەڵكانی مەسیحی بوون، خەڵكانی غەیرە دینی جەنابت بوون، كە بەڕێز وەزیری ئەوقاف، وەزیری هەمووو ئاینەكانە، یەعنی بۆ كەمكردنەوەی ئەو گومانە ئەگەر هەبێت، ئەمە بەرامبەر ئەم خەڵكانە كراون، پێویست بوو جەنابت زۆر زوو سەردانت بكردبوایە، بەڵام دوای چەند رۆژێك، ئەمە كەم تەرخەمی نەبوو لە جەنابتەوە؟

بە بڕیارێكی بەڕێزت رۆژانی پێنج شەممە لە كاتی عەسردا وتاربێژان بۆیان هەیە وتار بدەن لە مزگەوتەكاندا، وابزانم زۆربەمان وڵاتانی عەرەبیشمان دیوە، وەڵاتانی عەرەبی ئیسلامی و غەیرە عەرەبیش، ئەوەی كە عورفە لە هەینی وتار دەخوێندرێت، عورفیش یەكێكە لە مەصدەرەكانی قانون، كە جەنابت تەعلیمات دەردەكەیت لەسەر چ بنەمایەك خستۆتە رۆژی پێنج شەمانیش لەگەڵ رۆژی هەینیدا وتار هەبێت لەكاتی عەسردا؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار جەنابی وەزیر كەرەم بكە.

**بەڕێز كامل حاجی علی/ وەزیری ئەوقاف و كاروباری ئاینی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

زۆر سوپاست دەكەین بۆ پرسیارەكان، بۆ ئەو شریتە داوات لێ دەكەم من وەریبگرم، بۆ ئەوەی من تاقیبـاتی بكەم و گوێی لێ بگرین و ئیجرائاتی لەسەر بكەین.

بەنیسبەت جیاوازی ژن و پیاو، هیچ كەسێك ناتوانێت جیاوازی ژن و پیاو بە بۆچوونی خۆی بە ئارەزووی خۆی بتوانێت بەیان بكات بۆ جەماوەر، بەڵام ئەوەی لە قورئان، لە سوننەتدا باسی پیاو دەكات، یان باسی ژن دەكات، ئەوە خوا بڕیاری داوە، نەك خەڵك، نەك مامۆستای ئاینی، دەزانین سایكۆلۆجی پیاو و ژن جیازازییان هەیە، یەعنی لە چەند شتێك لەیەك جیاوازن، ئەوە كەس ناتوانێت مانیعی بكات، ئەوەی كە ئێمە باسی دەكەین دەربارەی جیاوازی ژن و پیاو وەكو لەوەو پێش باسم كرد كەسێك لەم سەر زەوییە بە هەموو موسڵمانانیشەوە ئەوەی ئیسلام ئەمری كردووەو رێز لە ئافرەت بگرێت، كەسێك لە تەواوی لە

100٪ نەیتوانیوە، لەبەر ئەوە تەنها دەتوانم بڵێم لە ئیسلامدا ئەو ئازادیەی دراوە بە ئافرەت لە بەرنامەی ئیسلامدا، ئیتر بەنیسبەت موسڵمانانەوە، بەنیسبەت غەیری موسڵمانانیشەوە وەکو دوێنێ بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان گوتی با نەگەڕێینەوە بۆ مێژوو، باسی ئەوانە نەکەین و کاتەکە نەکوژین، ئەگینا ئەو مافەی ئیسلام داویەتی بە رەگەزی مێ، ئێمە ناتوانین هەمووی تەواو بکەین، بەنیسبەت ئەوەی کە مامۆستایەکی ئاینی ئەو شتانە دەڵێت، جارێ داپۆشینی سەر ئەگەر هەبێت لەسەر هەموو موسڵمانێکە دەبێت داپۆشێت و فەزحی نەکات، هەتا لە کۆمەڵێکدا، پێغەمبەر (ص) جاری وا هەبووە کەسێکی ناسیووە خراپەیەکی لێ رووداوەو ناوی شەخصەکەی نەبردووە هەر لەناو کۆمەڵەکە زانیویەتی لەوێیە، گوتوویەتی (ما بال اقوام)، خەڵکێك ئاوان، لەبەر ئەوە هەر مامۆستایەك شتێکی وای گوت بێت و جیاوازی بخاتە ناو ژن و پیاوەوەو تەجاوز بکات لە ئەحکامی نەگۆڕی قورئان، ئێمە لەسەر مینبەر نایهێڵین، بەس با من گویم لەوە بێت ئینشائەڵلا کە خوێندمانەوەو تەحقیقمان کرد، بەپێی رێنماییەکانی وەزارەتی ئەوقاف نەبێت، لە قورئان و سوننەت دەرچوو بێت بە شاهێدی ئەمانە، ئێمە ئیجرائاتی لەگەڵ دەکەین.

دەربارەی تێکەڵ کردنی کوڕو کچ لە مەکتەبەکان، کە پرسیارێکە لە پرسیارەکان، لە وەزارەتی پەروەردەش زۆر قوتابخانە هەیە هەموویان کچ نین، مەگەر بینا نەبێت، یان مامۆستای تەواویان نەبێت، خۆ ئەگەر مەجال هەبێت وەك گوتمان بینای باش هەبێت، پێویستیەکانی خوێندگاکەو قوتابیەکان تەواو ئامادەیی هەبێت، شتێکی خراپ نییە ئەگەر جیا بن، خۆ مەرج نییە کوڕو کچ لە قۆناغی ئامادەییدا پێکەوە بن، مەرج نییە، چ یاسایەك هەیە بڵێت ئەو کوڕو کچە لە قۆناغی ئامادەییدا پێکەو بن؟ لەوانەیە لەلای مامۆستایان ئەوە راست ببێتەوە گەر جیا بن دەرچووان زیاتر دەبن، من قەناعەت ناکەم ئەو مامۆستایە لەم سەردەمە ئەوەندە بێ ئاگا بێت و رقی هەبێت لە دایك و خوشکی خۆی، لە هاوسەری خۆی، لە پووری خۆی، لەبەر ئەوەی ناتوانێت پشێوی بخاتە ناو خێزانەوە، گەر بیکات هەر خەڵکی مزگەوتەکە لۆمەی ئێمە دەکەن، ئەهلی گەڕەکەکە لۆمەی دەکەن، ئەگەر بە شێوازێکی تر، بەپێی فەرموودەیەکی پێغەمبەر (ص) باسی شتێکی کرد بێت، کەوا رووی کرد بێتە ئافرەت، یان رووی کرد بێتە پیاو، ئەوە ناتوانن نەیلێن، وەکو دوێنێ زۆر باسی ئەو شتانەمان کرد، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، تەعقیبت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز گەشە دارا جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من وەك وەزیری ئەوقاف هانام بۆ جەنابت هێنا، بەلاّم لەوە دەچێت خۆت باوەڕت بەو جیاوازیە هەبێت، هیوادارم کە باسی جیاوازی سایکۆلۆجی دەکەیت، جیاوازی بێلۆجیەکە بێت، کە ئەویش نابێت ببێتە هۆکاری جیاوازی رەگەزی نێوان ژن و پیاو، بەڵگەکانیش بەسەرچاو، ئەمە بە رەسمی لە رێگای

سەرۆكایەتیەوە دەگەیەنینە دەست جەنابت، چەندین بەلگەی تریش وەك گوتم ئەمە مشتێكە لە خەرواری، بە هیوای ئەوەین كە ئیجرائات ببینین، چونكە بەڕاستی تا ئێستا ئیجرائاتمان نەبینیوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار جەنابی وەزیر كەرەم بكە.

**بەڕێز كامل حاجی علی/ وەزیری ئەوقاف و كاروباری ئاینی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من ناتوانم جیاوازی بكەم لەنێوان ئەو دوو رەگەزە، هەرگیز ناتوانم، لەبەر ئەوەی خواو پێغەمبەری خوا (ص) ئەمریان كردووە كەوا هیچ جیاوازییەك نییەو هەموویان یەكسانن و قانون سەرووی هەموو شتێكە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار دكتۆر سەروەر كەرەم بكە.

**بەڕێز د.سەروەر عبدالرحمن عمر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش سەرەتا بەخێرهاتنی بەڕێز وەزیری ئەوقاف و كاروباری ئاینی دەكەم، هەرچەندە من كەوتمە دواوە بەشی هەرە زۆری پرسیارەكان كران، بەلاَم هەست دەكەم هەم هەندێك لە پرسیارەكانی من نەكراون، هەم وەلاَمەكانی بەڕێز وەزیریش تێنوویەتی ئێمەی نەشكاندووە، تێبینی خۆم و تێبینی بەشێكی زۆری هاوكارەكانیشم لێرەدا پێمانوایە بەڕێز وەزیر كە لێرە دانیشتووە هەست ناكەین وەلاَمەكان كە دەداتەوە وەكو وەزیرێك، وەكو بەرنامەیەكی حكومی، وەكو بەرپرسێكی حكومی بەرپرسی هەمووان وەلاَم بداتەوە، من هەست دەكەم زیاتر شێوازی وەلاَمدانەوەكانی لە وتاری وتاربێژێك، یان زانایەكی ئاینی دەچێت.

بەڕێزان، منیش ئەو بابەتە، ئەو پرسیارە لەلایەكی ترەوە بۆی دەچم، دەبینین ئێمە هەفتانە، جومعانە لەسەر مینبەری مزگەوتەكانەوە، بمبوورن پێشتر باس لەوە دەكەم رێزی زۆر زۆرمان هەیە بۆ زانایانی ئاینی، بۆ هەلگرانی مەشخەلی رووناكی رێگای راستی كوردایەتی و ئاینی بێگەردی پیرۆزی ئیسلام، كە رۆلی زۆر گرنگیان هەبووە، بەلاَم هەموویان وتاربێژن نین، لەو خالەوە دەست پێ دەكەم كە (2800) بەناو وتاربێژ هەیە لە وەزارەتی ئەوقافدا بە دانپیانانی خودی بەرپرسیانی وەزارەتی ئەوقاف، تەنها (950)یان لەقەبی وتاربێژیان هەیە، ئەوانی تر هەندێكیان قورئان خوێنن، هەندێكیان پێش نوێژن، هەندێكیان خادیمن، لەهەمان كاتدا دەبینین وتار دەدەن، كە ئەوانە وتار دەدەن مەرجەكانیان تێدا نییە، كەواتە تووشی هەلەش دەبن، بۆ ئەوەی تەفسیری هەلە بۆ قسەكانمان نەكرێت، ئەم روون كردنەوەیەمدا، لێرەدا دەلێم ئێمە دەبینین هەفتانەو جومعانە لە هەندێك لە مینبەرەكانەوە دژ بە یاسا دەوەستنەوە، دژ بە كۆمەلێك كەسایەتی دەوەستنەوە، سووكایەتی بە پەرلەمانی كوردستان دەكرێت، سووكایەتی بە مامۆستایانی زانكۆ و، بە خوێندكاران، بە بازرگانان، بە رێكخراوەكانی كۆمەلگای مەدەنی، هەندێكیان بە چالاكوانانی بواری ژنان،

چی کراوە، چ ئیجرائاتێك کراوە؟ کە ئەمانە هەمووی دژی یاسان، دەکرێت جەنابی وەزیر ناوی تەنها یەك ماموّستام بدەیتێ بە رەسمی بە شێوازێك بە نووسراو بێت، دەزانم لە هەندێك لە وەڵامی هاورێکانیشماندا وەڵامت لەوە دایەوە، بەڵێ بانگمان کردوون، بەڵێ قسەمان لەگەڵ کردوون، ئەمە رەسمیاتەو پێویستی بەوەیە کەسێك کەوا پێشێلکاری دەکات، کەسێك دژ بە یاسا دەوەستێتەوە، پێویستە ئیجرائاتی بەرامبەر بکرێت و لابدرێت و، یاخود هەر شێوازێکی تر بێت بەپێی یاسا، بەڵام ئێمە هیچمان لەوانە نەبینی.

بەداخەوە دەبینین یەکێك لەو شتانەی کەوا هاتە کایەوە هەرچەند هاورێیەکانم گوتیان، من لە روانگەیەکی ترەوە بۆی دەچم دژایەتی کردنی یاسایەك بوو، کە بەدحاڵی بوونێك بوو، پێشی هەموو کەسێك پێویست بوو لەسەر بەرێز وەزیری ئەوقاف لێ نەگەرێ ئەو بەدحاڵی بوونە هەبێت، لەسەر تەنها یەك وشە لەیاسای وەزارەتێکدا چەندین وتاربێژ فتوایاندا، بابەتێکیان وروژاند کەوا ئەسڵ و ئەساسی نەبوو، یەکەمیان/ گوتیان پەرلەمانی کوردستان یاسایەکی دەرکردووە بەناوی یاسای جەندەرەوە، کە ئەسڵی نەبوو.

دووەمیان/ تۆمەتیان بۆ دروست کردین، گوتیان پەرلەمانی کوردستان یاسایەکی دەرکردووە نێر لە نێرو مێ لەمێ مارە دەکات، بەجۆرێك لەنێو کۆمەڵگەدا هەوڵیاندا ئەندامانی پەرلەمان بشکێننەوە، بەبێ ئەوەی ئاگایان لێ بێت، لە نەتیجەی بە مەبەستێك بلاّو بوونەوەی قسەیەکی ناراست، بەداخەوە کە دەبوایە بەرێز وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئاینی لێ نەگەرێ ئەو شتە ببێت، بەڵام لەسەرەتاکاندا بەرێزی خۆشی بەشێك بوو لەوەی کەوا کۆمەڵێك لێدوانی داو هەمان هەڵوێستی ئەو وتار خوێنانەی هەبوو.

لە دوای ئەمەوە سەبارەت بە یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی، بەرێز وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئاینی، ئەوەش کۆمەڵێك سیدییە، ئەوەش مشتێکە لە خەروارێك، کەوا لەبەردەستماندایەو رۆژانە دەبینین بلاّو دەکرێتەوە لە کەناڵەکانی راگەیاندن و رۆژانە دەبینین لەهەندێك شوێندا دووبارەش دەبنەوە، لەمەشیاندا بە هەمان شێوە هاتنەوە لەو بابەتە دوان.

بەرێز سەرۆکی پەرلەمان، یەکێك لەو بابەتانەی کەوا خاڵێکی گەشە لەو هەرێمەی ئێمەدا مەسەلەی بوونی جیاوازی بیرو رایە، دابین کردنی ئازادییە بۆ هەموو کەسێك، بۆ بیرو رای جیا جیا، بۆ ئاینی جیاجیا، بۆ پێکهاتەی جیاجیا، یەك لەو شانازیانە بووە کە لە دنیادا شانازیمان پێوە کردووە، بەڵام دەبینین لە هەندێك کاتدا لەسەر مینبەری هەندێك لە مزگەوتەکانەوە دیسانەوە فتوا دەدرێت بەرامبەر بە نووسەران، بەرامبەر بە ئازادی نووسین، بەرامبەر بە رۆشنبیران، بە شاعیران.

بەرێز سەرۆکی پەرلەمان، من ئەو پرسیارە ئاراستەی بەرێزت دەکەمەوە لێرەدا، ئێمە یاسایەکمان هەیە یاسای چاپەمەنیە لە هەرێمی کوردستاندا، نووسراو، کتێب، چاپەمەنی بەپێی ئەم یاسایە چاپ دەکرێن، خێرە وەزارەتی ئەوقاف بێت بەشداری بکات لە چاپ کردنی کتێبدا، وەزارەتی ئەوقاف بریار بدات کتێبێك چاپ دەکرێت، یان چاپ ناکرێت، ئەگەر پێویستمان بە یاسا نییە، با ئەو یاسایە رەت بکەینەوە بەرێزینە لە پەرلەماندا، ئەگەر یاسایەکیشەو بوونی هەیە، بەراستی نابێت رێ بەو پێشێلکارییە بدەین، ئەگەر قوبادی

جەلی زادە شیعرێك دەنووسێت لەگەڵ بیرو باوەڕی ئاینی ناگونجێت، ئەگەر فەرهاد پیرباڵ چیرۆکێك تەرجەمە دەکات (800) ساڵ پێش ئێستا نووسراوە هەست دەکەین سووکایەتی کردنی تێدایە، ئەگەر شێرکۆ بێکەس لە شیعرێکدا هەست دەکەیت سووکایەتی بە ئایین کردووە، با بیدەین بە دادگا، با دادگا لێی بپێچێتەوە، نەوەك لەسەر مینبەری مزگەوتەکاندا فتوای بەرامبەر بدرێت، ئەمە خەتەرێکە، پێویستە بەری لێ بگیرێت.

بەڕێزینە، نموونەشمان زۆرە لە تاریخ لەمانە، ئەگەر ڕێگام پێ بدەن یەك نموونەی زۆر بچووك بێنمەوە، کاتێك کەوا نووسەرێکی گەورەی وەکو (فەرەج فۆدە) لە میسر لەسەر مینبەرەوە فتوای کوشتنی درا، کاتێك کەوا تیرۆریان کرد لە دادگادا، کاتێك دادوەر ڕووبەڕووی تیرۆریستەکە دەبێتەوە، پێی دەڵێت بۆچی کوشتت؟ دەڵێت لەبەر ئەوەی کافر بوو، دەڵێت بۆچی کافر بوو؟ دەڵێت چونکە کتێبێکی نووسیوە، دەڵێت تۆ کتێبەکەت خوێندنەوە؟ دەڵێت نەخێر، بۆ نەتخوێندۆتەوە؟ دەڵێت خوێندەواریم نییە، ئا لەشکرێك لە خەڵکی نەخوێندەوار هان دەدرێت، ئێمە هەست بەو خەتەرە دەکەین، تکایە هەوڵ بدەین، هەرگیز لەگەڵ ئەوەدانین نووسەرێك بێت سووکایەتی بە ئایین بکات، ئێمە دەستوورمان هەیە، ئێمە یاساشمان هەیە، بەپێی دەستووری عێراق، بەپێی یاسای کارپێکراو لە هەرێمدا، پێویستە کار بکەین، نەوەك کەسانێکی تر بێن شوێنی یاساو دادگاکانمان لێ بگرنەوە.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، دیارە پاراستنی ئاسایشی کۆمەڵگای کوردستان لە سەرووی هەموو بەرژەوەندییەکەوە دێت، کاتێك ئێمە ئەو قسانە دەکەین، مەبەستمان ئەوەیە، بەڵام پاراستنی ئاسایش و هێمنی هەموو تاکێك لەنێو کۆمەڵگادا کەمتر نییە لە خۆپارێزی لە تیرۆرو خوێن ڕێژی و ئەو دڕندەییەی ئەگەر هەبوو بێت، دیارە لە هەر کۆمەڵگایەکدا ئەگەر بێتو کار بەیاسا نەکات شیرازەکەی دەپچرێت، لێرەدا پێویستە هەموومان بچینەوە ژێر چەتری یاسا، هەر لە بەرزترین بەرپرسی دەسەڵاتەوە تاکو هاووڵاتیەکی ئاسایی، ئەمەش بەوە دەکرێت پێموایە وەکو پرۆژەیەك کار لەسەر ئەوە بکەین وتاری ڕۆژانی هەینی چوارچێوەیەکی بۆ دابنرێت، چوارچێوەیەك نەوەك بمانەوێت مەسەلە ئاینیەکان قەدەغە بکەین، چوارچێوەیەك بێت لەلایەن بەڕێزتانەوە، بەڕێز وەزیری ئەوقاف، لەمەدا دەتوانرێت باشتریش مەبەستەکان بپێکیت.

بەڕێز وەزیری ئەوقاف، یەکێك لەو باسانەی کە بەردەوام لەسەر مینبەری مزگەوتەکانەوە باسی لێوە دەکرێت، مەسەلەی خەتەنەی مێینەیە، هەروەکو هەندێك لە هاوکارانیشم باسیان لێوە کرد، ئەو مەسەلەیە بەجۆرێك ورووژێندراوە جۆرەها تەفسیری تری بۆ کراوە.

بەڕێز وەزیری ئەوقاف، ئەگەر پێتوا نییە بۆ چارەسەر کردنی ئەو کێشەیە، ئەو مەسەلەیە پێویستمان بەوەیە فتوایەك لەلایەن لیژنەی باڵای فتواو یەکێتی زانایان سەبارەت بەو مەسەلەوە بدرێت و یەکلا بکرێتەوەو کەسێك نەیەت خیلافی ئەو مەسەلەیە قسە بکات، ئەگەر دەڵێت فتوایەك دراوە لەو مەسەلەیەو ئەمە یەکلا بۆتەوە، وەکو ئەوەی لە پەرلەمانی کوردستانیشدا لەسەر ئەو یاسایە کەوا بە هەموومانەوە، بە

ئاینە جیاجیاکانەوە تێڕوانینـە سیاسیە جیاجیاکانـەوە دەنگمـان لەسـەرداو قەدەغـەمان کـردووە، بەڕاسـتی پێویست ناکات لە مزگەوتـەکان بـێن و بـەو جـۆرە قسـەی لەسـەر بکـەن، ئەگـەر پێشت وایـە نـەخێر ئەمـە بەپێی ئایەت و قورئان، بەپێی حەدیس و قورئان ئەو مەسەلەیە واریدە بکرێت، زەحمەت نەبێت بەڕێزتان دەکرێت وەڵامی کەسێکی وەکو مستەفا زەڵمی بدەیتەوە، کە زانایەکی گەورەیە، کە پرۆفیسۆرێکی گەورەیـە، هـاتووە بـە ئایـەت و قورئـان، بـە حـەدیس تـەحریمی ئـەو مەسـەلەیەی کـردووە، دەکرێـت بۆمـانی یـەکلا بکەنەوە، بزانین کامەی راستە؟

بەڕێز وەزیری ئەوقاف، ئێمە یەکێکی تر لە خاڵەکان ساڵەهای ساڵە لەو وڵاتـەدا هـەموو ئـاین و پێکهاتـەکان بە یەکەوە دەژین، هەست دەکەین لەسەر مینبەری مزگەوتەکانەوە هەندێك وتاربێـژ، دووبـارەی دەکەمـەوە هەنـدێك وتاربێـژ لەسـەر مینبـەری هەنـدێك لـە مزگەوتـەکان دێـن سـووکایەتی بـە پیـاوانی ئـاینی بـرا مەسیحیەکانمان، برا ئێزیدیەکانمان دەکەن، سووکایەتی بـە جـەژن و ئـاین و بۆنـەکانیان دەکـەن، زەحمـەت نەبێت تا ئێستا چیتان کردووە بۆ ئەمە؟ ئیجرائاتتان لەگەڵ کێ کـردووە؟ ئـەوەی کـەوا مـن تێبینـیم کـرد بێت خاڵێکی تر لە پرسیارو لێدوانی هەندێك لـەو بەڕێزانـەش ئەوانـەی کـەوا بـرا مەسـیحیەکان، هـەروەها ئامینە خان دوێنێ بابەتێکی باس کرد، هەست دەکەین بەڕێزیشت کـە وەزیـری جۆرێـك جیـاوازی دەکـەیت لەنێوانیاندا، دەکرێت ئەو پرسیارە بکەم، تا ئێستا سەردانی چەند شوێنی ئاینی، چـەند مەترانخانـە، چـەند کەنیسەت کردووە هی برا مەسیحیەکان؟ دەکرێت پێمان بڵێی لالش کەوا شوێنی پـیرۆزی بـرا ئێزیدیەکانـە، کە شوێنی حەجیانە، ساڵانە لە هەموو دنیادا ئێزیدیەکان رووی تێ دەکەن وەکو حـەج کـردن بـەپێی داب و نەریتی ئاینی خۆیان، بەڕێزتان بەلای داچوون؟

دەکرێت پێمـان بڵێـی کـە لـە مـاوەی ئـەو چـەند سـاڵەی کـەوا بـەڕێزتان وەزیـری ئـەوقافن نزیکـەی (500) مزگەوتی تازە کراوەتەوە، تەنها یەك کەنیسە کراوەتەوە، کە بەردی بناغەی دانـرا دەبوایـە بـەڕێزتان لـەوێ ئامـادە بوونایـە، بـەڵام ئامـادە نـەبوون، مـن خـۆم سـەردانی وەزارەتـی ئـەوقافم کـردووە، سـەردانی بەڕێوەبەرایەتیەکانی ئێزیدی و مەسیحیشم کردووە، ئەوان کۆمەڵێك گلەییشیان لە جەنابت هەیە.

بەڕێز وەزیری ئـەوقاف، ئێمـە کاتێـك لێـرەدا وەکـو ئەنـدامانی پەرلـەمان ئـەو قسانە رووبـەڕووی جـەنابت دەکەینـەوە، بـەڕێزتان وەزیرێکـی حکومـەتن، وەزیـری ئـەم هەرێمـەن، ئـەم هەرێمـە پێکهـاتووە لـە هـەموو پێکهاتەکان، بۆیە هەست دەکەین دەبێت بەڕێزتان کاژی ئـاینی خـۆت زۆر شەخصـیە ئەمـە لـە خـۆت داڕنـی لەو کاتە، بەڕێزت کە وەزیری، نە ئیسلامی، نە مەسیحی، نە ئێزیدی وەکو وەزیرێك مەسەلە ئاینیـەکان بـۆ خۆت، ئەمەی تر لە شوێنی تردا دەکرێت بە یەك چاودا سەیریان بکەیت، بەڵام ئێمە بەداخـەوە ئەوانـەمان نەبینی بوو.

بەڕێز وەزیـری ئـەوقاف، بابـەتێکی تـر، کـەوا باسـی لێـوە دەکـەین ئـەم قوتابخانـە ئاینیانـەی کـەوا هـەبوون لەسەردەمی کابینەی پێشوودا داخران، ئەوانەی کەوا نایاسایی بـوون، بـەڵام هەنـدێك لەوانـە تـاکو ئێسـتاش لەگەڵدا بێت تەعامولیان لەگەڵدا دەکرێت، بۆچی؟

بۆچی دەبێت تەعامولیان لەگەڵدا بکرێت؟ نووسراویشیان بۆ بەڕێزتان کردووە، بەڕێزیشتان بەهەمان شێوە وەڵامتان داوەتەوە، ئەی کردنەوەی ئەو فوتابخانەو حوجرانەی کەوا لە مزگەوتەکاندا لە هەر شوێنێکدا حەوت کەس هەبێت، دەکرێت بە حوجرەیەك وەکو فوتابخانەیە سەیر دەکرێت، تا چەند لەگەڵ یاساو رێساکاندا وێك دێتەوە؟ ئەی سەبارەت بە پەیمانگای ئیسلامی لە هەولێردا هەیە، ئەمە پەیمانگایەکی قانونیەو ئاگادارین و دەستخۆشیتان لێ دەکەین، بەڵام کۆمەڵێك لق و پاشکۆی بۆ کراوەتەوە لە شوێنەکانی وەکو سلێمانی و ئاکرێ و رانیەو شوێنانی تریش، ئەمە بەپێی کام رێنماییە؟

بەڕێز وەزیری ئەوقاف، دەکرێت سوودو زەرورەتی ئەو شەش بەڕێوەبەرایەتیەمان پێ بڵێن، کە لە سەردەمی خۆتاندا لە وەزارەتەکە کردووتانەوە، تەنانەت بەڕێوەبەرایەتی هەیە کردووتانەتەوە، تا ئێستا یەك تاکە فەرمانبەریشی نییە، سەرباری هەموو ئەوانە سەبارەت بەوەی کەوا هاوکارانم دوێنێ باسیان کرد سەبارەت بەو ($1860$) هەزار دۆلارەی دراوەتە کۆمپانیایەکی سعودی، کە نزیکەی دوو ملیۆنە، هەرچەندە ئەمشەو ئێمە لە هەواڵەکانیشدا بینیمان، بەڕێزیشت دوێنێ باست کرد، کەوا ئەمە گیرا بێت و گوایە ئەوەی کۆمپانیاکە، بەڵام لەمەشیاندا ئەوەی ئێمە تێبینیمان کرد بێت لەو گرێبەستەی کەوا بەڕێزتان کردووتانە، شەرتێکی جەزائی ئەوتۆ، یاخود گرێنیتیەکی روون دانەنراوە، کەوا کاتێك ئەگەر هاتو ئەمە جێ بەجێ نەکرێت، کارەکە نەکرێت، ئەو پارەیە بۆ حکومەتی هەرێم بگەڕێتەوە، چی کراوە لەو بارەیەوە؟

دوا خاڵم، دوا پرسیارم، چەند روون کردنەوەیەك لەخۆ دەگرێت، بەڕێز وەزیری ئەوقاف، هەست دەکەین لە ئیش وکارەکانی بەڕێزت لەنێو وەزارەتدا، هەندێك، یان بەشێك لەو بڕیارانەی کە دەریدەکەیت خیلافی یاساو رێنماییەکانن، بۆ نموونە، سەبارەت بەوەی کە پێشتر باسمان کرد رێککەوتنتان لەگەڵ کۆمپانیا سعودیەکە چۆن کراوە، چیە؟ ئەمە مەوزوعێکی ترە، بەڵام زەحمەت نەبێت بەڕێزت وەزیری ئەوفاقی لە هەرێمی کوردستاندا، بەچ حەقێك نووسراوت کردووە، بەبێ ئەوەی مەرجەعیەتی خۆت بۆ سەرۆکایەتی حکومەت و سەرۆکایەتی هەرێم بگەڕێیتەوە، ئەمە نووسراوەکەیە، (الى صاحب السمو الملك الامير السلطان عبدالعزيز ال السعود حفظ الله ورعاه)، بەچ حەقێك، چۆن ئەمە رێگا درا بەڕێزتان ئەمە بکەن؟ دەبێت بۆمانی روون بکەیتەوە.

نووسراوێکی تر کەوا کردووتانە کەسێك بەناوی (چەرکیس محی الدین محمد امین) کەوا بە ئیفاد ناردووتانە بۆ سعودیە، زەحمەت نەبێت بەچ حەقێك کوڕەکەتان لەگەڵ ناردووە؟ کوڕەکەی لەقەبی ناوی ناونیشانی عینوانی چیە لە وەزارەتدا؟ کە (ژێدار چەرکیس محی الدین)ە.

یەکێکی تر، لەوانەی مەکتەبەکان کەوا باسمان کرد ئەوەیە نووسراوێك بۆ بەڕێزتان هاتووە، کە دەڵێن تەعامولیشیان لەگەڵ دەکەن، ئەمە نووسراو بۆ وەزارەت دێت، نەك بۆ وەزیر، مەکتەبێکە بەناوی (دواناوەندی شافیعی کچان) ناردوویەتی، دەڵێت بەڕێز وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی، ئەمە ناونیشانەکەی جارێ، داوای کردووە، ئەمە لیستێك ناوە تەلەبەن وەربگیرێن لە خوێندگا حکومیەکانی جەنابتان، تیایەتی چەند کەسێکیان پۆلی یەکن، بەهەر حاڵ، زەحمەت نەبێت ئەی پۆلی دووەکان کێین؟

ئەگەر پۆلی دووە لە کوێ یەکی خوێندووە؟ ئەگەر پۆلی سێیە یەك و دووی لەکوێ خوێندووە؟ ئەگەر پۆلی چوارە ئەوانی تری لەکوێ خوێندووە؟ یەك تا چواری تێدایە، ئێمە کە باس لەوە دەکەین ئەوانەی کەوا ناقانونین و شەهادەیان نییە، بۆ ئەوەی تەزویرات نەمێنێتەوە.

بەڕێز وەزیری ئەوقاف، یەکێکی تر لەو نووسراوانەی کە موخالەفەیە جەنابت کردووتە، هەستی پێ دەکەین لادانی کەسێکە بەناوی (مەریوان محمود کاکە شێخ)، واتا (مەریوان نەقشبەندی) لاتاندا دەسەلاتی خۆتانە، دەستتان خۆش بێت، بەلام لە ئەمرەکە دەلێت بەپێی ئەو دەسەلاتەی کە پێمان دراوە، دەسەلاتی خۆتە، کەس ناتوانێت نکۆلی لەوە بکات، بەلام بۆچی؟ بۆچی لاتاندا؟ لەبەر ئەوەی پرۆژەیەکی پێشکەش کرد بوو، داوای چاکسازی دەکات دەبێت لابدرێت ئەوەی داوای چاکساری بکات، ئەمەشیان قەیدی ناکات، بەلام هاتنی بەڕێزتان ئەمە بەڕێوەبەرایەتیە، راوێژکارێکی وەزارەتت کردووە بە بەڕێوەبەری ئەو بەڕێوەبەرایەتیە، من نازانم لە بەڕێزتان دەپرسم، دەکرێت راوێژکارێك پلەی بەرزترە لە بەڕێوبەری گشتی بیکەیت بە بەڕێوەبەر لەوێ، ئەمە دەقی نووسراوەکەی جەنابتانە.

بەڕێز وەزیری ئەوقاف، هیوادارم بە دڵ فراوانیەوە وەلامی پرسیارەکانمان بدەیتەوەو والسلام علیکم ورحمه الله وبرکاته.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار جەنابی وەزیر کەرەم بکە.

**بەڕێز کامل حاجی علی/ وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئاینی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەر مامۆستایەك مزگەوتی خۆی جێ هێشت بێت لە کاتی ئەسنای نوێژی خۆیدا نووسراوی رەسمی بۆ چووە، کە ئیجرائاتی لەبەرامبەردا بکرێت، هەتا ئێستا یەکێك لە بەڕێوەبەرایەتیەکانی ئەوقاف سەر بە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی کەسێك نەهاتووە بلێت فلان مامۆستا وەزیفەی خۆی بەجێ هێشتووەو، باسمان کرد زۆر ئیجرائاتمان کردووە لەگەڵ مامۆستایان، خەڵکیش بەناو، دوایی ناوی ئەو مامۆستایانەتان بۆ دەهێنم و دەدەمە دەست جەنابت کە لابراون، لەسەر وەزیفە، لەسەر خوتبە، بۆت دەهێنم ئەو مامۆستایانەی کە لابراون، چەند جار گوتتان چۆن ئیجرائات دەکەیت؟ زۆر لە بەڕێزان باسی ئەوەیان کرد، خۆ من خوێنیان نامژم، ئەگەر ئیجرائاتێکیان لەگەڵ بکەیت، دوو مانگ، سێ مانگ، چوار مانگ لەسەر وتارەکەی لادەدەیت، یان هەر لای دەدەیت لەسەر وتار، نە فەسلی دەکەیت، نە ئەولاو ئەولای بۆ دەکەیت، تەنها لە وتار لای دەدەیت، بەرامبەر بەوەی کەوا موخالەفەیەکی کردووە، لە تەعلیمات و رێنماییەکانیشدا، لە هەموو دنیا سزادان چەند مەرحەلەیەکی هەیە، چەند قۆناغێکی هەیە، هەر یەکێك بەپێی موخالەفەکەی خۆی ئیجرائاتی لەگەڵدا دەکرێت.

مەسەلەی خەتەنە کردنی مێینە، جارێ لە مەنتیقەی ئێمە هەر لەوانەیە خەڵك ناوی نەبیست بێت، هەر نەبووە، کە مەنتیقەی شارەزوورو هەڵەبجەو هەورامانە، من لەوێ ژیاوم، لەم ماوەیە خەڵك ئەم شتەی

گەورە کرد، ئەگینا نازانم کەی ئەوەندە گرنگە باسی خەتەنەی مێینە بکەیت، ئێستاش وای لێهاتووە لە کەس نەبیستراوە، تەقریبەن گوزەشت، جەنابت ئێستا دەیهێنیە مەیدانەوە وەکو برینێك دەیکوڵێنیەوە، نەما، رۆیشت، بەسەرچوو.
بەشداری ئەو مەسائیلانەی کە جەنابت باست کرد، نوێنەرانمان لە هەموو وەزارەتەکاندا بەشدارن، بۆ ئەو مەسەلانەی کەوا پەیوەندی بە بەرژەوەندی گشتیەوە هەیە، پێشنیار تەقدیم دەکەن، هەیانە ئەندامی دائیمین لە وەزارەتەکانی تردا، هەروەها مەسەلەی وشەی جەندەر باسمان کرد، کۆنفرانسی لەسەر کرا، کۆتایی پێ هات بەرێزەکان، باسی نەما، کەس باسی ناکات، لە مینبەرە باسی نەماوە، ئینجا نووسرا جۆری کۆمەڵایەتی و کۆتایی پێ هات، مانای تریش هەڵدەگرێت، بەڵام مادام پەرلەمان قەراری لێدا، کۆتایی پێ هات و کەس باسی ناکات، وەکو باسمان کرد یاسا سەرووی هەموو شتێکە، هەموو ئینسانەکان، هەموو هاووڵاتیان لەبەرامبەر یاسا یەکسانن.
بەنیسبەت پرۆژە یاسای توندوتیژی، نازانم توندوتیژی بەو شێوازەی کە لە هەندێك وڵات هەن، ئێمە لە کوردستاندا سوپاس بۆ خوا بەوە مەشهورین و شانازی بەوە دەکەین توندوتیژی لە وڵاتی ئێمە نییەو نەماوە، چەند جار باسم کرد بەرێزەکەم، تۆ بە من دەڵێی وتار دەڵێی، خۆشت وەکو وتار وا بوو، لە ئیسلامدا مەسەلەی توندوتیژی نییە، مەسەلەی رێز لێنان لە مرۆڤ، دوێنێ باسمان کرد هەموو کەسێك مافی خۆی هەیە، هەموو کەسێك ئەم پێنج شتە زەرورن، زەروریاتێکن پارێزگاری لێ بکرێت، وەکو دین، عەقڵ، نەسل، نەفس، مال، کە دەبێت هەموو کەسێك ئازادی ئەم پێنج شتەی هەبێت.
دەربارەی بیرو را، هەر کەسێك هەر بیرو باوەرێکی هەیە کەس ناتوانێت زوڵمی لێ بکات، ئارەزووی خۆیەتی، سەربەخۆیە، بەڵام حەقە کە تۆ لەم کوردستانە دەژیت، لەم وڵاتە دەژیت، شعورو هەستی لە 85٪ی ئەم خەڵکەو ئەم هاونیشتمانیانە بپارێزیت، کە سواری سەیارەیەك دەبیت، یان سواری پاسێك دەبیت لە شوێنێکی قەرەباڵغ لە چایخانەیەك، ئەو کەسەی جگەرە دەخوات، کاکە شعوری ئەو خەڵکە راگرە، هەستی ئەو خەڵکەی بەرامبەرت راگرە.
مەسەلەی چاپەمەنی لە وەزارەتی رۆشنبیری، دوای کۆنفرانسەکە یەك کتابی هیچ کەسێك نەهاتووە بۆ وەزارەتی ئەوقاف چاپ بکرێت، دەتوانیت بەڵگە بهێنیت ئەگەر هەیە، مەگەر خۆیان یەکێك هێنا بێتی بەلای کەسێك شەخسی بێت بۆی بخوێنێتەوەو پیا بچێتەوە، ئەگینا وەکو رەسمی، وەکو کتاب، کتابێك نەهاتووە بۆ لای وەزیر ئاگای لەوە بێت، کەوا لێرە پێیدا بچنەوەو چاپ بکرێتەوە.
قوتابخانە ئەهلیەکان، لە 2008/9/1ـەوە داخراون، هەرچی خوێندکاران و قوتابیان و مامۆستایان هەیە بە قەراری ئەنجومەنی وەزیران و، هەروەها ئەو لیژنە پێنج وەزیریەی کە دانرا بوون بۆ سەرپەرشتی ئەم مەسەلەیە کۆتایی پێ هات و هەموویان هاتنە سەر وەزارەتی ئەوقاف و بە مامۆستاکان و بە قوتابیەکانەوە، دوای ئەوە تاقی کردنەوەیەك کراو سەرۆکایەتی پەرلەمانیش ئاگای لەوەیە کە تاقی کرانەوە ئەوانەی کەوا شەهادەی شەشی دینیان هەبوو، ئەو کاتە دوو ئیدارەیی هەبوو، ئەوەی لە هەولێردا بوو هیچ کێشەیەکی

نەبوو، ئەوانەی لە سلێمانی بوون وەزیری ئەوقاف ئیمزای لەسەر کرد بوو و نارد بووی بۆ کۆلیژەکانی بەغدا لەوێ وەرگیرا بوون، شەهادەی بەکالۆریۆس، هەیانە ماستەر، هەتا دکتۆرایان هێنا بوو، یەکێکیان تیا بوو کە خەڵکی بیارەیە یەکەمی ئەو کولیەکە بوو، ئێستا دەرس دەڵێتەوەو لەو کاتەوە دکتۆراکەی هێناوەتەوە، بەڵام تۆ دەڵێیت ئێستاش مامەڵە دەکەن لەگەڵ وەزارەتی ئەوقاف، کام مامەڵە؟ کام کتاب؟ کام نووسراو؟ ئینجا ئەگەر لەم ماوەیەدا ئێمە لیژنەیەکی تر هەر بۆ کابینەی پێنجەم بە هەمان شێوە لیژنەیەکی وەزاری تر دروست بۆوە، بۆ ئەوەی ئەوانەی ماون، ئەوانەی شەهادەی دینیان هەیە بەرامبەرە بە ئامادەیی، ئەوە نزیکەی ساڵ و نیوێکە ئێمە خەریکی ئەوەین لەگەڵ وەزارەتی پەروەردە، لەگەڵ ئەو پێنج وەزیرە بەرێزە بۆ چارەسەر کردنی و، هەروەها لە لیژنەی یاسایی لە پەرلەمان هاتن هەندێك نامەو بەڵگەنامەیان هێناوە، کە ئەم شەهادانە لە هەر سێ موحافەزەی کوردستاندا ناخوات، ئەگینا لە هەر پازدە موحافەزەکەی تر دەخوات، لەبەر ئەوە ئێمە لە هەرێمی کوردستانین رازی بووین بەوە، کەوا تاقی کردنەوە بکەنەوە، ئێستاش ئەگەر کتابێك هەبێت بۆ لیژنەی ئەوقاف کە دانراوە بە رەزامەندی هەردوو وەزارەت، هەروەها لیژنەی کۆنترۆل دانراوە، لیژنەی لێپرسینەوە دانراوە، تەعلیمات دانراوە، کەوا چۆن ئەمانە بێن بەچ موستەمسکێکەوە ئەم کتابانە بێنن ئیمتیحان بدەن؟ چەند جار تەئجیل کراوە، لەبەر ئەوەی موستەمسەکات بە تەواوەتی نە گەیشتۆتە دەستیان.

مەسەلەی ئەو قائیمەی کە بەرزت کردۆتەوە، ناوی ئەو کچانەی تیا بوو، ئێمە هەتا ئێستا رەزامەندیمان نەداوە، نووسراوێکیان نووسیوە لە مەدرەسەی شافیعیەوە، ئەم کچانە لەلای ئێمەن، ماوەیەکە هاتوون دەوام بکەن، بەڕێوەبەرایەتی خوێندگای سلێمانی رەزامەندی نەداوەو داواتان لێ دەکەین وەزارەتی ئەوقاف چی لەم کچانە بکەین؟ لەبەر ئەوەی ئەم کچانە تەمەنێکیان هەیە حەز بە خوێندن دەکەن، مەجالیان نەبووە، بواریان بۆ نەدراوە بخوێنن، ئەگەر تەمەنیان زیاتر بێت مەسەلەن دوو، سێ ساڵ زیاتر بێت، چوار ساڵ زیاتر بێت، هەیانە ماڵ و منداڵی هەیە، هەر داوای کردووە بخوێنێت، بەڵام تاکو ئێستا ئێمە بۆمان نووسیوەتەوە، ئایا لە چ قوتابخانەیەکەوە دەرچوون هاتوون بۆ لای ئێمە؟ پێویستە ئەو قوتابخانەیەمان پێ بڵێن کە لە وەزارەتی پەروەردەوە هاتبن، ئێمەش ئەو وەختە هەوڵ دەدەین چارەسەرێکیان بۆ بدۆزینەوە؟ ئەگەر لەمە زیاتر هەیە دوایی هەڵستەوە بڵێ وا نییە.

ئەو شەش بەڕێوەبەرایەتیەی کە باسی دەکەیت، دوانیان لە هەموو وەزارەتەکان، ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری داوە بیکەنەوە، دڵنیایی جۆری، لەگەڵ گرێبەستەکان، بەبڕیاری ئەنجومەنی وەزیران دەبێت هەموو وەزارەتێك بیکاتەوە، ئەوەی دوێنێ باسی بەڕێوەبەرایەتی ئیرشادو دەعوا وبحوسم کرد، وتم دەبوایە ئەوەی لە وەزارەتی ئەوقافدا هەبێت، چونکە ئەمە دەبێت بەسەر پرسیاری ئەو خەتیبانە، دەبێت بە تەقیم کردنی ئەو خەتیبانە، دەبێت بەهۆی ئەوەی کەوا سیمینارو کۆنفرانس و ئەوانە بکاتەوە بۆ هەموو مامۆستایان و موتابەعەیان بکات، باسیشم کرد ئەوە چوار بەشی هەیە، چوار هۆبەی هەیە، هەروەها بەڕێوەبەرایەتیەکی تر هی خەدەماتە لەناو وەزارەت، کاتی خۆی هۆبە بووە، ئێمە سەلاحیەتی خۆمان

هەیەو پێویستمان پێ هەیەو بەرژەوەندی وەزارەت وا بووە، خەدەمات لە وەزارەتەکە کەم بووە، چونکە هۆبەی هەبووە، بەڵام ئێستا هەموو فەرمانبەرەکان رازین بەوەی کە ئێستا ئەو خەدەماتە هەیە.

بەڕێوەبەرایەتیەکی تر، ئەوەی پەیوەندییەکان، ئەو پەیوەندیانە بۆ ئیستیقباله، بۆ بەدواداچوونی کتابە، بۆ سەردانی بەڕێوەبەرایەتیەکانە، بۆ سەردانی وەزارەتەکانە، بۆ سەردانی دامودەزگاکانە، بۆ بە پیرەوە چوونی ئەو میوانانەن کە لە خاریجەوە دێن، کە لە بەغداوە دێن بۆ سەیتەرە دەچن بە دەمیانەوە، ئەوانە دەنێرین، ئەوانەی کە لە ولاتانی ترەوە دێن ئەوان دەنێرین، ئەمەش ئەو بەڕێوەبەرایەتیەیە.

من لەگەڵ ئەوەشدا چوار تێبینەرایەتیمان کردۆتەوە، لە رواندوز، لە بەردەڕەش، لە دوکان، لە شوێنی تر.

بەنیسبەت فەرق و جیاوازی، ئێمە دەڵێین و قورئان دەفەرمووێت و هەموومان دەڵێین کوردستانیەکان دەڵێین فەرقی ئینسانەکان نییە، فەرقی مرۆڤ نییە، مرۆڤ هەمووی ئازادە، (لا اكراه في الدين)، (لكم دينكم ولي ديني)، ئەگەر کەس لە زەمانی پێغەمبەردا (ص) جوولەیەکی موسڵمان بوو، بۆ کەس نییە، بۆ هیچ بەرپرسێك نەبووە تەکلیف بکات لەو کابرایە کە مندالەکانی بێتە سەر دینەکەی، لەبەر ئەوەی بەزۆر نییە، هەر شتێك بەزۆر بوو نەتیجەی باش نابێت، هەرگیز ئیسلام، فیکرەی ئیسلام بەزۆر ناچەسپێ بەسەر کەسدا، ئینجا (فمن شاء فليؤمن ومن شاء فليكفر)، خەڵك ئارەزووی خۆیەتی، لێرە بەکێ گوتراوە؟ ئێستا جەنابت گوتت نوێژ ناکەیت، کەس پێی گوتی نوێژ بکە؟ یان برایەکی تر نوێژ ناکات، کەس پێی گوتووە نوێژ بکە؟ لەبەر ئەوە لێرە ئەوە نییە، خۆمان دەزانین، بەلام من وەکو هاوولاتیەك، وەکو قەومی خۆم حەز دەکەم هەموو هاوولاتیان و هاونیشتمانان لە قیامەتدا بەختەوەر بن بچنە بەهەشت، حەز ناکەم کەس بچێتە چالی جەهنەم، لەبەر ئەوە خەفت دەخۆم و ماندوو دەبم، هەرچەند خوا دەفەرمووێت بە پێغەمبەرەکەی (افأنت تكره الناس حتى يكونوا مؤمنين)، تۆ عاجز مەبە، قەلیق مەبە، نا رەحەت مەبە، لەوەی کە نایەتە سەر دینەکەت، لەوەی کە بە گوێت ناکات، لەبەر ئەوەی ئێمە پەیڕەوی ئیسلام دەکەین، ناتوانین جیاوازی بکەین، لێمان نایەت، یەعنی بێ ئەمری خواو پێغەمبەر دەکەم ئەگەر جیاوازی و فەرق بکەم، لەو رۆژەی من لە پەرلەمان سوێندم خواردووە پابەندم بەو سوێندەوە، هەموو هاوولاتیان، ئەوەی هاتوچۆی ئێمەی کردووە، مامۆستایان، فەرمانبەرانی وەزارەتی ئەوقاف بە هەموو دیانەکانەوە بلێت جیاوازییەکی کردووە لەنێوان یەك کەسدا، یان حزبایەتی بەکار هێناوە، نەك بە قسە، ئینسان بە بەلگە وەرە دانیشە، مەحکەمە بگرین، لیژنەیەك بگرین بانگیان بکەین یەك بە یەك، بەلام لەدوور لە نزیك نا.

دەربارەی کاکە شێخ مەریوانت باس کرد، ئێمە خەڵکی مەنتیقەیەکین، یەکتر دەناسین و کەسوکاری یەکتر دەناسین، زۆر رێزمان لە یەکتر گرتووە، هەتا ئێستا بەرامبەر شەخصی خۆم هیچ گلەییەکم لێ نییە، لەو ئەوەی کە تۆ دەڵێی پرۆژە، ئەوە هەموو نووسراوی خۆمان بووە ناردوومانە بۆ ئەنجومەنی وەزیران، ئەوە داوای خۆمان بووە ئەو شتانە، پشتیوانی لەمە کردووە کاکە مەریوان لێرەوە، خۆ زەمی وەزیری نەکردووە، بەس من چەند جار بانگم کردووە، بەرێزەکەم ئەمە وەزارەتی حکومەتە، ئەو خەڵکەی ئێمەش لە 85٪ی، لە 90٪، لە 95٪ی موسڵمانە، کە تۆ شتێك دەنووسی لە پێشدا بێنە بۆ من با من سەیری بکەم، مەسەلەن

ماوەیەك دەیهێنا یەكسەر هەر دەینووسی، هەر چی دەنووسی بۆم دەناردەوە، لەوانەیە مولاحەزەیەك، تێبینیەك دەبوایە خەتێكم لێ دابوایەو تەواو، یەكسەر دەمگۆت فەرموو بلاّوی بكەوە، بەلاّم هەندێك شت كە دەیكردو چەند جار پێم گوتووە بە كتابی رەسمی، بە نووسراوی رەسمی بۆم ناردووە، ئەو فەرمانبەرانە لەوێ شاهێدن، كە برای بەرێز شت بلاّو دەكەیتەوە بە وەزیرەكەت بلێ، بەوانەی تر هەن بلێ، چونكە زۆر شت هەیە بە باشی دەزانێت باش دەرناچێت، لەوانەیە لەلای من باش بێت، مەسەلەن لە رێكخراوێكدا، لە حزبێكدا، لەخێزانێكدا هەندێ شت هەیە بەلای هەندێ كەسەوە باشە، بەلاّم بەبێ پرسی رێكخراوەكەی، حزبەكەی ئەو شتە بلاّو نەكاتەوە، چونكە من ئێستا حكومەتم و وەزیری حكومەتی هەرێمی كوردستانم، تازە ناتوانم، دەبێت پابەند بم بە بڕیارو یاساكانی وەزارەتی حكومەتی هەرێمی كوردستانەوە، پابەند بم بە یاساكانی پەرلەمانی كوردستانەوە.

چوونم بۆ لالش، نەخێر، من نەچووم بۆ لالش، ئەوە فەرزیش نییەو مەرجیش نییە، زۆر شوێن هەیە من نەچووم، خۆ شەرت نییە هەموو كات بچی بۆ ئەوێ، بەلاّم لە موناسەباتیاندا لە مستەوای راوێژكارو مودیر عامدا ناردوومە، لەجیاتی خۆمان، یەك جەژنیان هەیە ساڵی پار، جەژنەكەیان كردووە ئەو وەفدەمان ناردووە، وەكو باسم كرد ئەوەی خوشكە ئامینە دوێنێ پرسیارێكی كرد لە من، گوتی پرسیارێك هاتووە، واتا كتابێكمان هاتووە تۆ ئیمزات نەكردووە، ئەمڕۆ چووم پرسیارم كرد لە وەزارەت، گوتی بەو شێوەیە نییە، داوای ئەوەی كە میوانداری دێت بۆ جەژن، داوای كرد بوو (15) ملیۆن دینار، دوێنێ باسم كرد، ئەم (15) ملیۆن دینارە من گوتم زۆرە، بە دە ملیۆن رەزامەندیمدا، گوتمان ئەگەر سەرفیاتی تر هەبوو بە وەصل بۆمان بێنە، ئێمەش رەزامەندی دەدەین، ئەمڕۆ وتی بایی چوار ملیۆنەكەی تری وسولاّتی هێناوە یەك ملیۆنیان هێناوەتەوە، من دوێنێ گوتم پازدە ملیۆن، چواردە ملیۆنیان سەرف كردووە، چونكە یەك ملیۆنیان هێنا بۆوە، وسولاّتەكان بایی چوار ملیۆن بووە، بە دە ملیۆنەكەوە چواردە ملیۆن، ملیۆنێكیشیان هێناوەتەوە، ئەوە پازدە ملیۆنەكە، ئەمڕۆش بەبۆنەی یادی لە دایك بوونی حەزرەتی عیسا (علیە السلام) شەش ملیۆن دینارمان سەرف كرد بۆ ئەو جەژنە، بۆ ئەو میوانداریيە.

مەسەلەی ئیفتیتاحی كەنیسە، یان مزگەوت، دەڵێ (500) مزگەوت كراوەتەوە، ئێمە گوتمان دەستخۆشی لە خێرخوازان دەكەین، حكومەتی هەرێم زۆر بەدەگمەن مزگەوت دەكاتەوە، لەبەر ئەوە خێرخوازان كردوویانەتەوە، دوێنێ گوتمان سوپاسی خێرخوازان دەكەین، كە ئەم مزگەوتانە دەكەنەوە، ئەركێكە، بارسووكیەكە لەسەر حكومەتی هەرێم دەكەوێت، ئەوەی كە سەرف دەكات لە مزگەوتەكان دەیدات بە شتێكی تر، نەك هەر مزگەوت و قوتابخانەشیان دروست كردووە، من چووم بۆ زاخۆ خێرخوازێك قوتابخانەیەكی دروست كردووە بڕوا ناكەم هیچ قوتابخانەیەك وا نموونەیی بێت، ئەوەندە جوان و رێك و پێكە، جگە دە ملیۆن دینار نەبێت كاك نێچیرڤان بۆ تەواو كردنی ناو كەلوپەلەكە پێی داون، لەوە زیاتر خێرخوازەكە هەمووی كردووە، لە شوێنی تریش خێرخوازان قوتابخانەیان كردووە، هەتا نەخۆشخانەیان

کـردووه لـه پـاڵ مزگەوتـەکان، مزگەوتەکەشـی دروسـت کـردووەو نەخۆشخانەشـی دروسـت کـردووه لـەناو هەولێردا.

گلەیی ئەو مەسیحی و ئێزیدیەکان لە وەزارەت، با بێن گلەیی لە من بکەن و لیژنەیە بێت، شاهێدێك بێت، من گلەییم لێیان نەبیستووه، لە دەرەوه بە باشی باسمان دەکەن، لەبەر ئـەوەی دەزانـن ئـەوه ئـەم دوو ساڵە ئێمە لەگەڵیاندا کردوومانە زۆر بەختەوەرو زۆر خۆشحاڵن.

مەسەلەی فتـوا دان، فتـوادان گوتمـان لیژنـەی فتـوای بـاڵا دەیـدات، بـەڵام وەکـو وەزارەت ئێمـە هـەر شـتێکی شـەرعیمان هـەبێت، فتـوا لـە وەزارەت نادرێـت، دەنێردرێـت بـۆ لیژنـەی بـاڵای فتـوا، باسیشـمان کـرد کـەوا لەوانەی کە دوێـنێ باسمـان کـرد باسـی دکتـۆر مسـتەفا زەڵمیـت کـرد، کـەوا یەکێکـە لەوانـەی کـە دامانـناوه، یەکێك لەوانەی کە دامانناوه لە لیژنەی باڵا، ئینشائەڵلاّ ئەگەر هاتە پەرلەمان و پەسند کرا، بۆ ئەوەی هیچ کێشەیەکمان لەبارەی فتواو ئەوانە نەمێنێت.

ئەگەر هەر شتێکم لە بیر چووه، حـەز دەکـەم بـیرم بخەیتـەوه، بـۆ ئـەوەی وەڵامـی جـەنابت بدەمـەوه، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، تەعقیبت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز د.سەروەر عبدالرحمن عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی بەڕێز جەنابی وەزیر لەقسەکانی تەئکیدی لە قسەیەکی من کردەوه، کە پێشتر کردم، ئەویش ئەوه بوو کە گوتم بەڕێزتان وەکو وەزیر وەڵام نادەنەوه، کێشەکەی ئێمە لێرەدایە، من پرسیار دەکەمەوه جەنابی وەزیر چەند جار باسی ئێزیدی و مەسیحیەکان دەکات دەڵێت ئێمـەو ئـەوان، بـەڕێزی وەزیـری هەمووانـە، ئێمە کێین وەکو ئەو باس دەکات، بەڕێز ئەوان کـێن؟ مـن بـاس لـەوه دەکـەم لـە جیاوازییەکـەدا کـە دەڵـێین هەیـە، بـەڕێز جـەنابی وەزیـر ئێمـە نـەمانگوتووه مزگـەوت نەکرێتـەوه، بـەڵکو دەستخۆشـی لـەو بەڕێزانـە دەکەین کە مزگەوتیان کردۆتەوەو هانیش بدرێن و زیاتریش بکرێتەوەو مایەی دڵخۆشییە، بـەڵام قسـەکەی ئێمـە لەسـەر ئەوەیـە بـەڕێزتان نەچـووی، بـۆ ئـەوەی بـەردی بناغـەی دابنێـی، بـەڕێزت نەچـووی بـۆ پیرۆزباییەك، مەسەلەن ئەگەر باس لەوه دەکرێت وەکو دەڵێن مەسـەلەکە نیەتـە، دەکرێـت لـەو پەرلەمانـدا بەڵێنمان پێ بدەیت بۆ ئەوەی کەس گومان لەوەدا نەکات، کە وەزیری هەمووانی بەیانی نا، دوو بـەیانی کـە رۆژی هەینییـە جـەژنی بـرا ئێزیدیەکانـە بچیـت سـەردانێکیان بکـەیت و پیرۆزباییـان لـێ بکـەیت، ئـەدی جەنابت وەزیری ئەوانیش نیت؟ ئەمە خاڵێکیان.

خاڵێکی تر، بەڕێز جـەنابی وەزیـر، مـن مەسـەلەی خەتەنـەم نەهێناوەتـەوه مەیـدان، جـەنابت هێناوەتـەوه مەیدان، جەنابت پرۆژەیەکت ناردووه، بۆ ئـەوەی تەعـدیلی ئـەو یاسـایە بکرێـت، کـە مەسـەلەی خەتەنـەی تیایدا دەستکاری بکرێتەوه، ئەوه من نیم، من بە جەنابت دەڵێم نەکرێت، من دەڵێم ئەگەر وایـە جـەنابت

زانای، شارەزای بۆ وەڵامی ئەو کتێبەی دکتۆر مستەفا زەڵمی نادەنەوە، کەباس لەوە دەکات و تەحریمی کردووە بە یاسا، من باسم لەوە کردووە.

بەڕێز جەنابی وەزیر، شتێکی تر، سەبارەت بە چاپەمەنی، بەڕێزت بوو دوێنێ باست لەوە کرد کەوا چەندین کتێبتان سەیر کردووەو چۆنە، تۆ دوێنێ بە شانازییەوە باست کرد، خۆ من باسم نەکردووە، ئەمڕۆش مایەی خۆشحاڵییە، کەدەڵێی کتێبمان نەهاتۆتە لاو سەیری کتێب ناکەین، هیچ شتێکی ئەوتۆ نییە، بەڕاستی ئەمە وەکو هەواڵێك مایەی خۆشحاڵییە، چونکە نووسەران دەترسان لەوەی وەکو سانسۆرێك، وەکو مەحکەمەیەکی تەفتیش بێت لە جیاتی وەزارەتی ڕۆشنبیری، وەزارەتی ئەوقاف بڕیاری لێ بدات.

سەبارەت بە خاڵێکی تر، ئەگەر بەڕێزت پێم دەڵێی وا نییە، پێم بڵێ، سەبارەت بەو قائیمەی ئەو کچانە، جەنابی وەزیر، ئێمە لەگەڵ ئەوەداین خوێندن بۆ هەموو کەسێك فەراهەم بکرێت، نەشمانگوتووە نەخوێنن، بەڵام هەموو شتێك بە یاسا بێت، ناکرێت من شەهادەی پۆلی شەشی سەرەتاییم نییە، کەچی بچم لە پێنجی ئامادەیی دابنیشم، ئەمە لەو بابەتەن، ئێمە چەند مەکتەبێکی حزبیمان هەبووە، ئەو مەکتەبانە هی حزبە ئیسلامیەکان بوون، هیچ ڕەبتێکیان نە بە پەروەردەوە، نە بە ئەوقافەوە هەبووە، ئەوانە هێنراون و هەوڵ دراوە چوارچێوەیەکی یاساییان پێ بدرێت، بۆ ئەوەی شەهادە بەسەر خەڵکدا ببەخشرێتەوە، خەڵك هەبووە دکتۆرای وەرگرتووە، شەهادەی بەکالۆریۆسی نییە، ماجستێری وەرگرتووە هینی نییە، ئەمانەی ئیسلامیەکان خۆشت باش دەزانی چەند کەس بوون هاتن ئیمتیحانیان کرد، چەندیان دەرنەچوونەوە، ئەمە ئەو نووسراوەیە کە جەنابت نەتگوتووە با لیژنە پێك بێت، بەڕێزت لەسەرت نووسیوە ئەگەر ئیجازەم بدەیت، بەڕێز بەڕێوەبەری قوتابخانەکان بەردەوام بن لە خوێندن و نووسراویان بۆ بکەن، نووسراویان بۆ بکەن لە وێوە نەقلیان بکەن بۆ ئەوێ، ئەمە جەنابت نووسیوتە، من نەمنووسیوە ئەمەیان، ئەمەی دوێنێ ئامینە خان باسی کرد، کەس باسی پارەو نەسریەی نەکردووە، ئامینە خان گوتی نووسراوێك هاتۆتە بەردەستی جەنابتان پیرۆزبایی جەژنانە لە برا ئێزیدیەکان بە تەوقیعی جەنابت وەکو وەزیر بڕوات، بەڕێزت گوتووتە بیبەن با خۆیان تەوقیعی بکەن، مودیر عام بیکات من نایکەم، کەس باسی ئەمەی نەکردووە، ئەمە بووە ئەسڵی مەقصەد تیایدا.

مەسەلەی جەندەر کەس باسی نەکردۆتەوە، ڕاست دەکەیت، بەڵام ئەگەر بێتەوە لەسەر هەر شتێکی موحاسەبە نەبێت شتی تری بەدوایدا دێت، بەڕێز جەنابی وەزیر، لەسەر وشەیەك کەوا ئەسڵ و ئەساسی نەبوو، بەو جۆرە نەبوو، جۆرەها سووکایەتی کرا، جۆرەها تۆمەتمان خرایە پاڵ، زەحمەت نەبێت چی کرا لەپای ئەوە؟ دەکرێتن هەر کێ بێت چ کەتن هەیە بیکات و دوایی بە داوای لێبووردنێك تێپەڕێت؟ قسەکەی ئێمە لەسەر ئەوەیە، من دەزانم بڕاوەو دەستیشتان خۆش بێت.

جەنابی سەرۆکی پەرلەمان، بەڕاستی من قسەیەکی سەرەتام زۆر بەکورتی دووبارە دەکەمەوە، من دڵم بە پرسیارەکانی بەڕێز جەنابی وەزیر هیچ ئاوی نەخواردۆتەوە، جەنابی وەزیر بەلای هیچ کام و زۆربەی

هەرە زۆری وەلأمەکاندا نەچوو، بەداخەوە ئەمە میوانداری بوو، ئیستیجواب نەبوو، ئەگینا دەبوایە سەحبی سیقە لە جەنابی وەزیر بکرێتەوە، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، جەنابی وەزیر فەرمووو.

**بەڕێز کامل حاجی علی/ وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئاینی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر ئینسان بیەوێت قەناعەت نەکات، هەر چیەکی بۆ بڵێی دەڵێت من قەناعەتم نییە، ئەوە بیرو باوەڕی خۆتە، هیچی دەرنەچوو، هیچی وا نەبوو، لیژنەیەکی تەقصی حەقائیق بێت بۆ من و بۆ تۆ لە وەزارەت دانیشین، ئەو کتابەی کە نووسراوە دەڵێم ئەوەی تەڵەبەکان خۆم تەلەفۆنم لەگەڵیاندا کردوون، ئەمڕۆ بەڕێوەبەرایەتی ئەوقاف هینی فوتابخانەکانمان بانگ کرد، تەحقیق لەوانە بکەن لە چ مەدرەسەیەکەوە دەرچوون، کتابەکە وا رۆیشتووە، کتابەکە بەناوی وەزارەتە، بەس کە کتابەکە چووە بۆ خوێندگای سلێمانی، کتابەکە وا دەرچووە، رەقم و بەرواری هەیە.

ئینجا دەربارەی ئەوەی کە چوونی من بۆ ئەو شوێنەی کە باس دەکەیت، پیرۆزبایی، کەس مەرج لەسەر کەس دانانێت، هیچ وەزیرێك مەرجی لەسەر نییە، ئینجا ئیلزام نیم بەوەی کەوا بچم، بەلأم وەکو ئەوەی باس دەکەیت، بەڵێ وەزیر هی هەمووانە، بێ جیاوازی هی هەموو هاوولأتیەك و هاونیشتمانێکە.

ئێمە کە باسمان کرد، نوێنەرمان ناردووە، وەکو دوێنێش بۆ ئەو بەڕێزەم باس کرد، ئەمڕۆ نەهاتووە، گوتم ئینشائەڵلا وا دەبێت، بەلأم ئەگەر تۆ کەسێك موسیڕ بێت بڵێ دەبێت بڕۆی، منیش نەخێر ناڕۆم، لەبەر ئەوەی تۆ مەرج لەسەر من دادەنێیت، من ناڕۆم.

وەکو باسمان کرد هەر بەڵگەنامەیەکت بە شاهێدی ئەو هەمووانە، بینەران، هەر بەڵگەنامەیەکت هەیە پێچەوانەی یاسایە، ئامادەم لەبەردەم مەحکەمە بەیانی بکەیت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ جەنابت، رێزدار گۆران ئازاد، نییە، بەڕێزان، زۆر زۆر سوپاس بۆ گشت ئێوەی بەڕێز، زۆر سوپاس بۆ جەنابی وەزیر، بە حەقیقەت ئەمە کارێکی زۆر زۆر باشە بۆ موراقەبەی حکومەت، بۆ چاودێری کاروباری وەزارەتەکان و ئەمە لە سولبی کاری پەرلەمانی کوردستانە، بەم ئیسلوبە حەقیقەتەکان دەردەچێت، ئێمە بەردەوام دەبین، بۆ ئەوەی وەزیرە بەڕێزەکانی تریش بێنە ئێرە، هەم روون کردنەوەی خۆیان بدەن، هەم پرسیارەکانی ئەندامە بەڕێزەکانی پەرلەمانی کوردستان وەلأم بدەنەوە، دووبارە سوپاسی گشت لایەکتان دەکەین، سوپاسی جەماوەری کوردستانیش دەکەین، ئومێدەوارین کە سوودیان لێ وەرگرتبێت، دانیشتنی داهاتوو ئاگادارتان دەکەینەوە، خوا ئاگادارتان بێت، کۆتایی بە دانیشتنەکەمان دەهێنین، سوپاسی جەنابی وەزیریش دەکەین، ئەگەر دوو قسەشی هەبێت بۆ بەڕێزان بڵێت، سوپاسی دەکەین.

**بەڕێز كامل حاجی علی/ وەزیری ئەوقاف و كاروباری ئاینی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.

زۆر سوپاستان دەكەین و ماندوومان كردوون، زەحمەتتان كێشاوە، ئینشائەڵلا سوودمان وەرگرتووە لەم كۆبوونەوەو دانیشتنە، هەمووومان بتوانین بەرەو پێش و هەموو شتەكان بەرەو موئەسەساتی بەرین، هەوڵ بدەین یاسا سەروەر بێت و هەوڵ بدەین هەمووومان بتوانین بە یەك هەڵوێست و یەك رەنگ بتوانین ئاواتەكان و خواستەكانی میللەتەكەمان بهێنینەدی، دوعای خێر بۆ هەموو لایەك بكەین و هەوڵ بدەین و نەهێڵین كەسێك بتوانێت درزێك بخاتە ناو ریزەكانی میللەتەكەمان بە هەموو مەزاهیب و دینەكان و مكونەتەكانەوە، والسلام علیكم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابی وەزیر، كۆتایی بە دانیشتنەكە دەهێنین، لە دانیشتنی داهاتوو ئاگادارتان دەكەینەوە، بۆ دانیشتنی داهاتوو، هەفتەی داهاتوو ئاگادارتان دەكەینەوە.

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **د. ارسلان بایز اسماعیل** | **محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی)** |
| **سكرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆكی پەرلەمانی** | **سەرۆكی پەرلەمانی** |
| **كوردستان – عێراق** | **كوردستان – عێراق** | **كوردستان - عێراق** |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (18)**

**چوارشەممە رێکەوتی 21\12\2011**

**خولی سێیەمی هەڵبژاردن**

## پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (18)

**چوارشەممە رێكەوتی 2011/12/21**

**کاتـژمێر (3)ی پـاش نیـوەڕۆی ڕۆژی چوارشـەممە ڕێکـەوتی 2011/12/21 پەرلـەمانی کوردسـتان - عێـراق بـە سـەرۆکایەتی بـەڕێز د.ارسـلان بـایز اسماعیـل جێگـری سـەرۆك و، بـەڕێز فرسـت أحمـد عبـدالله سکرتێری پەرلەمان، دانیشتنی ژمارە (18)ی خولی سێیەم، ساڵی (2011) ی خۆی بەست.**

**بەرنامەی کار:**

**بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پەیڕەوی نـاوخۆی ژمـارە (1)ی هەمووارکراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری درا دانیشتنی ژمارەی (18)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کات (3)ی پاش نیوەڕۆی ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی 2011/12/21 دا بەم شێوەیە بێت:**

**1- خوێندنـەوەی یەکـەمی پێشـنیاری یاسـای هـەموار کردنـی یاسـای ڕێکخسـتنی خۆپیشـاندان لـە هـەرێمی کوردستان.**

**2- خوێندنەوەی یەکەمی پێشنیاری یاسای هەموار کردنی یەکەمی یاسای یـەکێتی مامۆسـتایانی کوردسـتان ژمارە (4)ی ساڵی 2002 لە هەرێمی کوردستان.**

**3- خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژە یاسای ڕێگا گشتییەکان لە هەرێمی کوردستان.**

**4- خوێندنەوەی یەکەمی پێشنیاری یاسای بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی لە هەرێمی کوردستان.**

**5- خوێندنـەوەی یەکـەمی پێشـنیاری یاسـای دەسـتەی کوردسـتانی بـۆ دیراسـاتی سـتراتیجی و توێژینـەوەی زانستی لە هەرێمی کوردستان.**

**6- خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژە یاسای جێ بـەجێ کردنـی یاسـای دووەم هـەموار کردنـی یاسـای پلەبەنـدی خاوەن پیشە پزیشکی و تەندروستیەکان ژمارە (6)ی ساڵی 2000 لە هەرێمی کوردستان.**

**7- خوێندنەوەی یەکەمی پێشنیاری یاسای پاراستنی خاوەنداریەتی هزری و هونەری لە هەرێمی کوردستان.**

**8- خوێندنـەوەی یەکـەمی پـرۆژە یاسـای دەسـەبەرکردنی مافـە نەتـەوەیی و ئاینیـەکانی پێکهاتـەکان لـە هەرێمی کوردستان.**

**9- خوێندنەوەی یەکەمی پێشنیاری یاسای بەرەنگاربوونەوەی لەشفرۆشی لە هەرێمی کوردستان.**

**10- بانگهێشت کردنی بەڕێز وەزیری دارایی و ئابووری بە مەبەستی وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی ئەندامانی پەرلەمان.**

**11- گفتوگۆ کردنی ئەم پێشنیارە یاساییانەی خوارەوە:**

**أ- پێشنیاری یاسای مافەکانی کەم ئەندامان و خاوەن پێداویستیە تایبەتەکان لە هەرێمی کوردستان.**

**ب- پێشنیاری یاسای گرنگیدان بە کەمئەندامان و خاوەن پێداویستیە تایبەتەکان.**

**ج- پێشنیاری یاسای چاودێری کردن و شیاندنی خاوەن پێداویستیە تایبەتەکان لە هەرێمی کوردستان.**

**د- پێشنیاری یاسای مافەکانی کورتە باڵاکان لە هەرێمی کوردستان.**

**هـ- پێشنیاری یاسای تایبەت بە کورتە باڵاکان لە هەرێمی کوردستان.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان، دانیشتنەکەمان دەکەینەوە، خولی سێیەمی هەڵبژاردن، ساڵی سێیەم، خولی گرێدانی یەکەم، ژمارەی دانیشتن (18)، رۆژی دانیشتن 2011/12/21، بەرنامەی کار:

بەپێی حوکمەکانی برگەی (1)ی ماددەی (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار کراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (18)ی ئاسایی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کاتژمێر (3)ی پاش نیوەڕۆی رۆژی چوار شەممە رێکەوتی 2011/12/21 بەم شێوەیە بێت:

1- خوێندنەوەی یەکەمی پێشنیاری یاسای هەموار کردنی یاسای رێکخستنی خۆپیشاندان لە هەرێمی کوردستان.

2- خوێندنەوەی یەکەمی پێشنیاری یاسای هەموار کردنی یەکەمی یاسای یەکێتی مامۆستایانی کوردستان ژمارە (4)ی ساڵی 2002 لە هەرێمی کوردستان.

3- خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژە یاسای رێگا گشتییەکان لە هەرێمی کوردستان.

4- خوێندنەوەی یەکەمی پێشنیاری یاسای بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی لە هەرێمی کوردستان.

5- خوێندنەوەی یەکەمی پێشنیاری یاسای دەستەی کوردستانی بۆ دیراساتی ستراتیجی و توێژینەوەی زانستی لە هەرێمی کوردستان.

6- خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژە یاسای جێ بەجێ کردنی یاسای دووەم هەموار کردنی یاسای پلەبەندی خاوەن پیشە پزیشکی و تەندروستیەکان ژمارە (6)ی ساڵی 2000 لە هەرێمی کوردستان.

7- خوێندنەوەی یەکەمی پێشنیاری یاسای پاراستنی خاوەنداریەتی هزری و هونەری لە هەرێمی کوردستان.

8- خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژە یاسای دەسەبەرکردنی مافە نەتەوەیی و ئاینیەکانی پێکهاتەکان لە هەرێمی کوردستان.

9- خوێندنەوەی یەکەمی پێشنیاری یاسای بەرەنگاربوونەوەی لەشفرۆشی لە هەرێمی کوردستان.

10- بانگهێشت کردنی بەڕێز وەزیری دارایی و ئابووری بە مەبەستی وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی ئەندامانی پەرلەمان.

11- گفتوگۆ کردنی ئەم پێشنیارە یاساییانەی خوارەوە:

أ- پێشنیاری یاسای مافەکانی کەم ئەندامان و خاوەن پێداویستیە تایبەتەکان لە هەرێمی کوردستان.

ب- پێشنیاری یاسای گرنگیدان بە کەمئەندامان و خاوەن پێداویستیە تایبەتەکان.

ج- پێشنیاری یاسای چاودێری کردن و شیاندنی خاوەن پێداویستیە تایبەتەکان لە هەرێمی کوردستان.

د- پێشنیاری یاسای مافەکانی کورتە باڵاکان لە هەرێمی کوردستان.

ه- پێشنیاری یاسای تایبەت بە کورتە باڵاکان لە هەرێمی کوردستان.

داوا له لیژنەی یاسایی دەكەین بفەرموون بۆ سەر مەنصە، بەخێرهاتنی بەڕێز وەزیری دارایی و ئابووری دەكەین، لەگەڵ مامۆستا سەعد ڕێكخەری نێوان پەرلەمان و حكومەتی هەرێمی كوردستان و وەكیل وەزیری دارایی، بەخێر بێن، فەرموون بڕگەی یەك له بەرنامەی كار بخوێننەوە.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم علی(وەرتی):**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.**

بڕگەی یەكەمی بەرنامەی كار/ خوێندنەوەی یەكەمی پێشنیاری یاسای هەموار كردنی یاسای ڕێكخستنی خۆپیشاندان له هەرێمی كوردستان.

ئەم پرۆژە یاسایە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان پێشكەش كراوە، لەچەند ماددەیەك پێك دێت، بەم شێوەیە بۆتان دەخوێنینەوە:

**بۆ/ بەڕێز سەرۆكایەتی پەرلەمانی كوردستان – عێراق**

**ب/ پرۆژە یاسا**

سلاّو و ڕێز...

ئێمە ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانی كوردستان كه له خوارەوە واژوومان كردووە، پێشنیار دەكەین كه پرۆژەی هەموار كردنی یاسای ڕێكخستنی خۆپیشاندان له هەرێمی كوردستان پێشكەش دەكەین، بۆ ئەوەی بخرێتە بەرنامەی كاری كۆبوونەوەی پەرلەمان، بۆ گفتوگۆ كردن لەسەری و وەرگرتنی بڕیاری گونجاو لەبارەیەوە، لەگەڵ ڕێزدا.

ئەو ئەندامە بەڕێزانەی كەواژوویان كردووە:

1- د.دانا سعید صۆفی.
2- سالار محمود مراد.
3- ئاشتی عزیز صالح.
4- پەیمان عبدالكریم عبدالقادر.
5- عدنان عثمان محمد.
6- كاروان صالح احمد.
7- سمیر سلیم امین بەگ.
8- شێردڵ تحسین محمد.
9- د.احمد ابراهیم علی(وەرتی).
10- ناسك تۆفیق عبدالكریم.
11- گۆران ئازاد محمد.

12- خليل عثمان محمد امين.

13- نيشتمان مرشد صالح.

داوا له سەرۆكايەتی پەرلەمان دەكەین، كە ئەم پرۆژە یاسایە حەوالەی لیژنە تایبەتمەندەكانی پەرلەمان بكات.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك عەونی.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

داوا دەكەم لە پرۆتۆكۆل ئەو خوێندنەوەی كە كاك دكتۆر احمد كردی راست بكرێتەوە، لەبەر ئەوەی لە پرۆژەكە داوا كراوە تەنها هەشت مادده هەموار بكرێت، نەك دە مادده، تەنها هەشت مادده لە یاسای رێكخستنی خۆپیشاندان لە هەرێمی كوردستان هەموار بكرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەم پرۆژە یاسایە ئاراستەی لیژنەی یاسایی و لیژنەی ناوخۆ و لیژنەی مافی مرۆڤ و حكومەت دەكرێت، فەرموون بۆ فەقەرەی دوو.

**بەڕێز عبدالله محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بڕگەی دووەم لە بەرنامەی كار/ خوێندنەوەی یەكەمی پێشنیاری یاسای هەموار كردنی یاسای یەكێتی مامۆستایانی كوردستان ژمارە (4)ی ساڵی 2002 لە هەرێمی كوردستان.

**بۆ/ بەڕێز سەرۆكایەتی پەرلەمانی كوردستان – عێراق**

**ب/ پرۆژە یاسای هەموار كردنی یەكەمی یاسای یەكێتی مامۆستایانی كوردستان ژمارە (4)ی ساڵی 2002**

سڵاو و رێز...

ئێمە ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانی كوردستان كە لە خوارەوە واژوومان كردووە، كە پرۆژەی هەموار كردنی یەكەمی یاسای یەكێتی مامۆستایانی كوردستان ژمارە (4)ی ساڵی 2002 لە هەرێمی كوردستان پێشكەش دەكەین، داواكارین بفەرموون كە لە ئایندەیەكی نزیكدا بخرێتە بەرنامەی كاری پەرلەمانی كوردستان، لەگەڵ رێزدا.

ئەو ئەندامە بەڕێزانەی كەواژوویان كردووە:

1- د.عمر حمدامین خدر(نورەدینی).

2- شلێر محی الدین صالح.

3- عونی كمال سعید بەزاز.

4- ایوب نعمت قادر(ئارام).

5- خليل عثمان محمد امين.

6- سالم تۆما كاكۆ.

7- د.دانا سعيد صۆفى.

8- سالار محمود مراد.

9- شێروان ناصح حەیدەری.

10- عظيمة نجم الدين حسن.

ئەم پرۆژە یاسایە پێکهاتووە لە (11) ماددە، کە تەعدیلی چەند برگەو ماددەیەك دەکاتەوە لە پرۆژە یاساکە، داوا لە سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکەین، کە ئەم پرۆژە یاسایە حەوالەی لیژنە تایبەتمەندەکانی پەرلەمان بکات.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەم پرۆژە یاسایە ئاراستەی لیژنەی یاسایی و لیژنەی پەروەدەو خوێندنی بالاَ و لیژنەی ناوخۆ و حکومەت و سەرجەم پەرلەمانتارە بەڕێزەکان دەکرێت، فەرموون بۆ فەقەرەی سێ.

**بەڕێز د.احمد ابراهيم علی(ومرتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

برگەی سێ لە بەرنامەی کار/ خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژە یاسای رێگا گشتییەکان لە هەرێمی کوردستان.

ئەم پرۆژە یاسایە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە نێردراوە، کە لە کۆبوونەوەی ئەنجومەن ژمارە (13)ی رۆژی 2011/9/21 پەسند کراوە بە مەبەستی خستنە بەردەستی پەرلەمان بۆ بڕیاردان لەسەری، ئەم پرۆژەیە لە (27) ماددە پێکهاتووە، لەگەڵ ئەسبابی موجیبە، داوا لە سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکەین، کە ئەم پرۆژە یاسایە حەوالەی لیژنە تایبەتمەندەکانی پەرلەمان بکات.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەم پرۆژە یاسایە ئاراستەی لیژنەی یاسایی و لیژنەی ئاوەدانکردنەوەو سەرجەم ئەندامانی پەرلەمان دەکرێت، فەرموون بۆ برگەی دواتر.

**بەڕێز عبدالله محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

برگەی چوارەم لە بەرنامەی کار/ خوێندنەوەی یەکەمی پێشنیاری یاسای بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی لە هەرێمی کوردستان.

**بۆ/ بەڕێز سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان – عێراق**

**ب/ پرۆژە یاسا**

**پاش سڵاو و ڕێز...**

**ئێمەی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان هاوپێچ پرۆژە یاسای بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی دەنێرین، کە لەلایەن لیژنەی راوێژکاری یاسایی پەیمانگەی کوردیەوە ئامادە کراوە، تکایە بخرێتە بەرنامەی کاری پەرلەمانی کوردستانەوە، لەگەڵ ڕێزماندا.**

**ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کەواژوویان کردووە:**

1- **عمر عبدالعزیز بهاءالدین.**
2- **ناسك تۆفیق عبدالکریم.**
3- **حمە سعید حمە علی.**
4- **هاوڕاز شێخ احمد.**
5- **پەیمان عزالدین عبدالرحمن.**
6- **ڤیان عبدالرحیم عبداللە.**
7- **نەریمان عبداللە قادر.**
8- **کاردۆ محمد پیرداود.**
9- **عبداللە محمد نوری.**
10- **ئاشتی عزیز صالح.**
11- **پەیام احمد محمد.**
12- **د.صباح محمد نجیب.**
13- **ایوب نعمت قادر(ئارام).**
14- **سمیر سلیم امین بەگ.**
15- **کوێستان محمد عبداللە.**
16- **عظیمة نجم الدین حسن.**
17- **نەسرین جمال مصطفی.**
18- **ئاشتی عزیز صالح.**
19- **د.ڕێباز فتاح محمود.**
20- **د.رۆژان عبدالقادر دزەیی.**
21- **گەشە دارا جلال.**
22- **شەونم محمد غریب.**
23- **شێرزاد عبدالحافظ شریف.**
24- **عبدالرحمن حسین ابابکر.**
25- **پێشەوا تۆفیق مغدید.**

ئەم پرۆژە یاسایە بە زمانی کوردی و عەرەبی پێشکەش کراوەو پێکهاتووە لە (24) مادده، لەگەڵ هۆیەکانی دەرچوونی، داوا لە سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکەین، کە ئەم پرۆژە یاسایە حەوالەی لیژنە تایبەتمەندەکانی پەرلەمان بکات.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەم پرۆژە یاسایە ئاراستەی لیژنەی یاسایی و لیژنەی نەزاهەو حکومەت و سەرجەم ئەندامانی پەرلەمان دەکرێت، فەرموون بۆ بڕگەی دواتر.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم علی(وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی پێنجەم لە بەرنامەی کار/ خوێندنەوەی یەکەمی پێشنیاری یاسای دەستەی کوردستانی بۆ دیراساتی ستراتیجی و توێژینەوەی زانستی لە هەرێمی کوردستان.

**بۆ/ بەڕێز سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان – عێراق**

**ب/ پرۆژە یاسا**

سڵاو و ڕێز...

ئێمە ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان کە لە خوارەوە واژوومان کردووە، پێشنیار دەکەین کە پرۆژەی یاسای دەستەی کوردستانی بۆ دیراساتی ستراتیجی و توێژینەوەی زانستی لە هەرێمی کوردستان پێشکەش دەکەین، بۆ ئەوەی بخرێتە بەرنامەی کاری کۆبوونەوەی پەرلەمانەوە، بۆ گفتوگۆ کردن لەسەری و بڕیاری گونجاوی لەبارەیەوە بدرێت، لەگەڵ ڕێزدا.

ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کەواژوویان کردووە:

1-گەشە دارا جلال.

2- شەونم محمد غریب.

3- بێریڤان اسماعیل سەرهەنگ.

4- بکر کریم محمد(ئاسۆ).

5- صبیحە احمد مصطفی.

6- زکیە سید صالح.

7- شلێر محی الدین صالح.

8- شۆڕش سید مجید.

9- اسماعیل محمود عبداللە.

10- ئەڤین عمر احمد.

11- گۆران ئازاد محمد.

12- د.سەروەر عبدالرحمن عمر.

ئەم پرۆژە یاسایە لە (16) مادده پێکهاتووه، لەگەڵ هۆیەکانی دەرچوونی، داوا لە سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکەین، کە ئەم پرۆژە یاسایە حەوالەی لیژنە تایبەتمەندەکانی پەرلەمان بکات.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەم پرۆژە یاسایە ئاراستەی لیژنەی یاسایی و حکومەت و سەرجەم ئەندامانی پەرلەمان دەکرێت، فەرموون بۆ برگەی دواتر.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم علی(وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

برگەی شەشەم لە بەرنامەی کار/ خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژە یاسای جێ بەجێ کردنی یاسای دووەم هەموار کردنی یاسای پلە بەندی خاوەن پیشە پزیشکی و تەندروستییەکان ژمارە (6)ی ساڵی 2000 لە هەرێمی کوردستان.

بەڕێزان، ئەم پرۆژە یاسایە لەلایەن سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە بۆ پەرلەمانی کوردستان نێردراوە:

**بۆ/ بەڕێز سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان – عێراق**

**ب/ پرۆژە یاسا**

سلاّو و رێز...

بە هاوپێچ پرۆژە یاسای جێ بەجێ کردنی یاسای دووەم هەموار کردنی یاسای پلەبەندی خاوەن پیشە پزیشکی و تەندروستییەکان ژمارە (6)ی ساڵی 2000 لە هەرێمی کوردستان (قانون انفاذ قانون التعديل الثاني لقانون تدرج ذوي المهن الطبية والصحية رقم (6) لسنة 2000 في اقليم كوردستان – العراق) کە لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (9)ی رۆژی 2011/5/31 پەسند کراوەو بۆتان دەنێرین، بە مەبەستی خستنە بەردەستی پەرلەمان، بۆ بڕیاردان لەسەری، ئەم پرۆژە یاسایە لە (16) مادده پێکهاتووه، لەگەڵ هۆیەکانی دەرچوونی، بە زمانی کوردی و عەرەبی پێشکەش کراوە، داوا لە سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکەین، کە ئەم پرۆژە یاسایە ئاراستەی لیژنە تایبەتمەندەکانی پەرلەمان بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەم پرۆژە یاسایە ئاراستەی لیژنەی یاسایی و لیژنەی تەندروستی دەکرێت، فەرموون بۆ برگەیەکی تر.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم علی(وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**برگەی حەوتەم لە بەرنامەی کار/ خوێندنەوەی یەکەمی پێشنیاری یاسای پاراستنی خاوەنداریەتی هزری و هونەری لە هەرێمی کوردستان.**

**بۆ/ بەڕێز سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان – عێراق**

**ب/ پرۆژە یاسا**

**ئێمە ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان کە لە خوارەوە واژوومان کردووە، پێشنیار دەکەین کە پرۆژەی یاسای پاراستنی خاوەنداریەتی هزری و هونەری لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا پێشکەش دەکەین، بۆ ئەوەی بخرێتە بەرنامەی کاری کۆبوونەوەی پەرلەمانەوە، بۆ گفتوگۆ کردن لەسەری و دانی بڕیاری گونجاو، لەگەڵ ڕێزدا.**

**ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کەواژوویان کردووە:**

1- گەشە دارا جلال.
2- شەونم محمد غریب.
3- شلێر محی الدین صالح
4- شلێر محمد نجیب.
5- عمر صدیق محمد.
6- صباح بیت الله شکری.
7- صبیحە احمد مصطفی.
8- عبدالسلام مصطفی صدیق.
9- لانا احمد محمود.
10- نیشتمان مرشد صالح.
11- محمد احمد علی(شارەزووری).
12- محمد دلێر محمود.
13- د.سەروەر عبدالرحمن عمر.
14- شوان عبدالکریم جلال.
15- امینە ذکري سعید.
16- گۆران ئازاد محمد.
17- سۆزان شهاب نوری.
18- رازاو محمود فرج.
19- ئەڤین عمر احمد.
20- سمیرە عبدالله اسماعیل.

21- ژیان عمر شریف.

22- زکیه سید صالح.

ئەم پرۆژە یاسایە لە (34) مادده پێکهاتووە، لەگەڵ هۆیەکانی دەرچوونی، داوا لە سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکەین، کە ئەم پرۆژە یاسایە ئاراستەی لیژنە تایبەتمەندەکانی پەرلەمان بکرێت.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەم پرۆژە یاسایە ئاراستەی لیژنەی یاسایی و لیژنەی تەندروستی و سەرجەم ئەندامانی پەرلەمان دەکرێت، فەرموون بۆ بڕگەیەکی تر.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم علی(وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی هەشتەم لە بەرنامەی کار/ خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژە یاسای دەسەبەر کردنی مافە نەتەوەیی و ئاینیەکانی پێکهاتەکان لە هەرێمی کوردستان.

**بۆ/ بەڕێز سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان – عێراق**

**ب/ پرۆژە یاسای دەسەبەر کردنی مافە نەتەوەیی و ئاینیەکانی پێکهاتەکان لە هەرێمی کوردستان (قانون ضمان حقوق المكونات القومية والدينية في اقليم كوردستان – العراق)**

بەڕێزان، یاسای سەرەوە هاوپێچە لەگەڵ نووسراوماندا ئێمە بە ژمارەی یاسایی پەرلەمانتاران کە لە خوارەوە واژوومان کردووە، داوا دەکەین (قانون ضمان حقوق المكونات القومية والدينية في اقليم كوردستان – العراق) بخرێتە بەرنامەی کاری دانیشتنەکانی پەرلەمان، تا گفتوگۆ کردن لەسەری بکرێت و پەرلەمان پەسندی بکات، لەگەڵ ڕێزدا.

ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کەواژوویان کردووە:

1-کاردۆ محمد پیرداود.

2- عبدالله محمد امین.

3- دڵشاد حسین قادر.

4- فرمان عزالدین محمود.

5- ئاشتی عزیز صالح.

6- سەرهەنگ فرج محمد.

7- پەیام احمد محمد.

8- عظیمة نجم الدین حسن.

9- پێشەوا تۆفیق مغدید.

10- کاروان صالح احمد.

11- شێردڵ تحسین محمد.

12- ايوب نعمت قادر(ئارام).

13- د.ڕێباز فتاح محمود.

**ئەم پرۆژە یاسایە لە (19) ماددە پێکهاتووە، لەگەڵ هۆیەکانی دەرچوونی، داوا لە سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکەین، کە ئەم پرۆژە یاسایە ئاراستەی لیژنە تایبەتمەندەکانی پەرلەمان بکات و، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

**ئەم پرۆژە یاسایە ئاراستەی لیژنەی یاسایی و لیژنەی مافی مرۆڤ و حکومەت و سەرجەم ئەندامانی پەرلەمان دەکرێت، فەرموو کاك شوان.**

**بەڕێز شوان عبدالكريم جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**خاڵی حەوتەمی بەرنامەی کار/ خوێندنەوەی یەکەمی پێشنیاری یاسای پاراستنی خاوەندارێتی هزری و هونەری لە هەرێمی کوردستان، بەڕێزتان گوتتان بدریت بە لیژنەی تەندروستی، ئەمە پەیوەندی بە لیژنەی تەندروستیەوە نییە، بەڵکو لیژنەی یاسایی و رۆشنبیری و پەیوەندیەکان، تکایە لە پرۆتۆکۆلیشدا راست بکرێتەوەو، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

**خاڵی حەوتەم لە بەرنامەی کار، ئاراستەی لیژنەی یاسایی و لیژنەی رۆشنبیری و حکومەت و سەرجەم پەرلەمانتارەکانی دەکەین، فەرموون بۆ خاڵی نۆیەم.**

**بەڕێز د.احمد ابراهيم علي(وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بڕگەی نۆیەم لە بەرنامەی کار/ خوێندنەوەی یەکەمی پێشنیاری یاسای بەرەنگار بوونەوەی لەشفرۆشی لە هەرێمی کوردستان.**

**ئەم پرۆژە یاسایە بەم شێوەیە پێشکەش کراوە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان:**

**بۆ/ بەڕێز سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان – عێراق**

**ب/ پرۆژە یاسا**

**سلاو و ڕێز...**

**ئێمە ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان کە لە خوارەوە واژوومان کردووە، پێشنیار دەکەین کە پرۆژەی یاسای بەرەنگاربوونەوەی لەشفرۆشی لە هەرێمی کوردستان پێشکەش دەکەین، بۆ ئەوەی بخرێتە بەرنامەی کاری کۆبوونەوەی پەرلەمانەوە، بۆ گفتوگۆ کردن لەسەری و بڕیاری گونجاوی لەبارەیەوە بدرێت، لەگەڵ ڕێزماندا.**

**ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کەواژوویان کردووە:**

1-سەرگوڵ رضا حسن.

2- احمد سليمان عبدالله(بلال).

3- ايوب نعمت قادر(ئارام).

4- ناسك تۆفيق عبدالكريم.

5- گەشە دارا جلال.

6- ڤيان عبدالرحيم عبدالله.

7- عظيمة نجم الدين حسن.

8- د.ڕێباز فتاح محمود.

9- پەيمان عزالدين عبدالرحمن.

10- كوێستان محمد عبدالله.

ئەم پرۆژە ياسايە لە (12) ماددە پێكهاتووە، لەگەڵ هۆيەكانى دەرچوونى، داوا لە سەرۆكايەتى پەرلەمان دەكەين، كە ئەم پرۆژە ياسايە ئاراستەى ليژنە تايبەتمەندەكانى پەرلەمان بكات و، لەگەڵ ڕێزماندا.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ جێگرى سەرۆكى پەرلەمان:**

ئەم پرۆژە ياسايە ئاراستەى ليژنەى ياسايى و ليژنەى كۆمەلأيەتى و حكومەت و سەرجەم ئەندامانى پەرلەمان دەكرێت، تكايە بڕگەى شەشەم لە بەرنامەى كار بخوێننەوە، چونكە لە جياتى (16) ماددە گوتتان (6) ماددە، بۆ ئەوەى تۆمار بكرێتەوە، سەر لەنوێ بڕگە شەش لە بەرنامەى كار بخوێننەوە، فەرموو بێريڤان خان.

**بەڕێز بێريڤان اسماعيل سەرهەنگ:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

پرۆژە ياساى بەرەنگاربوونەوەى لەشفرۆشى لە هەرێمى كوردستان، پێويستە بدرێتە ليژنەى تەندروستى.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ جێگرى سەرۆكى پەرلەمان:**

لەبەرچى، عيلاقەى بەو چيە؟ فەرموو دكتۆر سەروەر.

**بەڕێز د.سەروەر عبدالرحمن عمر:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

سەبارەت بە دوو بڕگەى تر، بڕگەى پێنجەميان خوێندنەوەى يەكەمى ياساى دەستەى كوردستانى بۆ ديراساتى ستراتيجى و توێژينەوەى زانستى لە هەرێمى كوردستان، ئەمە لە چوارچێوەى ئيشى ليژنەى خوێندنى بالأ دايە، چونكە دەزگايەكەش خۆى سەر بە وەزارەتى خوێندنى بالأيە، حەقە ئاراستەى ئەو ليژنەيە بكرێت.

بەنيسبەت خالّى يەكەميشەوە، حەقە ئاراستەى ليژنەى كۆمەلگاى مەدەنى بكرێت، ئەم دوانەى تێدا نەبوو، ئەگەر لەبەرچاو بگيرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ جێگرى سەرۆكى پەرلەمان:**

فەرموو گەشە خان.

**بەڕێز گەشە دارا جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یاسای بەرەنگاربوونەوەی لەشفرۆشی لە هەرێمی کوردستان، پێویستە ئاراستەی لیژنەکەی ئێمەش بکرێت، لیژنەی مافی ئافرەتان، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەمە ئەسڵەن خۆی عیلاقەی بە لیژنەی قانونی و کۆمەڵایەتیەوە هەیە، فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بێگومان کە ئەم یاسایە بەشێکی پەیوەندی هەیە بە لیژنەی ژنانەوە، هەروەها لیژنەی ئەوقافیشەوە، لەبەر ئەوە داواکارم لە جەنابت ئاراستەی ئەو لیژنەیەش بکەیت، بۆ ئەوەی قسەی کۆتایی خۆیان بکەن و راپۆرتی خۆیان بنووسن، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کەواتە هەموو لیژنەکان، ئەوە تەندروستییە، ئەوە ئەوقافە، ئەو لیژنەی ژنانە، لێرەش سێ، چوار لیژنە هەیە، کەواتە بۆ هەموو لیژنەکان ئاراستە بکەین، فەرموون بڕگەی شەش لە بەرنامەی کار بخوێننەوە، تکایە.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم علی(وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی شەش لە بەرنامەی کار/ خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژە یاسای جێ بەجێ کردنی یاسای دووەم هەموار کردنی یاسای پلەبەندی خاوەن پیشە پزیشکی و تەندروستییەکان ژمارە (6)ی ساڵی 2000 لە هەرێمی کوردستان.

خوێندنەوە، کە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەش کرا بوو، بریتیە لە (16) مادده، لەگەڵ ئەسباب موجیبە.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ئەم پرۆژە یاسایە کە هاوپێچی پرۆژە یاساکە کراوە، کە لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە ناردراوە، بەهەڵە هاوپێچ کراوە، یاسای دەستەی کوردستانی دیراساتی ستراتیجی و توێژینەوەی زانستی هاوپێچی پرۆژەکە کراوە، بۆیە ئێمە کە خوێندمانەوە ئەمە (16) مادده بوو، داوا دەکەین کە راست بکرێتەوە، فیعلەن راستە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو برگانەی کە ئاراستەی لیژنەکانمان کرد، ئەگەر ئاراستەی هەر لیژنەیەك نەکرا بوو، پەرلەمانتارە بەڕێزەکان، یان لیژنەکان دەتوانن مەعلوماتی خۆیان بدەن بەو لیژنانەی کە مەعنین، بۆ ئەوەی دەوڵەمەندی بکەن.

ئێستا دێینە سەر برگەی دە لە بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان، ئەویش ئامادەیی جەنابی وەزیری دارایی و ئابوورییە، لەبەر وەزعی هەر لە شوێنی خۆی دەمێنێتەوە، ئێوەی بەڕێز، ئەوەی کە بۆمان هاتووە (186) پرسیارە، لەبەر ئەوە داواکارین و تکاتان لێ دەکەین کەس پرسیارەکان شەرح نەکات، دەقی پرسیارەکان بخوێننەوە، تکاتان لێ دەکەین دەقی پرسیارەکانتان بخوێننەوە، کەس پرسیارەکان شەرح نەکات، چونکە وەزیر لەسەر ئەساسی ئەم پرسیارانە خۆی ئامادە کردووە، واتا لەسەر دەقی پرسیارەکان، ناکرێت نە پرسیارەکان بگۆڕن، نە پێویستیش بە شەرح دەکات، بەڕاستی لەکاتی ئەوەی کە وەزیر وەڵامی پرسیارەکان دەداتەوە، کە جەنابتان موداخەلە دەکەن، تکا دەکەین ئەویش بە موختەسەری بێت، بۆ ئەوە کاتەکەمان بەش بکات، فەرموو مامۆستا.

**بەڕێز عمر عبدالعزيز بهاءالدين:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نوقتە نیزامیەکە پەیوەندی بە خاڵی یەك تا خاڵی دەوە هەیە، هەموو جار جەنابتان لە سەرۆکایەتی تەئکید دەکەنەوە کە ئەو پڕۆژە یاسایانەی خوێندنەوەی یەکەمیان بۆ دەکرێت ئاراستەی هەموو پەرلەمانتاران بکرێت، بووە بە شتێکی ڕۆتین تەقریبەن هەموو جار دووبارە دەبێتەوە، تەئکید لە بەڕێزتان دەکەمەوە کە ئەو شتە تۆزێك بە جددی وەربگیرێت، ڕاستە لیژنە پسپۆڕەکان ئەولەویەتی کار بەوانە، بەڵام هەندێك جار هەندێك یاسا لەوانەیە لەلایەن پەرلەمانتارانە وەئەفکاری باش ئیزافە بکرێت، بۆیە داوا لە بەڕێزتان دەکەم، کە تەئکید بکرێتەوە کە بە تەئکید بنێردرێت بۆ هەموو پەرلەمانتاران، بۆ ئەوەی راو سەرنجی خۆیان لەلا گەلاڵە بێت و ئاراستەی لیژنە پسپۆڕەکانی بکەن، زۆر جار ناگاتە دەستمان، وابزانم دەگاتە دەست لیژنەکان، بەس ناگاتە دەست پەرلەمانتارەکان، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

داواکارییەکەت قانونییە، بەڵام سەرۆکایەتی پەرلەمانیش هەموو جارێك، مەگەر بە دەگمەن، ئەگینا هەموو جارێك ئەو پڕۆژە یاسایانە دەچێتە سندووقی پەرلەمانتارە بەڕێزەکان، بەسەرچاو تەئکیدیشی لێ دەکەینەوە، فەرموو کاك سەرهەنگ.

**بەڕێز سەرهەنگ فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە هەندێك لە ئەندامانی لیژنەی شارەوانی بە گەشتێکی ڕەسمی لە هەندێك لە ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم بووین، بە تەحدید لە مەنتیقەی شارەزوور بووین لە ڕۆژانی یەك شەممەو دوو شەممە، ئێمە پێمان نەکرا پرسیارەکانمان بە نووسراو بنێرین، لەبەر ئەوەی ئێمە لێرە نەبوون، داواکارم ئەم حەقەمان پێ

بدەن، کە ئێمە حەقی تەوجیهـ کردنی پرسیارەکانمان هەبێت بۆ جەنابی وەزیری دارایی و ئابووری، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

توخوا (186) پرسیار بەس نییە؟ ئەوە برادەرەکانت لە جیاتی تۆش پرسیارەکانیان کردووە، مەجالی پرسیار کردنی تر نییە، جگە لەوانەی تۆمار کراوە، فەرمووو کاك شێرزاد.

**بەڕێز شێرزاد عبدالحافظ شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی کە جەنابت باست کرد، ئەو پرسیارانە بەس بخوێندرێتەوە، بەڕاستی خوێندنەوەی ئەو پرسیارانە هەندێکیان هەیە، رەنگە جەنابی وەزیر لێی تێ نەگات، چونکە بە جوملەیەکی زۆر کەم نووسراوە، شەرحی ئەوەی دەوێت کە یاسا چۆن باسی ئەوەی کردووە، بۆیە پێویستە هەندێك شەرحی تیا بێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کەی وەزیر خۆی لە پرسیارەکان نەگەیشت بە جەنابتان دەڵێ بۆم شەرح بکەن، بەلأم ئەگەر خۆی تێگەیشت پێویستی بە شەرح ناکات، دکتۆر ئاراس فەرموو پرسیارەکەت بکە، فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر مەجال، یان روخسەتم بدەنێ لە پێشەوە هەندێك شت هەیە باسی بکەم، رەنگە زۆر لەو پرسیارانە وەڵامەکەی ئاسانتریش بێت بەنیسبەتی ئەوانەوە، ئەگەر روخسەت هەبێت.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرمووو کاك نەریمان ئاخیر کەس.

**بەڕێز نەریمان عبداللە قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جەنابت فەرمووت (186) پرسیار هەیە، ئەگەر بە لیستێك بیخوێنیتەوە، بۆ ئەوەی هەر پەرلەمانتارێك بزانێت خۆی لە چ رەقمێکە، کەی دوای هاوڕێیەکەی تری پرسیارەکە دێت؟ بۆ ئەوەی ئاگام لێ بێت، بەڕاستی یەکەم کێیە، تا (186)م کێیە؟ بۆ ئەوەی تەسەلسولەکە بزانین، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ناسك خان ئاخیر کەس، فەرموو.

**بەڕێز ناسك تۆفیق عبدالکریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ببوورە، هەر هەمان پێشنیارم هەبوو، واتا ناوەکان بخوێنیتەوە، بۆ ئەوەی بزانین، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوانەی کە پرسیارەکانیان کردووە، تەبعەن ڕێزم بۆ هەموو لایەکتان هەیە، هەمووتان بەڕێزن، هەر بۆیە ناوەکان وا دەخوێنمەوە:

1- د.ئاراس حسین محمود.
2- خورشید احمد سلیم.
3- سۆزان شهاب نوری.
4- کاردۆ محمد پیرداود.
5- دڵشاد شهاب حاجی.
6- د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی.
7- ایوب نعمت قادر(ئارام).
8- گۆران ئازاد محمد.
9- سەردار رشید محمد.
10- نیشتمان مرشد صالح.
11- بکر کریم محمد(ئاسۆ).
12- د.سەروەر عبدالرحمن عمر.
13- گەشە دارا جلال.
14- شەونم محمد غریب.
15- سمیرە عبدالله اسماعیل.
16- هاژە سلیمان مصطفى.
17- بێریڤان اسماعیل سەرهەنگ.
18- عمر عبدالعزیز بهاءالدین.
19- سمیر سلیم امین بەگ.
20- هاوڕاز شێخ احمد.
21- ناسك تۆفیق عبدالکریم.
22- شلێر محمد نجیب.
23- د.عمر حمدامین خدر(نورەدینی).
24- محمد دلێر محمود.
25- عبدالسلام مصطفى صدیق.
26- شڤان احمد عبدالقادر.
27- زکیە سید صالح.
28- جمال طاهر ابراهیم.

29- علی حسين محمد.

30- عمر صديق محمد.

31- امينه ذكري سعيد.

32- عونى كمال سعيد بەزاز.

33- سەرگوڵ رضا حسن.

34- ئاشتی عزيز صالح.

35- نەريمان عبدالله قادر.

36- پەيمان عزالدين عبدالرحمن.

37- عبدالله محمد امين.

38- عبدالله محمد نوری.

39- پەيام احمد محمد.

40- عظيمة نجم الدين حسن.

41- شێرزاد عبدالحافظ شريف.

42- پەيمان عبدالكريم عبدالقادر.

43- پێشەوا تۆفيق مغديد.

44- عبدالرحمن حسين ابابكر.

45- عدنان عثمان محمد.

46- ڤيان عبدالرحيم عبدالله.

47- نەسرين جمال مصطفى.

48- فرمان عزالدين محمود.

49- عمر عبدالرحمن علی.

50- تارا تحسين ئەسعەدی.

51- د.بشير خليل حەداد.

52- شلێر محی الدين صالح.

54- صباح بيت الله.

55- صبيحه احمد مصطفى.

56- ئاواز عبدالواحد خضر.

ببوورە، ئێمەش لە سەرۆكايەتی پێمان باشە، جەنابی وەزير موختەسەر بە كورتی و بە پوختی قسەكانی خۆی بكات، ئينجا دوايی پرسيارەكانمان دەست پێ بكەين، فەرموو.

**بەڕێز شێخ بايز تاڵەبانی/ وەزيری دارايی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.**

سوپاس بۆ ئێوەی بەڕێز، بەڕاستی ئەمڕۆ کە ئامادە بووین، بۆ ئەوەی وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەینەوە، پێشەکی داوای لێبووردن دەکەم، ئەگەر بڵێم بەڕاستی من (45) سەعاتە پرسیارەکان گەیشتۆتە دەستم، هەر پرسیارێکیش کە جوابم داوەتەوەو بۆ ئەوەلیاتی گەڕاوم و تەبعم کردووەو وەڵامەکەم لەلای خۆم داناوە، بەڕاستی دە دەقیقەی ویستووە، یەعنی (1860) دەقیقە، ئەگەر دابەشی بکەم دەکاتە (31) سەعات، یەعنی من لە (43) سەعاتدا، لە (44) سەعاتدا بایی (31) سەعات ئیشم کردووە، فیعلەن من ئەمشەو تاکو بەیانی نەخەوتووم، بۆ مەعلوماتتان، سوپاستان دەکەم.

بەنیسبەتی وەزارەتی داراییەوە، هەروەکو مەعلومە وەزارەتی دارایی و ئابووری لە ئەوەل و دێر زەمانەوە پێی دەگوترێت (أم الوزارات)، یەکێکە لەو وەزارەتانەی کەوا وەزارەتێکی سیادییەو ئیش و کاری زۆر زۆرە، جگە لەوەی کەوا تەمویلی وەزارەتەکان هەر هەمووی دەکات و ئەم وەزارەتە چەندەها خزمەت پێشکەش دەکات بە هاووڵاتیان، لەوانە خزمەتی زۆر گەورەیەو زۆر جیاوازە لەگەڵ وەزارەتەکانی تر، مەسەلەن هەموو فەرمانبەرێك ڕێی دەکەوێتە مودیریەتی گشتی خانەنشین ، مودیریەتی عام، هەموو کەسێك ڕێی دەکەوێتە زەریبە، هەموو کەسێك ڕێی دەکەوێتە بانکەکان، نامەوێت درێژەی پێ بدەم، بێجگە لەوە چەندەها ئیشی تریش لە پاڵ ئەوانە وەکو ئیشی خزمەتگوزارییشی تەقدیم کردووە، لەوانە من دەمەوێت ئەوە باس بکەم ئەو خزمەتانەی کە پێشکەش کراوە هەتاکو ئێستا، بێجگە لەوانەی کە بە عام باسم کرد، ئێمە (900) ملیار دینارمان تەوزیع کردووە بەس بۆ قەرزی عەقاری، پێشینەی هاوسەرگیری (340) ملیار دینارمان تەوزیع کردووە، پێشینەی کشتوکاڵ (29) ملیار، پێشینەی پیشەسازی (7) ملیار، سندووقی نیشتەجێ بوون (115) ملیار، بیمەی بێ کاری (7744) ملیار، ڕەنگە شتی تریش هەبێت، لە دواییدا ئەگەر باسی بکەین، بەڵام لێرەدا دەمەوێت ئەوە بڵێم ئەو 10٪یەی کەوا لەمیزانیەی تەشغیلی ئێمە هەڵگیرا (900) ملیار دینار بوو، ئەو (900) ملیار دینارە، تەنها ئەوەتا وەکو باسم کردووە، تەنها پێشینەی عەقار کردوویەتی، کە بزانن ئەوە چەند تەئسیری کرد، هەڵگرتنی لە 10٪ لەسەر بودجەکەی ئێمە، ئەمە یەکێك بوو، بۆ ئەوەی بەڕێزتان زیاتر ئاگاتان لەو مەوزوعانە هەبێت، کە من باسی دەکەم و، بەم شێوەیەو بەگشتیش دەمەوێت باس لە مەوزوعی ئەو پرسیارانە بکەم، کە ئێستاکە بۆ ئێمە هاتووە، ئەگەر بێتو هەندێکی لە ئێستاوە وەڵام بدەمەوە، چونکە هەر ئەمەیە ئیحصایەکی تریش بڵێم، چونکە ئەگەر بێتو تەماشای بکەم (85) پرسیاری ئامادە کردن و جێ بەجێ کردنی بودجەو پارەی نەوتە، (8) پرسیاری بودجەی پێشمەرگەو مووچەی پێشمەرگەیە مەسەلەن، (25) پرسیاری یەکسانی مووچەیە، لەبەر ئەوە ئێمە بەگشتی هەوڵمانداوە کەوا پرسیارەکان بە عام ئێستا وەڵام بدەمەوە.

بەنیسبەت ئەوانەی کە زۆر دووبارە بۆتەوە، ئێستا وەڵامی دەدەمەوەو ئینشائەڵلا ئەوانە پێویست ناکات ئیتر روون کردنەوەکانیان لەلا هەبێت، ئەگەر هەر پرسیارێکیش هەبێت ئەوە وەڵامی دەدەینەوە، چونکە ئەگەر یەك، یەك وەڵامی پرسیارەکان بدەینەوە، ئەوە زۆر زۆری پێ دەچێت.
بەنیسبەتی یەکگرتنەوەی ئەو دەزگایانە، پرسیاری زۆری لەسەرە، بەڵێ، تا ئێستاکە وەزارەتی دارایی و دیوانی چاودێری دارایی................

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر پرسیارەکان ئێستا وەڵام نادرێنەوە، کەی پرسیار کران، ئەو کاتە وەڵامی پرسیارەکان دەدەیتەوە، ئەگەر پرسیارەکەش دووبارە بوو، بڵێ ئەو پرسیارە دووبارەیەو وەڵامم داوەتەوە، ئەگەر قسەی ترت هەیە قەیدی ناکات، بەلام بۆ پرسیارەکان، دەبێت پرسیارەکان بکرێت، ئینجا وەڵامیان بدەیتەوە، فەرموو.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە کێشەیەکمان هەیە بەڕاستی ئەویش هەر عیلاقەی هەبوو بە بودجەو تەصدیق کردنی بودجەوە، کە ئێستا تووشی موشکیلەکان بووینە، با لە پێشەوە بە جەنابتان بڵێم، ئێمە بێجگە لەوەی کەوا لە 10٪ی تەشغیلی لێرە دابەزێنرا وەکو عەجز، لە عێراقیشدا لە 4٪یان دابەزاند لە میزانیەکەمان، دوای پەسند کردنی بودجەکە بوو، کە کردی بە (245) ملیار دینار، تا ئێستا (350) ملیار دینار پارەی پترۆ دۆلارمان بۆ نەهاتووە، تا ئێستا پارەی هەردوو مەنافیزەکان نەگەڕاوەتەوە بۆ ئێمە هی ساڵی 2010 و 2011، پارەی کارەبا نەهاتۆتەوە، بەنیسبەتی عەجزی پارەکەوە کە خۆتان لێرە موصادەقەتان کردووە یەك و پێنج سەدو شەست و چوار بووە (1564) بووە، یەعنی یەك ترلیۆن، بەداخەوە ئەوە ئەو عەجزە نە میزانیەی تەکمیلی پێهاتووەو، نە هیچ پارەیەکی زیادمان وەرگرتووە لە عێراق، بۆ زانینتان من ئەوانەی بۆ جەنابتانم خوێندەوە، ئەو پارانەی کە وتم لە زیمنی نەشاتی وەزارەتی داراییە، ئەوانەمان هەمووی سەرف کردووە، بۆ ئەوەی بەرچاوتان روونتر بێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو بەڕێز دکتۆر ئاراس پرسیارەکەت بکە.

**بەڕێز د.ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس، بەخێرهاتنی جەنابی وەزیر دەکەین، لەڕاستیدا زۆر بە کورتی چەند پرسیارێکم هەیە:
پرسیاری یەکەم/ رێژەی بودجەی هەرێمی کوردستان لە بودجەی عێراقی فیدراڵ لە 17٪یە، بەلام دوای دابەزینی نەفەقاتی سیادی و حاکیمە نزیك لە 12٪و کەمتریش دەبێتەوە، پرسیارم ئەوەیە، ئایا ناکرێت

سالأنە وەزارەتی دارایی و ئابووری لەگەڵ بودجەکەدا بە خشتەیەك فەقەراتەکانی نەفەقاتی سیادی و نەفەقاتی حاکیمە بنێرێت، بۆ بەرچاو روونی ئەندامانی پەرلەمان؟

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

دکتۆر تکایە دەقی پرسیارەکەت بخوێنەوە، تکایە، پێشتر باسمان کرد دەقی پرسیارەکە چۆنە، ئەو لەسەر ئەساسی پرسیارەکانی تۆ خۆی ئامادە کردووە، تکایە دەقی پرسیارەکەت بخوێنەوە.

**بەڕێز د.ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەقی پرسیارەکەم بەو شێوەیە، کە ناردوومە بۆ وەزیری بەڕێز بەو شێوەیە.

پرسیاری دووەم/ سالأنە کورتهێنانمان هەیە لە بودجەی هەرێمی کوردستان نزیکەی لە 90٪ی بودجەکە دەگەڕێتەوە بۆ هێزی پێشمەرگە، کە بەشێکە لە هێزی بەرگری عێراق و، ئەو پارەیە نادرێت، سالأنە پێمان دەڵێن و ئێمە محاوەلە دەکەین ئەو کورتهێنانە لەگەڵ حکومەتی بەغدا چارەسەری بکەین، وەزارەتی دارایی و ئابووری لە ساڵی 2007ەوە چی کردووە؟ وا دەچینە ساڵی 2012ەوە، دەربارەی چارەسەر کردنی ئەو کورتهێنانە؟

پرسیارێکی ترمان هەیە/ بۆچی زۆر جار جیاوازییەك هەیە لەنێوان خەملاندنی داهات و داهاتی فعلی؟ یەعنی ئێمە تێبینی دەکەین جاری وا هەیە بەنزیکەی لە 50٪ جیاوازی هەیە لەنێوان ئەو داهاتەی کە دەخەملێنرێت لەلایەن وەزارەتی دارایی و ئابوورییەوە، لەگەڵ داهاتە فعلیەکە لە کۆتایی ساڵدا لە حیسابی خیتامیدا بۆمان دێت.

پرسیارێکی ترمان هەیە/ سالأنە هەر بەلایەنی کەمەوە دوو ساڵی پێشوو لە 30٪ تەقریبەن بودجە دەڕوات بۆ بودجەی وەبەرهێنان، بەلأم لە حیساباتی خیتامی تێبینی دەکرێت ئەو لە 30٪یە کەم دەبێتەوەو نیوەی جێ بەجێ دەکرێت، دەبێتە لە 15٪، هۆی ئەوە چیەو ناکرێت چارەسەر بکرێت بە میکانیزمێکی تازە؟

لەڕاستیدا پرسیارێکی تریشمان هەیە/ زۆر جار جیاوازییەکی زۆر هەیە لەنێوان ژمارە کۆتاییەکانی راپۆرتی شەش مانگی یەکەم لەگەڵ ژمارە کۆتاییەکانی حیساباتی خیتامی، ئایا هۆی ئەو جیاوازییە چیە؟ دەکرێت ئەو جیاوازییە تەلەف بکەین لەنێوان ئەو دوو ژمارە کۆتاییە؟

پرسیارێکی ترمان هەیە/ لە سالأنی پێشوو چەند جارێك لە پەرلەمانی کوردستان موناقەشەی ئەوەمان کردووە، ئەگەر بکرێت، بۆ ئەوەی موازەنە دوانەکەوێت لەسەر ژمارەیەك بێین موازەنە ئامادە بکەین و بیخەملێنین، دوایی ئەو زیادەیەی کە دێت، یان ئەو کەمەی کە هەیە بە رێژەیەك لە حیساباتەکان دابەزێنین، بۆچی ئەمساڵیش ئەمە نەکراو موازەنە هەر بەرەو دواکەوتن رۆیی؟

خاڵێکی ترمان هەیە، بەڕاستی لە دەرەئەنجامی پێدانی زیادە مووچەکەی ساڵی 2003 بۆ ساڵی 2010 تا ئێستا ژمارەیەك هەیە لە فەرمانبەران کە هاوتان لەگەڵ هاوڕێیەکانیان هەمان بڕوانامەو هەمان بەرواری

دامەزراندنیان هەیـە، بـەڵام مافیـان وەکـو هاوڕێیـەکانیان وەرنـەگرتووە، کـەمتریان وەرگرتـووە، هـۆی ئـەوە چیە؟ ئایا دەکرێت چارەسەر بکرێت؟

کێشەیەکی ترمان هەیە، چیتان کردووە بۆ ئەو فەرمانبەرانەی کە خانەنشین کراون لە دوای ساڵی 2010، بـەڵام لـەکاتی خۆیـدا موسـتەحەق بـووە کـە ئـەو سـەر مووچـەیان بـدرێتێ، بۆچـی نایانـدرێتێ؟ چـونکە لەڕاستیدا ئەو پرسیارانە زۆربەی دێت بۆ پەرلەمان و بۆ لیژنەی دارایی و ئابووری.

کێشـەیەکی تـر هەیـە، کێشـەی یەکخسـتنی مووچـەی ئـەو فەرمانبەرانـەی کـە گەڕاونەتـەوە بـۆ هـەرێمی کوردسـتان لـە ناوچـەکانی تـری عێـراق، بۆچـی مووچـەکانیان یـەك ناخرێـت و ئـەو کێشـەیە چـیەو مووچەکانیان یەك ناخرێت لەگەڵ مووچەی فەرمانبەرانی هەرێم؟

لەڕاسـتیدا کێشـەیەك هەیـە بـەرەنگارمان دەبێتـەوە، بـەڕێز سـەرۆکی پەرلـەمان، ئەگـەر رێـم پـێ بـدەیت رووبـەڕووی پەرلـەمان و لیژنـەی دارایـی و ئـابووریش دەبێتـەوە، ژمارەیـەك لـە عەمیـدی پـۆلیس هەیـە، ژمارەیان نزیکەی (120) کەسـە، ئەمانـە گوایـە بـەپێی بۆچوونیان موسـتەحەقی ئـەوەن کـە روتبـەکانیان بـەرز ببێتـەوە بـۆ لیـوا، بـەڵام بـەرز ناکرێتـەوە بـۆ لیـوا، لەبـەر ئـەوە مووچـەکانیان وەکـو راتـبی عەمیـد وەردەگرن، وەکو مووچەی عەمید، بۆچی ئەو کێشەیە تاکو ئێستا چارەسەر نەکراوە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە بەنیسبەتی ئەوەی کە ئەو پرسیارەی جەنابی، کە لە بەغداوە هەموو ساڵێك ئێمە ئەو ئیستیماڕانەی کە دێـت لەگـەڵ موازەنـەی بخـەین، ئـەوە باشـە، مولاحـەزەی دەکـەین لەمـەودوا وا دەکـەین، هەرچـەندە لـە پەرلەمان ساڵانە خۆشیان هەر وەریدەگرن لەم لاو لەو لاوە.

بەنیسبەت ناکۆکی نێوان هەرێم و حکومەت و بەغدا لەسەر بەشە بودجەی هێزی پێشمەرگە، لەوە دایە کە ساڵانە داوای بەشە بودجەی هێزی پێشمەرگە دەکەین، بەڵام ئەم بودجەیەیان بۆ نانێردرێـت، ئێمـەش وەك حکومەتی هەرێم ناچار دەبـین لەسـەر بودجـەی خۆمـان خەرجیـەکانیان جـێ بـەجێ بکـەین، کـە ئەمـەش دەبێتە هۆی کورتهێنانی بودجە، لە کاتێکدا ئەو بڕە پارانە خەرج نەکراوەو هی ئێمەش کورتهێنانەکەی بـە داپۆشین بکـەین، لێـرەدا دەمـەوێت زیـاتر شـەرحی ئـەو مەوزوعـە بکـەم، ئێمـە بەنیسـبەتی داپۆشـینی ئـەو کورتهێنانەوە، خۆی میزانیەی تەکمیلی نییەو بۆمان نایەت، ئەوە هەمووتان دەزانن چەند ساڵە میزانیـەی تەکمیلی نەهاتووە، بەنیسبەتی ئەوەوە کـە ئێمـە خۆمـان نـاتوانین سـەنەدات ئیـدخال بکـەین، لەبـەر ئـەوە ئەگەر بمانەوێت ئەو حەلە دەبینینەوەو دایدەگرین، کە داشدەگرین تەجاوز دەکەین، کە تەجاوز دەکـەین و خۆشـتان لێـرە عەجزەکـەتان موصـادەقە کـردووە، ئینجـا دەکەونـە موحاسـەبە کردنـی ئێمـەوە، بۆچـی تەجاوزتان کردووە؟

پرسیاری سێیەم/ ساڵانە لەکاتی دیاری کردنی بودجەدا بڕی داهاتی خەملێنراو دیاری دەکرێت، کە پێش بینی دەکرێت لە ماوەی ئەو ساڵەدا بە دەست بهێنرێت، بەلاّم دواتر لە بڕی خەملێنراو ژمارەکە زیاتر بەدەست دەهێنرێت، فیعلەن هەموو ساڵێك دەبینین و هەموو ساڵێك وایە، ئەوەی کە خەملێنراوە لەوەی زیاتر بەدەست دێت، بەلاّم خۆ ئەوەمان نەشاردۆتەوە، ئەوە لە حیساباتی خیتامیدا دەردەکەوێت، ئێمە هەموو جار لێرە کە لێمان دەپرسن و پێتان دەڵێین، دەڵێین داهاتی کوردستان زۆر لەوە زیاترە، بە جەنابتانمان گوتووە، بەڵێ، وایە، لە حیساباتی خیتامیدا دەردەکەوێت و ئێستا ئیسپات بووە کە ئێمە نەمانشاردۆتەوەو لە حیساباتی خیتامیدا دەبینی داهاتەکان کە ناردوومانە زیاترە.

وەزارەتی دارایی و ئابووری بەرپرسیار نییە لە دواکەوتنی جێ بەجێ کردنی پرۆژەکانی وەبەرهێنان، چونکە ئەو بڕە پارەی کە تەرخان کراوە بۆ بودجەی وەبەرهێنان لەکاتی جێ بەجێ کردنی لەلایەن وەزارەتەکانەوە ئاستەنگێك دروست دەبێت لە شێوازی جێ بەجێ کردنی پرۆژەکانداو، تەمویلی ئەو پرۆژانە لەوەزارەتی دارایی دوا ناکەوێت سەرەڕای ئەوەی پەسند کردنی بودجەی عێراق لە کۆتایی ساڵدا دەکرێت، ئێمە لێرەوە هەموو جارێکیش ئیعلانمان کردووە، ئەوەی کە دێتە وەزارەتی دارایی و ئابووری سولفەی مقاولی، شەریکات، کە عیلاقەی بە پرۆژەوە هەیە بە هیچ شێوەیەك لەلای ئێمە دوا نەکەوتووەو دوای ناخەین، فەت رۆژێك لە رۆژانیش نەمانگوتووە پارە نییە، ئەگەر حاڵەتێکی وا هەیە حەز دەکەم بۆمان دەست نیشان بکەیت، ئەو وەختە ئێمەش وەلاّمی خۆمان دەبێت، ئەو سەرفانەی کە دێتە وەزارەتی دارایی و ئابووری تەبیعی زەوابتی هەیە بۆ سەرف کردن، ئێمە لە وەزارەتی دارایی و ئابووری کە شتێك ناکرێت و جەنابتان دەڵێن نەکراوە، ئەگەر شتێك نەکرا بێت لەبەر زەوابتەکانی کە دانراوە، دەبێت ئەو سولفەیە ئەو زەوابتانەی کە پێویست دەکات بۆ سەرفی دەبێت ئەوانەی تیا مەوجود بێت و سەرف دەکرێت، بەلاّم لەسەر ئەوەش نەوەستاوە، ئێمە ناردوومانەتەوە بۆ چاك کردن.

ئێمە لەو بارەیەوە لە پرسیارێکی تردا عیلاقەی بەوە هەیە، کە جەنابی فەرموو بووی ئایا هیچ ئەوەیەك نەکراوە بۆ پێشنیاری ئەوە؟ ئێمە لە رێگای خۆمانەوە وەکو وەزارەتی دارایی و ئابووری نووسیومانە بۆ وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە کە چی بکرێت باشترە، بۆ ئەوەی سولفەکان جێ بەجێ بکرێت و ئێستا وا لەبەر دەستمانە، ئەوەی کە نووسیومانەو هاوکاریشیان بووینە لەو بارەیەوە، لەبەر ئەوەی ساڵانە پەسند کردنی بودجە دوا دەکەوێت، لەسەرەتای هەر ساڵێك رێنمایی خەرج کردنی دەردەکرێت بۆ گشت وەزارەتەکان، کە بە رێژەی یەك تەقسیم دوازدە ساڵی پێشوو خەرجی ئەنجام بدرێت، ئەو شەش مانگەی خەرجیەکان کەمتر روو دەدات، ئەمە عیلاقەی بەو خەرجیانەوە هەیە، کەوا لە شەش مانگدا ئێمە ناردوومانە، رەنگە من نەوێرم ئەو قسەیە بکەم، بەلاّم بریا پەرلەمانی بەڕێز ئەو بڕیارەی دەرنەکرد بوایە بۆ شەش مانگ، ئەو شەش مانگەی کە دێت بۆ جەنابتان، ئەو شەش مانگە حیساباتێکی بیدائیە، هی شەش مانگەو دێتە بەردەمتان، ئەوە نە سولفەی تیا تەسویە کراوە، چونکە ئەو سولفانە هەمووی تەسویە دەکرێت و دەگەڕێتەوە سەر پارەکان، سولفە بە سەرف حیساب نابێت، لە هەمان کاتدا ئێمە هەتاکو پارەکە، کە شەش

مانگەکەش تێپەڕیوە، ئێمە یەك تەقسیمی دوازدەمان سەرف کردووەو، بەڕێزیشتان دەزانن، ئەوەش ئەوە نەبێت وەزارەتی دارایی و ئابووری لە خۆیەوە ئەوەی دەرکرد بێت، ئەمە قانونە، ئەمە لە هەموو ولآتێکدا، بەتایبەتی لە عێراقیشدا وایە، بەلاّم فەرقەکە لێرە لە بەینی عێراقەوە وایە، لە بەینی ئێرەو ولآتانی تر ئەوەیە میزانیەکە زووتر دێت و، زووتر پەسند دەکرێت، نەوەك ئەوها هەموو ساڵێك تاخیر ببێت، چ لەلایەن عێراقەوە، چ لەلایەن ئێمەوە، هەر بۆ ئەوەی جەنابیشتان ئاگادار بن، ئێستا میزانیەی ئەمساڵ دەخوێنینەوەو دەبیستن لە ئیعلامدا، کە دەگوترێت باشە ئەوە میزانیە بۆ نەهاتە پەرلەمان؟ توخوا چۆن میزانیە دێتە پەرلەمان لە مانگێکدا ئێستاکە سێ جار دایانگرتووە، نەك ئەو داگرتنە عیلاجیش دەکرێت، هەر جاری بە ترلیۆنێك داگیراوە، ئەوەتا لەبەردەستمدایە، ئەوەی دەیەوێت با بفەرموێت تەماشای بکات، لە یەك جار چووین حیساباتمان تەواو کرد ترلیۆنێکیان داگرت، ترلیۆنێك هی ئەوە نییە تۆ بە عەجز نیشانی بدەیت، حیساباتمان دانا ترلیۆنێکی تر، جارێکی تر ترلیۆنێکی تر، ئەوە ئێستا هەمووی مەوجودە.

پرسیاری شەشەم/ لەبەر ئەوەی بودجەی عێراقی فیدراڵ ساڵانە دوادەکەوێت، بۆیە لە هەرێمی کوردستان چاوەڕوانی ژمارە سەرەتاییەکان دەکەین، هەروەکو ئێستا باسم کرد، هەتا ئەو ژمارانە نەگاتە دەستمان ناتوانین، خۆ ئێستاش کە ئیشمان کردووە، تەقریبەن لێ بووینەتەوە بۆ ئەوەی بچێتە ئەنجومەنی وەزیران، پێموایە رۆژی دوو شەممە موناقەشەی بیدایەی ئەوە دەکرێت، بەلاّم دیسان ئێستا من ترسی ئەوەم هەیە، کە جارێکی تر دایبگرنەوە لە پەرلەماندا.

بۆ دانان و ئامادە کردن، ئەوە باسمان کرد، رێنمایی وەزارەتی دارایی و ئابووری کە ئامادە کراوە، بۆ مەبەستی یەکخستنەوەی مووچەی فەرمانبەران و خەرجی کردنی جیاوازی نێوان ساڵانی 2004 – 2010 گشتاندنی پێ کراوە.

بەنیسبەت یەکخستنەوەی مووچەی فەرمانبەران، جارێ لە پێشەوە وەلاّم دەدەمەوە، داوای لێبووردن دەکەم، لە یەك، دوو شوێندا دەبینم دەڵێ موقەسیر کێیە؟ بۆ مەعلوماتتان بەنیسبەتی جیاوازی مووچەوە لە هەولێر بە نەوعێك بووە، لە سلێمانی بە نەوعێك بووە، هەردوو لایان بەپێی قانونی بریمەر کە سێ ئیحتیمالی وەرگرتووە هەردوولایان راست بووینە، بەلاّم ئێمە کە بڕیاری پەرلەمان و ئەنجومەنی وەزیران دەرچووە بۆ یەکخستنەوەی مووچەکان، ئێمە هاتووین کامەیان باشترە ئەوەمان بە نەزەری ئیعتیبار وەرگرتووە، بۆیە لە سلێمانی هەڵستاین ئەو مەوزوعەمان بەو شێوەیە جێ بەجێ کردو، ئێمە تەعمیمان کردووە بەسەر هەموو وەزارەتەکاندا، هیچ موشکیلەیەکمان لە وەزارەتی دارایی و ئابووری نییە، بۆ ئەوەی ئەو پارەیە وەربگیرێتەوە، تەنها لە وەزارەتەکان خۆیانە، بۆ مەعلوماتی بەڕێزتان تاکو ماوەیەك پێشی ئێستاش کە من مەعلوماتم هەبوو تەربیە هی یەکەمی تەواو نەکرد بوو، ئەمە لەلایەك.

لەلایەکی تریش، بۆ ئەوەی بزانن کە دەڵێن موقەسیر کێیە؟ ئێمە وەکو سلێمانی، ئیدارەی سلێمانی، چونکە ئێمە خۆشمان لە خۆمان بە شك بووین، گوتمان رەنگە غەڵەتمان کرد بێت، بەلاّم ئێستا ئەوەلیات لەلای ئێمەیەو مەوجودە، ئێمە هەموو ئەوەلیاتەکانمان ناردووە بۆ وەزارەتی دارایی عێراق، وەزارەتی دارایی

عێـراق وەلأمـی داینەتـەوە دەڵێـت ئێـوە راسـتن و قانونەکـەتان بەڕاسـت تـەتبیق کـردووە، بـەلأم ئێسـتاکە جارێکی تر کێشەیەك دروست بۆتەوە لەناو مەوزوعەکە، ئەو کێشەیە مانگێك، دوو مانگ ئەوەش بـەردەوام بوو، ئێمە هەڵستاین غەڵەت بە غەڵەتمان چارە نـەکرد، بـەڵکو غەڵـەتمان بـە راسـت چارەسـەر کـرد، ئەگـەر ئەوە غەڵەت بێت، لەبەر ئەوە جیاوازییەکی تر لەنێوان هەولێرو سلێمانی، بۆ مەعلوماتی بـەڕێزتان بـەینی هەولێرو سلێمانیش ئەوەشمان جێ بەجێ کرد، ئێستا ئـەوەش بڕیـاری پـێ دەرچـوو، کـە ئـەو جیاوازییـەش نەمێنێت و ئیشەکان جێ بەجێ بکرێت.

جا لەبەر ئەوە مەوزوعی مووچە وایە، هەر کەسێك لە هەر شوێنێکدا فەرمانبەر بێت و موسـتەحەق بێـت بەوەی کە حەقەکەی خۆی وەربگرێت، بە مەرجێ زەوابتەکان هەمووی مەشمول بێت بە زەوابتـەکان، ئـەوە وەردەگرێت، بۆ ئەو مەبەستە ئێمە لیژنەیەکمان داناوە، بـۆ ئـەوەی ئیشـراف بکات، ئەگـەر ئـەو لیژنەیـەش نـەتوانێت حـەقی ئـەو فەرمانبـەرە بـە دەسـت بێنێـت، ئـەوە لیژنەیـەکی تـر هەیـە، لیژنـەی سـکالأ، ئـەوان چارەسەری دەکـەن و رەئـی مـودیر عـامی دیـوانی رەقابـەی مـالی مەسـئوولی ئـەو لیژنەیـە، ئەگـەر ئـەوەش نەبوو، خۆی بە حەق زانی لە مەحکەمەی ئیداری شکایەت دەکات.

پرسیاری هەشت/ نووسراو ئاراستەی سـەرۆکایەتی ئەنجومـەنی وەزیـران کـراوە، بـۆ ئـەو مەبەسـتە وەلأمـی هاتۆتەوە بەچاك کردنی مووچەکانیان، واتـا مووچـەی خانەنشـین، بـەلأم بـاس لـە خـەرج کردنـی جیـاوازی ناکات.

خـۆی ئێمـە کێشـەیەکمان هەیـە بەنیسـبەت مووچـەی ئەوانـەوە کـە تەعـدیلی مووچـەکانیان کـراوە، هـەتا پەرلـەمانتاری بـەڕێز هـاتوون نوسخەکانیشـم پێیانـداوە، داوامـان کـردووە خانەنشـینەکان لـەو بەروارانـەدا خانەنشینەکان حەقی خۆیانە ئەو پارانە وەربگـرن، داوامـان کـردووە لـە ئەنجومـەنی وەزیـران، ئەنجومـەنی وەزیران دەڵێت بـەپێی قـانونی ژمـارە (27) مامەڵـە بکـەن، بـەپێی ئـەو قانونـە نـەیان دەکـەوت، وەلأمـان داوەتەوە، ئێستاکە وەلأمەکە هاتۆتەوە دەڵێت بۆ مووچەکانیان چاکی بکەن، بەلأم نەهاتۆتـەوە بـۆ تـەعویز، ئێستا جارێکی تریش داوای تەعویزەکەشمان کردۆتەوە.

پرسیار نۆیەم/ ئەو فەرمانبەرەی لە دەرەوەی هەرێم گەڕاوەتەوە ناو هەرێم، ئەوانـەی لـە دەرەوەی هـەرێم هاتوون، تـەبیعی بـۆ مـەعلوماتی بـەڕێزتان ئێمـە لـەکاتی خۆیـدا کـە پرسـیارەکەمان کـرد، ئایـا ئێمـە وەکـو ئیدارەی سلێمانی کۆن لەسەر راستین، یان لەسەر غەڵەتین؟ بەغدا وەلأمـی داینـەوە، واتـا وەزارەتـی مالیـەی عێراقی دەڵێت ئێـوەش وەکـو ئێمـە تـەتبیقتان کـردووە، ئێسـتا کـە ئـەوان دێنـە لای ئێمـە فـەرق هەیـە لـە مووچەکانیاندا، کە فەرق بوو لە مووچەکانیان، ئێمە بـەپێی قـانون، دەبێـت بـەپێی شـەهادەی ئـاخیر راتـب سەرف بکەین، بەلأم من خۆشم لەگەڵ ئەوەدام ئەوان لە کوردستاندا بژین و، فەرمانبەر بن لە کوردستان و، خزمەتی کوردستان بکەن، حەقی ئەوەیان هەیە وەکو هاوشێوەکانیان تەعدیلی مەعاشەکانیان بۆ بکرێـت و، ئەگەر خانەنشین بن تەعدیلیان بۆ بکرێت، ئەو مەوزوعەشمان نووسیوە، ئینشائەڵلا وەلأمی دێتەوە.

پرسـیاری دەیـەم/ پلـە بـەرز کردنـەوەی کارمەنـدو ئەفسـەری هێزەکـانی ئاسـایش و نـاوخۆ و پێشـمەرگە، بەڕاستی ئەمە عیلاقەی بە وەزارەتی نـاوخۆ و پێشمەرگەوە هەیـە، ئێمـە عیلاقـەمان بـە قەزیـەی میلاکـی عەسکەرییەوە نییەو، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز دکتۆر ئاراس تێبینیت هەیە؟

**بەڕێز د.ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من هیچ تێبینیەکم نییە، بـەس بۆچوونێکم هەیـە دەیخەمـە بـەردەمی جـەنابت، ئەگـەر ڕێـم پـێ بـدەیت، ئەگەر ڕێشم پێ نەدەیت، بەپێی یاسا، ئەم بەیانیـە کـە زانـرا بـەڕێز جـەنابی وەزیـر دێـت بـۆ ئێـرە، چـەند پەیوەندییەکیان پێوە کردین لە دەزگاکانی هەرێمەوە، پرسیارێکیان هەیە، دەتوانم ئەم پرسیارە بکەم؟

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ناکرێت، پرسیاری تر ناکرێت، کاک خورشید فەرموو.

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێز جەنابی وەزیری دارایی و ئابووری.

من تەنها یەك پرسیارم هەیە، بـەپێی مـاددەی (33) لـە یاسـای بودجـەی هـەرێمی سـاڵی 2011، وەزارەتـی دارایـی و ئـابووری بەرپرسـە لـە کردنــەوەی حیسـابێك بـەناوی حیسـابی جـێ بـەجێ کردنــی پـرۆژە بەردەوامەکان، کۆی پارەی خەرج نەکراو لە بودجەی وەبەرهێنانی ساڵی 2011 ئیداعی ئەو حیسابە بکات، پرسیارەکەم لێرەدا ئەوەیە، وەزارەتی دارایی و ئابووری چ هەنگاوی ناوە بـۆ جـێ بـەجێ کردنـی ئـەم مـاددە یاساییە؟ چونکە پێویستە لە پـرۆژە یاسـای بودجـەی سـاڵی 2012 موجـوداتی ئـەو حیسابە دیـارو ئاشـکرا بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە لە کۆتایی مانگی دوازدە، واتا پـاش چـەند ڕۆژێکـی تـر هـەر پارەیـەك مابێتـەوە، وەزارەتـی پلانـدانان ئاگادارمان دەکاتەوە، بەڵێ، دەبێت بخرێتە حیسابێکەوە، ئێمە پابەنـد بـین بـەو بڕیـارەوە، بـەڵام مـن لێـرەدا ئێستاش دەڵێم، تکـام وایـە، زۆر تکاشـم کـرد لـە پەرلـەمان، بـەڵام بەداخـەوە قـەت ئـەو تکایـەی منیـان بـە نەزەری ئیعتیبار وەرنەگرت، رەنگە تەفسیریشی بۆ کرا بێت، بەڵام ئێستا با بۆتان شەرح بکـەم نـەتیجەکـەی چۆنە؟

ئەوە نەتیجەکەی باش نەبوو، بۆچی باش نییە؟ من هەر وەکو ئێستا خوێندمەوە ئەم پارانە ئێستاکە چۆن عیلاج بکرێت؟ ئەمە دەسەڵاتی ،منە پارەکەم خواردووە؟، (245) ملیار دینار ئێستاکە هی تەخفیزی 4٪، (305)ی ئەوەی مەنافیزی حدودی، (400)ی مەنافیزی حدودی، ئەوە تەبیعی یەکیان هی ساڵی 2010یە، یەکیشیان هی ساڵی 2011، ئەمساڵیش ناتوانم وەریبگرم، دەبێت موافەقەت وەربگرم، موافەقەتیش ئێستا نادەن، (151)ی کارەبا، ئەمە دەکاتە ترلیۆنێك وسێ سەدو پەنجاو یەك، یەك و پێنج سەدو شەست و چواریش عەجزە، ئەوە دەکاتە دوو و نۆسەدو پازدە، یەعنی دوو ترلیۆن و نۆسەدو پازدە، ئینجا فەرموو ئەوە (900)ی کە داتان نابوو لە ئێمەتان کەم کردەوە، بەس دامان بە عەقاری، (340)ـەکە لە کوێ درا، ئەی سولفەی ژنهێنان؟، فەرقەکانی لەکوێ هات؟، (115) ملیاری سندووقی نیشتەجێ کردن، ئەوانە هەر هەمووی، هی پۆلیس و ئاسایش و تەربیە ئێستا ئەوە هەر حەز دەکەم روون کردنەوەی لەسەر بدەم، ئێستا وا دەزانن ئەو پارەیە لە بەغداوە هاتووە، بەلاَم لە سەری ساڵدا کتابەکەمان لەلا مەوجودە، کێ دەیەوێت تەئکید بکات، دەڵێت لێتان دەبڕین لە سولفەی یەکەمدا، ئەوەی کە ناردوویانە، ئەوەی کە ناردووشیانە بە کەمی ناردوویانە، ئەوان بۆ پۆلیس مانگێ (29)و کەسرە، یەعنی نزیکەی (30) ملیار لە 1/1ـەوە ناردوویانە، ئێمە دەبێت (30) ملیاریش بخەینە سەری هەموو مانگێك لە 1/1ـەوە، سەرەڕای ئەوە ئەوەی بە قەرز نارد بوو یان بۆمان، ئەمەشی کەمتر ناردووە، ئەوە لێرەدا سی کەڕە دوازدە، ئەوە شەست ملیار من لێرە نەقصم هەیە، هەروەها بەنیسبەتی ئەوەی تەربیەوە، ئەو پارەی کە ئەوان ناردوویانە بۆ (90) هەزار کەسیان ناردووە، ئەو قەرزەی کە داویانە بە ئێمە، بەلاَم ئەوەی ئێمە پێویستمانە (160) هەزار کەسمان هەیە، ئەو میلاکەی پەسند کراوە هی تەربیە، ئەم فەرقەش دەبێت بخەیتە سەری دەوری چل، پەنجا ملیار دینارە، هەر ئەمانە هەمووی فەرقە، هەمووی تەئسیر دەکاتە سەری، فەرموون ئەم عەجزە چۆن دادەپۆشرێت؟ لەکوێ دایدەپۆشی؟ کوا میزانیەی تەکمیلی؟ ئایا ئێمە دەمانتوانی ئەمەی پۆلیس و ئەمەی ئاسایش بەو حەجمە سەرف نەکەین؟، قەت ئێمە بەو حجمە داخیلمان نەکردووە، وەختی خۆی کە میزانیەی تەخمینیمان داوە، بەڵێ، شتێکمان داخیل کردووە، بەلاَم بەو شێوەیە نییە، ئەمانە هەمووی تەئسیر دەکات، من تکام وایە بۆ ئەمساڵ ئەو مەوزوعە ئیعادەی نەزەری تیا بکرێتەوە، ئیعادەی نەزەر لە سندووقی نیشتەجێ و، پرسیار بکرێت لە بەغدا بزانن ئەوان چۆن عیلاجی دەکەن، ئەمساڵ عیلاجێك هەبووە، یەکێك لە وەزارەتەکان تەختیت داوای کردووە، کە بەو شێوەیە بێت، بەلاَم ئەوەش لە بەغدا ئێستا جێ بەجێ نابێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك خورشید تێبینیت هەیە؟

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من له قسەکانی جەنابی وەزیر تێگەیشتم، کە ئەم پارەیە وەکو ژمارە هەیە، بەلاَم بە فیعلی دیار نابێت، ئەمە یەك.

دوو/ لە داهاتی ساڵی 2011 (305) ملیار بۆ پترۆدۆلار، (400) ملیار بۆ ئیراداتی گومرگ، ئەو پارەیە هەبوو، باشە حکومەتی عێراق بە هەموو موحافەزەکان (305) ملیاری نەوت سەرف کرا، هی پترۆدۆلار، ئایا بۆ بۆ هەرێم سەرف نەکرا؟ بۆ ئەو حیساباتەی مەنافیزی حدودی ساڵی 2010 سەرف کراو، هی ساڵی 2010ی ئێمە، ئەو حیساباتە بۆ هەمووی سەرف نەکرا؟ هۆیەکەی سەرف نەکردنی چیە؟ یەعنی هۆیەکی قانونی هەیە، مانیعێك هەیە، بۆ ئەو پارەیە سەرف نەکرا؟

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەفدەکانی ئێمە بەردەوامن، دەچن بۆ بەغداو دێنەوە لەسەر مستەوای بەرز، لەسەر مستەوای سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، وەکیل وەزیری دارایی، چەند وەزیرێکی ترو، لە هاتوچۆیان و بەنووسراوی رەسمی ئەو شتانەمان نووسیوە، بەلاَم تاکو ئێستا ئێمە وەرمان نەگرتووە، من پێموایە رەنگە مەوزوعەکە زیاتر سیاسی بێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار سۆزان شهاب فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشەکی بەخێرهاتنی وەزیری دارایی و ئابووری و بریکار دەکەم، لەگەڵ کاك سەعد بۆ ئەم دانیشتنە، من پرسیارەکانم بەم شێوەیە:

یەکەم/ هۆکاری ئەو جیاوازییە چیە لەنێوان رێنماییەکانی سەرف کردنی مووچەی مامۆستایان و فەرمانبەرانی وەزارەتی پەروەردەی هەرێم و عێراق؟ ئەو رێنماییانەی کە دەرچووە جیاوازی تیا کراوە، هەندێ برِگە هەیە کە مەفروز بووە لەناو رێنماییەکاندا دەربچێت، نەکراوە.

دووەم/ هۆکار چیە کاتێك کە رێنمایی کردن و زیاد کردنی مووچەی هێزەکانی ناوخۆ دەرچووە، ئەو ژنانەی کە مۆڵەتی دایکایەتیان هەیە بەهیچ جۆرێك ئەم زیادەیە نەیگرتوونەتەوەو، دەبێت مۆڵەتەکەیان ببرِن، بۆ ئەوەی زیادەکە شمولیان بکات، ئەم فەرق و جیاوازییە چیە؟ بەراستی قابیلی قەبوڵ نییە لە مووچەدا فەرق بکرێت لەنێوان ژن و پیاو.

سێیەم/ هەندێك لە گوندەكانی دەورو پشتی چەمچەماڵ لە مانگی حەوتەوە داوای سولفەی عەقاریان كردووە، هەموو شتێكیان تەواو بووە، هەتا ئێستا وەریان نەگرتووە، ئێستاش پێیان گوتوون راگیراوە، لە مانگی یەكەوە وەریدەگرن، ئیتر بڕوا ناكەن كەوا وەریدەگرن.

چوارەم/ هێزەكانی ناوخۆ لە بەڕێوەبەرایەتی زێرەڤانی زیادە مووچەیان وەرگرتووە، لە بەرگری و فریاكەوتن هێشتا دەڵێن ڕێنمایی دەرنەچووە، هێزەكانی حەفتا زیادە مووچەیان وەرنەگرتووە، دەنگوباس وایە هێزەكانی هەشتا وەریانگرتووە، هەتا كەی ئەم دوو ڕێنماییانە؟

پێنجەم/ فەرمانبەرانی گومرگی باشماخ بۆ دەرماڵەی خواردنیان بڕاوە؟ ئەوان نە كافتریان هەیە، لەكاتی دەوامدا خۆیان خواردن بۆ خۆیان دروست دەكەن و حازری دەكەن، ئەمە زیاد لە شەش مانگ یەكی شەست هەزار دینار پارەی خواردنیان لێ بڕاوە، هۆكارەكەی چیە؟ هیوادارم وەڵامەكانم وەربگرم.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕاستی ئەو جیاوازییانەی كە هەیە، یەكەم/ بەنیسبەت ئیجازەی ئوموموەوە، ئیجازەی ئومومە لە بەغدا بە نەوعێكە، ئیجازەكە بە شەش مانگ كۆتایی پێ دێت، لەلای ئێمە یەك ساڵەو لەگەڵ دەرماڵەشەوە.

دووەم/ ئەم موخەصەصاتانەی كە دەدرێت، مەوزوعی قانون دەڵێت قەبوڵ بكرێت، یان قەبوڵ نەكرێت، ئەمە قانونیە، ئێمە بێ قانونیمان نەكردووە لەم مەوزوعەدا، ئەگەر ئێمە كردبیشمان جیهەتی تر دەیتوانی بە رەسمی، بە قانونی وەڵامیان بداتەوە، بیگوتبایە ئەوە وا نییە، ئەم موخەصەصاتە جێگر نییە، سابت نییە، ئەم موخەصەصاتە سیفەتی دەیمومەی نییە، ئەو موخەصەصاتانە نابڕدرێت ئیجازەی درێژخایەنە، كە سیفەتی دەیمومەیان هەیە، واتا موخەصەصاتی میهەنی كۆن، كە ئێستا پێی دەگوترێت موخەصەصاتی شەهادە، ئەسڵی (150) هەزارەكە لەوێوە هاتووە.

بەنیسبەتی ئەوەی كە ژن و پیاو لە وەزارەتی پێشمەرگەو ئەوانە كە فەرقیان چیە؟ بەنیسبەت ئەوە وەڵاهی ئیجازەی ئوموم هەر ئیجازەی ئوموممەیەو ئیتر لە وەزارەتی پێشمەرگە وەری بگرێت، یاخود لە شوێنی تر، ئەی پرسیارەكەت چی بوو؟ جەنابت وات گوت، گوتت لە هەر كوێیەك هەبوو، بۆم ڕاست بكەوە، ئەگەر زەحمەت نەبێ.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە تێكەڵی هەیە لە وەڵامدانەوەی هەردوو پرسیارەكەم:

یەكەم/ لە زیاد كردنی هێزەكانی ناوخۆ، ئەوانەی لە مۆڵەتی دایكایەتین هیچ جۆرە موخەصەصاتێكیان نادەنێ بە شەهادەو بە زەوجیەو بە منداڵانەوە، ئەمە خاڵی یەكەم.

دووەم/ سەرف كردنی ڕێنماییەكانی مووچەی مامۆستایان و فەرمانبەران لە وەزارەتی پەروەردەی عێـراق و وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی كوردسـتان لەلایـەن وەزارەتـی دارایـی و ئابوورییـەوە جیـاوازی هەیـە لـە دوو بڕگەدا، لە دوو بڕگەدا جیاوازیتان كردووە، جا من هیوادارم خۆتـان بـزانن، چـونكە خۆتـان ڕێنماییـەكانتان دەركردووە، سوپاس.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمـە ئـەم ڕێنماییانـەی كـە دەرمـانكردووە و ئیسـتینادمان كـردووە لەسـەر لیژنـەی موشـتەرەك، لیژنـەی موشتەرەكیش ئیستیناد دەكات و لەگـەڵ وەزارەتـی تەربیـە تەنسـیقی كـردووەو لەگـەڵ هـەموو شـوێنەكان، یەكێتی مامۆستایانیش ئاگایان لێیە.

بەنیسبەت وەزارەتی ناوخۆ، كە هەموو موخەصەصاتێكیان نادەنێ، من لێرەوە دەڵێم هەر موخـەصەصـاتێك سیفەتی دەیمومەی هەبێت، دەبێت پێی بدرێت.

بەنیسبەت ئەو پرسیارەی كە دەڵێت گوندەكانی چەمچەماڵ، جارێ لە مەنتیقەی چەمچەماڵ (487) كـەس موستەفید بووە لەوێ، هەتاكو ئێستا لە سولفەی عەقاریدا، ئەو گوندانەش ئێستا مەنتیقـەی قەرەهـەنجیرو مەنتیقەی شوانیشی گرتۆتەوە، نەك هەر چەمچەماڵ كـە ئەسڵەن عیلاقـەی بـەناو كەركووكـەوە هەیـە، بـە مەركەزی كەركووك هەیە، بەڵام مەوزوعەكە لـەوێوە ناكرێـت، مەوزوعەكـە لـە حـەرەمی گونـدەوە هـاتووە، لەلادێیەكاندا بەپێی قانون، بەپێی ئەوەی كە بۆ ئێمە هاتووە لە ئەنجومەنی وەزیـرانەوە حەرەمی گوندەكـە دیاری دەكرێت، نابێت تۆ تەجاوزی حـەرەمی گوندەكـە بكـەیت، ئـەو مەرجانـە هەیـە، دیـارە زەوابتـەكانیان لەسەر تەتبیق ناكرێت، ئیلا ئەمە مەعقول نییە، ئێمە هەر لە خۆمانەوە بۆ گوندێك نەدەین بڵێین نـادەین و ئەوە ناكرێت، نەخێر، من باوەڕ بە شتی وا ناكەم.

بەنیسـبەت باشماغیشـەوە، ئێسـتاكە تەلـەفۆن مـەوجودە، تەلـەفۆن بكـەن بـۆ باشمـاغ بڵێن ئێـوە مەتعـەم و باشترین كافتیریاو تەباختان هەیە، یان نا؟ هەر كەسێكیش ئەو مەتعەمەی هەبێت و بۆی دانـرا بێـت، ئێمـە موخەصەصاتی خـواردنی نـادەینێ، چـونكە نابێـت جـەمع بكرێـت لـە بـەینی پـارەی خـواردن و پـارەی نـان خواردندا، ئێستا لە پـەروێز خـانیش ئێمـە نیمانـە، لـە پـەروێزخان ئێمـە مەتعـەممان نییـە مـانگی (150) هەزار دیناریان دەدەینێ، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز سۆزان خان تێبینیت هەیە؟

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من جارێكی تر دەیڵێمـەوە ئەگـەر ئەمـە سـكالآی هاووڵاتیـان نـەبێت، مـن ئـەم پرسـیارە لـە جـەنابی وەزیـر ناكەم، ژنێكە مرورە لە بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی سلێمانی پەیوەندی پێوە كـردووم، دەڵێت سێ هەفتەیـە

منداڵم بووە، دەبێت ئیجازەکەم قەتع بکەم و بچم، چونکە (180) هەزار دینـار وەردەگـرم، ئەگـەر بچمەوە دەوام بکەم (732) هەزار دینار وەردەگرم، وتم ئەی موخەصەصاتی شـەهادەو زەوجیـەو منـداڵ، وتـی هـیچ شتێکیان بۆ سەرف نەکردووم، گوتیان تۆ لە ئوموەمە دای، یەك فلسیان بۆ سەرف نـەکردووم، بۆیـە مـن ئـەم پرسیارەم لە جەنابت کردووەو، لەم هەفتەیەدا من ئەم تەلەفۆنەم بۆ کراوە، ئەمە خاڵی یەکەم.

خاڵی دووەم/ ئەگەر پـەروێزخان بێت، ئەگـەر باشماغ بێت، ئەگـەر هـەر کوێیـەك بێـت، ئەگـەر شـوێنێك مەتعەمی نەبێت، پارەی دەرماڵەی خواردنی بڕا بێت، دەبێت بۆیان سەرف بکرێت، چونکە ئـەو کەسـە بـەو شەست هەزارە، ئەگەر ڕۆژی بـە دوو هەزاریشـتان بـۆ حیسـاب کـرد بێـت، شەسـت هـەزار دینـار دەکات، دوو هەزارەکە پارەی سەموون و چا ناکات، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە بەنیسبەتی ئەوەوە پێنج ڕۆژ پێشی ئێستاکە بە دەستی موافەقەی پەروێزخانمان بۆ هاتووە، ئێمـە لـە خۆمانەوە ناتوانین پارە سەرف بکـەین، داوامـان کـردووە لـە ئەنجومـەنی وەزیـران پـەروێزخان مەنفـەزێکی تازەیە دانراوەو پارەکەی بۆ هاتۆتەوەو وا سەرف دەکرێت لە ڕۆژی ئیستیحقاقەوە.

بەنیسبەتی باشماغەوە، باشترین مەتعەمیان هەیە، باشترین تەئسیس کراوەو خواردنیشیان هەیە.

جارێکی تـر دەڵـێم بەنیسـبەتی ئـەوەی کـە پـۆلیس و ئاسـایش و ئەوانـە ئـەو موخەصەصـاتە، دیـارە ئـەوە ئەسڵەن تازە کەوتۆتە جێ بەجێ کردن، بۆیە ئەو برا پۆلیسـە، یـان ئـەو خوشـکە پۆلیسـە وەری نـەگرتووە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو بەڕێز کاك کاردۆ پرسیارەکەت بکە.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێز وەزیری داراییـ و ئـابووری ئەوەنـدە موعانـاتی هەیـە، ئینسـان دەیـەوێت فرمێسـکی لەگـەڵ بڕێـژێت بەڕاستی.

یەکەم پرسیار/ سەبارەت بە تەندەر کردنی پرۆژەکان، کە زیاتر سیفەتێکی مەرکەزی هەیە، بەلایـەنی کـەم دەسەڵات دراوەتـە وەزارەتـەکان، کـە ئەمـەش هۆکـارێکی ئەساسـیە بـۆ جـێ بـەجێ نـەکردنی پرۆژەکـان، کـە پەیوەنـدارە بـە بودجـەی وەبـەرهێنانی ساڵانەی هـەرێم، بـۆ نەهێشـتنی ئـەم دۆخـەش، هـەم سـەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، هەم سەرۆکایەتی هەرێم ڕێنمایی دەرکـردووە، کـە ئـەم کێشـەیە حـەل بکرێـت، بـەڵام پێداگری وەزارەتی دارایی و ئابووری لەسـەر ئـەوەی کـە دەڵێـت پێویسـتە هـەموو تەنـدەرینی پرۆژەکـان لـە

پارێزگاکان ئەنجام بدرێت، بڕیارەکانی ئەنجومەنی وەزیرانیش وەك خۆی جێ بەجێ ناکات، ئەگەر بیانوویان ئەوە بێت کە وەزارەتەکان کێشەی نەبوونی ئەندازیاری شارەزایان هەیە بۆ دیزاین و خەملاندنی تێچووی پرۆژە، بۆچی توانایان بەرز ناکەنەوە لە ڕێگای (undp) وەکو نموونە کە بەرنامەی زۆری هەیە لەم بارەیەوە، ئەگەر هەماهەنگی لەگەڵ بکرێت.

دووەم/ لە ژمێرەی کۆتایی ساڵی 2010 ڕێژەی جێ بەجێ کردنی پرۆژەکانی بودجەی وەبەرهێنان بریتی بووە لە (50,10٪)، واتا بڕی (1792514) ملیۆن دینار خەرج کراوە، بەڵام (1750560) ملیۆن دیناری پرۆژەکان خەرج نەکراوە، بۆ پڕ کردنەوەی زێدەڕۆییەکانی خودی حکومەتی هەرێم، بۆ هەمان ئەو ساڵە بەکار هێنراوە.

پرسیار/ چۆن دەبێت بۆ پڕ کردنەوەی کورتهێنان، یان زێدەڕۆیی حکومەت وەفری پرۆژەکانی وەبەرهێنان موناقەلە پێ بکات، کە تێیدا ئەو کارە پێویستی بە دەسەڵات پێدانە بەتایبەتی لەلایەن پەرلەمانەوە؟ کە لە یاسای بودجە جێگیر کراوە، ئەگەر توانای جێ بەجێ کردنی ئەوەندەیە، بۆ لە سەرەتای ساڵدا، یان هەر ئێستا رایناگەیەنێت، کە ئەو هەموو گوژمەی ئەو پارەیە پێویست نییە بۆ بودجەی وەبەرهێنان، چونکە پێی خەرج ناکرێت و با ئەوەندە پێشنیار بکات، کە توانای جێ بەجێ کردنی هەیە.

سێیەم/ وەزارەتی دارایی تاکو ئێستا کاری بۆ گەورە کردنی گاپی نێوان هەردوو ئیدارەی پێشووی یەکێتی و پارتی دەکات، بەڵگەشمان بۆ ئەوەیە کە بۆ چارەسەر کردنی هەر دۆخێکی دارایی، ئەگەر پەیوەندار بێت بە مووچەو فەرمانبەران، ڕێنمایی بۆ ناوچە جیاوازەکان دەردەکات، لەو ڕێنماییەی بۆ سلێمانی دەردەکات جۆرێکە، لەوەی بۆ هەولێرو دهۆك دەریدەکات جۆرێکی دیکەیە، هەمووشی بە واژووی وەزیری داراییە، ئەوەی کە پەیوەندی بە سلێمانیە، ئەوەی پەیوەندی بە دووەمیانەوە هەیە بە واژووی بەڕێوەبەری گشتی کاك ڕەسول تاهیرە.

پرسیار/ تاکو ئەو چرکە ساتەش ئەو فەرمانبەرانەی لە ئیدارەی پێشووی سلێمانی لەنێو سەنتەری ئەو شارە فەرمانبەر بوون، بەڵام دوای یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارە راژەی گواستەوە هەولێرو لێرە دەوام دەکەن کێسەکانیان بە هەڵواسراوەیی ماوەتەوە، نە لە هەولێر، نە لە سلێمانی کەس خۆیان لێ ناکاتە ساحێب، کە ئەویش بریتیە لە خەرج کردنی جیاوازی مووچەی ساڵانەی رابردووی 2003 تا 2010، وەزارەتی دارایی و ئابووری ئەوەندە هەژارانە کارەکەی خۆی بەڕێوە دەبات بۆ خەرج کردنی جیاوازی مووچەی فەرمانبەرانی پێشووی ئیدارەی سلێمانی، فەرمانی وەزارەتی دەرکردووە بە واژووی بەڕێز وەزیر بە ژمارە لە 10/30 دەریکردووە، (2899) کە تەنها ئەو فەرمانبەرانە دەگرێتەوە لە شارۆچکەی کۆیە فەرمانبەرن، بۆیە ئەوانەی لەناو شاردا فەرمانبەر بوون نەیانگرێتەوەو کێسەکە بە هەڵواسراوی ماوەتەوە، ئەمە نموونەیەکن لەکارکردنی وەزارەتی دارایی و ئابووری، هیوادارم وەڵامم بداتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەوەی كە جەنابی كاك كاردۆ دەڵێت بەنیسبەتی ئەوەی بەو شێوەیە ئیش كراوە، بەلاَم ئەمە لە هەردوو ئیدارەكەدا وا نەبووە، ئێستا ئەمە هەمووی دەردی دوو ئیدارەییە، لایەزال ڕەنگدانەوەی ماوە، لە ئاخیردا باسی ئەوەش دەكەم، ئێوە بەڕێزتان لێرە بڕیارتانداو قانونتان دەركرد، یاساتان دەكرد فەرموو یەكی بخەن، ئەگەر من سەبەبم فەرموون موحاسەبەم بكەن، فەرموون بكەونە حیساب لەگەڵ مندا، ئەمە ئەو ڕەنگدانەوەیە هەتاكو ئێستا ماوەتەوە، لە هەولێر ئێستاكە بەو شێوەیە كار دەكەن، كە جەنابی كاك كاردۆ دەڵێ، لە سلێمانی بە شێوەكەی تر كار دەكەن، كە جەنابی دەڵێت مەفروزە بەو شێوەیە بێت، ئەمە دوو بۆچوونی جیاوازە، بەلاَم بۆ هەردوو بۆچوونەكە، ئێمە هەردوولا پێمان باشە بۆچوونی ئەم لاو ئەولا چاكە، بەلاَم ئەوە مانای ئەوە نییە، ئێستا بتوانم بێم یەك ئەمر دەربكەم ئەمەی یەك بخەم وەكو وەزیری دارایی، ئەمە پێویست بەوە دەكات جارێك ئیدارەكە یەك بگرێت، پێویست بەوە دەكات سەرف یەك بگرێت، پێویست بەوە دەكات ئەو باسی كۆیەو سەدەهای تر دەكات، كە ئەو هینانە نەمێنێت، كە لەگەڵ برادەرانی ئێرەش قسە دەكەین، بەڕاستی ئەوانیش موبەریری خۆیان هەیەو، ڕەنگە ئەوانیش هەندێ خاڵی تێدایە، پێویستە ئەوە باش حەل بكرێت.

بەنیسبەتی خەرج كردن لەسەر بودجەی وەبەرهێنان، لەلای ئێمە دوا ناكەوێت، بەڵكو ئێمە تەنها پێشینەكان خەرج دەكەین، هەروەكو پێشتر، ئێستا وەلاَمیشم دایەوە، لە كۆتایی ساڵدا دەكرێتەوە بە داهات، بەلاَم بەهۆی كورتهێنانی بودجە، ئێستا ئەو ڕەقەمانەی ئەو دەڵێت، من نازانم ڕەقەمەكانی بە دەقیقی وایە، یان نا؟، بەلاَم بە تەئكید لەو نزیكانەیە، ئەوە ئێستا وا سەرف نەكراوە، باشە قانون ڕێگای پێداوم، بەس نەك موناقەلەی پێ بكەم، قانون ڕێی پێی داوم كە سەرف نەكرێتەوە 12/31 بێم ئەگەر عەجزم هەبێتەوە، دەبێت ئەو عەجزەی پێ پڕ بكەمەوە، ئەی باشە ئەگەر بێتو ئەو نەهێڵێ، من ئەو پارەیە كە سەرف نەكراوەو وەزارەتەكانی من ئیمكانیەتی سەرفی ئەو پارەیەی نەبووە، بە هەر شێوەیەك لە شێوەكان، خۆ من پارەكەم نەخواردووە، پارەكەم نەبردووە، پارەكەم هێناوە ئەو عەجزەم پێ داپۆشیوە، كە ئەم پەرلەمانە موصادەقەی لەسەر كردووە، ئەی باشە مادام وایە ئەمساڵ میزانیەكە یەكەم جار دێتە پەرلەمان، دیسان میزانیەی ئێمە دێتە پەرلەمان عەجزی تیایە، فەرموون ئێوە عەجزەكە لێرە خۆتان دایبگرن و سافی بكەن، مەهێڵن ئێمە عەجزمان هەبێت، كە عەجزمان هەبێت بە چی دایبپۆشین، ئەوە هینی مەوزوعەكەیە، جیاوازی هەبوو لەچارەسەر كردنی ئەو كێشەو بۆ خەرج كردنی جیاوازی مووچەی ئەو كەسانەی كە ڕاژەیان........، بەڵێ بەنیسبەتی كۆیەوە، ئیدارەیەك بوو، تابع بوو بە ئیدارەی سلێمانی پێشووتر، ئێمە كۆیەمان وەرگرت و گوتمان هەمووی بە كاملی ئەو فەترەیە لەوەی سلێمانی ئیشیان

کردووه، پارەکانیان، تەعویزی مووچەکانیان ئەوان موستەحەقن بیدەن و لەو پارەیە سەرف دەکرێت، بۆ مەعلوماتتان تاکو ئێستا خۆتان دەزانن نیسبەتی پارەکان کە دابەش دەکرێتەوە چۆنە، لەبەر ئەوەی پارەکە زۆرە، بەلأم بەنیسبەتی ئەوانەی ترەوە ئێستا باس دەکرێت، دوایی لێرەو لەوێ پارە هەیە، خەڵك تەعویزی هەیەو نەدراوە، من ئیمزا دەکەم و ناهێڵم بێت ئەوانە سەرف بکرێت، با جەنابتان و هەمووتان بزانن ئێمە ئەوەشمان عیلاج کردووە، بەلأم ئەم شتانە هەمووی بە شەو و رۆژێك عیلاج ناکرێت، ئەویشمان عیلاج کرد، ئاخیر شت ئەمریشی پێ دەرچوو و، لە ئەمرەکەدا قەرارمان داوە لە کوێ ئەو جیاوازییە هەبێت تەعویزی مووچەو موخەصەصاتەکە بیگرێتەوە، دەبێت بۆیان سەرف بکرێت، ئەو وەختە ئێمە وەکو دوو حیسابی جیاواز لە بەینی خۆماندا لە پێشەوە بۆی سەرف دەکرێت و لە حیسابی جیاوازییەکەدا ئێمە خۆمان تەسویەی دەکەین، یەعنی فەرمانبەر عیلاقەی بە هیچەوە نامێنێت، حەقی خۆی لەکوێ بێت، لە هەولێر بێت، لە دهۆك بێت، لە سلێمانی بێت وەریدەگرێت.

بەنیسبەتی ئەوەی کە وەزارەتی دارایی و ئابووری، جەنابتان و هەموو کەسێك دەزانێت، ئێمە ئەوەی لەسەرمان بووە بەنیسبەت وەزارەتی دارایی و ئابوورییەوە، داوایان لێمان کردووە گوتوویانە نیزام دابنێن، نیزاممان داناوەو ناردوومانە موصادەقە کراوە، یاسامان رەوان کردووە بۆ پەرلەمان و، بۆ ئەنجومەنی وەزیران، خۆتان موصادەقەتان کردووە، بەنیسبەتی ئەوەی کەوا هەیکەلەکانی یەك بخەین، ئەوە نووسراوەکانم ئێستا هێناوەو پێمە، حالیەن پێمە، سێ جار بە کتابی رەسمی داوامان کردووە لە ئەنجومەنی وەزیران، کە وەزارەتی دارایی و ئابووری یەك بخەن، واتا هەیکەلەکەی یەك بخەن، پارەکەی تێکەڵاو بکەن، تا ئێستا وەڵامی نییە، ئەوەتا لەبەر دەستمدایە، هەموو کەسێك دەتوانێت بێت بیبینێت، چونکە دەمزانی ئەو پرسیارەم لێ دەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك کاردۆ تێبینیت هەیە؟

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کاتێك لێرە یاسا دەردەکرێت، یەعنی بۆ نموونە ئەو موناقەلەی لەنێوان بودجەی وەبەرهێنان بۆ بودجەی تەشغیلی هەر بەپێی یاسا قەدەغەیە، یەعنی ناکرێت تۆ پاساوی بۆ بهێنیەوە بڵێی مادام پارەکە خەرج نەکرا، ئیتر من ناچارم موناقەلە بکەم، ئەمە جگە لەوە ئێمە هەموو ساڵ یاسا دەردەکەین، یەکێك لە کێشەکان ئەوەیە ئێمە با یاسا دەرنەکەین کە جێ بەجێ ناکرێت، یاسایەك دەردەکەین دەڵێین پێویستە وەزارەتی دارایی و ئابووری یەك بگرێتەوە، رێنماییەکانمان یەکگرتوو نییە، چۆنیەتی سەرف کردنی پارەکە یەکگرتوو نییە، چۆنیەتی دابەش کردنی یەکگرتوو نییە، کێ بەرپرسیارە؟ یەعنی ئێمە شتەکەمان شەخصی نییە، کێشەکە بڵێین وەزارەتی دارایی و ئابووری بەرپرسیارە لە جێ بەجێ کردنی یاسا، کە ئێمە ساڵانە هەم ئەوەی بەنیسبەت عێراق کە تووشی کورتهێنان دەبێت و جێ بەجێی ناکات، یەعنی ئەی باشە

نوێنەرانی کورد لە بەغدا چی دەکەن؟ ئێمە هەموو ساڵێك لە یاسای بودجەی عێراق دەڵێت ئەمساڵ پێشینە دەدرێت تا ئەم کێشەیە چارەسەر دەکرێت، بە ترلیۆن ئێمە کورتهێنان دەبێت و دەدرێتە هێزی پێشمەرگە لەسەر حیسابی خەڵکی کوردستان، ئەی نابێت لە نوێنەرەکانمان بپرسین ئەم کێشەیە بۆ چارەسەر ناکەن؟ کێشەی کورتهێنان پەیوەندی بە مەنزومەی دیفاعی وەزارەتی دیفاعەوە هەیە، یەعنی بەرپرسیاریەتیەکە کێیە؟ یەعنی کێ بەرپرسیارە بۆ ئەو مەسئولیەتە دەخەنە ئەستۆی خۆیان؟ ناڵێم کاکە ئەمە حزب بەرپرسیارە، یان سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، بۆ ئەم بەرپرسیاریەتیە پەرلەمان چارەسەری لێ بکات، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من جارێکی تریش تەئکید دەکەمەوە، ئەوە موناقەلە نییە، ئەوە ئیرادی وەزارەتی دارایی و ئابووری خۆیەتی، ئینجا لەبەر بودجەی تەشغیلی بێت، یان ئەوە لە بودجەی وەبەرهێنان بێت، کە دەمێنێتەوە لە هەر بودجەیەکدا سەرف ناکرێت، بەپێی قانون ئیستحقاق حەقی خۆیەتی کە بیکاتەوە بە ئیراد، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك دڵشاد فەرموو.

**بەڕێز دڵشاد شهاب حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی بەڕێزان وەزارەتی دارایی و ئابووری و ڕێکخەری نێوان پەرلەمان و حکومەت دەکەم، پرسیارەکانم بەو شێوەیە نووسیوە:

بەڕێز وەزیری دارایی و ئابووری، ساڵی دارایی وا تەواو دەبێت، تەبیعی چەند ڕۆژێکی ماوە، لە کۆتایی ساڵدا حیساباتی ساڵی 2011 دادەخرێت و تەسویە دەکرێت، ئایا تا ئێستاو ئەم دەقیقەی کە پرسیارەکەم بە دەستی جەنابتان گەیشتووە، سەرفی فیعلی پارەی تەرخان کراو بۆ میزانیەی ئیستیسماری چەندە بە ژمارەو ڕێژەی سەدی؟

پرسیاری دووەمم/ ساڵ تەواو بوو دامەزراندنەکان هێشتا هەمووی دەرنەچووە، پارساڵ ئێمە موافەقەتمان کرد کەوا (25) هەزار پلەی وەزیفی دابمەزرێت، بە فیعلی ئەوەی کەوا یەکەمین جار لە یەکەم وەجبە دامەزراندن بۆی دەرچووە، ڕەنگە لەم ساڵدا سێ مەعاش وەربگرێت، واتا مووچەی سێ مانگ وەربگرێت، ئەویش ئەوەی یەکەم وەجبە، وەجبات هەیە ئێستاش دەرنەچووە، ئێستاش پرۆسەکە بەردەوامی هەیە، وەزارەتی دارایی و ئابووری لە حیساباتی خۆیدا بۆ خەرجی ساڵی 2011 حیسابی (25) هەزار پلەی وەزیفی کردووە بۆ ماوەی ساڵێك، کەم کردنەوەیەك ڕوویدا، ڕاستە لە 10٪یەکە، بەڵام ئێستا لە نەتیجە

ئەگەر بە ئیجمالی حیساب بکەین، لەوانەیە لە 20٪ی ئەو پارەیەی کەوا بە حیساب تەرخان کراوە، ئەمانە مووچە وەرناگرن، پرسیاری من ئەوەیە، ئەم تەرخان کردنە لە بابی تەعویزاتی موەزەفینە، کە موناقەلەشی لێ ناکرێت بۆ بابێکی تر، ئایا ئەم پارەیە چۆن و لەچ بوارێك خەرج کراوە؟

پرسیاری سێیەمم/ هاوکاری کردنی گەنجان وخەڵکی بێ کار کارێکی زۆر باشە، هەمیشە ئێمە هەموومان باوەڕ دەکەین بەبێ فەرق و جیاوازی لەگەڵی دابین، بەڵام پرسیاری من ئەوەیە ئایا حکومەت، وەزارەتی بەڕێزتان بە چ دەسەڵاتێك و لە کام بوار بڕی (150) هەزار دینارتان بۆ دەرچووانی زانکۆ و پەیمانگاکان تەرخان کرد وەکو بیمەی بێ کاری بەبێ گەڕانەوە بۆ پەرلەمان، بەبێ جیاوازی لەنێوان ئەوەی کە بۆ کەسێکی هەژارو بۆ کەسێکی دەوڵەمەند لە دەرچووی زانکۆ و پەیمانگاکان؟ تکایە ئەمەمان بۆ روون بکەنەوەو پارەکە چیە؟

دوو/ دەسەڵاتەکە حکومەت و وەزارەتی دارایی و ئابووری لە کوێوەی هێنا؟ سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەتی پرسیاری یەکەمی برای بەڕێز کاکە دڵشاد، پێموایە ئەوە چ وەکو نیسبەکە، چ وەکو سەك هەتاکو ئێستا نەگەیشتۆتە دەستی ئێمە، ئێمە نیهایەتی سولفەکان کە بگاتە دارایی و سەك بکرێت، لەبەر ئەوەی ئەوە عیلاقەی بە وەزارەتی پلاندانانەوە هەیە.

بەنیسبەتی ئەوەی (25) هەزارەکە، (25) هەزارەکە بەڵێ ئێمە حیسابی پارەکەمان کرد بوو، وەختی خۆشی ئەوە بوو، هەمان بۆچوون هەبوو، ئەم تێبینیە بە ئێمە درا، ئەوە زۆر راستە، بەشێکی لە مانگی (9) دەستی پێ کردووەو لایەزالیش هەندێکی ماوە، بەڵام ئەو پارەیە لەناو تەعویزی موەزەفینە، ئەگەر مابێتەوە پارەی روبعێکی ئەوە ناکات کە ئێمە فەرقەکەمان سەرف کردووە، بەس بۆ پۆلیس و ئاسایش، ئەی ئەوانە لەکوێ دەرچوو، خۆ ئەوانەش هەر لەناو تەعویزی موەزەفینە، ئەوە وەڵامی ئەو پرسیارە.

بەنیسبەتی (150) هەزار دینارەکە، بەڵێ ئەو (150) هەزار دینارە پەرلەمان قەراری پێ دەرنەکردووە، ئەوە بە بڕیاری ئەنجومەنی وەزیرانە بەکۆی دەنگ، بۆ ئەوان لەوێوە بە نووسراوێکی رەسمی ئاگاداری وەزارەتی داراییان کردووە، بۆ ئەوەی سەرف بکرێت، ئەو سەرفەش وەکو سەرفەکانی تر چۆن رۆیشتووە؟ بە تەجاوز دەڕوات، یەعنی بە نوقصانی دەڕوات، بە هەمان شێوە ئەویش دەڕوات، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك دڵشاد تێبینیت هەیە؟

**بەڕێز دڵشاد شهاب حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**من تەقدیرم هەیە، بەڕاستی مەوزوعی پۆلیس و هەندێ شتی لەو بابەتە، یەعنی نازانم وەکو قەمیسی کێیە بە حوجەت بێت بۆ هەموو مەسەلەکان، یەعنی جوابی هەموو بابێك و هەموو قەرزێك و هەموو عەجزێك و هەموو شتێك هەر ئەم پۆلیسانەیە، هەر ئەم مەعاشەی کە دەدرێتە پۆلیس و زیاد بووە، باشە ئەگەر ئەم مەسەلەیە، ئەم تەخصیصە نەبوایە، ئەم وەزعە لە کوێ دەهات؟**

**بەنیسبەتی پرسیاری دووەم، ئەوەی کە دەڵێن هاوکاری پۆلیس و ئاسایشی پێ کراوە، جەنابیشیان خۆیان دەڵێن ئەوە بەشێکی لە بەغداوە هاتووە، ئێمە بەشێکمان خستۆتە سەری، بەڕاستی من ئیعتیرازم لەسەر وەڵامەکانی وەزارەتی دارایی و ئابووری هەیە، وەزارەتی دارایی و ئابووری نابێت بە شەرح وەڵامی ئێمە بداتەوە، جەنابت گوتت پرسیار شەرح مەکەن، ئەوان وەڵام شەرح دەکەن، با جەنابی وەزیر بە ئەرقام بۆمان روون بکاتەوە، بڵێ کاکە پارەی تەرخان کراو بۆ ئەم بابە، چونکە ئەم پرسیارانەی لەبەر دەست بووە، کە پار هێناویان و ئێمە کە چووینە موناقەشەی میزانیە، چووینە ناو تەفاسیلەوە بۆ دوازدە مانگ پارەی (25) هەزار فەرمانبەریان حیساب کرد بوو، گوتمان کاکە ئەمە مانگی پێنجە، تاوەکو تەعینات دەست پێ دەکات، ئەوە شەش مانگ چوو، یەعنی نیوەی پارەکەی ئەوە، لە نیوەکەی تریش ئێستا نیوەی تریشی رۆیشتووە، یەعنی بە فیعلی من دووپاتی دەکەمەوە چەند پارە بۆ دامەزراندنی (25) هەزار کەس بۆ ماوەی ساڵێك دانراوە؟ من مەسئوولم لە قسەکەی خۆم لە 20٪ی ناچێتە بواری عەمەلی، چونکە مانگەکان دیارن، عەدەدەکەش دیارە، ئێستاش پرۆسەی دامەزراندن کۆتایی نەهاتووە، یەعنی بەشێکی زۆری ئەم خەڵکە کە دادەمەزرێت لە ساڵی 2011 یەك فلس وەرناگرێت، فریا ناکەوێت، یەعنی هەتا مەعامەلەو شتەکان دەکات، بۆیە بەڕاستی ئەم وەڵامە عمومیە جێی قەناعەتی من نییە، ئەو هێنانەوەی مەوزوعی پۆلیسەکان، وەکو گوتم لە جوابی سێ، چوار پرسیاری پێش منیش هەر بە پۆلیس وەڵامی دایەوە.**

**مەوزوعی یەکەم، سەرفی فیعلی، من دەڵێم سەرفی فیعلی، ئەو پارەی کەوا لە میزانیەی ئیستیسماری بە ئەمری دارایی سەرف بووە، چووە، من باسی تەسفیەی سولەف و کۆتایی هێنانی ئەوە ناکەم، من باسی ئەوە دەکەم تا ئەو دەقیقەیە خۆ پارە بە ئەمری وەزارەتی پلاندانان سەرف نابێت، هەمووومان دەزانین هیچ وەزارەتێك بۆی نییە دەرهەمێکیش سەحب بکات بەبێ موافەقەتی وەزارەتی دارایی و ئابووری، من دەڵێم ئەو پارەیەی تا ئەم دەقیقەیە وەزارەتی دارایی و ئابووری ئەمری سەرفی پێ دەرکردووە، من دەزانم تەسفیە ماون، دەزانم حیساباتی کۆتایی ماوە، بەڵام تا ئەم لەحزەیەی کە ئێمە تێیداین لە حیسابی پارەی تەرخان کراو بۆ پرۆژەکان چەندی چووە؟**

**هی سێیەمیش، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، وەڵامی من نەدرایەوە، یەعنی ئەگەر وەڵام وا بێت، بڵێن کاکە حکومەت کردی و چوو، ئینجا ئێمە بۆ پرسیار دەکەین، منیش دەزانم حکومەت کردی و چوو، بەڵام من**

دەڵێم بۆ کردی؟ بۆچی چوو؟ لەکوێ هات؟ ئەم پارەیە سەرچاوەکەی چیە؟ هی فەقەرەی سێیەم، واتا (150) هەزارەکە، سەرچاوەی دەسەڵاتەکە لە کوێیە؟

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ئیجازەم بدە، ئێمە موناقەشەی دنیامان کرد هەتا وەکو پارەی هاوکاری کۆمەڵایەتی لە (75) هەزار دینار کردمان بە (150) هەزار دینار، هی یەککەوتەکان، هی کۆمەڵێك فیئاتی وا کە لەم کۆمەڵگایە زۆر موستەحەقی هاوکاری کردنن، باشە ئەم هەموو جرە جرەی لەسەر کرا هەتا ئەو ئیزافەیەی لەسەر کرا لە سەرەتای ساڵ، دەیانگوت پارەمان نییە، ئەی پارەیان لەکوێ بوو بەبێ گەڕانەوە بۆ پەرلەمان، بەبێ هیچ رەقەمێك و حیساب کردن بۆ عەدەد، بەبێ ئیستیسنا؟ وەکو من دووپاتی دەکەمەوە رەنگە لەناو ئەمانەدا خەڵکی وا هەبێت (150) هەزار دینار ئیعتیمادی ژیانی لەسەر بکات، رەنگە خەڵکی واشی تێدا هەبێت بیداتە دەعوەتێك، ئایا بەم شێوازە سەرفە عەشوائیە ئەمە شتێکی مەدروسە؟ من لە وەزارەتی مالیە دەپرسم، تکام وایە وەڵامم بداتەوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەداخەوە بەم شێوەیە، حەقە ئێمە زۆر عیلمیانە تەماشای ئەم مەوزوعە بکەین، من ئێستا پرسیار دەکەم، من ئیعتیرافم کرد، گوتم بەڵێ هەیە، تاکو ئێستا تەعین نەبووە، پێشتر ئەو قسانەم کردووە، جارێ یەکەم حیساباتی خیتامی هەمووی دەردەخات، حیساباتی خیتامی خۆشبەختانە هی ئەمساڵی رابردوو وا ئێستا لە دیوانی رەقابەی مالیەیە، ئینشائەڵلا ئەمەش دەچێتە دیوانی رەقابەی مالی بۆ تەفتیش، باشە بۆ ئەمە وا نەبێت، باشە پارەی پەروەردە، وا پۆلیس باس ناکەم، فەرقەکەی پارەی پەروەردە کە ئێمە سەرفمان کرد، خۆ ئەو پارەیە نەهاتووە بۆ ئێمە کە فەرقەکەشمان سەرف کرد، لە کوێ سەرفمان کرد؟ مانگی دوازدە ملیارمان لەکوێ سەرف کرد؟ خۆ من پێشتر ئەمانەم بۆ جەنابیان خوێندەوە، بۆ جەنابی کاکە دڵشادیشم خوێندەوە، من پێموا بوو ئەگەر ئەمانە بخوێنمەوە، خۆ من دروستم نەکردووە، پەرلەمانی بەڕێز دەتوانێت هەر ئێستا لە بەیانیەوە یەك هەیئە دابنێت، تەبیعی لە لای من نییە، بچێت تەماشای بکات، بزانێت ئەوە دروست کراوە، ئێمە دروستمان کردووە، یان ئەمە وایە؟ خۆ ئەم موناقەشانە بەوە نییە، ئەوەندە پارەمان داناوە بۆ کوێ رۆیشت؟ بەڵام تۆ ئەوەندە پارەیە دەبێت بڕۆی بۆی پەیدا بکەیت و سەرفی بکەیت، ئەمە ئەوە سەرف نەبووە، ئەمە سەرف بووە، ئەوە دەهێنمە ئێرە، بەڵام ئەمە خەلەلەکە دروست دەکات، دوای ئەوە بەنیسبەتی وەزارەت رەنگە لە شوێنێکی تریشدا هاتبێت ئێمە هەندێك رەقمیشمان دابێت هی ئەو سەرفانە، بەڵام من بە سەراحەت دەیڵێم ئەو سەرفانە کامل نییە، هەرچەندە جەنابی فیعلەن دەڵێت من تا ئەو دەقیقەیە دەمەوێت، وەڵڵاهی کە من هاتووم بۆ ئێرە، رەنگە ئێستا تەواویشیان کرد بێت و ئیشی تیا بکەن، ئەوە دیارە کاك رەشید، چونکە ئاگای لێیەتی، ئێمە لیژنەیەکمان داناوە ئیشی تیا بکات، ئەوە دەڵێت

**له 50٪یه نیسبەتەکە، بەڵام وەللاهی کاکە ئەمە ئەوە نییە ئێستاکە بێی لە (44) سەعات و (45) سەعات تۆ رەقم بدەیت و بەیانیش تەسجیل بکرێت و لەسەر ئێمە بکرێتە ماڵ.**

**بەنیسبەتی (150) هەزارەکەوە، زۆر بە وازیحی گوتوومە، ئێمە جیهەتێکین قائیمی سەرفین، ئامیر بیسەرف نین، ئامیر سەرفی ئێمە ئەنجومەنی وەزیرانە، ئەنجومەنی وەزیران بە ئیجماع، ئیتر ئەو تەجاوزی دەسەلاتەکەی خۆی دەکات، یان تەجاوزی ناکات، ئەوەلەن سکرتێری ئەنجومەنی وەزیران کە مەوجودە، قانونیە، هەیئەتی قانونییان هەیە، ئەوەی کە ئامادە دەبێت دکتۆرای هەیە لە قانوندا، من نازانم، هەرچەندە ئەمرەو بۆم هاتووەو جێ بەجێم کردووە، واتا ئەمری ئەنجومەنی وەزیرانە، ئەوانی تریش چۆن رۆیشتووە، من هەر بەو شێوەیە ئێستاش دەڵێم لە زیمنی ئەوانە رۆیشتووە، بەس ئەوەی کە جەنابی باسی کرد دەڵێت ئێمە هەتا توانیمان ئەوەندە سەرف بکەین، منیش دەڵێم رجای دنیامان کرد (10٪) دابگرن، 10٪تان داگرت، ئەوە هەموو کارەساتی لە 10٪یەکەیە، فەرموو لە 10٪یەکە دەکاتە (900) ملیار، من (900) ملیار بەس عەقاراتم سەرف کردووە، ئەگەر شکتان لەو رەقمەیە هەیە لەسەری بفەرموون، ئێستا جەنابتان ئەمر بفەرموون بەیانی بێن لە وەزارەتی مالیە تەدقیقی بکەن، سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

**زۆر سوپاس، بەڕێز دکتۆرە رۆژان فەرموو.**

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**زۆر سوپاس، سەبارەت بە پرسیارەکانم:**

**پرسیاری یەکەم/ سەبارەت بە ماددەکانی (28 و 29 و 30) لەیاسای بودجەی هەرێمی کوردستان ژمارە (6)ی ساڵی 2011، کە باس لە یەکسانی نێوان مووچەی فەرمانبەران و کارمەندان و پێشمەرگەو خانەنشین لەنێوان هەرێمی کوردستان و عێراق دەکات، راستە چەند پەرلەمانتارێك پرسیاریان ئاراستەی جەنابی وەزیر کرد، لەوەڵامیدا دانی بەو جیاوازییە نا، ئەگەر هۆکارەکە بوونی دوو رێنمایی جیاواز بێت، یان لە هۆکارەکان کەوا بەرزکردنەوەی پلەی وەزیفی بەسیستەمێك، بە شێوازێك لە سلێمانی دەکرێت، لە هەولێر بەشێوەیەکی تر دەکرێت، لە ئەنجامی ئەو دوو رێنمایی، یاخود شێوازی بەرزکردنەوەی پلەی وەزیفی ئەنجامەکەی ئەوەیە، کە نایەکسانیەك لەنێوان مووچە هەیە، کە هیواداین بە زووترین کات وەزارەتی دارایی و ئابووری ئەو کێشەیە چارەسەر بکات، ئێمە لە کاتێکدا داوای یەکسانی لە عێراق دەکەین، بەڵام لەنێوان هەرسێ پارێزگای هەرێمی کوردستان تا ئێستا نەمانتوانیوە یەکسانی لەنێوانیان بکەین.**

**پرسیارێکی ترم/ بە یەکگرتنەوەی ئەو دەزگایانەی کە تاکو ئێستا یەکیان نەگرتۆتەوە، مەبەستم تاکو ئێستا کاتی پەسند کردنی بودجەی ساڵی 2011، کە ئێمە دەسەلاتماندا بە وەزارەتی دارایی و ئابووری بەپێی ماددەی (24)ی یاسای بودجەی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2011، کەوا ئەو دامودەزگایانەی**

یەکیان نەگرتۆتەوە وەکو فشارێك وەزارەت بودجەیان بۆ خەرج نەکات، نازانم وەزارەت لەم بوارەیەوە بۆ جێ بەجێ کردنی ئەم ماددەیە چی کردووە؟

لە روونکردنەوەکانی جەنابی وەزیر وا دەرکەوت کە چەند ساڵە بودجەی هەرێمی کوردستان کورتی هێناوەو لە ساڵەکانی ئایندەش بەم شێوەیە، پلانی وەزارەت چیە بۆ نەهێشتنی، یاخود کەم کردنەوەی ئەو کورتهێنانە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەتی پرسیاری یەکەمەوە/ یەکسانی بەدیهێنراوە لەنێوان فەرمانبەران وهێزەکانی ئاسایش و ناوخۆ، بەلاّم مووچەی پێشمەرگە لە هەوڵدان داین، کە یەکسان بکرێت، بەڕاستی ئەوە زیاتر عیلاقەی بە وەزارەتی پێشمەرگەوە هەیەو ئیشی تیا دەکات، تا ئێستاکەش ئەوە بوو ئەوانیش بڕیاری وایان دابوو کە دایبمەزرێنن، پێموایە چواریان دامەزراندووەو چوارەکەی تریش لەسەر ئەساسی ئەوەی بۆ نیهایەتی ئەم مانگە زۆربەی زۆری بکرێت، ئێستا هەشتی تریش دابمەزرێنن، ئەو وەختە مووچەکانیان یەکسان دەبێت، لەگەڵ پارەکانی تریاندا، ئەگەر یەکسان نەبێت، ئەوە بەڕاستی عیلاقەی بە وەزارەتی پێشمەرگەوە هەیە.

بەنیسبەتی وەزارەتی ناوخۆ و ئاسایشەوە هەر وەکو گوتم ئەوە یەکسانە، یەك نەگرتنەوەی ئاسایش و دەزگای مین و وەزارەتی دارایی و دیوانی چاودێری دارایی، دیوانی چاودێری دارایی عایدی خۆتانە، پەرلەمانە، نازانم بەڕاستی بۆ هیچی نەکردووە، بەنیسبەتی ئاسایشەوە، ئەوە من ویستم بڕیارەکەی پەرلەمان جێ بەجێ بکەم، پێمیان گوت بەیانی هەر شتێك روو بدات، مانای وایە تۆ نەفەقاتی ئاسایشت نەداوە، تۆ وەکو وەزارەتی مالیە مەسئوول دەبێت، هەروەها بەنیسبەت دەزگای مینەوە، یەعنی ئەو دەزگایانە بەڕاستی لە دەسەلاّتی وەزیری دارایی و وەزارەتی داراییدا نییە بۆ یەکگرتنەوەی، تەنیا بڕیار لەلای ئێوەیەو ئێوە دەتوانن ئەو ئیشە ئەمر بکەن و جێ بەجێ بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك ئارام فەرموو.

**بەڕێز ایوب نعمت قادر(ئارام):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کۆمەڵێك پرسیارم ئامادە کردووە بۆ بەڕێز وەزیری دارایی و ئابووری:

یەکەمیان/ بەپێی ماددەی (11)ی بڕگەی (1)ی یاسای پاراستنی ژینگە کرێ و رەسمی غەرامەکان دەبێت بگەڕێتەوە بۆ سندووقی ژینگە، بۆ پاراستنی ژینگە لە کوردستاندا، بەلاّم ئەمە کرێ و رەسمی غەرامەکان دەگەڕێتەوە بۆ وەزارەتی دارایی و ئابووری بۆچی؟ کە ئەوە پێشێلکاری ئەو یاسایە.

پرسیاری دووەم/ حكومەت بڕیاری داوە (7500) دۆلار وەكو مینحە بداتە گوندنیشینان، ئەوانەی كە سولفەی عەقار وەردەگرن بۆ ئاوەدانكرنەوەی گوندەكان، بەلآم لە بەدواداچوونی ئێمەدا زۆربەی زۆری گوندنیشینەكان ئەم مینحەیان وەرنەگرتووە.

پرسیاری سێیەم/ بەپێی ماددەی (38)ی یاسای بودجەی ساڵی 2011، كە ئاماژە دەكات بە یەكسانی مووچەی نێوان هێزی پێشمەرگەو ئاسایش و پۆلیس، یەكەی پاسەوانی زێڕەڤانی و بەرگری و فریاكەوتن تا ئێستا ئەو زیادەیان وەرنەگرتووە، كە بەشێوەیەكی راشكاوانە لێرە باس لەوە دەكات، دەبێت یەكسان بكرێن.

پرسیارێكی تریشم/ .................

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، كاك ئارام تەواو، سێ پرسیارت ناردووە بە رەسمی، ببوورە، فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕاستی بەنیسبەتی داهاتی ژینگەوە، من نازانم ئایا یاسایەكی تایبەت هەیە كە داهاتی ژینگە بۆ ژینگە بێت؟ بەلآم هەموو داهاتێك بە وەسلی قەبز دەبڕدرێت و، ئەو پارەیەش دەبێتەوە داهات بۆ وەزارەتی دارایی و ئابووری بەپێی قانونی ئوسوڵی موحاسەبات، بەپێی قانونی ئیدارەی مالی، بەپێی ئەو قەوانینانەی كە ئێستا ئیشی پێ دەكرێت.

ئایا بڕیاری پەرلەمانی پێ دەركراوە بەنیسبەت ئەو (7500) دۆلارە؟ بەڕاستی ئێستا جەنابتان ئەو هەموو موحاسەبەی ئێمە دەكەن لەسەر (150) هەزارەكە، ئەمە چەندەها، دەیەها پرسیار لەم بابەتە لە پەرلەمان ئێستا كراوە، لەمەودوا دێت، ئێمە وەلآمی دەدەینەوە، ئێمە لێرە ئەم مەوزوعەمان تەرح كرد، ئایا بڕیارتان دەركرد لە پەرلەمانی كوردستان ئێمە ئەو پارەیە سەرف بكەین؟ فەرموون بڕیارێكتان هەیە؟ ئەگەر ئەوە نەبێت، ئەی بۆ لەمەیان وایەو، لەوەشیان وایە، نابێت لە هەندێك شتدا ئەرحەم و راحیمین بن، لە هەندێك شتیشدا شەدیدی عیقاب بن.

مووچەی زێڕەڤانی و فریاكەوتن، زیادەكەی خەرج كراوە، تەنها پاسەوانەكانی لێپرسراوان ماوە، بەنیسبەتی ئەوەوە، هەرچەندە مەوزوعەكە عیلاقەی بە وەزارەتی ناوخۆوە هەیە، كە جەنابی وەزیری ناوخۆ هاتە ئێرە، دەتوانێت وەلآمتان بداتەوە، ئەو شوێنانە دائیمەن بەپێی ئەوان خۆیان دەڵێن وا دەكەین، ئێمەش بەپێی ئەوە تەعلیمات دەردەكەین، پێموایە ئێستا تەحدیدیشیان كردووە، ئێستا دەبێت هەر پاسەوانێك لە حكومیە، لە حزبیە، من نازانم چۆنەو چەندێكیش وەردەگرێت، لە غەیری ئەوانە ئەگەر زیادەی لەلامان بێت، دەبێت بگەڕێتەوە شوێنەكانی خۆی، كە چووە شوێنی خۆی ئەو وەختە وەریدەگرێت، بەلآم دیارە و بە مەعقولیشیان نەبینیوە، كەوا یەك، یەك خۆی مەفروزە هەشت پاسەوانی هەبێت، پەنجا پاسەوانی هەبێت، ئەوە زیاتر عیلاقەی بەوەوە هەیە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك ئارام تێبینیت هەیە؟

**بەڕێز ایوب نعمت قادر(ئارام):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یاساکە هەیە، ماددەکەشم خوێندەوە، ماددەی (11) لە بڕگەی (1) لە یاسای دەستەی پاراستنی ژینگە، بەدواداچوونمان کردووە لەگەڵ دەستەی ژینگە، بەڵێ، گوتیان ئەو غەرامەیە دەگەڕێتەوە بۆ وەزارەتی دارایی و ئابووری، کە خۆی دەبێت بگەڕێتەوە بۆ دەستەی ژینگە، ئەمە خاڵی یەك، تەبعەن کە جێ بەجێ نەکراوە پێشێلکاری یاسایی هەیە.

دووەم/ سەبارەت بە گوندنیشینان، حکومەت خۆی بڕیاری دەرکرد،ساڵ و نیوێك زیاترەو دایە دەزگاکانی ڕاگەیاندن، هەموو گوندنیشینان ئێستا چاوەڕێن، ئەگەر بێتو بەڕێز وەزیری دارایی وئابووری باس لەوە دەکات ئایا بڕیاری پەرلەمان دەری نەکردووە؟ پێش بڕیارو ئیعلان کردن دەبوایە بهاتبایە بۆ پەرلەمان، هەر ڕاگەیاندنەکە بۆ خۆی پێچەوانەی یاسایەو، ئێستاش کە جێ بەجێ نەکراوە، ئەوەش هەر بەهەمان شێوە پێچەوانەی ئەو بڕیارەیە کە دەریانکردووە.

سەبارەت بە خاڵی سێیەم/ ئێمە بەدواداچوونمان کردووە لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆ دەڵێت ڕێنمایی وەزارەتی دارایی و ئابوورییە، ئەگەر بێتو کێشەکە لەسەر مەسەلەی ئەوە بێت کە پاسەوان زیادە، ئەوەش خۆی بۆخۆی زیادەڕۆییە، دەبوایە وەزیری دارایی وئابووری زووتر لێ پێچینەوەی لەوە بکردایە، ئەو زیادەیە لە دەقی یاساکەدا هاتووە، نابێت لەسەر ئەساسی ئەوەی ئایا مەعقولە، یان مەعقول نییە بێت؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەتی ژینگەوە، بەڕاستی ئێمە نەمان بینیوە، تەئکیدیشم کردووە، بەلاَم هەتا ئەگەر بۆ ژینگەش وەربگیرێتەوە، دەبێت تەعلیماتی وەزارەتی دارایی و ئابووری پێ دەرچوو بێت، ئێمە هیچ تەعلیماتێکمان دەرنەکردووە، تەئکیدە بۆ ئەوەی کەوا ئێمە ئەو یاسایەمان نەبینیوە.

بەنیسبەتی ئەوەی (7500) دۆلارەکە، بەڕاستی ئێمە پار لە پەرلەمان باسمان کردو، پەرلەمان لێرە موصادەقەی نەکرد، قسە کراو موافەقەت نەکرا کەوا سەرف بکەین، بەنیسبەت (7500)ەکەوە، بەلاَم ئیعلامی هەر شوێنێك کە باسی کردووە، ئەوە ئەو ئیعلامە مەسئوولە، ئێمە عیلاقەمان نییە بەنیسبەتی ئەوە.

بەنیسبەتی پاسەوانی مەسئوولینەوە، ئەوەی کە ئێمە دەیڵێین بە تەئکید ئەوە من لێرە قسە دەکەم و حەتمەن دەیبینم و دێت و دەبیستڕێت، ئێمە هیچ تەعلیماتێکمان دەرنەکردووە دەربارەی ئەوە بەبێ نوێنەری وەزارەتی ناوخۆ، ئەم مەوزوعە بۆ کەس سەرف نەکراوە لەپاسەوانەکان، تا من بڵێم وەڵڵاو تۆش بڵێی پێشێلی قانونت کردووە، هەتا ئەم دەقیقەیە بۆیان سەرف نەکراوە، تا بیوەستێنین و تەحدیدی بکەین، سەرف نەکراوەو مەفروزە وەزارەتی ناوخۆ ئاگادارمان بکاتەوە لە بڕیاری سەرۆکایەتی هەرێم، هەر وەختێك بڕیاری سەرۆکایەتی هەرێم، وەزارەتی ناوخۆ ئاگاداری کردینەوە، وەزارەتی ناوخۆ خۆی پێمان دەڵێت ئێستا بەو شێوەیە تەعلیماتەکە دەربکەن و بە ئیتیفاقی هەردوو لامانەوە دەریدەکەین، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز گۆران ئازاد فەرموو.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرسیارەکانم بەم شێوەیە:

یەکەم پرسیارم لە بەڕێز وەزیری دارایی و ئابووری/ بەگوێرەی بڕگەی سێی ماددەی (44) لە یاسای ژمارە (18)ی ساڵی 2011ی یاسای جێ بەجێ کردنی راژەو خانەنشینی هێزەکانی ناوخۆی عێراق، ژمارە (15)ی ساڵی 2011 لە هەرێمی کوردستان، هەر کارمەندێکی خانەنشین کراو، کە پێشتر کارمەندی پۆلیس بوو بێت و خانەنشین کرا بێت، دوای دەرچوونی ئەم یاسایە، پێویستە یاساکەی بەگوێرەی ئەم یاسا نوێیە چاك بکرێت.

پرسیارەکە ئەوەیە، کە بەگوێرەی رێنماییەکانی وەزارەتی دارایی و ئابووری ژمارە (1) کە لە 1/12 دەرچووەو، ژمارەی (29) کە لە 11/16 دەرچووەو، ژمارە (323) کە لە 1/10 دەرچووە، بۆ جێ بەجێ کردنی یاسای ژمارە (18)ی سەرەوە کە ئاماژەم پێ کرد، بەڵام هیچ روون کردنەوەیەك نەکراوە بۆ چاك کردنی خانەنشینی هێزەکانی ناوخۆ، کە پێشتر خانەنشین کراون و سەر بە وەزارەتی ناوخۆیە، هۆکاری دەرنەچوونی ئەم رێنماییە چیە؟ لە کاتێکدا بەپێی یاساکە پێویستە وەزارەتی دارایی و ئابووری و وەزارەتی ناوخۆ بە یەکەوە رێنمایی دەربکەن.

دووەم/ بەگوێرەی ماددەی یەکەم بڕگەی (5) لە یاسای ئیمتیازاتی راگیراو و زیندانیانی سیاسی، گیراوی سیاسی هەمان ئیمتیازی زیندانی سیاسی هەیە لە یاسای ژمارە (11)ی ساڵی 2011 یاسای ئیمتیازی گیراوان و زیندانیانی سیاسی، بەڵام دوای بلاّو بوونەوەی یاساکە لە 15/ئابی/ 2011 بە ژمارە (133)ی رۆژنامەی وەقائیعی کوردستان، بۆچی تاکو ئێستا رێنمایی پێویست دەرنەچووە بۆ جێ بەجێ کردنی ئەم یاسایە؟ لەکاتێکدا ئەم یاسایە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەش بە پەرلەمان کراوەو پەسند کراوە.

پرسیار/ بەگوێرەی ماددەی (27) لە یاسای بودجە سندووقێك دروست دەکرێت بۆ داهاتی نەوت و گاز بە ناوی سندووقی کوردستان، بەگوێرەی یاسای ژمارە (22)ی ساڵی 2007 لەماددە (17)ی یاسای نەوت و

گازدا هاتووە، کە کاری سندووقەکە ملکەچە بۆ چاودێری پەرلەمان، بەڵام تاکو ئێستا ئەم سندووقە دروست نەکراوە، کەدیارە پەیوەستە بە ئەنجومەنی وەزیران، بۆیە دەپرسم پارەی فرۆشتنی موشتەقاتی نەوت لە چ حیسابێك دادەنرێت و چۆن و بە ئەمری کێ سەرف دەکرێت؟

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، پرسیارەکانت تەواو، سێ پرسیارت کردووە، تەواو، سێ پرسیارت کردووەو هەرسێ پرسیارەکەت خوێندەوە.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر سێ پرسیار داخیل کرا بێت، من هەشت پرسیارم کردووە، ئەوە لەلای خۆم هەمووی هەیە، دوو، سێ پرسیاریان دووبارەیە، بەڵام با ئەوانی تر تەواو بکەم.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

یەك پرسیاری تر بکە، چونکە کاك فرسەت تەسلیمی کردووە، لە رەسمیەکەی سێ پرسیارە، فەرموو یەك پرسیاری تر بکە.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە نووسراوە رەسمیەکە هەشت پرسیار رۆیشتووە، ئیتر گوناحی من چیە؟

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

خۆت دەڵێی دووبارەیە، یەك پرسیاری تر بکەو دەبێتە چوار پرسیار، کافیە.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەسەر یەکخستنی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێم بەگوێرەی رێنمایی دارایی و ئابووری ژمارە (25) دەرچووەو رێنمایی ژمارە (1)، مووچەی سەرجەم فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان یەك خراوە، بەڵام دوابەدوای بەدواداچوونی ئێمە دەرکەوتووە، کە مووچەی فەرمانبەرانی هەولێرو دهۆك دوو ستێپ لەدوای مووچەی مامۆستاو فەرمانبەرانی سلێمانی و گەرمیانە، ئایا هۆکارەکەی چیەو چۆن چارەسەر دەکرێت؟

دوا پرسیار/ بەگوێرەی ئەو داهاتەی کە لە 17٪ی بودجەی هەرێمی کوردستان دابەش دەکرێت، دیارە دوو داراییە، بە رێژەی (57) بە (43) دابەش دەکرێت بەسەر هەردوو دارایی هەولێرو سلێمانی، لە کاتی دابەش کردنی بودجە لە 7٪دا، ئایا لەکاتی دابەش کردنی پارەی نەوتدا کە بۆ خزمەت کردنی کەسوکاری شەهیدان و ئەنفال بە هەمان رێژە دابەش دەکرێت؟ بۆ نموونە لە دابەش کردنی خانوو بۆ کەسوکاری ئەنفال و شەهیدان، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز جەنابی وەزیر فەرمووو.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵامی پرسیاری یەك/ هەر شتێك لە وەزارەتی پەیوەندیدارەوە بۆمان بێت، ئێمە وەڵامی دەدەینەوەو رەزامەندی لەسەر دەدەین بەپێی یاسا، بەڵام ئەگەر هیچ ئاراستەی وەزارەتمان نەکراوە، ئەوە ئەم وەزارەتە خۆی بەرپرسیارە.

وەڵامی پرسیاری دوو/ هێزی ئاسایشی ناوخۆ بە رێژەی لە 80٪ی مووچەو دەرماڵە خانەنشین کراون، پێش دەرچوونی یاسای (18)و لە ماددەی (44)ی ساڵی 2011، کە دەڵێت مووچەی خانەنشین چاك بکرێتەوە، خانەنشین کردنیان بەپێی یاسای (27)ی ساڵی 2006 مووچەکان کەم دەکاتەوە، ئەگەر ئێستا مووچەکەیان کەم بکاتەوە، ئێمە بڕیارێکمان هەیە دەڵێت تەعدیل بکرێت بە مەرجێك مووچەکان کەم نەکاتەوە، بەپێی ئەو قانونە کەم دەکاتەوە، ئێمە ئەوەشمان بە حەقی موکتەسەب زانیوە، بۆیە نەمانتوانیوە دەستکاری بکەین، حەقە ئەوە جەنابی کاك گۆران نەختێك لەو مەوزوعە پێشتریش دەبوایە بیپرسی بوایە، لە خۆم ئەو مەوزوعە هاتە لامەوە، حەقە زیاتر دیراسەتی بکات و بزانن ئەوە چۆنە؟، ئەگەر دەتانەوێت ئێمە بەپێی قانونی ژمارە (27) ئیشی تیا دەکەین و، کە دەڵێت لە 80٪، دەبێت عومری پەنجا ساڵ بێت و پازدە ساڵیش خزمەتی هەبێت، ئێستا ئەوانەی زۆری وا نین.

پرسیارەکەی تری (57٪) بە (43٪)، فیعلەن ئەو نیسبەتە وایە، بەنیسبەتی داهاتەوە، ئەوە وایە، هەمووتان دەزانن ئیتر ئەمە شتێکە قەت هین نییە، ناشاردرێتەوە، ئێمە نامانەوێت بیشارینەوە، بەڕاستی (43 بە 57) شتێکە واقیعەو وایەو هەتاکو ئێستاش ئێمە ئاگاداری جەنابتانمان کردووە، کە وەزارەتی دارایی وئابووری یەکی نەگرتووە، فەرموون یەکی بگرن، بۆ ئەوەی بکرێتە لە 100٪.

ئایا بەنیسبەتی ئەنفالەکانەوە، هەروەکو (43 بە 57) دەکرێت، بەڵێ، وایە موتەبەع وا بووە، بەڵام ئەمەش پێویستی بە قەرارێکی سەرووی ئێمە هەیە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك گۆران تێبینیت هەیە؟

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە یاسای زیندانیانی سیاسی یاسایەکە لە حکومەتەوە هاتووە، پێویستە وەزارەتی دارایی و ئابووری جێ بەجێی بکات، ئیتر نازانم ئەو لایەی کە پێویستە خۆی داوای بکات و جێ بەجێی بکات کێیە؟ قابیلە زیندانیانی سیاسی مولزەم بن بەوەی داوا بێننە سەر جادە بڵێن یاساکەمان جێ بەجێ نەکراوە،

یاسایەکە هاتۆتە پەرلەمان و پەسند کراوە، ماف و ئیمتیازاتی زیندانیانی سیاسی و راگیراوانی سیاسی دیاری کراوەو، بەپێی یاساکە دەڵێت پێویستە وەزارەتی مالیە تەعلیمات دەربکات بۆ جێ بەجێ کردنی ئەم یاسایە، ئیتر نازانم کێ داوا بکاتن بۆ ئەوەی ئەمە جێ بەجێ بکرێت؟

لەسەر یاسای ژمارە (18) با بڵێین داوامان کردووە مووچەی هێزەکانی ئاسایش و پۆلیسیش، ئەوانەی خانەنشین کراون بەگوێرەی ئەم یاسایە، لە قانونەکەدا پێویستە وەزارەتی مالیە تەعلیمات دەربکات، کاك شێخ بایز راست دەکات، من سەردانی جەنابیشم کرد، من بەڕاستی ئەو پرسیارەم بە مەبەست لێرە کردووە، چونکە دیارە هەفتەی دادێ بە نیازە وەزیری ناوخۆش بێت، بۆ ئەوەی ئەم پرسیارە لە ئەویش بکەین، کە بزانین هۆکاری دەرنەکردنی رێنماییەکە چیە؟ ئێمە هێزەکانی ئاسایشمان بەراورد کردووە، کە ئەوان مووچەکانیان جیاوازی دەبێت، پێموا نییە بەو شێوەیە زەرەمەند بێت، دەمەوێت وەڵامی ئەم جیاوازی مووچەیەشم وەرنەگرتووە لەنێوان ئەو دوو ئیدارەیە، چونکە ئەم دۆکیۆمێنتەی هەمە لە جیاوازی مووچەدا، کە ئێستا لە ئیدارەی کۆیە بە سوپاسەوە کاك شێخ بایز چاکی کرد هی ئیدارەی کۆیە، بەلاٌم ئێستا کە داوای سەرمووچە دەکەن و نووسراو بۆ هەولێر دەکەن، لە هەولێر پێیان دەڵێن ئێوە فەرقتان هەیە لەگەڵ ئیدارەی هەولێردا، ئێمە سەرمووچەی ئێوە، با بڵێین عەلاوەی ئێوە بەرز ناکەینەوە، ئەوەتا ناوی (38) مامۆستام لەبەردەستەو خۆم بەدواداچوونم بۆ کردووەو، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئەوە نوسخەیەکیان پیشان داوە، دیارە فیعلەن دەرنەچووە، چونکە ئەو یاسایە تازەیە، عادەتەن ئەوە دەکەوێتەوە دوای 1/1، ئەوە بەنیسبەتی تەعلیماتەکەیەوە.

بەنیسبەتی جیاوازی مووچەوە، جیاوازی مووچە ئێمە باسمان کرد، گوتمان ئەوە لە هەموو شوێنێك ئێستا بڕیار دەرچووەو ئیمزاش کراوە، بۆ ئەوەی کەوا لە هەموو شوێنێك هەر فەرمانبەرێك موستەحەق بێت بە جیاوازی لەو شوێنە بۆی سەرف دەکرێ، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز كاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سەردار رشید محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی هەردوو میوان دەکەم، دیارە بودجەی بەکار خستن لە سەرووی 70٪وەیە، ئەو بودجەیە زیاد دەکات، لەبەر ئەوەی دامەزراندن و خانەنشینیشی دەچێتە سەر، لەبەرامبەردا بودجەی پرۆژەکان کەمترە لە 29٪، کە خۆی لە ئەساسدا زۆر کەمە، دیارە بەپێی ئەو موعادەلەیە کەمتر دەکات و دەچێتە سەر

بەکارخستن، هەروەك دەزانـین ئەمسالْ سـندووقی دراوی نێودەوڵەتی بـە رەسمـی عێراقـی ئاگـادار کـردەوە لەوەی بۆچی بەکارخستن کەم ناکاتەوە، لە بەرامبەردا بودجەی پرۆژەکان زیاد ناکات.

پرسیارێکی تریشم/ سەرجەم مووچەی خانەنشین لە بودجە دەدرێت، کە دەبوو لە پارەی خانەنشینی بـدرا بوایـە، کەوایـە پـارەی خانەنشـینی دەچـێتە کـام سـندووقەوە؟ کـە لـە 12٪مـان هەیـە بـەناوی هاوکـاری خانەنشینی و بڕێکیشمان هەیە لە 7٪ لە فەرمانبەرەکە دەبڕدرێت، کە دەکاتە لە 19٪، بەپێی زانیاریـەکان ئەو سندووقە تاکو ئێستا بوونی نییە، دیارە مـن لەسـەر خانەنشـینی جۆرێـك لـە ناعەدالـەتی هەیـە، هەیـە مانگانـە (30) هـەزار دینـار وەردەگرێـت، هەیـە (60) هـەزار دینـار وەردەگرێـت، هەیـە تـا ملیـۆن دەڕوات، یەعنی حەقە بەڕاستی عەدالەتێك لەو میانـە هـەبێت و رەچاو بکرێـت، چونکە (30) هـەزار دینـار بەشـی هیچ ناکات، هەیە مەوجودە، زۆرێك لەو پارانە کە ئێمە پار لێرە بڕیارماندا لەوانە سـەد ملیـاری مـەناتیقی موتەزەریرە بوو، تاکو ئێستا هیچی لـێ سـەرف نـەبووە، (75) وەرەقـەی گوندنیشـینمان هەیـە، تـاکو ئێسـتا یەك دۆلاری سەرف نەبووە.

ئەوانەی زیندانیانی سیاسی، دیارە هاوکارم کاك گۆران باسـی کـرد، کـە جگـە لـە کۆمەڵـە مـاف و ئیمتیـازات (20) ملیۆن وەك قەرەبوو بۆیان دانرا بوو، تاکو ئێستا یەك زیندانی وەری نەگرتووەو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەتی وەڵامی پرسیاری یەکـەم/ ئـەم جـۆرە جیاوازییـە، پێویسـتە لەلایـەنی سـەرۆکایەتی ئەنجومـەنی وەزیرانەوە پرۆژە یاسای بـۆ ئامـادە بکرێـت و پێشکەش بکرێـت بـە پەرلـەمانی بـەڕێز، ئـەوە ئێمـە نـەمان کردووە، ئەنجومەنی وەزیران کردوویەتی، مەفروزە خۆی دەسەڵاتی خۆیەتی داوای بکات.

بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکان بـە ژمـارەی دانیشـتوان دابـەش دەکرێـت، سـەبارەت بـە سـەد ملیـار، بـەڵام (7500) یاسا باسی لێوە نەکردووە، عەلا کولین من دەمەوێت ئێستا ئەوە جەدوەلەکە بۆ ئێوە ئێسـتا بـاس بکەم، لە زۆر پرسیاری تریشدا دێت، باس لەوە دەکات کە ئەو سەد ملیارە لەگەڵ (70) ملیارەکە چیتان لـێ کردووە؟ ئایا بۆ کوێ رۆیشتووە؟ پارەکەتان بۆ کوێ برد؟ ئـەوە ئەمرەکەمانـە کـە دەرمـان کـردووە، وەڵامـی پەرلەمانیشمان داوەتەوە، دەڵێین بەم شێوەیە پلان دانراوە.

سەبارەت بە پرسیارەکەی ئەندامی پەرلەمان، جەنابی کـاك خورشـید پرسـیارەکەی کـرد بـوو، بـڕی (100) ملیـار دینـار پـارەی پـرۆژەی خزمەتگوزاریـەکان، قـەزاو ناحیـەو سـنوورییەکان کـە لەلایـەن وەزارەتـی پلاندانانەوە دابەش کراوە، بەسەر پارێزگاکان بەم شێوەیە:

(35012) سی و پێنج ملیارو دوازدە ملیۆن دینار بۆ پارێزگای هەولێر بۆ (128) پرۆژە.

(33969) سی و سێ ملیارو نۆسەدو شەست و نۆ ملیۆن دینار بۆ پارێزگای سلێمانی بۆ (104) پرۆژە.

(22001) بیست و دوو ملیارو یەك ملیۆن دینار بۆ پارێزگای دهۆك بۆ (80) پرۆژە.
(9018) نۆ ملیارو هەژدە ملیۆن دینار بۆ ئیدارەی گەرمیان بۆ (30) پرۆژە.

ئەمانە وەزارەتی پلاندانان دابەشی کردووە، دوای ئەوە هەتا باسی (70) ملیارەکە، (70) ملیار دیناری خراوەتە سەر بودجەی دەستەی گشتی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان و، لەلایەن وەزارەتی پلاندانانەوە بەدواداچوونی بۆ دەکرێت، ئەوە بەنیسبەت ئەو تەوزیعاتەی سەدەکەوەیە، یەعنی بۆ ئێمە هاتووە.

سەبارەت بەو پارەیەی کە تایبەتە بە زیندانیانی سیاسی لە بودجەی ساڵی 2011 تەرخان کراوی بۆ نەکراوە، لەلایەنی پەیوەندیدارەوە داوای کراوەو تەرخان کردنی بۆ نەکراوە، تەبیعی ئەوە پێشتریش هەر باسم کرد، کە داوای تەرخان کراوی بۆ دەکرێت، تەعلیماتی مالیەکە ئەوەیە ئێستاکە دەری دەکەین، ئینشائەڵلا خەریکی ئەوە دەبین دەست بە سەرف بکرێت، من پێموایە سەرف کردنی نابێت هۆی ئەوەی خەڵك تووشی غوبن بێت.

وەڵامی پرسیاری سێیەم/ شێوازی حیساباتی ئێستا وەزارەتمان لە هەموو کاتێکدا پارەی تەشغیلی زۆرترە لە وەبەرهێنانەوە، بەڵام سەبارەت بە کەمی پارەی پرۆژەکان، پێویستە وەزارەتی پلاندانان هەوڵ و داوای ئەوە بکات، بەڵام ئێستا بۆ مەعلوماتتان پارەی خوتە، واتا ئیستیسماری لەگەڵ پارەی تەشغیلی ئێستا لە بەغداوە یەکسەر دەست نیشان کراوە لە بودجەی ساڵی 2012، ئێستا ئەمساڵ هاتووە بە سێ و یەك لە دەیە هی وەبەرهێنان، ئینجا ئەگەر گۆڕانکاری تیا بکرێت، دەبێت حکومەت خۆی دابنیشێت گۆڕانکاری تیا بکات، زیاد هەڵبگرێت بە تەشغیلی و بیخاتە سەر وەبەرهێنان، دەبێت پەرلەمانیش موصادەقەی لەسەر بکات.

وەڵامی پرسیاری چوارەم/ ئەو سندووقە لە دوای کشانەوەی، بەنیسبەتی سندووقی تەقاعودەوە، حەز دەکەم بۆتان شەرح بکەم، چونکە دیارە ئێستا پرسیارەکانی تریش هەر باسی ئەمەی تیایە، لەکاتی خۆیدا هەموو فەرمانبەرێك لە 7٪ لەمووچەکەی دەبڕدرا بەنیسبەت، دوای ئەوە لە 12٪ی رەب عەمەل، واتا ساحێبی ئەو دائیرەیە، واتا ئەو دائیرەیەی کە ئیشی لێ دەکات ئیزافە دەکراو دەنێردرا بۆ سندووقی عامەی تەقاعود لە بەغدا، ئەوە ئیتر لەوێوە ئیشوکاری هەموو موتەقاعیدێك دەکراو پارەی لێ دەدراو لەوێ ئیشەکانیان جێ بەجێ دەکرا، ئەو سندووقە خۆی ناوی سندووق ئەمەی ئێستا لە عێراقدا لەمانگی حەوتدا لە نیهایەتی مانگی حەوتدا جارێکی تر دروست بۆتەوە، بەڵام ئێمە، لێرەش بە دوو شێوە ئیشمان کردووە، ئێستا چاکمان کردەوە، کردوومانە بە یەك شێوە، لە هەولێردا ئیشمان کردووە بە 7٪، بەبێ ئەوەی ئیزافەکەی هەبێت، لە سلێمانیدا بە 7٪، لە 12٪کەمان ئیزافە کردووە، کە دەکاتە 19٪، بەڵام ئەوە هیچ تەئسیرێك لەسەر مەسەلەکە ناکات، بۆ تەئسیری لەسەر ناکات؟ ئێستا هەردوو پارەکە دەبێتە ئیراد، چونکە جاران ئەو تەقاعودی عامە تەحەمولی مەعاشەکانی عێراقی دەکرد، ئێستا وەزارەتی مالیە خۆی تەحەمولی مەعاشەکان دەکات، لەبەر ئەوە تەئسیرێکی ئەوتۆی نییە، هەر کاتێك ئەو سندووقە دانرا، ئێستاش نیسبەتی ئیستیقتاعەکە هەر دەکرێت، ئەوە نەبێت نەکرێت، بەڵام ئەوە کە دەکرێت و وەردەگیرێت موقابیل بەوە خەڵك تەقاعود دەبێت و پارە وەردەگیرێت، هەر وەختێك سندووقی تەقاعود لێرەش جێ

بەجێ بوو و قانونەکەی پێ دەرچوو، وەکو باس دەکەم لە مانگی هەشت، واتا نیهایەتی مانگی حەوتی ئەمساڵ ئەوە بووە، بە تەئکید لێرەش دەستی پێ دەکەین و ئەو ئیستیقتاعە دەکرێت، عەفو ئەو ئیشە جێ بەجێ دەکرێت، چونکە ئیستیقتاعەکە کراوە، پێموایە وەڵامی پرسیارەکانیم دایەوە، ئەگەر هیچم لەبیر نەچوو بێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سەردار رشید محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر ئەوە بۆ کەرتی تایبەتە لە 12٪ و لە 7٪ەکە، دیارە پێچەوانەی یاساکەیە، چونکە تاکو ئێستا لە کوردستاندا بە بەردەوامی لە کرێکارو خاوەن کرێکاریش پارە دەبڕدرێت، بەڵام سندووقێك نییە ئەو پارەیەی تێ بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەتی کەرتی تایبەتیشەوە، ئەوە هەیە موئەسەسەی عامەی تەقاعودو زەمان هەیە، ئێمە هەمانە ئەو موئەسەسە عامەیە، مودیریەتی عاممان هەیە، جارێکی تریش هەر بەناو مودیری عامە کاك رەسوڵە، ئێستا ئیش دەکەن لە کەرتی تایبەتدا، جاران یاساکە هەر سێ کەس، ئەگەر بێتو لە سێ کەس زیاتر لە شوێنێکدا ئیش بکات، دەبێت تەقاعودی زەمانی لێ ببڕدرێت، بەڵام لەوێ بە 5٪ بە 12٪یەو، نیسبەتەکان بەرز دەبێتەوە، جاروبار بەپێی مەعاشەکان، دەچێتەوە بۆ ئەو موئەسەسەیە، یان بۆ ئەو دائیرەیە، ئەگەر کەم تەرخەمی تیا بکرێت، ئەوە بەڕاستی موفەتیشینی عەمەل مەسئوولن لەوەو، مەسئوولن لەوەی کەوا کرێکار لە کەرتی تایبەتدا رەقمی زەمانی ئیجتیماعی وەرنەگرت بێت، هەروەها مەسئوولن لەوەی کەوا تەئکیدیان نەکردووە لە تەفعیلی پارەکانیان بۆ ئەو موئەسەسەیە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز نیشتمان مرشد فەرموو.

**بەڕێز نیشتمان مرشد صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی هەردوو میوان دەکەم، بەڕێز وەزیری دارایی و ئابووری، من دوو پرسیارم هەیە، دەمەوێت لەجەنابی وەزیر بکەم:

پرسیاری یەکەم/ بەگوێرەی یاسای بودجەی ساڵی 2011، داوامان کردووە یەکسانی بەدی بێت لەنێوان دەرماڵەو مووچەی فەرمانبەرانی هەرێم و بەغدا، بەڵام تاکو ئێستا حکومەتی هەرێم ئەم یەکسانیەی لەنێوان هەرێم و بەغدا بەدی نەهێناوە، بۆچی؟
پرسیاری دووەم/ بەگوێرەی ماددەی (16) لە بڕگەی (4)، پێویستە وەزارەتی دارایی و ئابووری هەڵستێت بە دابین کردنی مەبلەغێك پارە بۆ دەعمی بەردەوامی مەشاریعی سیاحی، ئایا ئەمە بۆچی نەکراوە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەتی وەڵامی پرسیاری یەکەم/ وەڵام دراوەتەوە.
بەنیسبەتی وەڵامی پرسیاری دووەمەوە/ وەزارەتی تایبەتمەند تاکو ئێستا داوای دەعمی نەکردووە لە ئێمە، چونکە ئەوانیش بەنیسبەتی سیاحەوە دەبێت دەعم بکرێت، بەڵام تاکو ئێستا چەندین جار بەشێوەی قەرز لە بانکەکانی کوردستاندا بانك دراوە بە کەرتی تایبەت، بۆ ئەغرازی سیاحە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك ئاسۆ فەرموو.

**بەڕێز بکر کریم محمد(ئاسۆ):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە وەڵامی خوشك و برایانی پەرلەمانتاران وەڵامی پرسیارەکانم وەرگرتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز د.سەروەر فەرموو.

**بەڕێز د.سەروەر عبدالرحمن عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێنج پرسیارم هەیە، چواریان دەکەم، چونکە لە یەکیان وەڵامم وەرگرتەوە:
لەو بڕیارەی سەبارەت بە چاك کردنی مووچەی دەفەری سلێمانی کاتی خۆی کە درا مووچەکە کەمتر بوو، هەرچەندە ئەو پرسیارە کرا، بەڵام من بەجۆرێکی تر دەیکەم، چونکە وەڵامەکەی بەو شێوەیە نەبوو، کە جەنابی وەزیر وەڵامی دایەوە، مووچەکە لەوێ زیاد کرا بە حیساب ئێستا هاوسەنگە، بەڵام ئێستا وەکو هاوڕێم کاك گۆران باسی لەوە کرد هی هەولێر دوو ستێپ پاش سلێمانیە، هەولێرو دهۆك، هۆکاری ئەمە چیە جیاوازی مووچە هەبێت و یەك نەخرێت؟ بەڕێز جەنابی وەزیر باسی لەوە کرد کە هەر کەسێك

ئەگەر بێتو بەتایبەتی لەسەر کۆیە نموونەی هێنایەوە، گوتی تەعویزی دەکەینەوە، تەعویز لەکوێ دەکەیتەوە، ئەگەر بێتو سیستەم بەم شێوەیە............

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە شەرح مەکە دکتۆر سەروەر پرسیارەکەت بکە.

**بەڕێز د.سەروەر عبدالرحمن عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بمبوورە، لەبەر ئەوەی ئێستا ئەو پێم دەڵێت پرسیارەکە دووبارەیە، لەبەر ئەوەی وەڵامی کاک گۆرانیشی نەدایەوە، بۆیە بۆی شەرح دەکەم.

پرسیاری دووەمم/ بەپێی ئەو دابەش کاریەی کە کراوە، ئەمەشیان ئەوەی کە بەڕێزیان جەنابی وەزیر باسی کرد (47 بە 53)یە، ئەگەر بڵێ ئەمە ئەمری واقیعەو بە جۆرێك دانراوەو بەپێی نیسبەی دانیشتوان، ئەگەر بودجە بەپێی ڕێژەی دانیشتوان دابنرێت، بەڵام بۆ دەبێت هەموو شتەکان بەو شێوەیە بێت.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، من پرسیارێك لە جەنابی وەزیر دەکەم، هەندێك بابەت هەیە پێویست بەوە دەکات بەپێی پێداویستیە، بۆ نموونە شەهیدان چی بکەین دەڤەری گەرمیان پشکی شێری بەرکەوتووە لە مەسەلەی ئەوەی کە ئەنفالکراون و قوربانی زیاتر لەوێ بووە بەهۆی ئەو بارودۆخەوە، بۆ دەبێت لە دروست کردنی خانووشدا (47) بۆ دەڤەری سلێمانی و گەرمیان بێت، (53) بۆ ئەو لایە بێت، ئەگەر هاتو لە بابەتێکی تر زیاتر لەولایە بوو، پێویستە زیاتر دابنرێت، قسەکەی ئێمە لەسەر ئەوەیە، ئەمە پرسیاری دووەمم.

پرسیاری سێیەمم/ سەبارەت بە هاوتا کردنی مووچەی هێزەکانی پۆلیسە، ئەگەر چی جەنابی وەزیر باسی لەوە کرد کۆمەڵێك شت هەبوو بە مووچەی پۆلیس پڕی کردەوەو، گوتی ئەمە لە پۆلیسمان سەرف کردووە، بەڕێز جەنابی وەزیر، تاکو ئێستاش لەگەڵدا بێت ئەوە زانیارییەکانە لەلای من نزیکەی زیاد لە دوو، سێ هەزار پۆلیس لەشاری هەولێردا مووچەکانیان وەرنەگرتووەو هاوتا نەکراون، نە ئەوەی پێشتریان وەرگرتووەو نە ئەوەی ئێستاش، ئەگەر بەڕێزت لە وەڵامدا پێم دەڵێی ئەمە عایدی وەزارەتی ناوخۆیە، بەڵام کاتێك زیادە مووچەکەتان سەرف کردووە بۆ کوێ چووە؟ بۆچی ئەو پۆلیسانە مووچەکانیان وەرنەگرتووە؟ بۆچی زیادەکەیان بۆ سەرف نەکرێت؟

پرسیارێکی ترم/ سەبارەت بەوەیە کاتێك جەنابی وەزیر باسی ئەوەی کرد کە دەرماڵەو مووچە هاوتا کراوە، لەمەیاندا ئێمە کێشەیەکمان هەیە لە خوێندنی باڵا.

بەڕێز جەنابی وەزیر، سەبارەت بە دەرماڵەی خوێندکارانی دکتۆراو خوێندکارانی ماستەر، سەبارەت بە خوێندکارانی دکتۆرا دەرماڵەیەك هەیە، جارێ جیاوازییەك لەنێو خودی کوردستاندا هەیە، خوێندکارانی دکتۆرا سێ ملیۆن دیناریان پێ دەدرێت، ماستەر ملیۆن و نیوێکیان پێ دەدرێت لە زانکۆیەك دەدرێت، لە

زانکۆیەکی تر نادرێت، پارەکەش لە لای بەڕێزتانەوە سەرف دەکرێت، هۆکارەکەی چیەو بۆچی دەبێت بەو جۆرە بێت؟ ئەگەر خەتاکە لەوێیە، بەدواداچوون لەکوێوە دەکرێت؟ یەکێکی تریشیان سەبارەت بەو خوێندکارانەی.......................

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

دکتۆر سەروەر ئەو پرسیارانەی تۆ لەناو پرسیارەکانی تۆدا نییە، تکایە پرسیارەکانی پێشکەشت کردووە، ئەوە بخوێنەوە.

**بەڕێز د.سەروەر عبدالرحمن عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرسیاری چوارەمم/ سەبارەت بەوەیە، ئەگەر بەڕێزت سەیری بکەیت لەسەر ئەوەیە ملیۆن و نیوەکەو سێ ملیۆنەکە، هەروەها دەرماڵەی ئەو خوێندکارانەی کە خوێندکاری ماستەرن مووچەکانیان بۆ سەرف ناکرێت و دەرماڵەکانیان لێ دەبڕدرێت، لە هەمان کات ئەمە یاسایەك هەیە لە بەغدادا نابڕدرێت بەپێی ئەو قانونەی کەوا لە کوردستاندا نافیزەو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من وەڵامیم دایەوە، ئەگەر لە بیرتان بێت گوتم نەدەکرا غەڵەت بە غەڵەت چاك بکەینەوە، غەڵەتمان بە راست چاك کردەوە، ئێمە کە هاتین لە هەولێردا ویستمان ئەوەی لە سلێمانی وەکو هەولێری لێ بکەین، تەماشا دەکەین دوو ستێپ دەبێت زیاتر بدەین بەپێی قانونەکە، دوو ستێپەکەماندا، ئەوە بووە جیاوازی لەنێوان هەولێرو سلێمانیدا، واتا سلێمانی باشتری سەرف کرد، لێرە کەمتر، بەڵام ئێستا ئەو بڕیارەش درا، ئەوانیش چاکیان کردەوە، بۆیە من دەڵێم لە هەموو شوێنێکدا ئەو تەعویزانە بە چاك کراوەی نیهائی دەکرێت.

بەنیسبەتی ئەوەی (43 بە 57)ی وەڵلاهی ئەوە دەبێت لە سەرووی منەوە ئەو بڕیارەی لێ بدرێت، ئەو شتانە چۆن عیلاج بکرێت، ئەوە نازانم.

بەنیسبەتی دکتۆراو ماستەرەوە، دوێنێ زۆر بە جوانی بەدوای مەوزوعەکەدا رۆیشتین لەلای ئێمە یەك جۆرە تەعلیمات هەیەو هەمووی وەکو یەکە لە جامیعەکانی ئێمەدا، ئەگەر لە جامیعە ئەهلیەکان بێت، ئەوە رەنگە فەرقی هەبێت، عیلاقەی بە ئێمەوە نەبێت، ئەگەر لە حکومیەکاندا بێت، بەڕاستی ئێمە

ئاگامان لەوە نییە، ئەگەر لە جامیعەی سەلاحەددین پارەی زیاتری بۆ سەرف دەکات، لە کەرکووك کەمتر سەرف دەکات، لە دهۆك دوو ئەوەندە سەرف دەکات، بەڕاستی ئەوە نازانم چۆنە.

بەنیسبەت پرسیارێکی تر/ (150) هەزار دینار مەقتوع بۆ میلاکی وەزارەتی پەروەردە بە دەرماڵەی جێگر دانانرێت، ئەوەیە کاکە دکتۆر؟ تەواو، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك دکتۆر سەروەر تێبینیت هەیە؟

**بەڕێز د.سەروەر عبدالرحمن عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینیەکم تەنها لەسەر ئەوەیە سەبارەت بە خوێندکارانی ماستەرو دکتۆرا دەرماڵەیەکە لە زانکۆ، بۆ نموونە ئێستا لە زانکۆی کۆیە سەرف دەکرێت، ئەو پرسیارە تایبەتە بە کاك شێخ بایز، کە لە زانکۆی سلێمانی سەرف ناکرێت، ئەمە یەك.

دووەم/ باس لە جیاوازی نێوان کوردستان و هەرێم دەکات، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ئەمە دوو نووسراوە ئێمە لە لیژنەی پەروەردەو خوێندنی باڵا کردوومانە، سەبارەت بە خوێندکارانی دهۆك، کۆیە، سلێمانی، هەولێر بۆ چاك کردنی مووچەو دەرماڵەکانیان، تاکو ئێستا وەڵامەان نەدراوەتەوە، ئەمە هەم یاساکانیش تیایدا مولحەق کراوەو هەموو بڕیارەکانیشی تێدایە، تاکو ئێستا نەکراوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەعنی وەڵامی پەرلەمانمان نەداوەتەوە؟ ئەگەر مەسەلە ئەوە بێت، ئێمە لیستێکمان هێناوە هیچ نووسراوێکمان لەلا نەماوە وەڵامەان نەدابێتەوە، فایلەکەشمان پێیە کە وەڵامی هەموو پرسیارێکمان داوەتەوە، ئێستا فایلەکەمان هێناوە لەگەڵ خۆماندایە، ئەو فایلەی کە پرسیارەکانی تیایە، ئەمەش فایلەکەیەو جەدوەلەکەشمان پێیە بەنیسبەتی ئەوەوە، بەڵام جارێکی تر تەئکید دەکەمەوە ماجستێر یەك و نیو، دکتۆرا بە سێ، ئەوە لەلای ئێمەوە ڕێنمایی موەحەدی پێ دەرچووە، ئەوەی بەخیلافی ئەوە ئیش بکات، ئەوە عیلاقەی بە ئێمەوە نییە، وەزارەتی خوێندنی باڵا دەتوانێت ئەو شتانە لەگەڵی حەسم بکرێت، هەر برادەرێکیش وەڵامی پرسیاری نەدراوەتەوە، فایلەکەمان هێناوەو جەدوەلیشمان هێناوە لەگەڵ خۆماندا مەوجودە، کە کەی وەڵامەان داوەتەوە، ماعەدا سێ پرسیاری تر هەیە، کە ئێستا دایان پێم، ئەو سێ پرسیارەش دووبارە بوون، وەڵامی ئەوانەشمان داوەتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

پرسیاری تازە وەرمەگرن، وەڵام نادەنەوە، گەشە دارا فەرموو.

**بەڕێز گەشە دارا جلال:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من لە پێنج پرسیارەكەم، سێ پرسیاری دەكەم، چونكە دوانیان وەڵامی دراوەتەوە:

یەكەم/ سەبارەت بەزیاد كردنی مووچەی فەرمانبەرانی پارێزگای سلێمانی كە هاوتا كرا بوو، بەڵام پێشتر ئەو هاوتا كردنە خانەنشینانی نەگرت بۆوە، لە دوو رۆژی رابردوودا ویستمان لەرێی كەناڵەكانی راگەیاندنەوە كە ئەوانیش دەگرێتەوە، ئەمە تا چەند راستە لە جەنابی وەزیر دەپرسم.

دووەم/ سەبارەت بەو مۆڵەتی دایكایەتیە، كە سۆزان خانیش باسی كرد، بەڕێز وەزیر، ئێمە یەعنی بە واقیع ئەوەمان بینیوەو حاڵەتەكە هاتۆتە بەردەممان، كە چوون مووچەیان وەرگرتووە، لەبەر ئەوەی مۆڵەتی دایكایەتیان هەیە، بەس مووچەیان دەدرێتێ، دەرماڵەكانیان نادرێتێ، بەڕێزت ئیقرارت بەوە كرد، كە بەپێی یاسا دەبێت مۆڵەتی دایكایەتی لەهەرێمی كوردستاندا بە مووچەو دەرماڵەوە بێت، یەعنی بەڕاستی ئەمە غەدرێكە، لەكاتێكدا دەبینین رەوشی ئابووری ژن زۆر لە دواوەیە، بەتایبەتی لە كەرتی تایبەت، ئەگەر لە كەرتە حكومیەكەدا هەلی كاری بۆ نەڕەخسێندرێت، كە ئەو زیاتر لە كەرتی حكومەتدا ئیش دەكات، یاسای وای بۆ دەربكەیت، تەعلیماتی وای بۆ دەربكەین، پێموایە ئەمە زوڵمێكە لە ژن دەكرێت، بەڕێزت گوتت دەبێت وا نەبێت، هیوادارم لێرەوە ئەگەر ئیستیناد كراوەتە سەر تەعلیماتێكی بەڕێزی، یان هەر شتێك، كە بەو شێوەیە تەتبیق دەكرێت بگۆڕێت و لێرەوە وەعدێكمان پێ بدەیت.

سەبارەت بە سولفەی زەواج، كە ئێمە یاسایەكمان لێرە دەركرد، دیارە لە تەفسیرەكەدا بۆ مەسەلەی عەقدی زەواج تۆزێك موبهەم بوو، كە عەقدی زەواجی دووەم بێت، كە مەسەلە تەعەدود بوو لێرەدا، ئەوە چاك كرایەوە، بەڵام بۆ منداڵی شەهید مینحەیەك هەیە، لێرە بەو شێوەیە تەتبیق دەبێت، لە كاتێكدا عەقدی دووەم دەكات، زەواجی دووەم دەكات ئەو مینحەیەی نادرێتێ، لەكاتێكدا سوودمەند نەبووە لەعەقدی زەواجی یەكەم، ئەمە بۆ؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەنیسبەتی ئەو فەرقە موخەصەصاتانەی ئێستا هاتووە، زیاتر باسی ژنانی تیا دەكرێت، بەڕاستی مەعقول نییەو، ئێمە چۆن دێین ئەمە دەكەین ئەگەر حەقێكی ژنان هەبێت ئێمە بێین ئیختیصابی بكەین و نەهێڵین سەرف بكرێت، هەر موجیب نییە، بە پێچەوانەوە، ئێمە هەوڵ دەدەین ئەگەر قانونەكە نەرمیشی تیا بنوێنرێت بیكەین، بەڵام ئەوە ئێستا یاسایەكی تازە دەرچووە، لەو یاسا تازەیە موخەصەصاتی زەوجیەو ئەتفاڵ و ختورەو شەهادەو هەمووی شمولیان دەكات، ئەمانە پێشتر نەبوو، ئێستا بچین جارێكی تر ئێمە

دەگەڕێینەوە سەر ئەو یاسایە، هەر نوقصانیەکی تیا هەبێت، ئەگەر لەلای ئێمەوە تەتبیق نەکرا بێت، ئێمە وەعدیان دەدەینێ، کەوا ئەو مەوزوعە تەتبیق بکرێت بەنیسبەتی ژنانەوە.

بەنیسبەتی ئەوەی ئایا موستەفید بێت لە سولفەی زەواجی دووەم وەکو مینحەکە، توخوا ئەگەر زەحمەت نەبێت بگەڕێنەوە سەر یاساکەی خۆتان، من بەڕاستی خۆی دەڵێت (لمرە واحدە) ئەو یاسایەی لە پەرلەمان دەرچووە، نازانم ئێوە مولاحەزەی ئەوەتان کردووە، ئەگەر وا نییە بەنیسبەتی منەوە ئەوە ئاگادارم بکەنەوە، تا جێ بەجێی بکەم، ئەگەر واش بێت، ئەوە عیلاقەی بە خۆتانەوە هەیە وەکو پەرلەمان، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز گەشە خان فەرموو.

**بەڕێز گەشە دارا جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جەنابی وەزیر من دەڵێم بۆ منداڵی شەهیدەکە بێ لە سولفەکە، منیحەیەکیش هەیە، ئەو تەفسیرەم بۆیە کرد، گوتم پێشتر موبهەم بوو، تەفسیرێکی هەڵە کرا کە مەبەستمان لە عەقدی زەواجی دووەم لە تەعەدودی زەوجاتە، نەك لە کاتێکدا عەقدی زەواجی دووەم دەکات، ئەمە چاك کرا دەستتان خۆش بێت، بەلاَم کێشەکە لێرەدا لە مینحەکەیە، کە ئێستا یەکێك منداڵی شەهیدە عەقدی زەواجی دووەم دەکات مینحەکەی بۆ سەرف ناکرێت، لە کاتێکدا لە زەواجی یەکەمدا سوودمەند نەبووە لەو مینحەیە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەتی دووەمەوە، ئەوە دەبێت ئیعادەی نەزەری تیا بکرێت، هەرچەندێك بەڕاستی ئەوانەی کە هەیئەی ئیستیشاری وەزارەتی دارایی وئابوورییە دەڵێن بەپێی یاسا نابێت، بەلاَم لەسەر ئەوەشەوە ئینشائەڵلا جارێکی تر ئێمە ئیعادەی نەزەری تیا دەکەینەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز شەونم محمد فەرموو.

**بەڕێز شەونم محمد غریب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من چەند پرسیارێکم ئامادە کردووە، بەلاَم پرسیاری یەکەم لەلایەن کاك گۆرانەوە قسەو باسی لەسەر کراوە لە بابەتی سندووقی کوردستان بۆ نەوت و گاز بەشی یەکەمی وەلاَم درایەوە، بەشی دووەم لە بەڕێز وەزیری دارایی و ئابووری دەپرسم، ئایا پارەی پترۆدۆلار کە دابەش کراوە لەنێوان شارەکانی کوردستاندا تا

ئێستا حصەی سلێمانی نەگەیشتووەو دوا کەوتووە؟ دەتوانین روون کردنەوە وەربگرین، هۆکاری دواکەوتنەکە چیە؟

پرسیاری دووەمم/ بەنیسبەت ئەو پارەیەی کە دانرا بوو بۆ بانکی پیشەسازی و زراعی، لە بەدواداچوونەکانماندا لەگەڵ وەزارەتی داراییدا گەیشتینە ئەوەی کە ژمارەیەکی زۆر زۆر کەم لە هاووڵاتیان داوای ئەو قەرزەیان کردووە، بەدەم وەرگرتنی ئەو قەرزەوە رۆیشتوون کە وەری بگرن، دەتوانن هۆکارەکانمان بۆ روون بکرێتەوە، کە هۆکارەکان چیە؟ چونکە ئەگەر پارەیەکی وا تەخصیص بکرێت بۆ ئاوەدانکردنەوە، بێگومان خەڵك دەبێت زیاتر رووی تێ بکات، بەپێچەوانەوە، قەرزەکە چەند کەسێکی زۆر کەم تا ئێستا چوون بەپێی وەرگرتنی ئەو قەرزەوە، ئایا وەزارەتی دارایی و ئابووری بیری لەوە کردۆتەوە رێنماییەکانی دەستکاری بکات، یاخود ئالیەتێکی تر بدۆزێتەوە؟ بۆ ئەوەی خەڵك دەست بکات بەوەی ئەو قەرزە وەربگرێت.

پرسیاری سێیەمم/ هەر لە بەدواداچوونەکانماندا وەك ئەندامانی پەرلەمان بۆمان روون بۆتەوە، کە زۆربەی زۆری ئەو پارەیەی تەخصیص کراوە لە بودجەی پارساڵدا بۆ وەزارەتەکان، تا ئێستا بڕێکی زۆر کەمی خراوەتە ئیشەوە، یەعنی گەیشتۆتە نەتیجەی ئەوەی ئیشی لەسەر بکرێت، ئایا وەزارەتی دارایی و ئابووری، بێگومان هەرچەند دەمەوێت بڵێم سەبەبی ئەوە بووە کە بودجە دواکەوتووە؟ گەیشتنی بودجە بۆ دائیرەکان تاخیر بووە، بەڵام لە هەمان کاتدا ئایا وەزارەتی دارایی و ئابووری رێنماییەکی هەیە، یاخود ئالیەتێکی هەیە بۆ پرسینەوە لەو دائیرانە وەکو وەزارەتی دارایی و ئابووری، ئەگەر بودجەکەی سەرف نەکردووە لە ئەمساڵدا، لە ساڵی داهاتوودا ئیجرائاتی دارایی و ئابووری چی دەبێت بەرامبەر بەو وەزارەتانە؟ سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەتی پترۆدۆلارەوە ئەمساڵ هیچ پارەیەکمان وەرنەگرتووە تا بێین دابەشی بکەین، لە پێش ئەوەش من ئەم مەوزوعەم باس کرد.

بەنیسبەتی بانکی پیشەسازییەوە، دیارە بانکی پیشەسازی، وەزارەتی دارایی و ئابووری تەعلیماتی دەرکردووە بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی پیشەسازیدا، پێکەوە ئەو تەعلیماتەیان دەرکردووە، بەڵام ئوسوڵەن لەبەر ئەوەی تەبیعەتی مالی هەیە، بە ئیمزاو بە صادیرەی وەزارەتی دارایی و ئابووری دەردەچێت، بەڵام بە ئیتیفاق لەنێوان هەردوو لایانە، بە وجودی نوێنەری هەردوو لایانە، ئەگەر ئەو پارانەی کە کەم سەرف بووە بۆ ئەوێ، فیعلەن وایە، ئێمە پێمانوایە یەکەم ئەو پارەیەی کە تەخصیص کراوە لە رێنماییەکان، (500) ملیۆن دینار حەددی ئەعلایە، ئەو پارەیە کەمە، هیچ پرۆژەیەکی صناعی

بەو پارەیە ئەوە نەکات، بەلأم ئەگەر بێیت ئەوەش زیاد بکەیت، مانای ئەوەیە کەمترین عەدەد ئەمساڵ لە هەمان کاتدا کەمترین عەدەد ئیستیفادە دەکات، لەبەر ئەوە ئێمە پێمانوایە هەم دەبێت ئیعادەی نەزەر لەوانە بکرێت و، لە هەمان کاتدا دەبێت وەزارەتی صناعە خۆی خەڵك بنێرێت، بۆ ئەوەی داوای سولفە بکات و سولفە وەربگرێت، یەکێکە لە نەشاتاتی ئەو وەزارەتە.

بەنیسبەتی پارەی سەرف کراوی خوتە، نازانم ئەوە، بەڕاستی لەناو ئەوەکاندا زۆر بە وازیحی نەهاتووە، شەونم خان قەصدت چیە؟ دەڵێت ئایا موحاسەبەی ئەوانە دەکەن کە پارەکە بە تەواوی سەرف ناکەن؟ وەڵڵاهی ئێمە جیهەتی موحاسەبە نین، ئەوە لە ئەنجومەنی وەزیران دوو دائیرە هەیە، دائیرەی بەدواداچوون هەیە، دائیرەیەکی تری تەفتیشی هەیە لەوێ ئەوانە مەفروزە ئەو حیساباتانە بکەن، وەزارەتی پلاندانان کە ئیشی رەئیسی ئەوە، کە پرۆژەکان تەنزیم دەکات و موتابەعەی دەکات، ئەوە لەوێوەیە، ئێمە تەنها ئەوەندە دەڵێین هەموو ساڵێك ئێمە لەلای خۆمانەوە ئاگاداری وەزارەتی پلاندانانمان کردووە، یان وەزارەتەکان، ئیتر بە تەئشیر پێمان گوتوون و گوتوومانە پارەکەتان ماوەتەوەو سولفەکانتان بنێرن، وەڵڵاهی کە دێتە نزیك سەری ساڵ، دائیمەن داوا دەکەین سولفەکان بنێرن، بینێرن بۆ ئەوەی سەرفی بکەین، چونکە ئێستاکە ئێمە لە 15ی مانگەوە دەبێت سەرف رابگرین و رامانگرتووە، ئەمە شتێکە لە هەموو عێراقدا موتەبەعە، چونکە ئێمەش دەبێت بۆ مانگی دوازدە حیساباتی خۆمان بکەین، لەبەر ئەوە دەبینی دەمێنێتەوە، هەرچەندە سولفەمان هەر نەهێشتۆتەوەو ئەوەمان رانەگرتووە تاکو ئەم دەقیقەیەش، بەلأم مەفروزە ئەوان خۆیان وەزارەتی مەعنی بەو ئیشە هەڵبستێت و موتابەعەی ئیشەکانیان بکەن، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز شەونم خان فەرموو.

**بەڕێز شەونم محمد غریب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز سمیرە عبداللە فەرموو.

**بەڕێز سمیرە عبداللە اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دوو پرسیارم هەبوو، وەلأمەکانم وەرگرتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز هاژە سلیمان فەرموو.

**بەڕێز هاژە سلیمان مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش هەندێك لەو پرسیارانە وەڵامم وەرگرتۆتەوە، تەنها ئەوانە نەبێت كە وەڵامم وەرنەگرتۆتەوە:

دەربارەی داهاتی دەروازە سنوورییەكان، ماوەیەك بەر لە ئێستا دەنگۆی ئەوە هەبوو، كە داهاتی گومرگی ئیبراهیم خەلیل ناچێتە ناو خەزێنەی حكومەتەوە، بەڕێز وەزیری دارایی و ئابووری، وەڵامتان چیە بۆ ئەمە؟ ئەگەر روون كردنەوەیەك بدرێت لەسەر ئەو بابەتە.

پرسیاری دووەمم/ دەربارەی میلاكات بوو، بەڵام لە دوو بڕگە پێكهاتبوو:

بڕگەی یەكەم/ وەڵامم وەرگرتەوە.

بڕگەی دووەم/ دەربارەی ئەو چوار هەزار پلە وەزیفیە بوو، كە زیادەی وەزارەتی دارایی و ئابووری لە هەمان ماددەدا هاتبوو لە بڕگەی چوار، چۆن دابەش كراوە بەسەر وەزارەتەكانی پەروەردە، تەندروستی، ناوخۆ، ناوچە كێشە لەسەرەكان.

پرسیاری سێیەمم/ دەربارەی سەد ملیار دینارەكە بوو، وەڵامم وەرگرتەوە.

پرسیاری چوارەمم/ دەربارەی ئەوە بوو كە بەپێی ماددەی (13) لەبڕگەی یەكەمی خاڵی یەكەم لە یاسای بودجەی هەرێمدا، وەزارەتی دارایی و ئابووری نیوەی مووچەی ئەو فەرمانبەرە دەدات، ئەگەر لە فەرمانگەی هەرێم راژەی بگوازێتەوە بۆ كەرتی تایبەت، بۆ ماوەی سێ ساڵ، ئایا تاكو ئێستا هیچ حاڵەتێكی گواستنەوە لەم جۆرە هەبووە؟ ئایا ئەم بڕگەیە جێ بەجێ كراوە؟

پرسیاری پێنجەمم/ وەڵامەكەم وەرگرتۆتەوە دەربارەی سندووقی دەزگای خانەنشین.

پرسیاری شەشەمم/ دەربارەی ئەوەی كەبەپێی ماددەی (16) لە بڕگەی (5) لە بودجەی ساڵی 2011دا هاتووە بڕی دە ملیار دینار تەرخان بكرێت بۆ هاوكاری كردنی ئەوانەی كاتی خۆی پەنایان بۆ ئێران و توركیا بردووەو گەڕاونەتەوە، یان نیازیان هەیە بگەڕێنەوە بۆ كوردستان، لە یەدەگی وەزارەتی دارایی و ئابووری، بەڵام بەپێی ئەو زانیارییانەی كە لەلای ئێمە هەیە، بەڕاستی تاكو ئێستا هیچ مەبلەغێك لەو پارە تەرخان كراوە سەرف نەكراوە، ئایا هۆكار چیەو بۆ ئەوە سەرف نەكراوە؟

پرسیاری حەوتەمم/ دەربارەی ئەو دەزگایانە بوو كە یەكیان نەگرتۆتەوە، وەڵامەكەم وەرگرت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەنیسبەتی داهاتی ئیبراهیم خەلیلەوە، بەڕاستی من لەهەندێك جەریدەش دەخوێنمەوە، لە ئیعلامیشدا خوێندیتمەوە، داهاتی ئیبراهیم خەلیل ئەوەی كە داهات بێت لە هەموو مەنافیزی حدودیەكانی ئێمەدا لە هەموو دائیرە گومرگیەكانماندا، مەفروزە هەموو داهاتێك بە وەسڵی قەبز موحاسەبە (37) دەبڕدرێت،

ئەوەی کە لەلای ئێمە بینیومانە لە تەدقیقەوە بۆمان هاتووەو موتابەعەمان کردووە، ئەوانە هەمووی و فیعلەن ئەو داهاتانە وەرگیراوە، رەقابەی مالیەش بۆ تەئکید تەدقیقی ئەوانەی کردووەو، لە سجلاتی موحاسەبەی سندووقدا ئەویش (66) موحاسەبەی پێ دەڵێن، هەروەها لە سجلاتی حیساباتیشدا داهاتەکان بە هەردوو پارەی دۆلارو دینار وەرگیراوەو موسەجەلە، ئەوەی لەلای ئێمە بەنیسبەتی ئێمە وەکو حکومەت موتەبەعە لە دەروازەکانی باشماغ و پەروێزخان و حاجی ئۆمەران چۆن کراوە، لەوێش بە هەمان شێوە کراوە.

بەنیسبەتی تەوزیعی میلاکەوە، تەوزیعی میلاك ئەو چوار هەزار کەسەی لە وەزارەتی دارایی و ئابووری وەختی خۆی هەڵگیرا، بۆ ئەوەی بدرێتە دائیرەکانی دیکە، دیارە ئەوە تەوزویع کراوە بەم شێوەیە:

(1800) بۆ تەربیەیە، (500) بۆ ناوخۆ، (700) بۆ صحەیە، (1000) بۆ ئاسایشی هەولێرو سلێمانی، ئەمانە دەکاتە (4000)و باقیەکەشی بۆ وەزارەتی داراییمان ماوەتەوە.

بەنیسبەتی دە ملیار دینارەکەوە، ئەو دە ملیارە تەرخان کراوە، تەحویل حیسابات کراوە، مەبلەغیشی لێ سەرف کراوە، نەك لێی سەرف نەکراوە، وابزانم پێنج ملیاری لێ سەرف کراوە.

بەنیسبەتی ئەوانەی بۆ کەرتی تایبەت ئایا رۆیشتوون، چەندێکن؟ بەڕاستی زۆر زۆر کەمە، پێموایە سێ بۆ چوارە، لە سلێمانی سێ کەسە، لێرە یەك کەسە، هەتاکو ئێستا کە رۆیشتوون بۆ کەرتی تایبەت، ئیستیفادەیان لەو بڕیارە کردووە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز هاژە خان فەرمووو.

**بەڕێز هاژە سلیمان مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز بێریڤان سەرهەنگ فەرموو.

**بەڕێز بێریڤان اسماعیل سەرهەنگ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوو پرسیارم هەیە، بەلاّم پرسیارێکیان دەپرسم، ئایا پاش ئەوەی پەرلەمانی کوردستان یاسای رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی پەسند کرد، بەپێی یاساکە یارمەتی دارایی بە رێکخراوەکان دەبەخشرێت؟ چونکە دوای ئەوەی پێداچوونەوەم کردو لەگەڵ چەند رێکخراوێك قسەم کردو پرسیم، دەڵێن هەتاکو ئێستا ئەو یارمەتیەی وەردەگرین بەپێی یاسا کۆنەکەیە، بەلاّم ئەوەی ئێمە دەنگمان لەسەردا یارمەتی رێکخراوەکە دەدرێت، هەروەها یارمەتی ئەو پرۆژەیە، یان ئەو چالاکیانەی بەپێی ئەوە پێشکەش دەکرێت، ئایا بۆ تاکو ئێستا یاسا کۆنەکە بەکار دەهێنن، یاسای تازە بەکار ناهێنن؟

پرسیارێکی ترم هەبوو، بە ئیمێل ناردیتم، دڵنیا نیم لەوەی.................

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، نابێت، یەك پرسیارت هەیە، بەڕێز جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەتی ئەم پرسیارەوە لە ئەنجومەنی وەزیران بەڕێوەبەرایەتیەکی گشتی، دائیرەیەکی گشتی دانراوە ئەو ئیشانە دەکات، سێ، چوار مانگە ئەو ئیشانە دەکات و، ئەوە لە ئیختیصاصی ئەوانە، تەنها تەمویل کە بۆ ئێمە دەنووسرێت لەلای ئەوانەوە دەردەچێت و ئێمە جێ بەجێی دەکەین، ئەو برادەرەی کە بەرپرسی ئەو دەزگایە هەر خۆشی رەئیسە، رەئیسی لیژنەی ئەو جۆرە تەمویلانەیە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز بێریڤان خان تێبینیت هەیە؟ ، کاك سەمیر فەرموو.

**بەڕێز سمیر سلیم امین بەگ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من چوار پرسیارم ناردووە:

پرسیاری یەکەم/ موحافەزات ئیستیحقاقێکیان هەیە لەخاڵە گومرگیەکان کە دەکەوێتە سنوورییانەوە، دیارە ئێمە لەکوردستاندا ئەوەی کە سنووری رەسمیە، ئیبراهیم خەلیلە، حاجی ئۆمەرانە، باشماغە، لەگەڵ دوو مەتاری سلێمانی و هەولێر، بەپێی ئەوە لە 5٪ی موستەحەقاتی موحافەزات دەبێت، بەپێی دەستووری عێراقی، ئایا ئەم بڕە چەندە؟ یەعنی بێجگە لە 17٪کە کە وەریدەگرین، ئەوە دواییە، ئەم بڕە چەندەو چۆن حیساباتی بۆ دەکرێت بۆ پارێزگاکان؟

پرسیاری دووەمم/ ئێمە کارمەندانی کەرتی تایبەت بەردەوام مووچەو موستەحەقەیان لەسەر حکومەت و لەسەر میلاکی کەرتی گشتییە، بڕیارێکیشمان دەرکرد لە پڕۆژە یاسای بودجە، کە حکومەت دەچێتە ژێر باری کۆمەڵێك ئیستیحقاقاتیانەوە لە 50٪ی مووچەیانەوە، ئەو کارمەندانە کە ئیش دەکەن لەسەر کەرتی تایبەت ژمارەیان چەندەو موستەحەقاتیان چەندە؟ بۆ ئەوەی ئێمە بزانین، بەتایبەتی بۆ بودجەی داهاتوو.

پرسیاری سێیەمم/ یەکێك لە مەسەلەکاندا هاتە پۆلیسی هاتوچۆ داهاتیان هەیە لە رسومات، لە عقوبات، ئەم داهاتە ساڵانە دەدرێت بە وەزارەتی ناوخۆ، نایەتە ناو بودجەی حکومەتەوە، نایەتە ناو داهاتی هەرێمەوە، ئەم پارانە چەندەو چۆن سەرف دەکرێت؟

پرسیاری چوارەمم/ ساڵانە ژمارەیەك لە کارمەندانی حکومەت تەمەنی یاساییان و ساڵانی خزمەتیان تەواو دەکەن، واتا ئیحالەی تەقاعود دەبن، سەرووی (63) ساڵەو، (30) ساڵ خزمەتیان تەواو دەکەن، ئەمانە کە خانەنشین دەکرێن فەراغێك لە میلاکاتی حکومەتدا دروست دەبێت، ئایا ژمارەی ساڵانە کە موتەقاعید دەبن، ئیحالەی تەقاعود دەکرێن لە موەزەفین چەندەو شوێنەکانیان چۆن پڕ دەکرێتەوە؟ لەسەر چ بنەمایەك و بە قەراری کێ؟ سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵامی پرسیاری یەکەم/ بەپێی یاسای بودجەی ساڵی 2010 داهاتی دەروازە سنووریەکان داخیل کراوەو دابەش کراوە لە بودجەدا بەسەر پرۆژەکاندا، بەلاّم تەحقوق نەکراوە بەنیسبەتی ئەو داهاتی دەروازە سنوورییەکان، تەبعەن ئێمە باسمان کرد ئەوە تەحقوقی نەکردووە، بۆچی؟ چونکە پارەکەمان وەرنەگرتۆتەوە بەنیسبەتی ساڵی 2010، بەلاّم پێشی ئەوە دابەش کراوە، بەلاّم لە ساڵی 2010 جەنابت دەپرسی وەرمانگرتۆتەوەو من لە پێشەوە تەوزیحمدا بە جەنابت.

وەڵامی پرسیاری دووەم/ بەپێی زانیارییەکان ژمارەی ئەو کارمەندانە کەمە، ژمارەیەکی کەم دەگرێتەوە، تا ئێستا نەبۆتە دە کەس.

وەلاّم پرسیاری سێیەم/ لەبەر ئەوەی ئەو داهاتە راستەوخۆ دەبێتە بارمتەو لەلای خۆیان دەردەکەوێت و تۆمار دەکرێت، پێویستە ئەو پرسیارانە ئاراستەی لایەنی پەیوەندیدار بکرێت، چونکە خەرجی دەکەنەوە لەلای خۆیانەوە، ئەوە بەنیسبەتی داهاتی پۆلیس ئەوانە نیزامێکیان هەیە، پۆلیسی مرور نیزامی لامەرکەزی بەکار دێنن، لامەرکەزی بەس بەنیسبەت ئەو حیسابەوە، ئەو حیسابە وەکو داهات و مەسروف لەلای خۆیانە، بەلاّم نیسبەتەکە لە ئەخیری ساڵدا نیسبەتی وەزارەتی مالیە دەنێرنەوە بۆ وەزارەتی دارایی و ئابووری، 50٪ هی ئێمەیەو، 50٪ هی ئەوانە، بۆ سەلامەی مروری تەوزیع کراوەو، وەختی خۆی ئەمری پێ هەیە چۆن تەوزیع دەکرێت؟

وەڵامی پرسیاری چوارەم/ ژمارەی فەرمانبەران کە خانەنشین دەکرێن جیاوازە، مەسەلەن تۆ باسی ساڵێك ناکەیت، ساڵ لەگەڵ ساڵدا جیاوازە، ئەگەر بمانەوێت هەموو ساڵەکان، دەبێت پرسیارەکەت ئاراستەی مودیریەی عامە بکەم، چونکە لەوەتی لە کوردستانین چەند تەقاعود بووە، بەلاّم هەر ساڵ بە ساڵ چەند تەقاعود بووە، ئەو وەختە ئاگادارت دەکەینەوە کە بە رەسمی چەند تەقاعود بوون.

بەنیسبەتی ئەوە کە خانەنشین دەکرێتن چۆن شوێنەکانیان پڕ دەکرێتەوە؟

بەنیسبەتی هەر کەسێك کە خانەنشین دەکرێت میلاکەکەی شاغر دەبێت، هەر ئیستحداسێك کە لە وەزارەتەکان دەکرێت، ئەو شوێنە شاغیرانەی پێ پڕ دەکرێتەوە، ئەو دەسەلاّتە بەڕاستی هەرچەند ئێمە

**بەکارمان نەهێنا، چونکە خۆتان دەزانن ئێمە لە ساڵی 2010دا تەجاوزمان هەبوو، کە تەجاوزمان هەبوو نەمانتوانی و بەوانە تەسفیە کرا، بەوانە تەجاوزەکان تەسفیە کرا، بەشێك لە تەجاوزەکەی تەختیە کرد، پارساڵیش تەوزیحماندا بەنیسبەت ئەوەوە، هەرچەندە دەسەڵات درا بوو بە وەزیری دارایی و ئابووری کە ئەوانە پڕ بکاتەوە، بەڵام خۆی زیادە هەبوو لە میلاکدا، واتا دامەزراندن، هەروەکو ساڵی رابردووش باسمان کرد، ئێستاش لە پرسیارێکدا دێتە پێشەوە، ئەوە نەیهێشتووە ئێمە خەڵك لە شوێنێ دابنێین، بەڵام ئەگەر بێتو هەر کەسێك تەقاعود بکرێت، شوێنەکەی شاغر دەبێت، مەفروزە یەکێك لە شوێنی بێت، سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

**زۆر سوپاس، بەڕێز کاك سمیر فەرموو.**

**بەڕێز سمیر سلیم امین بەگ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**دیارە لە ساڵی 2011 لە 17٪ەکە (400) ملیار دینار بوو لە زیمنی داهاتدا دەرج کرا بوو، ئێمە لە لیژنەی دارایی و ئابووری لاماندا دەزانم، ئەم لە 5٪ـە موستەحەقاتی موحافەزاتە، کە خاڵی سنووری دەکەوێتە سنووری موحافەزەکەوە، ئەمە جیایە لەو 17٪یە، کە من حەزم دەکرێت ئێمە بزانین وەکو کوردستان چەندێکە؟**

**بەنیسبەت کارمەندانی کەرتی تایبەت، من پێم سەیرە، ئێمە مەعامیلمان هەیە، مەعمەل چیمەنتۆمان هەیە، ئێمە ئیتیصالاتمان هەیە لە کوردتێلەوە بگرە، هەتاوەکو ئیتصالاتی تر، ئێمە کەرتی تایبەتمان زۆرە، موەزەفینی ئەم کەرتە تایبەتانەش ئەوەندەی زانیاریم هەبێت لە هەندێ شوێنیان، لەهەموو شوێنیان نا، مەسەلەن مەعمەلەکان تا ئێستا هەندێك لە مەعمەلەکان لەسەر حکومەت مەعاش و شت وەردەگرن.**

**بەنیسبەت هاتوچۆ، تەبیعی دەزانم ئەو بەشەی لە پەیوەندی ئیحالەی وەزارەتی ناوخۆ دەکرێت و لەوی پرسیار دەکرێت، بەڵام ئاگادار بوونی وەزارەتی دارایی و ئابووری بۆ شێوازی سەرف و بۆ چۆنیەتی کۆکردنەوە، دەزانم دەبوو وەڵامێکم دەست بکەوتایە.**

**سەبارەت بە پڕکردنەوەی میلاکات، تەبعەن ئێمە ساڵانە ئیستیحداسی میلاك دەکەین، ساڵی پار (25) هەزار کەسمان تەعین کردووە، ئەوە دەبێت وەکو ئیستیحداسی میلاك وایە، بەڵام ئێمە لە ساڵی 2010 بەپێی ئەوەی لە حیساباتی ختامیدا هاتووە، بڕیارماندا دە هەزار فەرمانبەر تەعین بکرێت، (36) هەزار تەعین کراوە، واتا (26) هەزار تەجاوز هەیە لە مەوزوعەکەدا، ئەم (26) هەزارە ئەوەندەی کە قیرائەی یەکەم پڕکردنەوەی میلاکاتی موتەقاعیدینە، ئەوانەی ئیحالەی تەقاعود دەکرێن، پڕ کردنەوەکە بە بڕیاری کێ دەبێت؟ پرسیارەکەم ئەوەیەو، سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

**زۆر سوپاس، بەڕێز جەنابی وەزیر فەرموو.**

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەتی داهاتی گومرگەوە، من جارێکی تریش دەڵێم ئەوەی کە تەسبیتمان کردووە هی ساڵی 2010 ئەوە ڕۆیشتووە، بەنیسبەتی 5%ی حدودی، 5%ی ئەوەی کاك سەمیر باسی دەکات، بەڕاستی ئەوە ئەگەر بۆ مەساریفی گومرگی بێت، ئەوە بۆ مەساریفی گومرگی سەرفمان کردووە، بۆ ئەوەی بۆ موحافەزات بێت، ئەو 5% بێین ئێمە لە گومرگدا سەرفمان کرد بێت، هەتاکو ئێستا ئەوە لەلای ئێمەوە بە هیچ نەوعێك و بەنیسبەتێك نەهاتووە بڵێت ئەو نیسبەتە بۆ ئەوەیە، بەنووسراوێکی ڕەسمی بۆ ئێمە نەهاتووە، من تا ئێستا ئەوەم نەبینیوەو تەئکیدش دەکەمەوە، بەلأم لەسەر ئەوە ئێمە تەعقیب دەکەین.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی سکرتێر تێبینیەکی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز فرست احمد عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی برای بەڕێزم باسی کرد کو 5% لە داهاتی گومرگ بۆ پارێزگاکانە، ئەوە لە دەستووری عێراقی نەهاتووە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، کاك سەمیر فەرموو.

**بەڕێز سمیر سلیم امین بەگ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سوپاس، من نوسخەی دەستوورەکەم لا نییە، ئەگینا لە دەستووردا هەیە، چونکە لیژنەی ناوخۆش ئەو کاتەی کەباسی قانونی موحافەزاتمان کرد، لەوێش ئەو مەوزوعەمان باس کردووە، دوایی پیشانی جەنابی سکرتێری دەدەم، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز هاوڕاز خان فەرموو.

**بەڕێز هاوڕاز شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من سێ پرسیارم هەیە:

پرسیاری یەکەم/ لەکاتێکدا بەپێی بودجەی پەسند کراوی ساڵی 2011 لە ماددەی (30) بڕیارماندا مووچەکان لەگەڵ بەغدا هاوتا بکرێت، بەلأم تا ئێستاکە هیچ دەرماڵەیەکی ترسناکی بۆ کارمەندە ئیدارییەکانی دامودەزگاکانی تەندروستی لە کوردستان نییە، لەگەڵ ئەوەی کە بەڕاستی کارمەندانی ئیدارەی تەندروستی ئەوانیش وەکو پزیشك، وەکو کارمەندانی تر ترسناکیان لەسەرە، بەڕاستی لەگەڵ

ئـەوان ناعەدالـەتی دەکرێـت، کـە هـیچ ختورەیـەکی ترسـناکیان نییـە، بەڕاسـتی ترسناکیشـیان لەسـەرە بـە دەرەجەیەکی زۆر، ئەگـەر بڵێم لـە پزیشك و کارمەنـدەکانی تـر زیـاتر نـەبێت، کـەمتر نییـە، ئێمـە لەگـەڵ ئەوەین، با قسەکەم بکەم، چونکە روون کردنەوەکەم ئەوەیە، لە بەغـدا ئـەم دەرماڵەیـە سـەرف دەکرێـت، لـە کوردستانیشدا وەزیری تەندورستی واژووی کردووەو رازییە بەوەو پشتگیری سـەرف کردنـی ئـەو دەرماڵەیـە دەکات، ئەنجومەنی وەزیرانیش بە هەمان شێوە پشتگیری لـە سـەرف کردنـی ئـەم دەرماڵەیـە دەکات، بـەڵام وەزارەتی دارایی و ئابووری سەرفی نەکردووە، لەگەڵ ئەوەی لەلیژنەشم، کتابمان کـردووە بـۆ سـەرف کردنـی ئەم دەرماڵەیە، چونکە حەقێکی ئەو کارمەندانەیە.

پرسیاری دووەمم/ بەپێی ماددەی سێیەم لە بڕگەی سێیەم لە یاسای بودجەی پەسند کـراوی سـاڵی 2011، بـڕی سـەد ملیـار دینـار دانـرا بـۆ پشـتگیری کردنـی پـرۆژە خزمەتگوزارییـەکانی قـەزاو ناحیـەکان، تەبعـەن ئەوانەی لە رابردوو کە کۆچیان پێ کرابـوو، پرسـیاری مـن ئەوەیـە ئـەو سـەد ملیـارە چـۆن سـەرف کـراوەو چەندی لێ سەرف کراوە؟

پرسیاری سێیەمم/ لە ماددەی سێیەم هەر لە یاسای بودجەی لە ماددەی سێیەم لە بڕگەی چـوارەم هـاتووە زیاد کردنی تەرخان کراوی تۆڕی چاودێری کۆمەڵایەتی کە (75) هـەزار دینـار بـوو کـرا بـە (150) هـەزار دینـار، ئـەو بـڕە پارەیـە لەسـەر چ بنەمایـەك دابـەش دەکرێـت و ژمـارەی ئـەو کەسـانەی کـە ئـەم پارەیـە دەیانگرێتەوە چەند کەسە؟، لە هەر پارێزگایەك چەندی بەر دەکەوێت؟ سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەتی 3٪ی موخەصەصاتی ئیدارییەکانی وەزارەتی تەندروستیەوە، بەڕاسـتی ئـەم مەوزوعـە لـە دوو، سێ شوێنەوە هاتۆتە وەزارەتی دارایی وئـابووری، لـە چەمچـەماڵەوە وەکـو مەزبەتەیـەك کـرا بـوو، هـات، لـە سلێمانیەوە داوا کرا، ئێمە لەلای خۆمانەوە دیراسەمان کردو پەیوەندیمان کرد بـە وەزارەتـی تەندروسـتی و وەزارەتی دارایی بەغداوە، هەرچەندێك ئێمە بەرزمان کردۆتەوەو داوامان کردووە لە ئەنجومـەنی وەزیـران، بـۆ ئـەوەی رای خـۆی بـدات لەسـەر ئـەم مەوزوعـە، ئەگـەر موافەقـەتیان کـرد سـەرفی دەکـەین، بـەڵام یـەك مەوزوع هەیە حـەز دەکـەم جـەنابتان بـزانن، ئێمـە ئیعتیمـاد دەکەینـە سـەر بڕیارێـك لـەوەزارەتی مالیـەی عێراقی دەرچوو بێت، نەك وەزارەتی صحە، یـاخود پەرلـەمان لـەوێ موصادەقەی لەسـەر کـرد بێـت، نـەك وەزارەتی صحەی عێراقی خۆی ئەو قەرارەی دەرکردووەو،بە شەخصیش پەیوەندیمان کردووە، گوتیان بەڵێ دەسەڵاتی وەزیری صحەیە ئەوە بکات، ئێمە لەسەر ئەوەشەوە مانیعـەتمان نـەکرد، ناردمـان بـۆ ئەنجومـەنی وەزیران، ئێستا چاوەڕێی وەڵامین.

بەنیسبەت پرسیاری دووەمەوە/ کە موناقەشەم لەگەڵ برای بەڕێزم کاك دڵشاد، وەڵامی ئەو پرسیارەم دایەوە.

بەنیسبەت پرسیاری سێیەم/ بەنیسبەتی بودجەی ساڵی 2011 ئەو زیاد کردنە ئەنجام دراوە، بەپێی ماددەی سێ برگەی چوار، ژمارەشیان (53278) بەرکەوتووی پارێزگاکانە، چاودێری خێزان لەلایەن وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتیەوە پێویستە وەڵام بدرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، فەرموو.

**بەڕێز هاوڕاز شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەشی یەکەمی پرسیاری سێیەمم لەسەر چ ئەساسێك ئەمە دابەش دەکرێت؟ ئەگەر پێوەری ئەمە بڵێی.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

باسم کرد وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی دەبێت وەڵام بداتەوە، چونکە لە ئیختیصاصی ئەوانە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز ناسك تۆفیق فەرموو.

**بەڕێز ناسك تۆفیق عبدالکریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە من چوار پرسیارم هەیە:

پرسیاری یەکەمم/ راستە جەنابیان وەڵامیان دایەوە، بەس من حەز دەکەم زیاد کردنی ئەو بودجە تەشغیلیە بۆ دامەزراندنی (25) هەزار فەرمانبەرەکە، کە ئێمە لە 10٪کەمان لە پەرلەمان دابەزاند، ئەو لە 10٪یە لە هەموو بودجەی بە کاربەر بوو، نەك تەنها لە تەعویزاتی موەزەفین، ئەو بودجەیەی کە دانراوە (25) هەزار فەرمانبەرو هەتا مانگی ئێستاش لەسەر بێت، هێشتا (25) هەزار فەرمانبەرەکە تەواو نەبووە، لە مانگی (9)ەوە دەستی پێ کردووە، بەڕاستی حەقی خۆیەتی ئێمە وەکو پەرلەمان بزانین ئەو پارەیە چۆن سەرف دەکرێت و چی لێ دێت؟ ئایا هەر نایەت لە بەغداوە؟ چونکە ئەوە (900) ملیار بەرەو سەرە.

خاڵی دووەم/ بودجەیەك هەیە بۆ خانووی (900) خاوەن شەهیدەكانی هەڵەبجەی شەهید، كە ئەمە دوای ئەوەی (23) ساڵ بەسەر ئەو كارەساتە تێپەڕیوە، ئەم بودجەیە كەی سەرف دەكرێت و چۆن سەرف دەكرێت؟ ئەگەر یارمەتیەكی جەنابی وەزیر بدەم، لە 2009/11/11دا (18) ملیار چۆتە سەر وەبەرهێنان، بۆ ئەوەی ئەو مەوزوعە حەل بكات، بەلاَم هەتا ئێستا یەك خانوو لەسەر ئەو مەوزوعە چارەسەر نەكراوەو هەروەكو خۆی ماوەتەوە، ئەگەر لە خیلالی ئەو دوو ساڵە لە بانك بوو بێت، دەبێت فائیدەی چوو بێتە سەر دوو ملیارو سەدو شەست ملیۆنی چۆتە سەر، تا ئێستا ئەم پارەیە چی لێهاتووە؟
پرسیاری سێیەمم/ بەپێی ماددەی (21)ی بڕگەی (1 و 2)، تەبعەن ئەم پرسیارە بەڕێز كاك گۆران كردی، بەس من گوێم لە وەلاَم نەبوو، پەرێنرا لەسەر سندووق و داهاتی نەوتەكە بوو، بەپێی ماددەی (21)ی بڕگەی (1 و 2)ی یاسای بودجەی ساڵی 2010، بەپێی ماددەی (17)ی یاسای بودجەی ساڵی 2011، سەبارەت بە داهاتی نەوت و كردنەوەی ژمارەی حیساب و دانانی سندووقی داهاتی نەوت بۆ ئەم مەلەسەیە چی كراوە؟ بڕی داهاتی نەوت چەندە؟ بەڕاستی من بە رەقەم دەوێت، چونكە ئێمە وەكو لیژنە دوو ساڵە ئەوەندە نووسراومان كردووە، بەلاَم وەلاَممان بۆ نەهاتۆتەوە، من ئێستا بە رەقەم دەمەوێت، داهاتی نەوت چەندە؟ بەخششەكانی گرێبەستەكان چەندە؟ ئەوانەی كە بە پرۆژە بۆمان هاتووە، پرۆژەیە لەسەر داهاتی نەوت دروست كراوە، ئەو پرۆژانە چەندن و لەكوێیە؟ هیوادارم ئەم پرسیارەم تەرك نەكرێت.
پرسیاری چوارەم/ بەپێی ماددەی (29)ی یاسای بودجەی ساڵی 2010، ئەم پرسیارەش یەكێكی تر كردی، بەس بەڕاستی من هەر قەناعەتم نەبوو بە وەلاَمەكەی، لە ماددەی (24)ی یاسای بودجەی ساڵی 2011 باس لە یەكخستنی بودجەی ئەو دەزگایانە دەكات، كە یەك نین، وەكو دیوانی چاودێری و ئاسایش و هێزەكان پێشمەرگە، ئێمە گوتمان ئەگەر یەكیان نەگرتەوە، مانگی دوازدە بودجەیان ببڕدرێت، نازانم دەڵێن گوتیانە نابێت ببڕن، یەعنی لە غەیری پەرلەمان، كێی تر بڕیار دەردەكات؟ بۆ ئەوەی جێ بەجێ بكرێت، یەعنی كێی تر هەیە لەسەرووی ئێمەوە بتوانێت بڕیار دەربكات لەسەر شتێك و قەرار لەسەری وەربگیرێت؟ ئێستا مەفروزە مانگی دوازدە ئەو بودجەیە بڕدرا بێت، ئەگەر یەكی نەگرتبێتەوە، ئەو بودجەیە چەندەو دەچێتە كوێ و چی لێ دەكەن؟ سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە حەقیقەتدا ئەوەی لەلای من تەئشیر كراوە، دەڵێت هەموو پرسیارەكان وەلاَم دراوەتەوە، بەلاَم مەجبورم دووبارە وەلاَم بدەمەوە، جارێ بەنیسبەتی ئەو (25) هەزار فەرمانبەرەوە وەڵلاهی ئەوەم شەرحم كرد، ئێستاش جارێكی تریش دەڵێم یەعنی ئەمە مەوزوعێكە روون و ئاشكرایە، نازانم بۆچی ئێمە (25) هەزار فەرمانبەر مەفروز بووە تەعینی بكەین، پارەكەمان داناوە لەناو تەعویزی موەزەفیندا، هەر فەرز كراوەو

کەسیش تەعین نەبوو، ئەو پارەیەمان چی لێ کرد؟ پارەکە هەر لەناو تەعویزی موەزەفینە، باشە پارەی تەعویزی موەزەفین چۆن سەرف کرا؟ غەیر سەرف کراوە بۆ فەقەراتی تر، فەقەراتەکانی تر بوەستن هەتا حیساباتی خیتامیتان بۆ دێت، چونکە ئەوە لە حیساباتی خیتامی دەردەچێت، رەقابەی مالیش تەدقیق دەکات، ئەگەر خەلەلێك لە وەزارەتی مالیە هەبێت و دەستکاری کرد بێت و برد بێتی و دابێتی بە حزبێك، یەعنی ئەوە مەعلوم دەبێت، من بەڕاستی پێم خۆشە بۆ خوشك و برایەکانم باس بکەم و ئێستا دووبارەو سێ بارەش بکەمەوە، دە جاری تریش باس دەکەمەوە، ئێوە ئەمر دەکەن، بەلآم وەللآهی حەقە ئێوە ئەو مەوزوعانە ئەوەندە دووبارە نەکەنەوە بە من، حەقی خۆشتانە دووبارەی بکەنەوە.

بەنیسبەتی پارەی نەوتەوە، ئێمە ئەوەی واجیبە لەسەرمان بەپێی بڕیارەکە، ئێمە بڕیارەکەمان جێ بەجێ کردووە، دوو حیسابمان کردۆتەوە بۆ وەزارەتی نەوت، حیسابێك بۆ موشتەقاتی نەوت، پارە هاتۆتە ناوی دوو وەجبە، لە دوو وەجبەکە وەجبەی یەکەم هاتۆتە پەرلەمان پرۆژەکان لەسەری موصادەقە کراوە، وەجبەی دووەمی ئێستاکە وا حالیەن لە وەزارەتی پلاندانان دایە، خەریکی دابەش کردنینە، بۆیە ئەوان خۆیان وەزارەتی پلاندانان دەزانن چۆن دەیکەن.

بەنیسبەتی حیسابەکەی ترەوە، کە بەڕێزتان قەرارتان لێی داوە، ئێمە لە ژێر رەقم (24)دا ئەو حیسابەمان کردووە، لە بانکی فیدراڵ حیسابەکە مەوجودە، ئەوەی ئێمە لە رێی خۆمانەوە داوامان لە وەزارەتی نەوت کردووە، کە هەرچیەکیان هەیە تەحویلی ئەو حیسابە بکەن، یەعنی بە رەسمی هیچم بۆ نەهاتووە، ئەوەی ئاگادار کراینەوە، ئەوان ئێستا لە هەوڵدانی ئەوەن کە بچێتە ئەوێ، بۆ ئەوەی بزانن بزەبت چەندە، هەتا مەوزوعی گرێبەستە نەوتیەکان ئەوە جەنابی وەزیری سامانە سروشتیەکان مەوجودەو داوای لێ بکەن.

بەنیسبەت ئەو (900) خانووەی شەهیدانەوە، خوشکی بەڕێزم بەڕاستی ئەوە عیلاقەی بە وەزارەتی پلاندانانەوە هەیە، ئەوەش لەلای ئێمە نییە، چونکە هەندێك خانووی شەهیدان هەیە خۆتان دەزانن پارەکەی ئەسڵەن هەر لە وەزارەتی مالیەدا نییە، مەسەلەن پارەی ئەنفالەکانی چەمچەماڵ، یاخود ئەنفالەکانی کەلار، ئەو پارانە لەلای ئێمەوە نییە، لە ئەنجومەنی وەزیران سەرف دەکرێت، ئەمانەش حەقە، یەعنی جەنابتان ئەوەش بزانن، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز ناسك خان تێبینیت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز ناسك تۆفیق عبدالکریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز شلێر محمد فەرموو.

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس، پێشەکی بەخێرهاتنی کاک شێخ بایز وەزیری دارایی و ئابووری، کاک رەشید وەکیل وەزیرو ماموستا سەعد دەکەم، بەڕاستی پرسیاری یەکەم و دووەمم بەنیسبەت ئەو جیاوازییەی مووچە بوو، بەس هەر ئەوەندەیە دەڵێم کێ بەرپرسیارە لەم کێشە گەورەیە؟

دووەم/ ئەو فەرمانبەرانەی کە خانەنشین کراون رۆژانە هاتوچۆی ئێمە دەکەن، دەڵێن ئێمە هیچ لایەک وەڵامان ناداتەوە، ئەو جیاوازیە لەنێوان ساڵی 2003 بۆ 2008 کەی بۆمان حیساب دەکەن؟

بەنیسبەت پرسیاری سێیەمم/ زەوییەکی کشتوکاڵی زۆر هەیە، کە موڵکی وەزارەتی دارایی و ئابوورییە، دەکەونە ناو ماستەرپلانی شارەکان، پرسیارەکەم ئەوەیە، بۆچی وەزارەتی دارایی و ئابووری بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی شارەوانی کار بۆ ئەوە ناکات، کە زۆر کێشە چارەسەر بکرێت، وەزارەتی دارایی و ئابووری گرێبەست نەکات بە هیچ شێوەیەك لەگەڵ هیچ کەسێکدا، تاکو بە تەواوی هەماهەنگ بێت لەگەڵ وەزارەتی شارەوانیدا، بۆ ئەوەی یەکسەر ببێت بە موڵکی شارەوانی، بڕیار هەیە لە ئیدارەی سلێمانی لە (332)دا لە ساڵی 2000، هەروەها ئەو کاتەی کە بەڕێز مام جەلال فەرمانی دەرکردووە لە ساڵی 2001، دەبوایە وەزارەتی دارایی یەکسەر ئەو کارەی بکردایە.

پرسیاری چوارەمم/ لە پرۆژە خزمەتگوزارییەکانی سەر بە وەزارەتی شارەوانی و وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە کێشەی قەرەبوو کردنەوەی هاوولاَتیان لەبەر نەبوونی تاپۆ، کێشەیەکی سەرەکییە لەبەردەم بەڕێوەبردنی پرۆژەکان، ئایا ئێوە وەکو وەزارەتی دارایی و ئابووری بۆ رێنمایی دەرناکەن، کە بەڕێوەبەرایەتی بەرپرسیار بێت لەکاتی ئامادە کردنی پرۆپۆزەلی دیزاینی پرۆژەکە؟ پارە بۆ ئەو قەرەبووە تەرخان بکات، بۆ ئەوەی راستەوخۆ بۆ ئەو هاوولاَتیانە خەرج بکرێت، ئەو ئاستەنگە نەمێنێت لەبەردەم بەڕێوەچوونی پرۆژەکان، چونکە پرۆژەکان هەمووی لەسەر ئەوە دواکەوتووە.

پرسیاری پێنجەم/ لە بودجەی ساڵی 2011 بڕیار درا لە پەرلەمانی کوردستان (600) ملیار دینار بۆ ناوچە زیان لێکەوتووەکانی سەر سنوورو قەزاو ناحیەو گوندەکان تەرخان بکرێت، دوای بە دواداچوونمان، بەتایبەتی لە ئیدارەی سلێمانی بۆمان دەرکەوت کە ئەو شوێنانەی بۆی سەرف کراوە، زۆری ئەو شوێنانە نین کە زیان لێکەوتوون، بۆ نموونەش هێناومەتەوە لە باریکە سەرف دەکرێت، کە هیچ نە سنوورییەو، نە زیانی لێکەوتووە لەناو مەرکەزی سلێمانی پرۆژەی پێ دەکرێت، کە زیانی لێ نەکەوتووەو، هەروەها لە رانیە، ئەمە یەکێکە لە زۆربەی شوێنەکان، ئەو شوێنانەی کە بە تەواوی کاول کراون، تکایە وەزارەتی دارایی و ئابووری خۆی بەدواداچوونی بکات، بزانێت ئەو پارێزگایانە بۆ ئەو شوێنانە خەرج دەکەن، یان نا؟

زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز جەنابی وەزیر فەرمووو.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**بەنیسبەتی پرسیاری یەكەم/ هەروەكو گوتم وەڵامی دراوەتەوە، بەڵام ئێمە كە پرسیارم كرد لە وەزارەتی دارایی عێراقی فیدراڵ، بە نووسراوی رەسمی، وەڵامیان داینەوە، كە ئێمە خەتابار نین، هەندێك داوای موحاسەبەمان دەكەن.**

**وەڵامی پرسیاری دووەم/ كاری پێویستی بۆ كراوە.**

**وەڵامی پرسیاری سێیەم/ هەر پارچە زەوییەك تۆمار كرا بێت بەناوی وەزارەتمان، داوا كرا بێت بۆ بەرژەوەندی گشتی بەكار بێت، وەزارەتمان هەماهەنگی كردووە بۆ ئەوەیان و جێ بەجێشی كردووە.**

**وەڵامی پرسیاری چوارەم/ قەرەبوو كردنەوە یاساو رێسای تایبەتی خۆی هەیە، بە رەزامەندی سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران و بڕیاری دادگا، دەبێت بڕیاری دادگا دەرەجەی قەتیعیشی وەرگرتبێت، ئینجا جێ بەجێ دەكرێت، یەعنی قەرەبوو كردنەوە ئەوهایە، ئیتر وا دانراوە.**

**وەڵامی پرسیاری پێنجەمیش/ تەبیعی هەر چەندە لەلای ئێمە گوتراوەو وەڵام دراوەتەوە، بەڵام باس لە سەد ملیار دینار دەكات بۆ ناوچە زیان لێكەوتووەكان، ئەوەتا ئێستا خوێندمەوەو بە رەسمیش وەڵامی پەرلەمانمان داوەتەوە، سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

**زۆر سوپاس، بەڕێز شلێر خان تێبینیت هەیە؟ فەرموو.**

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**لە پرسیاری پێنجەم من دەڵێم دەبوایە بۆ شوێنی خۆی، بۆ شوێنی خاپوور كراو، دوایی بەنیسبەت پرۆژەكانمان، بەڕێز جەنابی وەزیر، من دەزانم دەبێت بە یاسا بكرێت، بەڵام ئێمە كێشەكەمان ئەوەیە ئیتر ئیشەكان ناكرێت، من حەز دەكەم هەمووتان بزانن ئیتر پرۆژەی خزمەتگوزاری بەو شێوەیە ناكرێت لەبەر دوو خانوو پرۆژەی گەورەمان وەستاوە، لە كۆڕێ قەندیل پرۆژەی گەورە هەر لەبەر تاوەری كارەبا وەستاوە، سەلاحەددین تونێلەكەی لەسەر ئەوە دەوەستێت، لەسەر دوو خانوو دەبینی، دەكرێت قەرەبووی ئەو نەوعە شتانە لەگەڵ پرۆژەكە بێت، ئێمە لە تەوێڵە كێشەیەكمان هەیە قەرەبووەكە لە رێی ئەحمەد ئاوا، قەرەبووەكەش هەیە، ئێستاش لەلای جەنابتان وەزارەتی دارایی و ئابووری لە سلێمانی هەتا ئەم بەروارەش لیژنە دێت و خەملاندن و دەیهێنێت و دەیبات، بە مەرجێك ئەمە مەجموعەیەك خەڵكن، من پێی بڵێم تاپۆ نییە، یان تاپۆ هەیە، لە گوندەكاندا كوا تاپۆ هەیە؟ من باسی ئەو مەوزوعە ناكەم، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەوە بابەتێکە ئێمە ناتوانین لە یاسا لابدەین، یاساکە چۆن بێت، ئێمە بەو شێوەیە تەتبیق دەکەین، ئیتر ئیشەکە ئەگەر دواکەوێت، مەسئوولیەت لە سەرەوە بە رەسمی بە ئێمە بڵێت ئەوە مەکەن، بۆ ئەوەی ئێمە بەیانی رەقابەی مالی و ئیدیعای عام لەسەر ئێمە ئەوە نەکات، بۆ ئەوەی پرۆژە بڕوات و ئێمە تووشی ئەو کێشانە بین، بەڕاستی ئێمە ناتوانین ئەو ئیشانە بکەین، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز دکتۆر عومەر فەرموو.

**بەڕێز د.عمر حمدامین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من سێ پرسیارم هەبوو، پرسیارێکیان تایبەت بە یەکخستنی مووچە بەگشتی، بەتایبەتی مامۆستایان و سەرپەرشتیاران، دیارە بەڕێزان پێشتر تەرحیان کردو ئیتر گوێمان لە وەڵامەکەش بوو.

پرسیارێکی تریشم/ تایبەت بوو بە جیاوازی دەرماڵەی مامۆستایان و مووچە خۆڕانی وەزارەتی پەروەردە، ئەوەی کە بەگوێرەی یاسای پەروەردەی عێراقی تەرخان کراوە، کە بریتییە لە دەرماڵەی بڕدراوە، واتا (المخصصات المقطوعة)، کە (150) هەزار دینارە، ئەوەی سۆزان خان تەرحی کرد، بەڵام لەڕاستیدا لە وەڵامی جەنابی وەزیردا جۆرێك لە نا رۆشنی هەیە، بۆیە من پرسیارەکە دووبارە دەکەمەوە لەسەر ئەو ئەساسەی ئێمە لە یاسای بودجەی ساڵی 2011دا لە ماددەی (30)دا دەڵێین مووچەو دەرماڵەی مووچە خۆڕانی هەرێم لەگەڵ بەغدا یەك بخرێت، بەڵام بەهۆی بوونی ناکۆکی لە ئەم رێنماییەی کە لێرە لەلایەن وەزارەتی دارایی و ئابوورییەوە دەرچووە، لەبەغدا لەلایەن وەزارەتی پەروەردە دەرچووە، ئێستا جیاوازی هەیە، ئەگەر پێویستی کرد دیکۆمێنت و بەڵگەکانیش لەلای ئێمە هەیە، بۆیە من بەش بەحاڵی خۆم قەناعەتم بە ئەم وەڵامەی وەزارەتی دارایی و ئابووری خۆمان نییە.

پرسیارێکی تریشم/ تایبەت بوو بە هەندێك پرۆژە لە چوارچێوەی پرۆژە پێشنیار کراوەکان بۆ ساڵی 2012، کە پاشان پەسند کراون لەسەر وەزارەتی دارایی و ئابووری دوو پرۆژەی تایبەت بە دروست کردنی کۆمەڵگای بەڕێوەبەرایەتیەکان، خانەنشینی، گەنجینە، باجی دەرامەت، باجی خانووبەرەی میری، کافیتریا، بۆ هەر یەکە لە قەزای قەڵادزێ و رانیە هەیە، کە گوژمەی هەردوو پرۆژەکە بریتیە لە (10442) ملیۆن، ئایا کارکردن لەم پرۆژانە بەکوێ گەیشتووەو لەچ قۆناغێك دان؟ یان زانیاری بەڕێزیان چیە لەسەر ئەم دوو پرۆژەیە؟ داواکارین بۆمان روون بکاتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی ئێمە ئێستاش وەکو وەزارەتی دارایی و ئابووری ئەمشەو زۆریش لەسەر مەوزوعی سابیتەو جێگیرو جێگیر نییە، ئەوەی (150) هەزارەکە زۆر موناقەشەمان کرد، زۆر هێنامان هیچ ئەوەیەك نەبوو تەئیدی ئەوە بکات لەلای ئێمەوە، بۆ ئەوەی ئەو پارانە نەبڕین، بەلاّم ئەگەر جەنابی دەڵێت ئەوە فیعلەن دیکۆمێنت هەیە لەو بارەیەوە، ئەوە ئەگەر بماندات، بۆ ئەوەی ئێمە ئیستیناد بکەینە سەری، بەلاّم بە تەئکید بۆ ئەوەی دیراسەی بکەین، هەر کەسێك حەقی خۆیەتی ئەگەر بیگرێتەوە، دەبێت پێی بدرێت، بەلاّم لە هەمان کاتدا ئەوە موخەصەصاتێکی جێگر نییە، سیفاتی دەیمومەی نییە، یان لەبەر ئەوەی ئەگەر ئەو دیکۆمێنتانە هەبێت، بەسەرچاو واجیبمانەو دەبێت دیراسەی بکەین.

بەنیسبەتی ئەو کۆمەڵگایانەوە، بەڕاستی ئەوە دووان نییە، حەوتە، لە شوێنەکانی تریش هەیە، هەندێکی لە دەورەی تەندەرینە، هەندێکی لە دەورەی ئیعلاندایە.

وەلاّمی پرسیاری سێیەم/ ئەوەندەی پەیوەندی پێوەیە چارەسەری بۆ کراوە، تەنها کێشە هەبێت لەلایەن وەزارەتی پەروەردەوەیە، ئەوە بەنیسبەتی پرسیاری سێیەم.

ئەمە وەلاّمی پرسیارەکانی جەنابتە، دکتۆر عومەر گیان، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز دکتۆر عومەر تێبینیت هەیە؟ فەرموو.

سەبارەت بەوەی کە جێگیرە، یان جێگیر نییە، زۆر موشکیلە نییە، بەلاّم ئێمە دەپرسین موخەصەصاتێك بە یاسا دەرچووە، ئیتر ئەوە چ شکێکی تێدا هەیە لەوەی کە جێگیرە، یان جێگیر نییە، پرسی سەرەکی لەوە نییە کە جێگیرە، یان جێگیر نییە، موخەصەصاتێکە تەنها سوڵتەی تەنفیزی بڕیاری لێ نەداوە، بەڵکو بە یاسا دەرچووە لە پەرلەمان، تا یاساکە تەعدیل دەکرێت، ئەو کات کەم دەکرێتەوە، یان زیاد دەکرێت، یان بە تەواوەتی دەبڕدرێت، پێویستە ئەو موخەصەصاتە بەردەوام بێت، ئەوە یەك.

دوو/ ئەمە تەعلیماتی وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی عێراقیە، کە دەڵێت ئەمانە شمولیان دەکات، ئەوانەی کە مۆڵەتیان هەیە بۆ خوێندن، ئەوانەی کە مۆڵەتی ئاساییان هەیە بە راتبەوە، ئەوانەی نەخۆشن و مۆڵەتیان هەیە بە راتبەوە، ئەوانەی ئیجازەی دایکایەتی وەردەگرن بۆ شەش مانگی یەکەم شمولیان دەکات، بەلاّم لێرە شمولیان ناکات، هەروەها پشووی هاوینەش لەوێ شمولی دەکات، ئەوانەی ون بوون، ئەوانەی فرێندراون، ئەوانەی مونتەسیبن لەسەر وەزارەتی پەروەردە، لە وەزارەتی پەروەردە چوونە وەزارەتێکی تر، یان بەشێوەی مونتەسیب هاتینە سەر وەزارەتی پەروەردە، ئەوانیش شمولیان دەکات، بۆیە تەناقوز هەیە لەچەند لایەنێکەوە:

یەکەمیان/ لەو تەفسیرەی کە جێگیرە، یان جێگیر نییە.

دووەمیان/ لە بەغدا وەزارەتی تەربیە تەعلیماتەکەی دەرکردووە، لێرە وەزارەتی دارایی و ئابووری تەعلیماتەکەی دەرکردووە.

سێیەم/ ئـەو رێنماییانـەی کـە لێـرە بـەرێزیان دەریـانکردووە، وای کـردووە کـە یەکسانی لـەنێوان مووچـەو دەرماڵـە لـەنێوان مووچـە خـۆڕانی وەزارەتـی تەربیـەو مامۆسـتایان ئێـرە لەگـەڵ عێراقـی نـەمێنێت، بۆیـە پێویستی بە ئیعادەی نەزەرەو دیکۆمێنتەکانیشمان لە شـێوەی نووسـراوێکی رەسمـی ئاراسـتەی سـەرۆکایەتی پەرلەمان کردووە، ئەوانیش بە شێوەی رەسمی ئاراسـتەی سـەرۆکایەتی حکومـەتیان کـردووە، ئەمێـدەوارین کە ئیعادەی نەزەر بکەن و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی من هەروەکو گوتم جەنابی دکتـۆر ئـەوە چاوەڕوانین ئەوانـە بـۆ ئێمـە بێـت، بـۆ ئـەوەی دیراسـەی بکەینەوە، بەلأم دەبێت ئەوەمان لەبیر نەچێت قانون دەردەچـێت، بـەلأم تـەعلیماتی لـەدوای دەردەچـێت و، تەعلیماتیش ئیستیناد دەکاتە سەر قەوانین، نەك تەنیا ئـەو قانونـەی کـە لـەوێ دەرچـووە، چـونکە دەبێـت تەعریفی جێگیر، واتا ئەو موخەصەصاتەی سیفەتی دەیمومەی هەیە تەعریف کرا بێت، ئـەو وەختـە ئێمـە لەسەر ئەو ئەساسە ئینشائەڵلاّ ئەوانە هەموویان مەشمول دەبن، ئێمە پێمان خۆشە مەشمول بن، بەس یەك مەوزوع هەیە حەز دەکەم هەموو لایەك ئەوە بزانن، ئەی ئێمـە ئێسـتاکە لـە ژێـر تـەدقیقی رەقابـەی مـالی دانین؟ ئەی هەتاکو ئێستا خوشك و برایانی بەڕێز ئێوە نابینن هەروا ئیدیعای عام بانگمان دەکات و لەسەر ئەو جۆرە شتانە، ئەوانەی زۆر تێدایە ئەگەر دەڵێن تێیدا نییە، سەیری تەقاریرەکانی رەقابەی مـالی بکـەن لەسەر ئەم جۆرە موخەصەصاتانە، بۆ زانیاری کە موخەصەصات دێـت ناڵێـت ئـەو موخەصەصـاتە ئومومـە شمول دەکات، ئەو موخەصەصاتە ئەوە شمول دەکات، یەعنی من حەز دەکەم ئـەوە بـزانن، ئەگـەر مەوزوعـە ئێمە سـەبەب بـین و نەدرایـە شـتێکی قانونییـە، ئێمـە نـەمانکردووە، بەڕاسـتی ئێمـە ئیعـادەی نـەزەری تیـا دەکەینەوەو رەخنەش لەخۆمان دەگرین، بەلأم ئێمە هەتاکو ئەمشەویش زۆر تەئکیدیمان لەسـەر مەوزوعـە کردووە، چاوەڕوان دەبین، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك عمر عبدالعزیز فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاءالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من چوار پرسیارم هەیە، داوای لێبووردن دەکەم کە کاتێك لە دەرەوە بووم، یەکیان/ باسـی هۆکـاری دابـەش نەکردنی بڕی ئەو (7500) دۆلارەیە، کە ساڵێك زیاترە لەسـەر بڕیـاری سـەرۆکایەتی ئەنجومـەنی وەزیـران راستە لە بودجە نەبوو، بـەلأم لـە دەزگـای وەبـەرهێنان لـە سـندووقی نیشـتەجێ بـوون تـەرخانی کـردووەو دابەش نەکراوە.

پرسیاری دووەم/ لە ماددەی (3)ی یاسای بودجەی ساڵی رابردوو، (70) ملیار دینار تەرخان کرا بۆ ناوچە جێ ناکۆکەکان، ئەو برە چی لێهاتووەو چۆن دابەش کراوە؟

پرسیاری سێیەم/ لە بودجەی 2010 بڕیاری دامەزراندنی دە هەزار کەس هەبوو، بەڵام لە حیساباتی ساڵی 2010 ئاماژە کراوە بە دامەزراندنی (36) هەزار کەس، بودجەی ئەو (26) هەزار کەسە چۆن دابین کراو لەسەر چ بنەمایەك بڕیاری پەرلەمان جێ بەجێ نەکرا؟

پرسیاری چوارەمم/ لە ماددەی (15)ی یاسای بودجەی هەرێم لە ساڵی 2010 گوژمەی (200) ملیار دینار تەرخان کرا بۆ پشتیوانی حزبەکان، لە جەنابی وەزیر پرسیارەکە ئەمەیە لیستی ئەو حزبانە کامانەنن، بڕی دابەش کراو چۆنەو چەندەو پێوەر چیە بۆ دابەش کردنی ئەو بڕانەی دیاری کراون؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەتی پرسیاری یەکەمەوە/ بەنیسبەتی هۆکاری دابەش نەکردنی بڕی (7500) دۆلارەکە، ئەوە هەموو باسم کردووەو کەوا هیچ بڕیاری لە پەرلەمان پێ دەرنەچووە.

بەنیسبەتی پرسیاری دووەم/ یاسای بودجەی ساڵی رابردوو (70) ملیار دینار تەرخان کراوە بۆ ناوچە جێ ناکۆکەکان، ئەوە خوێندمەوە پێش ئێستاکە، ئێستاش ئەگەر حەز دەکەن جارێکی تر بۆ جەنابتان دەخوێنمەوە، ئەو مەوزوعە لە وەزارەتی پلاندانانە، بڕی (70) ملیار دینار کە ئێمە بە رەسمی وەڵامی پەرلەمانمان داوەتەوە، بڕی (70) ملیار دینار خراوەتە سەر بودجەی دەستەی گشتی ناوچە ناکۆکیە لەسەرەکان و، لەلایەن وەزارەتی پلاندانانەوە بەدواداچوونی بۆ دەکرێت، ئەوە لەوێیە، ئێمە خستومانەتە سەر حیسابەکەو وەزارەتی پلاندانان مەسئوولە لێی.

بەنیسبەت بودجەی ساڵی 2010، ئێمە گوتمان وەختی خۆشی و ئێستا وەڵامم دایەوە، نازانم جەنابتان ئاگاتان لێیە، تەجاوز کرا بوو گوتمان تەجاوز کراوە، ئەو پارەیە ئەوە بوو موبەریرمان هێنایەوە، بۆ ئەوەی لە تەعویزی موەزەفین ئەمساڵ لێمان کەم نەکرێتەوە، ئەوە بوو هەموو لایەکتان ئاگادار کرانەوە، بەڵێ، دە هەزار کەس بوو، (36) هەزار کەسیان تەعین کرد، واتا تەجاوزیان کرد بوو، پارساڵ ئەم موناقەشەیە کراو لەگەڵ میزانیەی رابردوو رۆیشت، لە تەعویزی موەزەفین سەرف بوو و، پارساڵ بووە هۆی تەجاوزیش.

پرسیاری چوارەم/ لە ماددەی (15) یاسای بودجەی هەرێم گوژمەی (200) هەزار دینار تەرخان کرا بوو بۆ پشتیوانی حزبەکان؟

پارساڵیش هەمان پرسیارم لێ کرایەوە، ئێستاش هەر بە هەمان شێوە وەڵام دەدەمەوە، بەنیسبەتی پارەی ئەو حزبانە لەلای حکومەت، ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەست نیشان دەکرێت، بۆ ئەو حزبە چەند سەرف دەکرێت و، بۆ ئەو حزبە چەند سەرف دەکرێت؟، ئێمە لەلای خۆمانەوە وەکو وەزارەتی دارایی و ئابووری دەچێتە خەزێنەی مەرکەزی، لەوێش ئەو پارەیە سەرف دەکرێت، واتا وەکو سولفە سەرف دەکرێت، وەکو قەرز، هەتاکو ئەو وەختەی قانونی ئەحزاب دادەنرێت، کە قانونی ئەحزاب دانرا، ئەوە سولفەیە زیادی وەرگرتبێت لێی وەردەگیرێتەوە، کەمی وەرگرتبێت، بۆی زیاد دەکرێت، بەلاّم پێوەرەکە ئەنجومەنی وەزیرانە دادەنێت، بەنیسبەتی ئێمەوە وەکو وەزارەتی مالیە، دەڵێین ئەو پارەیە بە هیچ شێوەیەك ئێمە ناتوانین زیادو کەمی تیا بکەین، هەتاکو قانونی ئەحزاب دەرنەچێت، هەر وەختێك بودجەی قانونی ئەحزاب دەرچوو، بەنیسبەتی ئێمەوە ئەو وەختە ئەگەر زیادی وەرگرتبێت، ئەوە لێی وەردەگرینەوە، ئەگەر کەمیشی وەرگرتبێت، ئەو دەیدەینەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز مامۆستا عومەر تێبینیت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاءالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت پرسیاری یەکەمەوە، منیش دەزانم لە بودجە تەرخان نەکراوە، بەس بەپێی دەستەی وەبەرهێنان ئەو بڕیارە لەسەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران دەرچووە، کە بڕی ئەوەندە تەرخان کراوە بۆ گوندنیشنان، ئەوە راستە لە بودجە نییە، منیش دەزانم لە بودجە نییە.

بەنیسبەت پرسیاری ئەخیرەوە، ئەو شتانەی جەنابی وەزیر تەوزیحاتی دەدات، ئێمەش دەزانین کە ئەمە بە بڕیارێکی سەرۆکایەتی و وایە، من پرسیاری ئەوەم کرد لیستی ئەو حزبانە چیەو کامەیەو، بڕی ئەو پارەیە چۆنەو پێوەرەکە چیە؟ ئەمە مەعقول نییە لەنێوان وەزارەتی دارایی و ئابووری و ئەنجومەنی وەزیراندا پەرلەمان لێی بە ئاگا نەبێت، یەعنی ئێمە نەزانین بڕەکەی چۆن دیاری دەکرێت و چەندیشە؟ بۆچی لێرە بە شەفافانە باس ناکرێت؟ سوپاس؟

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جارێ (7500) دۆلارەکەوە، ئەگەر ئێوە ئەوە بە قەراری ئەنجومەنی وەزیران دەڵێن پار بۆ سەرف نەکراوە، ئەی بۆچی رەخنەم لێ دەگرن، بۆچی پێم دەڵێن (150) هەزار دینارەکەت بۆ سەرف کردووە؟ ئەوە دوو شێوەیە وەکو یەك وایە، ئەویش ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری پێ دەرکردووە، ئەوە ئێستا قەبوڵ ناکرێت،

ئەمەیان قەبوڵ دەکرێت، بۆ ئێمە ئەوەمان کرد، ئەمەمان نەکرد؟ ئەمەمان نەکرد لەبەر ئەوەی جاری پێشووتر لەوەختی دانانی موازەنەی ساڵی 2011دا لێرە لە پەرلەمان ئەکسەریەت بڕیاریانداو گوتیان ئێمە ئەوە ناکەین، واتا قەبوڵمان نییە ئەو پارەیە سەرف بکرێت.

بەنیسبەت لیستی حزبەکان چۆنە، سەرۆکایەتی پەرلەمان ئەگەر جەنابیان نووسراوێك بنووسن بۆ ئەنجومەنی وەزیران، چونکە ئەو بڕیارە لەلای ئەوانەوە دەدرێت، داوا بکەن و لە دەسەڵاتی ئەوانە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز دلێر محمود فەرموو.

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوو پرسیارم هەیە ئاراستەی بەڕێز وەزیری دارایی وئابووری دەکەم:

یەکەمیان/ ئایا پارەی گەڕانەوەی سولفەی عەقار، کە هاووڵاتیان دەیگەڕێننەوە بۆ حکومەت، دەبێتە داهاتی ناوخۆی حکومەتی هەرێم بەگشتی، یان دەچێتەوە سندووقی نیشتەجێ بوون و بەردەوام دێتەوەو دەدرێت؟ چونکە لە حیساباتی خیتامی هیچ ئیشارەت بەوە نەدراوە وەکو بابێك، یان فەسلێك.

پرسیاری دووەم/ ئایا قەرەبوو کردنەوەی جیاوازی مووچەی ساڵی 2004 بەرەو دواوە تاکو 2008، بۆ دوایی کە کارمەندانی بەردەوام لە دەوام دەگرێتەوە، ئێستا وەریشیانگرتووە، ئایا ئەو کارمەندو فەرمانبەرو مامۆستایانەی کە لەو ماوەیەدا خانەنشین بوون، ئەو قەرەبووە دەیانگرێتەوە؟ بەڵام دەمەوێت ئیشارەت بەوە بکەم، چونکە وەڵامی پرسیاری دووەمم دراوەتەوە، بەڵام دەمەوێت تەنها هەر وەکو بیر هێنانەوەیەك بەڕێز وەزیری دارایی و ئابووری خۆی هەوڵێکی زۆریدا لەگەڵ سەرۆکایەتی لیژنەی دارایی، تاکو قەرەبووی هەموو فەرمانبەرانی ناوچەی سلێمانی کرد بەشێوەیەکی فیعلی درایەوە، هیوادارم کە دەڵێت کاری پێویستیش بۆ خانەنشینان کراوە، هەر عەینەن بەو شێوەیە کاری بۆ بکاتەوەو، بۆ ئەوەی ئەوانیش هەست بە غوبن نەکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەتی ئەو پارانەی کە وەردەگیرێتەوە لە وەرگرتنەوەی قەرزی عەقاری سولفەکان، چ مانگانە بێت، چ ساڵانە بێت، دەچێتەوە ناو پارەی مەسرەفی عەقاری و بەکار دێت بۆ تەسلیفی تر، بۆ ئەوەی بدرێت بە هاووڵاتی، نابێتەوە بە داهاتی نیهائی بۆ وەزارەتی دارایی و ئابووی.

وەڵامی پرسیاری دووەم/ ئەوە بەڕاستی ئێمە وەڵامان داوەتەوە، ئێستاش لێرەوە دەڵێین ئەو مەوزوعە ئێستا لە ئەنجومەنی وەزیرانە، چاوەڕێی ئەوەین و ئەمەلیشمان هەیە وەڵامەکە بە ئیجابی بێتەوە، ئینشائەڵڵا ئەو فەرەبووانەش هەموویان دەگرێتەوە، ئینشائەڵڵا تەعویزەکانیش شمولیان دەکات، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك عبدالسلام فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی بەڕێز وەزیری دارایی و ئابووری و کاك رەشیدو بەڕێز کاك سەعد رێکخەری نێوان حکومەت و پەرلەمان دەکەم.

پرسیاری یەکەمم/ بەڕاستی دەستپێك بوو، رەنگە وەڵامەکە وەرگیراوە، من هەمووی بزانم بە رەسمی، هۆیەکی رەسمی، یەکلایەنە بۆچی بودجە تاکو ئێستا تاخیر بووە؟ بۆیە لەسەری ناڕۆم، من یەك پێشنیارم هەیە، وابزانم دکتۆر ئاراسیش باسی کرد، من هیوادارم ئەندامانی پەرلەمانیش پشتگیریمان بکەن، پەرلەمان لە موناقەشە کردنی بودجەی داهاتوودا بیکاتە بڕیار بۆ هەموو ساڵ، من دەڵێم ئێمە ساڵانە رووبەڕووی رەخنەیەکی گەورە دەبینەوە وەك پەرلەمان، کە بودجە دواکەوتووەو ساڵانەش گوێی لێ دەگرین، کە ئەوە بەندە بە بەغدا، چونکە بەغدا تەواو نەبووە لە دیار کردنی بڕی بودجەی ئێمە، بۆیە ئێمە ناچارین چاوەڕوانی ئەوە بین، من دەڵێم ئەمە میزانیەکی تەخمینیە، پرسیارەکەم کە پێشنیارە لەسەر شێوەی پرسیار، ناکرێت ئێمە لەسەر ئەساسی بودجەی ساڵانی رابردوو ئێمە هەڵستین خۆ هەر تەخمینی تەخمینیە، یەعنی بڕەکە بزانین، یان نەزانین، ئێمە میزانیەکی تەخمینی دانێین نزیکی ساڵی پارو پێرار، بەتایبەتی لایەنە تەشیغیلیەکەی؟ پاشان هەر زیادەیەك بوو، چونکە بیرۆکەیەك هەبوو، هەر زیادەیەك هەبوو بەپێی نیسبەی میئەوی تەوزیع بکرێتە سەر بوارەکان، من دەڵێم نەخێر، بۆ ئەوەی پارەی زیاد زامن بکەین بۆ پرۆژەکانی خزمەتگوزاری، ئەو زیادەیەی دێت لیستێك هەیە ئەکید لەلایەن وەزارەتی دارایی و ئابووری و پلاندانان یەك، دوو پرۆژە دەینین دەخەینە ناوی و حەل دەبێت، واتا ئێمە دەتوانین زۆر بە ئاسانی بەپێی لێکدانەوەی خۆم ئێمە لە مانگی یازدەو دوازدە موازەنەی تەخمینی ساڵی داهاتوو دابنێین و بەردەوام بین لە ئیشی خۆمان، کە ئەویتر هات موجەرەد تەصدیق دەکرێت، ئەوە پرسیارە بەنیسبەت من..................

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە کاك عبدالسلام شەرحی مەکە، پرسیارەکە بکە، تکایە.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو بڕە پارەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیاری داوە سەرفی بکات لە ژێر ناوی بیمەی بێکاری، کە بڕەکەی (150) هەزار دینارە بۆ هەر یەکێك لە دەرچووی زانکۆ، ئەوە هەوڵێك هەیە فراوانتری لێ بکرێت، من ئەوە رەبت دەکەم بە (7500) دۆلارەکەی، کە بەڵێنمان بە گوندنشینەکان داوە، دەپرسم بۆ هەردووکیان، ئەویتر راستە بە یاسا نەبوو، سەرف ناکرێت، ئەم (150) هەزارە، کە مەجموعی بۆ دە هەزار کەس دەکاتە (18) ملیار دینار، کە ئەویش بە یاسایە، ئەویش یاسای نەبوو، دوو، سێ شتی تریش دەستمان پێ کرد، رەنگە گلەیی لە من بکرێت ئەوە خزمەتگوزارییەو فائیدەی خەڵکە، بۆچی تۆ دژی؟ من دژی نیم، من دەڵێم ئەو پارەیە چەندە؟ لە چ حیسابێك وەرگیراوە؟ چونکە لەناو بودجە نەبوو، زەوابتی دانی ئەو پارەیە چیە؟ ئایا کوڕەکەم کە دەردەچێت لە زانکۆ لەگەڵ کوڕی کارمەندێك، یان جووتیارێك بە هەمان زەوابت (150) هەزار دینارەکەی دەدەنێ؟ چەند درێژە دەخایەنێت؟ ئەگەر بە من بڵێت دەچیتە دەورەکان تەئهیلی، هی بەڕێوەبەرایەتی گشتی کار، وا نییە، چونکە دەرچووی کولیە ناچێتە ئەو دەورانە، ئەو دەورانە بۆ ئەو خەڵکانەیە کە پیشەی بەسیت دەکەن، بۆیە من دەمەوێت حەقیقەت من لەگەڵ حکومەت ئیش دەکەم، من حەقم نییە ئەوە لە ئەنجومەنی وەزیران دەرچووە، وەزیری دارایی و ئابووری لێرەیە، وەزیری دارایی و ئابووری تەمسیلی حکومەت دەکات لەلایەن داراییەکەی، من دەمەوێت وەڵامێکم هەبێت لە حکومەت، هی هەردووکیان.

ئەخیر پرسیارم/ کە لەو سێ پرسیارانەدا نەبوو، ئەو گەنجانەی کە پاسەوانن، پاسەوانی بارەگان، یان مەسئوولن، ئەوان راتبەکەیان (300) هەزار دینارە، وابزانم زیادەیەك بۆ خەڵکی تر هات.................

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عبدالسلام ئەم پرسیارەی تێدا نییە، ببوورە، فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە پرسیاری یەکەممان وەڵام دایەوە، نازانم ئەگەر پێویست بکات، جارێکی تر وەڵامی بدەمەوە.

پرسیاری دووەم/ هەر ساڵێك رووبەڕووی رەخنە دەبین، بەڵام بەڕاستی بەنیسبەتی ئەوەی کە ئێستاکە ئێمە دێین موازەنە دەینین بە مەبلەغێکی کەم، یاخود بە مەبلەغێکی زیاد تەمشیە بکات و بڕوات، دوایی ئەگەر بێتو پارەی زیاتر هات بۆ پرۆژە بێین داخیلی بکەینەوەو عیلاجی بکەین، یان بە هەر نەوعێکی تر، ئەوە لەهیچ وەختێکدا موازەنە بەم شێوەیە نابێت و نەڕۆیشتووە، ئەگەر ئەمە وا بێت، دەبێت ئەمەش لە پەرلەماندا قەرارێکی تایبەتی بۆ دەربکرێت، دەبێت بڵێن بودجە تەقدیم بکرێت بەپێی پێویستی و ئیحتیاجات بەبێ ئەوەی بگەڕێیتەوە بۆ رەقەمەکەی کە لە حکومەتی عێراقی وەردەگرین، ئێمە نازانین تەفاوتێکی زۆر هەیە، مەسەلەن ئێستا ئەمجارە، ئەم سێ جارە، هەر جارێ ترلیۆنێکی کەم کردووە، کاك عبدالسلام یەعنی بەڕاستی ترلیۆنێك هی ئەوە نییە لە مانگێکدا سێ جار کەم بکرێت، من بتوانم بە مەبلەغێکی زیاد، یان کەم عیلاجی بکەم، من شتی وا تا ئێستا لەو کاتەی لە وەزیفەدام، لە مودیریەتی

**موازەنەی عامی وەزارەتی دارایی وئابووری عێراقدا ئیشم کردووە، بەڕاستی بەم شێوەیەم نەبینیوە، من پێم قورسە، بەڵام لەسەر ئەوەشەوە پەرلەمان چۆن بڕیار دەدات، بەس بۆ من بکەنە بڕیارێکی رەسمی، ئێمە مانیعمان نییە بۆ جێ بەجێ کردنی.**

**بەنیسبەتی ئەوەی کە (150) هەزار دینارەکە، دیارە هەر تەئکیدی لەسەر دەکرێتەوە، بەڵێ، ئێمە (150) هەزار دینارەکەمان سەرف کردووە، ئەو (150) هەزار دینارەش وەکو ئەو هەموو مینحەو سولفانەی کە داومانە، هەموو مینحەکان من بۆتانیشم شەرح کرد، سولفەکانیشم بۆتان شەرح کرد، کە ئەو سولفەو شتانەی داومانە، لەسەرەتاوە گوتم لە 10٪تان لە تەشغیلی هەڵگرت، بەڵام ئێمە (900)ەکەمان تەنها دا بە عەقاری، ئەوەش هەر لەو بابانە سەرف بووە، ئیتر کە بڕیار درا بەنیسبەت ئێمەوە وەکو وەزارەتی دارایی و ئابووری کە چۆن سەرفمان کردووە؟ بڕیاری ئەنجومەنی وەزیرانمان پێیە، بە کتابی رەسمی و رەنگە گوتووبمان ئەوە مەعلومە لەوێ قەراری پێ دەرچوو و تەئکیدیشیان کردەوەو، تەسریحیشی لەسەر درا بۆ سەرف کردنی، بەڵام ئەوەی (7500) دۆلارەکە، جارێکی تر موناقەشە بکرێت، پێشی ئێستا، پێشی ساڵێك لەسەرەتای ساڵدا کە موازەنەی ساڵی 2011 موناقەشەی کرا، لێرە لە پەرلەمان گوتیان نابێت سەرف بکرێت، پێموایە لیستی موعارەزە پێیان باش بوو سەرف بکرێت، ئیتر ئەوانی تر زۆر موتەرەدید بوون لەسەرف کردن و سەرف نەکردنی و، قەبوڵ نەکرا سەرف بکرێت، گوتیان ئەمە ناکرێت، هەم عەقاریشیان بۆ سەرف بکەین، هەم بێین ئەوەشیان بۆ سەرف بکەین، یەعنی وایە مەسئولیەتەکەشی ئایا وەزارەتی مالیە مەسئوولە بە سەرف کردنی؟ بەڵێ ئێمە سەرفمان کردووە، ئامادەشین هەر تەحقیقێك، یان هەر شتێکی تر لەگەڵدا بکرێت، دیارە ئێمە موستەمسەکی خۆمان هەیە لەو بارەیەوە کە پیشانی بدەین، ئەوە بەنیسبەتی هەر سێ پرسیارەکەوە، سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

**زۆر سوپاس، بەڕێز کاك عبدالسلام فەرموو.**

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**زۆر سوپاس، بەڵام هێشتا وەڵامم وەرنەگرت، ئەو (150) هەزار دینارە بە چ شێوەیەك سەرف کراون؟ گوێم لێ بوو سوپاسی دەکەم، نەمزانی لەکوێ وەرگیراوە، لە چ حیساب؟ خۆ ئێمە فلس بە فلس میزانیەکەمان تەوزیع کردووە، هەر بۆ فزول، ئەمە یەك.**

**دوو/ هی (7500) دۆلارەکە، من لە گوندی خۆم کە یەکێکە لە گوندە بچووکەکان سی خانوویان لێ دروست کردووە، هەمووشی تەواو بووە، کە زانییان پێشینەکە زیاد بوو هەڵستان خانووەکانیان جوانتر لێ کرد، کە شتی باشە، بۆیە خەڵك پرسیار لە ئێمە دەکەن، دەڵێن بڕیارێکمان بدەنێ، یەعنی بە رەسمی پرسیارەکەم ئەمە بوو جەنابی وەزیر بە بڕیارێکی رەسمی بڵێن ئەوە نادرێت، تاکو خەڵکەکە بێ ئومێد بێت، ئایا**

دەکرێت، یان ناکرێت؟ من ئەوەیە پرسیارەکەم، وەکو هی (300) هەزارەکەش بە خەڵکەکە بڵێن کەی دەیاندەنێ، یان نایاندەنێ؟ هی حەرەسەکان، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی بەنیسبەتی (7500) دۆلارەکە، وەکو ئێستا زۆر تەئکیدی لەسەر دەکەنەوە، فەرموو فەراری لێ بدەن سەرف بکەن، بۆچی قەرارێکی لێ نادەن؟ ئێوە پەرلەمانن جەنابتان، ئێستا ئەوەندە بەلاتانەوە گرنگە، کە ئەو مەوزوعە سەرف بکرێت، ئایا ئێمە دەمانەوێت سەرف نەکرێت؟ هەروەکو گوتم ئێمە قائیم بیسەرفین، ئێمە ئامیر بیسەرف نین، بڕیاری لێ بدەن و، لە بڕیارەکە بڵێن لە فلانە شوێن هەڵبگرەو سەرفی بکە، هەڵیدەگرم و سەرفیشی دەکەم و دەڕوات وەکو ئەوانی تر، کە من جارێکی تریش دەگەڕێمەوە سەر ئەوە، (150) هەزار دینارەکە دەڵێم ئەو سولفانە لە چ مەنبەعێکەوە وەرگیراوە بۆ سەرف کردنی؟ ئەمەش لە هەمان شوێنەوە، کە من دەڵێم (900) هەڵگیراوە تەشغیلی، یەکێك لەوانەی کە فەقەرەکانی پەرلەمان دانراوە دەڵێت ئەمە دەبێت پارەی مەسرەفی عەقاری تیا سەرف بکرێت، ئێستا من لە مەسرەفی عەقاری کامل (900)ەکەم بۆ ئەوە سەرف کردووە، بۆ هاوسەرگیری ئەو پارەیە لەوێ سەرف دەکرێت، کامیلی هاوسەرگیریشم لەوێ سەرف کردووە، هەمووی بە تەجاوزە، من لە پێشەوەش گوتوومە بە هەمان شێوە سەرفم کردووە، ئێستاش، جارێکی تر تەئکید دەکەمەوە بەنیسبەتی (7500) دۆلارەکەوە، وەزارەتی مالیە ئەو جیهەتە نییە کە سەرفی نەکەین، بەس ئێمە پێشووتر هەر لەم پەرلەمانەوە لەناو خۆیاندا برادەران گوتیان سەرفی مەکەن، دەفەرموون ئێستا بڕیارەکە دەربکەن، فەرموو سەرفی بکەن، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

خوشك و برایانی بەڕێز.

کۆمەڵێك نامەمان بۆ هاتووە، دەڵێن هیلاکین، بەلاَم پەرلەمانتار دە پرسیار بکات، هەشت پرسیار بکات، حەوت پرسیار بکات، ئەی حەتمەن دەبێت هیلاك بن، بەهەر حاڵ پێم خۆشە بۆ ئایندە رەچاوی ئەو مەسەلانە بکەن، هێشتا نیوەی ماوە، بۆیە لە سەرۆکایەتی بڕیارماندا بۆ سەعات (11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی دوو شەممەی داهاتوو تەئجیلی بکەین، بەخواتان دەسپێرین، خواتان لەگەڵ، سەرکەوتوو بن.

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **د. ارسلان بايز اسماعيل** | **محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكى)** |
| **سكرتێرى پەرلەمانى** | **جێگرى سەرۆكى پەرلەمانى** | **سەرۆكى پەرلەمانى** |
| **كوردستان – عێراق** | **كوردستان – عێراق** | **كوردستان - عێراق** |